- خاوەن ئیمتیاز
  **شەوکەت شێخ یەزدین**
- سەرنووسەر
  **ئازاد عەبدولواحید**
- بەڕێوەبەری هونەری
  **سەرکەوت وەلی**
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  **قەرەنی جەمیل**


# ڕامان

123

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ ئابی ٢٠٠٧


ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

● **سەروتار**


- دەبێ ناوبانگ ئامادەبوون بێ لە ڕێگای/ سەرنووسەر/ 3


● **دەق**


- مەرگی ئاو شین دەچێتەوە/ عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا/ 5
- جێگەی نەفەرێکمان ماوە، سەرکەوە دەگەڕێینەوە بۆ بوخارا/ دلاوەر قەرەداغی/ 8
- مەدەد ئاهورا مەدەد/ کەریم دەشتی/ 10
- ژ چەم ب دەریا/ سەباح کارا/ 14
- متمانە/ چنار نامیق/ 16
- تابووت/ لە فارسییەوە: عەلی گوڵی/ 17
- پردی سوور/ سەلاح نیساری/ 22
- مردووەکانیش دەدوێن/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 24
- نەزۆک/ فەرەیدوون حەکیم زادە/ 27
- شێوەکار/ نەفیسە ئیسماعیل حاجی/ 29
- بەرمیلی ئەمونتیلادۆ/ لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید برایم ئاغا/ 30


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (محەمەد ڕەمەزانی)ی چیرۆکنووس و وەرگێڕ/ ئا: دڵشاد خۆشناو/ 35
- دیمانەیەک لەگەڵ (سەید عەلی ساڵحی)ی شاعیری داهێنەر/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 43


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- مەسعوود محەمەد ئیستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد/ هەندرێن/ 48
- هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێت-دا/ ڕەهبەر مەحموود زادە/58
- زایەڵە دەنگی شاراوەی شتەکان/ عەبدوڵلا قەرەداغی/ 66
- دەسەڵاتی ئەفسانە/ لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 75


● **وتار**


- زاراوە و ناوە بیانییەکان لە کاری وەرگێڕاندا/ کەریم سۆفی/ 87
- مامۆستا هەژار و وەرگێران/ کەریم حیکمەتی/ 90
- شێواز لە «کۆپاکابانا»کانی کتێبی شێوازەکاندا/ هاشم سەڕاج/ 93


● **هزر و فەلسەفە**


- کارڵ مانهایم ڕابەری سۆسیۆلۆژی زانین/ د. حەمید عەزیز/ 96
- تیۆری سکینەر/ د. کەریم شەریف قەرەچەتانی/ 103
- سوکراتی دانا/ ن. ئا: ڕەحیم سابیر/ 115
- لە سەنبولە بە زۆر دروستکراوەکان بترسن/ خۆشناو مەریوانی/ 122


● **زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**


- پێوانەی واتا/ هێمن عومەر خۆشناو/ 127
- دامودەزگایەکانی ڕاگەیاندن/ لە عەرەبییەوە: ئازاد گراوی/ 135


● **مێژوو - کەلەپوور**


- ئەفسانە و چیرۆکی ئەفراندن لە میتۆلۆژیا و ئایینەکاندا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 141


● **هونەر**


- نویشکێک لە هونەری کاریکاتێر/عادل شاسواری/ 149
- ئەلبوومی (ئەمشەو تەنیام) شڵەقاندنی گۆمی تەنیایی/ وشیار ئەحمەد ئەسوەد/ 157
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 161
- پێگەی ژان ژینییە لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا/ دانا ڕەووف/ 166
- وێنەگرتن لە باخچەی ئاژڵاندا/ فارس سەعدی/ 173


● **یاداشت**


- باسێکی ئەوین و تاریکی/ لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس/ 175


● **خوێندنەوەی کتێب**


- چاپا سێیێ یا (برینا ڕەش) و ئاخفتنەکا سەرپێ/ ئەحمەد قەرەنی/ 188
- زانستی دەنگ و ئاخافتن/ مەغدید حاجی/ 191
- هەرە ئازیزترین خوشک/ عەبدوڵلا مەحموود زەنگنە/ 195


● **زاراوەسازی**


- مانا و سێبەری مانا/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 198


● **ئێستێک**


- شیعری جوان، شیعری کاڵ/ چنوور نامیق حەسەن/ 200

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# دەبێ ناوبانگ ئامادەبوون بێ لە ڕێگەی داهێنانەوە

سەرنووسەر

* داهێنان ئەگەر زانستی بێ، یان داهێنانی بواری نووسین بێ، پێش هەموو شتێک بریتییە لە پرۆسەی سەرلەنوێ بیناکردنەوەی ئەو وێنە و دیمەنانەی خودی داهێنەر بۆ دنیای مەوزوعی هەیەتی و لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیدا وێنایان دەکات، کە ئەو وێنە و دیمەنانەش بە بەردەوامی لەدنیای هۆشمەندی و هۆشیاری ئێمەی خوێنەراندا بەشێوەیەکی بەرجەستە و وێناکراو بە زیندوویی دەمێنێتەوە، لە هەردوو بار و حاڵەتیشدا ئەو پرۆسەی سەرلەنوێ بیناکردنەوەیە پێویستی بە هەڵبژاردنی ئەو نموونە زیندووانە هەیە تا بە بەرجەستەیی بمێننەوە، بۆیە ئەوەی هونەری نووسینی پێ دەوڵەمەند دەبێ، هەر ئەویشە کە زانست دەوڵەمەند و زیندوو ڕادەگرێ.

* تۆلستۆی گەورە ڕۆمانووسی ڕووسەکان بەوە گۆی هونەری خۆی بردەوە کە لە ڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە توانی بچێتە ناو دنیای ناوەوەی مرۆڤ و بە تابلۆیەکانی ژیانی ڕۆحی ئادەمیزاد بگات و پەی بە نهێنییە قووڵەکانی دەروونی ببات، پاڤلۆڤ-یش وەک زانایەکی فسیۆلۆژی بەناوبانگ بەرانبەر بیرو هەستی ئاناکارنینا وەستاو بەساکاوی توانی هۆکارەکانی خۆکوشتنەکەی لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر لێک بداتەوە، هەر ئەویش بوو بە پێویستی زانی میکانیزمی ئەو ململانەیەی ناوەوەی مرۆڤ بخرێتە ڕوو کە زانست نەیتوانی بە حەقیقەتەکەی بگات.

* ئەنشتاین دەڵێ: دیستۆیڤسکی زۆر لە لۆدیای زانای گەورە و بەناوبانگی فیزیا زیاتری پێ بەخشیم، هەروەها (داروین)یش پێی لەسەر گرنگی مۆسیقا داگرت کە چ کاریگەرییەکی بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەبووە و هەیە، تەنانەت باسی لەکاریگەرییەکەی کرد بەسەر ژیانی ئاژەڵانیشەوە، خۆزگەشی بەوە دەخواست بگەڕێتەوە تافی مێردمنداڵی تا هەموو ڕۆژێ چەند سەعاتێک بە گوێ گرتن لە مۆسیقا بگوزەرێنێ، کە بێگومان ئیلهامێکی گەورەی پێداگیری و سوور بوونی لەسەر کارکردن و جێبەجێ کردنی پێدەدا، زۆر وێنە و کەسانی دیکە هەن کە دەکرێ بینە بەڵگە لەسەر ئەوەی چۆن دنیای نووسین و داهێنان پەلکێشی ناو دنیا نەزانراوەکانی گەردوون و بوونت دەکەن.

* لەم بەراورد کردنانەدا خوانەخواستە هەرگیز مەبەستم نییە لەنرخی هونەرێک کەم بکەمەوە و هاوسۆزی زیاتر بۆ یەکێکی دیکەیان دەرببڕم، قەتیش مەبەستم لەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە نەمرانە نییە کە بۆ خۆیان قوتابخانەیەکن و لەو قوتابخانانەیاندا چەندین قوتابی پێگەییون و ئاواز و گۆرانی کوردییان بە نەمری هێشتووەتەوە و بەدرێژایی عومریان گوێگرانی هونەرەکەیان ئاسوودە کردووە، چونکە ئەو گۆرانیبێژە پێشەنگ و ڕابەرانە چەندی دەستی قەدر و حورمەتیان بۆ بەسنگەوە بگرین هێشتا بەکەمی دەزانم، بەڵام لەو بەراوردکردنەدا زیاتر مەبەستم گۆرانیبێژەکانی پلەی خوار ئەوانەوەیە کە بەناهەق، یان بە ڕێکەوت ناو و شۆرەتیان پەیدا کردووە و بەمەش ناوبانگەکەیان بەسەر ئەزموون و بەخشش و شەونخوونی و تەقالای ئەو نووسەرە گەورە و نەمرانەدا زاڵ بووە و لەسەر ئاستی میللی بوونیاندا، جەماوەرێکی زۆر و پان و بەرین گوێیان لێدەگرن و بوونەتە هەواداری ئەوان، کەچی ئەو نووسەرە گەورانە بەخششە فیکری و ڕۆحییەکانیان سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە و نەیکردوون بە هەواداری نووسینی ئەو نووسەرانە و تا ڕۆژی مردن و کۆچ کرنیشیان پێیان ڕەوا نییە بەسەر بکرێنەوە و ماڵئاواییان لێبکرێ.

* ناو و ناوبانگ پەیداکردن ئەگەر بە لایەنی چاکە بشکێتەوە یان خراپە، ئەویش بۆ خۆی لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی خۆی هەیە، هەیە قەڵس و دڵتەنگە بەوەی ناوبانگی پەیداکردووە و وا هەست دەکات ئەو ناوبانگە لەعنەتە و دوای کەوتووە، چونکە بۆی بووەتە مایەی تەنگ پێ هەڵچنین و گەمارۆدانی لەلایەن جەماوەرەوە و بەشێکی زۆری لە ئازادییە تاکەکەسییەکانی لێ زەوت کردووە، تێیاندا هەیە زۆر بەناو و ناوبانگ پەیداکردن ئاسوودەیە و ئیشی بۆ کردووە و بگرە بۆی بووەتە مایەی خێروخۆشی و چەندین دەستکەوت و داهاتی لێ دەچنێتەوە، هەشیانە هەر بەڕێکەوت و زۆر بە ئاسانی ناوبانگیان بۆ خۆیان بە دەست هێناوە، وەک چۆن کەسانێکیش هەن شەونخوونی زۆر و عەزیەتیان کێشاوە تا ناو و ناوبانگیان دەرکردووە.

* جاری وا هەیە (ڕێکەوت) زۆر یارمەتی لە دروست کردنی کەسایەتی هونەرمەندێک، یان گۆرانیبێژێک دەدات، چونکە بەخێرایی ئاگروپووش ئەو ناوبانگەی بە هەموو لایەکدا

بڵاودەبێتەوە، خۆشی نازانێ چۆن خێر و بێر و خۆشی بەسەردا دەرژێ، بەجۆرێک کە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوە بەبیری ئەو کەسەدا نەهاتووە وا بە ئاسانی ببێتە خاوەنی ئەو ناو و ناوبانگە، بە پێچەوانەی ئەوانەش هەن زۆر هەوڵ دەدەن بەڕێگەی ڕەوا و ناڕەوا ناوبانگ بەدەست بێنن، تەنانەت بەدەستووری (سەرپێچی بکە تا بناسرێی) کاردەکات، کەچی هەر بە باشی ناناسرێن و ناویان ئەگەر بۆ پەیدابوو، ئەوە بەلایەنی خراپە زۆرتر ناویان دێ و ئەوانە تا ڕۆژی مردنیشیان بەداوێنی ناوبانگی پاک و تەمیز و سەربەرزانە ناگەن و پێی شاد نابن، ئەوەی کە زۆر دەروەستی ناو و ناوبانگ پەیدا کردن نییە هەر ئەوانەن کە خاوەنی بەهرەی ڕەسەنن، چونکە قەناعەت هێنان بەزاتی خۆیان بەلایانەوە لە هەموو شتەکانی دی گەورەترە.

* لەگەڵ گرنگی ئەو حەقیقەتەی نووسین کە چە کاریگەرییەکی بەسەر ژیانی ڕۆحی ئادەمیزادەوە هەیە، کەچی لای ئێمە تا ئەمڕۆکەش (نووسین) ئەو گرنگی و بایەخە پێویستەی خۆی نییە کە دەبێ هەیبێ، تۆ وەرە بەراوردێک لەنێوان هزرڤانێکی گەورەی وەک (مەسعوود محەمەد)یان نووسەرێکی گەورەی وەک (تۆفیق وەهبی)، یان شوکور مستەفا بکە کە لەلایەک بەهرە گەورە و تایبەتمەندەکەیان، لەلایەکیش ئەزموون و شەونخوونی و هیلاک بوونیان، ڕاستە لەلای قەدر زانەکان ئەوانە گەیشتبوونە ئەو پلە و پایەیەی کە ئەمڕۆکە هەیانە، بەڵام دەبینین ئەوەندەی هونەرمەندێکی بواری گۆرانی وتن ناوبانگ و هەواداری هەیە ئەوان نەیانبووە، لە کاتێکدا ئەو هونەرمەندانە بەهرەو تواناییەکەیان نیوداشتە و بە قەدەر قولنچکێکی ژیانی ئەو گەورە نووسەرانە، ئەوان خەباتیان بۆ هونەرەکەیان نەکردووە، کە بێجگە لە بەهرەیەکی خاکەڕا و نیوداشت، کەچی خۆیان و هونەرە نیوە کوڵاوەکەیان دێن و دەکەونە ڕیکلام کردن بۆ خۆیان.

* پاشان بە دانانی وێنەیەکی گەورە کراو بێ لەسەر ڕێگاوبانەکان، یان بەهۆی شاشەی زیوینەوە بێ، یان زۆر دەرکەوتنیان لە ئەگلەنجە و ئاهەنگ و بۆنەکان و نیشان درانیان لەو تەلەفزیۆنانەوە، تا باسی حەز لە چە خواردنێک و ڕەنگێک دەکەن. وای لێهاتووە زۆر زیاتر لە کار و کۆششی زانستیانەی پەنجا ساڵ زیاتری ئەو نووسەر و بیرمەندانە ناوناوبانگیان هەیە و خەڵکی دەیانناسێ. ئیتر ئەوە باسی ئەوەش ناکەم کە یەکێکیان تایەکیان لێدێ دوور لەگیانیان، یان کە حەز لە کچێک دەکەن، یان زەماوەند دەگێڕن، یان سووکە ڕووداوێکی هاتوچۆیان لێ دەقەومێ چۆن ترش و خوێ و بەهاراتی پێوە دەکرێ و لەناو شوێنە حەساس و گرنگەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەلاوێنرینەوە، ئەمانە هەمووی هۆکاری ناسین و ناساندنی ئەوانە بەخەڵکی، تا وایان لێدێ ناوبانگی مەسعوود محەمەد و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و تۆفیق وەهبی و شوکور مستەفا بەتۆزی ناسینی ئەوان ڕا ناگات! کە ئەمان بەتۆمارکردنی (١) گۆرانی و بە چەقەنەیەک دەیگەنێ و لای تەواوی خەڵکی دەناسرێن، داخە گرانەکەش ئەوەیە جاری وا هەیە ئەو (هونەرمەندانە!) سەرەواوێکیشیان لەسکدا نییە کە بەو مەقامەش دەگەن.

* لەم ڕووەوە زۆر غەدر لەو کەسانەش دەکرێ کە لەپشت پەردەوە کاریان بۆ کاکی هونەرمەند کردووە، لەناو ئەوانەش ئامێرژەنەکانن کە جاری وا هەیە لەکاتی کلیپ کردنیان هیچ ئامێرژەنێک نیشان نادرێن، بەوانەشەوە کە ئاوازەکانیان بۆ داناون، هەر بۆ نموونە هونەرمەندێکی گەورەی وەک (موجتەبای میرزادە) کە یەکێکە لەو دە کەسەی بڕیاری لەسەر چارەنووسی مۆسیقای ئێران دەدا بەو هەموو بەخشش و کارە هونەرییانەی خۆیەوە کاتێ مرد بەقەدەر داوێنی هونەرمەندێکی گۆرانیبێژی پلە سێ و چوار بۆی بە سوێ نەبووین و ئەسەفی بۆ نەکێشرا؟ تۆ ئەگەر تەماشای پرسەی پیاوێکی گەورەی وەک مەسعوود محەمەدت بکردبا کە لە بنەماڵەیەکی گەورە و خانەدانی وەک (جەلی زادە)ی کۆیە بوو، کوڕی زاتێکی گەورەی وەک مەلا محەمەدی کۆیەیە کە بە مەلای گەورە ناسراوە، مەلیک فەیسەڵ کە دەهاتە کوردستان بەخۆی دەچووە ماڵی (مەلافەندی) هەولێرێ لە باداوان و پاشان دەچووە ماڵی مەلای گەورە لەکۆیە، لەو پرسەیەدا بەزەییت بەفیکر و ڕۆشنبیریدا دەهاتەوە، وادیار بوو لە پاش مردنیش ململانەی بیروڕا کاری خۆی کردبوو، بۆیە نووسەرانیش زۆریان دیار نەبوون! یان پیاوێکی گەورە و زانای وەک شوکور مستەفا کە لە پرسەکەی دانیشتبووم، ئینسان بەزەیی بەنووسەری کورد دا دەهاتەوە کە تەنانەت نەک لەسەر ئاستی میللی نەناسرا بوو و خەڵکی ئەم وڵاتە وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی گەورە و وەک گەنجینەیەک نەیانی دەناسی، بگرە زۆر لە نووسەرەکانیش تەشریفیان نەهێنا بووە ئەو پرسانەوە، خوانەخواستە گوێی شەیتان کەڕ بێ، ئەگەر پرسەی هەر سەرمایەدارێک، یان هونەمەندێکی گۆرانیبێژی پلە چوار و پێنجیش بوایە، ئەوە جمەی دەهات و بەرنەدەکەوت خەڵکی لەکوێ دانیشن، ئەوە باسی یادکردنەوەی ساڵانەیان و بەسەرکردنەوەی بەردەوامیان هەر ناکەم.

* ساڵانێکی زۆر و دوور و درێژ کە میسرییەکان بۆ کاروکاسبی و بژێوی ژیانیان کەوتبوونە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی ئێمەوە، تەنانەت هەندێکیان لە دائیرەکانی ئێمەش دامەزرابوون، ئەوەی کە جێگەی سەرنجی من بوو، ئەوانە تەنانەت نەخوێندەوارەکانیشیان کە شاگرد و کرێکار بوون کاتێ دەماندواندن سەرومڕ نووسەرە گەورە و بەناوبانگەکانی خۆیان دەناسی، واتە نەک هەر تەنیا هونەرمەندەکانی بواری سینەماو شانۆ و گۆرانیبێژەکانیان، بگرە نووسەرە گەورە و بەناوبانگەکانی خۆشیان دەناسێ و شانازییان پێیانەوە دەکرد و پەیتا پەیتا ناویان دەبردن، ئەوان نووسەری گەورەی وەک تەها حوسێن و نەجیب مەحفووز و عیزەت عەلایلی و تۆفیق ئەلحەکیم و مستەفا عەقاد و لوتف مەنفەلوتی و زەیات و عەقاد و مازنی و تاد دەناسی، کە ئەوەش نیشانەی پەروەردەکردنی ساغ و ڕاست و دروستی ئەوانە کە لە ژیانی خۆیاندا فێرکراون چۆن ڕێزی گەورە پیاو و پایەدارەکانی خۆیان بگرن.

* من زۆرجار بیر لە هونەرمەندانی شێوەکار دەکەمەوە کە حاڵیان لەحاڵی نووسەرەکان باشتر نییە ئەگەر پەرێشانتر نەبێ، ئەوانە لە پاش هەڵخستنی تابلۆیەکانیان و نمایش کردنیان، ئەگەر لەباشترین حاڵەتدا چەند دانەیەکیشیان بفرۆشرێن، ئەوە لە قەدی دیواری ماڵەکاندا، یان شوێنانی دی بەند دەکرێن و خەڵکی کە مەبەستی بێ نایانبینێتەوە، پاشان یان لە کۆگای ماڵی هونەرمەندەکە بەند دەکرێ (ئەگەر کۆگای هەبێ و خواپێداو بێ) یان لەبیردەچێتەوە، واتە وەک کتێبی نووسەرێک و سێدی و کاسێتی هونەرمەندێکی گۆرانیبێژیش نین، تا بمێنن و لەبەر دەستاندا بن و هەر کاتێ ویستمان بگەڕێینەوە سەریان و بەسەریان بکەینەوە، هەرچەندە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیکی چاپەمەنی و چاپی ڕەنگاو ڕەنگ خەریکە ئێستا چەردەیەک لەو بەرهەمی هونەرمەندانە بەچاپ دەگەن و وەک کەتەلۆک دەمێننەوە.

* داخی گرانم لەبەر ئەوەی ئێمە نە لەبەرنامەی خوێندنی منداڵەکانمان و نە لە پەروەردەی ناو ماڵەکانیشمان و نە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نەکراوە بە نەریت باسی ئەو ڕەمزانەی خۆمانیان بۆ بکەین، بۆیە نەوەکانی ئێمە زۆر بەزەحمەت ناوی نووسەر و داهێنەری گەورەی کورد ناناسن، چەند ساڵێک پێش ئێستا لەیەکێک لە کەناڵەکانی TV لەناو قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی چەند قوتابخانەیەک چووبوون پرسیاری (هەردی)یان لێیان دەکرد کە چە کارەیە؟ ئەوان نەیاندەزانی شاعیرێکی گەورەی کوردە و هەریەکەیان شتێکی دەگوت و بەلای هەموو شتێکدا دەچوون، تەنیا بەلای ئەوەدا نەدەچوون کە ئەو پیاوە شاعیر بێ، زۆریان ڕاشکاوانە دەیانگوت نایناسین! ئەمەش کەموکورییەکە لەبەرنامەی خوێندنی ئەو قوتابیانەدا هەیە، کە پێویستە لەمەولا ڕەمزە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو وڵاتە بەنەوەکانی ئێستا و داهاتوو بناسێنێ و ناکۆکی کەسی و لابەلایی بەلاوە بنرێ تا هەرکەسە بخرێتەوە ناو خانەی ڕاستەقینەی خۆیەوە، وەک چۆن ڕەمزە سیاسییەکانی خۆمان دەناسێ، هەر ئاواش ڕەمزە ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی خۆی بناسێ!

# مەرگی ئاو شین دەچێتەوە

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا



دەفتەرێکی ئاویم هەیە
ئەفسانە وردیلەکانی
لێدەچۆڕێ
* * *

شەو ئەوەندە مەستە
سپێدە
چەند بانگی دەکا
ناتوانێ چاو بکاتەوە
* * *

وەک مانگ
بۆ داکەندنی جلەکانی ژێرەوە
دەستی یارمەتیم بەر شوێنە تاریکەکان
دەکەوێ
مەست دەبم
* * *

نائومێدی قەفەزێکە بە ئەندازەی خەیاڵم
ڕۆشن
چۆلەکەکانی ئومێدی تیا دەچێنم
* * *

دووبارە وەک باران
دەچمەوە دەریا
دکتۆر دەبینم دەڵێم
دڵم ناسک بۆتەوە
پرووشە دەکات
* * *

بەیانیان تیپێ چۆلەکە
بەسەر سینگمەوە
تار دەژەنن
منیش بە خەیاڵی ڕۆمان
شەو دەنووسمەوە
* * *

هەموو گفتوگۆکان بۆش بوون
وشەکان ڕووناکی و تاریکی
ئەوەی جێما
لەنێوان شەڕ و ئاشتی
کەوتە دەریا
* * *

بە دەنگێکی شیرین
دەست بە قژی خاوت دادێنم
دڵۆپ دڵۆپ
لە دەمتدا دەتوێمەوە
لەو ماڵەی کە دیوارەکانی لە ئاگرە
هەوڵی شاردنەوەی باران دەدەم
تا سیحری مەرگ
بە دەریا بچوێنم
* * *

ئەوە مەرگ نییە دڵم دەکا بە شەو
ئاشتنەبوونەوەیە لەگەڵ بێدەنگی
ئەوە سەفەر نییە نیگەرانم دەکا
نزیک نەبوونەوەیە لە باران
* * *

بۆ ئەوەی تاریکی ژیانم
لە تاریکی شەو جیاکەمەوە
چاو دەنووقێنم
دەنکە ڤالیۆمێک قووت دەدەم
* * *

لەپاڵ ئەو جەستە سپییە
گومان
بیرەوەرییەکانی بەفر هەڵدەداتەوە

لە هەموو شەوەکان
ئەستێرەیەک پێشم دەکەوێ
بەرەو نائومێدی دەمبا
* * *

دوودڵ نیم
زەمەن لە تەماشام دەسوورێتەوە
کاتێ دەچمەوە ڕابردوو
دڵم دەڵێت
ئەوە ڕۆح نییە
ئایندەیە
کتێبی جەستە
بە ڕەنگی ڕووت دەنەخشێنێ
* * *

هاوینێک لە ماڵ
هاتمەدەر
خۆر بەو هەموو ڕووتییە
پرشنگە شەهوەت ئامێزەکانی کردە چەتر و
خەیاڵە ساردەکانی دەلێسێتمەوە
* * *

هەموو تاریکی دنیا
بەیەک پێک ڕووناکی دەگۆڕمەوە
ئەوەندە پەستم
ڕووناکی هەموو دنیا
سەرخۆشم ناکا
* * *

وەک ماسی
لە خەیاڵی شینم دەنیشی
نازانم چۆن پێت بڵێم
وریا بە
ئێرە دەریا نییە
دڵی منە
شەپۆلی بێزاری دەیبا
* * *

**بێدەنگی شیعر**
**لە جەستەی تاریکی دەچێ**
**بێدەنگی تاریکی لە ڕەنگی با**
**با بە دەنووکی**
**زەمەن دەچنێ**
*** * ***

**دڵم بەوە خۆشە هەموو بەیانیان**
**شیعر دەخوێنمەوە**
**خیزانەکەم بە نیگەرانییەوە دەڵێت**
**ئێواران زوو بگەڕێوە**
**لەبیر نەکەی**
**تا ئێستا مەرگ زیندووە**
**ڕەش دەچێتەوە نیشتیمان**
*** * ***

**دوێنێ تەلەفۆنت کرد**
**ویستت بڵێیت**
**ناپاکی بە دڵۆپە ئاوێ لە ئاسمان**
**دێتە خوارێ**
**بێ هۆ وەڵامم نەدایتەوە**
**چونکە دەزانم دڵ هەیە ناتوانێ**
**سەیری خۆرئاوابوون**
**لە خۆی بکوژێ**
*** * ***

**من و تۆ هەژدە ساڵە**
**بەیەکەوە دەژین**
**من چاو شین و تۆ قژ شیعری**
**من ئێوارەیەکی درەنگ و**
**تۆ سپێدەیەکی ونبوو.**

حوزەیرانی ٢٠٠٧

# جێگەی نەفەرێکمان ماوە سەرکەوە دەگەڕێینەوە بۆ بوخارا

**دلاوەر قەرەداغی**
**(سوێد)**

بۆ نەزەند بەگیخانی شاعیر



**چەند باشە تۆ هەیت**
**کە مانگ و بەرد و بام دەدەیتە دەست**
**یارییان پێ بکەم**
**تێکیان بدەمەوە و شتی تریان لێ دروست کەم**
**بیانکەمە**
**سێ ورچی سپی و سۆڵ**
**کە بە پێدەشتێکی سەوزدا خلۆر دەبنەوە**
**یان بیانکەمە سێ بەلەم**
**سێ ئەسپی تیژ**
**یاخۆ سێ زەلام کە لەبەر پەنجەرەیەکدا**
**وەک بلێی مۆمیاکرابن**
**بێدەنگ... بێجووڵە**
**لە خاڵێک ڕاماون**
**چەند خۆشە تۆ هەیت**
**کە بە ئاودانی ئینجانەکانەوە دەمخلافێنیت**
**یەک زستان... بە پاکنووسکردنی پەلکێک**
**ڕێواس،**
**بە بژارکردنی سینییەک**
**زەنگیانە لە زیخ**
**قەناعەتم پێدەکەیت**
**بەدیار پژانی فڕینی خاڵخاڵۆکەیەکەوە**
**تا پیر دەبم**
**دەمکەیتە پاسەوان**
**لەبەر ڕووناکی تەڵێک گیادا**
**ئیملام پێدەکەیت**
**وەک بولبول**
**جەدۆلی ئاودۆم پێ ئەزبەر دەکەیت**
**فەسڵەکانی شکستم**
**لێدەپرسیتەوە**

دەفتەرێکی شەست لاپەڕەییم
پێ ڕەش دەکەیتەوە لە باران
بە شۆفڵەکەی منالّی
تونێلێکم پێ لێدەدەیت بە ڕستەدا
بەرەو ئەوسەری کۆتایی دێڕ
بۆ نێوجەرگەی تەسویر
بۆ ئەودیوی فاریزە و خاڵ و کەوانە و
نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان
تا بەر دەرگای تەفسیر
چەند باشە تۆ هەیت
وەک هەبوونی کەسێک کە بەیانییەک زوو
بە جامێک ماست و دوو نانی گەرمەوە
بە کۆڵاندا تێدەپەڕێ و
ئیدی ئاو دەزێتە زاری ژیان و
بۆنی خودا
ئەو ناوە دەتەنێ،
وەک ئەوەی خەو ببینم
تا دوور دوور دەکەوێتەوە... تا لە بەیانیدا
دیار نامێنێ
لەبەرخۆیەوە قسان دەکا و
دڵی خۆی دەداتەوە و
ستران دەچڕێ
چەند خۆشە تۆ هەیت
کە هەر جارە و جانتایەکت پێیە
هەر جارە و لە پشتی پیکابێکدا
سەفەر دەکەیت
هەر جارە و لە بەلەمێک دادەبەزیت
هەر جارە و لای عارەبانەیەکی گەنج
بەهێ دەکڕیت
چەند باشە تۆ هەیت
کە هەر ڕۆژە و شتێک لەبەر دەکەیت
ڕۆژێک جبەی ئەستووری ئیمان
ڕۆژێک هیچ
ڕۆژێکی تر
کراسێکی سووری شیلاوی بە باران
چەند خۆشە تۆ هەیت
کە ئیدی مرۆڤ
هەست ناکا

هێند دڵڕەقانە تەنیایە
هێند منالانە لە ماڵەوە دوورە
مرۆڤ هەست ناکا
هێند بێ ویژدانانە
لە مردنەوە نزیکە
هێند ئالووالا
مات و زوویر و مەلوولە!

چەند باشە تۆ هەیت
کە هەر جارێک
سەفەر دەکەین
بۆ گەڕاژ لە گەڵمان دێیت و
تا لە چاوان ون دەبین
دەستمان بۆ ڕادەوەشێنیت و
بەزاری پڕ لە نوقڵەوە
ماچمان بۆ هەڵدەدەیت!

پووشپەڕ ٢٠٠٧

# مەدەد ئاهورا مەدەد

کەریم دەشتی



(١)
ئەوەندە بە توندی لە دڵی خاڵ مەدە ئەی دۆست
سارای سارد و پەتای غەریبی دەتکوژێ
ئاهورا گوتی غەریبیت دەکەم ئەی خاک
دەترسم دڵت کون کون بووبێ

(٢)
هەندێ جار خەمبار دەبێ، مشتێ گەڵای وشک دەخاتە سەر لەپی
خۆی لە مردن بەبیر دێتەوە، گۆرانییەکانی جارانی خۆی دەڵێتەوە
ئاهورا هەمیشە لە خەمباریدا بە مەرگ دڵی پڕ دەبێ لە گۆرانی
بە گەڵای تەڕ دڵنەوایی خۆی دەداتەوە

(٣)
ئەسپەکان بەیەکەوە بەسەر گردەکانەوە خۆیان داوەتە بەر خۆر
بە چاوەڕەش و جوانەکانیان هەمیشە سەیری خۆر دەکەن
ئاهورا گوتی ئەسپەکان یادگاری خوان لەسەر زەوی
بۆیە هەمیشە من و ئەسپەکان سەیری خۆر دەکەین

(٤)
ئێمە لە دوا ڕۆژەکانی ئایندەوە هاتووین، بوونێکی بێ ڕابردووین
ئاهورا دەیگوت... مرۆڤ بێ ڕابردووترین بوونەوەرە،
کە لە ئایندەوە بەرەو ڕۆژە ساردەکانی مێژوو دەگەڕێینەوە

(٥)
که بەدیار گوڵە پەمۆکانەوە وەستام و سەیری
گۆڕستانەکانم دەکرد
من چیم؟
گوڵە پەمۆ هاته زمان و گوتی...
ئێوە مرۆڤن مرۆڤیش هەمیشە داس تیژ دەکاتەوە

(٦)
ئاهورا له نێو ئاپۆرەی مرۆڤدا کەمێ وەستا و سەیری
خۆرهتاوی کرد
له بەرخۆ دەیگوت مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێ پاک
کاتەوە و وەکو خۆر ببریسکێتەوە
بەڵام ئاخ هەرگیز ناتوانێ ناو دڵی خۆی پاک کاتەوە

(٧)
با من هەر پاشای سەر زەوی و خوا پەرستێکی بودایی بم
با عاشق بم یا عابیدێکی ون له لمی بیابان
یا نوورێ بم له چاوی میدیا
له کۆتاییدا من هەر مرۆڤم و دەبێ پێم لەسەر زەوی بێ
ئاهورا دەیگوت من بۆ فڕین نەخوڵقاوم

(٨)
که بەناو دۆڵی هەزار ڕەنگی ڕەوەزێ شاخ شۆڕبوومەوە
هەرچییەکم بینی سەرسام و شڵەژاو ڕادەپەڕی
ئاهورا گوتی ئەی مرۆڤ تۆ چەند نەزانی
خۆمان نەبێ هەموو دەزانن چنگی ئێمە خوێنی
لێدەچۆڕێ
ئێمە پێویستیمان به ئاوێنەیەک هەیە دەروونی خۆمان
ببینین
دڵمان پڕە له قین، چاومان پڕە له ماخۆلیا
کەچی ئەوەندە بێ هێزین زوو زوو دەگرین

(٩)
که بەسەر ئەو کەڤرە کون کونەی له ڕۆحی مرۆڤ
دەچوو
هەزاران هەزار ساڵە کەوتبێته بەر تیری گومان
من بەرەو ماڵە گەورەکەی خودا دەچووم ئاهورا گوتی
که پێم نایە ناو قاپی خوا، جەستەم توایەوەو هاوارم کرد
ئای له ماڵی خودا چەند دوورە چەند دوورە ماڵی خوا
غەیب به ئێمه ناگیرێ و شەکەتی پیشەی ڕۆحه

(١٠)
پایزێکی درەنگ بوو درەنگ
تاک تاک گەڵا به سەر لق و پۆپی درەخت
فرمێسکی خۆیان دەسڕیەوە
لەناو پەرستگایەکی شاخاوی و گومەزێکی زیو ساماڵی
دەستکردی باو ڕەشەبا بوو
مرۆڤێک چڵە گیایەکی وشکی داگیرساند
ئاهورا گوتی مرۆڤ هەمیشە ئاگر دادەگیرسێنێ
بەڵام تا ئەبەد خامۆشی ناکاتەوە
ئەی مرۆڤ ئەگەر له پەرستگای پیاوبە خۆت دابگیرسێنە
با تاریکی هەزار ساڵەی دڵت کۆتایی بێت

(١١)
دێ و دەڕوا هەرگیز ناگەڕێتەوە، زەمەن گەڕانەوەی بۆ
نییە
ئاهورا دەیگوت بگەڕێتەوەش بۆ ئەوەیە تەرمی ساڵ و
مانگەکان هەڵگرێتەوە
زەمەن هەرگیز ئاوڕ ناداتەوە، ئەگەر ئاوڕیش داتەوە
بۆ ئەوەیە مرۆڤ بزانێ زەمەن ماڵاوایش ناکات.
زەمەن و مرۆڤ دوو خەنیمی یەکترین
ڕۆژێ یەکێ ئەوی تر هەر دەکوژێ

(١٢)
مناڵان هەموویان کۆبوونەوە و لەسەر خۆڵ و وێنەی
باوکیان دەکێشا
بەڵام هەرزوو ڕەشیان دەکردەوە
ئاهورا دەیگوت مناڵان بەر لەوەی گەورە بن
وێنەی ڕاستەقینەی خۆیان دەسڕنەوە

(١٣)
سپێدە زوو له دارستانەکەدا قومێ له ئاوی کاژی
خواردەوە
دانەیێ گێلاسی سووری ڕنی و ئاوای کرد
وەبیری هاتەوە ئاهورا گێلاس ڕەنگی خوێنی هەیە،
لەو ڕۆژەوە دنیا پڕ بووە له پەڵەی خوێن
ئاهورا دارستانی جێهێشت و بۆ ئەبەد نەگەڕایەوە

(١٤)
کاتیش بەسەر چوو ئەی مرۆڤ
هەموو ساڵ و مانگەکانیش بەشی تۆیان نەکرد
چەند ڕابکەی ناتوانی بگەی
تۆ زۆر بچووکی، بەڵام ئەم کەونە جێگەی تۆی تیا
نابێتەوە
ئاهورا دەیگوت تەنیا بە چەند مشتێ خۆڵ نەبێ
چاوی مرۆڤ هەرگیز پڕ نابێتەوە

(١٥)
ئاهورا دەیگوت لەو ڕۆژەوەی من و تۆ لە یەکتری لە
بۆسەداین
کتێبی حیکمەت داخراو حەکیمەکان چوونەوە ئاسمان،
مرۆڤ ئێستاکێ بێ حیکمەت بەسەر زەویدا دەسووڕێتەوە
کتێبی عەزاب دەنووسێتەوە
من ئاهورام یا سالوکێکی دارستان؟

(١٦)
من خودایەکم نە کەسم بۆ دروست دەکرێ و
نە دەستم بەسەر کەسێ دەشکێ
ئاهورا گوتی ئەوەی پەندم لەناو ڕۆحی خۆی هەڵگرێ
جاویدانە
ئەوەیش دەیداتە دەست با هەر ساتێ لە پەنا بەردێکا
دەمرێ

(١٧)
ئاهورا لەنێو تەمتومانی مرۆڤدا نە بەباکووری دەزانی و
نە بە باشوور
نە پەی بە خۆرهەڵات دەبرد نە خۆراوا
ئەو هەمیشە دەیگوت ئەوەی چارەنووسی مەبەست بێ
دەبێ لە تەمتومان بژی

(١٨)
کە دابەزیمە ناو تەمتومان ئەستێرەکان بە ئاستەم
دیاربوون
ڕووبارەکان وشک ببوون
درەختەکان شکان و ڕێگاکان کوێر ببوونەوە
چی بکەم بگەڕێمەوە جاری جارانم یا بوەستم؟
گەڕانەوە مردنە وەستانیش مردنێکی دی
خۆم هەڵبژارد و شووشەی تەمتومانم شکاند
لەو بەرەوە خۆر تازە گزنگی دەدا

(١٩)
لە بەر بارانێکی توند و زریانێکی سپی سپیدا ئاهورا
وەستا و هاواری کرد
ئەی باران لەمێژە خاک لە چاوەڕوانیتا ئامێزی خۆی
کردۆتەوە
بەلەز هەڵمەکە ناو ڕۆحی نەوەکا لە خۆشیا بمرێ
ئەی زریان لێگەڕێ با قامیشەڵان شمشاڵی خۆی بچڕێ
ئاخ مرۆڤ هەرگیز گۆرانی خۆی پێ تەواو ناکرێ
باران بەپەلەیە و ناهێڵێ بۆنی خاک بەردەوام بێ

(٢٠)
ئەوانەی دەوری ئاهورا دەدەن هەرگیز نازانن بپرسن
بۆچی زمانیان لاڵ دەبێ و دڵیان دادەخورپێ
لە پای چییە نوور لە چاوانیان هەڵدەچێ
بەڵام کە ئاهورا ون دەبێ
دەزانن بۆ دەستیان شل دەبێ و ئاگری دڵیان خامۆش
بۆچی خوێنیان ئاوا بە سستی دەسووڕێ
ئەوان نازانن ئاهورا وەهم و ئەندێشەی نوورێکە و بەس

(٢١)
بەناو کێڵگەکاندا کە تازە لە سەرەتای بەهار
گوڵەگەنم قسەیان لەگەڵ ئاسمان دەکرد
ئاهورا وەستا و گوتی ئەوانە چەن بە پەلە سەردەردێنن
نازانن پەلەی مەرگی خۆیان دەکەن لەژێر داسی
دەستی مرۆڤ
چەند گوناهن گوڵە گەنمە جوانەکان توخوا پەلە مەکەن
دەمەوێ بۆ ئەبەد لەناو چاوم بن

(٢٢)
لێرەوەیە دەست پێدەکەی لە هەمان ئێرەوەشە کۆتاییت
دێ
تۆ دەبێ لەسەر ئاو بنووسی بۆ ئەوەی نەمر بیت
ئاهورا دەیگوت ئێمە نووسراوی سەر ئاوین ئاو
ئاویش وەستانی بۆ نییە و هەر حەرفێکمان دەباتەوە
نیشتیمانێ
نهێنییەکانیشمان دەدا بە خۆر

(٢٣)
مالّی ئاهورا له قوڕه و سەربانیشی له گڵی سوور
دیوارەکانی له خشتی بخوور
که خۆر له کای ناو دیواری دەدا وەکو زێڕ
دەبریسکێتەوه
ئاهورا هەمیشه دەیگوت دڵی هەموومان له قوڕه
ئەڤین له ناو شووشه ناژی لەناو قوڕی دڵمان نەبێ

(٢٤)
لەو گەڕانه دژوارەدا تۆ وەک چڵێکی شکاوی
به دوای پارچەکانی خۆت دەگەڕێی
ئەی مرۆڤ تۆ چەند ماندووی، زەمەنێکی زۆره تۆ ونی
له کوێی
ئاهورا گوتی که مرۆڤ شکا ئیدی هەرگیز یەکتر
ناگرێتەوه

(٢٥)
له تاریکه شەوێکی زستاندا ئاهورا کەوتەوه یادی
مەرگی دارخۆخێکی سەوز و دایه پرمەی گریان
له ژێر ئەو دار خۆخه بوو خەوم به خوداوه بینی
له ژێر ئەو دارخۆخه بوو چەپکێ نوورم چنی
لەژێر ئەو دار خۆخه بوو قومێ ئاوی عیشقم خواردەوه
ئەوه دەستی مرۆڤ بوو چووه خوێنی خودا

(٢٦)
له دەم ئاگردانێکی کز پۆلیه گرێکی ئاشق دەسووتا
دووکەڵێکی سپی سپی لێ هەڵدەسا
کزەی جەرگی بوو له تاوی ئەوین
له هەر شوێنێ دووکەڵی سپیتان بینی
شەوقی ئەوینی منه هەڵدەچێ یا هی عاشقان

(٢٧)
ئەو ساتەی که له گەڵیا بووم دەمبینی دڵۆپ دڵۆپ دەبێ
به ئاو
هەڵدەڕژایه ناو ئاگری دەروونمەوه چاوەکانم پڕ نوور
دەبوون
که ون دەبوو چرای بیرم دەکوژایەوه

(٢٨)
بەسەر جۆگەلەیەکی زولاڵدا وەستام سەیری خوام کرد
خوا له هەموو شوێنێ بوو
که مەل ئاوی دەخوارده
دڵۆپ دڵۆپ نووری خودا له باڵەکانیان هەڵدەسا
که درەخت دەمی له ئاو دەنا گەز گەز بالآی دەگرت
بەردێ خزی ڕووناهی جۆگەلەی کوشت
ئاهورا گوتی دەچمەوه دارستان خوا له شوێنی شێلوو
ناژی

(٢٩)
خەریکه خۆرئاوا دەبێ ئاهورا گەوهەرێ له ڕۆحت
بشکێنه بیده به خاک
بادەمێ له بریسکەی خۆت ببەخشه به ڕۆحمان
جریوەیەک له زمانت بده به دڵ
ئێمه له ناو تەونێکی ئەبەدی چاوەڕوانی هودهودێکی
نوورانین له تۆ
تۆش وەکو سێبەرێ له ئارمووش یا وەک بایێ له
ئەڵماس
بەناو خەیاڵمانا ڕادەبووری و بۆ ئەبەد ناگەڕێیتەوه
ئاهورا زووکه وەره ژیان پێویستی به تۆیه وەره بەر
چاوی ئینسان بکەوه

(٣٠)
ئاگر له ناو دڵ دامەگیرسێنه دڵ جێی ئەوینه
لەبەر بادا ڕازی خۆت هەڵمەخه شارەوشار دەڕوا
به دیار کتێبەکانەوه و مەوەسته بیانکەوه با گەوهەره
دیلەکان ڕەهابن
که شیعری جوانت خوێندەوه ئەوسا دەزانی عەشق چی
له دڵی شاعیر کردووه
ئاهورا گوتی ئاهورا

# ژ چەم ب دەریا

چارین: سەباح کارا
(ستەنبۆل)

بەری ب چەند سالان تە دگوت، «دڤێ کو تو وەک من بی
ل گۆر کتێبێن ئەجداد، تو شەخسەک مۆدەرنیستی»
لێ ل دەوران بنێڕ ئیرۆ ل گۆر تە ئەز پاش دە مە
لێ هەلبەت شک نینە کو بێ تە تو رەفۆرمیستی

بەریا ئەم غەربزەدە بن، رۆژ رۆنی بوون، شەڤ تاری
غەربی هاتن، رۆژا مە ب نێڤی کرن تاری
ئیدی دۆنزدەهێ شەڤێ، رۆژا مە دەست پێ دکە
و هینا دەما نیڤرۆ، رۆژا مە د بە تاری

لۆ زالمۆ ئە زانم دەما تە بوهوری یە
ئەگەر کورد بهای ببن، ریا وان ڤەکری یە
لێ ئەز چ بکم رووێ من بەر ب بابێ کور دە یە
و کەرێ ئەز لێ سوار، ژ سەرتاپا گوڕی یە

هەڤال ژیانا کوردان قیر و هاواران دکە
دڤێ کو ئەڤ وێرانە ژ نوو ڤە ئاڤا ببە
کا هونەر، کا هونەرگەهـ، کا زانین، کا زانینگەهـ
جڤاتا پێشدەچوویی ب خوێدانا ئەنیا دبە

دلێ من دبێژە «لۆ، چ دبە بلا ببە
رۆژەک وێ بێ ئەڤ بار وێ ژ سەر تە هلا ببە»
لێ مێژییێم دبێژە، «بەسە تە خوە هەلاک کر
نە مومکنە کو ئەڤ بار، ب تە تەنێ راببە»

بلا کەس نە بمن رە بە، تو هەبی بەسە ئەی دل
ئەز ب تە رە، تو ب ئەغیار رە یی بەسە ئەی دل
بلا نەزان تارییێ بسەر من دە بباریێنن
تو ب رۆناهیا خوە بمن رە بی بەسە ئەی دل



**هەڤال تو جاردن راست بە، لێ خوەدیێ دارێ راست بە**
**هن وێ براستیێ راست بن، هنا بدارێ خوە راست کە**
**من دگۆت، «راستی تێرا هەر تشتی دکە»، لێ قەت**
**راستیا بێ دارێ راست، نە راستیەکە راستە**

**گۆشت ل بەر کەرە هەڤال و گیا ل بەر شێرە**
**دژمن  ب تۆپ و تفنگ، لێ دەستێ مە نە بکێرە**
**عومرێ مە ب هەسرەت بهورت، مە رۆژەک شادی نەدیت**
**شادی پارا دژمن و دلێ مە ژ دەردان تێرە**

**کی نە ئەم ما کی نە ئەم ما کی نە ئەم ما کی نە**
**مێژی ب قیر و هاوار، دلێ مە ب ئەڤینە**
**ژ خەلکێ رە تەڤ بهار، ژ مە رە زڤستانە**
**بێعاقلێ مە عاقل، و عاقلێ مە دبنە**

**دبێژن «جەسارەتا ل هەمبەر زلمێ خوەشە»**
**ئەرێ لێ جەسارەتا کو دگەل علمێ خوەشە**
**ما تو نابینی ئەحمەق ژی پڕ جاران جەسوورن**
**و جەوابا ئەحمەقان، جارنا ب کولمێ خوەشە**

**عومرەکە من کارێ خوە ژ خوە رە نەکرە کار**
**رۆژ و شەڤ کارێ خەلکێ، هەر مەزلووم ژ من رە یار**
**لێ من ت تشت فێهم نەکر، نە ژ خوە، نە ژ خەلکێ**
**نە تەنێ ژیانا من، ئا خەلکێ ژی ل من بار**

تێبینی:
ئەڤ چەند چارینە مە ژ پرتووکا «چارین- ژ چەم ب دەریا» وەرگرتینە، کو چاپا یەکێ یا وێ ل سالا (١٩٩٨)ێ ژ ئالیێ وەشانخانەیا نووبهار ڤە ل ستەنبۆل هاتیە بەلاڤکرن. ئەڤ پرتووکە ژ (٦٠) رووپەلان پێکهاتییە و (١٠٠) چارینان ب خوە ڤە دهەلگریت و، ل بارەی بەلاڤکرنا ئەڤان چارینێن شاعر «سەباح کارا»، ئامادەکارێ وەشانخانەیێ دبێژیت: «ئەڤ چارینێن کو نها ب ناڤێ: چارین، ژ چەم ب دەریا وەک کتێب هاتنە وەشاندن، جارا ئەول ژ گولانا (١٩٩٣)ئان، هەتا ئیلۆنا (١٩٩٦)ئان د هەژمارێن ٨ هەتا ٤٨ێن کۆڤارا نووبهار دە و د بن ناڤێ نوقورچ دە وەشیابوون. ناڤێ نڤیسکارێ وان، وێ دەمێ وەک مەلا قاسم د کۆڤارێ دە جە گرتبوو؛ کو مەلا قاسم، ناڤێ موستەعارێ سەباح کارا بوو. ب ناڤێ خوە یێ وێ دەمێ نوقورچ، گەلەک بالا خوەندەڤانان کشاندن و زەحف هاتن عەجباندن. ئەم باوەڕن کو بەرهەڤکرنا ڤان چارینان د کتێبەکە وەها دە، وێ هێ زێدەتر بالا خوەندەڤان بکشینە.» هەژی یە بێژین کو سەباح کارا پێشتر ژی ئەڤ کتێبێن خوارێ گهاندبوونە چاپێ: مەرسیەیێن رۆژهلات، چاپا یەکەم ١٩٩٨. نامەیێن بێجەواب، چاپا یەکەم ١٩٩٨. روباعیات- ژ ئۆمەر خەیام، چاپا یەکەم ١٩٩٨، دوبەیت- ژ بابا تاهرێ عوریان، چاپا یەکەم ١٩٩٨.

# متمانه

چنار نامیق

کەسێک
لەنێو پەرستگای عیشقی خۆیدا
هەڵمدەگرێت و دامدەنێ
دەمێک دەمکا بە پەیکەر و
دەمێکی دی بە ساڵنامە و
مێژووی ڕۆژەکانم لەسەر دەنووسێت
جار ناجارێک
پەنجەکانم ڕادەمووسێ و
من لە گێژاوی تەمەندا
متمانە بەژیان ناکەم
گاهێک دەمکات بە ڕەنگ و
ڕۆژگارم پێدەنەخشێنێ و
گاهێک دەمکاتەوە بە کەڤاڵ
دەمێک دەمخاتە ژێر چەتری گەڵاوەریوەکان و
دەمێکی دی شەونمی تکاوی
گەڵاکانم بەسەردا دەڕژێنێ
منیش لە دەریای مەنگی ژیاندا
هێدی هێدی
نوقمی عیشق ئەبم
ئەویش چوون خۆم
تەنها بە ڕۆحم ئاشنایە و
مەحاڵە لێم وەڕس ببێت
هیچ کام لە شەوانی تەمەن
لەژێر ساباتی ئاسمانێکدا نەدەنووستین
وەڵێ ئەو ئەستێرە عەیارانەی
کە لە ئاسمانی ئەودا هەڵدەهاتن
هەمان ئەستێرەی ئاسمانی
عیشقی من بوون
ئەو کە گوڵەکانم بۆ دێنێتە سەما
باڵندەکان باڵ لێک دەدەن و
شەپۆلەکان ڕادەمێنن
منیش بە چرپەوە بەخۆم دەڵێم
خۆشە ژیان خەونێکی مەستبێ و
ڕاچەنینی بەدوا نەیێ



# تابووت

حوسێن پەناهی
لە فارسییەوە: عەلی گوڵی
(بۆکان)

باوەڕکردنی ئاستەمە
دەزانم!
بەڵام باوەڕکە هێشتا لە سەدەی بیستەما
نەوەی مێروولە زیندوو ماونەوە
هەر لەبەر ئەوە بە خۆمم وت:
جێگای ژینگە ناسان بەتاڵە
بەو چاویلکە گەورە و قۆڕانەیانەوە کە لە چاوی
تیمساح دەچێ
تێدەکۆشن تا لە دەنگی شاخی گیان لەبەرانی بچووکدا
نهێنی گەورە بدۆزنەوە
لەدەنگی شەو بە گومانم
[گوێ ڕادێرە]
دەکرێ هەموو دەنگی شەوانە... بە سریوە سریوی
سیسرک بزانی
بڵێ بزانم
تۆ شاعیرێکی لاو ناناسی کە دانیشێ و شیعر بڵێ
بۆ سریوە سریوی سیسرک
کە لەودا دڵی چکۆلەی لەنێوانی دوو زەریای
بێ دارستاندا
گوم کردبێت؟
پێت وابێ!
ئێستا نووسەرێکی لاو دانیشتووە بێ ئەوەی
ئاگاداری دڵی بچووکی سیسرکەکان بێت
بەبۆیەی سوور
چیرۆکی ڕەنگەکان و هێشووەکان دەنووسێتەوە
ڕاست لەنێوان گەڕانی چاوی تیژدا.
مێروولەیەکی بچووک
لەکاتێکا کە دەستەکانی لێک هەڵدەساوێ،
چاوی لە مەرکەب بڕیوە
ئەگەر مێروولە لە مەرەکەب کەوێ؟
...........



...........
نووسەری لاو کە سەرمای بووە و
چیرۆکی ڕەنگەکان و هێشوومکان دەنووسێتەوە
دەیهێننەوە دەرێ و لەبەر بێ تاقەتی و هاروهاجی
لەسەر لاپەڕەی سپی دەفتەر بەرەڵلای دەکا؟
[بێنە بەرچاو!]
مێرووله، لەو بارەدا لەسەر لاپەڕەی سپی و سارد
بەناهومێدی و سەرسووڕمانەوە
هێڵێکی سوور
شەرمە ساری
تیژ تێپەڕین
یان ڕزگاری دەکێشێ
وەرە ئەم هێڵە خوار و خێچە ناو بنێین ئەوین
پێکەنینییە!
بەڵام
[دەنگی کوتانی تەختە دەبیسم]
گوێ ڕادێرە!
من زۆر شت دەزانم کە دەتوانم بۆ هاوەڵانی بگێرمەوە
دەتوانم تاریفێکی تەواو لە گوێچکە ماسییەکان و
بە تەواوی زاوزێی ورچەکان لێک دەمەوە
دەتوانم بیسەلمێنم لە پەژارەی تاقەت پڕووکێنی زستانی
ژیانی بچووکیاندا
خۆیان بە لقەکانەوە هەڵدەواسن
دەتوانم بیسەلمێنم کە ڕووکاری ژیان لەسەر یەک
تەوەرەی پایەدار
هەڵدەسووڕێ
دەتوانم بە دڵپاکی هەست بە سەرمای زستان بکەم
بێ ئەوەی دووگمەی کۆتەکەم داخەم
دەتوانم بیسەلمێنم کە بەهار داوی نەخشینی ساڵە
بۆ ئەوەی ڕاوی وەرزەکانی ترێ پێ بکا
دەتوانم سێ سەعاتی تەواو لەمەڕ تاقەتی کیسەڵ و
دڵی ناسکی فیل و
نەجیمی پەنگوئێن و
زۆرداری گورگەکان و
مەیلی جنسی کوللەکان و تەنانەت نەخشەی شەڕی
شای هەنگەکان بدوێم
بێ ئەوەی دەستم بکێشم بەسەر تریبۆنەکەدا و
بەچاوەکانم لە بیسەرانم بوێ بهەژێن و چەپڵە لێدەن
تا من لە غافل بوونیانا
نیو جەڕە ئاو بخۆمەوە
من زۆر شت دەزانم کە دەتوانم بۆ هاوالانی بگێرمەوە

دەتوانم
کورت و پوخت بڵێم
من بۆچی ژیانی سیگارم پێ چاترە
لەفر و فیشالی باوکانەیان لەمەڕ لەش ساغییەوە
سەگە بەڕەڵاکان
لە پشت دەرگای هۆدەکەمدا بە نووزە نووزیان
پێم دەڵێن:
کە ئەم شەوە ساردە نیوەی تێپەڕیوە...
لە حەوشەی بێ دیواری مندا
سەگەکان ئەوەندەیان ئازادی هەیە
تووتکی خۆیان بلێسنەوە
دەزانی چییە؟
وادیارە ژیان دژوار نییە، بەڵکو دژواریەکان ژیانن
دیوتە؟
دیوتە چم بەسەر هاتووە؟!
حەق بە تۆ بوو!
دەبوو خەوتبام»
بەڵام سوێندم بەسەگەکان
کە خەوتن فێڵی شەیتانەکانە تاکو لەشەست ساڵی
تەمەن
سی ساڵی بەقازانجی مردن پاشەکەوت بکا
دەکرێ بەجێی خەو، بیر لە:
هێڵی ئاسن و
کەوشەکان و
چاوەکان بکەینەوە و
بەو ئاکامە بگەین وەفادارترین هاولفی دنیا
کەوشەکانی مرۆڤن
دەکرێ بیر لە هەنگەکان بکەینەوە کە ئەو دنیا
گەورەیان
جێ هێشتووە و
هاتوون لەژێر میچی ماڵی ئێمەدا شانەیان هەڵبەستووە
دەکرێ بە وێچووا ندنەکان پێبکەنین
بە زەوی و مرواری
بە هەتاو و گرکان
بە ئەستێرەکان و هۆزانەکانی ئەوین.
بە هەوای بوومەلێڵە و پەلکی بووکی پیر.
بە هەورە تریشقەی ئاسمان و قینی خێوی ئاسنیەکان
وا بزانە!
هێشتا زەوی خڕە و ئەستێرەناسی پیری زیت و وریا
لەپشت تلسکۆپە قۆڕەکانیانەوە
کە هەر دڵیی خورتوومی فیلی تینووە

بەدوای ئەستێرەیەکی نەناسراوی نوێتردا دەگەڕێن
پێم بڵێ هۆزانی من!
خەو باشترە، یان بە خەبەری؟
ئارەزوومە لە چۆڵترین خانەقای دنیادا
بە پەلکەی بووکی پیر سوێند بخۆم کە چەن ڕۆژ
لەمەوبەر
لە شەقامەکانی شار
لە وێستگای ئوتووبووسدا
یان لەسەر سەندەڵییەکی ڕەشدا
یان لە هۆڵێکی شانۆدا
یان لە بازاڕی کتێبدا
ئەستێرەیەکم دی کە بەرگی زەردی هەنگی لەبەردابوو
دەمهەوێ بڵێم چی؟
دەمهەوێ بڵێم ڕەنگەکان دەتوانن خەو لە چاوی
خەواڵوومان
بزڕێنن
کام ڕەنگ؟
ڕەنگی زەردی بەرگی هەنگەژاڵە کە ئەو ئەستێرەیە لە
بەری کردبوو
باوەڕ کردنی دژوارە
بەڵام باوەڕ کە من لەگەڵ ئەو ئەستێرەیە باسی
با– و دار زەیتوونەکان و
زەریا و
سەفەری دەوری دنیاو
چەتر و باران و جوانییەکانی خەیاڵ و چاوەکانی
دەدواین،
دەبینی؟
دەبینی سڵاو کردن لە کەسێ کە مانای سڵاوکردن
دەزانێ
چەن ئەستەمە!
نیو سەعات لەمەوبەر
خودام بینی بە پشتی کۆم و بەباڵتە ڕەشە گەورەکەیەوە
بەکۆخە کۆخ بە پەنای دوو سەوڵی ڕەشی حەوشەکەدا
تێپەڕی و هات بەرەو ئەو بەرهەیوانەی
کە من لێی وەستابووم،
کە دەستی کرد بە گۆرانی وتن
تازە زانیم باوکم لەگەڵ ئەودا لێ تێکچووە
ئەگەر ئەستێرەکان موعتادی ڕاڤەکردن نەبوایەن
چ سانا دەکرا
بڵێی کاکە چۆنی؟
دە پێم بڵێ هۆزانی من!
بۆچی ئەستێرەکان خوویان بەڕاڤە گرتووە؟
حەق بە تۆ بوو
دەبوو خەوتبام
بەڵام شتێ خەوی لێ ئاڵۆز کردووم
لەسەر دوو تاقەی هەمبەرم شەش گوڵەگەنمی زەردم
چنیبوو!
بەقژی ڕەشی ئاڵۆزاوە
خۆزگە بە تەنیا نەبوایەم
پێت وایە ئەستێرەکان گوڵەگەنمیان خۆشنەوێ؟
پێم خۆشە
دوورلە ددان ئێشەی سووکی و چرووکی ستران بێژم
دەزانی چییە؟
نازانم!
بەڵام پێم وایە کە لەم دنیا گەورەدا
بێجگە لەدەریای سوور
زۆر شتی تریش هەیە
بۆ وێنە پرسیارێک
پرسیارێکی هێندە گران هیچ کەس وەڵامەکەی نەزانێ؟
پێم وایە ئەو ڕۆژە و شەوەی
کە تانوپۆی بەرەی دووەمی ڕەنگی ژینمانە
ئاکامەکەی، پرسیارێکی بێ وەڵامە
ڕەنگ
ئاکام
بەرە
وەڵام!
سەرم لە گێژەوە دێ لە گێژەوە دێ
ئەو حەقەش بەتۆ دەدەم کە سەرت لە گێژەوە بێت
خۆزگە بە تەنیا نەبوایەی
ئەوکات دەمتوانی بە ئەو باس و خواسانە ئەوەندە
بەرز پێبکەنم
تا هاوسێکان لە خەو هەستن
دەزانی؟
دەڵێی سواری چەرخ و فەلەکم
دەڵێی لەناو لۆتکەیەک دام
دەڵێی لە سەراولێژی بەفرەکاندا خلیسکێن دەکەم
بمبوورە!
بەڵام چۆن دەبێ ئەوین بنووسین؟
دەکرێ ئەو ڕۆژەی باران دەبارێ
لەچایخانەیەکی سەوزدا
چایەکی تاڵ بخۆینەوە و لەبیری ئەو کەسەدا بین
بەقژی ئاڵۆزکاوی و

چاوە ڕەشەکانی و
بەکراسە بۆرەکەیەوە لە کتێبی هونەری چێشت لێناندا
بەشوێن پێی ورچی نەبووندا دەگەڕێ
گوێت لێیە؟
دەڵێی دەنگی گریان دێ
گوێ ڕاگرە:
دەزانم کە هیچ کەس ناتوانێ ئەوین بنووسێ
بەڵام بەجێی ئەو
دەتوانم چیرۆکی خۆش بگێڕمەوە
گوێ ڕادێرە:
یەکێ بوو یەکێ نەبوو
ژنێ بوو کە بەجێی ئاوەدانی وەنەوشەکان
بە جێگای وتنی گۆرانی «مانگ خوشکی منە»
بەجێگای دروست کردنی کولێرە ناسکە
ساکارو نێوچاو تاڵ
لەژێر سێبەری بنجی قامیشەڵاندا دانیشتبوو
کتێبی دەخوێندەوە
یان دەتوانم چیرۆکی وێنەگەرێکی قەڵەوت بۆ بگێڕمەوە
کە سی و یەک ڕۆژی تەواو بۆ کێشانەوەی
ڕوخساری زێڕینی خۆر
چاوی لەدواین خاڵی کۆتایی
پێچەڵاوپووچی زەوی دەبڕی
ئێواران بەدوای هەڵاتنی خۆردا دەگەڕا!
دەنگی گریان گەیشتۆتە پەڕپەڕۆچکە
گوێت لێیە
بۆ باسی ئەوین
بە بڕوای ئێوە
کامیان بخوێنن
مێژوو یان جوغرافی؟
دەزانی؟
من دڵم بۆ مێژوو دەسووتێ
بۆ نەوەی ئەو بەورانەی کە لەناوچوون
بۆ گۆزەی هەنگوین کە لە تاقەدا شکاون
بۆ ئەو ئەسپانەی بە خەسێندراوی تۆپیون
بۆ ئەو چیایانەی کە ئێستا لەناوچوون و بە جێگایان
پەینی شیمیایی بەدێراوی تووت فەرەنگییەوە دەکەن
ئێستا لە لوولەی تۆپەکانی پڕ شەڕ و هەڵای مێژوودا
مشکەکانی بیابان هاولفی یەکتر دەبن
با پێت بڵێم
هەموو کات پێم وابوو
مێژوو وەکو ڕەشەبایەکی تووڕە و ترسێنەر دێتە بەرچاو

بۆنی خۆشی بە بۆگەنی پڵینگە تۆپیوەکان،
سەرداران و شمشێرەکانیان بۆ هەمیشە جوێ
بوونەوەیان ئەستەمە
دەنگەکان
دەنگەکان
دەنگەکان پەردەی گوێ هەراسان دەکەن.
گوێ ڕادێرە
بەجێگای ئەوین گەڕان بەدووی مەرەکەبی شیندا
دەکرێ زۆر شتی تر بنووسین
وابزانە
لەسەر شەپۆلی دەنگ هەڵواسراو لە هەوادا
لە یەک کاتدا دەبن بەدوو کۆی دژی یەک؟
پێکەنین و گریان
لەدایک بوون و مردن
تۆ پێت وایە جێگای فەیلەسووفەکان خاڵی بێت؟
ئەوان
ئەو پیرە پیاوە لەرزۆکانەی
کە لەژێر لێفەی دڕاودا
خەو بە ماری گەورەی ڕەشی دۆزەخەوە دەبینن
ئەو مارانەی کە دەمیان پڕ لە ئاگری زەردە و بڵێسە
دەکێشێ
فەیلەسووفەکان مرۆڤ بێزار دەکەن
هەر دەڵێی پێڵاوی تەنگن
یان گیرفانی خاڵی
یان چارشێوی پیرێژنێکی مردوو
پێکەنینییە، نا؟
چارشێو
بیبار
بەتاڵ
پێکەنین.
حەق بە تۆ بوو
دەبوو خەوتبام
بەڵام دایە گەورەکان وتوویانە!
چاو پاسەوانی دڵە!
دەزانی؟
شتێک ئەوسانە قەدیمەکان لە زەینمدا وەک سێبەر
تێدەپەڕن
منداڵ
کەروێشک
پەپوولە
من چەندم پێخۆشە حەقایەتی پەپوولە بزانم کە لە

**ڕادەبەدەر**
**لە نامەکان و شیعرەکان و**
**بڵێسەدا سووتاون**
**تاکو بەڵگەی سووتان بن بۆ نووسەرەکانیان**
**پەپوولەکان!**
**ئاخ!**
**وابزانە؟**
**ئەوانە لە بیری شتێکی نادیاردان**
**کە دەنگ دانەوەی ترس و خۆف و بێ هیوایی**
**لە گوڵەکان نزیک دەبنەوە لەزەمینی چکۆلەیاندا**
**ڕەنگەکان هەڵدەپەڕن**
**وەبیرم دێ**
**ڕۆژگارێک ساویلکانە**
**شار بە شار**
**بەهار بە بەهار**
**وەنەوشەم دەچنی دەستە بە دەستە**
**ئەوین چۆن دەبێ بنووسین!**
**لە هاتوچۆ و کاتەکانی بە پەلەی شەوانە**
**کە لە غافڵانی ئەو پرسیارە بێ وەڵامانەدا تێپەڕی**
**ئیتر تەنانەت هەلی درۆ کردنیشم بۆ نەماوە**
**دەنا چاوەکانم دەقووچاند و گوێم بۆ ئەو گۆرانییە**
**ڕادەگرت کە**
**لە دڵەوە دێن**
**من تۆ**
**ئەو**
**کەسێکم خۆشدەوێ**
**دەنگەکان!**
**دەنگەکان!**
**گوێ ڕادێرە**
**لەبەر پەنجەرەکەوە تابووتێک دەبەن**
**نا؟**

سەرچاوە:

شیعری حوسێن پەناهی، لە کتێبی من و نازی، چاپی سێهەم، تیراژ (٥٥٠٠) دانە، ئینتشاراتی ئیلهام، تاران – هاوینی ١٣٧٦.

# پردی سوور

**سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**



دوو پیاو بەسەر گڵکۆکەوە بەجێ ماون، قەوەتت لە خۆتدا هەستی، لەگەڵ خەڵکەکە بگەڕێیەوە، هەتا سەرت وەبەردەکە نەکەوت نەتزانی چ باسە؛ ئیتر دنیات لێ تاریک بوو.

* * *

«منداڵەکان ئەمڕۆ وانەی تاریخ و جوغرافیا دەپرسمەوە، تاکو من چاوێک بەم دەفتەرەدا دەخشێنم، ئێوە خۆتان ئامادە بکەن».

هەر ئێستانا، نەختێکی دیکە. پەلە نەکەین دەمان کوژن. زۆر لەمێژە بە ڕێگاوەم، ئەژنۆم شل بووە، هێزی پێم نەماوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، گرمەیەک دام دەچڵەکێنێ. بەترسەوە لە ئاسمان دەڕوانم، ئەرێ ئەوانە خۆ پەڵە هەور نین. «مامۆستا! هەوری چی خۆ تۆ پرسیارت نەکردووە».

هەموو ڕۆیشتن هەر من و هیوا دواکەوتووین بەهەر گرمەیەک خورپە دەکەوێتە دڵمەوە، خودایە گیان قوتابییەکانم.

«مامۆستا، هەموومان لێرەین».

نا، نا، زمانم لاڵ، خودا نەکا! ڕووناکاییم لێبزر بوو؛ بیر لە هەر چییەک دەکەمەوە هەر پۆستاڵە پێی بەسەردا دەنێ، دەردی ئەم بەستەزمانەش کوشتوومی. گریان و هاواری هەموو منداڵەکان ئاوریان لە هەناوم بەرداوە، ئاخ لە پەلوپۆ کەوتم بڕستم لێبڕا. شان و شەپیلکم هاتنە دەرێ. لە قەڵاندۆشم دای دەگرم. بۆ چەند چرکە پشوو دەدەم.

«ئەتۆ مێژوو بخوێنەوە».

دەیکەمە کۆڵم لاتراسکە دەبەستم، بە زەحمەت خۆم دەگرمەوە، ڕێگا ئەستەمە و هەوراز، نا نا! هەتا تین لە لەشم دابێ دەبێ بجووڵێم.

هەتا هیوام زیندوو بێ منیش دەژیم، «ئافەرین ئازاد، هەربژی!» وەکو ئەم خەڵکە، خۆم داوەتە دەست چارەنووس، هەر ئەوەندە دەزانم ملی ڕێم گرتووە بڵێی شوێنێک هەبێ ئەو خەڵکە ڕوویی تێبکەن!؟

«دەوری تاریخ و جوغرافیا بکەنەوە لەگەڵ ئێوەمە...»

هاوار خودایە گیان، ئەم ژن و منداڵە؛ بڵێی خەویان لێ کەوتبێ؟ ئەی ئەوە، ئەوەش خەوی لێ کەوتووە؟ پیرە پیاوە...،

«لەبیرتان نەچێ تاریخ ئەوانە لەسنگی خۆیدا هەڵدەگرێ».

بەسیەتی ڕۆڵە، چیدی دەردم کاری مەکە، قەزات لە گیانی دایە. دەبەس بگری. دەبا ئەو مێشکە شڵەقاوەم بۆ ساتێک ئۆقرە بگرێ. مەگری مە...

مامۆستا! لەگەڵ ئێمەتە؟

هاوار خودایە گیان، مردم خۆ ئەم ڕێگایەش نابڕێتەوە. کەسێک نییە لێم بپرسێ: بەم شاخ و کێوەدا ملی ڕێت گرتووە بە تەمای ڕوو بکەیە کوێ؟

«مامۆستا، من ئەو بەشە لەجوغرافیا بخوێنمەوە؟»

دەست بە سەر و چاوی هیوادا دەهێنم، نووستووە. قەت دڵم نایا، دەنا لەم پەنا بەردە بەجێم دەهێشت. وەی چەندە جاڕزم.

«تۆ! بۆچی ئەم خەتەت بەجێ هێشت؟»

دەست بە مەمکەکانمدا دەهێنم، تەماشای لێوی بارگرتووی هیوا دەکەم لەبەر خۆمەوە دەڵێم هەر ئەوەندەی ئاوای ئەو دیو بم...، تارماییەک وەسەر چاوم دەکشێ، چەند چرکەیەک مات دەبم. شاخ و کێوێکی هەڵەمووت ڕێگا لاپێ، تاولەڕێ، مزڵ نادیار! ئای ڕۆڵە مزڵی چی... شەکەت و ماندوو و برسی و تونی، هیوا بە کۆڵمەوە هەڵدەتەکێنم. دەنگی خوڕەی ئاو دێتە گوێم. لەمێژە تاو کەوتووە. ئێستا منداڵەکان چاوەڕێمن.

«مامۆستا، من تاریخ بخوێنمەوە، یان جوغرافیا؟»

ئەمڕۆ وانەی مێژوومان هەبوو، منداڵەکان ئاشقی جوغرافیا و مێژوون، بەڵێنم پێدابوون ئەگەر باش بخوێنن بیان بەم بۆ شوێنە مێژووییەکان. بۆ زۆر شوێن لە ڕووبارەکە نزیک دەبمەوە، هیوا بە کۆڵمەوەیە. هەستە هیوا هەستە، ئەوە گەیشتین بە ئاو، بە ئاوەدانی؛ گوێت لەم خوڕە خوڕەیە؟ هەناسەیەک هەڵدەکێشم و دەڵێم: ئەو ڕووبارە دەریا شک دەبا، منداڵەکان ئەمڕۆ تۆ بڵێی قوتابخانەکە بەساغی مابێ؟

«مامۆستا، هەر خۆمان بمێنین، قوتابخانە ساز دەبێتەوە!»

مامۆستا، ئەم ڕستەیەی پێ گوتبوون.

لەسەر پشتی پردەکە ڕاوەستاوم، شەپۆلەکانیش تووڕەن ددانە چیرە لە سێبەرەکەم دەکەن، هیوا بە باوشمەوەیە، فرمێسکەکانم بە خوڕ دێنە خوارێ. هیوا بەسنگمەوە دەگوشم.

«ئەوە بۆ بێدەنگن ڕۆڵەکانم بۆ»

ڕووبارەکە ئەسرینەکانم دەڕفێنێ، دڵم پڕە، گریانێک بەربینی گرتووم. بۆ دەقیقەیەک لە ئاسمان و هەورەکانی دەڕوانم؛ گرکانێک خەریکە ناوم هەڵدەدەکێنێ. «جوغرافیا بەجێ مەهێڵن، بە مێژوودا بچنەوە».

هیوام بەسەر هەردوو دەستەوە بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوە. لەپڕ پەردەی تاریکی بەسەر چاومدا دەکشێ.....

دوو کەسەکە لە گەڕانەوەدا، دەیانگوت: «خودا بیبەخشێ، بەدوای ساواکەدا خۆیی هەڵدا نێو ڕووبارەکەوە.»

**٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ ز**

*** سەرنج:**

**لە ژمارە (١٢١)ی گۆڤاری ڕامان، لە لاپەڕە (٣٤)یدا وەرگێڕانێکی کاک سەلاح نیساری بە ناوی کاک کەریم حیکمەتی لەلامان بلاوکراوەتەوە، ئەمەش لەوەوە هاتبوو ئەو برایەی بابەتەکەی هێنابوو کاتێ دیبووی ناوی کەسی بەسەرەوە نییە، وای زانیبوو بەرهەمی کاک کەریم حیکمەتی-یە.**

**«ڕامان»**

# مردووەکانیش دەدوێن

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**



ڕۆژ بەقەد باڵای کچێکی سەرەڕۆ مابوو کە لەنێو کەلەبەری دیوارە ڕووخاوەکانی شاری لە خەم ئاوسبوودا ئابڕووی نەتکابێ و پتر لەنیو سەدەیە کە بەدەستی کۆرسی خەنجەر بەدەستانی وەرزی خوێنەوە ونجڕ ونجڕ کرابێ.

میلی گۆڕەکەت سەوزێکی کاڵ بوو. ڕەشێکی قەترانی بوو. پرتەقاڵییەکی نارنجی بوو. خەنەییەکی ئاچووغ بوو. خڕنوکییەکی بیابانی بوو.

شینێکی ئاسمانی بوو. مۆرێکی تۆخ بوو. گۆڕەکەت بێ میل بوو!

بەڵام هەموو ڕەنگەکانی لەخۆ گرتبوو. شەوانە میلی گۆڕەکەت دەبوو بە مەشخەڵان و ڕووناکی دەبەخشییە هەموو میلەکان و گۆڕەپانی گۆڕستانەکە. ئەو شەوە مانگ گیراو تاریکییەکی ئەنگوستە چاو پەلوپۆی هاویشتە سەر هەموو شوێنێکی گۆڕستانەکە.

گەردەلوولێکی پڕ لە تەپوتۆز لە هەموو سووچێکی گۆڕستانەکەوە لە دایک بوو. بەدەم تەوژم و هێزی گەردەلوولەکەوە بەسەدان کێڵی قەبر بەلادا کەوتن. کێڵی قەبرەکەی تۆش تا دەهات بەرزتر دەبۆوە. بەقەد ڕووناکی ڕۆژ، ڕووناکی بەگۆڕستانەکە دەبەخشی.

مردووەکان هەریەکەو لە شوێنەکەی خۆیانەوە سەریان بەرز دەکردەوە زمانیان دووبست دەردەهێنا. بەهەزاران زمان وەک منداڵی تازە لە دایکبوو کەوتنە جووڵە. زۆر بە ئاستەم و لەسەرخۆ بەنێو کەللەسەرو زمانەکاندا دەگەڕای. کەوتیتە نێو بازنەیەکی داخراو لە زمان. تەماشای هەندێ لە زمانەکانت دەکردو پێ دەکەنیت. لە بازنەکە ڕزگاربووی. چەند هەنگاوێک لەولاوە کۆمەڵێک زمانی تر ڕایانگرتی. ئەم جارەیان دەستت بەگریان کرد.

هەندێک لە مردووەکان. دەست و پێیان لە پابەندو

زنجیردابوون.

بەشێکی تریان سەرقاڵی تەنەکە لێدان بوون. بۆ ئەوەی مانگەشەوەکە لەنێو قەپاڵی ئەو نەهەنگەدا وەدەربێنن. لەنێو کەڵبەی ئەو نەهەنگە بێ بەزەییەدا. خوێنی ئاڵی مانگی بێچارە دادەچۆڕا.

تۆش بەنێو هەزاران زمان و کەللەسەردا هەنگاوەکانت دەپێچایەوە.

چەند هەنگاوێک لە گۆڕەکەی خۆت بەولاوە. زمانێک لەنێو دەمی کەللە سەرێکدا. پتر لە چوار بست درێژبوو. بەشێوەیەکی شێتانە بۆ مردووەکان دەدوان:

ئەو ڕۆژە پاش داکردنی بارانە سوورەکە بەدوو کاتژمێر.

لە کۆڵانەکانی شاری لە خەم ئاوس بوو. خەڵکانێکی زۆر وەک قەرەجە بێ جێیەکان. بەرەو توونێڵە تاریکەکانی زەمەنی سەخت لەبەرد دەدران. هەردوو چاویان شەتەک دابووم.

ئەو پێپلکانەم دەژمارد کە بەرەو خوار دایان دەگرتم. پاش هەشتا و چوار پێپلکە لە بنی دەهلیزێکدا ڕایان گرتم. چاوەکانیان کردمەوە. سەرووی دەروازەی دەهلیزەکە. ڕووناکییەکی کزی بەینی دەهلیزەکە- دەبەخشی لە هەموو گۆشەیەکی دەهلیزەکەوە بۆنی خوێن دەهات- لە سووچێکدا گۆشەگیربووم. بە توندی ئەژنۆکانم لە ئامێز گرتبوون. تەماشایەکی ڕاست و چەپی دیوارەکەم دەکرد. کە پاڵم پێوەدابوو چەند پلایس و دەرنەفیس و سۆندە و حەیزەران و قامچی سێ پەلم بینی. قامچی سێ پەلەکە ئەو ڕۆژانەی خستمەوە یاد کە لە خۆپیشاندانێکدا بەسەر «جسر الاحرار»وە لە بەغدا بەبۆنەی پەیمانی «پۆرتسمۆس»ەوە گیرام. ئێستاش جێی ئەو قامچییە سێ پەلەیە بەناو شانمەوەیە. هەر لەوکاتەدا هەستی ئەوەم کرد یەکێک لە پێپلکانەکانەوە دێتە خوار. زۆری پێ نەچوو دوو جەللاد لەبەردەممدا ڕاوەستان. جارێکی تر چاوەکانم و هەردوو قۆڵیان بەتوندی شەتەک دام. بە تووکە سەر بەرزیان کردمەوە. ڕاوەستام. ئەوکاتەی هەستم کرد بەتوندی نێزەیەک بەژێر چەنەمدا چەقێندرا. هاوارم کرد:

- بێ تاوانم.. من لە مێژە مردووم. تەنیا زارم دەدوێ.

دەک ڕووتان ڕەش بێ مێژوونووسە ترسنۆکەکان، ئەگەر ئەم تاوانانە تۆمار نەکەن.

هەستم کرد شیلەیەکی گەرم بەگرێی ملمدا بەرەو خوار ڕێچکەی بەست نێو دەهلیزەکە تا دەهات کپتر دەبوو. بەموعجیزەیەکی ئاسمانی هەردوو چاوو هەردوو دەستم کرایەوە. ئەوان بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتن و لە دەروازەی سەرەوەی دەهلیزەکەوە. بەپێکەنینێکی پڕ لە قاقا. بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ دەسەڵاتی ئاسمان بکەن. دەهلیزەکەیان بەجێ هێشت.

تۆش پتر لە پەنجا مەترێک لە گۆڕەکەی خۆت دوورکەوتبوویتەوە.

گەردەلوولە بەتەوژمەکە ئەمەندە بەتوندی دارکالیپتۆزەکانی ڕادەوەشاند! چەند دارێکی لە ڕیشەوە دەرهێنابوو. یەکێ لە دارەکان کەوتبووە سەر کێلی قەبرێک. کەللەسەرێک لەژێر قەوارەی دارەکەوە فرتەی کرد. بستێک زمانی دەرهێنابوو.

کە دەدوا فرمێسک بەسەر گۆناکانییەوە ڕێچکەی دەبەست بەرەو خوار:

«ڕۆژ شەش جار بەقەد باڵای ئەوکچە بەتەمەنە بەرزبوو کەمن خۆشم دەویست. هەر ئەو ڕۆژە بوو لەشاری گرگرتووی ئەزەلیدا.

لە گۆشەی چێشتخانەیەکی سەرابیدا بەسەر دوو کورسییەوە دانیشتبووین. ئەو ڕۆژە، یەکەمن ژوان بوو. لەنێوان منی قەلەندەرو ئەوی قەلەندەردا. من ئێستا مردووم لەگەڵ ڕووخانی کێلی قەبرەکەمدا.

ڕۆحە سەرابییەکەمە بۆتان دەدوێ. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا. سەوڵکێشێکی بەتوانابووم لەنێو دەریای پڕ لە عیشق و ئەویندا. هەموو ڕۆژێک لە شارێکی سنوور سیای لە خەم ئاوسبوودا بەسەر کۆڵانێکی تەنگەبەردا چاوەڕوان بووم لە قوتابخانە بگەڕێیتەوە. ئەوکاتەی باڵەفڕ بوو، ڕۆژگاری چاوەڕوانی منی لەبیرچوو. بەسەر گومەزی کاروان سەرایەکی دوور لە بروا نیشتەوە.»

تۆ ئەو شوێنەت بەجێ هێشت، هەنگاوەکانی خۆت بە پەلە دەپێچایەوە بەرەو ژوورتر. ئەوکاتەی ئاوڕت دایەوە، تەماشات کرد. بەدەیان و بەسەدان و بەهەزاران و بەسەدان هەزار زمان بەدواتەوەن. ئەو زمانانەی کە لە باڵای کچە باوک ونبوویەک زۆر درێژ تربوون. وەک مارێکی ڕەشی قەسیلی دەیکیفاندو هاواری دەکرد:

من کاتی خۆی ئینسانێکی دووڕووبووم. قسەی ئەمم بۆ ئەو دەبرد. چەندان جار لەگەڵ ئامۆزاکەی خۆمدا

دەخـەوتم. شـەوێکیـان لە ئامـێـزم گـرتبـوو. بەتوندی دەیقریشکاندو هاواری دەکرد.

نەکـەی ئابڕووم بەری. جـارجـارێکیش لە ئامـێـز گرتنەکەی پێ خۆش بوو.

لە خۆشیدا دەیوست ببووریتەوە. لە شەرواڵ پلیتی و بەرەڵاییدا گـەڕەکـێکم هەراسـان کـردبـوو. لەگـەڵ داوێن پیسییەکەشمدا درۆزن بووم.

ئـەوکـــاتـەی لە دواپـێـــچـی ڕێچکـەی ڕێگـەی گۆڕستانەکەوە. بەرەو دەرگا سەرەکییەکە دەڕۆیشتییت. ئەتوبست ڕزگـارت بێت، ڕووبەڕووی زمـانێکی یەک گـەزی دووپەل بوویتـەوە. کە لەنێـو دەمی کـەللەسـەرێکی چاو خێل و خلیچ و لچ شۆڕدا وەدەرکەوت. وەک ڕەشمار دەیکیفاند:

- نەڕۆی- مـن کـاتی خـۆی بەسـەرۆکی هەتیـوبـازانی شـاری لە خـەم ئاوسـبـوو. نازنـاوم دەرکـردبوو. ئەو ڕۆژەی ئەگـەر لەگـەڵ دوو هەتیـودا ڕامنەبواردایە، هەستم دەکـرد ئەو دنیـایە لەبەرچاومـدا نغـرۆبووە. کـاتی منداڵی خۆم هاتەوە یاد. سـەرەتای مـانگی خـاکـەلێـوەبوو. دەمـەو ئێوارە. پانتـۆڵێکی ڕەشی تەسک و کـراسێکی هەناریت لەبەردابوو. بەپاڵ دیوارە ڕووخـاوەکـانی باخـەکـەدا ڕێت دەکرد. بەدەنگێکی شێتانە هاوارم کرد:

- ئەمـڕۆ ڕزگـاربـوونت نیـیـە ئەبێ لە گـەڵتـا ڕابوێرم. بەسەر ئەوەشەوە یەکێ لە سیخوڕە هەرە بڕواپێکراوەکانی پیـــاوانی وەرزی خــوێن بووم. لەمل شکـاندندا بێ هاوتابووم.

زمـانە ڕەشـمـارەکـە هەرچەند هەنگاوێکی مـابوو بتگاتێ.

تۆ بەشـێـوەیەکی سـەرسـوڕهێنەرو بەپەلە دەرگـای گۆڕستانەکەت بەجێ هێشت. کاتێک گەیشتیـتە نێو شار تەماشات کـرد دانشتـوانی شاریش هەموویان مردوون و دووبست زمانیان دەرهێناوە.

# نەزۆک

فەرەیدوون حەکیم زادە
(مهاباد)

«ژیانێک بەکــــورتی دوو لاپەڕە و درێژایی دارژانی فرمێسکێک»

دەمێک بوو دڵی گوڵان گیرا بوو؛ دەمێک بوو هێلانەی گەرموگوڕی چێ کردوویان سارد ببۆوە. ئەوان دوو کۆتری ئەویندار‌ی شاری پەرییـان بوون، هەمـوو ڕۆژێ لە هەوری دەمیـان بارانە وشەی میهرەبانی دەباری و وەک پەیتووکە لەسـەر داری ژین لە هاتووچۆ دابوون. دەسـتـە نوێنێک و هێندێک قـاپ و کـەوچک و دنیــایەک ئەوین بنەمـای ژیانی نوێیـان بوو. لەو دەفـتـەرەی مـامـۆسـتـا لە پێشی دانابوون، بڕیار درا تا گـڵـەبانی چاویان پێکەوە بژین بۆ ژینی خۆش، هەردووکیان قامکیان پێوە نابوو؛ چاویان لە چاوی یەکـتـر کـردبوو و بێدەنگ مـەمـوزینی خـانیـان خوێندبۆوە و هەستیان پێکرد بوو...

نۆ مــانگ تێــپــەڕ بوو، دەســتی چارەنووس گــوڵان و مامەندی بۆ وڵاتی غوربەت هەڵدا، کچە شاری کرمانشا بسکی ڕەشی لە ژێر مانگی درەوشاوە دادێنا. ئەو شارە شاهیدی ژیان بوو ئەویش لە خۆشترین ژیان. گوڵان پاک و خاوێن و ڕۆح سووک بوو لە ماوەیەکی کورتدا دەیتوانی شـیـوی چەند مـیـوانان ساز بکا و بۆ مـامـەند مـایەی شـانازی بێت... سات و کـات هاتن و ڕۆین، حـەوتە و مـانگ و سـاڵ لە ئەسـپی ژین، دابەزین. دوای سـاڵێک وردە وردە کـردەوەی ڕۆژانەی مـامـەند گـۆڕابوو. نیگای قـسـەکـانی لەتەک گـوڵان بۆنی غـەریبی و نامـۆیی لێ دەهات. سی سـاڵ لە ژیانی هاوبەشـیـان تێ پەڕیـبـوو. هەمـوو جارێ کـە دەچوونە لای دکـتـۆر بە دنیـایەک خەم دەگـەڕانەوە مـاڵێ. کـاکـە گـیـان ژنەکـەت نەخـۆشـە و منداڵی...

گـوڵان ئاڵۆزێکی یەکـجـار زۆری لە دڵدا بـوو، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لە چاوانی دەخزانە سەر گۆنا. دەڵێن لە هەندەران چار هەیە! ئەوان بۆخـــۆیان دەزانن چ بکەن.



نا... نا مامەند ئەوە نا... سەری هەڵدێنا و دەپاڕایەوە، خوایەگیان خوایە، خوایەگیان خوایە.

ئەو شەوە شار، شارێکی تر و ژیان ژیانێکی دیکە بوو. گوڵان دەیهەویست ماوەیەکی کورت مامەند جێ بێڵێ تا بە خۆیدا بێتەوە. چار نەبوو زۆر جار ئەسپی ژین ڕوو لە هەورازانە. ماوەیەک بوو لە شاری مهاباد نیشتەجێ بوو. ڕۆژێک تەتەری نامەبەر لەباتی هێنانی گوڵی سووری ڕووی دولبەر، نامەیەکی پڕ لە بۆنی مەیتە گوڵێ، مەرگی دڵی هێنا و دایە دەستی. کە زارەکی نامەی کردەوە ئیتر کوا یار و هاودەمێ ئەم سینگە ئاڵۆزەی لە خاکی دڵیا هەڵقەنێ؟ ناوەڕۆکی نامە: جیابوونەوە!!! تاوان: نەزۆکی.

ئێوارەیەکی یەکجار ناخۆش بوو. ئەم ئێوارەیە لە هی ڕۆژانی پێشوو نەدەچوو. قورساییەکی سامدار میوانی بوو. ڕەنگە تەنیا بۆ ئەو وابا. لەو دیوی پەنجەرە ژیان هەبوو، بزە لەسەر لێوان بوو. گوڵان چاوی لە دوورەوە بڕیبوو پێی وابوو ئێستاش دەبێ هەر چاوەڕوانی کەسێک بێت کە زۆر قسەی دەگەڵ کردبوو و زۆریشی مابۆوە. کاتژمێری سەر دیواری ماڵیان وەک کوند لەسەر دیوار نیشتبوو و پاڵی بە کاتەوە دەنا. حسێبی کات و شوێنی لەدەست دا نەمابوو. پێی وابوو چ دەبێ ژیان وەک کلیدی کارەبای ماڵەکەیان با؟! بەپێی دڵخواز دەستی پێدا هێنابا و کوژابایەوە، نە ئەو نە ژینی وەک شەو. کوا دەتوانێ قورسایی خەمێکی ئاوا کۆڵ کێش بکا؟

شەپڵەیە، شەپڵە؟! ئەدی چار چییە؟ چارە نییە تەنیا دەبێ پەردەی خەم لەسەر دڵی لادرێ. بەڵام چلۆن؟ گوڵان زۆربەی شەوان خەونی دەدیت. زۆرجار خەونی سفرەیەکی دەدیت دوو منداڵی لەمبەر و ئەوبەر دانیشتبوون، مامەندیش بەرانبەریان دانیشتبوو، تا ئەم پاروەنانەکەی قووت دەدا، ئەویتر دەیهەویست. دنیایەکی یەکجار خۆش بوو، خۆی و خەیاڵی خۆش، خۆی و ژیانێکی خۆش.

دڵە گۆشتنەکەی گوڵان خۆی ڕانەگرت و لە شەوێکی ساردی زستان لە لێدان کەوت. بۆ سبەی خەڵک و شار تەرمی گوڵانیان بۆ گۆڕستانی شار بەڕێ کرد. بەفر کلوکلو دەکەوتە خوار و تابلۆی سپی دەکرد. لەو نێوەدا دووکەس بەرچاو بوون، مامەند و ئەو کابرایەی لەباتی دکتۆر دادەنیشت.

بە ئەسپایی دەمی بردە بەر گوێی مامەند و گوتی: دەزانی ئەتۆ نەخۆش بووی و گوڵان...

وست بە. ئەتۆ تەواو پوڵی خوت وەردەگرت...

# شێوەكار

**نەفیسە ئیسماعیل حاجی**
**(دهۆك)**



باوەڕ ناكەت كو ل دۆماهیێ ئەو كارێ ئەڤە حەفت سالە هزرا وی داگیركری ب دۆماهی ئینا، گەلەك پێ دخوڕی كو ئەوا وی كری كەسێ نەكریە و ناكەت، ژیانا خوە هەموو بۆ تەرخانكربوو، جیهانا وی هەموو ئەو بوو و ژ بۆ وێ ئاڤاكربوو، ڤێ شەڤێ كەڤال ب دۆماهی ئینا، هەست كر داڤنشـیـیە و دێ كەڤالێ وی وەكو یێ مۆنالیزایێ وی نەمر هێلیت، گەلەك هەست یێن ژ هەموو ڕەنگان د سینگێ ویدا دلڤلڤین و گەلەك خەیال دنژنین، پشتی كەڤال ب دۆماهی ئینای، بۆ ماوەیەكێ درێژ ل بەرامبەر ڕاوەستیا و باش تێ فوكری، ژ كەیفاندا نەدڤیا بەرێ خوە ژێ ڤەگوهێزیت، جیهانا خوە د كەڤالیدا وێنە كریە، نزانیت بۆچی پشتی ب دۆماهی ئینای ترسەك نهێنی دناڤ كەیفا ویدا خوە دهلاڤێژت، كەڤال ژ دوو وێنەیان پێكدهێت، ئالیێ ڕاستێ، وێنێ سرۆشتییە دەمێ بۆ ماوەیەكی درێژ ئاسمانی رۆندكێن خوەییێن هشك لێ باراندین، ب سپیاتیێ داگیركری، چو تشت لێ دیار ناكەت، ب تنێ وێنێ سەیەكی دیار دكت، ئەو ژی ژ چاڤێن وی یێن رەش دیارە، كو ل نێزیك سەرێ خودانێ خوەیە و خوە مەلسانییە و ب ئەزمانێ خوە سەرێ وی ڤەدمالیت، ئالیێ دی یێ كەڤالی سۆراتییا ئاگرێ هەل خوە ب سەرداگرتییە و ژ گورگەكی هەڤالێ خوە یێ كەتی پشت خوەڤە هێلایە، تخووب د ناڤبەرا هەردوو وێنەیاندا نینن، بەلكو هەردوو وێنە دناڤ چارچووڤەیەكێ زێریندا هاتینە دۆرپێچكرن.

شێوەكار ل بەر كەڤالی ب دەستێن خوە یێن بۆیاغگرتیڤە راوەستیایە، چارچووڤێ كەڤالی ل بەر چاڤان دلەرزیت و تیك د كەڤنێ و ترس خوە ل دلێ وی ددەت، بەلێ د چركەیەكێدا ئاگر بەرز دبیت و بەر ب ئالیێ راستێ یێ كەڤالیڤە دچیت، رۆندكێن هشكێن ئاسمانی ئەوێن سرۆشت سپی كری هێدی هێدی دبنە رۆندكێن هەلیای و ئەردێ ئۆدەیا شێوەكاری شل دكەن و دناڤ بۆیاغا وی وەردبن، «سە» خودانێ خوە ب كێلبێن خوە دكێشت و گورگ خوە ژ ناڤ ئاگری دهاڤێژت، بەلێ هەڤالێ وی دبتە سۆتەمەنی و ئاگر پێ خوەش دبت، هێدی هێدی كەڤال د هەلت و ل بنێ ئۆدەیا شێوەكاری كەڤالەكێ دوڕندە ژ ئاگری و رەنگان و خوینێ و گۆشتی دهێتە وێنەكرن و شێوەكار ژی دبتە پارچەیەك ژ وی كەڤالی.

**٢٠٠٧/٤/١٩**

# بەرمیلی ئەمونتیلادۆ

ئیدگار ئالان پۆ
لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید برایم ئاغا



بەقەدەر توانای خۆم باری هەزار ئازارم هەڵگرتووە لە پێناوی فورتیو ناتۆدا، بەڵام کە زاتی سووکایەتی کردنی بە من کرد پەیمانم دا تۆڵەی لێ بکەمەوە. ئەتۆ کەسێکی زۆر چاک و شارەزای هەڵسوکەوتی منی، بەهەرحاڵ وای دامەنێ ئەوە گوتەی هەڕەشەیەو بەس. دەبوایە لە پاشان تۆڵە بکەمەوە؛ ئەوە خاڵی کۆتایی بوو بڕیاری لەسەر درابوو... بەڵام هەمان بڕیار بیرۆکەی خۆخستنە مەترسی بەدوورکردبوو، من نەدەبوایە بە تەنیا سزای بدەم، بەڵکو دەبوایە سزاشی بدەم و زیانیشم پێ نەگات، هەڵە چاک نابێت کە هەڵە چاککار تووشی سزا بێت.

بەهەمان شێوەش ئەوە چاک نابێت کە تۆڵەستێن وا لە خۆی نەکات کە هەست بکات ئەو هەڵە بەرانبەر بەو کراوە.

پێویستە ئەوەش بزانرێت کە نە بەقسەو نە بەکردار بیانوویەکم نەدراوەتە دەست فورتیوناتۆ کە گومان لە ویستی چاکی من بکات.

هەر وەکو نەریتی خۆم بەردەوام لە ڕووی ئەودا ڕووخۆش و دەم بە خەندەبووم ئەو نەیدەزانی ئەو ڕووخۆشییەی ئێستاکەم بەمەبەستی فەوتانیەتی.

فۆرتیوناتۆ بۆچوونێکی لاوازی هەبوو... لە لایەکی دیکەش پیاوێک بوو دەبوایە ڕێزی لێ بگیرێت تەنانەت خەڵکیشی لێ بترسێ.

شانازی بە پسپۆڕی خۆیەوە دەکرد لە بواری شارەزایی لە شەڕابدا. هەندێک خەڵکی کەم لە ئیتالیەکان گیانی هونەر دۆستییان تێدابوو. زۆربەیان بەتاسەوە بوون بۆ ئەوەی جلوبەرگ لەشێوەی ملیونێرە ئینگلیزی و ئوستراليیەکان بپۆشن.

فورتیو ناتۆ لە ڕەنگ کردن و ڕازاندنەوەدا باڵا دەست بوو، بەڵام لە مەسەلەی شەرابی کۆندا دڵسۆز بوو.

لەو بارەیەوە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو جیاوازیم نەبوو. ئەمن لە شەڕابی ئیتالی زۆر شارەزابووم. هەر کە لە توانامدا بایە برێکی زۆرم لەو شەڕابە دەکڕی.

ئیوارەیەک لەوپەڕی مەستی کەرنەڤالی وەرزیدا خەریک بوو دنیا تاریک دەبوو، تووشی برادەرەکەم بووم. زۆر بەگەرمی لە دواندا پێش دەستی کرد، لەبەر ئەوەی زۆری خواردبۆوە.

کراسێکی میلداری تەسکی لەبەردابوو کڵاوێکی قووچی زەنگوڵەداری لەسەرکردبوو. بە بینینی زۆر دڵخۆش بووم. بە خەیاڵمدا هات کە دەستی توند نەگوشم.

پێم گوت.. فورتیوناتۆی خۆشەویست دیدەنی خۆشت هەبووە.

چ سەرنجڕاکێش دیاری ئەمڕۆ! بەڵام من بەرمیلێکم لە شەڕابی ئەمونتیلادۆی پەسەند وەرگرتووە، گومانیشم هەیە.

گوتی؛ چۆن؟ شەڕابی ئەمونتیلادۆ؟ بەرمیلێک؟ هەرگیز نابێ؟ لە ناوەڕاستی کەرنەڤالدا؟

گومانی خۆمم هەیە، وەڵامم دایەوە، من زۆر گێل بووم کە نرخی تەواوی شەڕابی ئەمونتیلادۆم دایە بێ ئەوەی لەو بارەوە پرس بە تۆ بکەم. تۆم بۆ نەدەدۆزرایەوە دەترسام سەوداکەم لە دەست بچێت.»

«شەڕابی ئەمۆنتیلادۆ!»

«گومانی خۆمم هەیە»

«شەڕابی ئەمونتیلادۆ!»

«دەبێ ئەوان ڕازی بکەم»

شەڕابی ئەمونتیلادۆ.

هەروەکو پەیمانت دابوو، دەچم بۆلای لۆچیسی. ئەگەر کەسێک ڕەخنەی هەبێت، ئەوە هەر ئەوە. ئەویش بە من دەڵێ..

«لوچیسی شەڕابی ئەمونتیلادۆ لە شەڕابی شیری جیاناکاتەوە.»

ئێستاش هەندێک کەسی نەزان وا دەزانن ئەزموونی ئەو لە هی تۆ زیاترە.

وەرە بابڕۆین.

بۆ کوێ؟

بۆ ژێر زەمینەکانی تۆ.

نا، هاوڕێم؛ من نامەوێ سوود لە مەزاجی چاکی تۆ وەرگرم.

ئەمن دەزانم، دەزانم بەڵێنێکی لۆچیسیت...

هیچ بەڵێنێکم نییە، وەرە.

هاوڕێم، نەخێر. ئەوە بەڵێن نییە، بەڵکو دەزانم تووشی سەرمایەکی زۆر سەخت بووی، ژێر زەمینەکان بەجۆرێک شێدارن کە تەحەمولیان تێدا ناکرێت. تویخێکیان بە نایترۆجین داپۆشراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بابڕۆین. هەڵامەتەکەم هیچ نییە. شەڕابی ئەمونتیلادۆ! تۆ بەکارت هێناوە، سەبارەت بەلۆجیسی شەڕابی شیری و ئەمونتیلادۆ لێک جیاناکاتەوە.

دوانەکان بەوجۆرەبوون، فۆرتیوناتۆ خوی بە قۆڵی منەوە گرتبۆوە. ئاوریشمێکی ڕەشی کردبوو بە دەمامک و عەباکەشی لە دەوری من ئاڵاندبوو، ڕێگام دابوو بۆ باڵەخانەکەی خۆم پەلەم لێ بکات.

خزمەتکارەکان هیچیان لەماڵەوە نەبوون بۆ ئەوەی لە شەرەفی ئەوکاتە خۆشیەک پێک بێنن، پێم گوتبوون تاکو بەیانی ناگەڕێمەوە فەرمانی ئاشکراشم پێکردبوون کە لە ماڵەوە نەجوولێن. دەمزانی ئەو فەرمانە بەسە بۆ ئەوەی هەموویان بەپەلە ونبوونیان مسۆگەر بکەن هەر کە پشتم تێیان کرد.

لە مەشخەڵدانەکانیان دوو مەشخەڵم هەڵگرت، یەکیانم دا بە فورتیوناتۆ لەناو چەند ژوورێکدا چەماندیەوە بۆ ناو پردێکی کەوانەیی کە بۆ ناو ژێر زەمینەکان دەچوو، بە پلیکانە پێچاوپێچەکاندا چوومە خوارەوە، ئەویش کە لە دوای منەوە بوو، داوام لێکرد ئاگای لە خۆی بێت. تاکو گەیشتنە تەختی بنی چووینە خوارەوە، بەیەکەوە لەسەر ئەو ئەرزە شێدارەی ژێر زەمینی مردووانی مونتریسۆرس ڕاوەستاین.

شێوە ڕۆیشتنی برادەرەکەم دامەزراو نەبوو، کە هەنگاوی دەنا زەنگوڵەکانی سەرکڵاوە قووچەکەی دەزرینگانەوە.

گوتی؛ بەرمیلەکە....

گوتم؛ کەمێک لەسەرووترە، بەڵام سەیری ئەو شوێنە سپییە بکە کە لەسەر دیوارەکانی ئەو ئەشکەوتە دەدرەوشێتەوە.

ڕووی بۆلای من وەرگێڕا بە دوو چاوی تەماوی کە ئاویان لێ دەهاتە خوارەوە لەبەر سەرخۆشی تەماشای

ناوچاوی منی کرد.
لە دواییدا پرسی؛ نیتراتە؟
وەڵامم دایەوە «نیتراتە» ماوەی چەندە تووشی ئەو کۆکە بووی!
ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ هاوڕێ هەژارەکەم تا ماوەی چەند خولەکێک وەڵامی بۆ نەدرایەوە.
لە دواییدا گوتی ئەوە هیچ نییە.
بە بڕیارەوە پێم گوت «وەرە» دەگەڕێینەوە؛ تەندروستیت بەهادارە
– ئەتۆ دەوڵەمەندی، بەڕێزی، خۆشەویستی، لەبەردڵانی تۆ هەروەکو جارانی من بەختەوەری. ئەتۆ پیاوێکی دەبێ پەرۆشیان بی و بۆت بەداخەوە بن. سەبارەت بە من گرنگ نییە.
ئێمە دەگەڕێینەوە؛ تۆ نەخۆش دەکەوی من ناتوانم بەرپرسیاربم.
سەرەڕای ئەوە لوچیسیش لەوێیە..
گوتی، بەسە کۆکەکەم هیچ نییە، نام کوژێت، بەکۆکە نامرم.
وەڵامم دایەوە، ڕاستە.. ڕاستە، لە ڕاستیدا من مەبەستم ئەوە نەبوو بە ناپێویست وریات بکەمەوە... بەس تۆ پێویستە چاکت ئاگا لە تەندروستی خۆت هەبێت. پێکێک لەو شەرابی میدۆکە لەشێداری دەمانپارێزێ.
لەوێ سەری بوتڵێکم بادا کە لەناو ڕیزێکی دوورو درێژی لە قاڵب دراو هێنابوومە دەرەوە.
شەرابەکەم بۆ ئامادەکردو گوتم «بخۆوە»
لەگەڵ تێڕوانینێکی شەڕانی پێکەکەی بەرزکردەوە بۆ لێوانی.
هەڵوێستەیەکی کردو سەرێکی دۆستانەی بۆ لەقاندم لەوکاتەدا زەنگوڵەکان زرینگەیان هات.
گوتی، «دەخۆمەوە بۆ ئەو مردووانەی لە چوار دەورمان نێژراون».
«منیش بۆ تەمەن درێژی تۆ دەخۆمەوە».
ئەو دووبارە قۆڵی گرتم و بەرەوپێش ڕۆیشتین.
گوتی؛ «ئەو ژێر زەمینانە زۆر فراوانن.»
وەڵامم دایەوە ئەوە مۆنتریسۆرسە، کە لەوێدا ژمارەیەکی زۆری لە خێزانەکان تێدا نێژراوە.
«قۆڵەکانتم لەبیرکرد»
«پێیەکی گەورەی مرۆڤ لەناو کێلگەیەکی شینی ئاسمانیدا بوو؛ پێیەکە مارێکی دەهاڕی کە هەستابوو بۆ سەر پاشوان و کەڵبەی لە پاژنەی پێیەکە گیرکردبوو.»
شەراب لە چاوانیدا دەبریسکایەوەو زنگوڵەکان دەزرینگانەوە.
منیش بەشەرابی میدۆک خەیاڵم گەرمتر ببوو.
بەناو دیواری کۆی ئێسقاناندا تێپەڕین، بەرمیلی گەورەو بچووک تێکەڵاو بوو لەناو قووڵترین چاڵەکانی ژێر زەمینی مردووان. دووبارە هەڵوێستەیەکم کردەوە، ئەم جارەیان زاتم کرد قۆڵی فورتیوناتۆ بگرم لەسەروو ئانیشکیەوە.
گوتم، نیتراتە، تەماشا بکە هەر زیاد دەکات. وەکو قەوزە بەدیواری ژێر زەمینەکانەوە هەڵدەواسرێ. ئێمە دەکەوینە بن ڕووبارەکە.
شێداری بەناو ئێسقانەکاندا تک تک دەهاتە خوارەوە.
وەرە تا زۆر درەنگ نەبووە دەگەڕێینەوە. کۆکەکەت....
گوتی، هیچ نییە با بەردەوام بین، بەڵام پێشەکی پێکێکی دیکەش لە شەرابی میدۆک.
ڕێگام بڕی و بوتڵێکی گەورەم لە شەرابی (دی گرەیڤ) گەیاندە دەستی، یەک بین بوتڵەکەی فڕکرد. چاوەکانی بریسکەیان دەدایەوە بە ڕووناکییەکی بەهێز.
پێکەنی و بوتڵەکەی بەرەو سەرووی خۆی فڕێ دا لەگەڵ ئاماژەیەک کەتێی نەگەیشتم.
گوتی، ئەتۆ تێناگەی؟
وەڵامم دایەوە، «نەخێر.»
«کەواتە تۆ لە ڕەبەنەکان نی.»
«چۆن؟»
«تۆ لە بەنناکان نی»
«بەڵێ، بەڵێ، گوتم، بەڵێ! بەڵێ.»
تۆ؟ هەرگیز! بەننای؟
وەڵامم دایەوە بەننام
گوتی؛ نیشانەت...
وەڵامم دایەوە، ئەوەیە، ماڵەیەکم لەبن عەباپێچراوەکەم هێنایە دەرەوە. هاواری کرد گاڵتە دەکەی، چەند هەنگاوێکی کەم بەرەو دواوە گەڕایەوە. بەس با بەرەوپێش بۆ ئەمونتیلادۆ بڕۆین.
گوتم باوابێ، ئامێرەکەم گێڕایەوە بۆ بن عەباکەم و

دووباره قۆڵم دایەوە دەستی، ئەویش بە قورسی خۆی بەسەر قۆڵمدا شۆڕکردەوە.

بەڕێگای خۆمان بەردەوام بووین لەگەڕان بۆ ئەمونتیلادۆ.

بەناوڕێڕێک لە پردی کەوانەیی نەویدا تێپەڕین، بەرەو خواربووینەوە، دەست لەناودەست، دووباره بەرەو خوار بووینەوە. گەیشتینە ژێر زەمینێکی قووڵی تایبەت، کە لەناویدا هەوایەکی بۆگەن دەهات گڕی مەشخەڵەکەی خۆشتر کردبوو. لە کۆتایی هەرە دووری ئەو ژێر زەمینەدا، ژێرزەمینێکی تەسکتر دەرکەوت.

هەموو دیوارەکانی بە پاشماوەی مرۆڤ داپۆشرابوون.

کۆبۆوەو بەژێر زەمینەکەوە هەڵواسرابوو، لەشێوەی گۆڕستانێکی ژێر زەمینی پاریس بوو. سێ لای ئەوژێر زەمینە بەوشێوەیە ڕازابۆوە. لەلای چوارەمی ئەوژێر زەمینەدا فڕێ درابوونە سەر ئەرز بەتێکەڵ و پێکەڵی کە قەبارەی تەپۆڵکەیان پێک هێنابوو. بەلابردنی ئێسقانەکانی ناو ئەودیواره تێگەیشتین کە ئێستاش چاڵێک لە ناویدا هەیە بەقووڵی نزیکەی چوار پێ و پانی سێ پێی و بە بەرزی شەش تا حەوت پێ. ئەوە لە خۆیدا دیاربوو بۆ مەبەستی تایبەت دروست نەکرابوو، بەڵکو تەنیا نێوبڕێک بوو لە نێوان دوو کۆڵەگەی گەورەی بانی گۆڕستانە ژێر زەمینیەکان و بەچەند دیوارێکی گرانێتی ڕەق دەورەدرابوو، پشتی قایم کرابوو. فورتیوناتۆ بە بەلاش هەوڵی دا بتوانی مەشخەڵەکە بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی سەیری قووڵایی ناو چاڵەکە بکات. نەمانتوانی بەو ڕووناکییە لاوازە، کۆتاییەکەی ببینین.

ئەمن پێم گوت، «بەرەو پێش بڕۆ، ئەوە ئەمونتیلادۆیە. سەبارەت بەلۆچیسی»...

ئەو زۆر گەوج بوو، کە برادەرەکەم هەنگاوی نەچەسپاوی بەرەو پێشەوە دەنا ئەو ڕێگای لێ گرت. لە کاتێکدا من یەکسەر بە دوایەوە بووم. لە ساتێکدا گەیشتە کۆتایی تاقەکە، تەماشای کرد بەردێک ڕێی لێگرت و نەیتوانی بەرەوپێشەوە بڕوات بەسەرسامیەوە ڕاوەستا. بۆ ماوەی زیاتر لە ساتێک بە گرانێتەکەوە بەستمەوە. لەسەر ڕووبەری گرانێتەکە دوو بزماری ئاسن هەبوون یەکی نزیکەی دووپێ لەیەکەوە دووربوون، بەشێوەیەکی ئاسۆیی. یەکێکیان زنجیرێکی کورتی پێوە هەڵواسرابوو ئەوەی تریشیان قفڵێک. ئاڵقەم بۆ دەوری کەمەری فڕێ دان، بەس ئەوە کاری چەند چرکەیەکی کەم بوو بۆ ئارام کردنەوەی. لەجیاتی بەرگری کردن زۆر داچڵەکی. لەگەڵ ڕاکێشانی کلیلەکە من لە چاڵەکە دوورکەوتمەوەو بەرەو دواوە کشامەوە.

پێم گوت، دەستت لەسەر ئەودیواره بگوازەوە؛ ئەتۆ تەحەمولی ئەو نیتراتە ناکەی. لە ڕاستیدا زۆر شێدارە ڕێگام بدە چەند جارێک لێت بپاڕێمەوە تا بگەڕێینەوە. نەخێر؟

کەواتە بێگومان دەبێ من بەجێت بێڵم. بەڵام پێشەکی دەبێ هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانەی کە لە توانامدا هەیە پێتی ڕابگەیەنم.

هاوارێم بەدەنگێکی زۆر بڵند هاواری کرد ئەمونتیلادۆ! ئێستاش بەهۆش خۆی نەهاتەوە.

وەڵامم دایەوە «ڕاستە، ئەمونتیلادۆ.»

کاتێک ئەو قسانەم دەکرد خۆم سەرقاڵ کردبوو بەو کۆ ئێسقانانەی کە پێشوو باسم کردبوون. بەولاو لایاندا فڕێم دەدان، خێرا بڕێکم بەردی بیناو سواخی دیواری بۆ دەرکەوت.

بەو مەوادانەو بەیارمەتی ماڵەکەم زۆر بە گورج و گۆڵی دەستم کرد بەکردنەوەی دەروازەی تاقەکە.

زۆر بەزەحمەت چینی یەکەمم لە بیناسازی خۆم دانا کە بۆم ڕوون بۆوە مەستی فورتیوناتۆ گەیشتۆتە ڕادەیەک کە کەم نابێتەوە. تێبینی سەر لە زووم لەو بارەوە ناڵەو گریانێک بوو بە دەنگێکی نەوی لە قوولایی ئەو چاڵە دەهاتە دەرەوە، ئەویش گریان و ناڵەی پیاوێکی سەرخۆش نەبوو.

بێدەنگییەکی دووروو درێژ هاتە ئاراوە. چینی دووەمم دانا سێیەم و چوارەمیشم دانا، لە پاشان چەند لەرەیەکی توندو تیژم لە زنجیرەکە گوێ لێ بوو. بۆ چەند خولەکێک دەنگەکە بەردەوام بوو، لەو ماوەدا دەبوایە بە ڕەزاییەتەوە گوێی لێ ڕابگرم. کارەکەمم ڕاگرت و لەسەر ئێسقانەکان دانیشتم. لە دواییدا تەقە تەقەکە ڕاوەستا، ماڵەکەم گێڕایەوە بەبێ نێوبڕە چینی پێنجەم وشەشەم و حەوتەمم تەواوکرد.

دیوارەکە ئێستا دەگاتە ئاستی سینگم، دووباره هەڵوێستەیەکم کرد، مەشخەڵەکەم بۆسەر دیواری ئیشەکە هەڵگرت، هەندێک تیشکی لاوازم دەوێنەیەک گرت لەناوێدا.

لە پڕ چەند دەنگێکی بەهێزو توندو تیژ یەک بەدوای یەکدا تەقییەوە دەتگوت لە قورگێک دەردەچێ کە زنجیرکراوە، دەتگوت زۆر بەتوندی بەرەو دواوە فڕێم دەدات. بۆ چەند ساتێکی کورت تووشی سەرسامی بووم... لەرزیم. شمشێرەکەمم لە کالانێ ڕاکێشا، دەستم کرد بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک لە دەوروبەری چاڵەکە؛ بەس ئەو بیرۆکە تەنیا بۆ ساتێک دڵنیایی بۆ گێڕامەوە. دەستم کەوتەسەر کفنی ڕەقی مردووان، هەستم بە دڵنیایی کرد.

دووبارە گەیشتمەوە دیوارەکە. وەڵامی ناڵەو هاتوهاوارەکەی ئەوم دایەوە کە هاواری دەکرد. وەڵامی دەنگەکەم دایەوە.. یارمەتیم دا.. لەوان بالا دەستتربووم لە دەنگ گەورەیی و هێزدا. ئەوەم کرد، ئەوەی هاواری دەکرد هاوارەکەی هەر زۆر دەبوو.

نیوەشەو بوو کارەکەم خەریک بوو تەواو دەبوو. نوهەم و دەهەمیشم تەواو کردبوو، بەشێکم لە دوایین چین تەواوکردبووەوە چینی یازدەیەمینیش، یەک بەرد مابوو شوێنی خۆی بگرێ و قایم بکرێت.

زۆر هەوڵم لەگەڵ کێشەکەی دا؛ تا ئەندازەیەک خستمەوە شوێنی مەبەستی خۆی، بەڵام ئێستا لە دەرەوەی تاقەکە دەنگی پێکەنینێکی نزم دێت کە قژی سەرمی ڕاست کردۆتەوە.

ئەو پێکەنینە دەنگێکی خەماوی بەدواداهات، ئەو دەنگەم بەزەحمەت ناسییەوە کە ئەوە دەنگی بەڕێز فورتیوناتۆیە.

دەنگەکە گوتی...

ها! ها! ها!.. هێ! هێ! هێ!... لە ڕاستیدا گاڵتەیەکی زۆر خۆش بوو.. گاڵتەوگەپێکی بێ وێنەبوو. لەو بارەوە لەناو باڵەخانەکەدا زۆر پێکەنین.. هێ! هێ! هێ! شەڕابەکەمان تەواو بوو... هێ! هێ! هێ!.

من گوتم: ئەمونتیلادۆ

هێ! هێ! هێ!.. هێ! هێ! هێ!.. بەڵێ ئەمونتیلادۆ.

بەڵام ئایا ئەوە دواناکەوێ؟ نەخێر ئەوان لەناو باڵەخانەکەدا چاوەڕوانیمان دەکەن، خانمی فۆرتیوناتۆ و ئەوانی تریش؟

دەبا بڕۆین.

بەڵێ گوتم بابڕۆین

بۆ خاتری خوا مونتیریسەر!

بەڵێ، ئەمن گوتم بۆ خاتری خوا

بەڵام بۆ وەڵامی ئەو قسانە بە بەلاش گوێم ڕاگرت، ئارامم نەما، بەدەنگێکی بڵند هاوارم کرد...

«فورتیوناتۆ»

وەڵام نەبوو. دووبارە بانگم کردەوە...

«فورتیوناتۆ!»

وەڵام هەرنەبوو.

مەشخەڵەکەم بۆ ناو ئەو کونە فڕێ دا کە مابۆوە کەوتە ناوی؛ لە وەڵامدا تەنیا دەنگی زەنگوڵەکان گەڕایەوە.

دڵم تێکەڵ هات.. بەهۆی شێداری ژێر زەمینی مردووەکانەوە.

پەلەم کرد بۆ ئەوەی کۆتایی بەکارەکەم بێنم. دوایین بەردم خستە شوێنی خۆی و قایم کرد. بەرانبەر بیناتازەکە سەنگەرێکم لە ئێسقانان قوت کردەوە. بۆ ماوەی نیوسەدە مردووی دیکە ناڕەحەتی نەکردن.

**سەرچاوە:**

**www.literature.org**



# محەمەد ڕەمەزانی:
# لاسایی فارسەکان بە زەقی لە بەرهەمی لاوەکان دەبینرێ.. لاوی کوردیش دەبێ بە شوێن مۆدێرنیزمی خۆمانەوە بێ نەک بێگانە

**ئا: دڵشاد خۆشناو**
**(بۆکان)**

پرۆسەی وەرگێڕان کاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر پێشکەوتنی ڕۆشنبیری گەلان، ئنجا وەرگێڕانەکە ئەدەبی بێت یان فیکری یان هونەری و تەنانەت زانستیش، کەم تا زۆر کردەی وەرگێڕان کاریگەری باشی دەبێت، چونکە گەلان پێویستیان بە ئەزموونی یەکتر هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە ئەزمونەکانی خۆیان سوودی لێوەربگرن و بیکەن بە بنەما بۆ پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و زانستی خۆیان، لە بواری ڕۆشنبیری و تیۆرە ئەدەبی و زانستییەکانەوە گەلی کورد تا ڕادەیەک هەژارە، هەڵبەتە نەک هەر بەتەنیا گەلی کورد، بەڵکو زۆربەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤین لەم ڕووەوە هەژارن، بۆیە هەر لە ڕێگای وەرگێڕانەوەیە کە ئاگاداری و زانیارییان لەسەر تیۆرەکانی فیکر و ڕەخنە و ئەدەبیاتی جیهان بەدەست هێناوە و توانیویانە بۆ ئەزموونی خۆیان سوودی باشی لێوەربگرن و بەگوێرەی تیۆری گەلانی ترەوە بابەتە ئەدەبی و هونەری و زانستییەکانیان بابەتی خۆیان هەڵسەنگێنن.

محەمەد ڕەمەزانی، چیرۆکنووس و وەرگێڕێکی بەرچاو و بەناوبانگی کوردە کە لە شاری (بۆکان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، ئێستا دانیشتووی شاری (ورمێ)یە و ماوەی پتر لە بیست ساڵە لە بواری چیرۆکنووسین و وەرگێڕاندا کاردەکات، زۆربەی کارە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانی ئینگلیزییەوە ڕاستەوخۆ بۆ سەر زمانی کوردییە. تا ئێستاش چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

**چیرۆکنووس دەبێ بە چاکی کۆمەڵگای خۆی ناسیبێ، پاشان بە چاوێکی هونەرییەوە گۆشە و لایەنە شاراوەکانی وەدەربخا**

* وەک دەزانین مێژووی چیرۆکنووسین لە کوردستانی ئێراندا لە مامۆستا حەسەن قزڵجییەوە دەست پێدەکات کە خەڵکی شاری بۆکانە و ئێوەش وەک چیرۆکنووس و هاوشاری ئەو چیرۆکنووسە، دەکرێ زیاتر باسی ئەو مێژووەمان بۆ بکەیت؟

– دەکرێ لە دوو گۆشەنیگاوە چاو لە مامۆستا حەسەن قزڵجی بکەین، لە گۆشەنیگای سیاسی، چ ئەوکاتەی لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا و لە گۆڤاری هەڵاڵە وەک رووناکبیر و نووسەر دەوری هەبووە و چ ئەوکاتەی لە کوردستانی ئێراق دەبێ و گیانی دەکەوێتە مەترسییەوە و ناچار دەبێ لە رێگای شیوعییەکانەوە بۆ ئەورووپای رۆژهەڵات بچێ و ببێتە پەنابەری ئەوێ و ژیانی تێکەڵ بە حیزبی توودە دەبێ. حیزبی توودە لەنێو نووسەران و رووناکبیرانی ئێراندا مەقبوولیەتێکی زۆری هەبوو و کاریگەرییەکی زۆر بەرچاوی هەبوو. زۆر لە کەڵە نووسەران و هونەرمەندان چ راستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ کاریگەری حیزبی توودەیان لەسەر بوو.

مامۆستا حەسەن قزڵجی ئەوکاتەی کە کتێبی «پێکەنینی گەدا»ی نووسیوە لە روانگەیەکی چینایەتییەوە نووسیویەتی، بەتایبەت لە کۆمەڵگای خۆماندا بەشێوەی دژایەتی نێوان ئاغاو جووتیار و چەوسانەوەی رەنجبەرو رەنجکێشی لادێ لەلایەن چینی دەرەبەگەوە، بۆتە تێمی چیرۆکەکانی.

تەنانەت چیرۆکی «پێکەنینی گەدا» کە لەشار رووەدات دیسان وێنەی ئەو جووت بەندە و وەرزێرانەمان پیشان دەدات کە بەهۆی زوڵم و زۆری ئاغاوە تێک دەشکێن و دەکەونە فەقیری و هەژاری.

کارەکانی مامۆستا قزڵجی لەباری زمانەوە، زمانێکی پوخت و پاراوی هەیە. لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی و ئەوەی کە لەگەڵی هەین یان نین ئەوە شتێکی دیکەیە. ئەو شێوەیەی کە هەڵبژاردووە، شێوەیەکی تەنزە، تەنزێکی تاڵ و ژەهراوی.

هەرچی بێ، مامۆستا حەسەن قزڵجی وەکو کەسایەتییەکی لێهاتوو لە هەموو بوارێکەوە، چ لە بواری وەرگێران و چ لە بواری نووسیندا بەو هێز و توانایەوە ئەو مرۆڤە رچەشکێن بووە- لە بواری نووسینی کورتەچیرۆک- لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا.

* سەبارەت بە درێژەی رەوتی چیرۆکنووسی لە کوردستانی ئێران، ئەگەر بکرێ روونکردنەوەیەکی زیاترتان هەبێ؟

– کەسانێکی دیکە هەبوون وەکو رۆمانی (پێشمەرگە)ی رەحیمی قازی کە دیارە شوێن پەنجەی بیروبڕوای چەپ بەسەریدا زاڵە. پاش ئەو لە قۆناغی دووەمدا کە دەتوانین بڵێین نووسینی چیرۆکی کوردی لێرەوە سەری هەڵدا، لەسەرەتای ساڵەکانی ١٩٩٠ز دەستی پێکرد و کۆمەڵێک ناو هاتنە گۆڕێ وەکو فەتاح ئەمیری کە رۆمانی (میرزا) و (هاوارەبەرە)ی نووسیوە، کەسانێکی وەکو حوسێن شێربەگی کە رۆمانی (شاربەدەر)ی نووسی، یان عەتای نەهایی کە لە بواری کورتە چیرۆکدا زۆرتر کاری کردووە وەکو (تەنگانە) و (زریکە) و بەشێوەیەکی جددیش هەروا بەردەوامە و بێ پسانەوەتر لە ئەوانی دیکە لەو بوارەدا کار دەکات.

هەروەها کارەکانی ناسر وەحیدی-ش هەن کە زمانێکی پوخت و پاراوی هەیە و سووژەکانی زۆرتر هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگاکەیەتی بەشێوەیەکی ریالیستی نووسیویەتی.

لە شارەکانی دیکەش بۆ وێنە لە سنە تۆفیقی موشیر پەناهی نووسیویەتی، دیارە زۆرتر ئەو فارسی نووسە. حەمەدەمین شامحەمەدی و وەستا عومەری خەیات و حەمە ساڵح سوزەنی کە سەرەتای کارەکانی سوزەنی زۆرتر حاڵ و هەوای سیاسی هەبوو. سوزەنی وەکو رووناکبیرێکی جیهانی سێیەم گوشارو ئەزیەت و ئازاری حکومەتی لەسەر بووە و ماوەیەک لە زینداندا بووە و ئەو حاڵەتەش بەشێوەیەکی دەردناک رەنگدانەوەی لەسەر چیرۆکەکانی هەبووە.

کۆمەڵێک نووسەری دیکەی لاو هەن کە رەنگە کەمتر من لەگەڵیان ئاشنابم و لەوانەیە زۆریش بە توانابن. ئێستاش چالاکییەکانیان لە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکانی زۆربەی شارەکانی وەکو شنۆ و سەردەشت و بانە هەر بەردەوامە.

بەڵام من گلەییەکی چکۆلەشم هەیە بەداخەوە لەو رەوتەدا چەندان نەخۆشی هەیە، یەکیان لاسایی کردنەوەی فارسەکان لەنێو لاوەکانماندا دەبینرێ. دیارە فەرهەنگی

فارسەکان وەکو فەرهەنگێکی بەهێز قبوڵمانە و دەورێکی باڵای لە پێشکەش کردنی بەرهەمی ئەدەبی بۆ قوتابخانەی جیهانیدا بووە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی پاساوی ئەوەی کە هەندێک لە لاوەکانی ئێمە تووشی خۆ دۆڕاندن بن لە بەرانبەریاندا و حاڵەتێکی تەنیا وەرگرتنیان تێدا دروست ببێ و بەشێوەیەکی (منفعل)، تووشی سەرسامی بێن.

ئەوە لایەنێکە کە من خوازیاری ئەوەم قەڵەم بەدەستانی ئێمە بەشێوەیەکی زۆر جددی بیری لێ بکەنەوە. ڕەوتێکی دیکەش بەداخەوە لاسایی کردنەوەی بۆرخێس و گابریل گارسیا مارکیز و ئەوانە کردنەوەیە کە بۆتە نەخۆشییەکی تاڵ.

ڕەسەنایەتییەکە دەتوانێ مۆرکی نەتەوەیی دروست بکات لە هونەردا بە قەولی تۆلستۆی کە لە کتێبی هونەر چییە؟ دا دەڵێ: «ئەگەر هونەر، یان بەرهەمێکی لاساییکارانە هەرچەندە جوان بێ ڕواڵەتیشی لە ئەسڵەکە جوانتر بێ ناگاتە ئەسڵەکە».

ئەمن لە وتووێژەکانی دیکەشدا پێداگریم لەسەر ئەوە کردووە کە لاوی کورد دەبێ بەشوێن مۆدێرنیزمی خۆمانەوە بێ نەک مۆدێرنیزمێک کە لە ڕۆژئاوا بوونی هەیە.

* دیارە پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چیرۆک هەیە، بەڵام حەزدەکەم بزانم چیرۆک لەلای تۆ و لە ڕوانگەی ئێوەوە چ پێناسەیەکی هەیە؟

– بەلای منەوە چیرۆک جیهانێکی خەیاڵی و جیهانێکی دووەمە وەکو باقی بەرهەمە هونەرییەکانی دیکە. ئەو جیهانە لەسەر تەوەرەی ئەو تێمە هەڵدەسووڕێ کە تۆ هەڵیدەبژێری.

ئەو بابەتەی کە تۆ هەڵیدەبژێری ئی تۆیە و لە فلتەری هونەری تۆوە تێدەپەڕێ و ئەوە تۆی کە هاوکات لەگەڵ بێ فۆڕم بوون، فۆڕمی پێدەدەی. بەلای منەوە فۆڕم بەتەنیا ناتوانێ چیرۆک بخوڵقێنێ. چیرۆک دەبێ دوو بنەمای سەرەکی هەبێ یەکیان ناوەرۆکێک بەپێی ویستی نووسەرە و ئەوەی دیکە فۆڕمە.

لە جیهانی ئەورۆی پۆست مۆدێرن ڕەنگە حیساب لەسەر ئەوە بکەن کە پەیام نەمێنێ و تەنیا لەسەر جۆراوجۆری فۆڕم ئیش بکرێت، من بەش بەحاڵی خۆم هەست بەترس و نیگەرانی دەکەم سەبارەت بە لەناوچوونی ناوەرۆک.

پێم وایە تا کاتێک چیرۆک هەیە، دەبێ توخمی گێڕانەوە یان (سس پێنشن) دەبێ هەبێ و ناوەرۆک دەبێ هەبێ و بوونی ئەو دووانە پێکەوەیە و لێک گرێدراوە.

لێکدرانی ئەو دووانە ئیستێتیکێک دەبێ دروست بکات. تازەگەری بەلای منەوە لەوەوە دەست پێدەکات کە پێویستی جیهانی ئێمە چییە؟ نووسەر لەبەرانبەر ئەو پێویستییەدا چ کردەوەیەک دەکات و سووژە چۆن و چ هەڵدەبژێری و لەسەر چ فۆڕمێک دایدەڕێژێ و دەستی نووسەر بۆ داهێنانی فۆڕمی نوێ ئاوەڵایە بەو مەرجەی کە توانای داهێنانی هەبێ. لێرەدا من پێم وایە لە مامۆستایانی زاڵمی وەکو بۆرخێس وەکو جیمز جۆیس بپرینگینەوە.

زۆر کەس پێیان وایە چیرۆک ناتوانێ بگاتە ئاستی جۆیس (یۆلیس) بەڵام ئەوە تەنیا بۆچوونێکە. ڕاستە جۆیس قەهاروزاڵمە، بەڵام چونکە زاڵمە دەبێ لەژێر کاریگەری ئەو هەڵێیی، دەبێ نووسەری کورد بچێتە نێو تەنیایی خۆی و لە تەنیایی خۆیدا داهێنانی تازە بکات.

کاتێک بەرهەمێکی تۆ بە زمانێکی ئەورووپایی وەردەگێردرێ، دەبێ ئەوان هەست بکەن شتێکی تازە دەخوێننەوە. ئەگینا تۆ خەریکی بەرهەمەکانی ئەوان کاوێژ دەکەیەوە.

* باس لە دنیای تایبەتی چیرۆکنووس دەکەی، دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم پێت وایە چیرۆکنووسێ خوڵقاندنی دنیایەکە، کە مرۆڤ لە ڕاستیدا نییەتی؟

– بەشێکی زۆر لەو قسەیە دروستە. هەر چیرۆکێک و بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکان جیهانێکی تەواون، چونکە جیهانی بەشەرناتەواوە. چیرۆک دەتوانێ ڕەنگدانەوەی گرێ دەروونییەکانی ئێمە بێ. کە لە جیهانی واقیعدا هەمانە، دەتوانێ تەقینەوەی ئەو هەمۆ هێزە سەرکوتکراوە بێ کە بەدەیان و سەدان ساڵ دا سەپاون بەپێی دابونەریت، یان بەپێی ئەو یاسایانەی کە حکومەتەکان دروستیان کردوون. دەتوانێ بەهەشتی چیرۆک لە ڕاستیدا بیابانی قاقڕو بێ ژیانی، ژیانی ئاسایی چیرۆکنووس و کەسانی دەوروبەری ئەو بێت.

دیارە ئەوە هەموو ڕاستییەکان نییە لەو بوارەدا. چیرۆکنووس دەتوانێ فەلسەفەیەک بێنێتە گۆڕێ. تەنانەت فەلسەفەیەکی جیهانی لە جیهانی واقیعدا

مرۆڤ بەخۆیەوە خەریک کردبێ یان خەریک کردووە. ئەو فەلسەفەیە دەتوانێ شێوەی ڕوانینی مرۆڤ بێ بۆ دنیا وەکو چیرۆکە ئایینییەکانی (جان بنیان) یان دەتوانێ وەکو هەندێ لە کارەکانی تۆلستۆی ڕوانگەیەکی تایبەتی هەبێ لەبواری ئایینییەوە، لە جیهانی خیلقەتدا جۆرێک هاوسەنگی و هاوکێشە هەیە کە لەو جیهانەدا کاتێک کەسایەتییەک تووشی هەڵەیەک دەبێ، تاوانی هەڵەکانی خۆی دەداتەوە. هەرچەندە ئەوە تازە نییە ئەوە لە یۆنانی کۆندا ئەو فەلسەفەیە هەبووە.

* زۆرجار شێرزاد حەسەن دەڵێ: «هەر شتێک کە دەنووسم گرێی خۆمە کە بەتاڵی دەکەم» تۆ لە کام نووسینتاندا ئەو حاڵەتە دەبینی؟

– ئەو پرسیارە وەکو ئەوە وایە تۆ لە ژووری خۆت دانیشتبی و یەکێک بێتە ژوورێ و پرسیار لەو تەنیاییەت بکات.

بەهەر حاڵ ئەمن لە چیرۆکی پادشای شووتییەکاندا، بەخۆم بنیادەمێکم حەزێکی زۆرم هەیە بەشتی دەگمەن. ڕەنگە کەسایەتی میرزا ڕەحمان، کەسایەتی خۆشم بووبێ. یان لە بوومەلەرزەدا– دیارە من ئەو چیرۆکانەم بە ئینگلیزی لەسەر ئێنتەرنێت بڵاوکردۆتەوە، زۆرجار دۆست و برادەر لە دەرەوەی وڵات ئەو چیرۆکانەیان پیشانی ئینگلیزی زمانەکان داوە و خوازیاری بۆچوونیان بوون، دیارە ئەمن نامەی ئەو برادەرانەشم هەیە، زۆرتری چیرۆکەکانیان پێ خۆش بووە، بەڵام بەتایبەت چیرۆکی بوومەلەرزەیان زۆر بێ خۆش بووە کە لەو چیرۆکەدا کەسایەتی چیرۆک زۆر جۆرە گوڵی کاکتۆسی هەیە. من بەخۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە هەر لە منداڵیمەوە گوڵم خۆش ویستووە و کاتێک کە تەمەنم زۆر کەم بوو تۆوی زۆر جۆرە گوڵی هۆڵەندی دەهاتن و ئەمن دەمکڕین و دەمچاندن. جاری وابوو (٥٠– ٦٠) گوڵدان و ئینجانەم هەبوو. ئەوانە دەوریان هەبووە.

ئیستاش من پێم خۆشە ماڵێکم هەبوایە هەزار مەتری حەوشەو حەسار هەبێ و گوڵ و گیای جۆراوجۆری تێدا بچێنم. ئەوەش گرێی منە و لە چیرۆکیشمدا ڕەنگدانەوەی بووە.

* ئەگەر وەکو باگڕاوەندێک بگەڕێینەوە سەر ڕابردووی نووسینی تۆ یەکێک لە کتێبەکانی سەرەتای قەڵەم بەدەستەوە گرتنت وەرگێڕانێک بووە لەسەر پیکاسۆ لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕانێکی دیکەت هەیە لەسەر بابەتی جۆراوجۆرو ئەوانەش لەوانەیە دووربن لەو گرێیانەی کە تا ئێستا باست کردوون، ئەوانە چۆن لێک دەدەیەوە؟

– برا گیان، ئەمن تەنیا وەرگێڕ نیم و وەرگێڕان وەک بەشێک لە چالاکییە ئەدەبییەکانی من دێتە ئەژمار بەخۆشییەوە دەبێ بڵێم زۆرتری ئەو کارانەی کە دەستم بۆ بردووە بۆ وەرگێڕان کە باست کرد، لە ئینگلیزییەوە کردوومەتە فارسی و لە دەزگای چاپەمەنییە جێگای بڕواکانی تاران چاپ بوون. ئەمن لە زانکۆی تاران ئەدەبیاتی ئینگلیزیم لە کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکان دەخوێند، کۆلێژی ئێمە دراوسێی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بوو و ئەمن بەخۆشم نازانم بۆچی زۆربەی کاتەکەم لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان تێپەڕ دەبوو و هاوڕێکانیشم هەر قوتابی ئەو کۆلێژە بوون. لەوێ کتێبم دەخوێندەوە و موتالاکانیشم هەر لەوێ دەکرد. هاوڕێکانیشم هەر لەنێو ئەو کۆلێژەدا بوون ئەوانەی کاری شانۆ و نیگارکێشیان دەکرد. ئەوانە کاریگەریان لەسەر من هەبووە. کاتێک دەستم برد بۆ کتێبی «شکست و سەرکەوتنی» پیکاسۆ بۆ وەرگێڕانەوە کە بۆ دەزگای چاپەمەنی «شباهنگ»م ئەنجام دا.

**وەرگێڕان لە بواری ئەدەبدا بە باری هونەر و زەوقدا دەشکێتەوە و سنووری خۆی لەگەڵ ماناکردنەوەدا جیا دەکاتەوە**

زۆربەی ئەو کتێب و وتارانەم خوێندەوە کە لەو بوارەدا نووسرا بوون تاکو بابەت سواری سەرم نەبێ. ڕاستە من ئینگلیزییەکەم باشە و دەتوانم بەسانایی بابەتێک وەرگێڕمە سەر کوردی یان فارسی، بەڵام ئەوە بەتەنیا بۆ وەرگێڕان بەس نییە، دەبێ لەسەر بابەتەکە و ناوەرۆکەکەی شارەزاییت هەبێ. ئەگەر وانەبێ، وەرگێڕانەکە تووشی شکست دێت.

لەو نێوانەدا بابەتێکی زانستی هەیە، ڕاستییەکەی ئەوەم بە حەزی خۆم نەکردووە ئەو لەسەرداوای دەزگای چاپەمەنی «گۆتەنبێرگ» بوو. دیارە ئەوکات باری ئابووریم باش نەبوو، ناچار بوونێکی پێوە دیار بوو. دەنا کتێبەکانی دیکە زۆرتر لەبواری ئەدەبیدایە. وەکو ژیاننامەی (هانری ڕۆسۆ)ی نیگارکێشی سادە گەرای

فەرەنسی کە شێوازی هونەری سەرەتایی پەرەپێداوەو بەخۆی خاوەنی قوتابخانەیەک بووە، تەنیا کتێبێکی نابەدڵ کردبێتم هەروەک گوتم «شکست و سەرکەوتن»ی پیکاسۆیە. من بەرلەوەی بچمە زانکۆ لە دواناوەندی ماتماتیکم خوێندووە. بابەتەکە بۆ من نائاشنا نەبوو، هەر ئەو کتێبە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران لەبەرنامەیەکدا بەناوی «جنگ کتاب» زۆرباشی ناساندن و باسی نووسینەکەی کرد و تەنانەت دێرێکیشی لێ خوێندەوە.

✱ ئەوکاتەی کە ئێوە کتێبی «مزگێنی»تان بڵاوکردەوەوە و ئەو کورتە چیرۆکانەتان نووسی، ئەو جۆرە شێوازە، کەم دەنووسرا، بەڵام ئێوە سەرکەوتنێکی باشتان بە دەست هێنا، کەچی لەسەر ئیشەکە بەردەوام نەبووی، هۆی ئەو بەردەوام نەبوونە چی بوو؟

– ئەوەی ڕاستی بێ بەداخەوە بەشی زۆری ژیانم بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان تەرخان کردووە. زۆرم کات داناوە بۆ ئەوەی کە پارەی شۆربا کە بەدەست بێنم و هەر لە زووەوە لەلای دۆست و برادەران ئەو هاوارەم کردووە و خۆزگەم خواستووە کە خۆزگە ئەو هەموو کاتەم بۆ وانە گوتنەوەی ئینگلیزی سەرف نەبوایە. هەرچەندە ئەو کارە بەدڵ و بەگیان ئەنجام دەدەم، بەڵام ئەسڵەن و هەرگیز حەزی لێ ناکەم، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر هەست دەکەم کە وەختم دەکوژێت. ئێستا بەختەوەرانە ئەو هەلە بۆ کوردەکانی باشوور ڕەخساوە کە تا ڕادەیەکی زۆر بەخۆیان بن و لەبواری کولتووری کوردییەوە ئەو ڕێگایەی حەزیان لێیەتی بپێون. هیوادارم ئەوانەی لەوێ شتێکیان لەدەست دێ ئاوڕێک لە تیپی ئێمە مانان بدەنەوە.

باڵمان بەسەردابکێشن. هونەرمەند نابێ بازرگانی بکات، ئەگەر هونەرمەند ئیشێکی دیکەی جگە لە هونەر کرد، ئەوە پارازیتێکە هاتۆتە نێو ژیانییەوە.

✱ هەروەک دەزانین زۆر داهێنانی ئەدەبی وەکو چیرۆک و شیعر... لەماڵی زماندا دەکرێت. ئێمە زۆر ڕۆمان و چیرۆکی بەناوبانگی فارسیمان هەیە کە پاڵەوان و لۆکەیشن و نووسەرەکانی کوردن، تەنیا بە فارسی نووسراون، ئایا ئەوانە دەچنە خانەی ئەدەبی کوردییەوە، یان بەبڕوای ئێوە خزمەتێکیان بە ئەدەبیاتی کوردی کردووە یان نا؟

– ئەشهەدوبیللا نا، هەرچەندە من مرۆڤێکی دەمارگرژ نیم. کاتێک بەرهەمێکی هونەری دەخولقێ مولکی هەموو جیهانە، بەڵام هەر زمانێک بەخۆی جوانی و ئیستێتیکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەرهەمی ئەدەبییەکە ئەو زمانە دوڵەمەند دەکات ئێمەی کورد قەرزدارین بە زمانەکەمان و کەسانێکی کە کوردن و بەزمانەکانی دیکە دەنووسن. هەمانە بە عەرەبی نووسیویانە، بەتورکی نووسیویانە، بە فارسی نووسیویانە، بەزمانە ئەورووپاییەکانیش نووسیویانە، ئەوەی کە نووسیویانە ئەگەر لەبارەی خزمەتی زمانییەوە بڵێی، دەچێتە خزمەتی ئەو زمانەی کە پێی نووسراوە.

ئێمە چەندە محەمەدی قازی وەک وەرگێڕێک لە لامان بەڕێزە و لە ئێراندا ناوبانگی هەیە، یان ئیبراهیم یوونسی وەکو وەرگێڕو چیرۆکنووسێکی زۆر بەرز جێگای ڕێزە، بەڵام ئەو وەرگێڕانانەی کە کردوویانە، دیارە ئەمن دەمەوێ نووسینەکانی ئاغای یوونسی لە پەراوێزدا دانێم، لە ڕاستیدا خزمەتێکە بەزمانی فارسی. ئەڵبەت بە بڕوای من هەڵە زۆرە، ئیستا لە کوردستانی ئێراق کۆمەڵێک دەستیان کردووە بە وەرگێڕان لە فارسییەوە من زۆر ناڕازیم مەگەر تەنیا وەرگێڕانی چیرۆکنووسە فارسەکان بێ. دەزانم لە وەڵامی پرسیارەکەی تۆ لام داوە، بەڵام شتێک هەیە بابڵێین تۆ بێی بەرهەمی سادق هیدایەت، یان بوزورگی عەلەوی، یان سادق چووبەک وەرگێڕییە سەر کوردی، بەڵام ئەوەی کە فارسەکان نووسیویانە زۆربەیان بۆ بەردەنگی فارس زمان نووسیویانە.

✱ باسی هیدایەتتان کرد، دەمەوێ بچمە سەر ئەو باسە. سادق هیدایەت بە حوکمی ئەوەی کە فەرەنسی زانیوە، زۆری سوود لە کافکا وەرگرتووە: وەکو سوود، یان وەکو پەیام چ پەیامێکی بۆ مرۆڤایەتی هەیە. خۆتان دەزانن لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (بوف کور)، وەک دەڵێن چەندین کەس تووشی هیوابڕان و نائومێدی بوون و خۆیان کوشتووە، دەمەوێ ئەو پرسیارەت لێ بکەم کە نووسینێکی ئەدەبی چ سوودێکی بۆ کۆمەڵگایەک هەیە؟

– من لەگەڵ وشەی سوود پێچەوانەم. بەرهەمی هونەری سوودی هەبێ یانی چی؟ دیارە نیزامی کاپیتالیتی، سیستەمی سەرمایەداری کە سەردەمێک مرۆڤایەتی لە کۆتوبەندی فیئودالی کلێسا ڕزگار کرد و بواری کاری تاکەکەسی خۆش کرد، مرۆڤایەتی سەبارەت بە داهاتوو تووشی خۆشبینییەکی زۆر بوو، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا دوو شەڕی جیهانی ئەو گەشبینیانەی

تێک ڕووخاند. نیشانی دا بەڵێنی ئازادی و سەرهەڵدانی بەختەوەری یەکجارەکی هەمووی درۆ بوو. هونەرمەندانێکی وەکو کافکا بەو ڕۆحە هەستیارانەیانەوە، دژکردەوەیان لەخۆ نیشان دا. خوێندنەوەی زمانانی ئەورووپایی کاریگەری لەسەر نووسەرانێکی وەکو سادقی هیدایەت نیشان داوە. (بوفی کور)ی سادقی هیدایەت بەرهەمێکی تاڕادەیەک سوریالیستییە و هیدایەت وەکو هونەرمەندێک باس لە هیچی و زەڵکاوی کۆمەڵگای خۆی دەکات و ئەو باسەی کە ئەو دەیهێنێتە گۆڕێ کە مرۆڤەکان تەنیا خواستی زگ و ژێر زگیان بۆ گرینگە، دەتوانێ بڕیارنامەیەک بێ دژی (ابتذال).

ئەو ڕەشبینییەی کە باسی دەکات، تەنیا لە (بوفی کور)دا نییە بۆ وێنە لە (سەگ ولگرد)یش (سەگی بەرەڵڵا)دا بە شێوەی هێما لە قالبی سەگێکدا باسی دەکات و دەری دەبڕێت.

سەگێک کە چاوەکانی پڕە لە محەبەت و سەگێک کە ون دەبێ و لە ئاکامدا لە تەنیایی خۆیدا و دوور لە شار دەمرێت و دالاشەکان چاوەڕێن گیان بدات و چاوی دەربێنن، چونکە هاوهێمای زانایییە. لە کارەکانی دیکەشیدا ئەو شتە هەیە. دیارە ئەوەی کە تۆ باسی دەکەی، من پێم وایە بڕێک زیادە ڕۆیشتن و زل کردنەوەیە ئەوەی کە گەنجەکان پاش خوێندنەوەی خۆیان بکوژن. من پێم وایە ئەو شتە دروست نییە و کەسانێک بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەڵستی هیدایەت دەبنەوە. ئەوانە بە داخەوە زۆریان دەروون پاک و نیاز پاک نین و بگرە مەبەستێکی سیاسیشیان هەبێ و هەر بەو هۆیەیە کە لە ئەنجامدا بڕیاریان داو کتێبەکانی سادقی هیدایەت لە کتێبخانەکانی ئێران کۆ کرانەوە. لە کاتێکدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیدایەت عاشقی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای ئێرانی و کولتووری ئێرانییە و دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو مرۆڤە ڕابکات. دیارە ئەو قسەیە لەسەر جیمس جۆیسیش هەر بەو شێوەیەیە. جا هیدایەت بە شێوەی خۆ کوشتن ڕای کردووە، جۆیس کاتێک لە دواکەوتوویی دبلین وەڕەز دەبێ ڕادەکات و دەڵێ من نامەوێ بەندەی ولاتێک بم کە بە خۆی بەندەی ولاتێکی دیکەیە.

**وەرگێڕ نووسەری دووەمە، بەتایبەتی کە توانیبێتی لە بیر و هەست و بۆچوونەکانی نووسەر نزیک بووبێتەوە**

دیارە هونەرمەندەکە بەو شێوەیە هەڵمەت دەباتە سەر بیروباوەڕی هەزاران ساڵەی کۆمەڵگاکەی خۆی، لە ڕاستیدا جیهانێکی تازە دەخوڵقێنێ، جیهانی پرسیار و هونەرمەند بتەوێ و نەتەوێ، دەست بۆ تابۆکان چ خۆ حاست چ ناخۆ حاست هەر ئەو دەست بردن بۆ حەرامەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرهەڵستی ببنەوە و کتێبی «یۆلیسیس» لە ئەمریکا سەردەمێک بەرهەڵستی بوون.

* چ پێوەندییەک لەنێوان چیرۆکنووسی و کۆمەڵناسیدا دەبینی؟ دیارە کەسێک کە چیرۆک یان ڕۆمان دەنووسێ پێویستی بە ناسینی بەردەنگ و خوێنەری خۆی هەیە، ئەوەش پێویستی بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە هەیە، بەڕای ئێوە پێویستە چیرۆکنووس ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەی هەبێ، یان خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی هەبێ بۆ بەردەنگەکانی خۆی؟

- دیارە چیرۆکنووس ناتوانێ تەنانەت ئەگەر وەکو سادق هیدایەتیش کە دەڵێ بۆ سێبەری خۆم دەنووسم، لە ڕاستیدا ناتوانێ تەنیا بۆ سێبەری خۆی بنووسێ، کاتێک چیرۆکێک دەنووسرێ ئەو چیرۆکە بەردەنگی هەیە، ئەو بەردەنگەش کۆمەڵگایە. چیرۆکنووس کۆمەڵگای خۆی دەبێ بناسێ جا چ لە بواری کۆمەڵناسیدا بە شێوەیەکی ئاکادیمی زانیاری وەدەست بخات یان ئەوەی نەکردبێ، بەڵام بە چاوێکی تیژی هونەرییەوە سەیری کۆمەڵگای کردبێ و هەموو گۆشە و لایەنە شاراوەکانی وەدەرخستبێ، لە هەردوو حاڵدا، هەڵاتنێک نییە لە ناسینی کۆمەڵگایەک کە تۆ تێیدا دەنووسی. تۆ بۆ ئەوەی کە سەرەتای چەوسانەوەی زەحمەتکێشان لە کۆمەڵگای بریتانیا بزانی لەپاش سەرهەڵدانی سیستمی کاپیتالیستی و شۆڕشی پیشەسازی و ئەوەی کە جووتیارەکانیان لە کێڵگەکان دەردەکرد و بە زۆری دەیانناردن بۆ شار، کارەکانی چارلز دیکنز ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایەیە لەڕاستیدا کارەکانی دیکێنز بەشێکە لە مێژووی ئینگلیز، یان کاتێک تۆ مادام بوڤاری، «گۆستاڤ فلۆبێر» یان کارەکانی بالزاک، یان ئەمیل زۆلا دەخوێنییەوە تۆ ڕەنگدانەوەیەک لە کۆمەڵگای فەرەنسا وە دەستت دەکەوێت. کاتێک تۆ کورتە چیرۆکە

تەنزئامێزەکانی چیخەف دەخوێنییەوە کە بە چ بێ ڕەحمییەک باسی ئاسایی بوون و سادەبوونی خەڵک دەکات. یان کاتێک تۆ کۆمەڵە چیرۆکی دبلینەکانی جیمس جۆیس دەخوێنییەوە باسی دەمارگرژی ئایینی و بیرتەسکی خەڵکی دبلین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەبینی. چیرۆکنووسی هەر نەتەوەیەک سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمەکەی جیهانییە، ڕەنگدانەوەیەکە لە کۆمەڵگای خۆی و هەر ئەوەش دەتوانێ بەرهەمەکەی بکاتە جیهانی.

* با بچینە سەر بواری وەرگێڕان، بەڕای ئێوەوە وەرگێڕان هونەرە، یان تەکنیکە، یان زەوقە؟

– وەرگێڕان ئەگەر لە بواری هونەریدا بڵێی زۆرتر دەتوانێ تەکنیک بێ هەرچەندە لەو بوارەشدا زەوق و سەلیقە دەورێکی باڵای هەیە، بەڵام وەرگێڕان لە بواری ئەدەبدا بە باری هونەر و زەوقدا دەشکێتەوە و لێرەدا وەرگێڕان سنووری خۆی لەگەڵ ماناکردنەوەدا جیا دەکاتەوە.

وەرگێڕ، نووسەری دووەمە، کە دەڵێم وەرگێڕ، باس لە وەرگێڕێک دەکەم کە لە بیر و هەست و بۆچوونەکانی نووسەر نزیک بووبێتەوە یانی ئەو بەرهەمەی کە وەریدەگێڕێتەوە، دەبێ لەگەڵی بژی و تێکەڵ بەو بێ و تێیدا ئاوێتە بێ. ئەو کاتەیە کە دەبێ دەست بۆ قەڵەم بەرێ و ئەوەش بە زۆر ناکرێ و توانایییەکی سروشتییە. من پێم وایە تۆ دەتوانی لە کلاسێکی وەرگێڕان ئوسول و بنەماکانی وەرگێڕان بڵێییەوە، بەڵام ئەگەر قوتابییەکانت نووسەر و شاعیر نەبن، ناتوانن وەرگێڕێکی باشیان لێ دەربچێت.

* ئێوە باس لە مەرجی شاعیر بوون یان نووسەربوونی وەرگێڕ دەکەن، من دێمە سەر باسێکی دیکە، وەرگێڕان پێویستی بە زانینی دوو زمانە، زمانی نووسراوە و زمانی گەیاندن، ئێوە پێتان وایە بۆ وەرگێڕی بە توانا، کام زمان باشتر بزانێ پێویستە؟

– دیارە دەبێ لە هەردوو بوار و زماندا توانای هەبێ. ئەگەر وەرگێڕ بۆی ڕەخسابێ کە ماوەیەک لەنێو ئەو نەتەوەیەی کە بەو زمانە قسە دەکەن ژیابێ، دەتوانێ زۆر لایەنە شاراوەکانی زمانی بۆ دەربکەوێ، بەڵام بێ ئەوەش فێربوونی زمانی بێگانە توانایییەکی تایبەتی دەوێ، تۆ دەتوانی لەو زمانەدا خوێندنەوەی قووڵت هەبێ و بەسەر ئەدەبەکەیدا زاڵ بی و کاتێک ئاوا زاڵ بووی، دەتوانی بەو زمانە بنووسی نەک ئەوەی تەنیا وەرگێڕان بکەی. لە زمانی دووەمیشدا کە دەبێ بابەتەکە وەرگێڕییە سەر ئەو، گومانی تێدا نییە دەبێ ئاشنایەتییەکی باشت هەبێ و وشەکان و ماناکان بناسی و جۆری بەکاربردنەکەیان بزانی و جیاوازی وشەکان لێک بکەیتەوە، باری سۆزداری وشە بناسی. ئیدیۆمەکانی زمانی خۆت بناسی. دەنا لە باری دارشتنی ڕستەوە نوام چۆمسکی لە کتێبی (ساختاری نحوی) دا سەلماندی کە ژمارەی یاساکانی هەر زمانێک بۆ دروست کردنی وتە دیاری کراوە، بەڵام سەرەڕای ئەو دیاری کراوبوونەی دەتوانین بێ بڕانەوە ڕستە بهێنینەوە لە هەر زمانێکدا ڕستە دروست کردن بێ کۆتاییە. هەر مرۆڤێک ڕۆژانە دەیان و سەدان ڕستەی نوێ دەخوڵقێنێ کە فەرامۆش دەکرێن.

لێرەدایە کە وەرگێڕ لەو کۆی ڕستە بێ بڕانەوەیەدا شتی باش گولبژێر دەکات بە حوکمی توانایی عەقڵی و سروشتی، وەرگێڕ دەتوانێ لەو دەریا بەرفراوانەدا مرواریییەکان بدۆزێتەوە. دەنا خۆ زیخ و بەردیش هەیە. هەرچەندە ئەوانەش لە جێی خۆیان جوانن.

* ئەگەر قسەیەکی تایبەتتان لەسەر وەرگێڕان هەبێ، فەرموون؟

– ئەمن تکام لە تەواوی وەرگێڕەکانی کورد ئەوەیە، بەو شێوە بەربڵاوەی کە ئێستا لە فارسی و لە عەرەبییەوە وەرگێڕان دەکرێ با بەس بێت، چونکە ڕاستەقینە ئەوەیە زۆربەی کوردەکانی ئێراق عەرەبی زانن و کوردەکانی ئێرانیش فارسی زانن، تەنانەت زۆریشن ئەوانەی لە کوردستانی ئێراقن و فارسیش دەزانن. یەکەم وەرگێڕان لە ڕووی وەرگێڕانەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. نادروستە تۆ دەبێ لە سەرچاوەوە وەرگێڕان بکەی. من تکا لە خوشکان و برایانی کوردم دەکەم با خۆ ماندوو بکەن زمانە بێگانەکان فێربن، ئینگلیزی فێربن، فەرەنسی فێر بن، ئیتاڵیایی فێربن، لەوانەوە وەرگێڕان بکەن.

بەداخەوە ڕەوتێکی خراپ دەبینم کە لە کوردستانی ئێراقیشەوە دەستی پێکردووە هەرچی دەیبینی لە فارسییەوە وەرگێڕان دەکات، لێپرسینەوەیەک نییە هەرچیان پێ خۆش بوو بەهەر جۆرێک حەزیان لێ کرد وەریدەگێڕن.

ئەوە گلەییە دەیکەم، لە ئەوانەی دڵیان بۆ کولتوور و

زمانی کوردی دەسووتێ. با هەڵسەنگاندن هەبێ و ڕێگا نەدرێ بە هەموو چەشنێک کارێکی لاواز و زمان شێوێن و زمان تێکدەر بڵاوبکرێتەوە. ئەو کتێبەی ئەوڕۆ چاپ و بڵاودەبێتەوە بۆ نەوەی دواڕۆژ دەبێتە سەرچاوە، ئەگەر پێشی پێ نەگرن، من پێم وایە زمانەکەمان زۆر زۆر لاواز دەبێ.

* پرۆژەی ئێستات چییە؟ چیت بەدەستەوەیە و بە تەمای چی؟

– ئەمن جاران، بەر لە ساڵی ١٩٩٠ز وەرگێڕدراوەکانم بۆ سەر زمانی فارسی بوو و لە کوردستانی ئێران من یەکێک لەو کەسانە بووم کە بۆ یەکەم جار لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕانیان کردووە، بەڵام وەکو کتێب ئێستا کۆمەڵێک چیرۆک کە لە هەژدە کورتە چیرۆک پێکدێن و ناوم ناوە «دەنگی هەرمان» لە دەزگای موکریانی لە ژێر چاپدایە هیوادارم بە زووترین کات بگاتە دەستی خوێنەری کورد. ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لە نووسەرانی جۆراوجۆری ئەورووپایی و ئەمریکاییە وەکو (ئیدگار ئالن پۆ، جی دی مۆپاسان، جیمز جۆیس) لە هەموو شێوازەکانی تێدا هەیە. هیوادارم بەرهەمێکی باشم پێشکەش کردبێ. من بە دڵەڕاوکێیەکی تایبەت و هاوکات بە بوێرییەکی تایبەت دەستم بۆ قەڵەم بردووە و ئەو کارانەم وەرگێڕاوە و لەهەر کامیاندا هەوڵم داوە شێوازەکە ئەو جۆرەی هەیە بە ئەمانەتەوە بپارێزم.بێ دەربەستیش بووم و نەش ترساوم.

ئێستاش ڕۆمانێکم لەبەر دەستدایە بە نێوی «مارتین چازل وید» بەرهەمی چارلز دیکنز ڕۆمانێکی گەورەیە و قەوارەی ئینگلیزییەکەی هەشت سەد و شەست لاپەڕەیە، خەریکی وەرگێڕانی ئەوم. دیارە من تەواوی ئەو کارانەی کە لە چارلز دیکنز وەرگێڕدراونەتە سەر فارسیم دەرهێناوە. ئەو کتێبە وەرنەگێڕدراوەتە سەر فارسی. بەڵێنم بە خۆم داوە ئەوەی وەرگێڕدرابێتە سەر فارسی من نایکەمە کوردی و دەستی بۆ نابەم.

هیوادارم پاش ئەو کارە «یۆلیس» جیمز جۆیس کە هێشتا بە فارسی لە بازاڕدا نییە. ئەگەر کێشەکانی ژیان ئەو دەرفەتەم پێ بدات، ئەو کتێبە وەردەگێڕمە سەر کوردی. کە یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانییە.

* باست لە چەند شتی گرینگ کرد وەکو دڵەڕاوکێ لە وەرگێڕانی دەق، وەکو بوێری لە وەرگێڕاندا، من دەمەوێ شتێکی دیکە بڵێم زۆرکەس دەڵێن وەرگێڕان بوێری دەوێ و هاوکات ویژدانی دەوێ. وەکو سەرکردەیەک بە هێزێکەوە دەچێ بۆ شەڕێکی قورس و دەیەوێ تێکی بشکێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە ویژدانەوە هەڵسوکەوت بکات؟

– ئەڵبەت من لەگەڵ ئەو نموونەیەی تۆدا نیم، بۆ کارێکی هونەری لیکچواندنێکی سەربازی هەڵەیە، بەڵام لەوە جوانتر ئەوەیە. تۆ ڕەنگە دیتبێتت ئەوانەی لە سێرک بەسەر گوریس و تەنافدا دەڕۆن، لە دوورەوە کە سەیری دەکەی هەست بە بوێریان دەکەی، بەڵام جاری وا هەیە کامێرا دەچێتە سەر دەموچاویان، دەبینی کە دەترسێن و بێترسیش نین.

لە واقیعدا هەم ترس و هەم نەترسان لە وەرگێڕاندا کۆبۆتەوە. هەر ئەوەیە کە وەرگێڕانی داهێنەرانە و زیندوو دروست دەکات.

* ئەگەر بێین کۆمەڵێک پێوەر بۆ وەرگێڕان دابنێین، ئەو پێوەرانە چین کە دەبێ وەرگێڕ بیانپارێزێ یان ئێمە بیانزانین بۆ ناسینەوەی وەرگێڕانی سەرکەوتوو؟

– زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، وەرگێڕان بەرهەمێکی کاتییە و وەکو بەرهەمەکە نییە هەمیشەیی بێ. دەبێ بەهەر چەند ساڵ جارێک بەرهەمێک هەرچەندە وەرگێڕدراوی باشیشی هەبێ، دیسان دەبێ وەرگێڕدرێتەوە، بەڵام لە وەرگێڕاندا دیارە وەرگێڕانی (پەخشان) شێواز و ستایل دەبێ بپارێزرێت و ستایلی بابەتیش دەبێ بپارێزرێت. تۆ ناتوانی (زمانی فەلسەفە بۆ وتووێژی ئاسایی لە نێوان دوو مرۆڤی ئاساییدا کەڵک وەرگری. دەقێکی زانستی وەکو کیمیا و فیزیا و ماتماتیک «بیرکاری» ئەوانە زۆر چڕی زمانییان نییە، کۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەتە دایدەنێی و زمانەکەش ساکار و سادەیە و شیاوی کەڵک وەرگرتنە، بەڵام ئەگەر مەبەستت وەرگێڕانی سەرکەوتوو لە کاری ئەدەبیدا بێ، هەر ئەوەیە تۆ ئیستێتیکی هەردوو زمانەکە دەبێ بناسی و پێکهاتەی هزری نووسەرەکەش دەبێ بناسی. هەروەها جۆری هزری بەرهەمەکەش بناسی. بایەخی وشەکان لەباری هەست و تێگەیشتنەوە کە نووسەر کەڵکی لێ وەرگرتووە و نووسەری بەتوانا بە توندی ئابووری وشە دەپارێزێ و ڕەچاوی دەکات، دەبێ بناسی و بزانی چی کردووە و بەو وردەکارییانەوە دەقەکە بگوازییەوە.

### سەید عەلی سالحی «سەبارەت بە شیعری کوردی»:

# شیعری مۆدێرنی فارسی و کوردی دار بەڕووی خۆڕاگری زنجیرە چیایەکن



**سازدانی: هادی حەبیبی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

سەید عەلی سالحی یەکێک لە ناودارترین شاعیرانی شیعری ئەمرۆی فارسە. کە تا ئێستا بەرهەمێکی زۆری لە بواری شیعر و ڕۆمان و دووبارە نووسینەوەی شیعری کۆنی فارسدا بڵاوکردۆتەوە و گەنجینەی ئەدەبیاتی دەوڵەمەند کردووە. بڕوایەکی تەواوی بەو جۆرە شیعرەی خۆی هەیە کە ناوی شیعری وتاری بۆ هەڵبژاردووە. شیعرەکانی ئەو تا ئێستا بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و کوردی و نەرویژی و ئێرلەندی وەرگێڕدراونەتەوە و چاپ و بڵاوبوونەتەوە. سالحی شاعیرێکە لەگەڵ ژان و ئازارەکانی گەلی کورد ئاشنایە، ئاشنای ڕۆحی ناسک و هەستی تەرچکی گەلێکە کە شاعیرانە و ماندوویی نەناسانە لە گۆڕەپانی ئەدەبدا چالاکی دەنوێنن، کاوەی گوڵستان گوتەنی: «گەلێک کە بە درێژایی مێژوو ڕۆڵەکانی ژێرچەپۆکەی زوڵم و بێدادی بوون» گەلێک کە بەرهەمی گەورەپیاوانی وەک (خانی) و (حاجی قادری کۆیی)، بە پێناسەی نەتەوایەتی دەزانێ کە کۆیلەیی و ژێرچەپۆکەبوون و چەوسانەوەی خۆی تێدا بەدی دەکا. هەر بۆیە هاودەنگ لەگەڵ (هێمن) شاعیری نەتەوەیی خۆیان، ئارەزوویەکیان جگە لە ئازادی هەموو گەلان نییە و نەیانبووە و گەلێکن هەتا سەر یەسقان ئاشتیخواز و ئازادی پەرستن و پێشێل کردنی مافی هیچ کەس و گەلێکی تر لە ناسنامەی مێژووییاندا نییە. سالحی باوەڕی بەو مەزڵوومییەت و چەوسانەوە و دەست بەسەرییەی گەلی کورد هەیە و لە ناخەوە هەستی پێ کردووە و لە شیعر و وتار و وتووێژەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و لەو ڕێیەوە زیاتر خۆی لە خەم و ئازارەکانی مرۆڤایەتی و ژیانی خەڵکدا سەرقاڵ کردووە و هەستی کردۆتە ئاوێنەی ئەو ئامانج و ئازارانە. سالحی لەگەڵ ئەو هەموو سەرقاڵی کارە بەربڵاوانەیدا کە ئۆقرەیان لی هەڵگرتووە، زۆر تامەزرۆیانە و ڕاستگۆیانە بەپیر خواستەکەمانەوە هات و ئەم وتووێژەی لەگەڵ کردین. لەم ئاخافتنەدا ئەندێشە و بیروڕاکانی ئەومان بۆ دەردەکەوێ و بۆمان ڕوون دەبێتەوە تا کوێ بە ناخی خەم و ئازارەکانی گەلەکەماندا ڕۆچووە.

* ڕۆڵ و پەیامی شیعر لە جیهانی ئەمڕۆدا چۆن هەڵدەسەنگێنن، ئەمڕۆ شیعر دەتوانێ وەڵامدەرەوەی کام نیاز و خواستی کۆمەڵایەتی بێ؟

– بە بڕوای من «شیعر» بۆ وەرگێڕیش و بۆ بەردەنگیش جۆرێک دانپیانانە بە هەقیقەتدا. هەتوانی ڕۆح و خەونە زامارەکانی مرۆڤە. ڕزگاری لە دایک بوون و خولْڤانی پاکییە، شیعر پارێزەر و بەرەڤانی ژیانی پاقژی مرۆڤە. هەموو سەفەرێک ماندوو بوون و تۆزی ڕێگای پێوەیە، شیعریش دێ کە ئەو تۆز و شەکەتییەی سەفەرێک بسڕێتەوە کە ناوی ژیانە. شیعر لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا لە گەڕاندایە، لە ژیانی تایبەتی و ژیانی تاکەکەسی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا. شیعر ژینەڕێییەکی ئەزەلی و ئەبەدی حەیاتە لەسەر ئەم هەسارەی ئێمەدا، وەک ئاو و هەتاو و هەوا.. شیعر ناچار نییە وەڵامدەرەوەی نیازێک یان چەند نیازی کۆمەڵایەتی بێ، ئەوە ئاپۆرەی خواستەکانی مرۆڤە کە –وەک هەتوانێک– ئاتاجی بە شیعرە. بە درێژایی مێژوو، شیعر و مۆسیقا، ڕزگاریدەری مرۆڤ بوو، لە تەنگژە و شاڵاوی کەسەر و تەنیایی. بە جۆرێکە کە «مۆسیقا» دەرد و ئازارەکەی دۆزیوەتەوە و شیعر چارەسەری کردووە. کۆمەڵگایەک کە لەبەری لەو دوو پەرجۆیە بێ، بوونی دەرەکی نەبووە و نییە و ناشیبێ.

* ڕەنگدانەوە و کاریگەری یانی چی؟ بە بڕوای ئێوە چ جۆرە کاریگەرییەک لە شیعر و زمانی دیتران دەتوانێ ببێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی زمانێکی تایبەت و سەربەخۆ؟

– هەموو شتێک لەم دنیایەدا درێژە پێدەری شتێکی ترە. کامڵ بوون و بەردەوام بوون چارەنووسی دیالیکتیکی بوونە: بژێو لە یەکتر وەرگرتن و ئاریکاری دوولایەنە و گەشەکردنی مەیلە و کامڵ بوون، جوانن....! وشەش بەو دووبارە خولْڤانەوەیە کامڵ دەبێ. یەکەی شیعر و زمانیش وشەیە. ئاخێزگەی شیعر و زمان وشەیە. کاتێکردن و کارتێکران وەک بەشێک لەو گەشەکردن و پێکەوە ژیان و پێکەوەبوون و پێکەوە هەناسەکێشانەی ژیان دێتە ئەژمار. من «درێژە» بەو ڕەوتە دەدەم و هەموو دارێکیش چرۆ و وەچ و لکی خۆی هەیە و ڕەگاژۆ دەکا، هەموو تۆوێکیش خۆی دارێکە. دابەش کردن و پەرەپێدانی «یەک»ە بە «زۆر». ڕاز و پەرجۆی درێژەپێدانی ژیانیش هەر ئەوەیە. ئەدەبیات بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی بوونەوەرێکی زیندووە، کە «زگوزا» لە زات و سروشتی خۆیدا پەروەردە دەکا. هەم خولْڤاوە و هەم دەشخولْڤێنێ. لە بڕینی مەودا و ئەزموونی ئەو ڕێگە و ڕێبازەدایە کە لە دڵی هەزار زمانەوە زمانێکی سەربەخۆ دەدۆزێتەوە و گەشە دەکا.

* ئێوە لە ڕەوتی شیعری خۆتاندا لە «کێشی ئاشکرا»وە گەیشتن بە «مۆسیقایەکی ناوەکی»، ئەزموونی ئەو ڕەوتەوە چۆن بوو؟

– لە ئاکامی کامڵ بوونەوە بوو. کێش لە شیعردا، تایبەتی سەردەمی گشتی وێژی و گێڕانەوەی زۆر و زەوەند و درێژەداری بووە کە ئەو وەک سەردەمی تەلەسکۆپ لە شیعردا چاو لێ دەکەم. بەڵام مۆسیقای ناوەکی و هارمۆنی زاتی، تایبەتی ڕۆژگاری دۆزینەوە و وردبینی و مووقەڵێشی وردەکارییەکانی ژیانێکی شێلگیر و بەردەوامە، یانی سەردەمی میکرۆسکۆپی وشە، لە بنەڕەتیشدا «شیعری زمان» کە بە بیستنی «شیعری وتار»ە لەدایک بووی ئەم وردبینی و ڕوانگە ڕووناکە و ژیانی ڕۆژانە و زندووە. بیست ساڵ لەمەوبەر دەمزانی ڕەوتی شیعری وتاری هەموو بوارەکانی کەلام دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی، چونکە باوەڕم بە سەداقەت و هەقانەتەکەی بوو. لە سەرەتادا کاتێک ئەوبوار و ڕەوتە شیعرییەم دۆزییەوە و ناساندم، تاقمێکی کەم بەربەرەکانێیان لەگەڵ کردم ، بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەو تاقمە بەرەڤانی لە شیعری وتاری دەکەن. زۆرجاران وتوویانە و نووسیویانە کە شیعری وتار شیعری چەق بەستووی فارسی لەو قەیرانە دەربازکرد و ئاسۆیەکی تازە و فراوانی لە بەردەمی بەرەی داهاتوودا کردەوە. مامۆستا مەفتوونی ئەمینی یەکێک لە شاعیرانی ناوداری سەردەم، کە لە یارانی نیمایوشیج (بناغەدانەری شیعری نوێ ٨٥ ساڵ لەمەوبەر) بووە. ساڵی پێشوو لە وتارێکدا کە ڕۆژنامەی «شەرق» بڵاوی کردەوە، ڕاستگۆیانە و بوێرانە بەرەڤانی لە شیعری وتار کرد. لە ڕاستیدا وتار بەرەکانی پێشووشی بەرەولای خۆی کێشاوە.

* شیعری زمان و شیعری وتار کە ئێوە داهێنەر و ئەندازیاری بوون، هەربەکن، یان کامڵ کەری یەکترن؟

– شیعری وتار لە گیان و هەناو و بەستێنی «شیعری زمان»ە و سەری هەڵداوە. هەتا سەردەمی من بەردەوام باس، باسی «زمانی شیعر» بوو. من وتم بەسە، کۆن بوو. زمانی شیعر ئەمرێکی گشتییە، خۆ لە قەرەی گشتی وێژی و درێژدادڕی دەدا، ئێمە پێویستیمان بە شیعری زمان، یانی شیعرێک هەیە کە خۆی ڕۆڵەی زیندووی زمانی پێوەرە. زمانی شیعر جۆرێک داهێنان بوو، بەڵام شیعری زمان کتومت «دۆزینەوەیە». بوونێکی ئەزەلی و ئەبەدی هەیە. شیعری وتاریش لەسەر زەوی و بەستێنی شیعری زمان دەڕسکێ. بۆ وێنە ئەگەر شیعری

سپی شاملوویی هەڵقوڵاوی «زمانی ئارکائیکە»، شیعری وتار بەرهەم و ئاکامی دەستکەوتی «شیعری زمانە». بەو واتایە کە لە زمانی پێوەر و زمانی ڕۆژانە و زیندوویی ئێمەدا، ڕەگەگەلێکی درەوشاوە و بێ پایان لە شیعر و جەوهەری شیعری هەیە و لە ناخدا شاردراونەتەوە. کە بە پێی عادەت و بەکارهێنانی بەردەوام، نەمانتوانیبوو بیدۆزینەوە و لێی تێبگەین. من ئەو ئاسۆیەم دۆزییەوە، ناساندم و بنەما تیۆریکەکەیم ڕوون کردەوە.

* بزووتنەوەی شیعری وتاری کە کاریگەرییەکەی بەسەر شیعری گەلانی دەوروبەریشەوە دیارە، ئایا پێشینەیەکی دێرینی هەیە؟ جەوهەری بوونی ئەو لە شیعری شاعیرانی بەر لە ساڵحی-دا بووە؟

– لە وەڵامی پرسیارە وردبینانەکەتاندا لە سەرەتای ئاخافتنەکەدا گوتم کە لەم جیهانەدا هەموو شتێک لە شتێکی دیکە بژێو وەدەست دێنێ. شیعری وتاریش لەسەر ڕەگ و پنجی گاتاکانی زەردەشت ڕواوە و وەچی دەرکردووە. لە سەدەکانی ناویندا دەبینین کە حافزی مەزن، شاعیری شیعری وتارە. (نەک بە شێوەیەکی زاڵ) لەم سەردەمەشدا فرووغی فەروخزادی ئێمەش بێ ئەوەی خۆی بزانێ، بە شێوەیەکی سروشتی و زاتی شاعیری شیعری وتارە، منیش کارێکی زۆر گرینگم ئەنجام نەداوە. تەنیا یەکێک لە توانایییەکانی زمانم دۆزیوەتەوە و پێداگریم لەسەر کردووە. تێگەیشتن و ناسینی بارودۆخ و زەمان، یارمەتی دام تاکو ئەو بزووتنەوە پەرەگرە بکەمە ڕەوت و گەڕانێکی زاڵ و پڕ خوێنەر.

* لەگەڵ شتێک بەناوی شیعری پۆست مۆدێرن بە زمانی فارسی ئەم دەیەیەدا کۆکی؟

– هەموو دەبێ ئازادبن، بۆ ئەوەی هەموو بوارەکان تاقی بکەنەوە. ڕازی بوون و ناڕازی بوونی من گرینگ نییە. کاروانی وشە دەبێ درێژە بە ڕەوتی خۆی بدا. گرینگ «بزووتن»ە، جا تاقمێک لە مەنزڵ نزیک دەبنەوە، تاقمێکیش لە نیوەی ڕێدا وازی لێ دێنن و زۆر وردبینانە بۆیان دەردەکەوێ ئاکامی ڕێبازەکە شوێنێکی ترە. نموونەی بەرچاوی ئەو ڕەوتە عەلی باباچاهی شاعیری چالاکی سەردەمەکەمانە. ماوەی دە ساڵ بەردەوام تەپڵی پۆست مۆدێرنی لێدا و بانگەوازی بۆ کرد، بەڵام لەم دواییانەدا گەڕاوەتەوە سەر زمانێکی ساکار و قووڵ و بەری لە چاولێکەری کە زۆر پڕشنگدارە و من بەرەڤانی لە شیعری ئارام و سالمی ئەو دەکەم و بە گەرموگوڕی پێشوازی لێ دەکەم. لە بنەڕەتدا قسەی هەڵلەق مەڵلەق و هاتەران پاتەرانی لاوەکی و ناڕەسەن لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێ ناکەوێ، چونکە خەڵک وریا و تێگەیشتوون و ڕەوتی پووچەڵ و ناڕەسەن و درۆیین توور هەڵدەدەن. بەڵام زۆر بە نەرمی و تاقەت و سەبوورییەوە بە پێشوازی لێ نەکردن لەو «کوێرەڕێی وشە پووچەڵانە» و «باوی سەردەم بەڵام کەم دەوام» ئیرادەی خۆیانیان بەسەردا زاڵ دەکەن و دەیانسڕنەوە. ئەوەی کە پڕ هۆشترە کەمتر زیانی وێدەکەوێ. من دژی شیعری پۆست مۆدێرن نیم، ئەگەر شیعری «ژۆزێف برۆدێسکی» بێ، کە بە پێزترین و باشترین شیعری پۆست مۆدێرن دێتە هەژمار: ساکار و ڕەوان و بێ پێچ و پەنا و بەری لە شاتووشووت و فرتوفێڵ و درۆ.

* دەڵێم شیعری پێشڕەو، شیعرێکی بنەماشکێن و ڕچەشکێنە، ئێوە تا چەندە لەگەڵ ئەو گۆڕین و شکاندنە کۆکن؟

– سەردەمێکی سەیرە، سەردەمی کاولکارییە. ئانارشیسمی ڕۆحی، باڵی بەسەر هەموو کۆمەڵگاکاندا کێشاوە. لە بواری کاروباری نیزامی و سیاسیدا، تیرۆریسمیش خەریکی خۆ دەگۆڕین و بنەما شکێنییە. مانای «بەرخۆدان» مرد، تیرۆریسمیش جێگاکەی گرتۆتەوە. تیرۆریسمێکی کوێر و چەپەڵ کە دیاری دەستی بێ هێزی و مەرگی زانستە. لە بەستێنی ئەدەب و شیعریشدا جۆرێک تیرۆریسم سەری هەڵداوە کە پێی دەڵێن ڕچەشکێنی. جوان سەرنج بدەن، من وتەیەکی ڕەمزیم بەدەستەوەیە بۆ ئەمرۆ بۆ داهاتوو «ڕچەخوڵقێنی بکەنە جێگری ڕچەشکێنی، دەنا ڕق و بێزاری و تیرۆریسم، ڕۆحی مرۆڤ ڕمووده دەکا.» نیما یووشیج ڕچەکانی پشت سەری خۆی کوێر نەکردەوە، پردەکانی دوای خۆی نەڕووخاند، بەڵکو ڕچە و ڕێگایەکی تازەی وەدی هێنا و توانی لەوێوە لە «سوننەت» تێپەڕێ، شاملوو لە ناخی ڕێگاکانی نیماوە سەری هەڵدا و پێگەیشت، لە نیوەی ژیاندا ڕچەی تازە و تایبەتی خۆی خوڵقاند و ڕچەیەکی تازەی بەرەو ئەو ڕێگا دروست و شوێندانەرە کردەوە. ئەمڕۆش شیعری وتار ڕچەکەی شاملووی کوێر نەکردۆتەوە، ڕچەکەی حافز و نیما و شاملووی تیرۆر نەکردووە. بەڵکو بە ئافراندنی بنەما و ڕچەیەکی تازە کاکەشانێکی نوێی بە ئاسمانی شیعر زیاد کردووە. نەحلەت بە وەرگێڕانی هەڵە و ئەو تیۆرییە ژەهراوییانەی کەس نازانێ لە کوێوە هاتوون... کە ئەم فێڵ و گزی و چەواشەکارییەیان لە کۆمەڵگای ئەدەبیدا برەو پێداوە. پۆست مێدێرنیزم جوانە، چونکە لە وڵات و خاکی خۆی (ڕۆژئاوا) ڕچەیەکی نوێی خوڵقاندووە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی؟! بۆتە تیرۆریسمێکی کەلامی، کە بەختەوەرانە خەریکە تووشی سوان دەبێ و

لەبیر دەچێتەوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ: «خولقاندنی ڕچە» ڕۆڵەی «بەرخۆدانە بۆ وەدەست هێنانی دیموکراسی» و «ڕچەشکێنی» دیاری دەستی «تیرۆریسمە بۆ کاولکاری موتلەق و تۆقاندنی مرۆڤ» ئێستاش لێرە لە بەستێنی ئەدەب و شیعریشدا ئەو ڕووداوە قەوماوە. دیکتاتۆری زمان نابێ ببێتە جێگری وشە.

* ئەم گرفتە ئاکامی چ جۆرە قەیرانێکە؟

– قەیرانی ئامانجخوازی و قەیرانی مرۆڤایەتی و قەیرانی ئەوین و ئاشتی.

* شیعری وتار شیعری ئاشتی و مرۆڤە، وەک شیعری نازم حیکمەت؟

– ئێمە ڕێز بۆ گەنم دادەنێین نەک گوللە، ئێمە زەیتوونمان دەوێ بۆ مرۆڤایەتی، نەک زەبوونی و زەلالەت. ئێمە ئاسمان و کۆترمان خۆش دەوێ، نەک ئەبوو مەسعەب زەرقاوی و سەدام حوسێن.

* بیستوومانە سالحی بە ڕەچەڵەک کوردە و خۆی بە کورد دەزانێ، بەوەشدا کە ئاشقی ئەدەبیاتی کوردییە دەتوانین بڕوا بەو قسەیە بکەین!

– بژی مرۆڤ، بەتایبەتی خەڵکی کورد. جیاوازی نییە چۆن و لە کوێ. شێرکۆ بێکەس خەڵکی مەسجد سلێمان و خووزستانی ئێمەیە و من خەڵکی هەڵەبجە و سلێمانی و سنە، یان هەر بەهەشتێکی دیکەم. من ئەندامی بنەماڵەی هاوبەشی مرۆڤایەتیم.

* لە سەفەرێکی فەرهەنگیدا بۆ شاری سلێمانی ساڵی (٢٠٠٥) خەلاتی فیستیڤاڵی گەلاوێژت پێشکەش کرا، ئەوەت چۆن هاتە بەرچاو؟

– زیندووەکانیانم ماچ کرد و بۆ شەهیدەکان گریام. ئەوێ وڵاتی ونبووی خۆم بوو. لە نیزامی فیدراڵی عێراقدا، کوردستان بە پڕتاو گەشەی کردووە. جێی سەرسوڕمانە، دوای ئەم هەموو زوڵم و ستەمە، ئەو خەڵکە چۆن توانیویانە میهرەبانی و شادی خۆیان لەبیر نەبەنەوە و پارێزگاری لێ بکەن، کارەساتی ئەنفال بەسەر هەر کۆمەڵگایەکی دیکە بهاتبایە، لە بەرەیەکی هەڵدەوەشاند، بەڵام کورد ڕاپەڕی و گەشەی کرد و بووژایەوە. هۆلۆکۆستی کوردستان لە سەردەمی زوڵم و دیکتاتۆریی سەددامدا نەیتوانی ئەشق و هیوا و مرۆڤایەتی لەنێو گەلی کورددا قەڵاچۆ بکا.

* شیعری سەردەمی کوردت چۆن هاتە بەرچاو؟

– کەم وێنە و جیهانی.

* نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەوبەر لە وتارێکدا بەناوی «جیهان و ناڵەناڵی ئەزەلی» پێشوازیت لە شیعری کوردستانی ئێراق کرد و فەرمووت داهاتووی شیعر لەو وڵاتە، پڕشنگدارە، پێشبینییەکەتان دروست بوو، گوتبووت کاریگەری شاعیرانی سووری و تورک و عەرەبییان لەسەر نییە. شیعری فارسی چی؟ ئایا شیعری فارسی شوێنی لەسەر شیعری کوردستان داناوە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ؟

– ئەدەبی فارسی بۆ ئەدەبی کورد، وەک دایک و ڕۆڵە وان. شاعیرانی وەک نالی و مەحوی زیاتر خوێنەری فیردەوسی و مەولەوی و حافز بوون. ئێمە بۆ یەکتر غەریب و غەوارە نین. خاوەنی فەرهەنگێکی هاوبەشین و ڕۆحێکین لە دوو جەستەدا. ئەدەب و کردەوە و ڕەوشت و ورە و ئایین و فەرهەنگمان یەکێکە و شوێن دانان و شوێن وەرگرتن لە گۆڕێدا نییە. «یەک بنەماڵەین» لە دوو وڵاتدا کە «سنووری دەست کرد» لێکی هەڵاواردووین.

* شێرکۆ بێکەس بە گەورەپیاوی ئەدەب و پێشەنگ دەزانن، ئێوە ئەوتان بە «برای خۆتان» زانیوە، هەروەها شێرکۆ بێکەسیش ڕێزێکی زۆری بۆ ئێوە و شاملوو هەیە. بە بڕوای ئێوە «ژانی هاوبەش» بۆتە ئەو پێوەندییە ڕۆحییە؟

– شێرکۆ بێکەسی مەزن بێ سنوورە، چوارسەد لاپەڕە لە شیعرەکانیم وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و شیعراندوومەتەوە. بەڵام ماوەیەکی زۆرە ماوەتەوە و ئیجازەی چاپی پێ نادەن. پێوەندی ئێمە تەنیا ژانی هاوبەش نییە. ئەمە وتەی شێرکۆ بێکەس خۆیەتی: «ئێمە یەک بنەماڵەین.» حەڤدە ساڵ لەمەوبەر لە تاران چاومان بەیەکتر کەوت، دوای ئەوەش بەردەوام دیدار و وتووێژمان هەر پێکەوە بووە.

* لە کوردستانی ئێراق جگە لە شێرکۆ بێکەس لەگەڵ کەسانێکی تر چی؟

– لەگەڵ زۆربەی شاعیرەکانی «سێ بەرە» دیدار و چاوپێکەوتنم بووە، لەتیف هەڵمەت و کەژاڵ ئەحمەد و ڕەفیق سابیر و فەرهاد پیرباڵ ... مخابن عەبدوڵڵا پەشێو لێمان دوور بوو.

* شاعیرانێکی وەک هەژار و هێمن چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

– دوو کۆڵەکەی مەزنی شیعری کوردن. کەلامی حافزانەی هەژار و شیعری بەرخۆدانی هێمن بێ وێنەیە.

* هێمن ئەستێرەی پڕشنگداری شیعری بەرگری و بەرخۆدانی کوردە. دەکرێ لە ڕستەیەکدا باسی بکەی؟

– شاعیرێکە کە زۆربەی ڕستەی جوان و درەوشاوەی جیهانی هی ئەوە و گەورەیی هێمن لە ڕستەیەکدا ناگونجێ. ئەگەر هێمن نەبوایە، جیهان حەتمەن شتێکی کەم دەبوو.

* شیعری مۆدێرنی فارس لەگەڵ شیعری کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– داربەرووی خۆڕاگری زنجیرە چیایەکن.

* دەگەڕێینەوە سەر شیعری جەنابت، زمانی وتار و گەڕان و بزووتنەوەی ئەو جۆرە شیعرە ئێوەی کردە شاعیرێکی نەتەوەیی؟ جیاوازی لەگەڵ شیعری شاملوو چییە و لە چیدایە؟

– من ڕۆڵەی بچووکی گەلەکەی خۆمم. بەڵام شیعری سپی شاملوو خاوەنی زمانێکی ئارکائیک و تایبەتی چینی باڵا و ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە، بەڵام شیعری وتار زمانی شیعر دەکاتە پاڵپشتی خۆی نەک ئارکائیک و کتێبی بوون. شیعری وتار بەبێ دەستبەندی چینایەتی وشە کەڵک لە زمانی پێوەر وەردەگرێ و تایبەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە. من ئەو ڕازە لە حافز و شیعرەکانی فێربووم. پێشوازی بەربڵاوی خەڵکیش لە شیعرەکانم بۆ ئەو مەوزووعە دەگەڕێتەوە.

* حافز مووسەوی لە شاعیرانی بەرەی ئێوەیە؟ لە دوایین شەوە شیعری جەنابتدا لە تاران گوتی کە دوای فرووغ و شاملوو، ساڵحی و شیعرەکانی لەنێو خەڵکدا کاردانەوەیەکی بێ وێنەی هەیە و ئاوێتەی ڕۆح و هەستیان بووە، ساڵحی ئەو تابۆیەی «کەمایەسی بەردەنگ بۆ شیعری پێشڕەو»ی شکاند. خۆتان بیروڕاتان چۆنە؟

– من تەنیا شاعیرم و ڕێگای خۆمم گرتۆتە بەر. قەت پێموانەبوو ڕۆژێک شیعرە چاپ نەکراوەکانیشم سینگ بە سینگ و زمان بە زمان هەتا ئەوپەڕی سنوورەکان دەڕۆن. لەم دواییانەدا لە نەرویژ و ئێرلەند شیعرەکانمیان وەرگێڕدراوەتەوە و چاپ بووە، کە هێشتا لە ئێران بە زمان فارسی چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە. سروشتیشە ناتوانم ئەو شادییە منداڵانەیەی خۆم بشارمەوە. زۆرم ڕێز و خۆشەویستی لە خەڵک دیوە و زیاتر لە هەقی خۆم، ئەشق و خۆشەویستی دوایین کەرەسەی منە بە دژی ژیان. هەر کاتێک ئەشقی لە پشتەوە نەبێ سەرکەوتن بە خۆیەوە نابینێ. من بە تەواوی بوون و هەست و ڕۆحمەوە دەهۆنمەوە و بۆ خەڵکەکەمی دەهۆنمەوە.

* ئەگەر نەبووبایەی بە شاعیر، چت دەکرد؟

– ڕەنگە لەگەڵ ڕێبەرانی کورد ڕێگەی شاخم بگرتایە بەر.

* ئێوە بزووتنەوەی شیعری وتاریتان وەک شوێندانەرترین ڕەوتی تێک شکاندنی هیجا و دێربەندی لە شیعردا –ساڵی ١٩٨٥– دەست پێ کرد، بۆ ئەو ڕەوتەتان لە ڕواڵەتەوە دەستت پێکرد نەک لە ناوەڕۆکەوە؟

– پرسیارێکی وریایانەیە، وەک دەڵێن سەرەتا «جەستە» خولقێندرا، پاشان «وزە» و «شعوور» یان ئەو شتەی کە پێی دەڵێن «ڕۆح». سەرەتا ڕواڵەت پاشان ناوەڕۆک.

* ئێوە ساڵی ڕابردوو لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (Kurdsat) دیاربوو زۆر زاڵن بەسەر مێژووی ئەدەبی کورددا و زانیاریگەلێکت بەدەستەوەدا سەبارەت بە شیعر و مێژووەکەی کە زۆر کەسانی گەشاندەوە و تووشی سەرسووڕمانی کردن، ئەویش لە حاڵێکدا ئێوە زمانی کوردی نازانن، دەکرێ بفەرموون چۆن بەو زانیارییە گەیشتوون؟

– لە ماوەی حەوت ڕۆژی سەرەتادا لە سلێمانی، لە ڕێی گوێچکەوە و بە یارمەتی دیلماجەکان هێندە لەگەڵ مێژووی شیعری کورد ئاشنا بووم کە یادداشتەکانی شەوانەم خۆی لە سەد لاپەڕەدا. بەبێ هۆ کاتم بە فیڕۆ نەدەدا. لە نالی و مەحوییەوە بگرە هەتا هەژار و هێمن و شێرکۆ بێکەس و فەرهاد پیربال و کەژاڵ ئەحمەد و بەرەی لاوتر وەک ڕۆژ هەڵەبجەیی...

بەرلەوەش لە ئێران، ئەوەی وەرگێڕدرابێتەوە خوێندبوومەوە. تەنانەت لە چاپخانە بەناوبانگەکەی سلێمانی، بۆک و نابۆک بۆ وێنە دەمپرسی شیعری لەتیف هەڵمەت خوێندۆتەوە؟ چاپخانەکەی ئەوێ وەک «کافەی نادری تاران» شوێنی میوانداری کردنە لە خەڵک و ڕووناکبیران و ئەدەبدۆستان. لەوێ لاوێک منی ناسی و گوتی کتێبە شیعری «نامەکان»م بە کوردی خوێندۆتەوە، هەر بۆیە لێی پرسیم «ری را» کێیە؟ منیش لێرە «ری را»یەکم هەیە، «ری را»یەکی کورد.

* لە دوایین پرسیاردا زۆرت سپاس دەکەم کە کاتی بەنرخی خۆت پێداین و دەستت بەڕووەوە نەناین، تکایە لە ڕستەیەکدا باسی شیعری کوردی بکەن؟

– دوعا بۆ ئازادی.

**سەرچاوە:**

**پاشکۆی فارسی مهاباد ژمارە ٦٩.**

# مەسعوود محەمەد
# ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد

**هەندرێن**
**(سوێد)**

**(١ – ٢)**

**«نالی» مەبە عاجز، کە ئەمە دەورە نە جەورە**
**ساقیی کەرەمی یەک بەیەکە و نەوبە بە نەوبە**
**«نالی»**

«بە هەمـەحـاڵ دوور لە تاوگـیـری و ڕەشـبـینی... دەڵێم... زۆر لە دەوڵەتانی جیـهـانی سـێـیـەم خـۆیان لەخۆیاندا هێوێنی ڕسکانی دەوڵەتیان تێدا نییە، بەڵام تانوپۆی ئەو دەوڵەتانەی بە دەورییانەوەن ناچاریان دەکەن بەردەوام بن، چونکە ئەم ڕۆژگارە بە تالاّیی سیاسی پان و بەرین ناسەلمێنێ سەبەب بە پێوەندایەتی بەرژەوەندی زۆر و زەبەند پێـیـانەوە/.../ ئینجـا چ خـوێرییـەکـە ئەو حاکـمـانەی هەڵسـوورِ و داسووری عـیـفـریتـانە بەسەر مـیللەتدا دەکـات و وەک تاووس خـۆ فش هەڵدەهێنێت هەموو شان و شەوکەتیشی وەک بابایەکی لاخۆرە بەسەر سـفـرە و خـوانی خـەڵکەوە، لەو ڕووە کـە بوونی بەندە بەبوونی غەیرەوە.»

**مـەسـعـوود مـحـەمـەد، («لە پەرۆشـەکـانی ژیان»، ل:١١٠)**

### تیرۆژێک لە تەمیان بەدەوری مەسعوود محەمەدی تۆقەڵەوە (*)

لەبەراییـــدا، تاکـــو بۆ تاوێکیش بێ دڕدۆنگی ئەو یادەوەریانە هێور بکەینەوە، دەبێ ئاماژەیەکی کورتیلە بە پشتێنەی مەیلی نووسینی ئەم وتارە؛ خوێندنەوەیە بکەین کـە لەوێرا (ئێـسـتـێـتـیکا) جـوانناسی شـێـوازەکـەی؛ پەرۆشخۆرییەکەی بۆ زمان؛ کولتووری کوردی مەسعوود مـحـەمـەد سـەرنجی ڕاکـێـشـام، ڕاسـتـیـیـەکـەی هەر ئەو شـێـــوازاندنی هزرەش بوو کـە ئەوی کـردە تۆقـەڵـەیەک



مەسعوود محەمەد

لەزمانی کوردیدا. لە ڕۆژگاری هەشتایەکاندا، کە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەرەو پایزبی دەڕۆیشت و ئاستی فامکردنیشم بەرەو گومانێکی هەستەکی نەک ئاگایی دەرسکا، لە بەهارێکی بناری چیای گارادا لە پەنا کەڤرێکی پشت بارەگاکەماندا، بۆ یەکەم جار بە کتێبێکی دڵکێشی مەسعود محەمەد، «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» و دوو بەش لە مشتومڕەکانی نێوان ئەو و محەمەدی مەلا کەریم، کە وابزانم لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری»دا بڵاوکرابوونەوە. لێ هەنووکەش نازانم چتۆ ئەو کتێب و گۆڤارە گەیشتبوونە دەڤەرێکی وەک باهدینان و ئەو دۆڵ و بنار کێوە تووناوتوونانە! لە یەکەم خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا، بێ ئەوەی بە ڕەوانی لە کاکڵەی کتێبەکەش تێبگەم، کەچی ئەو شێوازی ئەو زمانەی کە کتێبەکەی چنیبوو لە زەینمدا چەسپی.

لێ دوای ڕۆیشتنم لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە بەرەو دۆڵی بالیسان و ڕۆژهەڵاتی کۆیێ و دواجاریش گەیشتنی شاڵاوە سەربازییەکانی «ئەنفال» و گرگرتنی کێوەکان بە بۆردومانکردنی تانک، تۆپ و فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەنفالکار، نە هەر ئەو کتێب و گۆڤارە لە بەین چوون، بەڵکو هەرچی کتێب و دەستنووسە دوور لە بارەگا و باخەڵی پێشمەرگەدا بێماڵ مانەوە. ئاکامی ئەو هێرشە شوومانەی «ئەنفال»ی سەربازە کیمیایی و کوردە هەڵەپاسە بەلەدەکانی ئەوێ ڕۆژێی سەدام و حیزبپەروەرەکانی ئەمڕۆ، دوای برینی ڕێگایە گەمارۆدراوەکان بە دڕکەزبی مۆڵگەی سەرباز و جاشان، شوێنپێی یادەوەری؛ ڕۆحی هەڵقرچاومان، وەک نسێگەلێکی دڕدۆنگ، لەناو سووتەمەڕۆی باغەکانی هەنار و ڕەزەکانی ترێی گوندەکانی بنار و لوتکەکانی چیای هەورێ و دەرەشیر و چرپەی کانیاو کەسیرە و تێنووەکەی گوندی «ئەشکەوتە»... وێڵبوون و جەستەی دووکەڵگرتوومانیش غەوارەی دوورە وڵاتان بوون. لەوێش «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» کۆشیعرە کۆستکەوتووەکەم «لە سێبەری کێوەکاندا ونت دەکەم، لە پێدەشتێک دەتبینمەوە» نامە دەستنووس و کتێبەکانی دیکە، لە ئەشکەوتەکەی گوندی «کافێ»ی بەری چیای گارادا غەوارە بوون.

کاتێک کە پەناگەی سوێد بوو بە پەناگەی ئەو حیکایەتانەی ژیان، ڕۆژێک ڕێم کەوتە کتێب فرۆشییەکی کوردی و بەدەم سەیر کردنی کتێبە بەسەر یەک کەڵەکەکانەوە، (کتێبەکان لەو یەک دوو کتێب فرۆشییە کوردیانەی سوێدیشدا وەک کوردستان، سەرو بەر کەڵەکە دەکرێن)، نیگام لەسەر «گەشتی ژیانم»، «مرۆڤ و دەوروبەر» و «زاراوەسازی پێوانە»ی مەسعوود محەمەددا سەنگرایەوە و یەکسەر لەگەڵ خۆمدا هەرسێکیانم کردە میوانی ماڵە سێبوورەکەم ، کە شەوانە خەونی سەربووردەکانی شەڕ ئەفسانەیی و پێشهاتی شاڵاوەکانی «ئەنفال» و هەژەندی کۆڕەوی دێهاتنشینەکان بەرەو سنوورە نادیارەکان گەمارۆیان دەدا و ڕۆژانەش بەهەڵهێنانی مەتەڵی ئەو خەونانە. لێرەدا ناچارم ئەوە جەختبەکینەوە کە ئەمڕۆ تەواوی دەزگا ڕۆشنبیری، پەروەردەیی و بگرە هەموو ئەو قسەگەلەی کە لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی دەکرێن. نەیانتوانیوە بە قەد کتێبی «زاراوەسازی پێوانە» و ئەو وتارگەل و گفتوگۆیانەی بەتایبەتیش گفتوگۆیەکەی شوکور مستەفا لەگەڵ ئەو لەمەڕ زمانی کوردیدا، ڕێگای ڕەوانبێژییەکی ژیربێژانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی زمانی یەکگرتووی کوردی بدۆزنەوە.

دەبا لە پەرۆشخۆری ئەو یادە بە سفت و سوێیانەوە

گوێ لەو دڵنەوایی؛ تێرامانە؛ شێوازاندنی شیعرییەتەی مەسعوود محەمەد ڕادێرین، کە دەکرێ لاواندنەوەیەکیش بێ لەم بێدەنگی کردنەی خودی ئەویش: «چ بڵێم و چ سوود هەیە لە گوتن: وا ئایەتی مەرگ ئایەتی ژینتی کوژانەوە، چراکەشت دوایین ترووسکەی خۆی تفاندەوە و دوو پێڵووی بەسەر بینابیدا هێنایەوە و بیلبیلەی چاوتی تیرە کرد کە پڕاوپڕ بوو لەجوانی خاک و گەشاوەیی ئاسمان، وا لەبەر گوێشت نرکەی نەمان دێت کە ئیرادەی مان تێی ئالاوە لەسەر سینەی نیشتمانت. چ بەیان کەم لەو هۆشبەدەرەی بە دڵتدا هات کە فامی خاوەنەکەی لێی حاڵی نییە و مالاوی پێ لەدنیا دەکات و ئومێدێکی پێ دەسپێرێ بازووی بڕوات بەخۆیەوە ناگرێت و قاچی هاڕدراوت ناتگەیەنێتێ.. چ ڕێی بەیان شک نابەم مەگەر ورتەی دڵی بە تۆوە کۆست کەوتووم لە گیانی بەبەر من گەڕاوت بچرپێنێ و نزام بۆت بەرزکاتەوە...» (١)

بەڵێ، لەم سەردەمە نەهامەتەدا؛ لەم ڕۆژگارە زمانکوژەدا، دەکرێ ئەم جوانناسی شێوازاندنە لە ئاخاوتنە وەک ئاوڕدانەوەیەک؛ خەمڕەوێنییەک بیخوێنینەوە.

ئیتر دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبانە مەیلی ناسکردنی بەهای زمانی کوردی و تێگەیشتن لەسەرچاوەی لەمپەرەکانی زمان و گومان لە هزری کوردی لەلامدا زیاتر فراژان. هاوکاتیش بە دەم خوێندنی مێژووی هزر و فەلسەفەوە لە زانستگایەکی ستۆکهۆڵمدا، لە میانەی گەڕان بەدوای کتێبە فەلسەفییەکاندا ئاشنای هزرڤانێکی سیاسی سەرنجکێشی سوێدی، هانس لارشۆن (Hans Larsson) بووم.(**) لەگەڵ شارەزابوون لەپاشخان، بوونی وەک یەکێک لە دەمڕاستێکی نموونەیی لە ئەکادیمیای سوێددا، بەرهەمە فرە ڕەنگ و بەهای کایەی کتێب و هەوڵە فرە بوارەکانی ئەو هزرڤانە سوێدییە لەسەر زمان و ڕۆشنبیری سوێدیدا، وێنای پاشخان، کەسایەتی، بوونی وەک دەمڕاستێک لەکۆڕی زانیاری کورد، بەهای کتێب و هەوڵە هەمەچەشنەکانی مەسعوود محەمەدیان لە خەیاڵمدا زاندەوە. لە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەمدا کە تەوژمی هزر و ئایدیۆلۆژییەکان لەچڵە پۆپەدا بوو و وڵاتە بچووکەکانی وەک سوێدیش بەدەم گەورەبوونی دەسەڵاتی نەتەوە گەورەکانی ڕۆژئاواوە لە خەمی بنیادنان و پێناسەکردنێکی جیاوازی نیشتمانەکەیاندا بوون. هانس لارشۆن لەگەڵ دەستەیەک لەو ڕووناکبیرە ئەکادیمیانەی سوێد، بەڕاڤەکردن و ناساندنی فەلسەفەی گریکییەوە بگرە هەتا دەگاتە زۆرینەی فەیلەسووف و بزاڤە کولتووری و ئەو ئایدیۆلۆژییە هەمەجۆرانە ناسیۆنالیزم کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە ئارادابوون، ڕۆڵێکی وەرچەرخێنەرانەیان بینی لە فۆرمۆلە کردنی بنیادی کولتووری و پێناسەی نەتەوایەتی وڵاتەکەیان. هاوکاتێکیش لەوکاتەی زۆرینەی دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاوا، لە ئاکامی تەقینەوەی ململانێیەکانی نێوان ئایدیۆلۆژییەکان لە کوورەی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەسووتان، کەچی ڕووناکبیر و سیاستەوانەکانی سوێد لاتەریک لەو شەڕە سەرگەرمی بنیادتنان و بە مۆدێرنکردنی وڵاتەکەیان بوون. بەم جۆرە هانس لارشۆن لە ڕۆژگارێک ژیا کە لەوێدا ئەرکی ڕووناکبیر لە پاراستنی بەهای ناسنامە و کولتووەکەیدا هەڵوێستی هەبێ. یەکێک لەو ئەرکە گرینگانەی ڕووناکبیر گفتوگۆکردن بوو لە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژییەکان. لە ناوەندی ڕۆشنبیری سوێدیدا، هانس لارشۆن بە نووسینی زیاتر لە ٤٠ کتێبی تیۆری، کولتووری، ئەدەبی و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانییەوە خۆی دەکاتە بە لەگوین (مەرجەع)ێکی نموونەیی.

نزیکی قەدەری نێوان قەدەری هانس لارشۆن و مەسعوود محەمەد ئەوەیە، کە هانس لارشۆن هەم بەر لە مەرگی و هەمیش دوای مەرگی، بۆ زۆرینەی ڕووناکبیر، ئاکادیمی، خوێنەرانی سوێدی وێنای هزرڤانێکی ئیدیالی؛ سەرچاوەیەکی هاندەر؛ هێمای مرۆڤێکی زرینگ؛ واتایەک لە مرۆڤدۆستی بوو، کەچی قەدەری مەسعوود محەمەد هەم بەر لە مەرگی و هەمیش دوای مەرگی، بەهۆی زمانە دانسقە و هزرینە ناباو و کەسایەتییە سەنگینەکەیەوە لەناوەندی ڕۆشنبیری پاشکۆی داگیرکەر و بێ یادەوەری کوردیدا گۆشەگیر بوو، لە بۆیە ئەو لاتەریک لە گەردوونی زمانەکەیدا ژیا.

لێ شایەنی باسە، ئەوکات لە ناوەندی ڕۆشنبیری سوێدیدا ململانێیەکی قووڵ لەنێوان بەرەی چەپ و ڕاستدا هەبوو. لەبۆیە هانس لارشۆنیش وەک هومانیستی کۆنپارێز هەمیشە لەگەڵ ڕووناکبیرە چەپڕۆکاندا لە کێشمەکێشدا بوو. بەم جۆرە وەک چۆن

نووسەر و سیاسییەکانی کوردستان مەسعوود محەمەدیان بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو دەزانی، بە هەمان شێوەش چەپڕۆکانی سوێد هانس لارشۆنیان بە لایەنگیری نازیزم و دژە کۆمۆنیزم دەزانی. (***)

وەلێ لێرەدا بە باشی دەزانین لەمەڕ ئەو «بەندوباوی» «ڕەجعییەکی زیرەکی»یەی کە دەدرێتە پاڵ مەسعوود محەمەد، گوێ لە وەرامی خۆی بگرین: «ئەوانەی وەها بە کەودەنی (ڕەجعی زیرەک) دەبزرکێنن نازانن لە تەپڵی بنی چ چاڵێکی قووڵی تاریکدا دەژین و لێشی دەرنایەن. بێگومان ئەوەی بە ڕەجعی دادەنێن گەلێک خاوێنترە لەوەی پێی دەڵێن شۆڕشگێڕ، چونکە بە لایانەوە کوشتن و سووتاندن و ڕماندن شەقڵی شۆڕشە. /.../ سوسیالیزم و دیمۆکراسی باوەڕی لووتبەرزن و بەنازوفیزن لەگەڵ پڕزۆڵەی کوردی عەبایلێ و هەڵاتووی بۆ هەندەران دانووی ناکوڵێ. (تقدمیة)یش بە فیکەی سمێڵەوە زەنە ناکات. /.../ دەبێ خۆت لەگەڵ خۆتدا خەریکی لێکدانەوە و بەراوردکردن و پێکگرتن، هەڵگێڕ و وەرگێڕی سەرلەبەری مێژوو و کۆمەڵایەتی بیت...» (٢)

بە دیوێکی دیکەوە، دەکرێ هۆکردی نەخوێندنەوە، یان بێدەنگی کردن لە بەهای دەقەکانی مەسعوود محەمەددا، پێوەندی بە زمانە سەنگین و جوانناسی شێوازاندی هزرینەکەیەوە هەبێ. شێوازی زمانی مەسعوود محەمەد، زمانی سۆز و حەماسەتی نییە، کە ئەو زمانەش زمانی زۆرینەی نووسەری کوردی پۆشیوە، بەڵکو زمانێکی ژیربێژانە و هزرپۆشە. تایبەتمەندی ئەو زمانەش، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەژ و هەوای شوێنگەکەی؛ پاشخانی کولتوورییە ئەرستۆکراتەکەی. مەسعوود محەمەد لە ماڵێک پەروەردە بوو کە خاوەن پایەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و چینایەتی بوو؛ ڕۆڵەی پیاوێکی جوامێری وەک «مەلای گەورە» بوو. مەسعوود محەمەد لەکتێبەکەی «گەشتی ژیانم»دا بەگێڕانەوەی ژیانی زارۆکایەتی و لاویەتی خۆیەوە، وێنای ئەو ماڵ و باوکە زانیارپەروەرەی خۆیمان بۆ نمایش دەکا. بەم جۆرە زمانی هزرینی مەسعوود محەمەد وەک ئاوێنەیەک لە پایەی پاشخانی خانەوادە خاوەن ڕۆشنبیرییەکەی، بارگاوی کراوە بە چێژ و سەنگێکی ئەرستۆکراتییانە. لەبۆیە هەرچەندە لەم دیو نووسینەکانیدا چەشنە سەلیقە وهەناسەیەکی تەوسئامێز و مەتەڵئامێزی کوردییانە هەیە، لێ خوێندنەوەی ئەو زمانە خاوەن چێژە ئەرستۆکراتی؛ فراژوو هزریوە؛ ئاکارە جوامێرەی ئەو بۆ زۆرینەی نووسەر و خوێنەری کورد نامۆیە، چونکە خوێندنەوەی زمانی مەسعوود محەمەد، پێویستی بە خوێنەرێکی خاوەن چێژ؛ یادەوەرییەکی کارا؛ ئاگاییەکی خەملیو هەیە. ئا لێرەوەیە خۆ بە شێوازکردنەکەی مەسعوود محەمەد. مخابن ئەو تەرزە خوێنەرەش، بەتایبەتیش ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا لە کشتایەتیدایە. کەواتە ئاستەنگی مەسعوود محەمەد ئەوەیە، کە لە ناوەندێکی ڕۆشنبیری؛ زمانێکی بیرنەکەرەوەدا، یان لەناوەندی ڕۆشنبیرییەکی سۆزئامێز و پاشکۆدا، بیری کردەوە و هەڵوێستە جوامێرەکانیشی وەک چیایەک شکۆمەند بوون. مەسعوود محەمەد بەتێهەڵچوونەوەکانی بەناو مێژووی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هزرییەکانەوە، خۆی کرد بە پەیکەرێک لە شێوازاندنی زمانێکی خودگەرا.

لەو ڕوانگەیەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە پێشینەی ئەو قەدەرەی کە کورد هەر لە دوای «ئیمپراتۆری مادە»وە دەرگیری بووە فام بکەین، کە هەتا ئێستاش کورد پێیوە دەناڵێنێت، دەبا بە چاوێکی ئاوەڵاوە ئەو تێهزرینەی مەسعوود محەمەد بخوێنینەوە کە مایەی لێ وردبوونەوەیە: «سەیرێکی مێژووی عەرەب بکەیت دەبینی لە ئاکامی فتووحاتی ئیسلام، هەر نەتەوەیەکی زمانەکەی لەخێزانی سامی بووبێت لەئاکامدا بوو بەعەرەب، کەچی فارس و کورد و ئەفغان و تورک و بەلووچ و نازانم کێ و کێ نەیانتوانی زمانەکەیان بهێننە سەرقاڵبی عەرەبی و بڵێن: (یضلل الله). فەقێیەک لە مزگەوتی کۆیێ چەندی کردی نەیتوانی فێر بێ بڵێ: (مثلا مثالێکت بۆ بهێنمەوە لە امثلەی مختلفە)...» (٣)

هەڵبەت ئەو تێهزرینەی مەسعوود محەمەد لە قەدەری ئەو بێ دەوڵەتی و نەهامەتیانەی کورد شەریتەیەکە کە لێرەدا ئێمە بوارمان نییە هەمووی یادداشت بکەین. وەلێ ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستترە کە خوێنەر و نووسەری زەین پەرتەوازەی کورد ئاوڕێک لەوتەرزە بابەتانەی، ئەو مرۆڤە پەرۆشخۆرەی کورد بداتەوە. کە ئەمڕۆ قەدەری کورد دەرگیریانە.

مەسعوود محەمەد، وێڕای ئەوەی خاوەن ئەزموونێکی سیاسی سەرنجڕاکێش بوو، هاوکاتیش لە بەرهەمە هەمەڕەنگەکانیدا خوێندنەوەی دانسقە بۆ کشتایەتی (تەنگژە) گەلێکی وەک: کێشەی سیاسەت، گەندەڵی، خەمەکانی زمانی کوردی، دۆزی نەتەوایەتی و... تاد ئەنجام دا و پێشبینی ژیریبێژانەشی بۆ ئاکامی زۆرێک لەو پرسیارانە کرد کە ئەمڕۆ بوونی کوردیان داهێزراندووە. لێرەدا بوارمان نییە ئاماژە بە تەواوی خوێندنەوەکانی مەسعوود محەمەد بۆ ئەو کشتیانە بکەین. لێ بۆ نموونە، ئێمە نیگای خوێنەر بۆ کتێبی «ژیان و جیهانبینی» رادەکێشین، کە لەوێدا مەسعوود محەمەد پرسگەلێکی هەنووکەیی و گرینگی وەک ڕەهەندی ئایین و بەتایبەتیش ئیسلام ڕاڤە دەکا، کە بەڕای ئێمە، هێژاترین لێکدانەوەیە لە زمانی کوردیدا.

دیسانەوە گومانکردن لە فەرامۆشکردنی ئەو مرۆڤە لە پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا، لە خەیاڵدانی پەرتەوازەی مندا زایەوە. لێ هەر جارەی کە دەستم بە نووسین لەسەر ئەو مرۆڤە، یان دەستپێکردنی گفتوگۆیەک لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤەدا دەکرد، کەچی بە دەم ئەو ئاخاوتنەوە لەناو خورە و شەپۆلی جۆگەلە و لک و پۆپەکانی زمان و هزرینە زەمەند ئاساکەی ئەو مرۆڤەدا هەڵەتە دەبووم. - ڕەنگە لەم سەفەرەشدا گیرۆدەی ئەو هەڵەتە بوونە بم- دەکرێ بەشێک لە هۆکردی ئەمەش نەبوونی نووسینگەلێکی بەهادار بێ لەسەر بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە لە زمانی کوردیدا، چونکە بوونی ئەو نووسینگە لە بەشێک لە پەژارەکانی ئەو بۆ زمان و بەهای هزرین، گەلێ ئەرکت لەکۆڵ بکەنەوە. لە بۆیە مرۆڤ بەتاکە وتارێک لەسەر ڕەهەندی مەسعوود محەمەد لە زمانی کوردیدا، ناتوانێ بوونی ئەو وەک خۆی لەناو ئەو بۆشاییە پانوپۆڕەدا ئامادە بکاتەوە؛ بەرهەم بهێنێتەوە. کەواتە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دیاردەی مەسعوود محەمەد، وەک خوێندنەوەی دەقگەلێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ناوکۆیی (کۆنتێکست)ییە.

هاوکاتیش ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بە تەنیا، پێویستی بە تەرخانکردنی کاتێکی ڕەخساو و بێندرێژ هەیە، لێ مخابن ئێمە ئێستا بەهۆی ئەرک و چەپەرەکانی ژیان توانای دەستەبەرکردنی ئەو کاتەمان نییە تاکو بتوانین فرەتر ڕەهەندەکانی دیکەی بخوێنینەوە. وێڕای ئەمەش لە داهاتوودا هەوڵ دەدەین، بە گوێرەی توانای خۆمان، ئەوکات و بوار بڕەخسێنین تاکو لە کولانەی جیاوازەوە ڕەهەندگەلی دیکەی گەردوونی بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە بەسەر بکەینەوە.

لەوەش بترازێین، ئەو مرۆڤە کوردە، نەک هەر لە زمانی کوردیدا زایەڵەیەکە؛ لەرینەوەیەکە لەهزراندن، بەڵکو لە زمانی عارەبیشدا خودان شێوازێکی دەگمەنە. بەم جۆرە ئەو مرۆڤە، تاکە کوردێکە جیهانی دەهزرێ. بەمەش توانی بەخۆی و زمانەکەیەوە بەرەو جیهان بڕوات. کەواتە خوێندنەوەی بەرهەمە عارەبییە دانسقەکانیشی، کات و خوێندنەوەیەکی بەجیای گەرەکە.

لە بۆیە هەقە کتێبەکەی نووسەری عیراقی (حمید المطبعي) بەناوی «مەسعوود محەمەد» کە لە بارەی ژیان و فەلسەفەی مەسعوود محەمەدی نووسیوە،- مخابن بەندە نە ئەو کتێبەی خوێندۆتەوە و نە شتێکیش لە بارەی ئەو نووسەرە دەزانێ-، بەیادی خوێنەر بهێنینەوە کە هەڵۆ بەرزنجەیی لە میانەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ مەسعوود محەمەددا ئاماژەی پێدەکا. لەوەرامی پرسیارەکەی هەڵۆ بەرزنجەییدا لەو کتێبەدا، مەسعوود محەمەد ئاماژە بەوە دەکا کە (المطبعي) لەلاپەڕە ١٢٨دا نووسینەکانی ئەوی بە «لهجة مفكر» پێناسە کردووە. هەڵبەت ئێمە دەزانین ئەمڕۆ لە کوردستاندا نووسەرە خاوەن دەزگا چاپەمەنی و دەزگایەکان سامانێکی فرەیان بۆ وەرگێڕانی کتێبەکانی خۆیان و هاوڕێیەکانیان بۆ عارەبی زمانەکانی دیکە تەرخان کردووە، هاوکاتیش ساڵانە گەلێک نووسەری عارەب بۆ «فیستیڤاڵ»ەکان داوەت دەکەن، تاکو ئەو نووسەرانە بە «مەزن» و «داهێنەر» ناودێریان بکەن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: لەوکاتەی کە ئەو نووسەرە عارەبە کتێبێکی لەسەر سەنگینی زمان و هزرەکانی مەسعوود محەمەد نووسیوە، کە ئەوکات ئەدەبی کوردی لە ناوەندی ڕۆشنبیری عارەبیدا قسەیەکی لەسەر نەدەکرا، بۆ ئێستا نووسەرێک قسەیەک لەسەر ئەو کتێبە ناکا، یان نەیکات بەکوردی؟ گەلۆ ئەوەیە بەشێک نییە لەو گەندەڵییەی کە لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا برەوی پێدەدرێت؟

بەهەمەحاڵ، بەڕای من، لەم ڕۆژگارەی ئێستادا کە دەم هەراشی لەلاساییکردنەوەی هزر و چەمکە باوەکانی

ڕۆژئاوا لە ئارادایە و زمـــانی ڕۆژنامــەوانیش ئاگــایی نووسـەر و خـوێنەری زمـانی کـوردی کـلـۆڵ کـردووە، بۆ ئەوەی بتـوانین بەهای هزرینی مـەسعـوود مـحـەمـەد، کـە ئێـمە لێرەدا بە دیاردەی جـوانناسـییـەک لە شێوازاندنی هزر، دیاردەیەک لەفـەلسـەفـاندنی پەرۆشی کـورد ناودێری دەکەین، بەرهەم بهێنینەوە؛ ڕەهەندە نەگوتراو؛ جیـهـانە نادیارییـەکـان لە گەردوونی هزرینی ئەودا بەدیاربخەین و بدۆزینەوە. ڕاستییەکەی دەبوو ئەو تەرزە خوێندنەوەی کە مەسعوود محەمەد بۆ نالی و حاجی قادری کۆیی بەرهەم هێنا، ببـێـتـە سـەرچاوە و هاندەرێک بۆ ڕەخنەسـازی و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی، لێ لە خۆمان ڕادەبینین کە تا ئێستاش ڕەخنەی کوردی نەیتـوانیـوە شێوازێک لە وێنەی ئەو بەرهەمـە بهـێنێت. لە بۆیە بۆ ئەوەی ئەمـڕۆ ڕەخنەی کــوردی لە دەست ئەو نووســینە مــجــێــز ئامــێــز و هاوڕێـبـازیانەی کـە بەناوی ڕەخنە دەنووسرێن ڕزگـار بێ، پێــویســتــە بە ئاوەزێک لە ڕەخنە بەرەو فـرەواندنی ئەو ئەزمـوونە ڕەخنەییـە دەگـمـەنەی مـەسعـوود مـحـەمـەد و هاووێنەکـــانی بگەڕێینەوە. ڕاپەڕاندنی ئەم پرۆژەیەش پرۆژەیەکی بە کــۆمــەڵی؛ تەوەرگــەلێکی جــوودا؛ ڕوانگەگەلێکی فرە ڕەهەند و بێلایەنی گەرەکە. لێ بەدەم ئەو پاڵەواندنەی چەند نووســەرێکەوە کــە ئەمــڕۆ لە ڕوانگەی شارچییەتی، هاوڕێچییەتی، حیزبچییەتییەوە لەپانتــــایی، یان بازاڕی نووســـەرانی کـــوردیدا لە هەڕمێندان، هاوکاتیش لەو دەمەی کە زمانێکی ڕووتەڵە بۆتە زمانی نووسەر و خوێنەران، ڕەنگە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە لە لایەن ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی کوردییەوە، جۆرە خەیاڵپلاوییەک، یان دەربڕینێکی سافیلکەیی بێ.

وێڕای ئەوەش، ناکرێ ئەو دوو هەڤپـەیڤـینە پانوپۆڕ و زانیــار بەخـشـەی هەڵۆ بەرزنجـەیی لەگـەڵ مــەسـعــوود مـحـەمـەددا لەیاد بکەین کـە لە دوو کـتـێـبـدا، «ژیان و جـــیــهــــانبــــینی» و «پەرژینی بێـــدەنگی»دا بڵاوی کـردوونەتەوە، کـە تژییـە لە بیـرۆکەی نەگوتراو و بوێرانە لەمـەڕ ئایینی ئیـسـلام، ژن، کـێـشـەی بیـری نەتەوایەتی کـورد، هاوکـاتیش ناکـرێ خـەمـخـۆری ئاسـۆس کـەمـال لەچاپدانەوەی بەشێک لەکتێبەکانی مەسعوود محەمەد و چاپکردنی نامەکانی مەسعوود محەمەد لەلایەن گۆڤاری «ڕامان» و کردنەوەی سایتێک بۆ زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەو لەلایەن نووســەرگــەلێک مــێــرخــاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستـان وەک وریا مامڵێسی لەزەین نەگرین،کە گشت ئەمانە و ئەو هەوڵانەی دیکەش کە بەندە لێیان بێئاگایە، واتای بەهەند وەرگرتنی دەقەکانی ئەو مرۆڤەن.

بەهەمەحاڵ، ئەم وتارە خوێندنەوەی مەسعوود محەمەد، وەک دیاردەیەک لەهزر، زمــــانناس، ســـیــاســـەتوان، مــێــژووناس، ئەدەبناس... نیــیـە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ وێناکـردنی کـردەی ئاخـاوتنی مـەسعـوود مـحـەمـەد وەک جوانناسییەک لەشێوازاندنی هزر.

بەڵام لێرەدا بۆ بەیاد هێنانەوەی واتای فـەرامۆشکراوی مـەسـعـوود مـحـەمـەد لە زمـانی ئەمـڕۆی کـوردیدا، حەز دەکـەین تیـرێژێک لەڕوانگەکـانی ئەو مرۆڤـە لەمـەڕ ئەو گرفتـانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی کۆمـەڵگای کوردیان گرتووە، بچنینەوە. بۆ نموونە با ئەو تیـڕامـانەی لەمـەڕ گـرفـتی گـەندەڵی بخـوێنینەوە کـە بۆتە دێوەزمـەی کـۆمـەڵگای کوردی: «... هەروا خراپە لە قەتلەوەیە نەک لە تفەنگ، ئاژێری هەڵشـــەوەیە نەک لە گـــەڕۆک. حـــاڵوباری گـەندەڵیش لەکـۆمـەڵدا بەچکەی خـەڵقـەکـەیە هەرچەندە هۆیەکەشی ستەمکارەکە بێت کە ئەویش مرۆیەکە مرۆی وەک خـۆی بەکـاردەهێنێ بۆ لێـخـۆڕینی ئەو خـەڵکەی سەریان بۆدانەوەندووە /.../ ڕەقـایی بەردیش، دوور لە بەرد، ناتوانێ کاریگەر بێت. پێویستە مرۆ هەبێت و بەرد هەبێت کـاریگـەر بێت بەچاک، یان خـراپ..»(٤) ئەو خوێندنەوەیە لە هۆکردی گەندەڵی و کێشـەکانی، ڕامان ورووژێنە نەک وەک زۆر لە و نووســـینە هەرزەگـــۆیە سەرگێژکەر و خوێرپلانەی کە ئەمڕۆ لەسەر دیاردەی ئەو گـەندەڵـیـەی کـە بەناو ناخی حکومـەت و کـۆمـەڵگای کوردستاندا ڕەگی داکوتاوە، دەنووسرێن.

یان با بەراوردێک لەنێوان ئەو تێـهـزرینەی مـەسعـوود محـەمەد لەسەر گرفتی ژن و ئەو قسـەگەلە پفکراوانەی ئەو هەمـوو پیاوە دێوەجامـەپۆش و قسە سواوەکـانی ئەو ژنە بە زار ئازاد و بە ئاوەز وابەستـانە بکەین، کە ئەمڕۆ بەهۆی بە قـوربانیـبـوونی ژنان لە قەسابخـانەی شەرەفی پیـاودا ڕووبەری بلاوکراوەکانی کوردیان پڕ کردۆتەوە، کە ڕاسـتـیـیـەکـەی زۆرینەیان بازرگـانی کـردن، یان بۆ ئەوەی دەست بە هەمـەگـیـرییـەوە بگرن، ئەو تەرزە نووسـینانە خوێندنەوەیەکی زانستی نین بۆ کێشەی ژن.

«... ئافـرەت لە زۆر وڵاتاندا دووری ئەو مـوعـادەلانە دەژیا کـە فـەیلەسـووف بڕیارە مـێـژوویـیـەکـانی لەسـەر

هەڵدەنێت تا ئێستاش لە زۆر وڵاتدا حاڵی ئافرەت هەروەهایە ئینجا چۆناوچۆنی سەرجەمی کاران ڕاست هاتووە لەو دەرفەتە تەسکەدا کە هێز و پیتۆڵی «پیاو» تێیدا دەگەنەوە یەکتر؟ وەرامی یەکەم و بەر لە هەمووان ئەوەیە کە ئەو سەرجەمە هەرگیز ڕاست نەهاتووە بەپێی ئەوە کە فەلسەفە چاوەڕوانە پیاو هەمیشە داڵدەی بەرژەوەندی گرتبێتە بەر، نە هەموو کەس بە داڵدەکەوە چووە و نە هەموو پێوە چوونێکیش بەرژەوەند ئامێز بووە، لە ڕابردووشدا کە کار بە جۆرێک لە جۆران ڕاست هاتووە لەوەوە بووە باری ژیان لەخۆوە، ڕۆژ بەڕۆژ، گلۆر بۆتەوە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە خەفەتی فەیلووسوفان کە ناچارن ژیان و گوزەران هەڵنێن لەسەر بەرژەوەندبینی و هۆشمەندایەتی هەر هەتا بتوانن هۆکاریەکی هۆشگرانەی لێ داڕێژن بۆ ئەوەی ماجەرای مێژووی تێبهاوێژن..»(٥). لێرەدا ئێمە درێژە بەو باسە نادەین، لێ بەراوردکردنی ئەو تیرێژگەلە لە ڕوانینە لەگەڵ زۆرینەی ئەو قسە ڕۆژنامەییانەی کە ڕۆژانە لەسەر زار و لاپەڕەی بڵاوکراوەکان دووبارە دەکرێنەوە، بۆ ئەو خوێنەرانە بەجێ دەهێڵم کە دڵسۆزانە لە خەمی کێشەی ژنانن.

کەواتە هۆکردەکانی فەرامۆشکردنی بەهای جیهانبینی مەسعوود محەمەد هەر تەنیا پێوەندی بەو دۆخە دابەشکراوەی ڕۆشنبیری کورد نییە لەنێوان ئایدیۆلۆژی دەڤەری؛ قەریحە و مجێزی حیزبی؛ هاوڕێچییەتی، بەڵکو هۆکردی سەرەکی پێوەندی بە بوێری هزرین؛ جوانناسی شێوازاندنی زمانی ئەو مرۆڤەوە هەیە. ڕەسەنی مەسعوود محەمەد لەوەدایە، کە ئاراستەی هزرینی ئەو بەپێچەوانەی ئەو مارکسیزمە ستالینستییە مێگەلییە باوە و کوردایەتییە سافیلکەییە بوو، کە بە دەروێشایەتییە وشکەڕۆیەکانیانەوە زمانی کوردیان سیخناخ کردبوو و دەکەن. لەناو ئەو ڕەوشە ڕۆشنبیرییە داخراوەدا، یان بە واتای مەسعوود محەمەد، ئەو دۆخە ڕۆشنبیرییە دەروێشایەتییەدا، ئەو بە تێگەیشتنێک لە بەهای مارکسیزم، مەودایەک لە بەرانبەر ئەو مارکسیگەراییە وشکەڕۆیەدا وەردەگرێ و هەوڵ دەدا بە ئاوەزێکی ڕەخنەییەوە مارکسیزم بخوێنێتەوە. ڕاستییەکەی مەسعوود محەمەد، هەر لە شەست و حەفتاکاندا، هاودەمی هزرڤانگەلێکی مارکسیستی ڕۆژئاوایی، مینا ئالتوسێر، ئەدۆرنۆ، دۆرکهایم؛ هزرڤانانی سەربە «قوتابخانەی فرانکفۆرت»دا، جاڕی بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لەتیۆری مارکسیزم و میراتگەرەکانی ئەو تیۆرییە ڕاگەیاند. ئەوکات لەناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەگەر نووسەرێک ڕەخنەی لەو مارکسیزمە بە ئایینکراوە بگرتبا، نەک هەر خوێنتاڵ دەکرا، بەڵکو بەنووسەرێکی «ڕەجعی»؛ دواکەوتوو لە قەڵەم دەدرا. جێگەی سەرنجە دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەک؛ دوای ڕمانی بلۆکی کۆمۆنیزم، ئینجا خودی ئەو نووسەر و سیاسییانەی کورد، بێ ئەوەی سڵاوێک، ئاماژەیەک بۆ پێشبینییەکانی مەسعوود محەمەدیش بکەن، نەک هەر فێر نەبوون بە ئاوازێکی ڕەخنەییەوە لە ئایدیۆلۆژی بڕوانن، بەڵکو بەشێکیشیان بە هەمان شێوەی هەمەگیرییەوە بوون بە نەیارێکی سەرسەختی مارکسیزم و چەپڕۆیی.

وێڕای ئەمەش، ئەو مرۆڤە هەر زوو دوای ڕاپەڕین، بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و ڕوانگەی نوێنەرە سیاسەتوانەکانییەوە، پێشبینی ئەو ڕەوشە سیاسی و جڤاکییە تەڤلەهەقەی کردبوو کە ئێستا لەئارادایە. خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ هەڤپەیڤین و وتارەکانی ئەو لە نەوەدەکاندا، کە لەوێدا وردبینانە و هاوکاتیش دڵسۆزانە لە ئاکامە بەدەکانی ئەو حیزبگەرایی و ڕەوشە ڕۆشنبیرییەی کە ئاراستەی کورد دەکەن، دەپەیڤێ.

بەهەمەحاڵ، بێ لە گەمە مەسعوود محەمەد بەدەر لە پەسندان، وێنای ئەو ڕووناکبیرە ئیدیالی و ماندوونەناسەی کوردە کە لەمڕۆی ژیانی کورددا ئامادەیی نییە. هەرچەندە ئێمە، وەک دڵناواییەک بۆ یادکردنەوەی ئەو، لە کتێبە «هەتککراو»ەکەماندا «گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا» و وتارگەلێکدا جەختمان لە بەهای ئامادە بوونی ئەو مرۆڤە لە زمانی کوردیدا کردۆتەوە، لێ ئامادەبوونی وێنای مەسعوود محەمەد، وێڕای بەشێکی زۆر لە نووسەرە ئاوزە و هاوخەمەکانی وی، کە بەڕاستی، وەک شێوازێک لە ژیان، لە زمانی کوردیدا ژیان، دەکرێ بکرێتە پێوانەیەک؛ وێنایەک؛ ئەزموونێکی کارا بۆ بەهای هزرین و نموونەی ڕۆشنبیری کە ئێستا زمانی کوردی لە هەموو کاتێک زێتر حەوجەیەتی. مەسعوود محەمەد جوانناسی شێوازاندنە

هزرييەكەی لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، كە ئەو بە ئاكامگيرييەكانی لە هەڵكۆڵينی زمان؛ لەراندنەوەی نەگوتراوە گوتراوەكانی زمان، ژيانێكی نوێ بەو زمانەی دەبەخشێ. بە تێهەڵچوونەوەك لە دەقە ئەزموونكراوەكان؛ بە ڕاڤەكردنێک لە شيعرەكانی نالی و حاجی قادری كۆيی؛ بەسەفەرێک بەرەو وێستگە و دووڕيانەكانی مێژووی ڕابردوو، خۆی دەكا بە مينا پەيكەرێكی كولتووری، مێژوويی هەنووكەيی، هاوكاتيش لە كن ئەو، مرۆڤ ئاكامێک نييە لە گۆڕانەكانی دۆخی ژێرخان و سروشت، بەڵكو خودی مرۆڤ ژێرخان و سەرخانە. بەم جۆرە مرۆڤ سەرشاری كاتە: ڕابردوو و ئێستا و داهاتووە.

كەواتە ئەو سۆزەی من بۆ مەسعوود محەمەد هی هەستێكی وابەستەيی، هاوشاری نييە كە ئەمڕۆ لە نێوەندی نووسينی كورديدا بەهەڕمێنە و هەميشەش مجێز و تەبياتمان تێک دەدەن، بەڵكو سەرچاوەی ئەو سۆزە لە كردەی خۆكردنی ئەو بەجوانناسی شێوازاندنی هزر هەڵگرتووە. لەوەش زياتر، ئەو ڕۆژگارە سياسی و ڕۆشنبيرييەی كە مەسعوود محەمەد تێيدا ژيانی نووسينی بەهەڕمێن بوو، مايەی سەرنجدانە. لەبۆيە نەک هەر زمان، شێواز و هزرينەكەی ئەزموونێكە لە نەوازەيی، بەڵكو بە قڕساندن لەگەڵ هەموو نووسەرێكی كورد و بگرە جيهانيش، خودی ژيانەكەشی ئەزموونێكی دەگمەنە. لێرەوە، ئەگەر خوێنەر و نووسەری ئەمڕۆ، كە زۆرينەيان، بەهۆی ئەو دۆخە مرێنراوەی ڕۆشنبيری كوردييەوە، نە ناوی مەسعوود محەمەديان بيستووە و نە كتێبەكانيشيان خوێندۆتەوە. ئەمەش چونكە ئەمڕۆ دەمڕاستانی ڕۆشنبيری كوردی خۆيان لە لاساييكردنەوە پاشكۆيی نووسەرە بيانييەكان خنكاندووە. هەرچەنديش ساڵانە دەيان كتێبی خوێڕيلەی نووسەرانی خۆماڵی و بيانی چەندان جار چاپ دەكرێنەوە، كەچی كتێبەكانی مەسعوود محەمەد، لە كتێب فرۆشييەكانی كوردستاندا دەست ناكەون! لەوەش بترازێين كە دەمڕاستەكانی ئەو «فيستيڤاڵ» و «دەزگايە خەڵات» بەخشانە دوای دابەشكردنی ئەو هەموو «خەڵات» و «ڕێزلێنان»ەش بەو هەموو نووسەر و شاعيرە «مەزن و داهێنەر»انە، كەچی جارێک ئەوەيان بەزەين دانەهات واز لە مجێز و قەريحەی حيزبازی و گرووپبازی خۆيان بهێنن و كۆڕێک، يان فيستيڤاڵێک بۆ ئەزموونە بە نرخەكەی مەسعوود محەمەد و هاونموونەكانی تەرخان بكەن. لێرەدا پەرۆشخۆريمان بۆ تەرخانكردنی فيستيڤاڵێک، يان ئاوڕدانەوەيەک لەو نووسەرە ماندوونەناسانە، واتای دووبارەكردنەوەی ئەو تەرزە پەسندان و نمايشكارييە سارد و سڕانە نييە كە بۆتە پيشەی فيستيڤاڵ و كۆڕەكانی كوردستان، بەڵكو ڕەخساندنی بوارێكە بۆ ڕاڤەكردن؛ ڕەخنەگرتن؛ گفتوگۆيەكی پلۆميكی لە هەمبەر ئەو نووسەرانەدا. بەش بەحاڵی خۆم من كەيفم بە هێماكردن؛ «مەزناندن» ؛ «پاڵەواندن»ی هيچ مرۆڤ؛ ڕووناكبيرێک؛ بوونەوەرێكی سياسی؛ كۆمەڵايەتی؛ ئايينی نايێ، بەڵكو پەرۆشی من بزواندنی بۆشاييە فەرامۆشكراوەكانی يادەوەری زمانی كوردی و بەدەنگهێنانيانە؛ ڕاڤەكردنيانە بە ئاوەزێكی ڕەخنەيی.

لێ لەمڕۆی كوردستاندا، لە كاتێكدا ئەمڕۆ بڵاوكراوە كوردييەكان ڕۆژانە سەرقاڵن بە تەرخانكردنی تەوەری تايبەت بۆ قسەگەلێكی ڕووكەش و ڕۆژنامەيی لەسەر چەندان نووسەری بێگانە، كە زۆرێک لەو نووسەرانە نەک هيچ كتێبێكيشيان بە كوردی كراوە، بەڵكو سوودێكی ئەوتۆشيان بۆ پێداويستييەكانی ئەمڕۆی كورد نييە. ئەو دياردەيەش لە ڕۆشنبيری ئێمەدا بێجگە لە قووڵكردنەوەی نەخۆشی پاشكۆيی و لاساييكردنەوە بترازێ هيچی تر نييە. ئەرێ ئەو دۆخە ڕۆشنبيرييە واتای يادەوەرييەكی تالانكراو نييە؟! بەهەمەحاڵ، ديسان دەبێ بڵێم، كە هەرچەندە درێژبوونەوەی ئاخاوتنەكەمان نيگەران هێنەرە، لێ ئەمەش زادەی تەميانی منە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تەمی فەرامۆشكردن و بێدەنگييە بە دەوری ڕۆحی مەسعوود محەمەدی تۆقەڵەدا.

**لەراندنەوەی زمان؛ وێنايەک**
**لە جوانناسی شێوازاندنی هزر**

كاتێک گەردوونی كتێبەكانی مەسعوود محەمەد دەخوێنينەوە، لەگەڵ ڕۆچوون لە ئاوازی پەيڤ و ڕستە لێكچنراوەكانييەوە دەبينە هاوسەفەری ستايل، شێوازە زمانێكی چێژ بەخشی شكۆمەند. لەوێدا ئەو زمانە لەسەفەرە بێن درێژەكەيەوە لە خەمی ئەوەدايە لە ئاراستەيەكی بێدەنگی ڕاماودا بە ئەزموونە

تەنیاییەکەی؛ بە گەوهەری بوونەکەی لە ئاسۆی شێوازێکی ڕەسەن و دانسقەدا ڕابگەیەنێ.

بەم جۆرە تەنیاییەکەی مەسعوود محەمەد، هەر تەنێ لە خودی ڕەسەنەیی و کارامەیی لە کۆزانیار (ئێپیستیمۆلۆژی)، ڕاڤەکاری و بیرۆکە لێکچنراوەکانیدا نییە، بەڵکو لە لەرینەوەی بەهایەکانی زمانەکەی، هزرەکانیدایە لە جوانناسی شێوازێکی خەملّیودا. مەیلە جوانناسییە بەرجەستە کراوەکەی ئەو شێوازە لە گەردوونی زمانی مەسعوود محەمەددا ئەوەیە، کە بوارێک، دیدارێک بۆ بوونی خۆی بڕەخسێنێ کە بهزرێ، کە بە جوانناسییەک لە شێوازی خۆیەوە بێژێ: من هەم، کە بوونم هەیە. لێ لەکن مەسعوود محەمەددا خۆ کردنە بەسێنتەری بوون لە شێوازێکی هزریندا، واتای ڕاگەیاندنی ئەو بوونایەتییە. ئەمەش خۆنیشاندان، یان خۆ بەراوردکردن نییە لە بەرانبەر مرۆڤێکی دیکەدا، بەڵکو هەڵبژاردنی ژیانێکە لەناو زماندا؛ خۆ کردنە شێوازێکە لەزمانی کوردیدا، یان خوداندنێکە لەزماندا، یانیش بانگکردنی دۆستە هاوزمانەکانی خۆیەتی وەک فریادڕەسێک. خوێندنەوە سەلیقەدار و پەژارە ئامێزەکانی ئەو بۆ حاجی قادری کۆیی، نالی، مەحوی و هێمن، جەختکردنەوەیەکە لەخولیای ئەو گفتوگۆیە دۆستانە و بوونایەتییە هۆگرەی ئەوە لە هاوبوونێکدا، هاوزمانەکانی خۆیدا. گەڕانەوەی مەسعوود محەمەد بۆ دیمانەی ئەو شاعیرە ئیدیالی، نموونەییانە، یان هاوویستانەی خۆی، واتای ڕاگەیاندنی پەرۆشی ئەوە بۆ نیشمەنی لە بوونی ئەوانی تردا. بە دەربڕینێکی دیکە، سەفەری مەسعوود محەمەد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو شاعیرانە، خەمێکە بۆ بەخشینی شێوازەکەی بە یادەوەری فەرامۆشکراوی زمانەکەی! لەراندنەوەیەکی دیکەی نادیارییەکانی ئەو شاعیرانەیە، تاکو لەوێدا، بەدیوێکەوە، بوونەکەی لە بوونایەتییەکی پێکڤەییدا لە یادەوەری زماندا جێنشین بکا، بە دیوێکی دیکە، تاکو ئامادەیی بوونی کورد؛ زمانی ئەو شاعیرانە و ڕەوشی ژیانی کورد بە ڕۆشنایی جوانناسی شێوازاندنەکەیەوە لە یادەوەری زماندا بپەیڤێنێ و نیشمەن بکا.

مەسعوود محەمەد لەم دیوی شیعرەکانی حاجی قادرەوە «حەقیقەت»ێک تام دەکا و دواجاریش بە دواندنی ئەو «حەقیقەت»ەوە، شێوازی حاجی قادرێکی دیکە لە شێوازاندنی زمانەکەیدا جێنیش دەکا: «یەکێکی وەک من بێ تەرەفی، بێ لایەنگیری کە مەبەستی گوتنی حەقیقەت بێ، هەرچییەک بێ با ببێ و پێی وەتەنگ نەیێ.. حاجی لە شیعرەکانیدا دەروونی خۆی کردۆتەوە و هەست و بیری دەربڕیوە. تا فیکری تێی بڕ کردبێ بە دڵێکی پاک و قەناعەتێکی تەواوەوە ویستوویەتی خزمەتی کوردەواری بکا... ئەگەر فێڵ لە خۆمان نەکەین تا ئێستا زۆربەی بیرەکانی حاجی هەر لەکاردان، ڕێپیشاندەری خەباتن بۆ کورد، چونکە هەمان گیروگرفتی ئەوسا هەبوون لەبەر هەنگاوی کورددا ئەوڕۆش هەن و بەقەدەر ڕۆژگاری حاجی ئێستاش هەڕەشە لەحازر و دوارۆژی کورد دەکەن. لەباری ژیان و ئابووری و گۆڕانی مادیشەوە کەمێکی کەم نەبێ لەسەرانسەری کوردستاندا ئەو گۆڕانە ڕووی نەداوە ببێتە بنکە بۆ گۆڕانێکی قووڵ لەبیر و ئامانج.(٦) بەم جۆرە پەرۆشی بەردەوامی مەسعوود محەمەد بۆ پێشهاتە ئەزموونبەخش و شاعیرە ئەفرێنەرەکانی یادەوەری زمانەکەی، بەرجەستە کردنەوەی مەیلی میوانداری؛ دڵسۆزی؛ پەژارەییە لە بەرانبەر بەهای ئامادەیی «ئەوی دیکە»دا.

هەر لێرەوە پێویستە بێژین، کە لەم ڕۆژگارە داهێنراوەدا؛ لەو ڕۆژگارەی «ڕێزلێنان»؛ «تەقاویتکردن»ە ماددە ئاکارانە نەک داهێنەریانەدا؛ لەو ڕۆژگارەی کە پێڕە نووسەر و خوێنەرێکی دۆنکیشۆت ئاسا بە زارقەڵەباڵغی کردن لە چەمکە باوەکانی ئەمڕۆدا، کە ئاکامی ئەمەش لەفیز و منەتێکی بکوژانەی بەهای نووسین؛ بە هەدەر بردنی گەوهەری زمانی کوردی بترازێ هیچی تر نین، - ئەگەر بۆ دڵدانەوەیەکی خودی زمانی کوردیش بێ- پێویستە ئەوە بە یادی ئاخێوەری زمانی کوردی بهێنینەوە، کە خوێندنەوەی کۆزانیارە پەلهاوێژەکەی مەسعوود محەمەد لەسەر ئەزموونی شیعر نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی و هێمن، بە تایبەتیش گفتوگۆیەکانی ئەو لەگەڵ ئەو دوو شاعیرە شکۆمەندەی پێشەوە، کە وێڕای ڕەهەندی «حەقیقەت»ەکەی، ئەفراندنی جوانناسی شێوازاندنی زمانیشە، نەک هەر لە ئێستای نووسینی کوردیدا دەگمەنە، بەڵکو وێڕای دەراوێتەکردنی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنەکانی ئەزموونی ڕۆشنبیری و بابەتە زمانەوانییەکانی نووسەرگەلی هێژای وەک شێخ محەمەدی خاڵ، عەلائەدین سجادی ماڵباتی

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، شوکور مستەفا و هاووێنەی ئەمانە، لە ئەزموونی نووسەرە ئاوزەکان؛ هاوڕۆژگاری خۆشیدا کەم وێنەن. مەسعوود محەمەد بەو جوانناسییەی لە شێوازاندنی زمانەکەیەوە، بێوچان هەتا مەرگی جوولەی دەستی بەدەم نووسینەوە، وەک پێویستییەک؛ پەژارەییەی بۆ میوانداری؛ پەنا بردنەی ئەو بۆ گفتوگۆکردنەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا؛ بوون نیشنکردنەی ئەوانی دیکە لە بوونی ئێستای کوردیدا، لە زماندا ژیا. هەڵبەتە ئێستاش جوولەی ڕۆشنایی ڕۆحی ئەو دەستە جوانناسییە شێواز وەشێنەی ئەو لە گەردوونی زمانەکەیدا دەژی. لەبۆیە هەرچەندە ئاخێوەرە بیژۆکەکانی زمانی کوردی ئەو جوانناسی شێوازاندنەی هزرینی مەسعوود محەمەد فەرامۆش بکەن، کەچی ئەو زمانە لە پشوودانەکانیدا؛ لە بێدەنگییەکەیدا، ئاوڕێکی پەژارە ئامێز بۆ شوێنپێیەکانی شێوازەکەی ئەو لە جەستەی زماندا دەداتەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بنەمای ئەو فەرامۆشکردنەی پایەی ئەزموونی ڕۆشنبیری مەسعوود محەمەد، ئەو بیرکردنەوە نارەسەنانەی کە گەردوونی زمانی کوردیان تەنیوەتەوە فام بکەین، با پێکڤە ئەو کۆپلە ڕۆشنکردەی مەسعوود محەمەد بخوێنینەوە کە بۆ پێشەکی کتێبە بەهادار و لە یادکراوەکەی «زارەوسازی پێوانە»دا نووسیویەتی: «بابای زمانزان و پسپۆڕی ڕێزمان و دەنگناسی و فەرهەنگنووسی بەهۆی خنکانی لە گۆمی خوێندنەوەکانیدا بە درەنگەوە هەناسە لە مەزرای بەربەڵڵای زمانە دایکزاکەی خۆی هەڵ دەکێشی، چونکە دەستوورەکانی ناو کتێبان ڕێی پێ دەگرن و خۆیان بەسەر هۆشی ئاگا و ونیدا دەسەپێنن کە ئیتر لەوانەیە زاراوەی دەستووری و یاسایی وەها دابڕێژێ چ خزمایەتی بەزمانی خۆیەوە نەبێت و خەڵق بە بیستنی گوێ قوت بێت». بەڵێ، دۆخی هەنووکەی زمان و نووسینی کوردی لەوەش خەمهێنەرترە کە مەسعوود محەمەد لەو کۆپلەیەدا ئاماژەی پێدەکا.

لەکن مەسعوود محەمەددا چۆنیەتی گۆکردنی زمان؛ نمایشکردنی بوونی کورد، وەک ئەوەی کە هەیە، هەروا بوار ڕەخساندن بۆ هەموو شتێک کە ئامادەییان ڕابگەیەنن، پێوەندی بەشێوازاندنی هزرەوە هەیە. ئەم تایبەتمەندییەش لەکن ئەودا، پێوەندی بە بوونی سەرچاوەی هزرێکی سەربەخۆ؛ تێگەیشتن لەگەوهەری زماندا هەیە، کە ئەو لە خەمی ئەوەدا بوو، نە تەنیا بە ڕۆشنایی شێوازەکەی زمان بنووسێتەوە، بەڵکو خودی خۆشی بکاتە منێکی هەمیشە هزرکەرەوەی ئامادە لە زماندا. خودی ئەمەش بەرهەمهێنانی جوانناسی شێوازەکەیەتی. لە بۆیە ئەو ناچارمان دەکا سەرنجی بدەین؛ لە بێدەنگییەکدا بمانورووژێنی، یان بە پەژارەوە یادی بکەینەوە. بەم جۆرە مەسعوود محەمەد بە ئاکامگیرییەک لە ئەزموونە بێن قوولەکەیدا، تاکو شێوازاندنی هزرینەکەی بەرجەستە بکاتەوە، هەروەک وێنای ڕەزوانێکی بناری لووتکە و دۆڵا و دۆڵی چیایەکی کورد، بێدەنگ بە سەفەری گفتوگۆی نووسینەکانییەوە؛ بە هەڵکۆڵینی زمانەکەی، دەنگە بەهرەوەشێنەکان؛ شاعیر و پێشهاتە ئەزموونبەخشەکانی لە یادەوەری زمانەکەیدا موتوربە کرد و خەملاند. ئەو مرۆڤە بەو شەونخوونیانەوە جوانناسی شێوازەکەی خۆی بەرجەستە کردەوە. لێرەوە، بە دەست پێوەگرتنێک لە ڕێزگرتنماندا، دەبێ بێژین، کە لە پانتایی نووسینی ڕابردوو و هەنووکەی کوردیدا، بێجگە لە ئەزموونی شوکور مستەفا لە وەرگێڕاندا، ئاخێوەرێکی هاووێنەمان لەو جوانناسییە لە شێوازاندنی ئاخاوتندا نییە. مەبەستمان لەخۆ کردنە تەلارسازێک لەشێوازاندنی زماندا؛ هەر تەنیا هزرینێکی نەوازە، زۆرزانی و دەستبردن بۆ هەموو ژانرێکی نووسین نییە، بەڵکو مەبەستمان خۆکردنە بە پەیکەرێک لەزمان، یان بە واتای هایدگەری، جێنشین کردنی بوونی کوردییە لە زمانەکەیدا.

# هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێت-دا

## «خوێندنەوەیەکی شیعرەکانی یوونس ڕەزایی»

ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

(١ - ٢)

(١)

کە دەقێکی ئەدەبی بەرهەم دێ، لە ڕووی چۆنیەتی پێوەندی ئەو دەقە لەگەڵ جیهانی دەقەکانی ترەوە، چەند پرسیار بەرجەستە دەبنەوە:

١- ئەو دەقە بە حوکمی خەسڵەتی نێوان دەقێتی چ پێوەندییەکی پتەو، یان سستی لەگەڵ کۆمەڵەی دەقەکانی پێش خۆی هەیە؟

٢- ئەو دەقە چۆن دەتوانێ ببێتە بناغە و بنەمای ئەو دەقانەی دوای ئەو بەرهەم دێن؟

ئەگەر وەڵامی هەرتک پرسیاری سەرەوە بەم چەشنە بدرێتەوە کە فڵانە بەرهەمی تایبەت، هەم پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەرهەمەکانی پێش خۆی هەیە و هەم ئەوەندە بە پێزە کە ببێتە بنەمای ئەو دەقانەی لە داهاتوودا دەنووسرێن، ئەوا ئەو جووتە وەڵامە، بە ئاشکرا خاوەنی ئەو دەلالەتەن کە ئەو دەقە تایبەتە بەشێوەیەکی ڕەمەکی و خۆڕسک بەرهەم نەهاتووە، بەڵکو بەپێی گەڵاڵەیەکی دارێژراو و بەپێی میعمارییەک لەناو مەنزوومەی دەقەکانی دەوروپشتی خۆیدا- کە لەم باسەدا ئەو مەنزوومەیە، بریتییە لە «کۆمەڵەی دەقەکانی شیعری کوردی»- جێگایەکی شیاوی بۆ دەستنیشان کراوە.

کاتێک دەگوترێ دەقێکی شیعری، سەرەڕای ئەوەی بەرهەمێکی داهێنەرانە و نوێخوازانەیە، دەبێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەش بێ کە بکرێ ناوی دەقێکی ڕەسەنی کوردی لەسەر دابنرێ و بتوانێ لەکەشوهەوای دەقەکانی کوردیدا هەناسە بکێشێ، ئەو بۆچوونە، بەم مانایەیە کە بەرهەمهێنەری دەقی کوردی دەبێ ئەوەندە لە کارەکەی خۆی دوور بێتەوە هەتا بتوانێ لەومەودا دوورەوە بڕوانێ کە دەقەکەی لەناو چ زەمینەیەکدا جێگر کراوە و قەرارە خۆی ببێتە بەرهەمهێنەری چ زەمینەیەکی تازەی تر.

ئەگەر دەقێک بە چەشنێک بەرهەم هاتبێ کە سستترین

پێوەندی لەگەڵ کۆی بەرهەمەکانی پێش خۆی هەبێ و هەر لەو کاتیشدا، نەتوانێ ببێتە بناغەی چەشنە نووسینێکی تایبەتی لە دوای خۆیدا، کارکردی ئەو دەقە، هەر بە تەنیا خوێندنەوەیەکی کەم کەڵکە کە بۆ خوێنەرێکی بە هەڵکەوت (تصادفی)یان خوێنەرێکی پەروەردە نەکراو، دەمێنێتەوە.

کەواتە بەرهەمهێنانی دەق، پێویستی بە چەشنێک «موهەندیسی» هەیە، موهەندیسییەک کە ئەو توانایە بدا بە بەرهەمهێنەری دەق هەتا هاوکات لەگەڵ وێناکردنی نەخشەی ڕەهەندەکانی ئافراندن و نوێکاری لە دەقەکەیدا، نەخشەی وڵاتی دەقەکانی پێش خۆی و هەروەها نەخشەی ئەو کیشوەرەی قەرارە خۆی بەشێوەیەکی لەناخدا هەڵگر (بالقوە) ڕەسمی بکا، لەبەرچاو بێ و بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەو کۆ تێبینییانەوە، دەقێکی ئەدەبی بەرهەم بێنێ.

ئەم باسە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی پۆلێنکارانە بۆ لێک هەڵاواردنی چەند خانەی جیاواز کە بەکردەوە بوونی خۆیان لە جوگرافیای شیعری کوردیدا سەلماندووە:

خانەی ئەو بەرهەمانەی زۆرترین (وپتەوترین) پێوەندییان لەگەڵ بەرهەمەکانی پێش خۆیان هەیە و بۆشیان هەیە ببنە ماکەی کۆمەڵە دەقێکی بە لێشاوی جیاواز بە پێناسەگەلێکی تایبەتی لەدوای خۆیاندا.

خانەی ئەو بەرهەمانەی هەر بە تەنیا لەسەر ڕشتەی پێوەندییان لەگەڵ بەرهەمەکانی پێش خۆیان، داسوکناون و ئیتر لێهاتوویی و گونجانی بەرهەم هێنانەوەی دەقی تازەیان نییە.

خانەی ئەو بەرهەمانەی پێوەندییەکی کەم (بەڵام نەک سست)، یان لەگەڵ کۆی دەقەکانی پێش خۆیان هەیە. کەچی دەشتوانن نەخشەیەک داڕێژن بۆ داهێنانەکانی دوای خۆیان لە دەقەکانی تازەتردا.

شیعری «گۆران» دەقێکی چاک بەرهەم هاتووی چاک بەرهەم هێنەر بوو، واتە لەو پۆلێن کردنەی گۆڕیندا، خانەی یەکەمی پێ دەبڕێ.

شیعری «عەبدوڵڵا پەشێو» دەقێکی چاک بەرهەم هاتووی داهێنەرانە بوو، بەڵام تەواوی قسەی خۆی لە زمان پەشێوەوە کرد و دووپات کردنەوەی با لەلایەن کەسانێکی ترەوە بووبێ، دووپات کردنەوەیەکی بێ کەڵکی دەنگی پەشێو بووە. بە واتایەکی تر شیعری پەشێو، هەر بە تەنیا توانای بەرهەم هێنانەوەی خۆی هەیە و لەو خانەبەندی کردنە، لە خانەی دووەمدا جێگیر دەبێ.

ئایا بۆ خانەی سێیەم لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا، کۆمەڵە دەقێکی ئەوتۆمان پێ شک دێ کە پراکتیزەبوونی ئەو چەشنە پێوەندییە لەگەڵ دەقی پێش و دەقی پاش- کە تایبەتە بەم خانەیە- بسەلمێنێ.

با جارێ بەر بەندێک لە بەرانبەر هوروژمی وەڵامەکانی گونجاوی ئەو پرسیارە، بەرز کەینەوە و بەشێوەیەکی کاتی پشتی تێبکەین، ئەم پرسیارەتان وەکو پرسیاری ژمارە یەک لەبیربێ.

(٢)

هەڵبژاردنی بابەتی «شێتی» وەکو و چەمکی دەلالەتی دەسکردێکی زمانی، لە چاو هەڵبژاردنی بابەتێکی تری غەیری ئەم بابەتە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خاوەنی دەلالەتی فرە لایەنە.

پێداگرتن لەسەر چەمکی «شێتی» لە شیعرو چیرۆکی دەورەیەکی تایبەتی دابوو بە سیمای بەرچاوی ئەدەبی ئەو دەورەیە و دوایەش زۆرجار بەشێوەی بەرو دوا، بەڵام بە چەشنی جیاجیا، ئاوازی بوونی خۆی دەچڕێ و سەمفۆنیای مانەوی ڕێک دەخست.

نووسین لە بارەی شێتی، وەکو نۆرمێکی کرداری گونجاو، بۆ هەڵسوکەوت لە جیهانێکی شێتدا و بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ ئەم جیهانە، ناسرا.

«نووسین لە بارەی شێتی، بە هەمووشێوە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتیشییەوە دەسەڵاتی خۆی لە بەستێنی ئەدەبدا دەست پێ کرد. چەند جۆری جیاوازی شێتی هەبوون کە سەرنجی نووسەرانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا: شێتی جەنگی سارد، شێتی کێبەرکێی چەک و چۆڵ تاوویاوەکانی ڕەگەز پەرستانە لە ئەمریکا، ئاژاوە و پیاو کوژییەکانی دەیەی شێست و شێتی تازە ئاشکرابووی شەڕی ڤێتنام.

هەڵبەت شێتی لە ئاستی تاکەکەسیشدا، بەشێوەی زۆر ڕەنگاو ڕەنگ، لە گۆڕێدابوو وەکو خەمۆکی و دەروون پڕووکی و هانەکانی خۆکوژی» (١)

جگە لە تەواوی ئەو تراژیدیانە، مرۆڤی کورد، لەم سەدەیەدا کارەساتە سامناکەکانی تایبەت بەخۆی ژیاوە.

ئەوە ڕاپۆرتێک بوو لەوبارودۆخەی بە ڕواڵەت ئاوەزمەندانەترین پاساوی بۆ شێت بوون، یان نووسین لەبارەی شێت بوون دەدا، ئایا ئەو پاساوە بۆ ئەوە دەبێ ببێتە پێشەکییەک بۆ تێکشکاندنی ئەقڵییەتی مۆدێرن بە تایبەتی و بنیادی مۆدێرنیتە بەگشتی؟

هەر چۆنێک بێ، شیعری یوونس، ناوی شیعری شێتە، بەبێ ئەوەی ڕاشکاوانە باسی شێتی بکا.

(٣)

خودی «مانا» چەمکێکی سرکە و ئەو سرک بوونەش،

ڕێک کەوتن لە بارەیدا دژوار دەکا. نە خوازە، ئەم ڕێک کەوتنە بە شێوەی بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی زمانناسانە بێ و شەقڵی زانستی بوونیشی پێوە دیاربێ.

با تەعبیری «ئێمیل بنوێنیست» لەمانا بکەینە بنەمای باسەکەمان:

«مانای وشە بریتییە لە توانای ئەم وشەیە بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ یەکەکانی زمانی تر».

بەواتایەکی تر، مانای وشە بریتییە لە «توانستی تێکەڵاوی» ئەم یەکەیە کە لەناخیدا حەشار دراوە، ئەم دەربڕینە خاوەنی چەند دەلالەتی شاراوە و لاوەکییە:

**یەکەم**: توانست، یان مەیلی تێکەڵاوی، دەکرێ ڕێژە، یان پلەی بۆ دابنرێ، واتە گریمانی ئەوە بکەین، هەندێک لە یەکەکانی زمانی، خاوەنی مەیلێکی زۆرن بۆ تێکەڵاوی و لە هەندێک لەم یەکانەشدا، ڕێژەی ئەو مەیل و توانستە، دادەبەزێ و ئاستی چالاکی وشە لە خوارە.

**دووەم**: ئەگەر ئەو مەیلە بەشێوەی توانستێکی حەشاردراوە لەناو یەکەکانی زمانیدا جێگیر بووبێ، سروشتی لەناخدا- هەڵگربوونی ئەو وزەیە، وادەخوازێ کە بەشێوەیەک لەشێوە گونجاوەکان، دەکاربکرێ، واتە هەتا مانای یەکەکانی زمانی، بەشێوەی دەکار کردنیان لە پێکهاتەکانی سینتاکسی جیاواز دا، نەتە قێندرێتەوە، ئەو مانایە، دەرفەتی خۆ نواندی نابێ و هەروا بەدەست لێ نەدراوی و بەشێوەی سەر بەمۆر دەمێنێتەوە.

**سێیەم**: ئەگەر ئەم یەکە خاوەن مانایە- کە ماناکەی چاوەڕێی خۆنواندنە- لە شێوە سێنتاکسێکی تایبەتیدا چاک جێگای بۆ بکرێتەوە، ئەویش لە وەڵامدا، مانای خۆی ئازاد دەکا و تێکەڵ بە مانای ئازاد کراوی یەکەکانی تری دەکا و بەم شێوەیە، شەبەنگێکی ڕاڤە هەڵگر بەرهەم دێنێ، بەڵام هەر ئەم یەکەیە، ئەگەر لە شێوە نەحوێکی تایبەتیدا، چاک بەکارنەهێنرابێ و نەتوانێ توانای دەسەوملان بوونی لەگەڵ یەکەکانی تر پێشان بدا، ئەوا ماناکەی وەکو پێشوو، لە ناخیدا تەریک دەخاتەوە.

بەکورتی، ئاخێوەر- نووسەرێکی تایبەتی، دەتوانێ دەورێکی زۆر چالاک بدا بە هەمان ئەو وشەیە کە ئاخێوەر- نووسەرێکی تر، بەوپەڕی سستییەوە بەکاری هێناوە.

وزەی کۆکراوە و حەشار دراوی وشە، چۆن دەتەقێندرێتەوە و ئازاد دەکرێ؟ خوێنەرانی شیعر وا لێی ڕاهاتوون، لە چوونە پێش بەسەر هێڵەکانی ئاسۆیی و ئەستوونی شیعردا، دانە دانە وشەکان بخوێننەوە و بەسەریاندا تێپەڕن، چونکە بەشێوەی ئاسایی، یەکەمین بەکارهێنانی وشە لە ناو هێڵی شیعریدا، دوایین بەکارهێنانیشییەتی وکەم وا هەیە هەمان وشە، بەشێوەی جیاوازی تر، ئاوڕی لێ بدرێتەوە.لە ڕاستیدا سروشتی هێڵی بوونی ئەو شیعرانە، هەڵگری ئەو چەشنە مامەڵە کردن لەگەڵ یەکەکانی زمانییە.

شیعری شێت، لە یەکەم هەنگاوی قالب شکێنانەدا، ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە باوە لەگەڵ وشە وەلادەنێ، سیستمی هێڵی ناتوانێ زەرفییەتەکانی وشە، بە تەواوی هەڵێنجێ، چونکە هەر بەتەنیا دەرفەتی تێپەڕینێکی سەرەپێیی بەلای وشەدا دەڕەخسێنێ.

هەڵێنجانی ناواخنی وشە پێویستی هەیە بەسووڕانەوەیەکی بەردەوام بەدەوری وشە و ڕوانین بۆ ئەو یەکەیە، لە هەموو سووچە گونجاوەکانییەوە. ئەو چەشنە سووڕانەوەیەش، پێویستی بە تێکشکاندنی سیستمی هێڵی و کارکردن لەناو سیستمێکی بازنەیی و پێریۆدیک(*)دایە کە بکرێ تێیدا ژمارەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی وشەیان فرێکانسی چەند پات بوونەوەی یەکەکان بچێتە سەر.

لە شیعری شێتدا، کەسایەتی دەدرێ بە وشەیان بە واتایەکی دروستتر، چەندین کەسایەتی جیاواز دەدرێ بە وشە و هەر جارە، بە گوێرەی یەکێک لەو کەسایەتیانەوە، مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ.

لەو شێوە شیعرەدا، وشە وەکو ئۆبژەیەکی سپی چاوی لێ دەکرێ کە دەشێ بەهۆی هەموو ڕەنگەکانەوە تیشکی بخرێتە سەرو بەپێی جیاوازی ڕەنگی تیشکەکان، هەرجار شاهیدی ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی بین.

با بە ئاراستەیەکی وشکی تەواو سەرژمێرکەرانەوە،* شیعری شکست وەکو نموونەیەک بخوێنینەوە و بکەوینە ژماردنی نموودی وشەکانی خاوەن کەسایەتی ئەو شیعرە:

**«شکست»**

**چیها گۆرانی لە شکست و سەرسامیم**
**چیها تەنیایی لە شیعر و دڵم**
**چیها خودا لە تۆو تۆدا**
**شاراوە**
**سەرسامیم شاراوەترین گۆرانی شکست**
**(چیها شیعرلەتۆدا)**
**تەنیایی خوداییترین گۆرانی**
**(چیها شارانەوە لەدڵدا)**
**هەردرێژەی خۆمە ئەو دووکەڵە سەرسامە**
**ئەمسووتێنێ وەک پەیڤ**
**پەیڤی سووتانم لە ئەبەددا**
**چیها تۆ دەخوازێ**

**هەر پێوەندی خۆمە ئەم شاراوەییە**
**ئەمهۆنێتەوە وەک خودا**
**خودای شیعرم لە ئەزەلدا شاراوەترین تۆ**
**چیها گۆرانی لە شکست و سەرسامیم**
**لەتەنیایی و شیعرم**
**چیها خوداڵە بزەتدا**
**ئەهۆنمەوە**
**بمرە- تا**
**چیها کۆتایی**

ژمارەی نموودی وشەکان بەم شێوەیە:
شکست، گۆرانی، سەرسام، سەرسامی، تەنیایی: ٣ نموود
شاراوە- شارانەوە: ٤ نموود.
خودا- خودایی، تۆ: ٥ نموود.
خۆم، شیعر، پەیڤ: ٢ نموود
سەبارەت بەم شیعرە، چەند وردە سەرنجێک دەخەینەڕوو:

**یەکەم:**
ئەگەرخوێندنەوەکەمان، بەساکارترین ڕاڤەوە بەستینەوە و بمانەوێ پێوەندییەک لەنێوان ئەو وشانەدا بدۆزینەوە کە ژمارەی نموودەکانیان وەکو یەکە، بەسەرسوڕمانەوە دەبینین کە دەلالەتێکی جوان و ڕێتێچوو، خۆیادەبێ، بەم شێوەیە کە وشەکانی شکست و گۆرانی و سەرسامی و تەنیایی پێکەوە دەچنە خانەیەکەوە وشەکانی خۆم و شیعرو پەیڤ دەچنە خانەیەکی سەربەخۆوە و وشەکانی تۆو خودا، دەچنە خانەیەکی جیاوازی ترەوە.
ئایا لەوبەری پێوەندی نێوان وشەکانی «تۆ» و «خودا»، یان وشەکانی «خۆ» و «شیعر» و «پەیڤ» هیچ دەلالەتێکی قووڵ، خۆی نەشاردۆتەوە؟ ئایا لە مەدا کە وشەی شیعر، کە گەرچی لە وشەیەکی وەک گۆرانی، نزیکە بەڵام بەم حاڵەشەوە نەخراوەتە خانەی شکست و سەرسامی و تەنیایی و لە پەنای «خۆم» و «پەیڤ»دا جێگیربووە، مانایەکی تایبەتی چڕ نەکراوەتەوە؟

**دووەم:**
بۆدەستنیشان کردنی ژمارەی دووپات بوونەوەی یەکەکان، وشەی «نموود-م» بەکارهێناوە نەک وشەی جار، هۆیەکەشی ئەوە بووە سەرنجی خوێنەر بۆ لای چۆنیەتی خستنەڕووی کەسایەتیی جیاوازەکانی وشە، ڕابکێشرێ.

**سێیەم:**
لە دێری «چیها خودا لەتۆ و تۆدا» گەرچی تۆی یەکەم و تۆی دووەم، کتومت خاوەنی یەکە جێگەی نەحوی لەم ڕاستەیەدان، بەڵام دووپات بوونەوەی مانادار و خاوەن دەلالەتی ئەم وشەیە، سەرنجی ڕاڤەکەر بۆ لای خوردبوونەوە لە هەستییە جیاوازەکانی وشەی «تۆ» ڕادەکێشێ، بەواتایەکی سادەتر، ئەو کار- کردەی کە پێشتر هەر لەناو پانتایی شیعری شێتدا بەشێوەی بەخشینی ڕۆڵەکانی جیاوازی سینتاکسی بە وشەیەک پێک دەهات، ئێستا بەشێوەی دووپات کردنەوەی وشە، لە هەمان جێگە و پێگەی نەحویدا، بەرهەم دێتەوە.
ئەو پێ داگرتنە، هێمایەکە بۆ چۆنیەتی ڕەگ داکوتان و پنج بەست بوونی وشە لەناو دەقی شیعری شێتدا.

(٤)

دەقەکانی شیعری، بەپێی جیاوازی بنیادەکانیان، خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن. واتە هەر خوێندنەوەیەکی تایبەت، چاوی لە دەقێکی شیعری تایبەتە، باپێکەوە سەبارەت بە خانەبەندی کردنێک بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقەکانی جیاوازی شیعری، پێک بێنین:
خوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر، بۆ ئەو دەقانەی، تێیاندا، هەندەسە جۆراوجۆرەکانی گوتە، کۆی یەکەکانی زمانییان گرتۆتە خۆ.
خوێندنەوەی تەکنیک-تەوەر، بۆ ئەو دەقانەی بەکارهێنانی تەکنیکە جۆراوجۆرەکان تێیاندا، ستراتیژی دەقەکە دەسنیشان دەکا.
خوێندنەوەی گێڕانەوە- تەوەر، بۆ ئەو دەقانەی بە مەنتیقێکی شاعیرانە، گوزارش لەوجیهانە تازە و جیاوازانە دەکەن کە بەهۆی شێوەکانی زمانی تازە و بەدوور لە مەنتیقی ڕیالیستی وێنادەکرێن.
خوێندنەوەی تێکەڵاو بۆ ئەودەقانەی، زۆر و کەم خاوەنی هەرسێک تایبەتمەندی ئاماژەی پێکراوی سەروەن.

خوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر، دەکرێ بۆ ئەو شیعرانە بەکاربهێنرێ کە لە ئاکامی یەکێک لە تواناییەکانی شاعیر- کە دەشێ بە «موهەندیسی وشە»، یان «میعماری گوتە» ناودێر بکرێ- قەوارە دەگرن.
لەم شیعرانەدا، پرۆسەی خوێندنەوە، وەک وردبوونەوە لەو پێوەندییە ساکار، یان پێچیاوانە دێتە ئاراوە کە بەشێوەی (تناسب) و (تقابل) و (توازی) گەڵاڵە دەکرێن. لەو چەشنە خوێندنەوەیەدا، بۆ بەرهەست کردنی مەسەلەی «وەخرانی مانا» (بە تعویق افتادن معنا) و

پێشان دانی قووڵایی دەلالەتەکان، دوای دۆزینەوەی هەر پێکهاتەیەک کە معیمارییەکەی دەستنیشان کراوە، دەکرێ لە پشتی ئەو پێکهاتەیە، هەوڵ بدەین بۆ گەیشتن بە پێکهاتەیەکی جیاوازی ئەوتۆ کە بشێ تێیدا، پێوەندییەکانی فرە لایەنی (تناسب) و (تقابل) و (توازی)، بەشێوەیەکی تازەتر، گەڵاڵە بکرێن، لەو چەشنە شیعرەدا، دەکرێ ئەوپرۆسەیە بەشێوەیەکی بەرودواو پێکهاتە دوای پێکهاتە دووپات بێتەوە.

خوێندنەوەی تەکنیک- تەوەر، بۆ ئەو شیعرانە کە تێیاندا، کەڵک لە تەکنیکە سادە و پێچیاوەکان، یان ناسراو و نەناسراوەکان وەرگیرابێ، خوێندنەوەیەکی وەڵام دەرو بەکارە. لەم چەشنە شیعرانەدا، مەرجی پێوەندی گرتن لەگەڵ دەقەکە، بریتییە لە دۆزینەوەی تەکنیکەکانی شیعری لەم دەقەدا، لە حاڵێکدا لە خوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر، پێوەندی گرتن لەگەڵ شیعر، بەندە بە دۆزینەوەی ساختمانی ڕاوەستاو، یان ڕەوانی دەقەکە.

**ما از کجا بدانیم (باران اگر که بند نیاید)**
**در کدام ایستگاه پیاده شدند**
**(و آسمان اگر کمی گرفته‌تر از این که هست)**
**از کدام اتوبوس این دو نفر؟**
**(پرنده‌ها اگر که روی شانه من- ما)**
**(پیدایش می کنیم)**

لەم شیعرەدا، تەکنیکێک بەکار هێنراوە کە خودی شاعیرەکەی، ناوی (پرش تداعی ها)، یان بازدانی بیرکێشەکێ-کانی لەسەر داناوە(٢): بەم مانایە کە تەواوی ئەو دەستەواژانەی لەناو کەوانە دان، خۆیان هەڵقورتاندۆتە ناو هێڵێکی جیاوازی تر.

بۆ هەندێک لە دەقەکانی شیعری، نەخوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر وەڵامێکی لەبار دەداتەوە و نەخوێندنەوەی تەکنیک- تەوەر، چونکە تێیاندا، نە میعماری گوتە، قسەدەکا و نە تەکنیکەکانی تازەش دەسەڵاتیان هەیە، بەڵکو تایبەتمەندی دیار و شیاوی باسی ئەودەقانە توانایان بۆ خوڵقاندنی ئەو کەشوهەواتازە و نەناسراوانەیە کە تێیاندا هەناسەکێشانی ئاسایی دژوارە، لەم کەشوهەوایانەدا، ڕوانینی ئاسایی و گوێدانی ئاسایی، کە هەموویان بەرهەم هاتووی مەنتیقی تێگەیشتنی ئاشنا، یان (شعور متعارف)ن، وەلادەنرێن.

هاتنی ئەو چەشنە دەقە بۆ پانتایی شیعری ئەمڕۆ، شتێکە وەکو هاتنی داستانەکانی عیلمی و تەخەیولی و سیبرپانک بۆ بەستێنی ئەدەبی داستانی نموونە (شیعری چنوور نامیق حەسەن):

**لەو دەمەوەی ئێمە و گریان دارییەکانمان کرد بەماڵی هاتوچۆی شەوان**
**ماڵئاوایی چۆلەکەکان بوون بە داڵدەی بێدەنگیمان**
**ڕووناکایی دەیکردین، بە حەرفی دەمی ماسییەکان**
**مەئیوسیمان لە ئاودا دەکوژانەوە**
**لەدوایەمین شەڕی گوناە**

**دەستە تێکئاڵاوەکانی شەپۆل چەندین جار دەیهۆندینەوە**
**ئەو دەمانە سووتەمەنی نەورۆزەکان جیاوازبوون/ یەکێک پەنجەی ترسێکی پیرۆزی دەکرد بە گڕ**
**هەبوو لە فرمێسکەکانی مۆمێکی باڵا کورتدا دەتوایە سەر کاغەزە ڕەش نووسەکان**
**تەمێ لەساتەوەختێکی بێ هانادا، خەیاڵی خۆی لە نزرگەی هەتاهەتایی خەونێکدا دەکرد بە هەڵم**
**شەوێ جەستەی سەمایەکی سڕی**
**لەهۆڵە خامۆشەکانی دیموکراتیەتی ماندوو دەخستەگڕ**
**زەمەنێ بوو ماندوو بوون لەخۆی ماندوو بوو**
**تەوەڵلا بوون دەستی لە پەنجەرە شکاوەکانەوە دەکرد بە ئاڵای بوونی خۆی**
**چەندین جار لە کەرنەڤاڵی ئەو ئاگرە بێ گیانەدا بۆ خۆم گەڕام(٣)**

(٥)

شیعری شێت، بەکام یەک لەم خوێندنەوانەوە دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ؟ ئایا دەقی ئەم شیعرە، دەقێکە کە تەکنیک تێیدا بڵاوە، یان هەندەسە لێیەوە خۆی دەنوێنێ، یان بەهۆیەوە، گێڕانەوە، لەسەر ڕاوە فۆرم دەدا بەجیهان؟

شیعری شێت، لە بناغەدا، دەقی پێکهاتە- تەوەر- دەکاتە ماڵی مانەوەی خۆی، لە هەنگاوی دووەمداو بە شێوەیەکی کاڵتر، لە چوارچێوەی ئەو ماڵەی گۆڕیندا، تەکنیکەکان تێک دەهاڵێنێ و لە هەنگاوی سێیەمدا، بەشێوەیەکی لەویش کاڵتر هێما بۆ گێڕانەوەی ئەفسوونەنا- ئاشناکان دەکا. بە واتایەکی تر، شیعری شێت، لە پلەی یەکەمدا، دەقێکی پێکهاتە- تەوەر و لە پلەی دووەمدا دەقێکی تەکنیک- تەوەر و لە پلەی سێیەمدا، دەقێکی گێڕانەوە- تەوەرە. وا هەیە لە هەندێک دەقی شیعری شێتدا، تایبەتمەندییەکانی تەکنیک تەوەرەیی و گێڕانەوە تەوەرەیی جێگایان بگۆڕنەوە، بەڵام سەروەری پێکهاتە تەوەر بوونی دەقەکان پارێزراوان.

**نموونەی یەکەم:**

**باڵێک هەژاران، باڵێک ڕۆچوون (١)**
**باڵندەییێکی دژوار بۆ فامی زەمان ــ من ــ (٢)**
**چاوێک ئەوین. چاوێک بزە (٣)**
**سەرچاوەیەکی زوڵاڵ بۆ شێتیم ــ تۆ ــ (٤)**
**باڵندەییێکی زوڵاڵم لە هەڵچوونی ئەوینتا (٥)**
**ئەی باڵێک لە شێتی (٦)**
**چاوەیەک لە دژواری زەمان (٧)**

با پێکهـاتەی تـوێکڵـی دەرەوەی ئەم شـیـعـرە، وێنا بکەین. لە بەشی یەکـەمی ئەم شـیـعـرەدا (واتە لەچوار دێری سـەرەتادا) دوو تەوەری «من» و «تۆ» بە هەمـوو دەست و پێـوەندییـەکـانیـەوە، لە پەنای یەکـداو بەسەربەخۆیی، ڕادەوەستن. لە بەشی دووەمدا (سێ دێری کۆتایی) تەوەرەکان پێکدەگەن و ئاوێزانی یەک دەبن.

بەڵگەی ئەم ئاوێزان بوونەش بریتییە لە نیسبەت دانی ئاوەڵناوی زوڵاڵ کـە سـەر بە تەوەری «تۆ»یە (وەلای باڵندە کە سەر بە تەوەری «من»ە و هەروەها نیسـبەت دانی چاوە کـە سـەر بە تەوەری «تۆ»یە) وەلای دژواری زەمـان کـە سـەر بە تەوەری «من»ە لەپاڵ وشـە و دەستەواژەکان ژمارەی دێرەکان نووسراوە.

| بەشی یەکەم | بەشی دووەم |
|---|---|
| جیابوونەوەی سووژەکان | تێکئاڵقانی سووژەکان |

١- جیابوونەوەی سووژەکان

| | تەوەری یەکەم | تەوەری دووەم |
|---|---|---|
| سووژەی تەوەر | من (2) | تۆ (4) |
| تەعبیر لەسووژەی تەوەر | باڵندەییێکی دژوار بۆ فامی زەمان (2) | سەرچاوەییێکی زوڵاڵ بۆ شێتیم (4) |
| لێ دەرکردنی سووژەی تەوەر | باڵندە ⇐ باڵ (6) | سەرچاوە ⇐ چاوە (7) |
| دووانەبوونی لەتەکان | باڵێک هەژاران (1) باڵێک ڕۆچوون (1) | چاوێک ئەوین (3) چاوێک بزە (3) |

– تێکئاڵقانی سووژەکان

| توخمەکانی سەر بەتەوەری یەکەم | | توخمەکانی سەر بەتەوەری دووەم |
|---|---|---|
| (5) باڵندە | ⇔ | زوڵاڵ |
| (6) باڵ، شێتی | ⇔ | تۆ (سەرچاوەی ئەوی) |
| (7) دژواری زەمان | ⇔ | چاوەییک |

**نموونەی دووەم:**
**تا**

**تا فەرامۆشی نهێنی مەمکت هەتەر دەکا بیر**
**تا فەوتان.**
**بیری فەرامۆشی فەوتان، بێ مەمکت**
**کە مەحاڵ**
**کە درۆ**
**تا مەحاڵی مەمکت درۆزنی پەنجەم**
**گەڵا**
**گەڵا... پاییز**
**نهێنی پاییز، تا فەرامۆشی هەتەر دەکا**
**تا خۆم.**

**«تا»**
**تا فەرامۆشی نهێنی مەمەکت (١)**
**هەتەر دەکا بیر**
**تا فەوتان (٢)**
**بیری فەرامۆشی فەوتان، بێ مەمکت (٣)**
**کە مەحاڵ (٤)**
**کە درۆ (٥)**
**تا مەحاڵی مەمکت درۆزنی پەنجەم (٦)**
**گەڵا (٧)**
**گەڵا... پاییز (٨)**
**نهێنی پاییز تا فەرامۆشی هەتەردەکا (٩)**
**تا خۆم (١٠)**

دیسـان بۆ دۆزینەوەی ڕووکـەشـترین سـاخـتـاری ئەم شیعرە، خۆمان بە گونجاوترین و ساکـارترین ڕاڤەی ئەم دەقـەوە دەبەسـتـینەوە. ئەم شـیـعـرە پیـاسـەیەکـە لە ئاوەدانییەکەوە کە لە سەمبۆلی مەمکدا چڕبۆتەوە. هەتا ڕووخانێک کە بەسـەر «خۆم»دا هەرەس دێنێ. پێش ئەو ڕووخـــــان و هـەرەس هـێـنـانـە، پەنجـەکـــانی قـــوربانی بۆ لای مــەمک- کــۆگــای ئاوەدانی- درێژدەبنەوە، بەڵام بەهۆی درۆزنی دەستەکەوە- کە دەکرێ لێرە درۆزنی بەهاوسەنگی دڕدۆنگی و ترسنۆکی پەنجەکان لێک بدەینەوە- پەنجەکان دانە دانە وەکو گەڵای پاییـــزی هەڵدەوەرن. (دانەوینەوەی پەنجەکان لەگەڵ هەڵوەرینی گەڵاکان، بە یەکدی بگرن). مـەرگ لە شێـوەی نهـێنی پاییـــزدا «خـــود»ی خـاوەن پەنجـەکـە، دەتەنێـتـەوە و ئەو خـودە لەبەردەم ئاوەدانییەکدا، ڕۆدەچێتە ناو زەلکاوی فەرامۆشی، لەبەر ئەوەی کە نێوان ئەو ئاوەدانی و وێران بوونەدا چەند لەرینەوەیەکی بێ ئاکـــام، وەک

تەقەلای پێش مەرگ ڕوو دەدا، دەکرێ بۆ وێناکردنی پێکهاتەی ڕواڵەتی ئەم دەقە، دوو ئەستوون دیاری بکرێ و یەکێکیان تەرخان بکرێ بۆ ئاوەدانی و هەموو دەست و پێوەندە مانایییەکانی و ئەوی تر بۆ ویرانی و چەمکە نزیکەکانی تەرخان بکرێ.

ئەو دوو ئەستوونە و هەروەها لەرینەوە و هاتوچۆ لەنێوانیاندا دەکرێ لە پێکهاتەی خوارەوەدا نیشان بدرێ:

| | ماڵەوەی — ئاوەدانی | قەوتان — ویرانی | |
|---|---|---|---|
| (1) | نهێنی مەمکت | | |
| | | فەرامۆشی نهێنی مەمکت | (1) |
| | | ↑↓ | |
| | | قەوتان | (2) |
| (3) | فەرامۆشی قەوتان (پەندە بە مەمکەوە) | | |
| | | مەحاڵ و درۆ بوونی بیری فەرامۆشی قەوتان | (3،4و5) |
| | | ↑↓ | |
| | | درۆزنی پەنجەی درێژنگ | |
| | | ↑↓ | |
| | | هەڵوەرین =پاییز= ناهاتنەوەی ناماڵەی پەنجەکان | (7،8و9) |
| | | ↑↓ | |
| | | فەرامۆشی= مەرگ | (9) |
| | | ↓ | |
| | | خۆم | (10) |

بەگوێرەی ئەم پێکهاتەوە، دەبینین شەقامی ئاوەدانی چۆڵ و شەقامی ویرانی، قەوغایەیان با بلێین ماڵی ئاوەدانی ویران و یانەی ویرانی ئاوەدانە.

لەم وتارەدا، شیعری شێت-م کتومت بە هاوسەنگی شیعری یوونس بەکارنەهێناوە، چونکە هەم یوونس شیعری ئەوتۆی هەیە کە ناکەونە خانەی شیعری شێت و هەم شیعری شێت-یش خاوەنی مەنتیقێکی ئەو تۆیە کە چەند بەشێک و چەند لایەنێک لەو پێکهاتەیەی مەنتیقی ئەو شیعرە دەیخوازێ و هەڵیدەگرێ، هێشتا لە پەیڤی یوونس-دا، نەبۆتە بەشێک لە جوگرافیای شیعرەکانی. لێرەدا، لەنگەرێک و دوو هەڵوێستە بە پێویست دەزانم:

**یەکەم**: گومان لەوە دانییە کە داهێنەری ئەم ئەزموونە تازەیە لە پانتایی شیعری نوێی کوردیدا، یوونس-ە قسە لەوە دایە کە هێشتا تەواوی زەرفیەتی ئەو شێوازە شیعرییە لەچوارچێوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرەدا نەخراوەتە ڕوو، سروشتییە کە ئەو شاعیرەش هێشتا تەواوی شیعرە شێتەکانی نەنووسیوە.

**دووەم**: تەواوی ئەو شیعرانەی شاعیر کە ناکرێ بخرێنە خانەی شیعری شێت-ەوە. هەر کامە خاوەنی داهێنان و تازەگەری تایبەت بەخۆیانن کە دەبێ لە جێگای خۆی باسیان لێ بکرێ، بەڵام چوارچێوەی ئەم وتارە، باسی شیعرەکانی تری یوونس ناگرێتە خۆی.

نموونەیەک لەو شیعرانە کە بەپێی پۆلێن کردنەکەی پێشوو. دەکرێ وەک شیعرێکی «گێڕانەوە- تەوەر» بخوێندرێتەوە شیعرێکە بەناوی «پەری دەریایی لە...) بەشێک لەو شیعرە پێکەوە دەخوێنینەوە:

**لە کۆڵانە پێچاو پێچەکانی هەستیدا**
**بەشوێن شابانووی ئارامشەوە**
**لەگەڵ مەیتەرەکانی ڕووناکی پیر بووم**
**گورگ شاڵاوی شا بانوویان داوە:**
**چ بێ شەرم!**
**شابانو دوایین جگەرەی پەرێشانی**
**لەنێو گلێنەی منا ئەکوژێنێتەوە و**
**قا... قا... قا...**
**بەو گەمیەوانە پێدەکەنێ**
**منی بەرەو کۆڵانەکانی مەرگ خۆش ئەویست**
**ئەم تۆڵە گورگە برسیانە**
**شەڕابی دڵی دایکم دەخۆنەوە**
**وێڕای مەرگ**
**ئەویش بەمەمکی پیرۆزی**
**شیرئەداتەوەچەی گریان**
**شابانو خەریکی گوڵدۆزی کردنی دڵمەو**
**دایکم کۆبەی نەدامەتی دەگرێ..**
**دایکم شابانوونییە دەستە خوشکێتی**
**هەرگیز پێڵاوی یەکتری لەبەر ناکەن**
**بەڵام شابانو کڵفەتی پەژارەکانی دایکم دەکا**

**کەچی**
**ئەو- هەموو زەڕنەقووتەکانی هیچی پەروەردە دەکا.**

*** * ***

گـوتمان بەرچاوترین تایبـەتمەندی شـیـعـری شـێت، تێکشکاندنی پێکهاتەی خەتی شیـعـر و بەخـشـینی پێکهـاتەیەکی نا- خـەتی بەدەقـە. لە پێکهـاتەی «خـەتیـدا» هەر یەکـەیەکی زمـانی لە پێـوەندی دەگـەڵ یەکەکانی پێش و پاشی خۆی پێناسەی بۆ دەکرێ، بەڵام لە پێکهـاتەیەکی نا- خـەتیـدا، بەبێ لەبەرچاوگـرتنی پێـوەندی ئەو یەکـەیە لەگـەڵ تەواوی دەق، ناتوانین لە مەنزوومەی ڕاڤەدا جێگایەکی بۆ بدۆزینەوە.

جگە لە خستە ڕووی کەسایەتییەکانی جیاوازی وشە، چەند تەکنیکی تر هەن کە مـەنتـیـقی نا- خـەتی بوونی پێکهـاتەی دەق، دەیانخـوازێ و دەکـرێ لە مــەودوا بۆ هەراو کردنی ڕووبەری ئەو ئەزموونە شیعرییە کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

تاک دەنگی بوونی دەقی شیعری، سروشتێکی هێڵی دەدا بەدەق بەپێچەوانە، تێکەڵ کردنی دەنگەکـان لەناو دەقــدا، ڕەوتێک پێک دێنێ کــە بەهۆیەوە دەرەتانی پچڕاندنی پێڵەکان دەڕەخسێ، بەتایبەت ئەگەر ئەزمێکی دەسنیشـان کراو، نەکرێتە بیانووی دیاری کردنی نۆرەی دەنگە جیـاوازەکان و دەنگەکان بەبێ بەرنامـە و لەنەکاو بخرێنە ڕوو، دەق بەشێوەیەکی جیدی لە قەیدی هێڵی بوون دەخـەڵسێ. کارکـردن بەم نەزمە دەسنیشـان کراوە، «بابا چاهی» گوتەنی وەک ناردنی خاوەن- دەنگەکان بۆ پشت تریبـۆنە، بە ئەدەب و لەسەرە خۆییـەکی تەواو و بە لەبەرچاوگـرتنی نۆرەی هەرکـامـیـان(٤) ئەو ڕەوتەش- هەروەک گوتم- دووبارە تایبەتمەندییەکی خەتی دەداتەوە بە شیعر. وەک ئەو شیعرەی شاملو:

**- نظر در تو می کنم ای بامداد**
**که با همه جمع چه تنها نشسته ای**
**- تنها نشسته ام؟**
**نه**
**که فارغ از من و از ما نشسته ام**
**- نظر در تو می کنم ای بامداد**
**که چه ویران نشسته ای**
**ویران؟**
**ویران نشسته ام**
**آری**
**و به چشم انداز امید آباد خویش**
**می نگرم.**

لەم شیـعـرەی شـاملـودا، مـەرجی سـەرەتایی ناخـەتی کردنی دەق واتە زیاد کردنی دەنگەکان لەبەرچاو گیراوە، بـەڵام مـــــــــەرجی دووەم واتـە تـێـکـدانـی نـۆرە و هەڵوەشـاندنەوەی نـەزمی زاڵ بەسـەر وەدەنگ هاتنەکـان، پشت گوێخراوە.

ئەو ڕەخنەیە لەبارەی شیعری یوونس، بەشێوەیەکی دوو قاتەوە وەڕاست دەگەڕێ زۆرێک لە شیعرەکانی یوونس، مەیدانی وەدەنگ هاتنی من-ێکی ئەکتیڤ و هەڵسووڕ و گـوێ بیس بوون و بێـدەنگ بوونی تۆ-یەکی پەسـیـو و بەسـتەزمـانە. ئەو مـوخاتەبە بەردەنگە ئاشنایە، هەرگـیـز دەرفەتی دەنگ هەڵبڕینی پێ نادرێ و نابێتە لایەنێکی چالاکی وتوویژ، ئەو تۆیە لە جیـاتی ئەوەی سـووژەیەکی خاوەن پەیڤ بێ، ئۆبژەیەک کە هەر بە تەنیا شیاوی لێ خـورد بوونەوە و دەست تێـوەردان و سـەنگ و سـووک کردنە. ئەوەتان لەبیر بێ کە ئەو باسە، باسێکی مەعریفی نییە، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەو زەمینە تەکنیکییەوە دێتە ئاراوە کە پەیوەست-ە. بە پرۆسەی ناهێڵی کردنی دەقی شـیـعـری شـێت. تاک دەنگ بوونی دەقی شـیـعـریش، مـلـۆزمـێکی گەورەی ئەو پرۆسـەیە. با پێکەوە ئەو چەند شیعرە تاک دەنگانە بخوێنینەوە:

**نموونەی(١):**
**«تا خۆت»**
**سەرەتایەک لەمن تا ئاوە دانیەک لەتۆ**
**تۆسەرەتایەک لە ئاوەدانیم**
**من ئاوەدانی ئەوینت- کە مەرگ**
**تۆمەرگی ئاوەدانیم- کە دووری**
**تۆ مەرگی من- تا ئەوەدانی سەرم**
**تا خۆت**
**سەرەتایەک لەمن داگیرساو**
**کۆتاییەک لەتۆ، سەوزی سەوز**

**نموونەی(٢):**
**تۆ لەنێوان بێعسەتی گوناە و**
**ڕەسووڵی تاوان دا**
**- کە من پێغەمبەرانە بمرم**
**ئیمانی کێ پڕی سروودی ئەهریمەن؟**
**من لە سۆنگەی تاوانی ئەهریمەنەوە**
**تابیعسەتی ڕەسووڵی گوناە**
**تا تۆ**
**ئەویندارانە سێو**
**ئەویندارانە ماچ**

داواکاری مـەنتـیـقی شیـعری شێت، شکاندنی سام و سەروەری ئەومن-ە دیکتاتۆرە و بەڕەسمی ناسینی دەنگە جـیـاوازەکـانی ترە(٥). دوای ئەو پرۆسـەی وەدەنگ هێنانەش، دەبێ نەزمی ڕادیۆیی(٦) زاڵ بەسەر دەنگەکان بسڕدرێتەوە.

# زایەڵە
# دەنگی شاراوەی شتەکان

عەبدوڵڵا قەرەداغی

(١)

جگە لە چوار پارچە شیعری «تۆ کۆچ ناکەی»، «شەوانی باران»، «خەنجەر و خۆشەویستی»، «بانگ»، سەرجەمی شیعرەکانی کۆمەڵەی «زایەڵە» (١)ی شاعیر «ئەنوەر قادر محەمەد» زادەی ساڵانی نامۆبین.. ئەو نامۆبییەی، بەزمانی ژمارە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ەوە دەستی پێ کرد و تەنیا یەک مانگ بەسەرچوو بوو، یان بەسەر نەچوو بوو پارچە شیعری «پرس» لەدایک بووە. لەماوەیەکی ئاوەهادا کە بەلای کەسانێکەوە ئەو تەمەنی نامۆبییە ناتوانێ نیشانەکانی سەرسامی هەڵبمژێت، کەسانی دیکەش ڕەنگە فریای داڕشتنی نەخشەی خەونەکانیان نەکەوتبوو بن، دەبێ ئەم «پرس- پرسیار»ە لە چ خولگەیەکدا بخولێتەوە!؟، بەڵام پێش ئەوەش ئایا «پرس» بە ڕاستی پرسیار دەگەیەنێ!؟.

بەڕواڵەت: بەڵێ، چونکە شاعیر بەهێنانەوەی پرسیارەکانی بەرانبەر دەست پێ دەکات.. ئەمە دەسپێکی شیعرەکەیە:

**لێم دەپرسی: لە کام زەریای شیرینەوە تۆ هاتووی،**
**گیانت هەموو بارانی سپیی هەنگوینە!؟**
**لەبەر کامە خۆری گەشدا تۆ گەورە بووی،**
**چاوت، قژت وا ڕەش بوون،**
**دەمت، دەستت، هەموو گیانت گڕ و تینە!؟**
**لێم دەپرسی:**
**باهۆزی هەڵکردووی سینەت،**
**هی کام شاخە؟!**
**ئەی ئەو تەمەی وا ڕوخسارتی داگرتووە،**



ئەنوەر قادر محەمەد

## بۆ مەرگی کامە دڵدارە؟!.

پرسیارەکان هەر هێندە بوون و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم شیعرە بەڕستەی «لێم دەپرسی» دەستی پێ کردووە و دووبارەش کراوەتەوە، مێشکی خوێنەر بۆ لای ئەوە دەچێ کە وشەی «پرس»ی ناونیشان هەر دەبێ کورت کراوەی «پرسیار» بێت، پرسیارەکانیش هی ئەوەن کە بە «کچی شەنگ» بانگ کراوە، ئایا بەڕاستی دەبێ ناونیشانی ئەم شیعرە لە پرسیارەکانی ئەوەوە هەڵقوڵابێ؟

لە کۆی چوار پرسیاری نێو شیعرەکە سیانیان، بە تەواوی، سەبارەت بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خودی شاعیرە و تەنیا یەکێکیان کەسی دیکەشی تێدا بەشدارە: «بۆ مەرگی کامە دڵدارە؟». ئەگەرچی لەو سێ پرسیارەشدا چەند شتێک کراونەتە چوارچێوەی گشتی (ئامێز)ی شاعیر: «لەکام زەریای شیرینەوە؟» و «لەبەر کامە خۆری گەشدا» و «هی کام شاخە؟»، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە نیشتمانی شاعیر «زەریا»ی نییە و «خۆر» و «شاخ»یشی. لەو بۆتەیەی بۆیان دەستنیشان کراوە، جیاوازییان لەگەڵ هی وڵاتانی دیکە نییە و لە هەموو ئەمانەش سەرنجڕاکێشتر، لەوەڵامدا فەرامۆش کراون.

وەڵامەکە کورت و پوخت و ڕاستەوخۆیە:

**ئەی کچی شەنگ!**<br>
**لە خاکێکەوە من هاتووم،**<br>
**ساڵی هەزاران فەرهادی تێدا دەمرێ و**

## دەم نانێنە دەمی شیرین

چەمکەکان گۆڕاون.. ئەو بەشانەی لە چەند دێری پێشوودا بە «شت» ناومان بردن، چ بە کردەوە هەبووبن، یان نەء، دەتوێنەوە و لە جێیاندا «خاک- وڵات»ێک جێگیر کراوە کە بەشێوەیەکی فەرمی بە «نیشتمان» دانەنراوە، ئەو «تۆ»یەی چەقی پرسیارەکانە، لە ڕەوتی گشتیدا دەکرێتە بەشێک لەو «خاک» و هەر لەوێشەوە بەڵگەی بوونی خۆی وەردەگرێ و دەیکاتە چوارچێوە و ناسنامەی خۆی، تەنانەت لە شیعرەکەشدا پێش خۆی دەخات: «لەخاکێکەوە من هاتووم»، بەڵام ئەو خاکەش ناسنامەی خۆی هەیە.. خاکی عاشقە ناکامەکانە: «ساڵی هەزاران فەرهادی تێدا دەمرێ و دەم نانێنە دەمی شیرین». بە دەربڕینێکی دیکە.. ئەو عاشقانە (کۆ) و عیشقەکەیان (تایبەتمەندی)ن کە دەبنە ناسنامەی (خاک)ەکە و شاعیر (تاک) تەنیا سەر بەو نیشتمانەیە، ئەمەی لەم شوێنەدا بەدی دەکرێ، پڕ بە پێستی وشەی ئینتیمایە.. ئینتیمایەک «خود» تێیدا ئەو ناسنامەیە هەڵدەبژێرێ کە «خاک» هەیەتی و شانازی پێوە دەکات. بە کردەوەش، ئەگەر شاعیر بە هەمان ئەو شێوەیەی (فەرهاد)یش عاشق و ناکام نەبووبێ، بەڵام بە ئەزموون هەر عاشق و ناکام بوو، ئەمە لە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵە شیعری «زریان»داو، زۆر بە ڕوونی لە «کۆچی شازادە»دا بەدی دەکرێ:

**سەر هەڵئەگرم، لە وڵاتی غەریبیدا**<br>
**دوور دوور لە تۆ، ئەچمەوە باوەشی خاک**<br>
**ئێوارانێ..**<br>
**وەک شمشاڵێ لێو و پەنجە و بەرۆکی شوان بەجێ بێڵێ**<br>
**جێت ئەهێڵم**<br>
**وەکو شووشە کە پەنجەرە جێ بهێڵێ و دەست بکاتە ملی**<br>
**ورد بوون**<br>
**جێم ئەهێڵی و جێت ئەهێڵم** ل٦٥

ئایا ڕێکەوتە، یان پێشبینییەکی شاعیرانەیە، یان خەونێکی شێتە ئاوەها، لە پارچە شیعری «پرس»دا، بەم شێوە سەرنجڕاکێشە، دەقاودەق زایەڵەی ئەو ڕاگەیاندنە پڕ

گـــریانەی «کـــۆچی شـــازادە» دەبینینەوە، با بە وردی بەراوردیان بکەین: «سەرهەڵئەگرم، لە وڵاتی غەریبیدا.. دوور دوور لە تۆ، ئەچمـــەوە باوەشی خـــاک».ئا ئەمـــە ڕاگەیاندنەکەی «کۆچی شازادە»یە، لە «پرس» یشدا، کە یەکـەمین پارچە شیـعری «وڵاتی غـەریبی»یە و تـەنانەت تاقە شیعری نامۆییشەو کە شوێنی نووسینەکەی تۆمار کــراوە: «لینینـگراد، ئاوەها چۆتەوە باوەشی خـــاک: «لەخاکێکەوە من هاتووم»!؟. ئایا ڕێکەوتە، یان خەونە پێشبینی کە لە «کۆچی شازادە»دا ئەوەها باسی ناکامی شاعیر کە لەدوو توێی ناکامی شمشاڵی لێو و پەنجەی شـوان بەجێ هێشـتوو و شـووشـەی وردی پەنجـەرە بەجێ هێشـتوودا ڕەنگرێژی کراوە... ئاوەها زایەڵەی خۆی لە شیعری «پرس»دا بەو شێوەیە ببینێتـەوە کە «ناکامی» دەبێتـە ناسنامـەی هەمـوو عـاشـقـان و هەمـوو ئەمـانەش هێندە لە خاکدا ڕۆدەچن کە دەبنە ناسنامەی «خاک»؟.

دارشتنی «ناسنامە» و «ئینتیـما» بەم شێـوەیە بەرەو پێگەیشتنی هەمەلایەنەی ئەو خۆشەویـستـییـە، بەڵکو بەرەو «خۆشەویستی» هەمەلایەنەش پەلکێشمان دەکات. ئایا لـەکـاتی نووسـینی هەردوو شیـعرەکـەدا عـاشـقـانی نیـشـتـمـانەکـەی شـاعـیـر، بەنامـۆیی، لەو نیـشـتـمـانە دانەبڕێـندرا بوون و «ناکـــــام» نەکـــــرا بـوون؟. بەم تێگەیشتنە، ئەو ناسنامـە و ئینتیـمـایە کـرۆکی کـێشـە «قـضـیـة»یەکی گەورەترن لەوەی لە چەند پرسیارێکدا چڕ بکرێنەوە، بۆیە پێم وایە «پرس» ناونیشانی ئەو شیعرە کـورتکراوەی «پرسـیـار» نیـیـە، بەڵکو مـەعنای وشـەی عـەرەبی مسـألة – قـضـیـة» دەبەخشێ، ئایا دەتوانرێ لە کـۆمـەڵە شیـعری «زایەڵە»دا بەکـردەوە و بەپێشت بەستن بەهێڵە سەرەکییەکانی پارچە شیعری «کۆچی شازادە»، سیماکانی ئەو کێشەیە (ئەو پرسە) بەدی بکرێ؟.

بەڕواڵەت، بەشـێک لە شـیـعـرەکـانی شـاعـیـر ڕەنگدانەوەی پێـوەندییـە زۆر تایبـەتیـیـەکـانین. ئەوەتا پارچە شیعری «کاکە» بۆ مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم نووسـراوە و شـاعـیـر بەم شـێـوەیە ناوی بردووە (کـاکـە حەمەی مەلا کەریم)، بەڵام یەکەمین دێری دەتوانێ هێڵە سـەرەکـیـیـەکـانی ئەم پێـوەندییـە تایبـەتە دەکـاتە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی شاعیر:

**کاکە ئەمڕۆ نامەکانم ناگەنە تۆ!**

ئەگەر «نامە» کێشەیەکی تایبەت بە تاکەکەس بووبێ، نەگەیشتنی نامە، بەتایبەت لەکاتێکی دیاریکراوی وەکو ئەوەی ئەو پارچە شـیـعـرەی تێـدا نووسـراوە (شـوباتی ١٩٧٩)، هەرگـیـز کـێـشـەیەکی تایبـەت نەبووە، ئەوەی باسی لێوە دەکرێ نەگەیشتنی نامەیە لە ڕێگای پۆستی ئاسایی وڵاتەوە پۆسـتی ئاسایی ئەو سـەردەمـەی عێـراق فەرمانگەیەکی ڕژێم بـوو دەیزانی نامە ئامرازێکی کارای گـواسـتنەوەی هەواڵە، چ ڕاسـتەوخـۆ و بێ پەردە بێ و چ ناڕاسـتــەوخـۆ و لەژێر پەردەوە.. لێـرەوە، جگە لەوەی هەمـوو نامـەیەک لەژێر سـانسـۆرێکی گـەورەدا بـوون، بە تایبـەت لە سـاڵی ١٩٧٩وە، نامـەی کـەسـانێکی دیاریکراویش، بە مـەبەسـتی ڕێگاگـرتن لە دزەکـردنی هەواڵی پەردەپۆش کراو، هەر ڕێگا نەدەدرا بگەنە شوێنی خۆیان، یەکێک لەو کەسانەش شاعیر بوو.

بەڵام با تەنیـــا پەنا نەبەینە بەر لێکدانەوەی پشت بەسـتـوو بەهێندێ لەتایبـەتمەندییـەکـانی سـەردەمـێکی دیاریکراو، ڕاسـتەوخـۆ دیوی ناوەوەی شـیـعـرەکـە خۆی بدوێنین، تا بزانین ئایا ئەو پێوەندییە زۆر تایبەتییانەی شاعیر دەخرێنە ژێر چەتری خۆخوازییەوە:

**کاکە گەرچی تاکو ئێستەش،**
**«ڕەواقی خانەیی سەبرم نەسووتاوە،**
**بەڵام بەخوا هەموو ڕۆژێ،**
**دڵ دەبێتە چەند دڵۆپێک خوێنی ڕەش و،**
**بەچاوانما ڕادەبووڕێ....»** ل٨٣

لە پەراوێزدا شاعیر تەنیا ئەمە دەدرکێنێ: «ئاماژەی شیعرەکەی (نالی)یە: قوربانی تۆزی ڕێگەتم.. ل١٩٩» مەبەستیش «چامە نامە» بەناوبانگەکەی (نالی)یە کە پتر بە «نامەی نالی بۆ سالم» ناوبراوە و لە (٤٣) بەیت پێک دێت و لە «دیوانی نالی»(*)دا زنجیـرەی دووەمین پارچە شیـعری تیـپی (ڕێ)ی دراوەتێ. ئەو «چامە نامە»یە ئاوەها دەست پێ دەکات:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**
**ئەی پەیکی شارەزا بە هەمـوو شـاری (شـارەزوور)**
ل١٧٤

ئەوەی تەنیـا یەک جـاریش چاوی بە هەمـوو (دیوانی نالی)دا خشاندبێ دەزانی ئەو «چامە نامە»یە لە غەریبی و لە سـایەی نەمـانی دەسـەڵاتی خـۆمـاڵی (ڕووخـانی

میرنشینی بابان)دا نووسراوە.

واتە بێ گومان سۆزی نامۆیی، ئامێتەی ترس لە داهاتنی شەوی ئێجگار درێژی دەسەڵاتی بێگانە دەبێ. پارچە شیعری «کاکە»ش هەمان ئامێتە بوونی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام لێرەدا ئەوەی خەریکە باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ تەنیا هێزێکی داگیرکەر نییە، چونکە وڵات لە بناغەدا «ئازاد» نەبوو، بەڵکو دیکتاتۆرییەتێکی دەگمەن لەسەردەمێکی دەگمەندا خەریک بوو باڵی بەسەر وڵاتدا دەکێشا و هاوکاتیش گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە گەیشتبوونە لووتکە. لە ناوەوەی کوردستاندا داگیرکەران بەقووڵایی چەندین کیلۆمەتر یەکەمین ئەنفالی گەورەی گوندەکانی کوردستانیان (گوندەکانی سەر سنووری ئێران بەتایبەت) گەیاندبووە دوا قۆناغ. لە ئێراندا ڕژێم گۆڕا بوو. لەنێو دەسەڵاتی عیراقیشدا لەلایەکەوە دوا شەڕی گەورەی دژی هێزە سیاسییەکانی وڵات، بە گەرمی دەستی پێ کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی ڕاستەقینەی یەکلاکردنەوە و پاوان کردنی دەسەڵات دەستی پێ کردبوو و ڕووە و کۆتایی ترسناکی هەنگاوی هەڵدەهێنا. لەنێو سەرجەمی ئەم گۆڕانکارییانەشدا وێنەی خەونەکانی دیکتاتۆری پشت پەردەی دەسەڵات بۆ فراوانترکردنی بەردەوامی سنووری دەسەڵاتی، لە ناوچەکەدا بەلای کەمەوە، دەکرا بەدی بکرێ.

ئەمە سنوورەکانی ئەو دڵەڕاوکێیە بوون کە ڕەنگە تەنیا لە ڕێگای نەگەیشتنی نامەکانیەوە شاعیر دەرکی پێ کردبێ. لە چوارچێوەی ئەم سنوورەشەوە دەزانی چۆن و بۆچی چامەنامەی نالی هەڵبژاردووە و پتر پێ لەسەر چ بەیتێک دادەگرێ:

**کاکە گەرچی تاکو ئێستەش**

**«ڕەواقی خانەیی سەبرم نەسووتاوە،**

«تاکو ئێستەش.. واتە.. تاکو کاتی نووسینی پارچە شیعرەکە، کە (مارتی ١٩٧٩)یە. تا ئەوکاتە تەنیا نزیکەی (چوار مانگ) بوو کاک ئەنوەر پێی نابووە «وڵاتی غەریبی»یەوە، ئاساییە تا ئەوکاتە «ڕەواقی خانەیی سەبر» ئاگری تێ بەرنەبووبێ، شاعیر سوڕ دەزانێ ئەمە پایەدار نییە. «کاکە گەرچی..» ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی باری ئێستا باری ئاسایی و چاوەڕوان کراو نییە. پێشتر، بەنیسبەت نالی-یەوە، لە «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»دا سەرنجی ئەمەمان دابوو:

**سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم، دڵ و دەروون**

**نەیاوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی: یا صەبوور** ٦/ ل١٧٧

هەڵومەرجەکەش هەر «نامۆ» بەرەو ئەوە دەبات دڵەڕاوکێیەکی گەورە، لە ئاستی بوونی داگیرکەرێکی بێ بەزەیی بەسەر وڵاتەکەیەوە، ناخی بەتوندی بگەزێ.. ئەو ناخ گەستنەی نالی لەبارەیەوە گوتبووی:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**

**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بەچاوا بکا عوبوور** ٤١/ ل١٩٧

بەڵام بەلای ئەنوەرەوە کارەکە لە سنووری «ئەگەر-ئیحتیمال»دا نامێنێتەوە و، «ڕەنگە»ی هاوتا لە تەرازووی بوون و نەبووندا، بە پاڵپشتی پیرۆزی سوێند: (بەخوا)، دەبێتە ڕووداوێکی بەردەوام:

**بەڵام بەخوا هەموو ڕۆژێ**

**دڵ دەبێتە چەند دڵۆپێک خوێنی ڕەش و،**

**بەچاوانما ڕادەبوورێ**

ئەوەی لە «کاکە»دا، سەرەڕای ترسناکی ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت، دابێت دەتوانێ هاوکێشەکە بگۆڕێت جیاوازی هەلومەرجی گشتی سەردەمی تازەیە لەو سەردەمەی نالی. سەرەڕای هەموو شتێک.. دڕندەیی دیکتاتۆرییەت، جۆراوجۆری و دڕندەیی چەکەکانی، توانای گەورەی دارایی، توانای گەورەی ڕاگەیاندن و تۆڕی پێوەندییە جۆر بەجۆرە و گەورە و کاریگەرەکانی، سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەنوەر دوو شتی گرنگ بەدی دەکات: ئەو بزووتنەوەی داکۆکی کردنەی سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە و وا خەریکە خوێنی تازەی پێ دەبەخشرێ، ویستی پۆڵایینی گەلێک بۆ ژیان، ئا ئەمەش گرەوەکەیە.. هەموو شتێک، تەنانەت شاعیر و کاکەش، ئەوەی جاران نین و بەم شێوەیەی ئێستا..، لەم بارەی ئێستادا نامێننەوە:

**کاکە دەڵێن: سواری گلا و ڕاست بۆتەوە و،**

**ئەمجارەیان ئەسپی ژێری،**

**باهۆزێکە لە گڕی سوور**

**کاکە! نە شار، نەستێرەکەی،**

**لەهەوری خوێندا نوقم بووی**
**جاران و میری بەبەیە و**
**نە تۆش خواپەرستی بێ خووا و**
**نە من غەریبی تا هەتا... کاکە** ل٨٣

ئەمەش تەنیا جەوهەری دەرک کردن بەو گۆڕانکارییانە نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێکی دیکە گەشبینە لەسەر بنەمای بەهێزی زەمینەسازبوون بۆ گۆڕان.

(٢)

لەکۆمەڵە شیعری «زایەڵە»دا سنوور تەنیا شەونمێکە، بە هەڵهاتنی خۆری سۆزی ڕاستەقینە دەبێتە هەڵم و ئیدی «من» لە نەخشەی «ئێمە» و هەر «بەرد» و «چڵ» و «دڵۆپ»ێک لە نەخشەی «چیا» و «دارستان» و «ڕووبار» و سەرجەمی ئەمانەش لە نەخشەی گشتی «نیشتمان»دا جێگەیان دەبێتەوە بێ ئەوەی هەر شتێک، هەرچەند بچووک بێت، بزر بێت، یان بەلای کەمەوە، ڕۆڵیان کەم بکرێتەوە، چاوی مرۆڤی نامۆی گرێدراو بە وڵاتەکەی دوو تایبەتمەندی گەورەی هەیە:

١- دووربینە، بەو مەعنایەی بە قووڵایی تەمەندا ڕۆدەچێ و وێنە و چرکەی پێویست، لە هەر قۆناغێکی زەمەنی بێت، دەگوازێتەوە بۆ ئێستا بەو بەمەستەی «سۆز- عاطفە»، لە تاقیگەی خۆیدا، بەشێوەی شیاو مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

٢- لەسەرخۆیە، بەو مەعنایەی دەیەوێ گەورە و گچکە بواری ئاوڕ لێ دانەوەی پێویستی بۆ بڕەخسێنرێ، چونکە لە نیشتمانی بە ناچاری جێ هێڵراودا، هەموو شتێک هەر خۆشەویست، بە نرخ، زیندوو و خاوەن تام و چێژی تایبەتی خۆیەتی. شتەکان پێکەوە بۆن و بەرامە و مێژوو و ناسنامەی نیشتمان پێک دەهێنن.. ئەگەر وانەبێ چۆن «پیرەمەگروون»، «نالی»، «سەیوان» و...تاد، وەکو لە پارچە شیعری «ئەگەر»دا بەدی دەکرێن، چ شتێک ئاوەها پێکەوەیان گرێ دەدا؟:

**ئەگەر ئێوەش، لوتکە بەرزە،**
**بەفرینەکەی «پیرەمەگروون»تان دەبینی و،**
**هۆگرییە بوون..**
**گەر (نالی)یەک دەبووە قوربانی تۆزی ڕێی**
**شنەی باتان**
**ئەگەر ئێوەش،**
**دەیان پشت و خوشک و برا و خۆشەویستتان..**
**دەبوونە میوانی هەتا هەتای «سەیوان»**
**دەبوونە هاوڕێی ئەرخەوان**

تا ئێستا ناوهێنراوەکان، جگە لە «نالی» تەنیا لە بیرەوەریدا ئەو بارستاییە گەورەیەیان هەیە. شاعیر دڵنیایە لەوەی ئەو کەسانەی قسەیان ئاراستە دەکات، لە وڵاتی خۆیاندا، لوتکەی گەلێک لە «پیرەمەگروون» بەرزتر و بەفرینتریان هەیە... شاعیرێکیان هەیە، بەلای کەمەوە، نالی ئاسا، دوو دڵی گەورەی لە ئاستی چارەنووسی نیشتمان و هاووڵاتیانی بیگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی، تەنانەت، بشبێتە قوربانی تۆزی ڕێگەی ئەو بایەی بە (خۆش مروور) ناوی دەبات و بە (پەیک/ی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور) دەیناسێنێ. (سەیوان)ێک و چەندین ئازیزی بە خاک سپێردراوی ئێجگار نزیکیشیان هەیە، بەڵام ئەو دوو چرکەی جیاوازەی شاعیر دەیەوێ لێرەدا بیانکاتە ئاشنای یەک دوو جوگرافیا و دوو گۆشەنیگاو دوو سۆزی جیاواز لە ئامێز دەگرن... چرکەی دەربڕینی شیعری سۆزێکی نامۆ و چرکەی وەرگرتن و پەسندکردنی لەناخەوە، لەلایەن ئەوانەوە کە دەیەوێ نەک تەنیا گوێ، بەڵکو ناخیشیان بۆی بکەنەوە، جگە لە جوگرافیا و گۆشەنیگا و سۆز، جیهانی سیاسەت و بەرژەوەندییەکان و ڕاگەیاندنیش هۆکاری جیاکردنەوە و چەواشەکردنن، ئەگەر ئەوکاتە سۆڤیەتی ستالین بووبایە، ئەوا خەڵکی، بە «سۆزی دامرکێندراو»، یان، دەیانزانی سەددامی خاوەن توانای دارایی، ڕێک وەکو ستالین، دەزانێ چۆن دزێوترین تاوانەکانی مێژوو لەژێر پەردەی سێیانەی سەرکوت کردن، سامان و ڕاگەیاندنی چەواشەکاردا بشارێتەوە، بەڵام سەردەمی مەنگی برێجنێف و بەرژەوەندی گەورەی فرۆشتن و کڕینی چەک، لەژێر پەردەی دۆستایەتی بەرەی سۆشیالیزم دژی سەرمایەداری و ڕاگەیاندنی پێکەوە ئاشناو تەبا کردنی هاودژ و ناکۆکەکان و لە هەموو ئەمانەش خراپتر.. گوێ گرتن لە سایەی ئەو برسێتییە پەردەپۆش و سەرکوتکراوەی «ئایدیۆلۆژی» بەشێوەی بەهاری جێبەجێ کردنی تەواوی هەموو پێویستییەکان دەیخستە پێش چاو.. سەرجەمی ئەم هۆکارانە ڕێگەیان

لەوە دەگرت ئەو ناوانە ببنە باڵیۆزی سۆزەکانی شاعیر و ئەو ڕەنگە دڵگیرانەی شاعیر لە شیعرەکاندا پاراستوونی و بارستایی زیاتریشی پێ بەخشیون، بە ڕێشکاوی ئەو چاوە لاواز کـراوانە ببـینرێن... ئایا ڕەخنەگـرانمان، هی خۆمان نەک خەڵکی دیکە، سەرنجی هیچ خوێنەرێکیان بۆ لای دەنگی شاراوەی ئەم «شت»انەی تەنیا شارێکی کوردستان ڕاکێشاوە:

**ئەگەر ئێوەش، وەکو شارە نەشمیلەکەم،**
**دەبوونە فوای ئەسپەکەی شێخ**
**گەر چریکەی مەردانەی شێخ،**
**دەشت و دەرو کەژی ئێوەشی دەهەژاند**
**گەر قەتارەی کاروانی گەورەی شەهیدان،**
**بە دڵتانا تێپەڕ دەبوو،**
**ئەگەر کچێکی چاوڕەشی سلێمانی**
**جارێ بە ساقەتان دەبوو،**
**ئەی خەڵکینە،**
**ئێوەش وەک من،**
**خۆشەویستی کوردستانتان،**
**لە هەرچی شتێ پیرۆزە،**
**لەدڵدا پیرۆزتر دەبوو، لەدڵدا گەورەتر دەبوو** ل٩٤

لەچوارچێـوەی ئەو تێکەڵ بوونی شـتـانەدا، کـە لە نەمـانی سنوورەوە دێنە ئاراوە، کـۆشـشـێکی شـاعـیـرە بۆدەستنیشان کردنی شادەمارە زیندووەکەی ژیان بەگشتی و دانانی بە یەکـێک لە نەگـۆڕەکـانی بوون (الوجـود). لەلایەکەوە:

**ئەگەر (شیرین) عەشقەکەی گەورە نەبووایە،**
**فـــەرهادەکـــەی بە ئارەزوو و باوەشی پیــــسی (کەیخەسرەو)**
**بفرۆشتایە..**
**تاکو مردن زامێ بە سۆ،**
**لە قوولایی دڵی فەرهاد دا هەر دەما و**
**وەک شالوورێکی ڕەنجەڕۆ،**
**ڕۆژەی لەسەر چڵێ دەنیشت**
**هەر ڕۆژەی بۆ گوڵێ دەیخوێند،**
**فەرهاد ئەوسا، هەموو ڕۆژێ بەسەدان جار،**
**لە غەریبی خۆیدا دەمرد،**
**هەر شـــەوەشی، لە باوەشی ئافـرەتێکدا بەسـەر دەبرد**

ئەوین/ ل٩٥

ئەگەرچی لە داستـانە عیشـقی (شـیرین و فەرهاد)دا، فـەرهاد خـۆی بۆ عـیـشـقـەکـەی بەخت دەکـات و ئەو هەڵوێسـتـە پیرۆزەی شـیرین (واتە ڕەتکردنەوەی هەمـوو دەسکەوتەکـانی ژیان لەگەڵ خەسـرەو، دەرەنجـامـە، بەڵام ئەنوەر ئەوەیان دەکاتە «نەگۆڕ» چیرۆکی ئەم جێگۆڕکێیە، ڕەنگە لە چیـرۆکی ئەو خـۆشـەویـسـتـیـە ناکـامـەیەوە هەڵقـوولابێ کـە لە «کـۆچی شـازادە»ی کـۆمـەڵە شـیـعـری «زریان»دا بەدیمان کـرد، لەوێدا سـەرەڕای ئەو چیـرۆکی ناکامییەی لەکاتێکی دیاریکراوەوە دزەی کردە نێو ژیانی سۆزی شاعیر و ئیدی بەجێی نەهێشت، سەرەڕای ئەوەی شازادە دەسپێشخـەر بوو لە دوورکەوتنەوە، بەڵام ئەم لە گوڵ کاڵتریشی پێ نەگوت تەنیا گلەیی لەخۆی کرد:

**مەشقەڵانی ئاگرێ بووی بۆ ڕێبواری وێڵ هەڵئەکرای،**
**بارانێ بووی پایزێکی درەنگ درەنگ بەسەر کێڵگەدا داتـ ئەکرد..**
**وەڕز ئەبووم.. کاتێ پرچت دەستەکانتی ئازار ئەدا**
**وەڕز ئەبووم.. پەنجەکانت چاوەکانتی هەڵئەگلۆفی**
**داستانێکی زۆر شیرین بووی، شاعیرێ هات بە شیعر بتنووسێتەوە**
**هوزارێ بووی شەنگ و خامناک**
**لەسەر داری زڕی گیانی سووتاوی (ئەنوەر) هەڵنیشتی و هەڵیش فڕیت...**
**تۆ لەلای من منداڵ نەبووی، زۆر گەورەبووی**
**گەورەییەک نەمئەتوانی بەزار بیڵێم**
**ئیمشەو گیانە!**
**بە بێداری سەرم لەشمی بەجێ ئەهێشت**
**پەنجەکانم هەڵئەوەرین..**
**دڵم سنگمی بەدەست ئەدڕی و بەشـەقـامـەکـاندا ڕای ئەکرد**
**تۆش کۆچت کرد، بەجێت هێشتم**
**لێت دڵگیـر نیم، خـۆم بەخـۆم کـرد** کـۆچی شـازادە/ ل٦٥

ئەمـــە جـەوهەری ئەو هەڵـوێسـتـــە بناغـەییــەیە کـە خۆشەویستی، بەلای شاعیرەوە، کردۆتە ئەو چارەنووسەی هەمـوو مێژوومـانی داگیرکردووە. پێشتر: هەر لە کۆمەڵە شیـعری «زریان» و لە «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد»دا،

ئەو هەڵوێستە بناغەییە، لەسەر زاری «فەرهاد» بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە:

**هۆ شیرین گیان!**
**دوای وەرزی قوڵنگ وەشاندن**
**دوای ماندوو بوون**
**هەناسەکەم کە ئەڕژێتە سەر ڕووی بێستوون**
**وێنەی شیرین نەخش ئەکا**
**لێــوی تینووی دڵدارێکی لە یار بڕاو نەخش ئەکــا**
ل١٤

تا ئێرە، بە ڕواڵەت هەر کێشەی خۆشەویستی نێوان دووعاشقی لەخۆ بوردوو بەسەر شانۆی ڕووداوەوە دیارە، لێرە بەدواوە، لەخودی ئەم پارچە شیعرەشدا، مەودایەکی دیکە بە خۆوە دەگرێ، مەودایەکی ئەوتۆ کە پەل بۆ سنوورەکانی «بوون» دەهاوێت و «شتەکان» دەهێنرێنە گۆ:

**پەنجەی مەرگ و خۆشەویستی نەخش ئەکا**
**وێنەکانم.. بە فرمێسکی تاڵی هەوری هەموو**
**ئاسمانێ کێشراون..**
**وێنەکانم.. وەک ڕووباری ئەوچاوانەت**
**لافاوی خەم، خۆشەویستی تیا هەڵساوە**
**وێنەکانم.. کانیاوی تازە تەقیون**
**ڕوو ناکەنە ڕووبارە مەنگ و تەڵخەکان**
**ڕووبارەکان خوڕە و هەڵهەڵەیان نایە**
**ڕووبارەکان شووشەی پەنجەرەی بەر گڕەی**
**هاوینێکن.. تەمی سپی هەناسەمان**
**لە ڕوخساریان شیرین نایە**
**وێنەکانم.. تارماییی ڕەشی گومانن**
**لە دەروونی دڵدارەکاندا هەڵئەکەن**
**باڵ دائەدەن..**
**نزاو تکای نەبیستراوی سواڵکەرەکانی**
**ناو شارن.. لە برسانا**
**لەتینوانا.. هەموو شەوێ دە هەزار جار**
**لە قاپی دادی خوا ئەدەن** ل١٤-١٥

لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم خۆشەویستییەی لە «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد»ەوە بەو شێوەیە بووە قەدەر و چارەنووس و بەرەو لایەنەکانی ژیان پەلی هاویشت، لە «پایز و ئەڤین»ی کۆمەڵە شیعری (زایەڵە)دا دەبێتە ناسنامەی «شت»ەکان، سەرەتا، ئەم ناسنامەیە، لە نیشتماندا ڕەگ دادەکوتێ، بەڵام پاشان سنوور دەبەزێنێ.. لەم سنوور بەزاندنەدا سەرەتا چەمکەکان: (پەیکە)، (مۆزەخانە) و (کەنیسە) دەبنە سوپەری ئەم گۆڕەپانە بەرینترەی خۆشەویستی:

**لەگەڵ گەڵای هەڵوەریوی باخچەکاندا**
**لەگەڵ مەلی کز و ماڵی جادەکاندا،**
**چاوەڕێت بووین،**
**دەنگت نەبوو! ڕەنگت نەبوو**
**پەیکەر، درەخت، مۆزەخانەی پڕ جموجووڵ،**
**ئەو گڵۆپە شین و مۆر هەڵگەڕاوانە،**
**ئەم کەنیسە خامۆشانە، لێم دەپرسن:**
**- ئەوە چیتە جار جار تەنیای؟!**
**یا لەگەڵ کچی تازەدای؟!** ل١٠٣

پاشانیش، «شت»ەکان بە ئاقارێکدا دەڕۆن کە لەناو و نەریتدا دەرەوەی نیشتمان زەق بێتەوە و سەرلەنوێ لە هەمان چارەنووسی خۆشەویستدا لەگەڵ نیشتمان و ناو و نەریتی ئامێتەی یەک بێن:

**ئەلیناکەم! جەژنی نەیابەر تێپەڕی و تۆ نەهاتی،**
**باڵدار دایان لە شەقەی باڵ،**
**کۆچیان کرد و تۆ نەگەشتی**
**بەفرتێی کرد، (نیڤا)ش بەستی و هەر نەهاتی**
**گیانەکەی من! دەڵێن: میرەکانی «بۆتان»**
**وەڕس بوون بەدەستمەوە و**
**فڕێیان داومەتە زیندان،**
**دەس هەڵگری عەشق و باڵای خوشکیان نەبووم،**
**لە ماهـ و زەردی دەیەها،**
**داستانانی نائومێدیدا هەڵدێراوم و هەر نەمردووم..**
**دەڵێن: دەیان تیشەی تیژم،**
**داوە بە تەختی تەوێڵما و هێشتا زیندووم**
**دەڵێن: جوانیی هەموو (زین) و**
**هەموو (خەج) و (شیرین)ەکان..**
**لە هەستیی تۆدا نەخشاوە**
**دەڵێن: عەشقی هەموو (مەم) و**
**(سیامەند) و (فەرهاد)ەکان..**
**بۆتە گرێکی نەمرو**

**لەناو دڵی مندا بۆ خۆی داگیرساوە** ل١٠٣-١٠٤

ئەو خۆشەویستییە چارەنووسەی ئاوەها بەلای شاعیرەوە پەلوپۆی هاوێشتووە، لە (داستانی ئەڤینی سێوەخان)دا، خودی داستانەکە بەشێوەیەک دەخرێتە گەڕ کە نەیاری عیشق، چ دەرەکی بێت و چ خۆماڵی، هەر ئەو لە بۆسەدا دەبێ بۆ سەربڕینی ژیان و گوندیش لە ئاستی ئەم نەیارییەدا، نەزانانە، ئاوڕ لەو هاوارە قووڵە ناداتەوە و بە تەواوی کەڕ دەبێ:

**قەت دەستەکان هەتاکو سەر،**
**نەدەبوونە تەنیا دەستێ،**
**نووکی تیژی خەنجەرەکان،**
**لوولەی گەرمی تفەنگەکان**
**ئاراستە دێو، تەلیسمەکەی نەدەکران**
**بۆیە ئاوا هەموو جارێ**
**(حسەین بەگ)ی ئاغای تورکان،**
**هی عەجەمان، هی عەرەبان**
**هی کێ و هی کێ!**
**شمشێری ژەهراوی خۆیان**
**دەگەیاندە قووڵایی دڵی سێوەخان،**
**گوند گوێی کەڕ بوو، ڕانەمەڕ بوو**
**گوند جاروبار سڕبوو، وڕ بوو**
**کە شوانێکی عاشقی تیا پەیدا دەبوو،**
**دڵی لەگوڵ سێوی دەچوو**
**لە هەموو لاوە دوژمن بوو**
**لە ناوخۆدا، لەملا و لەولا،**
**بۆ بڕینی سەری شوانەی دڵدار دەچوون**
**شەیدای باڵا و چاو و مەمکی سێوێ دەبوون**
**گوند گوێی کەڕ بوو،**
**هەرگیز پەندی لە رابوردووی وەرنەدەگرت**
**دەنگی پیرێک، وەک بروسکەی ناو شەوەزەنگ**
**وەکو «مانگی ناو زۆنگاوی لێخن و مەنگ» پەیدا دەبوو**
**- تاکەی هەموو جوامێرەکان ساویلکە بن**
**یەکسەر بەر شەوارە کەون**
**بکەونە تۆڕ داوی دوژمن؟!** داستانی ئەڤینی سێوەخان/ل١٤٠-١٤١

ئایا ئەمە چارەنووسی خۆشەویستی نیشتمان و عاشقانیشی نەبووە!؟.

ڕازی گەورە لێرەدا شاردراوەتەوە. ئەنوەر، ئەم ڕێبوارە تا سەر ئێسقان بریندارە، سەرەڕای هەموو ئازارەکانی، نایەوێ چۆک دابدات.. ئا ئەوەتا لەلایەکەوە شیعرەکانی بەم شێوەیە دەناسێنێ:

**سوێ و مەینەتی یەکەم کۆستن**
**تفت و تاڵیی کۆچ کردنن،**
**شەو سووتانی غەریبانن،**
**کسپە و ئازاری نۆ زامن،**
**دەشیانەوێ وەکو هاتنەوەی ئازیزبن،**
**شیرین بن وەک یەکەم ئەڤین،**
**وەکو گەرمی لێو هەڵمژین**
**وەک ژیان خۆی شیعرەکانم هێور نابن..**
**دەیانەوێ، خۆرەتاوی دوای گشت لێزمەی بارانێ بن**
**دەیانەوێ تریفەی دوای هەموو کوڵی گریانێ بن**
شیعرەکانم/١٢٧

لەلایەکی دیکەشەوە شانازی بەوەوە دەکات کە «نائومێدی»، ئەگەرچی دەوروبەر و تەنانەت ئەندامی گرنگی جەستەشی تەنیوە، بەڵام:

**نائومێدی درەختێکە،**
**پەل و پۆی شەختە و چلوورەن،**
**قەد و لقی سەهۆڵێنن، لەوەتەی هەم،**
**زریانی بێ ئامانی خەم،**
**بەرەو ژێری لوولم دەدا**
**مێلۆی تاسە و خۆزگەکانمی لێ هەڵدەخا...**
**نائومێدی تەمێکە خەست، لەوەتەی هەم،**
**دەشتی چاومی داگرتووە،**
**ئاڵاوەتە لووتکەی سەرم،**
**بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە، دست بنێتە بینی دڵم**
نائومێدی/ل١٢٩

بەڵام ترسێکی گەورە، ئێجگار گەورەش، دڵنیایی تەواوی جێ لەق کردووە و لەلایەکەوە، وێڕای شانازی گەورەی بەچیاکانی کوردستان، ئەو چیایانەی لەسەردەمی تەنیایی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنفال و کۆمەڵکوژیدانە «تاقە دۆستی کوردان»، لەلایەن

کـەسـانێکەوە ناوبران، بەڵام پێی وایە هۆکـارێکی نێوخۆیی هەڕەشەی لێ دەکات:

**ئەو کەژانە بەسەدان جار،**
**لەناو تەمدا، لەناو خوێندا نوقم بوون،**
**ئەو کەژانە بەسەدان جار،**
**بەمردنی شۆڕەسوار و کەڵەمێران،**
**جەرگی قاییان سووتاوە**
**ئەو کەژانە دوژمن نەما،**
**نەیە و پەلاماریان نەدا**
**دوژمن نەما، شەڕە قۆچیان لەگەڵ نەکا،**
**دوژمن نەما، کە شمشێری شکاویان تیا فڕێ نەدا**
**دوژمن نەما چنگ لەسەر شان،**
**لە ترساندا بەرەو دواوە،**
**دۆڵ کێشی نەکا و ڕانەکا..**
**ئەو کەژانە، کەس نییە چۆکیان پێ دادا و**
**هێزیش نییە لووتیان بێنێتەوە بۆ زەوی،**
**مەگەر شەڕی برا کوژی** ئەو کەژانە/ل١٠٠

ئەم براکـوژی-یە، بەلای شاعـیـرەوە، بەشـێـوەیەکی پەردەپۆش کـراو، لە «داسـتـانی ئەڤـینی سـێـوەخـان»دا، بەشێوەی گەراکانی بیرۆکەیەکیش بووبێ، بەم شـێوەیە ئاماژەی بۆ کرابوو:

**لە هەموو لاوە دوژمن بوو،**
**لەناوخۆدا، لەملا و ئەولا**

بەڵام پێ دەچێ ئەو دارشـتنە شـەرمنانەی ئەو پارچە شیعـرە، نەک خـستنەگەڕی ئازارێکی سەخت بووبێ لە چوارچێوەی داستانێکی خۆشەویستی کوردانەدا. دەنا ئەو دوژمنەی لەناوخـۆدا، بەدرێژایی مـێـژووی کـورد، ئامـادە بووە، بەلای شاعـیـرەوە بە (تەلیـسم)ێک لەقـەڵەم دراوە کە تا ئێستا نەشکێنراوە:

**وەک زرەی زەنگی زەواری،**
**کە رێی دوور و هەوراز دەبڕێ**
**ئاواتییە بۆ هەوارێ..**
**وەک سۆزەی شمشاڵی شوانێ،**
**نۆ پاییزێ، بەربەیانێ**
**دەرژێتە دەشتی خامۆش و**
**بەرێ دەکا لەنجەی جوانێ**

**ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،**
**زۆر دەمێکە کۆیلەیەتیی خستووەتە ژێر پێیەوە و**
**بانگی ئازادی زوو داوە...**
**بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆ خۆری و**
**دووبەرەکی بۆ نەشکاوە** تەلیسم/ ١٢٤

بەم شـێـوەیە، چەمکی «زایەڵە» بەو پێـیـەی دەنگی شاراوەی شتەکانە و ڕەگی قـووڵی لە «خۆشەویستی»دا بەدی دەکـرێت، دەتوانرێ لەسـەرجـەمی شـیـعـرەکـانی کۆمەڵەی «زایەڵە»دا بە ڕوونی، یان لەژێر پەروەردە بەدی بکرێ. پێـویـسـتـە ئامـاژە بۆ ئەوە بکرێ کـە ئەو چەمکە، لەو دیوانـەدا، نە چەمکی سـەرەکـیـیـە و نە بەرجـەسـتـەترینیـانە، بەڵکو ئامـاژەیەکـە بۆ وردەکـاریی گەورەی شـاعـیر لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشـانە. لێرەوە، نیـازم نیـیـە، ئەگـەر هەلی گـونجـاوی دیکەم بۆ بڕەخسێ، ئەمـە تەنیـا ئاوڕدانەوەم بێ لە «زایەڵە» و دوو کـۆمـەڵە شیعرەکەی دیکەی ئەم شاعیرە ڕاستگۆ و داهێنەرە. لە شـیـعـرەکـانی ئەمـدا دوو شـادەمـار گـەلێک بەخـۆوەیان خەریک کردووم: کاریگەرییەکی قـووڵی سۆفیگەری، لە پشت پەردەی زاراوەکانیەوە و سۆزێکی نائاسایی (غیر تقلیدی).

**پەراوێز:**

**١- نالی (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی): دیوانی نالی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، بلاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا ١٩٧٦.**

**٢- هەموو دەقەکانی شاعیر، لەم نووسینەدا، لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراون:**

**ئەنوەر قـادر مـحـەمـەد: زریان و زایەڵە و زنار، لە چاپەمـەنییـەکـانی بەڕێوەبەرێتی گـشـتی چاپ و بلاوکـردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٤.**

# دەسەڵاتی ئەفسانە

**جۆزیف کامبڵ**
**لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان**
**(هۆڵاند)**

**(١ - ٢)**

### ئەفسانە و دنیای نوێ

خەڵکی دەڵێن ئەوەی ئێمە بە دووی دەگەڕێین، دۆزینەوەی مانایەکە بۆ ژیان. بڕوا ناکەم واقیعەن ئەمە ئەو شتە بێت ئێمە بە دوویدا دەگەڕێین. بە بڕوای من ئەوەی بەدوویداین ئەزموونێکە دەربارەی زیندووبوونەوە، بە جۆرێک ئەزموونی ژیانمان لەسەر ئاستی فیزیکی پەتی لە قووڵاییترین ڕووی بوون و واقعیماندا دەنگدانەوەی هەبێت و بە کرداریش هەست بە چێژی زیندووبوونەوە بکەین.

**مویرز:** بۆچی ئەفسانە؟ بۆ دەبێت گرنگی بە ئەفسانەکان بدەین؟ ئەو ئەفسانانە چ کاریگەرییەکیان بۆ سەر ژیانی من دەبێت؟

**کامبڵ:** وەڵامی ڕاستەوخۆی من بۆ تۆ ئەوەیە: (بەردەوامی بە ڕێرەوی خۆت بدە، بژی، ژیانێکی باش، - تۆ پێویستت بە میتۆلۆژیا نییە.) بڕوام بەوە نییە گرنگی بە بابەتێک بدرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە گرنگە. بڕوام بەوەیە کە بابەتێک بتخاتە نێو داوی خۆیەوە، بۆیە دەبینی بابەتی ئەفسانە ئەگەر بە شێوەیەکی باش پێشکەشت کرا، دەتخاتە داوی خۆیەوە، پرسیارەکەش لێرەدایە ئەوەیە ئایا ئەگەر بابەتێک بتخاتە نێو داوی خۆیەوە چیت لێ دەکات؟

یەکێک لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە بە ئەندازەی پێویست بە ئەدەبی ڕۆح ئاشنا نین و سەرقاڵی هەواڵی ڕۆژانەو ئەو گرفتانەین کە سات لە دوای سات بەرۆکمان دەگرێت. لە ڕابردوودا سنووری زانکۆ، ڕووبەرێکی تەواو توندوتۆڵ و ئابلووقەدار بوو، هەواڵەکانی ڕۆژگار

نەدەگەیشتنە ئەویّ، تا ڕێگر بن لە بەردەم گرنگی پێدان و ڕوانینەکانت بە کولتووری مرۆڤایەتی شکۆمەند کە لە کولتووری مەزنەوە بۆمان بەجێماوە، ئەو کولتوورەی لە ئەفلاتوون و کۆنفسیۆس و بوداو گۆتەو هەموو ئەو کەسانە پێکهاتووە کە باس لە بەها نەمرەکان دەکەن، ئەوانەی کە سەنتەریّ بۆ ژیانمان پێکدێنن. کاتیّ کە گەورەتر دەبی و دەزانی کە لیّ بوویتەتەوە لە گرنگیدان بە هەموو شتە ئاساییەکانی ژیان و ئاوڕت بۆ ژیانی ناوەوە داوەتەوە، (ئەگەر هاتو نەتزانی ژیانی دەروونی لە کوێیەوە و چییە)، ئەو کاتە پەشیمان دەبیتەوە.

یۆنان و لاتین و ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆز بەشێک بوون لە زانیاری هەمووان. ئێستا کە ئەو زانیاریانە وە لاوە نراون، کولتووری زانیاری میتۆلۆژی ڕۆژئاوایی بە تەواوی ونبووە. ئەم چیرۆکانە لە مێشکی خەڵکیدا بوون. کاتیّ ئەم چیرۆکانەت لە مێشکدا بێت، پێوەندیان بەو ڕووداوانەوە دەبیّ کە لە ژیانتدا ڕوو دەدەن. لە ڕاستیدا بە لە ناوچوونی ئەوانە ئێمە شتێک لە دەست دەدەین.لەبەر ئەوەی ئەدەبیاتێکمان نییە کە لەگەڵ ئەودا بەراورد بکرێت و جێگای ئەو بگرێتەوە.ئەو پارچە زانیاریانە دەربارەی سەردەمە کۆنەکان بوون کە پەیوەست بوون بە کۆمەڵیّ بابەتەوە کە ژیانی مرۆڤایەتیان دادەمەزران و شارستانییەکانیان بنیاد دەناو بە درێژایی هەزاران ساڵ فۆرمیان بە ئایینەکان بەخشی، لەبەرئەوەی ئەو پارچە زانیاریانە دەستی بە شیکردنەوەی مەسەلە دەروونییە قووڵ و نهێنییە دەروونی و ئاستی قۆناغەکانی گواستنەوەی دەروونی دەکرد. ئەگەر هاتو ئێوە ڕێنوێنی و نیشانەکان ئەوانەی کە لە ڕێگاتدا هەن نەیانبینی، ئەوا ناچاری بۆی بگەڕێی و پەیدای بکەیت. هەرکە ئەم بابەتە جارێک خستییە داوی خۆیەوە، ئەوا جۆریّ هەستت لا دروست دەبێت بۆ یەکیّ، یان چەندیّ لەو کەلەپوور، زانیارییە قووڵ و دەوڵەمەندو ژیانبەخشەی کە ناتەویّ بیاندۆڕێنی.

**مویرز:** لە هەمان کاتدا ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕێگای حیکایەتبێژییەوە لەگەڵ جیهاندا بگونجێین و ژیانی خۆمان لەگەڵ جیهاندا هارمۆنیزە بکەین؟

**کامبل:** پێمـوایە هەروایە، ڕۆمانە مەزنەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕوونکەرەوەی ئەم ڕاستییەن. لە بیست و سی و تەنانەت چل ساڵیشدا جیمس جویس و تۆماس مان مامۆستام بوون. هەرچییەکیان نووسیوە خوێندومەتەوە. هەردوو ئەو زاتە لە قالبێکدا دەیاننووسی دەکریّ پێی بووتریّ کولتووری میتۆلۆژی. هەر بۆ نموونە چیرۆکی تونێو لە کتێبی تونیو کروگەر Toni Krger لەبەرچاو بگرن. باوکی تۆنێو بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو، لە شارەکەی خۆیدا کەسێکی ڕێزداربوو، بەڵام تۆنیۆی کوڕی خوویەکی هونەرمەندانەی هەبوو، بۆ میونیخ ڕۆیشت پێوەندی بە دەستەیەکی ئەدەبییەوە کرد، کەسانی نێو ئەو گرووپە خۆیان بە بەرزترو لە پێشتر دەزانی لەوانەی تەنیا بیریان لە پووڵ و پارە و خانەوادە دەکردەوە.

بەمجۆرە تۆنێو لە نێوان دوو تەوەرەدا گرفتاردەبێت: تەوەری باوک کە باوکێکی چاک و بەرپرسیار و خاوەنی کۆمەڵیّ سیفەتی دیکەی لەمجۆرەیە، بەڵام لە سەرتاسەری ژیانیا هیچ کاتێک کارێکی ئەنجام نەداوە کە بە دڵی خۆی بێت، لە لایەکی دیکەشەوە تۆنێو کەسێکە کە ژینگەی خۆی بەجێدێڵیّ و دەبیّ بە ڕەخنەگری ئەو جۆرە ژیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆنیۆ دەبینیّ کە بە ڕاستی ئەو خەڵکی شارەکەی خۆی خۆش دەویّ. هەرچەندە ئەو خۆی وا دەبینی لەسەر ئاستی فیعلی لەوان بەرزترو باشترە و دەتوانیّ بە کۆمەڵیّ وشەی بریندارکەر وەسفیان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی لەگەڵیان بوو.

بەڵام کاتیّ کە چوو بۆ ئەوەی لەگەڵ بوهیمیاکان بژی، بۆی دەرکەوت ئەوان ئەوەندە ڕقیان لە ژیانە، کە ئەو ناتوانیّ لەگەڵیانا بژی. بۆیە ئەوانی بەجێهێشت و لە میانەی نامەیەکدا بۆ یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە نووسی، (من ستایشی ئەو بوونەوەرە ساردو لوتبەرزانە دەکەم کە هەنگاو دەنێن لە ڕێگا مەزن و شەیتانییە جوانەکان و قێزەونی لە (جۆری مرۆڤ) دەکەن، بەڵام من ئیرەییان پیّ نابەم. لەبەرئەوەی ئەگەر شتێک بتوانیّ کەسێکی ئەدەب دۆست بکا بە شاعیر، ئەوا خۆشەویستی خەڵکی شارەکەمە بۆ مرۆڤایەتی و ژیان و ئاسایی. گشت گەرمی و میهرەبانی و سیفەتە خۆشەکان لەم عیشقەوە سەرچاوە دەگریّ. بە بڕوای من ئەو عیشقە هەمان ئەو عیشقەیە کە لە ئینجیلدا دەربارەی نووسراوە: ڕەنگە مرۆڤ بە زمانی مرۆڤ و فریشتەکان بدویّ، بەڵام ئەگەر هاتو خۆشەویستی تێدا نەبیّ تەنیا وەکو دەنگدانەوەی شەقشەقە و ئامێری فووتێکردنی هەوایە).

پاشان دەڵیّ: (دەبیّ نووسەر دەربارەی حەقیقەت ڕاستگۆ بێت.) ئەمەش جۆرێکە لە مرۆڤکوژی، لەبەرئەوەی تەنیا ڕێگایەک کە بەڕاستی دەتوانریّ وەسفی

مرۆڤێ پێ بکرێت، وەسفکردنی ناتەواویەکانێتی. مرۆڤی تەواو جێگای سەرنج نییە- وەک بودا کە جیهانی بە جێدێهێشت. ئێوە دەزانن ئەوەی کە خۆشەویستە ناتەواویەکانی ژیانە. کاتێ کە نووسەر ڕمێک لە وشە تێ دەگرێ، زیانێک دەگەیەنێ، بەڵام ئەم ڕمە بە عیشقەوە پرتاو دەکرێ. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە تۆماس مان ناوی لێ دەنێ (گاڵتەجاڕی عاشقانە)، واتە ئەو خۆشەویستیەی کە تۆ بە وشە ستەمکارو ڕێژکراو بە لێکدانەوەت دەیکوژی.

**مویرز:** موعجیبم بەو وێنەیە: خۆشەویستی بۆ زادگاکەم، واتە ئەو هەستەی بۆ ئەم جێگایەی دەگەڕێنێتەوە هەرچەند لێی دوورکەوێتەوە و تەنانەت بۆشی نەگەڕێتەوە. ئەو شوێنەی یەکەمین جار مرۆڤی تێدا ناسی، بەڵام بۆچی دەڵێی تۆ ئەو مرۆڤانەت خۆش دەوێ کە ناتەواون؟

**کامبل:** ئایا منداڵان لەبەر ئەو هۆیە خۆشەویستن کە بەردەوام دەکەونە سەر زەوی ولەشێکی بچووک و سەرێکی زلیان هەیە؟ ئایا واڵت دیزنی ئەم شتەی نەدەزانی کاتێ کە حەوت گرگنەکەی دروست کرد؟ ئەو سەگە بچووکانەی کە مرۆڤ خۆشی دەوێن، خۆشەویستی ئەوان تا ئەو ڕادەیە کە ئەوان ناتەواون.

مویوزششئایا کاملی شتێکی بێزارکەرە؟ وانییە؟

**کامبل:** هەر دەبێ وا بێت. ڕەنگە ئەوە کارێکی نامرۆڤانە بێت. ئەم پونتە ناوکە کە ناوی مرۆڤایەتییە و تۆ لە شێوەی مرۆڤدا دەخاتە ڕوو، نەک بوونەوەرێکی میتافیزیکی و نەمر، هەمان ئەو شتەیە کە خۆشەویستە. لەبەر هەمان هۆ بۆ بەشێک لە خەڵکی خۆشویستنی خوا کارێکی زۆر دژوارە، لەبەر ئەوەی لە خوادا ناتەواوی نییە. ڕەنگە بەرانبەر بە خوا ترسێکیان هەبێ، بەڵام ئەمە پێی ناوترێ عیشقی واقیعی. ئەو کاتە مەسیح خۆشەویستە کاتێ کە لەسەر خاچە.

**مویرز:** مەبەستان چییە؟

**کامبل:** ئازاردان، ئازاردان شێوەیەکە لە ناتەواوی، وا نییە؟

**مویرز:** چیرۆکی ئازاردان و ڕەنجکێشان وژیانی مرۆڤ...

**کامبل:** هەر ئەمەشە وا لە لاوێک دەکا زانیاری دەربارەی خۆی دەستکەوێت و ڕێگایەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

**مویرز:** بە خوێندنەوەی کتێبەکەی تۆ؟ بۆ نموونە (دەمامکی خوا The Mask of God)، یان (پاڵەوانی هەزار ڕوو The Hero with a Thou-sand Faces) بەم زانیارییە گەیشتم کە ئەوەی لە مرۆڤدا هاوبەشە لە ئەفسانەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. ئەفسانە، چیرۆکی گەڕانمانە بە درێژایی سەردەمەکاندا بە دووی دۆزینەوەی مانا و بەڵگە، ئێمە هەموومان پێویستمان بەوەیە چیرۆکەکانی خۆمان بگێڕینەوەو تێیان بگەین. هەموومان پێویستمان بەوەیە درک بە مەرگ بکەین و ڕووبەڕووی بینەوە، هەر هەموان هەر لە لەدایکبوونمانەوە بۆ ژیان و پاشان کاتی مەرگیش پێویستمان بە یارمەتییە. هەموو ئێمە بۆ ژیان پێویستمان بە مانا بەخشین و بەرکەوتنی نەمری و تێگەیشتنی نهێنی ئاڵۆزە، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چین.

**کامبل:** خەڵکی دەڵێن ئەوەی ئێمە بەدوویدا وێڵین دۆزینەوەی مانایەکە بۆ ژیان. پێم وا نییە ئەمە ئەو شتە بێت کە بە ڕاستی ئێمە بەدوویدا وێڵین. پێم وایە ئەوەی ئێمە بەدوویدا دەگەڕێین ئەزموونی زیندووبوونەوەیە، بەمجۆرەش ئەزموونی ژیانمان لەسەر ئاستی میتافیزیکی لە ناخی بوون و واقیعماندا دەنگدانەوەی هەیە، بە ڕاستیش هەست بە گەشکەی ئەوە دەکەین کە زیندوو بین، هەموو ئەوەی کە لە کۆتاییدا ئێمە بەدوویداین ئا ئەمەیە، ئەم کلیلانەش ئارمەتیمان دەدەن ئەو شتە لە خۆماندا بدۆزینەوە.

**مویرز:** ئایا ئەفسانەکان کلیلیان هەیە؟

**کامبل:** ئەفسانەکان بریتین لە کۆمەڵێ کلیلی توانا ڕۆحییەکانی ژیانی مرۆڤ.

**مویرز:** مەبەستت ئەوەیە ئەوانە شتێکن ئێمە توانای درک کردن و ئەزموونکردنیمان لە ناخی خۆماندا هەیە.

**کامبل:** بەڵێ.

**مویرز:** ئێوە لە گەڕانتان بەدووی مانادا، پێناسەی ئەفسانەتان گۆڕی بۆ ئەزموونی مانا.

**کامبل:** ئەزموونی ژیان. زەین ناچار دەبێ خەریکی مانا بێت. بۆ نموونە گوڵێک چ مانایەکی هەیە؟ لە یەکێک لە داستانەکانی زەن Zen، باسی یەکێک لە وەعزەکانی بودا دەکات، لەو چیرۆکەدا بودا تەنیا گوڵێک بەرز دەکاتەوە، تەنیا کەسێک لەوێدا تێدەگا و بەچاوی ئاماژەیەک بۆ بوودا دەکات و پێی دەڵێ ئەو تێگەیشتووە کە چی دەڵێ، بە خودی بودا دەوترێ، (کەسێک کە بەم شێوەیە هات). ئەمە هیچ مانایەکی نییە، کەواتە مانای گەردوون چییە؟ مانای کێچێک چییە؟ ئەوە شتێکە بە

تەواوی هەیە. هەمان مانای تۆش ئەوەیە کە لەوێدای. ئێمە ئەوەندەی سەرقاڵی دروستکردنی ئەوشتانەین بە مەبەستی بەجێگەیاندنی مەبەستی بەها دەرەکییەکان، تا ئەو ڕادەی ئەوەمان لە یادچووە کە تەواوی کارەکە بریتیە لە (لەبەر ئەوەی ئێمە زیندووین) بەهای دەروونیی و گەشگەیی لەپڕ.

**مویرز:** بەڵام ئەم ئەزموونە چۆن بە دەست دەهێنرێ؟

**کامبڵ:** ئەفسانەکان بخوێنەرەوە. ئەو ئەفسانانە فێرت دەکەن، تۆ دەتوانی بۆ ناخ بگەڕێیتەوەو وردە وردە پەیامی سیمبولەکانت بۆ ئاشکرا بێت. ئەفسانەی گەلانی دیکە بخوێنەرەوە، نەک ئەفسانەی ئایینەکانی خۆت. لەبەرئەوەی تۆ مەیلی ئەوە دەکەیت ئایینەکەت لە سنووری واقیعەوە ڕاڤە بکەیت، بەڵام ئەگەر ئەفسانەکانی دیکە بخوێنیتەوە، وردە وردە لە پەیامەکانیان تێ دەگەیت. ئەفسانە یارمەتیت دەدا زەینت وا لێ بکات کە زیندوو بیت لەگەڵ ئەو ئەزموونەی کە دەبێ لەگەڵیا لە پێوەندیدا بێت، بەڵکو پێت ڕادەگەیەنێت کە ئەم ئەزموونە چییە. بۆ نموونە بڕوانە هاوسەرێتی ئایا هاوسەرێتی، چییە؟ ئەفسانە پێت دەڵێ چییە؟ هاوسەرێتی یەکگرتنەوەی دووبارەی ئەو جووتەیە کە لە یەکتری جیاکراونەتەوە. ئێوە لە بناغەدا یەک بوون، ئێستا لە جیهاندا دووانەی، بەڵام هاوسەرێتی تێگەیشتنە لەم یەکبوونە ڕۆحییە، هاوسەرێتی لەگەڵ بەسەرهاتی عەشق و عەشقبازیدا جیاوازی هەیە و هیچ پێوەندیەکی بەوەوە نییە. ئاستێکی دیکەی ئەفسانەیی ئەزموونە. کاتێک تاک بەم مەبەستە هاوسەرێتی پێکدێنێ، بەوەی کە ڕووداوێکی عاشقانەی درێژخایەن دەست پێ دەکات، بەڵام زۆر زوو لە یەکتری جیادەبنەوە، لەبەر ئەوەی هەموو ڕووداوەکانی خۆشەویستی بە ناکامی کۆتایی دێت، بەڵام هاوسەرێتی تێگەیشتنی جۆرێک یەکبوونی ڕۆحییە. ئەگەر هاتو ژیانێکی گونجاومان هەبوو، ئەگەر هاتو بە شێوەیەکی چاک زەینمان لە کاتی بەرپاکردنی پێوەندی لەگەڵ توخمی جیاوازدا گونجاو بوو، ئەو کاتە هاوسەری نێر، یان مێی گونجاو بۆ خۆمان دەدۆزینەوە، بەڵام ئەگەر هاتو سەرقاڵی پێوەندیە هەستیارییە دیاریکراوەکان بین، ئەوکاتە هاوسەرێکی هەڵە هەڵدەبژێرین. بە بەرپاکردنی هاوسەرێتی لەگەڵ کەسی گونجاودا، دووبارە بنیادی خوای بەرجەستەکراو دەکەینەوە. ئەوەش پێی دەوترێ هاوسەرێتی.

**مویرز:** کەسی گونجاو؟ تاک چۆن دەتوانێ کەسی گونجاو هەڵبژێرێ؟

**کامبڵ:** دڵت پێت دەڵێ و دەبێ بیکەیت.

**مویرز:** مەبەستت لە بوونی ناوەوەیە؟

**کامبڵ:** ئەوەش نهێنییەکە.

**مویرز:** مەبەستت ئەوەیە کە تۆ لەگەڵ خودی دیکەی خۆت ئاشنایی پەیدا دەکەیت.

**کامبڵ:** باشە، نازانم، بەڵام تیشکێک هەیە دەدرەوشێتەوەو شتێک لە ناختەوە دەزانێ کە ئەوکەسە ئەوە.

**مویرز:** ئەگەر هاوسەرێتی بریتی بێت لە دووبارە یەکگرتنەوە لەگەڵ خودا، واتە یەکگرتنەوە لەگەڵ نێر، یان مێ : ئەوا بۆچی هاوسەرێتی لەسەردەمی هاوچەرخدا ئەوەندە ترسناکە؟

**کامبڵ:** لەبەرئەوەی وا تەماشای دەکرێت کە هاوسەرێتییە، دەتوام بڵێم ئەگەر هاوسەرێتی یەکەمین لەپێشینەی ژیانت نەبێت، ئەوا لە ڕاستیدا هاوسەرێتیت نەکردووە. هاوسەرێتی واتە یەکبوونی دووکەس و گۆڕینەوەیان بۆ یەک جەستە. ئەگەر هاوسەرێتی تا ڕادەیەکی درێژ بەردەوام بوو، تۆش لەجیاتی مل کەچکردن بۆ حەز و ئارەزووە تاکەکەسیەکانت ملکەچی ئەو هاوسەرێتییە دەبی، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت کە بەڕاستی دووکەس بوون بە یەک.

**مویرز:** یەکبوون نەک تەنیا لە ڕووی بایەلۆژییەوە بەڵکو لەڕووی ڕۆحیشەوە.

**کامبڵ:** لە بناخەوە لەڕووی ڕۆحییەوە، لایەنی بایۆلۆژی، تەشویشێکە ڕەنگە بەرەو جووتبوونێکی هەڵەت بەرێ.

**مویرز:** کەواتە ئەرکی پێویستی هاوسەرێتی بەردەوامبوونمان نییە لە منداڵەکانماندا.

**کامبڵ:** نەخێر، ئەم بابەتە تەنیا لایەنی سەرەتایی هاوسەرێتیە. لە هاوسەرێتیدا دوو قۆناغی تەواو جیاواز هەیە. یەکەمیان قۆناخی هاوسەرێتی لاوێتی، پاشان پاڵپێوەنەرێکی سروشتی نایاب دێت کە سروشت لە کارلێکردنی ئەو دوو توخمە لەڕووی بایەلۆژییەوە بە ئێمەی بەخشیوە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی منداڵ، بەڵام کاتێکیش دێت کە ئەو منداڵانە ماڵەوە بەجێدێڵن و ئەو دوو توخمە بە تەنیا دەهێڵنەوە. ئەو دەستە هاوڕێیانەی من کە لە تەمەنی چل پەنجاساڵیدا جودا بوونەتەوە، ئەوەندە زۆر بوون، بوون بەجێگای سەرسوڕمانم. ئەو

خێزانانە لەگەڵ منداڵەکانیانا ژیانێکی سەقامگیرو بەرێزیان هەبوو، بەڵام ڕاڤەکردنیان بۆ پێوەندیان لە ڕێگای منداڵەکانیانەوە بوو، ئەوان لەسەر پێوەندی تاکەکەسی خۆیان ڕاڤەی هاوسەرێتیان نەدەکرد.

هاوسەرێتی پێوەندییەکە، کاتێک لە هاوسەرێتیدا قوربانی دەبەخشی، ئەم قوربانییە کەسێک بۆ ئەوی دی ئەنجام نادات، ئەم قوربانییە بۆ یەکبوونە بۆ پێوەندییەکە. بۆچوونی چینیەکان لەبارەی تائو، یان کارلێکردنی ڕووناکی و تاریکی؟ واتە پێوەندی یانگ و یین، نێرو مێ، ئەو شتەیە کە هاوسەرێتی دەخوڵقێنێ. ئەمەش شتێکە پاش هاوسەرێتی دەگۆڕێ بۆ ئەو شتە. لەمەودوا ئیتر تۆ بە هیچ شێوەیەک یەک نیت و شوناسنامەی تۆ لە پێوەندیدایە. هاوسەرێتی ڕووداوێکی عاشقانەی سادە نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی ئاڵۆزە، ئەو تاقیکردنەوەش خۆبەختکردنە لە پێشگای پێوەندیەکدا کە تێیدا دوو کەس بۆ تاکێک دەگۆڕێن.

**مویرز:** کەواتە هاوسەرێتی بە تەواوی تێکەڵ نابێت لەگەڵ بیری ئەوەی کە تاک کارێکی تایبەت بەخۆی ئەنجام دەدات.

**کامبل:** دەبینی تەنیا کارێک نییە تایبەت بێت بە تاکەکەس، ئەڵبەتە بە شێوەیەکی دی دەتوانین بڵێین ئەم شتە هەیە، ، بەڵام ئەو یەک نەفەرە تەنیا تۆ نیت، بەڵکو دوو کەس بوون بەیەک.ئەمەش ئەو وێنە پەتییەی ئەفسانەیە کە بوونەوەرێکی بینراو و مەلمووس لە پێناوی چاکەیەکی باڵادا دەکا بە قوربانی، ئەمەش شتێکە بە جوانی لە قۆناغی دووەمی هاوسەرێتیدا بە جوانی دەردەکەوێت. من ئەم قۆناغە ناو دەنێم قۆناغی کیمیاگەرانە کە تێیدا دووهاوسەر بە ئەزموونی یەکبووندا تێدەپەڕن. ئەگەر ئەوان بەردەوام بەو شێوە ژیان کە لە قۆناغی یەکەمی هاوسەرێتیدا دەژیان، ئەو کاتەی کە منداڵەکانیان بەجێیان دەهێڵن و ماڵیان بۆ چۆڵ دەکەن، ئەوانیش هاوسەرێتیان تێک دەچێ و لەیەکتری جودا دەبنەوە. باوک عاشقی کچۆڵەیەکی تەمەن منداڵ دەبێ و لەماڵەوە هەڵدێ، دایکیش بەدڵ و ماڵی خاڵییەوە دەستەوئەژنۆ دادەنیشێ و بە شێوازی خۆی دڵ و ماڵەکەی بەڕێوە دەبات.

**مویرز:** هۆی ئەمەش ئەوەیە ئێمە لە هەردوو ئاستەکەی هاوسەرێتی تێناگەین.

**کامبل:** یان ئەوەتا بە پێی ئەو پەیمانە کارناکەین کە بە یەکتریمانداوە.

**مویرز:** ئێمە وای دانێین کە لە ڕێوڕەسمی هاوسەرێتیدا لە چاکەو خراپەدا پێکەوە هەڵکەین.

**کامبل:**ئەم پەیمانەش پاشماوەیەکە لە نەریتەکانەوە ماوەتەوە.

**مویرز:** نەریتیش هێزی خۆی لەدەست داوە. ئەو نەریتەی سەردەمێک بە تەواوی ڕەنگدانەوەی واقیعی دەروونی بوو، ئەمڕۆ بە تەواوی شێوە وێنەیەکی دەرەکییە. ئەمەش بە ڕاستی واقیعێکە لە نەریتی کۆمەڵگا و نەریتە کەسایەتییەکان، یان لە هاوسەری و ئایینیشدا.

**کامبل:**ئەو کەسانە چەندن کە لە پێش بەرپاکردنی هاوسەرێتیدا وانەی مەعنەوی دەربارەی مانای هاوسەرێتی وەردەگرن. دەتوانی لە بەردەم قازیەکدا بوەستی و لە ماوەی ١٠ دەقیقەدا هاوسەرێتی ڕاگەیەنی. ڕێوڕەسمی هاوسەرێتی لە هیندستان سێ ڕۆژ دەخایەنێ. هەردوو هاوسەرەکە پێکەوە چەسپ دەکرێن.

**مویرز:**مەبەستتان وایە کە هاوسەرێتی تەنیا ڕێوڕەسمێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئەزموونێکی مەعنەوییە.

**کامبل:** لە پلەی یەکەمدا ئەزموونێکی ڕۆحیە، وا لە کۆمەڵگا چاوەڕوان دەکرێت کە کۆمەکمان بکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەزموونە. مرۆڤ نابێت لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێت، بەڵکو کۆمەڵگا دەبێ لەخزمەتی مرۆڤدا بێت. کاتێ مرۆڤ لە خزمەتی کۆمەڵگادا دەبێ، ئەو کاتە دەوڵەتێکی دەعجانیمان دەبێت و ئەمەش شتێکە لەم کاتەدا هەڕەشە لە جیهان دەکات.

**مویرز:** چی ڕوو دەدات کاتێ کە کۆمەڵگا چیتر خاوەنی میتۆلۆژیایەکی خاوەن دەسەڵات نەبێ؟

**کامبل:**ئەمە شتێکەو لە ئێمە سەری هەڵداوە. ئەگەر دەتەوێ بزانی بوونی کۆمەڵگایەکی بێ نەریت چی دەگەیەنێ، نیۆرک تایمز بخوێنەرەوە.

**مویرز:** چی دەبینین؟

**کامبل:** هەواڵی ڕۆژانە.لەوانە کارە وێرانکەر و توندوتیژی ئەو لاوانەی کە نازانن لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا چۆن ڕەفتارکەن.

**مویرز:** واتە کۆمەڵگا خاوەن نەریتی پێویست نییە بۆ گۆڕینی ئەو لاوانە بۆ ئەندامییەک لە نێو کۆمەڵگا و هۆزدا. هەموو منداڵان پێویستیان بە دووبارە لەدایکبونەوە هەیە، بۆ ئەوەی بزانن لە جیهانی ئێستادا ئەرکێکی ماقوولیان هەیە و سەردەمی منداڵی

بەجێبێڵن.ئەم بەشەم بە بیردا دێتەوە لە یەکەمین کتێبی Corinthains کـاتێ کـە منداڵ بووم وەکـو منداڵێ ئاخاوتنم دەکرد، وەکو منداڵێ تێگەیشتم، وەکو منداڵێ بیــرم کــردەوە: بەڵام کــاتێ کــە بووم بە پیــاو وازم لە ڕەفتاری منداڵانە هێنا.)

**کـامبڵ:** بەڕاسـتـیش وایە. ئەمەش مـانـای گـەیشـتنی نەریتی باڵغبوونە. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کۆمەڵێ دیاردە دەبینرێ لە بابەتی ددان دەرهاتن، قـوربـانـیـدان، خەتەنەکردن و بڕێکی زۆر دیاردەی لەم جۆرە. بەرانـبـەر بەمە چیتر خـاوەن جەسـتـەی سـسـتی منداڵانـە نیت و بۆ شتێکی تەواو جیـاواز دەگۆڕێیت. کاتێ کە منداڵ بووم، پانـتـۆڵی کـورتم لەبەر دەکـرد، بەڵام کـاتێ کـە پانـتـۆڵی درێژم لەبەر کـرد ئەوە مـانـای وایە کـە من گـەورە بووم. منداڵانی ئەمـڕۆ بێ بەشن لەو ئەزمـوونە. لێـرەو لەوێ منداڵی پێنج ساڵەش دەبینم بە پانتـۆڵی کـورتەوە. ئەو منداڵانە چۆن بزانن گـەورەبوون و واز لە ڕەوشـتـەکـانی منداڵیان بێنن.

**مـویرز:** منداڵانی شـارسـتـانی ئەمـڕۆ لە کـوێ گـەورە دەبن- بۆ نموونە لە شـەقـامی ١٢٥ مـەتری -Broad way- ئەم منداڵانە لە کوێوە ئەفسانەکانی خۆیان چنگ کەوێ؟

**کــامــبڵ:** ئەوان خــۆیان ئەوە دروست دەکــەن. بەو بەڵگەیەی لە سەرتاسەری شارەکان دیاردەی لەسەر دیوار نووسین دەبینین. ئەم منداڵانە خاوەنی چەتە و پرنسیبی بوون بە ئەندام و ڕەشـتکاری تایبـەت بە خـۆیانن و هەر کـارێک کـە پێیـان بکرێت ئەنجـامی دەدەن، بەڵام ئەوانە ترسناکن، لەبەرئەوەی یاساکانی ئەوان یاسای شار نییە. ئەوان بە کۆمەڵگای ئێمە نامۆن.

**مـــویرز:** Rollo May دەڵێ: هۆی ئەم هەمــــوو توندوتیژییە لە کۆمەڵگای ئەمریکی ئەمڕۆدا ئەوەیە کە ئەفـســانەی مـەزنی وەها نیـیــە کــە بتـوانێ یارمـەتی پێـشکەش بە کـوڕان و کـچـانی لاو بکات تا پێـوەندی لەگەڵ جیهاندا پەیدا بکەن، یان لە ڕێگای ئەو شتـانەی کە لە پشتی جیهانەوە دەیبینن لە جیهان بگەن.

**کــامــبڵ:** بەڵێ، بەڵام بەڵگەیەکی دیکە بۆ بوونی بەرزترین ئاستی توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا خاوەنی دابونەریت نییە.

**مویرز:** دەتوانی ئەمە ڕوون بکەیتەوە.

**کامبڵ:** بۆ نموونە لە فوتباڵی ئەمـریکاییدا. یاسـاکان گـەلێ توند و ئاڵۆزن، بەڵام ئەگـەر بۆ ئینگلتـەرا بڕۆی، دەبینیت تا ئەم ئاستە یاساکانی ڕاگبی ئەوەندە توند نین. کـاتێ کـە دەوروبەری بیسـتـەکـانی تەمـەنم بوو قـوتابی دانیــشـگا بووم، دوو لاو هەبوون، پێکەوە هێــڵـــێکی بەرگـری سەرسوڕهێنەریان پێک دەهێنا، کاتێ کە ئەوان منحەی وانە خوێندنیان لە ئۆکسفۆرد وەرگرت و بۆ ئەوێ چوون، پێـوەندیان بە تیـمی ڕاگبی ئەوێوە کـرد، ئەو دوو لاوە ڕۆژێکیـان لە هێڵی بەرگری ئەو تیمە کـاری خۆیان ئەنجام دەدا. یاریکەرەرانی ئینگلیـز پێیـان وتن: (ئێـمە یاسـای لەم جۆرەمـان نیـیـە تکایە جـارێکی تر ئەم کـارە نەکەن. ئێمە بەم جۆرە یاری ناکەین.)

لە کولتـوورێکا کە ساڵانێکی دوورودرێژ هاوتوخم بووە، کـۆمەڵێک یاسای نەنووسراو و زانراو هەیە کە خـەڵکی هەموو پێی دەژین. لەوێدا سیسـیتەمێکی ڕەوشتی هەیە، ڕێگایەک یا مۆدەیەک هەیە دەڵێ (ئێمە بەم شێوەیە ئەم کارە ئەنجام نادەین).

**مویرز:** جۆرێکە لە میتۆلۆژی

**کـامـبڵ:** دەتوانرێ بـووترێ شـێـوەیەکە لە مـیـتـۆلۆژیای ڕێگا پێنەدراو. ئێمە بەم شێوەیە سوود لە چەقۆو چەنگاڵ وەردەگرین، بەم شـێوەیە هەڵسـووکەوت لەگەڵ خەڵـکیدا دەکەین و....تاد. ئەم شتـانە لە کـتـێـبدا نەنووسـراون، بەڵام لە ئەمـریکادا خـەڵکی وەهامـان هەن کـە خـاوەنی ڕابردووی جۆراوجۆرن (سەر بە کولتـووری جۆراوجۆرن.. وەرگێر)، کەچی هەمـووشیـان پێکەوە کۆبوونەتەوە، لەبەر ئەو بەڵـگەیەش یاسـای ئەم وڵاتە گـرنگـیـیـەکی زۆری پێ داوە، ئەوەی کـۆمـان دەکـاتەوە یاسـای پارێزەرانە. لەم وڵاتەدا دابونەریت نییە، لە مەبەستم دەگەی؟

**مـویرز:** بەڵێ، ئەمـە ئەو شـتـەیەکـە دیتـوکـڤـیل De Tocqueville پێش ١٦٠ ســاڵ باسی کـــردووە، کـاتێکیش بۆ یەکـەمین جار هاتە ئێـرە ئەو شـتـەی ناونا atumulut of anarchy (هاواری ئەنارشی).

**کامبڵ:** ئەوەی ئێستا هەمانە جیهانێکە ئەفسانەی لێ سـەنراوەتەوە، ئەو قـوتابیـانەی چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ دەکەم ئارەزوویان زۆر لە ئەفسانەیە، لەبەرئەوەی ئەفسانە پەیامی بۆ ئەوان هەیە. ئێـــســتـــا ناتوانم بە تۆ بڵــێم خوێندنەوەی ئەفسـانەکـان چ جۆرە پەیامێکی بۆ لاوانی ئەمـڕۆ هەڵگرتووە. دەزانم ئەو ئەفـسـانانە چیـان بۆ من هێنابوو، بەڵام دڵنیام شتێکی پێیە بۆ ئەوان، کاتێک بۆ هەر کـۆلێـژێک دەچم بۆ ئەوەی وانە بڵـێـمـەوە دەبینم ژوورەکـان پڕاوپڕن لە قـوتابی هاتوون گـوێ بۆ قسـەکـانم هەڵخەن، زۆرجار دەستەی وانە وتنەوە ژووری بچووکم بۆ

حازر دەکەن، واتە بچووکترین لە ئاسیایی، لەبەرئەوەی ئەوان نازانن کە قوتابیان تاچ ڕادەیەک بەپەرۆشن بۆ گوێگرتنی ئەم بابەتە.

**مویرز:** کەواتە تۆ مەزەندە بکە.بەبڕوای ئێوە ئەوان چ سوودێک لەو چیرۆک و ئەفسانانە دەبینن کە لە زمانی تۆوە گوێیان لێ دەبێت؟

**کامبڵ:** ئەم چیرۆکانە دەربارەی حیکمەتی ژیانن، بەراستیش وایە، ئەو شتانەی لە قوتابخانەکانماندا دەیانبیستین، حیکمەتی ژیان نین. تەکنەلۆژیا فێر دەبین و زانیاریمان چنگ دەکەوێ، خۆلادانێکی سەیر لە لایەن مامۆستایانەوە بەدی دەکرێت، لەبارەی ڕوونکردنەوەو ئاماژەکردن بۆ ئەو بەهایانەی ژیان کە پەیوەستن بە بابەتەکانیانەوە. ڕووکردنێکی بەهێز بەرەو پسپۆڕی لە زانستەکانی ئەمڕۆماندا هەیە لەوانە ئەنترۆپۆلۆژیاو زماننناسی و ئایینناسی و... هتد.، کاتێ کە دەزانی بڕی ئەو زانیارییە چەندە کە لێکۆڵەرەوەی پسپۆڕ دەبێ بیزانێ بۆ ئەوەی ببێتە پسپۆڕێکی دەست ڕەنگین لە بوارەکەیدا، ئەو کاتە تێ دەگەی کە کاریگەری ئەم ڕێڕەوە چەندە، بۆ نموونە بۆ خوێندنەوەی بودیزم تەنیا بەس نییە کە کەسی لێکۆڵەرەوە هەموو زمانە ئەورووپییەکان بزانێت کە تێیدا وتووێژ لەسەر ڕۆژهەڵات دەکرێت بە تایبەت فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئیتاڵی، بەڵکو دەبێ لەپاڵ ئەوانەشدا سەنسکریتی و چینی و یابانی و تیبتی و چەند زمانێکی دیکەش بزانێ، کەواتە ئەم ئەرکە ئەرکێکی مەزنە، ئەم جۆرە پسپۆڕیە ناتوانێ پرسیار لە جیاوازیەکان بکات کە لە نێوان هۆزەکانی ئیرۆکوا Ir-oquois و ئەلگۆنیکوین Algonquin هەیە.

پسپۆرگەرایی دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ڕووبەری ئەو مەسەلانەی کە پسپۆڕ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام کەسێک کە پسپۆر نەبێ، بۆ نموونە وەکو من کەسێکی جێنەرالیست (گشتخواز) بێت، لێرەو لەوێ کۆمەڵێ شت دەبینێ کە لە پسپۆڕانی جۆراوجۆرەوە فێری بووە، لە حاڵێکدا هیچ یەک لەو پسپۆڕانە تێبینی ئەو خاڵەیان نەکردووە کە بۆچی ئەم ڕووداوە لێرەو لەوێ ڕوویداوە. بەمجۆرە جێنەرالیست (گشتخواز) ئەم زاراوەیە ئەکادیمیەکان قێزی لێ دەکەنەوە دەچێتە نێو زنجیرەیەک مەسەلەوە، کە دەکرێت بووترێ ئەم مەسەلانە زیاتر مەسەلەی مرۆیی ڕاستەقینەن، یان چاکتر دەتوانین بڵێین مەسەلەی کولتووری تایبەتن.

**مویرز:** پاشان نۆبەی ڕۆژنامەنووس دێت، ئەو مۆڵەتی هەیە باس لە شتێک بکات، کە خۆی لێیان تێ ناگات.

**کامبڵ:** ئەسڵەن ڕۆژنامەنووس مۆڵەتی ئەم کارەی نییە، بەڵکو ئەم کارە دەخرێتە سەرشانی. ئەو ناچارە لە نێوان خەڵکیدا وانەکانی فێر بێت. لەبیرمە کاتێ کە لاو بووم بۆ یەکەمین جار ڕۆیشتم بۆ ئەوەی گوێ لە Hein-rich Zimmer بگرم کاتێ کە خەریکی پێشکەشکردنی وتارێک بوو. بۆ یەکەمین جار لەوم بیست کە ئەفسانەکان کۆمەڵێ پەیامیان پێیە ئەو پەیامانەش پێویستن بۆ ژیان، ئەو شتانە تەنیا شتی سەرنجڕاکێش نین کە لێکۆڵەرەوان بۆ کات بەسەربردن بەڕێوەی دەبەن، بیستنی ئەم بۆچوونە ئەو هەستەی لا جێگیر کردم، کە هەر لە تەمەنی لاویەوە تا ئەمڕۆ هەڵمگرتووە.

**مویرز:** ئایا ئەو کاتەت لەیادە، کە بۆ یەکەمین جار ئەفسانەت تێدا ئاشکرا کرد؟ یەکەمین جار کە لە ناختا حەکایەتەکان زیندووبوونەوە؟

**کامبڵ:** لە چوارچێوەی بڕوا ئایینیەکانی مەزهەبی کاتۆلیکیدا گەورە بووم. یەکێک لە گەورەترین شتە باشەکانی ئەم جۆرە پەروەردەو فێرکردنە ئەوەیە وا لە مرۆڤ دەکات بە جیدی بڕوانێتە ئەفسانە و ڕێگای پێ دەدا کار لە ژیانی بکات و لە سنووری ئەم بابەتە ئەفسانەییەدا بژی. من لە چوارچێوەی پێوەندییە کەژییەکانی سووڕانەوەی هاتنی مەسیح بۆ جیهان و بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی لە جیهان و مردن و هەستانەوەو گەڕانەوەی بۆ ئاسمانی مەزندا گەورە بووم. ڕێوڕەسمێک کە لە تەواوی جیهاندا بەڕێوە دەچێت، ئەوە وەبیر تاکدا دەهێنێتەوەکە ناوکی نەمری تەواوی گۆڕانکاریەکانی لەبیر بێت کە لە زەمەندا ڕوودەدەن. بەم هاوئاهەنگییە، زۆر بە ئاسانی گوناه دووردەکەوێتەوە.

پاشان کەوتمە نێو خۆشەویستی هیندییە سوورەکانەوە، لەبەرئەوەی Buffalo Bill هەمووساڵێ لەگەڵ تیمەکەی بۆ باخچەکانی مەیدانی مادسیۆن دەهاتن تا نمایشی سەرسوڕهێنەری ڕۆژئاوایی دڕندەیی پێشکەش بکات. دەمویست زانیاری زیاترم دەربارەی سوور پێستەکان هەبێت. دایک و باوکم دەست و دڵیان زۆر باش بووم هەر کتێبێک هەبوایە دەربارەی هیندییە سوورەکان بۆ منداڵان بۆیان پەیدا دەکردم، بۆیە دەستم بە خوێندنەوەی ئەفسانەی هیندییە سوورەکان کرد، ئەوەندەی پێ نەچوو، ئەو سەرەتایانەی کە ڕەبەنەکان لە قوتابخانە فێریان کردم هەر هەمان ئەو سەرەتایانەم لە چیرۆکی

هیندییە سوورەکاندا بەدی کرد.

**مویرز:** خولّقاندن.

**کامبڵ:** خولّقاندن، مەرگ و هەستانەوە، ڕۆیشتن بۆ ئاسمان، ئاوسبوونی فەریکەکان نەمزانی مانای ئەوانەچین، بەڵام واژەکانم یەک لە دوای یەک ناسیەوە.

**مویرز:** پاشان چی ڕوویدا؟

**کامبڵ:** تووشی هەڵچوون بووم، ئەمەش سەرەتای گرنگیدانم بە ئەفسانەی بەراوردکاری بوو.

**مویرز:** ئایا بەم پرسیارە دەستت پێ کرد کە : بۆچی ئەوان بەم شێوەیە چیرۆک دەگێڕنەوە کەچی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی تر دەیانگێڕێتەوە؟

**کامبڵ:** نەخێر پاش ساڵانێکی دورودرێژ هەستام بەم بەراوردکاریە.

**مویرز:** لە چیرۆکی هیندییە سوورەکاندا چ شتێک لە هەمووان سەرنج ڕاکێشەرتر بوو؟

**کامبڵ:** لەو سەردەمەدا هێشتا چیرۆکی هیندییە سوورەکان چیرۆکی باو بوو، ئەو کاتە هیندییەکان لە هەموو شوێنێک بوون، تا ئێستاش کاتێ کە هەڵدەستم بە چارەسەرکردنی ئەفسانەکانی سەرتاسەری جیهان، دەبینم کە حەکایەتی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا و چیرۆکەکانیان بە بڕوای من لەوپەڕی دەوڵەمەندیدایە و هەروەها گەشەکردووشە.

سەرەڕای ئەمەش لە جەنگەڵدا باوانم شوێنێکیان هەبوو کە زیاتر ژینگەی هیندییە سوورەکانی بەنێو Delaware بوو، ئوروکواکان Iroquois بەرەو خوار شۆڕدەبوونەوەو لەگەڵ ئەواندا دەکەوتنە شەڕکردن. زنجیرە بەردێک لەژێر ئاودا هەبوو ـ دەمانتوانی لە نێویاندا بەدووی سەرە تیرو شتی دیکە بگەڕێین، هەروەها ئەو گیانلەبەرانەشی کە لە چیرۆکە هیندییەکاندا ڕۆڵیان هەبوو لە دەوروبەرەی جەنگەڵەکەدا ئامادەبوون، هەموو ئەمانەش دەبوونە هۆی ئاشنایی زیاتر لەبارەی ئەم بابەتەوە.

**مویرز:** ئایا ئەم چیرۆکانە زیانیان بە بیروباوەڕە کاسۆلیکیکەت نەدەگەیاندە؟

**کامبڵ:** نەخێر، هیچ لێکدانێک بوونی نەبوو. لەگەڵ بڕوای ئایینیمدا پاشان دوای ماوەیەکی دوورودرێژ لێکدان ڕوویدا پاش پێوەندی کردنم لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەو مەسەلانەی بەمەوە پەیوەست بوون. لە دواییشدا گرنگیم بە هیندۆیزم دا، دیسان هەمان ئەو چیرۆکانەم بینمی. لە کۆتایی خوێندنی باڵا دەستم بە چارەسەرکردنی ماددەی سەدەکانی ناوەڕاستی کەلەپووری Arthurian کرد، لەوێشدا دیسانەوە هەمان ئەو چیرۆکانەم بینی، بەڵام تۆ ناتوانی پێم بڵێی ئەو چیرۆکانە هەر هەمان چیرۆک نەبوون. ئەو چیرۆکانە بەدرێژایی تەمەنم لەگەڵمدا بوون.

**مویرز:** لە کولتووری هەمە چەشنەوە دێن، بەڵام ناوەرۆکەکانیان بێ زەمەنن.

**کامبڵ:** ناوەرۆکەکانیان بێ زەمەنن، ڕەنگە چیرۆکەکە هەمان بابەت لەخۆ بگرێت، بەڵام چارەسەرکردن و بەستەو تەکیەو جەختکرردنی ئەو خەڵکانەی کە بە زمانی جیاواز دەدوێن، بە جۆرێک جیاوازی پێشکەش دەکرێت.

**مویرز:** بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ لە Saarah Law-rence وانەی میتۆلۆژیت وتوەتەوە، ئەو ئافرەتە لاوانەی کە سەر بە چینی ناوەندو ناوەندی ئارتۆدۆکسی بوون چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟ چۆن وات لێ کردن گرنگی بە ئەفسانە بدەن؟

**کامبڵ:** لاوان بە پەرۆشەوە ئەم ماددەیە وەردەگرن. ئەفسانە ئەو شتانەیان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە پشتی هونەرو ئەدەبەوە خۆیان حەشارداوە، باسی ژیانی خۆتان بۆ دەکا، بابەتێکی گەورەو حەماسی و تێرکەری ژیانە. میتۆلۆژیا پێوەندیەکی زۆری بە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانەوە هەیە، نەریتی پێشڕەوایەتی تێدایە، تۆ لە منداڵیەوە بۆ قۆناغێک دیکە دەڕۆی کە تێیدا بەرپرسیاریەکانی باڵغبوون قبووڵ دەکەیت، یان لەسەردەمی بێ ژنیەوە بۆ سەردەمی هاوسەرێتی دەچی. هەموو ئەمانە بریتین لە کۆمەڵێ نەریتی میتۆلۆژی. ئەوان دەست بە ناسینەوەی ڕۆڵێکی نوێ دەکەن، کە تاکەکەس ئەو ڕۆڵەی گرتووەتە سەرشانی، هەروەها لەسەرێتی وازهێنان لە ڕۆڵە کۆنەکان بێنێ بە قبووڵکردنی ئەو ڕۆڵە نوێیەی کە چووەتە ناوی.

کاتێ کە قازیەک دێتە نێو دادگاوە هەمووان لەبەری هەڵدەستن، لە ڕاستیدا ئەم هەستانە بۆ کەسی قازی نییە، بەڵکو بۆ ئەو جلوبەرگەیە کە لەبەریکردوەو ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێ. ئەوەشی وا دەکات جێگای ئەو جلوبەرگە بێت، ڕاستکرداری و بەتەواوی نوێنەرایەتی کردنێتی بۆ ئەو ڕۆڵەی کە پێی هەڵدەستێ، نەک بۆ ئەو کۆمەڵە پێشداوەریە تایبەتییەی کە خۆی بەخشیویە بە خۆی. بۆیە ئەوەی ئێمە بەرانبەری هەڵدەستینە سەرپێ کەسێتیەکی ئەفسانەییە.

پێم وایە هەندێ شا و شاژن هەن زۆر گژەو توندوتیژترو

هیچووچترن لەو کەسانەی کە چاوپێکەووتنیان لەگەڵدا دەکەن، ئەوان لە گرنگیدان بە ئەسپ و ژن زیاتر هیچی تر نازان، بەڵام تۆ پەرچدانەوەت بۆ ئەوان بۆ کەسێتیەکەیان نییە بەڵکو پەرچدانەوەت بۆ ئەو ڕۆڵە ئەفساناویەیە کە دەیگێڕن.کاتێ کەسێک دەبێ بە قازی، یان بە سەرەک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەوکەسە چیتر کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەو نوێنەری ئەو کارە نەمرەیە کە ئەنجامی دەدات. بۆیە لەسەرشانێتی کە واز لە ئارەزووە کەسیەکانی و تەنانەت ئەرکەکانی ژیانیش بێنێ، لە پێناوی ئەو ڕۆڵەی کە ئێستا لەسەر شانێتی.

**مویرز:** کەواتە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەشدا نەریتی ئەفسانەیی هەن. ڕێوڕەسمی بە هاوسەربوون یەکێکە لەوانە. ڕێوڕەسمی دانانی سەرەک کۆمارو قازیش ئەفسانەیە. ئەو نەریتانەی تر کامانەن کە لە کۆمەڵگای ئێستاماندا گرنگترن.

**کامبڵ:** پێوەندی بە سەربازیکردن و پۆشینی پۆشاکی ڕەسمی شێوەیەکی دیکەیە. ژیانی تاکە کەسیت وەلاوە دەنێ و شێوەی ژیانی دەستەجەمی قبووڵ دەکەیت کە لە خزمەتی کۆمەڵگادایە. ئەو کۆمەڵگایەی کە تۆ تێیدا ئەندامی، لەبەر ئەم هۆیە پێموایە دادگایی کردنی کەسانێک لەسەر بناغەی یاسای مەدەنی لەسەر ئەو کارانەی کە لە سەردەمی جەنگدا ئەنجامیان داوە، کارێکی نادروستە. ئەوان وەکو تاک کاریان نەکردووە، بەڵکو ئەوان وەکو وەکیل و بەکرێگیراو کەسانی سەرەوەی خۆیان کاریان کردووە و خۆیان پێشکەش بەو کارە کردووە، بۆیە بڕیاردان لەسەر ئەو کەسانە بەوەی ئەوان بڕێک کەس بوون بە تەواوی کارێکی نابەجێیە.

**مویرز:** دەبینی کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان کاتێک بە هۆی شارستانی پیاوی سپییەوە هاوسەنگی شارستانییەکەی تێک دەچێت، چی ڕوودەدات، کۆمەڵگاکەیان هەڵدەوەشێتەوەو پارچەپارچە دەبێ و نەخۆشی تێ دەکەوێ، ئایا لەو کاتەوەی کە ئەفسانەش لای ئێمە ونبووە ئەوەش بەسەر ئێمەدا نەهاتووە؟

**کامبڵ:** ئەمەیان ڕاستە، بە تەواویش ئەوە ڕوویدا.

**مویرز:** ئایا هۆکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئایینە تەقلیدیەکان داوای گەڕانەوە بۆ ئایینە کۆنەکان دەکەن؟

**کامبڵ:** بەڵێ وایە، بەڵام هەڵەیەکی ترسناک بەرپادەکرێ، ئەوان دەیانەوێ بۆ پاشماوەیەکی بێ ئەرک و فرمانمان بگەڕێننەوە ئەمەش هیچ خزمەتێک پێشکەش بە ژیان ناگەیەنێت.

**مویرز:** بەڵام ئایا ئەوە خزمەتێکی پێشکەش بە ئێمە نەکردووە؟

**کامبڵ:** بێگومان کردوویەتی.

**مویرز:** من لەم خۆشحاڵیە تێدەگەم، لەبەر ئەوەی کە لاو بووم خاوەنی کۆمەڵێ ئەستێرەی جێگیر بووم. ئەم ئەستێرانە بەردەوام بە ئەرکی خۆیان دڵنیاییان پێ دەبەخشیم، ئاسۆیەکی ناسراویان دەخستە بەردەمم و بە منیان دەگوت باوکێکی خۆشەویست و میهرەبان لەوێدایە و دەست بە باڵمەوە دەگرێ و ئامادەی خزمەتکردنە و هەمیشە بیر لە شتە تایبەتیەکانم دەکاتەوە، بەڵام ئێستا سول بیلۆی نووسەر Saul Bellow پێمان دەڵێ زانست ڕۆح و ئیمانی داماڵی، بەڵام ئەم شتانە بۆمن بەنرخ بوون، بوونی ئەمڕۆی من هەرچییەک بێت قەرزارباری ئەو باوەڕانەیە. نازانم چی بەسەر ئەو منداڵانە دێت کە خاوەنی ئەستێرەو ئاسۆی دیاریکراو نین- واتە خاوەنی ئەو ئەفسانانەنین؟

**کامبڵ:** کەواتە، هەروەک پێم وتی، ئەوەی لەسەرت پێویستە ئەوەیە کە ڕۆژنامەکان بخوێنیتەوە. ئەو ڕۆژنامانە تێکەڵوپێکەڵن. لەسەر ئەم ئاستە ڕاستەوخۆیەی ژیان و لەم کەشوهەوایەدا ئەفسانەکان نموونەی ژیان پێشکەش دەکەن، بەڵام ئەو نموونانە دەبێ بۆ ئەو سەردەمەی تۆی تێدا دەژیت بگونجێت.، بەڵام سەردەم ئەوەندە بە خێرایی گۆڕاوە، ئەوەی پێش ٥٠ ساڵ گونجاو بوو، ئەمڕۆ چیتر گونجاو نییە. باشیەکانی دوێنێ ڕەزیلی ئەمڕۆن. زۆر لەو شتانەی کە لە ڕابردوو بە خراپەو ڕەزیلی دەژمێردران ئەمڕۆ بوون بە زەروورەت. دەبێ سیستەمی ڕەوشت لەگەڵ پێویستیەکانی ڕەوشتی ژیانی واقیعیدا بگونجێ، واتە لێرەو لەوێ ببزوێ. ئەمەش کارێکە ئێمە ئەنجامی نادەین. ئایینی کۆن سەر بە سەردەمێکی دیکەو خەڵکێکی دیکەو کۆمەڵێ بەهای مرۆڤانەی دیکە و جیهانێکی دیکە بوو. ئێوە بە گەڕانەوەتان بۆ ڕابردوو لە هاوزەمانی لەگەڵ مێژوودا جیادەبنەوە.منداڵانمان بڕوای خۆیان بەو ئایینە لەدەست دەدەن کە فێری بوون و ڕوودەکەنەوە ناخی خۆیان.

**مویرز:** زۆرجار بە یارمەتی ماددە هۆشکەرەکان ئەمە دەکەن.

**کامبڵ:** بەڵێ. ئەو ئەزموونە سۆفیگەریە کە بە شێوەیەکی میکانیکی ئەنجامی دەدەن، ئەو شتەیە کە ئێمە لێرەدا هەمانە.ئامادەیی زۆرم لە زۆربەی زۆری ئەو

کۆنفرانسانەدا هەبووە کە بابەتەکانیان بریتی بووە لە جیاوازی نێوان ئەزموونی سۆفیگەری و نەخۆشی دەروونی. جیاوازی لەوەدایە کە ئەو کەسەی تووشی نەخۆشی دەروونی بووە لەو ئاوەدا دەخنکێ کە سۆفی مەللەی تێدا دەکات. دەبێ ئامادەگی تەواوی بۆ ئەم ئەزموونە هەبێت.

**مویرز:** باسی کولتووری Peyote پێوتیت کرد واتە قارچکی گێژکەر، ئەم کولتوورە لە نێوان هیندییە سوورەکان بەربڵاوبوو لە ئەنجامی ئەو گامێشەی کە ونیان کرد و لەدەستدانی شێوازی پێشووی ژیانیان..

**کامبڵ:** بەڵێ، مێژوومان خراپترین مێژووە لە نێوان مێژووی ئەو مامەڵەکردنانەی کە گەللە پێشکەوتووەکان لەگەڵ خەڵکە ئەسڵەکەی خۆیاندا ئەنجامیان داوە، ئێمە خاوەنی خراپترین مامەڵەکردنین. ئەوان وەک مرۆڤ حیسابیان بۆ نەدەکرا. تەنانەت لە ئاماری تایبەت بە دەنگدەران لە وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا حیسابیان بۆ نەدەکرا ماوەیەکی کورت پاش شۆڕشی ئەمریکا ژمارەیەکی بەرچاو هەبوون کە لەڕووی کردارەوە لە حکوومەت و ژیانی ئەمریکا دا بەشداریان هەبوو. جۆرج واشنتین ڕایگەیاند کە هیندییە سوور پێستەکان دەبێ وەکو ئەندامێ لە کولتوورەکەماندا تۆماربکرێن، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەوە بۆ تەنیا کۆمەڵێ پاشماوەی ڕابردوو گۆڕدران. لە سەدەی نۆزدەهەم هەموو هیندییە سوورەکانی باشووری ڕۆژهەڵات لەژێر چاوەدێری پاسەوانانی سەربازی خرانە نێو عەرەبانەوە گوازرانەوە بۆ شوێنێک ئەو کاتە پێی دەوترا زەوی هیندییەکان، کە بە شێوەی هەمیشەیی ئەو زەوییانەیان پێ درا لە ڕاستیشدا جیهانی خۆشیان بوو- بەڵام پاش چەند ساڵێک لێیان سەندرایەوە.

لەم دواییەدا، مرۆڤناسان هەستان بە لێکۆڵینەوە لەسەر گرووپێک لە هیندییە سورەکانی باکووری ڕۆژئاوای مەکسیک، لەدووری چەند میلێکەوە کە ئەو هیندیانە دەژیان سەنتەری ڕواندنی سروشتی قارچکی peyoteبوو، ئەم قارچکە دەتوانین بڵێین وەکو ئاژەڵەکانیان بوو، مەبەستم ئەوەیە ئەوان ئەو قارچەکەیان جۆرێک لە هاوڕێی کەڵەکێویان بوو. ئەوان هەڵدەستان بە کاری ئێجگار تایبەت بۆ کۆکردنەوەی ئەو قارچکە.

ئەم کارانە بە تەواوی لە سەفەری سۆفیگەرانە دەچوو، هەموو وردەکاریەکانی سەفەری سۆفیگەری تێدابوو. یەکەم هەڵدەستان بە مومارەسەکردنی دابڕان لە ژیانی دنیایی. هەرکەسێ کە دەیەوێ بۆ ئەم گەشتە بڕوا دەبێ دان بە هەموو ئەو گوناهانە بنێت کە لە ژیانیدا ئەنجامی داوە. ئەگەر بێت و ئەم دانپێنانە ئەنجام نەدات، ئەوا جادووەکە کاری خۆی ناکات. پاش ئەمە گەشتەکە دەست پێ دەکات، تەنانەت ئەوان بە زمانێکی تایبەت دەدوێن کە ئەویش زمانی نەفیکردنە. بۆ نموونە لە جێگای (بەڵێ) دەڵێن (نەخێر)، لە جیاتی (دەڕۆین)) دەڵێن (دێین)، ئەوان لەدنیایەکی تردان.

پاشان دەگەنە بەردەرگەی جەربەزەیی. لە ڕێگادا پەرستگا هەبوو، ئەو پەرستگایانە ئاماژەبوون بۆ قۆناغەکانی گۆڕانی عەقڵ، لە دواییدا کاری ترسناک دێت کە ئەویش کۆکردنەوەی قارچکە، بەجۆرێک قارچکەکە دەکوژرێ وەک ئەوەی ڕووەکەکە ئاسکێک بێت، پاشان بۆ هەڵکێشانی پڕی دەدەنێ ڕووی تیرە بچووکەکانیانی تێ دەکەن دواجار هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی لە نەریتی قارچکیدا. Peyote

هەموو کارەکە نموونەی تەواوی ئەزموونێکە کە پێوەندی بە کۆچکردنەوە هەیە بەرەو ناوەوە، ئەو کاتەی کە جیهانی دەرەوە بەجێدێڵی و دەچیتە نێو بوونی ڕۆحییەوە، هەروەها هەر قۆناغەشیان بەوە وەسف دەکرد کە جۆرێکە لە گۆڕانی ڕۆحی، بەدرێژایی ئەو ڕێگایە لە جێگایەکی پیرۆزدا بوون.

**مویرز:** باشە بۆچی ئەوان لەم هەموو شتە ئەو پرۆسە ئاڵۆزە دروست دەکەن؟

**کامبڵ:** مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕووەکی پیوت تەنیا لەبەر کاریگەری بایەلۆژی و میکانیکییە، کیمیاییەکەی نییە، بەڵکو ئەوان ئەو ڕووەکە بۆ هۆکارێک بۆ گۆڕانی ڕۆحی دادەنێن. ئەگەر هاتو کەسێک بچێتە نێو گۆڕانکاریەکی ڕۆحییەوە کە پێشتر خۆی بۆ ئەو گۆڕانکاریە ئامادە نەکردبێت، ئەوا نازانێ چۆن ئەو ڕووداوە هەڵبسەنگێنێ. ئەوا ئەزموونێکی پڕدەردەسەری سەفەرێکی زۆر خراپت چنگ دەکەوێ لەگەڵ LSD ئەم شێوە بۆچوونە بەکاردەهێنن، بەڵام ئەگەر زانیت بۆ کوێ دەڕۆی ئەوا تووشی ئەو گەشتە خراپە نابیت.

**مویرز:** کەواتە نەخۆشیەکی دەروونیبە ئەگەر هاتو لەو ئاوەدا خنکای کە....

**کامبڵ:** دەبێ بتوانی لەو ئاوەدا مەلە بکەی، بەڵام ئامادەیی ئەم کارەت نییە، بەهەرحاڵ ئەم بۆچوونە لەبارەی ژیانی دەروونیشەوە ڕاستە. گۆڕانکاری هۆشمەندی کارێکی پر مەترسیە.

**مویرز:** ئێوە زیاد لە پێویست قسە لەسەر ئاگایی دەکەن
**کامبل:** بەڵێ
**مویرز:** مەبەستتان لەم واژەیە چییە؟
**کامبل:** ئەمە بەشێکە لە شێوەی بیرکردنەوەی دیکارتی کە ئاگایی شتێکی تایبەتە بە مێشک، هەروەها مێشک ئەو شوێنەیە کە هۆشی تێدایە، بەڵام کارەکە وانییە، سەر ئەو بەشەیە کە پەرچدانەوەو ڕێنوێنکەری هۆشە بەرەو ئاستێکی دیاریکرا، یان بەرەو کۆمەڵێ ئامانجی دیاریکراو، بەڵام جۆرێک ئاگایش لە جەستەدا هەیە، بەڵکو هەموو جیهانی زیندوو بە هۆش پێکدێت.

ئەو هەستەم هەیە کە وزەو هۆش تاڕادەیەک یەک شتن، کاتێک کە وزە ژیان دەبینێ، ئاگاییش لەو جێگایەدا هەیە. بێگومان جیهانی ڕووەکیش ئاگاییان هەیە، کاتێک کە لە دارستان دەژیت هەروەک من کاتێک کە منداڵ بووم ئەم کارەم دەکرد، دەتوانین هەموو ئەو وێنە هۆشمەندیانە ببینیت کە لەگەڵ خودی خۆیاندا پێوەندی بەرپادەکەن، جۆرێک لە ئاگایی ڕووەکی و جۆرێک لە ئاگایی زیندەوەرزانی هەیە، ئێمە بەشداری لە هەردووکیان دەکەین، ئێوە خواردنێکی تایبەت دەخۆن، ئەوا سەفرا دەزانێ شتێک هەیە کە دەبێ کاری لەسەر بکات، هەموو ئەم پرۆسەیەش لە هۆشەوە دێت، ئەگەر هاتو ئەم پرۆسەیەت تەنیا لە سنووری میکانیکیدا ڕاڤە کرد، ئەوە مانای وایە تۆ کارێکی ناسەرکەوتوو ناتەواو ئەنجام دەدەیت.

**مویرز:** کەواتە چۆن هۆشمان دەگۆڕین؟
**کامبل:** ئەمە پەیوەستی بەوە هەیە کە تۆ ئامادەی بیر لە چ شتێک بکەیتەوە، ، ژیان هەمووی ڕوانین و قوڵبوونەوەیە، ئەگەرچی زۆربەیان بە بێ مەبەستی لەپێشینە ئەنجام دەدرێن، خەڵکێکی زۆر زۆربەی ژیانیان بە بیرکردنەوە لەوە سەرف دەکەن کە لە کوێیەوە پارەیان دەست بکەوێت؟ و چۆن خەرجی بکەن. ئەگەر خێزانداربی و بەخێوکردنیانت لەسەر بێت، ئەوا تۆ نیگەرانی خێزانەکەتی. ئەمانە هەموو کۆمەڵێ سەرقاڵی گرنگن، بەڵام هەموویان پەیوەستن بە بارودۆخی فیزکی خۆتەوە، ئایا چۆن دەتوانی ئاگایی خۆت بگوێزیتەوە بۆ منداڵەکانت لەکاتێکدا تۆ ئەم ئاگاییەت نەبێت؟ با بپرسین ئەم ئاگاییانە چۆن پەیدا دەبێت؟ ئەو ئەفسانانە کامانەن کە دەتوانن ئێمە بەرەو ئاستێکی مەعنەوی لە ئاگایی ڕێنوێنی بکەن؟.

با نموونەیەک لەم بارەیەوە بێنینەوە، وادانێ من لە کۆڵانی ٥١ لە شەقامی پێنجەمەوە دەچمە نێو کڵێسای پاتریکی پیرۆزەوە. شەقامێک بەجێدێڵم کە یەکێک لە قەرەباڵغترین و ئابووریترین شارێکی ئەم سەر زەمینیەیە. دەچمە نێو کڵێسایەک هەموو شتەکان باس لە نهێنی ڕۆحی دەکەن.لەوێدا نهێنی خاچ هەیە، چ لەم بارەیەوە دەزانی، لەوێدا شووشەی پەنجەرەی ڕەنگاوڕەنگ هەیە کە فەزایەکی تر دێنێتە ئاراوە، لەم ساتەدا ئاگاییم گەیشتووەتە پلەیەکی دیکە، لەسەر سەکۆیەکی جیاواز وەستاوم، جارێکی دیکە کڵێساکە بەجێدێڵم و خۆم لەو بازارە قەرەباڵغە دەبینمەوە، ئایا ئێستا دەتوانم بەشێک لە ئاگایی کڵێسا لەگەڵ خۆمدا هەڵگرم؟ هەندێ لە نوێژو ڕامانەکان بە جۆرێک کێشراون تا ئاگایی مرۆڤ لە ئاستێکدا بمێنێ و بە یەکجاری لەناونەچێت. دواجار شتێک کە دەتوانی درکی پێ بکەیت ئەوەیە ئەمە بە ئاسانی ئاستێکی نزمی ئاستەکانی ئەم ئاگاییە باڵایە. بۆ نموونە، نهێنییەک کە لێرەدا دەربڕا، لە بواری پارەو پوولیشت کاری خۆی دەکات. هەموو پارەیەک وزەیەکی وشکەوەبووە. پێم وایە ئەمە کلیلێکە بۆ ئەوەی کە چۆن ئاگایی خۆت دەگۆڕی.

**مویرز:** کاتێک دەڕوانیتە ئەم چیرۆکانە بیر لەوە ناکەیتەوە تۆ لە خەونی کەسانی تردا نقووم بووی؟
**کامبل:** من گوێ لە خەونی کەسانی تر ناگرم.
**مویرز:** بەڵام هەموو ئەم ئەفسانانە خەونی کەسانی ترن.
**کامبل:** نەخێر، وا نییە، ئەو خەونانەن خەونی جیهانن. ئەو خەونانە خەونی پلە یەکن و باس لە گرفتە مەزنەکانی مرۆڤ دەکەن، ئێستا هەست بە زەمەنی گەیشتن بۆ بەردەرگەی یەکێک لەم بەردەمانە دەکەم.ئەفسانەکان پێم دەڵێن دەبێ پەرچدانەوەم چۆن بێت بەرانبەر بە برێک قەیرانی تایبەتی وەک نائومێدی و شکستی و سەرکەوتن. ئەفسانەکان پێم دەڵێن من لە کوێم.
**مویرز:** کاتێک کە مرۆڤ بۆ ئەفسانە دەگۆڕێت چی ڕوو دەدات؟ بۆ نموونە، ئایا دەتوانین بڵێین John Wayneبووە بە ئەفسانەیەک؟
**کامبل:** کاتێ مرۆڤێ دەبێ بە نموونەیەک بۆ ژیانی کەسانی دیکە، ئەو کەسە بەرەو مەیانی بە ئەفسانەبوون دەبزوێ.
**مویرز:** ئەمەش بە زۆری لە فلیمدا بەسەر ئەکتەردا دێت، کاتێ کە ئێمە لەوانەوە نموونەیەکی فراوانمان دەست

دەکەوێ.

**کامبڵ:** بیرم دێت کاتێ کە هەرزەکار بووم، Doug-las Fairbanks نموونەیەک بوو بۆ من، نموونەیەکی دیکەش Aadolphe Manjou بوو، ئەو کەسانە ڕۆڵی کەسانی ئەفسانەییان دەبینی، ئەوان وەکو مامۆستای ژیانمان بوون.

**مویرز:** لە مێژووی سینەمادا بۆ من هیچ سیمایەک لە Shane سەرنجڕاکێشەر تر نەبوو، ئایا فیلمی شانت دیووە؟

**کامبڵ:** نەخێر نەمبینیووە.

**مویرز:** بەسەرهاتی ئەم فیلمە چیرۆکێکی کلاسیکی پیاوێکی نامۆیە لەدەرەوە بە سواری ئەسپەکەی دێت و چاکە لەگەڵ خەڵکیدا ئەنجام دەدات و سواری ئەسپەکەی دەبێ و دەڕوا بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بکات؛ ئەم جۆرە فیلمانە بۆ کاریگەریان هەیە بە سەرمانەوە؟

**کامبڵ:** شتێکی سیحرئامێز لە فیلمەکاندا هەیە. ئەو کەسەی تۆ تەماشای دەکەیت، لە هەمان کاتدا لە شوێنێکی تر ئامادەیە. ئەم تایبەتمەندیەش تایبەتە بە خوا. ئەگەر هونەرمەندێکی سینەمایی خۆی بکا بە هۆڵێکی شانۆدا هەمووان سەر وەردەگێڕن تا بیبینن. ئەو ئەکتەرە پاڵەوانی واقیعی ئەو ڕووداوەیە. ئەو لە ئاستێکی دیکەدا وەستاوەو ئامادەییەکی فرەیی هەیە.

ئەوەی لەسەر پەردە دەیبینن بەڕاستی ئەو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا (ئەوە) کە دێ و ئامادە دەبێت. لە نێوان ئەو هەموو وێنانەی کە هەیە وێنەی وێنەکان لەوێدا ئامادە دەبێت کە سەرچاوەی هەموو ئەم شتانەیە.

**مویرز:** پێدەچێت سینەماکان ئەم جۆرە کەسە مەزنانە دروست بکەن، کەچی تەلەفزیۆن تەنیا ناودارەکان دروست دەکات، ئەو کەسانە نابنە نموونە بەڵکو سیماکانی تەلەفزیۆن زیاتر بۆ نموونەی غەیبی دەگۆڕێن.

**کامبڵ:** ڕەنگە هۆکەشی ئەوە بێت ئێمە کەسایەتییە تەلەفزیۆنیەکان لە ماڵەوە دەیانبینین نەک لە شوێنێکی پەرستگا ئاسای وەکو هۆڵی سینەما.

**مویرز:** دوێنێ وێنەی دوایین کەسە نەریتەکانی هۆلیودم بینی کە ئەویش ڕامبۆ بوو، یەکێک لە کۆنە سەربازەکانی ئەمریکاو لە جەنگی ڤێتنام دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگارکردنی زیندانەکانی جەنگ. لە ئەنجامی زنجیرەیەک چالاکی توندو تیژو لێدان و شکاندن، ئەسیرەکان بۆ ماڵی خۆیان دەگەڕێنێتەوە. وام بیست گوایە ئەم فلیمە لە بەیروت جەماوەریترین فلیمە. ئەو وێنەیە، بووکەشووشەیەکی ڕامبۆیی نوێی نیشان دەدا کە لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەت کە بووکە شووشەی چل پارچەیی دروست دەکات دروست کرابوو. لە پێشەوەی وێنەکە وێنەی بووکەشووشەیەکی چل پارچەیی ڕوخسار شیرین بوو لە پشتەوەشی وێنەی سیمای توندو تیژی ڕامبۆ دانرابوو.

**کامبڵ:** ئەم دوو ڕوخسارە دوو ڕوخساری ئەفسانەیین. ئەو وێنەیەی بە زەینی مندا دێت تابلۆی Min-otaurro machy پاپلۆ پیکاسۆیە کە تێیدا دڕندەیەک نیشان دەدات لە شێوەی گا خەریکە نزیک دەبێتەوە. لەولاشەوەی فەیلەسووفێ لە ترسی گیانی خۆی بەسەر پەیژەیەکدا سەردەکەوێت تا خۆی ڕزگار بکات. لە نێو مەیدانی گابازیدا ئەسپێک دەبینرێ کە کوژراوە، لەسەر ئەسپە قوربانییەکەش زۆرانبازێکی گای مێینە دەبینرێ کە ئەویش کوژراوەو لەسەر ئەسپە قوربانییەکە ڕاکشاوە. تەنیا بوونەوەرێک کە بەرانبەر بەم دڕندە ترسناکە وەستابێت کچۆڵەیەکەو لقە گوڵێکی بەدەستەوەیە. ئەم دوو ڕوخسارە هەمان ئەو دوو ڕوخسارەن کە تۆ ئێستا باسیان دەکەیت، یەکێکیان سادە، پاکیزە، منداڵانە، ئەوی تریان دڕندەی هەڕەشەکەر. لێرەدا دەتوانی مەسەلە نوێکانی ڕۆژگار ببینی.

**مویرز:** yeats یەتسی شاعیر پێی وابوو ئێمە لە کۆتایی سەردەمی مەزنی مەسیحیدا دەژین، ئەو لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (دووەمین هاتن) دەڵێ :

**خولانەوە، خولانەوە**
**لە بازنەیەکدا کە هەمیشە گەورەتر دەبێ**
**شەهێن گوێی لە شەهێنباز نییە شتی هەڵوەشاوە دەکەوێتە خوارێ،**
**سەنتەر لە شوێن خۆی نامێنێ**
**هەر ئاشووبە کە جیهان دەگرێتەوە**
**شەپۆلی خوێناوی ڕەش سەرتاپا دەگرێتتەوە،**
**هەموو جێگایەک پاکیزەیی خامۆش دەبێ**
**بە بڕوای ئێوە ئەو شتە چییە، کە سەرسم دەداو هەڵدەستێتەوەو بەرەو بەیت لەحم دەڕوا تا جارێکی تر لەدایکبێتەوە؟)(١)**

# زاراوە و ناوە بیانییەکان لە کاری وەرگێڕاندا

**کەریم سۆفی**

لە ڕاستیدا ئەم ناویشانەی سەرەوە دەکرێ وەکو دوو بابەتی سەربەخۆ لە کاری وەرگێڕاندا (چ بە شێوەی تایبەتی، یان بە شێوەیەکی گشتی) زۆر لەوە زیاتر و بە تێروتەسەلی و وردتر قسەیان لەبارەوە بکرێ و بە نموونەی گونجاو و زیندوو پشت ئەستوور و دەوڵەمەند بکرێن، بەڵام من لێرەدا تەنیا وەکو ئاماژە و بیرخستنەوەیەک ئەم چەند ڕا و بۆچوونەم دەخەمە ڕوو کە گەڵاڵە و بەرەنجامی تێڕوانین و لێ وردبوونەوەمە لەو ناو و زاراوانەی کە لە میانەی خوێندنەوە و سەرنجدان لە زۆربەی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی ناو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرچاوم کەوتوون. وا هەست دەکەم کە جۆرە پەرشوبڵاوی و ئاڵۆزی و سەقەتییەک لە وەرگێڕانی زۆر لە زاراوەو ناوە بیانییەکاندا بۆ کوردی بەزەقی لەنێو سەرلەبەری بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی ئەمڕۆدا بەدی دەکرێن و وەک گرفتێک ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە. بەر لەهەر هۆکارێک من بەلای خۆمەوە ئەو مەسەلەیە بۆ دوو قۆناغ دەگەڕێنمەوە، پاشان بەپێی توانا بیر لە چارەسەریش دەکەمەوە.

**أ- قۆناغی بەر لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩٠ز:**

دیارە ئەم قۆناغە سەردەم و ڕۆژگارێکی دوورودرێژ دەگرێتەوەو دەتوانم بڵێم وەک قۆناغێکی چەسپاو زۆربەی هەڵسوکەوت و حاڵەتە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکانمان تا ڕاددەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری زمان و نووسینی عەرەبیدا بوون و نکوڵی لەوەش ناکرێت کە زمانی

عەرەبی وەک نزیکترین سەرچاوە بۆ ڕۆشنبیری کورد لەم بەشەی کوردستاندا پشتی پێ دەبەستراو سوودی لێ وەردەگیرا، بۆیە زۆربەی زاراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکرییەکان و ناوە بیانییەکانیش کە لە زمانی بیانییەوە دەکران بە عەرەبی، هەر لەو سەرچاوانەوە دەکران بە کوردی کە ئەوانیش لەژێر کاریگەری زمانی ئینگلیزی بەریتانی و زمانی فەرەنساییدا بوون.

لەم حاڵەتەشدا وەک دەزانین هەندێک لەو پیتانەی کە زاراوە، یان ناوەکانیان لێ پێک هاتووە، لە زمانی دووەمدا (زمانی عەرەبی)دا نییە، یان بەشێوەیەکی دی گۆدەکرێن. ئینجا گرفتەکە لێرەوە سەر هەڵدەدا.

وەک بیر هێنانەوە لە «ڕاگەیاندننامەی کۆتایی سیمیناری زمانی کوردیدا کە یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر- لە ڕۆژانی ٢٠-٢١-٢٢/٩/١٩٩٨ سازی دابوو، لەلاپەڕە (٣)، بەندی (٩)دا سەبارەت بە نووسینی ناوی بیانی ئاماژە بەوە کراوە کە بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت»

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەدام کە بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت، بەمەرجێک لەسەرچاوە بنەڕەتییەکەی خۆیەوە چۆن گۆدەکرێت و دەخوێندرێتەوە، بەم جۆرە بنووسرێت. پاشان ئەمەیان هەر تەنیا بۆ ناوی بیانی نەبێت و بەس، بەڵکو بۆ زۆر لەو زاراوە زانستی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هزری و فەلسەفی و ئایینی و تەنانەت هەتا ناوی شوێنی جوگرافی و نەتەوەو... تاد بێت، هەروەک لە «بەندی دووەمی پێشنیارو ڕاسپاردەکانی کۆڕی زاراوەسازی کوردی- فەرهەنگ»ی هەمان سیمیناردا ئاماژەی بۆ کراوە.

مامۆستا (عادل زعێتر) لە پێشەکی وەرگێڕانی کتێبی (حضارة الهند- شارستانیەتی هیند)دا دەڵێ: «ئەم کتێبە تایبەتە بە هیند، زیاتر لەسەد ناوی کەسایەتی تێدایە، ئێمە وا ڕاهاتووین کە ئەم ناوانە لەسەر زمانی نووسەرانی ڕۆژئاوا بنووسینەوە. وەک (بوذا، هیمالایا، بومبای، دلهی... تاد) ئەگەر ئەم ناوانە وەک چۆن لە هیندستاندا بەکاردێن بەڕێنووسی عەرەبی بنووسینەوە، دەبنە (بدهە، هیمالیە، بمبي، دهلی... تاد) بۆیە لەم وەرگێڕانەدا لە نووسینەوەی ناوی کەسایەتییەکان، ڕەچاوی ئەوەم کردووە کە چۆن لە هیندستاندا بەکار دێت.»

ئێمەش لێرەدا تووشی هەمان گرفت هاتووین، بەتایبەتی لە نووسینەوەی ئەو ناو و زاراوانەی کە پیتەکانی (ڤ، پ، گ، ژ، چ، ۆ، ێ...)یان تێدایەو وەک سەرچاوەش لە زمانی عەرەبییەوە کراون بە کوردی، نەک لە زمانی بنەڕەتی خۆیانەوە، من پێم وایە ئەگەر لە زمانی بنەڕەتی خۆیانەوە بکرێنە کوردی، یان لەم ڕووەوە ڕەچاوی زمانی بنەڕەتی بکرێت، بەتایبەتی وەک لای هەمووان ئاشکرایە کە زمانی کوردی لە کۆمەڵە خێزانی زمانە هیند و ئەوروپییەکانە وەکو ئینگلیزی و فەرەنسی و زۆربەی زمانە ئەورووپاییەکانی تر و تا ڕادەیەکی زۆریش پیتە کوردییەکان لە ڕووی فۆنەتیک و دەربڕینی دەنگ و نووسینەوەیاندا لە پیت و دەنگەکانی ئەو زمانانەوە نزیکن. دەکرێ بە سانایی وەک گۆکردن و خوێندنەوەی خۆیان بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێنەوە. بەمەش زۆر گرفتمان بۆ چارەسەر دەبێت، چونکە وەک دیارە زۆر لە ئاستەنگ و تەگەرەکان لەکاری وەرگێڕاندا لەوێوە سەرچاوە دەگرن.

**ب- قۆناغی دوای ڕاپەڕین و ئازادبوونی ئەم بەشەی کوردستان:**

دیارە ئەم قۆناغەش بە کرانەوەی دەروازەیەک بەرەو دنیای ڕۆژئاواو ئەورووپاو بەتایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دروستکردنی پردێکی ڕۆشنبیری و کولتووری هاوبەش لەگەڵ ئەم بەشەی کوردستاندا کە مایەی دڵفراوانی و خۆش بەختییە، دەست پێدەکات. وەک دیارە لەوێش زمان و ڕێنووسی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری زمان و شێوە گۆکردن و ڕێنووسی فارسی دایە کە ئەو زمانیش، واتە (فارسی) کاریگەری زمانی ئینگلیزی ئەمریکایی و زمانی فەڕەنسی بەسەرەوەیە، وێڕای زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی. بەمەش دووچاری هەمان دەردی لای خۆمان بووەو ئەویشیان لەوێوە بەم هەموو بارگاوی بوونەو پەرشوبڵاوییەوە ڕووی تێکردووین و ئەو زاراوەو ناوە بیانیانەی کە تا ئێستا بەشێوە نووسین و خوێندنەوەیەک لێرەدا پێیان ڕاهاتبووین، ئەوا بەشێوەیەکی دی دەکەونەوە بەرچاومان، گرفتەکەمان ئاڵۆزتر دەکەن.

پێم وایە ئێستا ئێمە لەو ناوەندەدا دەکرێ هەلێک برەخسێنین بۆ ساغکردنەوەو ڕێنووس کردنی ئەو زاراوەو

ناوه بیانیانەو چارەسەرکردنی زۆر گرفتی تری زمانەوانی، بەتایبەتی تا ڕادەیەکی باش شارەزاو پسپۆڕمان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا لە زمانە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و ئەورووپییەکاندا هەیە و لەناویاندا هەیە لە زانکۆ بەرزەکانی جیهان پسپۆرو کارامەن و کارەکەش بۆ ساغ کردنەوەو چەسپاندنی کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی نەتەوەیی خۆمانە، بڕواش ناکەم کار لەمە گەورەتر هەبێ.

سەبارەت بە چەند پیتێکی زمانی عەرەبیش کە دیارە زمانی فارسیش هەر بەهەمان پیت دەنووسن، وەک (ص، ض، ظ، ذ، ط، ث) کە لە زمانی فارسیدا وەک خۆیان ڕێنووسیان دەکەن، بەڵام لە گۆکردندا بۆ خۆیان ڕێک کەوتوون و گرفتیان نییە، هەتا لە وڵاتێکی وەکو (میصر) کە بەزمانی عەرەبی دەنووسن، کەچی پیتی (ج) بە (گ) و پیتی (ث) بە(س) گۆ دەکەن و دەخوێننەوە، بەگرفتیشی نازانن. ئێمە لەم حاڵەتانەدا ئەگەر ڕەچاوی ئەمە بکەین، بەتایبەتی وەک بزانم گرفتەکە بۆ زمان و ڕێنووسی کوردی زیاتر خۆیان لە پیتەکانی (ث، ذ، ض، ظ، ط، ص) دەردەخەن وەک لەوانی تر، خۆ دیارە لە زمانی ئینگلیزی و هەندێک لە زمانانی ئەورووپیشدا گۆکردن و نووسینی ئەم پیتانە بەتایبەتی (ث، ذ) زۆر ئاشکرایە و لە نووسینیشدا پیادە دەکرێ. بۆیە ئەگەر ناو، یان زاراوەیەکی وەک ئەنثرۆپۆلۆجیا، ئارثەر میلەر، ئەثینا، مەهدی ئەخەوان ثالث، جاحظ، حافظ، ئیثنۆگرافی، ثیۆلۆجی، وردث وۆرذ، ثیۆری، ئۆکتافیۆباث، بلاذەری، ماثیۆ ئارنۆد، جۆناثان ڕاندل، ئەلیزابێث... تاد وەکو خۆشیان بنووسرێنەوە، ئەوا گرفتمان بۆ چارەسەر دەکات، خەوشیش نییە، چونکە هەموو زمانانی جیهان کاریگەریان بەسەریەکەوە هەبووەو هەیە، نەک هەر (پیت) بەڵکو وشەو دەستەواژەشیان لەیەکتری وەرگرتووە.

مامۆستا سەعید نەفیسی لە پێشەکی فەرهەنگی عەمیددا سەبارەت بە پیتی (ث، ط) دەڵێ: «لەنێو زمانە کۆنەکانی ئێراندا ئەم پیتانە هەبووینەو ئەمڕۆ تەنیا لەنێو ئەفسانەکاندا بۆمان ماونەتەوە، وەک: کیومرث، طهمورث، طهماسب... تاد.»

ئینجا ئەم کارانەش وەنەبێ هەروا بەسەرپێی و لە خۆیانەوە مەیسەربن و بکەونە سەر ڕاستە شەقامی خۆیان، بەڵکو هیمەت و شان دانەبەری دەوێ، دەکرێ لە چوارچێوەی کارەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان بەشێوەیەکی بەرنامەداری ئەکادیمیانە کارەکە ئەنجام بدرێ و لیژنەو دەستەی تایبەتی لە پسپۆڕان و شارەزایان و زانایان لە بوارە جیاجیاکانی زمان و زانستی فەرهەنگسازی و زانیاری و ڕۆشنبیری و پیشەیی بۆ پێک بهێنرێت بە هاوڕایی و هاریکاری مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان و دەرەوە کار لەسەر فەرهەنگە کوردییەکان بکرێ، ئەوانەی چاپ کراون و ئەوانەی دەستنووسن، هەروەها ڕێکخستن و یەک خستنی فەرهەنگۆکی قوتابخانەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا و یەک خستنی زاراوە کارگێڕی و ئیدارییەکانی دامودەزگاکانی حکوومی و پۆلین کردنی فەرهەنگەکان و بژارکردنیان و گواستنەوەیان لە هەوڵی تاکە کەسییەوە بەرەو هەوڵی چڤاکی و دانانی فەرهەنگی تایبەتمەندوپسپۆڕ لە بوارەکانی مەعریفی و زانستی و پیشەیی و کارگێڕی و هونەری و ئەدەبی و... تاد ئینجا بڕیار دان بەپشت ڕاستکردنەوەیان و کارپێکردنیان وەک ناوەندی دەسەڵات لەسەر هەموو ئاستەکان، هەروەها بەدوا داچوونی بەردەوامیش لە ئارادا بێت بۆ زێدەکردن و بژارکردن و ڕاست کردنەوەی زاراوەکانی بەرایی و ناونان و پێشنیارکردن بۆ هەر نوێکارییەک کە لەم بوارانەوە دێنە پێش تا بتوانین شان بەشانی ئەم گۆڕانکارییە خێراو زوو تێپەڕو گەورانە هەنگاو بنێین کە لە بوارەکانی هزری و تەکنۆلۆژی و زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری و پیشەیی بەسەر جیهاندا دێت، تا لەمە زیاتر دابڕاوو دوا نەکەوین. بۆ واژەو زاراوەی نوێ، ناوی گونجاو و لێوەشاوە هەڵبژێرین بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی، ئینجا ئەو زاراوەیە، یان واژەیە لە هەر شێوە زارێکی زمانی کوردیدا بێت بەبێ جیاوازی، ئەگەر لەم قۆناغەدا بەرانبەرەکەمان بۆ نەدۆزرایەوە، یان بۆمان چێ نەبوو، باوەکو خۆی بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێتەوە و ڕاڤەی پێویستی بۆ بکرێت.

# مامۆستا هەژار و وەرگێڕان

**کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

لە ژیانی ئەم بلیمەتە نادوێم و دێمە سەر باسی کارەکانی. لە کارەکانیشیدا، باسی شیعری نیشتمانپەروەری، حەماسی و کۆمەڵایەتی و ئەویندارانەی ئەوتان بۆ ناکەم و یەکڕاست لە وەرگێردراوەکانی ئەم هێژایە ورد دەبینەوە.

لە وەرگێڕانەکانی مامۆستا هەژاردا، وام بۆ دەردەکەوێ کە ئەم هێژایە ویستوویەتی بەم کارە شۆڕشێکی فیکری و ئەندێشەیی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا پێک بهێنێ. ئەوەشمان هەر لە وەرگێڕانی کارەکانی شەریعەتییەوە بۆ دەردەکەوێ، چونکە عەلی شەریعەتی و ئەندێشەی ئەو پیاوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە تەواوی هەوڵ و تەقەللای ژیانی، لانی کەم بۆ ڕێچکەیەک لە ڕووناکی، ڕۆچنەیەک بەرەو پانتاییەکی بەرین و خۆ دەرباز کردنێک، لە توند و تیژی و تەسکبیری بوو. شەریعەتی بەتایبەت لە «دایە، باوە، کێ خراوە؟»دا زۆر دەکۆشێ هەتا پرشنگی زانیاری بهاوێتە ناو کۆمەڵگا. ئەو دژی باوکسالاری و لاسایی کردنەوەی کوێرانە و بە ساویلکە زانینی خەڵک لە لایەن هێندێک لە خاوەن دەسەڵاتانی سیاسی و دینی و هەموو نەزانی و خورافاتێکدا وەکو پیرە مەگروون ڕاوەستا بوو. هەر بۆیە مامۆستا هەژار بۆ گەشە و نەشەکردنی ئەندێشەی کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمەی خۆی کە زۆر کەند و کۆسپ و لەمپەری لەڕێدا شین ببوو، وەک پزیشکێکی کارامە و لێزان، هانا دەباتە بەر وەرگێڕانی کارەکانی ئەم نووسەرە فارسە.

گەر لە وەرگێڕانی کارەکانی شەریعەتیش بترازێین و

بێینە سەر چوارینەکانی خەییام، ئەوە باشتر مەبەستەکەمان پێکاوە و ئامانجەکەمان ڕوونتر ڕاڤە کردووە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە مامۆستا هەژار بۆچی چوارینەکانی خەییامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی؟

ئەوە پیاوانی مەزنن مێژوو تۆمار دەکەن و هەلومەرجیشە، کە پیاوانی گەورەو لەکڵ دەرهاتوو ئاراستە دەکات. ئەگەر بە وردبینییەوە سەرنج بدەینە هەلومەرجی ئەو سەردەمەی خەییام و ئەو بارودۆخەی کە باڵی بەسەر کۆمەڵی ئەو کاتدا کێشابوو، وەک ئەوە وایە کە مامۆستا هەژار و کۆمەڵگاکەیمان کردبێتە تای دووەمی ئەو تەرازووەی کە خەییام تای یەکەمی بووە. جا چ لە باری زیرەکی و وشیاری کەسایەتییەکانیان و چ لەباری وەسفی کۆمەڵی ئەم دوو کەسایەتییەدا.

**زۆر کۆلکە مەلا و شێخ هەیە ڕێ دەگرن لێم**
**لایان هەڵەیە لە ژینی خۆشم بدوێم**
**خزمینە! نەزانی چ بەلاییکی زلە**
**هاتوومە جیهان نابێ بزانم من کێم؟**

کەواتە دەتوانم بڵێم ئەوا مێژوو بۆ جارێکی تر خەییامێکی دیکەی لە کوردستاندا خولْقاندووە. ڕاتزێل یەکێک لە جوگرافیازانانی زۆر گەرا (جبرگرا) بڕوای وایە کە لە پێک هێنان و بەدی هاتنی بۆچوون، خوو وخدە و.. ژینگە ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاوی هەیە. جوگرافیازانانی ژینگە گەرا (محیط گرایان) دەڵێن ئاو و هەوای تایبەت لەسەر مرۆ شوێن دادەنێ، بۆ وێنە ئەوان لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کۆمەڵانەی لە شوێنە ساردەکاندا هەڵکەوتوون، بزووتنەوەو هەوڵ و تەقەللایان زۆرترە، بە پێچەوانە شوێنی گەرم دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ تەوەزەل و کارنەکەر و خوڕافیبار بێت، ئەم جوگرافیازانانەی بۆ شوێنی گەرم، نموونە لە هیند دێننەوە کە گەرما لەو شوێنە تەوەزەلی بە دیاری هێناوە و هیندییەکانی بەرەو خوڕافات و سروشت پەرستی هان داوە. تەنانەت ئەم جوگرافیازانانە دەڵێن: ئەگەر بوودا لە شوێنێکی گەرمی وەک هیندوچین، نەهاتایەتە سەر زەوی، خەڵکی بەرەو هەوڵ و تەقەللا و کار و جووڵانەوە و تێکۆشانی بێ وچان هان نەدەدا.

شایەد باس و لێدوان لە تیۆری زۆر گەراکانی زانستی جوگرافیا، وابێتە بەرچاو کە وەرگێڕان یاخود ئەدەبیات چ پێوەندییەکی لەگەڵ ژینگە و ئاو و هەوادا هەیە؟ بەڵام کاتێ باس لە ژینگەی وەک یەک و هاوبەش دەکەین، بۆی هەیە بیر و بڕوایەکی وەک یەکیش سەرهەڵ دا. واتە کۆمەڵگای هەژار هەمان ئەو کۆسپانەی هەبووە کە کۆمەڵگای خەییام کاتی خۆی بوویەتی. ئەگەر ئەوتۆ لەمپەر و گیروگرفت گەلێک لەسەردەمی خەییامدا نەبووایە، بێ گومان خەییام ئەم چوارینانەی نەدەهۆندەوە، یان ڕەنگ بوو بە جۆرێکی تری هۆنیبایەتەوە (واتە کاکڵی بابەتەکانی شتێکی تر دەبوو.)

کاتێ هەر ئەم هەلومەرج و لەمپەرانەش لە زەمانی هەژاردا هەیە و دەبیندرێ و هەستی پێدەکرێ، هەژارێک سەر هەڵ دەدا کە خەییام ئاسایی لە حاندیاندا هەڵوێست دەگرێ و باشترین هەڵوێستیش بە لایەوە ئەمە بوو کە پەنا بەرێتە بەر ئەوتۆ چوارینە گەلێک، وەک ئەوەی کە بۆ دوو کەسی نەخۆشی دووچاری سیل، لە لایەن دوو پزیشکی تایبەت و لێهاتووەوە، دەوا و دەرمانێکی هاوبەش و وەک یەک بنووسرێت.

جا هەر لەم ڕۆچنەوە دەتوانین بچین بۆ زمانی شیعری چوارینەکانی خەییام بە کوردی. کاتێ فەزا و هەموو زەمینەکان دەستیان داوەتە دەست یەک بۆ ئەوەی کە هەژار لە خۆی ورد بێتەوە و هەزاران شەپۆلە پرسیار، بیریان ورووژاندووە، چاوی تاسەی هەڵێناوە و لە هاوتا و هاودەردی خۆی ڕوانیوەو کەسیشی لە خەییام هاودەردتر نەبینیوە. هەر بۆیە تاسە و هەناسەی خۆی تێکەڵی خەییام کردووەو چووەتە ناخییەوە و غەوری زامە ئاشناکانی لاداوە، کە لە زامەکانی خۆی و نەتەوەکەی خۆی کردووە (کۆمەڵگا)، لە قوڕگی شمشاڵی هاوبەشی زمانا، جارێکی تر خەییامی هۆنیوەتەوە و کوڵی دڵی خۆی پێ ڕشتووە. هەر ئەم لێک تێگەیین و زامە هاوبەشانەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بە جوانی چوارینەکانی خەییام وەرگێڕێتەوە و هەژار لەم کارەدا بکاتە کەم وێنە، بە جۆرێکە، پەیام و مانا و فەلسەفە و هزری خەییامی گەورەی چێشتووە و دەری بڕیوەتەوەو پاراستوویە. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە بەر لە مامۆستا هەژار، زۆر شاعیر و خاوەن قەڵەمی وەک

مامۆستا یان: گۆران، شێخ نووری شێخ ساڵح، شێخ سەلام، بڕێک لەم چوارینانەیان وەرگێڕاونەتەوە کە پێویستە وێنەیەکیان بخەینە بەرچاو.

**این کهنه رباط را که عالم نام است**
**آرامگه ابلق صبح و شام است**
**بزمی است که وامانده صد جمشید است**
**گوری است که خوابگاه صد بهرام است**
خەییام

**ئەم کەلەوایە کە دنیای نامە**
**ئارامگەهی بەیانی و شامە**
**بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە**
**قەسرێکە تەکیەی سێ سەد بەهرامە**
شێخ سەلام

**ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە**
**لەسەر ڕێی گەشتی شەو و ڕۆژمانە**
**بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە**
**سەد بەهرام هات و چوو لەم وێرانە**
گۆران

**ئەم کۆنە سەرا و پەردە کە دنیای ناوە**
**شایی لە بەرێ، شینە لە پێنسەد لاوە**
**ئەم خوانچەیە بەرماوی هەزار جەمشیدە**
**گۆڕەو گەلێ بارامی تیا نێژراوە**
هەژار

وەکو دەبینین هیچ کامیان نەیانگەیاندۆتە پلەی مامۆستا هەژار، کە هۆی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە سەر شێوەی وەرگێڕان و هونەری وەرگێڕان.

لەم بوارەدا هەژار بلبلێکی دەنگ خۆشی بۆ گۆشتەکەی سەرنەبڕیوە، بەڵکو گرتوویەتی، زمانی کوردی فێر کردووە، واتە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە خۆی بواردووە و ئەم چوارینانەی چێشتووە، بە ناخیاندا ڕۆچووە و دواتر ماکی چوارینەکانی لەگەڵ ڕاڤە و تەئویلی خۆیدا تێکەڵی کردووە و بەبێ زایەکردن و لەناوبردنی کێش، دایڕشتوونەتەوە، کە ئەمەش گەورەیی هونەری وەرگێڕانە و (بەتایبەت لە شیعردا) ئەوە دەگەیەنێ کە هەژار لە هەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا، بە چڕوپڕی شارەزا و خاوەن دەسەڵات بووە، کە شایەد یەکێ لە هۆیەکانی ئەم دەسەڵاتە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەوەی کە ئەم هێژایە فەرهەنگی وشەی هەنبانەبۆرینەی نووسیوە کە لە حاند هەر وشە و ناو و دەستەواژەیەکی کوردیدا، فارسییەکەشی داناوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە وەرگێڕانی ئەم چوارینانەشدا وەک وەرگێڕی کارەکانی شەریعەتی، مەبەستی مامۆستا هەژار ئەوەبووە کە کۆمەڵگای کوردی سەردەمی خۆی لەگەڵ بیر و هزری پڕ لە گەشە و فەلسەفەیی خەییام ئاشنا بکات.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەمزی سەرکەوتن و گەورەیی وەرگێڕدراوی چوارینەکانی خەییام لە چوار خاڵدایە:

١- فەلسەفە و ماکی پەیامی پاراستووە.

٢- ڕاتزێل گوتەنی، ژینگەی هاوبەش لە پێکەوە لکاندن و تێڕامانیاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

٣- بە پێچەوانەی مامۆستا گۆران و شێخ سەلام لە وەرگێڕانی سەربەخۆ و ئازاد کەڵکی وەرگرتووە و کێشی چوارینەکانی پاراستووە.

٤- بەسەر هەر دوو زمانی کوردی و فارسیدا شارەزا و زاڵ بووە.

# شێواز لە «کۆپاکابانا»کانی کتێبی شێوازەکاندا

**هاشم سەڕاج**

کتێبی شێوازەکان دیوانێکی نوێی «زانا خەلیل»ی شاعیرە و کۆمەڵێک تێکستی شیعری گرتۆتە خۆ، زانا لەم کتێبەیدا هاتووە مانەندی دیوانەکانی پێشووی، بەڵام بە شێوازگەلێکی جیاواز، لە ڕێگەی بەهرە و بوێری و عیشق و باکگراوندێکی مەعریفییەوە بابەتگەلێکی ئیستێتیکی و ئیرۆتیکی وروژاندووە و لە هەمان کاتا هەوڵی داوە بە فۆرم و شێوازێکی جیاواز گوزارشت لە حاڵەتەکان بکات، چونکە [لە شیعردا بابەت نییە، بەڵکو دەربڕین و شێوازی دەربڕین هەیە] واتە شێوازی دەربڕینی تایبەتی کە پێوەندی بە منی شیعری و هەڵچوونی زمانی و چرکەی ئیستێتیکی و جیهانبینییەوە هەیە، «جان کوهین» لە کتێبی «زمانی باڵا»دا دەڵێ: «شیعر هیچ بابەتێکی نییە، جگە لە کردنەوەی بنیادی زمان نەبێ»، بۆیە «کوهین» لە شیعرەکانی «ڕامبۆ» دا بەدوای «گۆرانی مەدلوولەکان»دا دەگەڕێ جیاوازەکانی گەمەی ڕستە و دەستەواژەکان، بە هەست و نەستێکی بارگراویکردنی ئۆرفیۆسی گۆرانی بۆ ڕۆحی نادیار و بزری جوانی باڵا دەچڕن. لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، مەبەستم ئەوە نییە سەد دەر سەد هزر و بۆچوونە زمانی و شیعرییەکانی «جان کوهین» پراکتیزە بکەم، یان بە شێوەیەکی سەرەکی و بەرفراوان لە سەرجەم تێکستە شیعرییەکاندا بە دوای نەوای مەدلوولە ئاواز دارەکاندا بگەڕێم، بەڵکو هەوڵ دەدەم لە فەزای هەندێ لە تێکستەکان و ماسک و کۆپاکابانای بنیادی شێوازەکاندا بەشێک لەو بڕگە و کۆپلە و ڕستە شیعرییانە دیاری بکەم کە بە شێواز و ئاخاوتنێکی تایبەتی گوزارشت لە چێژ و

نیگەرانییەکانی بوون و زیندەگی دەکەن و دواتر لە کۆپاکاباناکانی شێوازەکاندا، بە دوای ئەو نەواگەلە ئیرۆتیکییانە دەگەڕێم کە بە شێوەیەکی شاراوە ئاراستەی ڕۆح و جەستەی شێوازی کچە کاراکتەری مەملەکەتی شێوازەکان دەکرێن.. هەڵبەتە وشەی «کۆپاکابانا» وەک زاراوە و دەستەواژەیەک، یان وەک شوێنێکی شەبەنگی و سەرابی لە ڕۆمانی «یانزە خولەک»ی پاولۆکۆیلۆ وەرگیراوە. بەڵام لەم خوێندنەوەیەدا مانەندی ئیرۆتیکخانەیەکی شەبەنگی چەمک و مەوداکانی - مەیخانە- تێدەپەڕێنێ و یەکسەر حاڵەتە حەسرەتاوییەکانی «ڕاڵف هارت»ی نیگارکێشمان بیر دەخاتەوە کە بە «ماریا»ی پاکیزە دەڵێ: [تۆ ڕووناکییەکی تایبەتیت هەیە لانی کەم بهێڵە باسکێچێکت لێ بکێشم]

سەرەتا «منی شیعر» بە زمانێکی ڕاستەوخۆی لیریکی موخاتەبەی «مەعشوق» دەکا و ئازار و مەینەتەکانی دووری و لێکدابڕان و چرکە خۆشنوودییەکانی ویساڵ دەخاتە ڕوو.

**من بە ئاشکرا تۆم خۆشدەوێ و**
**تۆش بە نهێنی من.....**
**دەبێ چارمان چی بێ؟**
**جگە لە دۆزینەوەی مەودایێک**
**لە نێوانی ئاشکرا و نهێنیدا.**

ئەنجا لە تێکستی «ترس» دا درێژە بە عیشق و جوانی و نیگەرانی و مەوداکانی دابڕان دەدرێ.

**زۆر دەترسم نەمرم و ببینم**
**تۆ لە ڕۆحی ساردی یەکێکی تر**
**بۆ دڵی گەرمی من بگری**

هێواش هێواش فەزای شیعر بەهۆی گەمە جوانەکانی شێواز و نەخشی وشە دەرگا داخراوەکانی ئیرۆتیک ئاوەڵا دەکا.

**ئەو پەنجانەت دەپەرستم**
**کە چەند ڕۆژ جارێ**
**ستیانە ڕەشەکەتی پێ دەکەیتەوە و**
**لە ڕۆژێکیشدا چەند جارێ**
**ستیانە سپییەکەتی پێ دادەخەی**
**ئەو پەنجانەم بپەرستە**
**کە چەند ڕۆژ جارێ**
**ستیانە سپیەکەتی دادەخست و**
**لە ڕۆژێکیشدا چەند جارێ**
**ستیانە ڕەشەکەتی دەکردەوە.**

لە فەنتازیای گەمەی ڕەنگەکانی جەستە و خرۆشانی کۆپاکاباناکانی گیاندا کردەی نووسین بە بنیادێکی شەهوەتی و لە ڕێکەی نەخشینی وشە و زەماوەندی واتاوە ئاماژە بە سرووت و کەرنەڤاڵە سێکسییەکانی «ڕاڵف هارت»ی شێوەکاری سەرشێت دەدا و کە چۆن «ماریا»ی پاکیزە دەگەیەنێتە دواین ترۆپکی ئۆرگازم.. ئەمەیش سەرەتای هەڵچوونی کۆژیتۆی شیعرە و بە زمانێکی شاوەتینی شیعری مژدەی دەرکەوتنی «شێواز»ی کچە خانەدانی جیهانی شیعر و ئیرۆتیک ڕادەگەیەنێ.

**زمانی ڕەشی ڕەشپێستێک**
**سپییەتی زمانی سپیپێستێک دەلێسێتەوە**
**من چیم**
**جگە لە شیعرێکی بەرەڵلا**
**لەناو قافییەکانی سینەی تۆدا**
**بێنە ئەو لێوە پڕانەی خۆتم بدێ**
**کە هەموو نەگوتراوەکانم پێدەڵێن**

لە هەندێ تێکست و برگە و کۆپلەی کتێبی شێوازەکاندا فەزای کۆپاکاباناکانی زمانی شیعر پڕە لە دارژانی لەنجەی ئیقاعی، نەشئەی مەی و وڕێنەکانی چرکەی سەرمەستی، ئەفسوونەکانی نەخش و فۆرمەڵەی وشە، دایسانی ئۆرگانیزمی ئیرۆتیکی و کۆنسێرتی واتای لەنجەدار، هەمیسان دەڵێم.. تۆ بڵێی «منی شیعر» لە گیانی هەلایساوی «زانا خەلیل»دا قوم قوم سەرابی «هەوم»ی لە «کانی»یە ئەفسووناوییەکەی «کاسیتالیا»ی شیعر نەخواردبێتەوە.

**ژیان کتێبێکی نائاسایی پڕ لە غەفڵەتە و**
**مردنیش مساحەیەکی ئاسایی لەناکاو**

بەم جۆرە لە ڕێگەی گەمەی نێودژیەکانی تاقە وشەوە واتاکان بە ئیقاعێکی غەمگین و خەفەتبار گۆرانی بۆ زەمەن و نادیاری دەڵێن:

**زەمەن دەمبا**
**لەنێو بردنا ڕادەمێنم**
**ئاخۆ لە پشت دەریادا چی هەیە؟**
**لەوە دەچی لە پشت دەریادا**
**بەتەنیا هەر دەریا هەبێ**

**لەوە دەچێ لە پشت بیاباندا**
**بەتەنیا بیابان هەبێ**

یان گەمەی بێ کۆتای دوالیزمە هاودژەکانی بوون و ژیان لە کۆپاکابانا ڕەنگین و کەمخایەنەکەی عیشق و جوانی و هۆگریدا، کە ڕۆحی شەکەتی گەردوون بە ئەسپایی و هەماهەنگی و ڕێکوپێکی ئەنجامی دەدات.

**هەردەم لە بنەوەی پێکەنیندا گریانێکی لاڵ هەیە و بزە دەکا**
**هەردەم لە بنەوەی گریاندا پێکەنینێکی بێدەنگ هەیە و بزە دەکا**
**.........**
**هەمیشە لە بنەوەی ناخدا ژیانێک هەیە گاڵتە بە مردن دەکا**
**بەڵام بۆ هەمیشەیی لە بنی بنەوەی ناخەوە**
**مردنێکی حەقیقی هەیە و گاڵتە بە ژیان دەکا..**

«نۆڤالیس» دەڵێ: [ڕێگا پڕ نهێنییەکە بەرەو ناوەوە دەڕوات] لە کتێبی شێوازەکاندا کۆژیتۆی شیعر لەپڕێکا بە ئاگا دێ و لە قووڵایی ناخەوە ئەنتۆلۆژیترین گۆڕانییەکی سەرمەست و حەسرەتناک ئاراستەی قەدەر و کۆپاکاباناکانی ژیان دەکا، گۆرانییەک ئاوازەکانی دڵ دەیچڕێ و مۆرفیمەکانیشی گیانێکی دابساو.

**شەوێکی کەڕ**
**لە شەقامێکی بەرەللادا**
**گوللەیەکی ڕووت دێ و دەمپێکێ**
**خۆشم نازانم بۆ دەبێ بمرم...؟**

چونکە لەو دیو گەمە ئیرۆتیکییەکانی کتێبی شێوازەکاندا هەمیشە حەسرەتێکی شاراوە لە کپی و بێدەنگی و گوماندا، یان نیگەرانییەکی کوشندە بوونی خۆی پاراستووە. نیگەرانییەک بە عیشق و گومانەوە لە کۆپاکاباناکانی پرۆسەی نووسیندا وازی بە داڵە جوانەکان دەکات و مەدلولە خەفەتبارەکانی زمان و زەمەن لەخۆوە ئاوێزانی چرکە ئیرۆتیکییەکانی جەستەی درەوشاوەی «شێواز» دەکرێن. «شێواز» مانەندی «ماریا» خاوەندی ڕووناکییەکی تایبەتییە، ڕووناکییەک هەر تاڵە تیشک و پاژێکی لە خەڵقندەیەکی جوانی ئەم سەر زەمینە وەرگیراوە، شێواز ئاوازێکی ئاڵۆسکاوە لە شەراب، گۆرانییەکی بەلەنگاز لە مەستی، ساغەرێک لە خولیا بزرەکانی ئەزەل، خەونێک لە پیتە ناسکەکانی لەوحی «طور»...) شێوەی شێوازی شازادە لە کۆپاکاباناى تێکستی «کوکوختییەکان»دا بەم فۆرم و شێوە و شێوازە گوزارشتی لێ دەکرێ.

**هاتەوە بیرم جارێ قەدەر قەرەجانە**
**پێی گوتبووم**
**لە هەموو ئەوانەدا، تەنیا یەکێک بخولقێنە**
**من چیم کرد**
**بێگومان پاش داگیرساندنی جگەرەیێ**
**درێژی پرچی تاووسێکی ئێزیدی و**
**شەرمنی پرچی مامزێکی فارسم تێکەڵاو کرد**
**خەندەی «ئەننا» و فرمێسکەکانی «هەتاو»م**
**تێکەڵاو کرد**
**سینەی «ئەفۆ» و**
**سمتی ڕەقی «لێنا» و**
**بەژنی ماینێکی تورکمانم تێکەڵاو کرد**
**برۆنزییەتی گڵێنەکانی «ڕووپاک»م هێنا و**
**لەگەڵ ڕەشاتی برژانگەکانی قەلەڕەشێکی بریندارم**
**تێکەڵاو کرد**
**لە هەموو ئەوانیش سەیرتر**
**گەرمایی جەستەی کوکوختییێکی ناسیار و**
**بەفرینی پێستی «ئۆلگا»م تێکەڵاو کرد**
**من هەموو ڕەنگەکانم تێکەڵاو کرد**
**فەرمانی قەدەرم هێنایە جێ و**
**لەو هەموو کوکوختییەدا**
**بە تەنیا کوکوختییێکم خولقاند و...**

کتێب: کتێبی شێوازەکان
نووسینی: زانا خەلیل
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپی یەکەم: هەولێر - ٢٠٠٧

# کارڵ مانهایم
# ڕابەری سۆسیۆلۆژی زانین

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

١- لە چوارچێوەی بابەتی سۆسیۆلۆژیدا (زانستی کۆمەڵایەتی) سۆسیۆلۆژی زانین (Wissenssozio Logie) دەکرێ بە لقێک لەو لقە نوێیانەی ئەم زانستە دابنرێت کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەلایەن فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژ وسیاسەتمەداری ناسراو کارڵ مانهایم (١٨٩٣- ١٩٤٧ز) دوا ڕوخسارو ناوەرۆکی پێ براوە.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە شۆڕشی چارەنووس سازی فەڕەنسا (١٧٨٩ز) هۆیەکی سەرەکی پەیدابوونی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بە گشتی هۆی پەیدابوونی سیۆسیۆلۆژی بەتایبەتی بووە. لەوسەردەمەدا هێزو دەسەڵات بەلای شارو باژێڕ و چینی سەرهەڵداوو سیاسەتدا لاسەنگ بوو، چینی نیشتەجێی گوندو لادێ و بیری ئایینی مەسیحی و دامودەزگاکانی کڵێسە ناچاربوون سەر لەبەردەم ڕەوشی نوێدا دابنەوێنن. لەلایەکی ترەوە کێشەکانی ڕەوش و دۆخی نوێ کە لە ئەنجامی شۆڕشەکەوە کەوتبوونەوە، ببوونە مایەی ئەوەی بیرمەندان سەرگەرمی توێژینەوەیان و دۆزینەوەی چارەسەریان بن. ئەگەرچی سان سیمۆن هەستی بەبایەخ و گرنگی هۆکاری ئابووری کردبوو، بۆی ساخ ببۆوە کە «گۆڕانی مێشک و بیرو بۆچوون شان بەشانی پتر بوونی گەرموگوڕیی فاکتەری ئابووری و تەنگژە و قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە بنەمایەکی ئابوورییان هەیە» (١) ماوەو کارکردنێکی زۆر و زەبەندەی دەویست ئەو بۆچوونە کاڵ بکرێتەوە کە جیهانی بیروبۆچوون لە هەڵکەوت و جیهانی ڕیالیستییەوە دوورەو پابەندی جیهانێکی ئایدیالیستی میتافیزیکییە. هەر بۆیە ئەوکاتە وا باوبووە کە دەبێ یەکەم جار بیروبۆچوونەکان لە بنەڕەتەوە

بگۆڕدرێن ئینجا بنەماکانی ئاکارو ڕێوشوێنەکانی گۆڕانیان بەسەردادێت و لەم گۆڕانەوە چارەسەرکردنی کێشەو تەنگژەو قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات.

پێش جێگیربوونی پایەو بنەماکانی سەدەی ڕووناکبیری (Aufklarung) بیری ئایدیالیستی- میتافیزیکی بە کۆمەڵ و هاوکاری بیری ئایینی و کڵێسەی مەسیحی ئەورووپا وەک نموونەیەکی کەم کردنەوەی پلەوپایەو بایەخی مرۆڤ گومان لە توانای بیروژیری مرۆڤ کراوە کە بتوانن بەبێ پشتیوانی ڕێوشوێنەکانی کڵێسە بگەنە ڕاستی و دەرک بەڕاستەقینە بەرن، بۆیە بە ئاشکرا هەوڵ دراوە ئەو باوەڕە پشت ڕاست بکرێتەوە گوایە ژیر، ڕێبازی ژیرەکی لە توانایدا نییە پەی بەڕاستی و واقیع و هەڵکەوت بەرێت، بگرە «توانای زانین و دەرک بەڕاستی کردنی ژیر- ئەقڵ- سنووردارەو لەو جێگایەی بابەتەکە پێوەندی بە ژیانی مرۆڤ و پێوەندی بە ژیان لە کۆمەڵدا هەیە پەکی دەکەوێ و بڕناکات»(٢). بەم پێودانگە و هەر بەپێی ئەم بۆچوونە پردی پێوەندی نێوان مرۆڤی تاک و کۆمەڵ کە پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکی هەمەکی کۆمەڵایەتییە پچڕێنراوەو بە چاوی جیاواز سەرنجی هەردووکیان دراوە هەروەک ئەوەی گوایە کۆمەڵ کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە لە سروشتەوەو سروشت ئاسا لە سەروو ئەندامانییەوەیەتی کە بابەتی ئەون. ئەم جۆرە پێودانگە ڕێگای بۆ لەیەکتری دابڕینی بابەتی زانستی کۆمەڵایەتی و ئاکار خۆش کردووە، چونکە لەو بۆچوونە ئەو بیروڕایە دەکەوێتەوەو بگرە کەوتۆتەوە کە ئەگەر بێتو مرۆڤی تاک وەک بوونەوەرێکی چالاک و سەربەخۆ خاوەن هەست و نەست و سوودو قازانج و ئامانجی ڕەنگ بۆڕێژدراو دابنرێ، ناکرێ چاوەڕێی نادیسپلینی و تێکچوون و لەبەریەکترازانی ئۆرگانەکانی کۆمەڵ نەکرێت، بۆیە وادانراوە کە جەوهەری ڕووداوەکانی کۆمەڵ، ئەگەر بەوردی لێیانەوە بکۆڵرێتەوە، سروشتێکی کۆمەڵایەتی ئابوورییان نییە، بەڵکو سروشتێکی ئاکارییان هەیە هەروەها لەم ڕوانگەیەوە وا بڕیار دراوە، گوایە پەرەسەندنی کۆمەڵ بەهیچ جۆرێک لە پەرەسەندن یان تێکچوون و لەناوچوونی هێزە بەرهەم هێنەرە ئابوورییەکانەوە ناکەوێتەوە(٣)، بەڵکو ئەم پەرەسەندنە یان پاشەکشەو پاشاگەردانییەکەی پێوەندی بە گەشەکردنی ئاکار یان پێوەندی بە پاشەکشەکەیەوە هەیە.

٢- سەدەی نۆزدەیەم، کە بەڕاستی سەدەی شۆڕشی زانستی و پاشەکشەی بیری ئایدیالیستی و میتافیزیکی و ناڕیالیستی بووە کۆشش کراوە پشت بەژیرو هێزوتواناکانی بیەستریت و جارێکی تر هەوڵ دراوە تیشک بخرێتە سەر پێوەندی نێوان دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی و ئەو ئەرک و فرمانەی کەوتۆتە ئەستۆی ئەم بیروبۆچوونانە لە مەیدان و کایەی کۆمەڵایەتیدا. ئەنجامی ئەم کۆششەش ئەوتیۆرییە سۆسیۆلۆژیە زانستیە بووە کە ساخی کردۆتەوە:

هێزو تواناو بڕکردنی تیۆری (بیروئایدیۆلۆژی) لەو بنەما ئابوورییانەوە سەرچاوە دەگرن کە چینی کۆمەڵایەتی دەست ڕۆیشتوو پشتیان پێدەبەستێ.(٤) ئەم بەیەکەوە بەستنەوەی فاکتەرو بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووری بیروبۆچوون و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگای خەت و خاڵدان و بەرەوپێش چوونی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی خۆش کردووەو پەردەی لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی بیروباوەڕ لاداوەو ئەرکی سپێردراو بەو بیروبۆچوونانە لە چوارچێوەی جیهاندیدی هەمەکی کۆمەڵایەتیدا دەرخستووە.

لەوسەدە پڕ ڕووداوو بەرەوپێشچوون و ناوەڕۆک بەپێز و گۆڕانی فرەڕەنگی زانستی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەدا کەسایەتی ئەکادیمی و زانستی و سیاسی کارڵ مانهایم لە مەجەرستان و ئەڵەمانیای دوای جەنگی یەکەمی جیهانی خەت وخاڵی داوەو پێگەیشتووە، بەپێزترین بەرهەمی دەربارەی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) بەگشتی و دەربارەی سۆسیۆلۆژی زانین بەتایبەتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام دوای بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەورووپا، سیاسەتی دەسەڵاتدارە نازییەکان بووبەکۆسپ لەبەردەم چالاکی ئەکادیمی و بەردەوام بوونی مانەوەی مانهایم لە ئەڵمانیا ئیتر ناچارکرا ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ و ساڵی ١٩٣٣ ڕووی لە ئینگلتەرە کردووە، لەوێ قۆناخی سێیەمی چالاکی ئەکادیمییەکەی دەست پێ کردووە. لە زانکۆی لەندەن کراوە بە مامۆستای سۆسیۆلۆژی. ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو بەرهەمانە بدات کە مانهایم لە قۆناخی سێیەمی چالاکی زانستیانەیدا لە لەندەن بڵاوی کردوونەتەوە، بە ئاشکرا جێدەستی ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیزییان تێدا دیارەو بە ڕاشکاوی دوورخستنەوەی لە جیهاندیدیەکەی

سەردەمی ئەڵمانیا هەست پێدەکرێت. مانهایم لە هەرسێک قۆناخی چالاکییەکانیدا مەجەرستان و ئەڵمانیاو بەریتانیا وەک لە دەوروبەرو ژینگەی رۆشنبیری و ئەکادیمی سەردەمی خۆی کاری تێکراوە، ئەو کارتێکرانەش لەبەرهەمەکانیدا دەردەکەون، ئەوا بەهەمان سەنگ و رەنگ و شێوە، هەر لەبەرهەمەکانیدا ئەو رۆڵ و دەورە هەست پێدەکرێت کە وەک رابەرێکی چالاکی زانستی کۆمەڵایەتی بەگشتی و سۆسیۆلۆژی زانین بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا گێراویەتی.

٣- کولتوورو رۆشنبیری لە جیهاندیدی کۆمەڵایەتیدا:

لە کۆرو کۆمەڵە ئەکادیمیەکاندا بەتایبەتی لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیدا واباوە کە کولتوورو کۆمەڵ بەتوندی لەیەکتری جیا دەکرێنەوەو سنووریان لەنێواندا دەکێشرێ و هەردووکیشیان پێوەندییان بەیەکترییەوە هەیە و ناتوانن دەستبەرداری یەکتری بن و لەیەکتری جیا بکرێنەوە. کۆمەڵی بێ کولتوورو کولتووری بێ کومەڵ لە مێشکدا نەبێ بوونیان نییە. هەموو قۆناخێکی تایبەتی کۆمەڵ کولتووری تایبەتی خۆی هەیە کە جۆری پەرەسەندن و چۆنیەتیەکەی و سروشت و پێکهاتە هەمەرەنگییەکەی دەردەبڕێت. لە جیهاندیدی کارڵ مانهایمدا، ئاسایی، مرۆڤ و کولتوور و شارستانیەت و کۆمەڵ ئەگەرچی چ وەک چەمک و چ وەک پێکهاتە بوونی سەربەخۆو تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، ئەوا توندوتۆڵیش بەچەندین گرێ و پێوەندی و پەیوەندێک بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە بەتێکرایی ئەو چوارچێوە گشتییە هەمەکیە رەنگدەرێژن کە بەجیهاندید ناودەبرێت و مۆرک و نیشانی قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووی شارستانییەت تۆمار دەکات. شیکردنەوەی بنیادو بنەمای ئەم جیهاندیدە کە لەلایەکەوە بەیەکەوە گرێدرانی ئامرازو ئامانجەکان بەدەردەخات لەلایەکی ترەوە وەک ئەرکێکی سەرەکی سۆسیۆلۆژی زانینی کارڵ مانهایم پێوەندی دەستیاوی و دوولایەنی نێوان بیر، هزر، بۆچوون و رەوش و مەڵبەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤ ساخ و پشت راست دەکاتەوە سەرەرای ئەوەی نیشانی دەدات تا چ رادەیەک شێوەکانی ژیانی هزرو ژیری مرۆڤ لە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووییدا بۆچوون و ئیدیۆلۆژی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵ بەدەردەخات. ئەم باوەڕەی مانهایم ئەو رۆڵە دەردەخات کە فاکتەری مێژوویی و قانوونەکانی پەرەسەندن لە رشتنی رەنگی پێکهاتە هزرییەکانی مرۆڤدا لە کۆمەڵ دەیگێڕن.

وەک ئاشکرایە کولتوور بەگشتی سەرجەمی بەهاوبایەخە بەرزە پەرەسەندووە گیانییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە وەک، ماف، قانوون، هونەر، هزر، زمان، ئەدەب، دابودەستوورو نەریت، رێوشوێنەکاری ئاکارو کردار، خوو و رەوشت، هەڵوێستە هەمەرەنگەکانی ژیان، زانست، هەر لەم روانگەیەوە دەکرێ کولتوور کە کایەو پاوانی بەرهەمە هزری و گیانیەکان دەگرێتەوە لە شارستانیەت جیا بکرێتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە دەکرێ بەوە دەستنیشان بکرێت کە مرۆڤ جۆرە سنوورێک لە نێوان کولتووری گیانی نامادی و ماددیدا دەکێشێ.(٥)

زمان وەک ئامرازێکی دەربڕینی هەست و نەست و خواست و ناوەرۆکی بیری مرۆڤ و پێوەندی کۆمەڵایەتی لە رەوت و پرۆسەی خەت و خاڵدانی ئەم کولتوورە گیانییە جیا ناکرێتەوە. بیروزمان توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن ئەگەر بیر- هزر خواستی مرۆڤ و مەبەست و ئامانجەکانی لە چوارچێوەیەکی رێکوپێکدا گەڵاڵە بکات و رەنگ برێژێ، زمان لەلای خۆیەوە ئەو ئامرازەیە کە ناوەرۆکی پرۆسەی چالاکی هزر دەردەبڕێ. هەر لەم روانگەیەوە دەکرێ مرۆڤ بڵێ، هزر ئەو دەفرەیە کە ناوەرۆکی خواستی مرۆڤی تێدا دادەرێژدرێ و زمانیش ئەو ئامرازەیە کە لەلایەکەوە ناوەرۆکی بیر دەردەبڕێ و لەلایەکی ترەوە ئەندامان و چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵ بەیەکەوە بەند دەکات، بۆیە شتێکی ئاساییە کە مانهایم لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژی زانینەکەیدا بایەخی بە پێوەندی فرە رەنگی نێوان هزرو بوونی کۆمەڵایەتی داوە. ئیتر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بیروکولتوور بەو بارودۆخ و رەوشە کۆمەڵایەتییەوە بەندن کە تێیدا سەریان هەڵداوە. تێگەیشتنی سەرجەمی ئەم بیرو هزرو کولتوورە دەبێتە مایەی تێگەیشتنی ئەو کێشەو تەنگژەو قەیرانانەی کۆمەڵی نوێ دووچاریان بووە. بۆ نموونە کە مانهایم گازندەی کردووە کە مرۆڤی سەردەمی خۆی بەرانبەر بە کولتووری بابەتی (ئایین، زانست، هونەر، دەوڵەت و سیاسەت و فۆرمەکانی ژیان)(٦) دوورە پەرێز وەستاوە، دیاردەیەکی سەخت و دژواری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی دەستنیشان کردووە کە بریتی بووە لە تێکچوونی کۆماری ڤایمەری ئەڵمانیاو ئەو ئەنجامە نالەبارانەی لێی کەوتوونەتەوە.

وەک: بڵاوبوونەوەی نەریتی گومانکاری کە لە چوارچێوەی ڕێبازی ڕێژەییدا هەموو لایەنەکانی کولتوورو ڕۆشنبیری و ئاکارو زانست و ژیانی گرتۆتەوە. ئەوی جاران بەپێودانگی هەڵسەنگاندنی ڕاستی دانراوە، ئەو بیروهزرو بۆچوونانەی باوبوون، ئەو ڕێوشوێنانەی پەیڕەوکراوبوون دووچاری ئەگەرو گومان لێکردن بوون، سەرەڕای ئەو کێشەیەی کاربەدەستان بۆ چینی ڕۆشنبیرانیان دروست کردووە و ئەو هەڵمەتانەی دژی بیروبیرمەندان کراوەتە سەر چینی ڕۆشنبیران.

ئەو ئەنجامە نالەبارانەی بەهۆی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دوای ڕووخانی کۆماری ڤایمەر هاتنە ئاراوەو ئەو کاولکارییانەی نازییەکان لە ئەڵمانیاو تێکڕای ئەورووپا کردیان و ئەو تەنگژەو قەیرانانەی هزری مارکسی تێیان کەوتووە کە بە تێکڕایی وایان لە بیرمەندان کردووە جارێکی تر بە پەرۆشەوە چاو بە بنەماکانی شارستانیەتی سەردەم و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ڕێژێمە سیاسی و سیستەم و ڕێبازە فەلسەفەیی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکاندا بخشێننەوەو جارێکی تر سەرنجی هۆکارو ئەنجامەکان، پەیڕەو میتۆدەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بدەن. لەم ڕەوشەدا مانهایم کە فاکتەری کولتوورو ڕۆشنبیری و چینی ڕۆشنبیرانی بەو هێزو فاکتەرە داناوە کە ئەرکی پێشکەوتن و بەرەوپێش چوون و چوونە دەرەوە لە قەیران و کێشەو تەنگژەی سەردەمەکەی داناوە، دەکرێ لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفەیی سەردەمی خۆی پاساوو پاکانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

دانانی ڕۆشنبیران وەک چینێک، وەک توێژێک کە ئەم ئەرکەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێ بسپێردرێ، چەند خاڵێکی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: مانهایم بەوەی پەنای بردۆتە بەر ڕۆشنبیری و توێژی ڕۆشنبیران خۆی لە چینی پرۆلیتاری مارکسی دوور خستوتەوە، ئەو چینەی کە بە دیهێنانی پاشە ڕۆژێکی ئەفسووناوی لێ چاوەڕێ دەکرا.

دووەم: ئەگەر ڕۆشنبیری هۆکارو فاکتەر بێت، ئەوا هۆکاری ئابووری پاشەکشە دەکات و پەروەردەو خوێندن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی زانکۆ دێنەپێشەوە.

سێیەم: ئەم هەڵبژاردنەی چینی ڕۆشنبیر و بابەتی ڕۆشنبیری لەلایەن مانهایمەوە ئەگەر کێشەیەکی بچووکی هەندەکی چارەسەر بکات، بابەتەکە پتر ئاڵۆزوتەمومژاوی دەکات و کێشەی تری تایبەت بەخۆی بەرپا دەکات.

پێناسەکردنی ڕۆشنبیران وەک چین و توێژێک واسووک و ئاسان نییە. جگە لەوەی ئایدیۆلۆژی و ئامانج و مەبەستی دیارو ئاشکرایەکی ئەوتۆیان نییە کە ئەگەر وەک توێژو چینێک بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە. پلەومەڵبەندو پایەی ئابووری کۆمەڵایەتیەکەیان ئەوپەڕی جیاوازو فرەڕەنگە. ئەگەر جاران خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ئەکادیمی و ئەندازیارو پزیشک و سیاسەتمەداران موڵکی تایبەتی چینی دەستڕۆیشتووبانایە ئەوا لەم سەردەمەماندا ژێرخانی کۆمەڵ بەچینی هەژار و نەدارەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندن و بنەماو پێداویستییەکانی شارستانیەتەوە، سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی پێشکەشکردنی توێژو دەستەی ڕۆشنبیران، کەوابوو لەنێو ئەو دەستەیەدا کە مانهایم بە ڕۆشنبیری داناوەو ئەرکی تایبەتی پێ سپاردووە مرۆڤی هەڵگری ئایدیۆلۆژی و باوەڕی جیاواز خاوەن سوود و قازانجی لەیەکتری جیاواز دەبینرێت و لەمەوە ئامانج و سیاسەت و جیهاندیدی فرەڕەنگ و لەیەکتری جیاواز دێنە کایەوە. ئەگەر هۆکاری لەیەکتری نزیک کردنەوەی ڕۆشنبیران هەبێ و پشت ڕاست بکرێتەوە، ئەوا هۆکاری لەیەکتری جیاکردنەوەشیان ئەگەر پتر نەبێت کەمتر نییە.

لەلایەکی ترەوە ئەو پەروەردەو خوێندن و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتیانە تاوەکو دەگاتە زانکۆکان، هیچ کاتێک لەژێر دەستی کەسان و چین و توێژی بێلایەندا نەبوون و نابن و ئەو کەسانەی تێیاندا دەردەچن و پێدەگەن و کاری گرنگی دەوڵەت و کۆمەڵیان پێدەسپێردرێ ئەو ڕۆشنبیرانە نابن کە مانهایم هیوای پێیان بێت. ڕۆشنبیری وەک هێز و توانا و بەهرەیەک کە بەدرێژایی ژیان و بە تاقیکردنەوەکان و بەخوێندن و پەروەردە بەدەست هاتووە هیچ کاتێک ناکرێ لەگەڵ سوودو قازانجی تاکەکەسی و چینایەتیدا بەشێوەیەکی تەباییانە بخرێنە یەک خانەوەو ئەگەر بڵێین هەمیشە پێکەوە تەباو گونجاو نابن لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە.

مانهایم لە شاکاری ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپیدا ساڵی ١٩٢٩ز بەتێروتەسەلی تێزەیەک دەربارەی ڕۆڵ و مەڵبەندو ئەرکی ڕۆشنبیران توێ توێ دەکاتەوە کە بریتییە لە سێ لایەن:

یەکەم: بێلایەنی ڕۆشنبیران.

دووەم: بەشداریکردنی ئارەزوومەندانەی رۆشنبیران لە چالاکی سیاسی ولاتەکەیانداو ئینجا بوون بە ئەندام لە پارتی و رێکخراوە سیاسی و جۆربەجۆرەکاندا بۆ ئەوەی گـەرمـوگـوڕی و چالاکی کـاریگەرو ئەکـتـیـڤـانـە بە بەرشـادەمـاری تێکۆشـانی ئەو پارتی و رێکخـراوە فـرە رەنگانـەدا بکـەن و لە بـەرەو پێـــشـــچـــوونی پێشکەوتنخوازانە بەرەو ئامانجی گشتی رۆڵی سەرەکی خۆیان بگێڕن.

سێیەم: هەوڵ بدەن بەو هێزو توانایەی هەیانە لە کایەو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان و کۆمەڵدا داکۆکی لە سوودو قـازانجی هزری تێکڕای کـۆمـەڵ بکەن و بەو پەیامـەی پێـیـان سـپێـردراوە وەک هەڵگری خـامـەو مـەشـخـەڵی روونـاککردنەوە لەســەر هزری پێـــشـکەوتنخـــواز بکەنەوە. (٧)

دەکـرێ ئەو تێـزەیەی مـانـهـایم بەلەبار (پۆزیـتـیـڤ) و سـوودبەخش دابنرێت ئەگـەرچی پتـر مـۆرکی تیـۆری- ئەکادیمی دوور لە هەڵکەوت و کرداری پێوە دیارە.

پێـوەندی توندوتۆڵی نێـوان کـاروچالاکی سـیـاسی و هەمـوو دیاردە فـرە رەنگەکـانی تری ژیانی کـۆمـەڵایەتی راستییەکە بواری ئەگەرو دوودڵی نادات.

مـانـهـایم کـۆششی کـردووە، بە نووسینەکـانی مـرۆڤی رۆشنبیـر هان بدات تەنیا هەر لە دوورەوە نەوەستێ، لە رووداوەکـــانی ژیان خـــۆی دوورەپەرێز نەگـــرێت و وەک سـەرنجـدەرێک نەمــێنێ و بەشـداری لە پرۆسـەی کـارو کارگوزاری و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بکات. خۆ ئەگەر بۆی نەکـــرێ ببێ بە رابەرێکی پێـــشـکەوتنی پرۆســـەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی، ئەوا لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ و قۆناخ و سەردەمی خۆیدا بەشداری بکات.

راستیـیـەکی گومان هەڵنەگرە کە پێوەندی و بەندێکی پتـەو لەنێـوان چارەنووس و قـەدەری مـرۆڤ و نێـوان ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەدا هەن کە حوکم و کۆنترۆڵی دەکەن، هەروەها پێوەندییـەکی گەرموگوڕ لەنێوان رەوش و دۆخە کۆمەڵایەتییەکان و نێوان جۆرەکانی ئەوبەرهەم و نووسینە هزری و رۆشنبیرییەدا هەیە کە لە کۆمەڵدا دەردەکەون، بەڵام ئەم پێوەندییانە شێوەو ناوەرۆکێکی دەستـیـاویان هەیە هەردووک لا کـار لەیەکتری دەکەن و ببێ یەکـتری نابن و هەردووک لاشــیـــان تایبــەتمەندی و تارادەیەک سـەربەخـۆیی خـۆیان لەبەرانبـەر ئەوی تریاندا دەپارێزن. وردبوونەوە لە هزروبیـــرو بـاوەڕو بنەمـــاکـــانی ئاکـــارو جیهاندیدی چین و توێژە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە لە دابونەریت و خـوورەوشت و ئاکـارو ئایین و لاهووت و فـەلسـەفـەدا دەردەکەون راستی ئەم قسـەیە پشت راست دەکەنەوە.

ئیـــتـــر لەم روانگەیەوە دانانی رۆشنبـــیـــران بەچین و توێژێکی کۆمـەڵایەتی و هەوڵ دان بۆ بێلایەنکردنیـان تا رادەیەکی زۆر دوورکـەوتنەوە لە راسـتی و راسـتـەقـینە دەردەخات. لەسەردەمی مانهایم و لەسەردەمی ئەمرۆماندا قەوارەی چەمک و توێژو چینی ناوبراو بە «رۆشنبیر» لە سنووربەدەر فـــراوان بووەو وا بە ئاســـانی پێناســـەو دەستنیشان ناکرێت.

ئەگـەر لە قـۆناخێکی پێشـووتردا رۆشنبـیـران رۆڵەی خـــێـــزان و چینە دەست رۆیشـــتـــوو و کـــاربەدەست و دەسـەڵاتداران و خـاوەن دەرامـەتی ئابووری بووبن، لەم سـەردەمـــەدا کـــە شـــۆڕشی زانســـتی و خـــوێندەواری و زانکۆکان، سەرانسەری جیهانیان گرتۆتەوە، چینە هەژارو کـەم دەرامـەتەکـانی کـۆمـەڵ بەرادەی بەرچاو مـرۆڤی رۆشنبیریان لێ هەڵدەکەوێ. ئیتر نەلە روانگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە نە لە ئاستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە لە تواناوا هەیە ئەم چینە پێناسـە بکرێت و ئامــانج و ئایدیۆلۆژی دوورونزیکی دەسـتنیـشـان بکرێت. زانینی پێـــوەندی و پابەندبوونی رۆشنبـــیـــرێـک بە بوونی کۆمـەڵایەتی دیاریکراوەوە هیچ کـاتێک نابێـتـە مـایەی ئەوەی بیـــروبۆچوون و ئایدیۆلۆژییـــەکـەی بزانرێت و دەستنیشان بکرێت، ئەو جۆرە پێوەندییە هۆیەکیە لەنێوان زانینی هزر و بیـروبۆچوونی مـرۆڤی رۆشنبیـرو بنەمـاو بنچینە کۆمەڵایەتی و ئەو مەڵبەندەی لە کۆمەڵدا هەیەتی و ئەو رۆڵەی دەیگێڕێ وا بە ئاسانی دەرناکەوێت.

جیاوازی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی هەمیشە توندوتۆڵ بە رقـەبەری و جـەنگی دەسـتـەویەخـەی سـوودو قـازانجی ئابوورییـەوە بەندەو بەهیـچ جۆرێک سۆسـیـۆلۆژی زانین بەتەنیا ناکرێ، وەک مانهایم بۆی چووە. (٨) ئەو رێگایە بێت کە شێـواندنی هزری سیـاسی و ئایدیۆلۆژی ئاشکرا بکات و هۆیەکانی بدۆزێتـەوەو بیروبۆچوونە دژبەیەک و رقەبەرەکان یەک بخات، چونکە سوودو قازانج هەمیشە لە دوارۆژیشدا ئەو هۆکارە، ئەو فاکتەرە بووە و دەبێ کە رەنگی روخسارو ناوەرۆکی زانین دەرێژێ.

٤- ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپی:

ئایدیۆلۆژی وشەیەکی گریکی (یۆنانیە) لە دوو کەرتی

(ئایدیۆ) واتە بیروبۆچوون، سەرنجدان و کەرتی (لۆژی) واتە زانست، پێکهاتووە کەوابوو وشەکە مانای کۆ و تێکڕای جیهاندیدو سەرنجدان و هزروبیری چینێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ کە پتر بەلای جیهاندیدی سیاسیدا دەچێ، بۆ نموونە دەووترێ ئایدیۆلۆژی بۆرجوازی، سەرمایەداری... تاد. (٩)

وشەی یۆتۆپی utopia مانای ئەندێشەو خەیاڵ و دەڤەرێک دەبەخشێ کە مرۆڤ خەونی پێوە ببینێ، بۆ یەکەم جار نووسەری ئینگلیزی توماس مۆرساڵی (١٥١٨ز) وەک ناونیشانی ڕۆمانێک بەکاری هێناوە، تێیدا، مۆر لە ڕۆمانی یۆتوپیادا باسی دوورگەیەکی کردووە کە لەسەر شێوەی کۆمەڵ و دەوڵەتە و هەموو شتێک تێیدا بەو جۆرە ڕێکوپێکە کە دڵی مرۆڤ و ئەندێشە بێ سنوورەکەی دەیخوازن (١٠).

ئایدیۆلۆژی و یۆتوپی بابەتی سەرەکی ئەو بەرهەمەن کە مانهایم ساڵی ١٩٢٩ لە ئەڵمانیا بلاوی کردۆتەوە و تێیدا ئەم دوو بابەتەی بە تێروتەسەلی و بە وردی شرۆڤە و توێ توێ کردووە. (١١) مانهایم لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژی زانینەوە دوو واتا و دوو ناوەرۆک و ئەرکی تا ڕادەیەک نوێی بەم دوو وشەیە بەخشیوە.

دوای دەسکەوتە چارەنووسسازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفە و زانستی سەدەی نۆزدەیەم و ئەو گۆڕانە فرە ڕەنگانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەسەر ئەورووپادا هاتووە دروشمی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و هوشیاری دیموکراتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بلاوبۆتەوە و جێگیر بووە (١٢). ئەگەر پێشتر تەنیا چینی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا هێز و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و دەوڵەتی بەدەست بووبێ و سوودی لە ئازادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی وەرگرتبێ، ئەوا کۆمەڵەکانی ئەورووپا هاتۆتە هەژان بەهۆی دەرکەوتن و گەشەکردنی بزووتنەوە جەماوەری و ڕێکخراوە میللیەکان کە سەرگەرمی بەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانی بوون. ئەم گۆڕانە لە لایەکەوە گەف و هەڕەشەی تێکچوونی شیرازەی سیستەمی کۆمەڵایەتی کردووە و لە لایەکی ترەوە ناکۆکی و ڕقەبەری و کێشە و بەرەو بەگژیەکتریدا چوونی کۆمەڵانی خەڵک و دەستەی کاربەدەست و فرمانڕەوایانی بەرپاکردووە. تاقمی یەکەم کۆششی گۆڕانی کردووە و دووەمیان هەوڵی ئارام کردنەوە و

پاراستنی ڕەوش و مەڵبەندی ئابووری و سیاسی خۆی داوە. بەم پێیە دوو جۆرە ئامانج و سیاسەت و جیهاندید دەرکەوتوون و سەرنجی مانهایمیان ڕاکێشاوە. کە یەکێکیانی بە یۆتۆپی و ئەوی تریانی بە ئایدیۆلۆژی ناوبردووە.

بەم پێیە ئایدیۆلۆژی، سیاسەت و هزر و بۆچوون و جیهاندیدی چینی دەسەڵاتدار و کاربەدەست و خاوەن سامان و دەرامەتانە و بە پێچەوانەوە یۆتۆپی هزر و بیروباوەڕ و بۆچوونی چینە هەژار و نەدار و ژێردەستە و کرێکار و جووتیارانە. مانهایم ئەو جۆرە پێناسەیەی ئەو دوو وشەیە بەوە پاساو دەدات کە گوایە چینی دەسەڵاتدار خەریکی پاراستنی دەسەلات و کورسییەکەیەتی، بیر لە ئەمڕۆ و ئێستا دەکاتەوە چۆن بە ئایدیۆلۆژییەکەی، بە بیروباوەڕ و سیاسەتەکەی هەوڵی پاراستنی ڕژێم و دەسەڵاتەکەی بدات و مەترسی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ کپ بکاتەوە، بەڵام چینی ژێر دەستە هەموو کۆششێکی هزری و بیروباوەڕی خۆی دەخاتە کار و کۆشش دەکات بۆ گۆڕینی ڕێژیمی کاربەدەست و ئەو ڕەوشەی لە ئارادایە و چاوەبڕێتە پاشەڕۆژێک کە هەوڵی هاتنی دەدات لێرەوە جیهاندیدەکەی یۆتۆپیایە. یۆتۆپی کە لە خۆیدا مانای ئەو هەست و نەست و نیاز و ئارەزوو و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و هزرییانە دەردەبڕێت کە بەدی نەهاتوون و مرۆڤ هەوڵی پیادەکردن و بەدی هێنانیان دەدات و بە پێچەوانەی هەست و خواستی ڕێژیمی کۆمەڵایەتی هەڵکەوت و کاربەدەستن، سنووری ڕەوشی سەردەم و ئێستا دەبەزێنێ و ڕوو لە دوارۆژ دەکات بە جۆرێک کە خزمەتی ئاوات و ئامانجەکانی دوارۆژی کۆمەڵ بکات، مانهایم وتەنی، بە پێچەوانەی جیهاندیدی بارودۆخ و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئارادا بووە، بۆیە ئەم بزوتنەوە هزرییە سیاسییە پتر ڕوخسار و ناوەرۆکی سۆز و ئەندێشە، واتە یۆتوپی پێدەبڕێ.

سەرچاوە:

١) معتوق، د. فردريك، تطور علم اجتماع المعرفة. دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٢ ص ١٥٠ فما بعد.

2) Jonas, Fridrich., Geschichte der Soziloge. Bd.2. Von der Jahrhundert Wende biszur Gegeh wart Mit Quellen, Rowwohlt. 1976. S. 11FF.

3) Jonas, fridrich., Ebenda. s. 18 ff.

٤) معتوق، د.فردريک : المصدر نفسه ص١٤٩ فما بعد.

5) Bellabaum, Alfred., sozilogische Gruna beriffe.
7. Auflage, Kohlhammer. Berlin 1978.
S, 59-60.

6) Mannheim, Karl., Wissenssozilogie. engeleitet
und (Hrsg) von kurt H. wolf. luchterland
Einleiung von (Hrsg). S. 14.

٧) مانهايم، كارل، الايديولوجية والطوباوية. ترجمة؛ الدكتور عبدالجليل الطاهر مطبعة الارشاد - بغداد ١٩٦٨ ص ٢٥٥ فما بعد وفي أماكن مختلفة من الكتاب.

٨) مانهايم، كارل، نفس المصدر السابق ص ٤١١ فما بعد.

9) Wahrig, Gerhard., Deutsches Worter buch. Mosaik
verlag. GMbtt 1980. S. 1916.

10) Russell, Bertrand., philosophie des Abendlandes.
Europea verlag. wien .2000. S. 526 ff.

11) Kurt h. Wolf .(Hrsg). in: K. M Wissenssoziologie. S. 11.

١٢) الحسن، الدكتور احسان محمد، رواد الفكر الاجتماعي، بغداد، ١٩٩١، ص ٣٧٤

١٣) مانهايم، كارل، نفس المصدر السابق ص ٣٠٠ فما بعد، كذلک انظر الفصل الثاني الخاص ب(ايديولوجيا و يوتوبيا) ص ١٢٦ فما بعد.

# تیۆری سکینەر

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی
(زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

سکینەر خاوەنی تیۆری (مەرجی جێبەجێکردنە) (الإشتراط الاجرائي) (operant Learning)، لەبەر ئەوەی بە بۆچوونی ئەو دوو جۆر ڕەفتار و هەڵسوکەوت هەیە کە بریتین لە:

١- وەڵامدانەوەیی (الإستجابی) (Respondent): کە بریتین لەو وەڵامدان و هەڵسوکەوتانەی کە دەرئەنجامی ورووژێنەری تایبەتی و دیاریکراون و ناسراون، لەوانە قاچ کێشانەوە لەکاتی پێداکێشانی ئەژنۆ، لیک ڕژاندن بۆخواردن، بیبیلەی چاوکرانەوە بۆ ڕووناکی، کە سەرجەم ئەم وەڵامانە بۆ ماوەیی و بایۆلۆژین و مرۆڤ فێریان نابێت و ژمارەشیان کەمە و فریای مرۆڤ ناکەون لە بارودۆخی زەحمەت و ئاڵۆزدا، لەبەر ئەوە پێویستی بە فێربوونی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تێر هەیە کە جۆری دووەمن.

٢- جێبەجێکردن و بە ئاکام گەیاندن (الإجرائي- op-erant) بریتین لەو ڕەفتار و وەڵامدانەوانەی کە هەر لەخۆیەوە و لەناکاو ڕوودەدەن و پەیوەست نین بە ورووژێنەرێکی دیاریکراوەوە و بەهێزی ئەم جۆرە وەڵامدانەوەیە لە ڕێگەی ژمارەی دووبارەبوونەوەیەوە پێوانە دەکرێن نەک لە ڕێگەی بەهێزی ورووژێنەرەکەیەوە. هەر لەبەر ئەوەشە وەڵامدانەوە تەوەری سەرەکی ئەم جۆرە فێربوونەیە (فێربوونی جێبەجێکردن و بە ئاکام گەیاندن) (التعليم الإجرائي) (نشواتی، ٢٠٠٣، ص٣٤٢-٣٤٣).

جیاوازی ئەم جۆرە وەڵامدانەوەیە لەگەڵ وەڵامدانەوەی یەکەم ئەوەیە کە هەموو وەڵامدانەوەیەکی جۆری یەکەم ورووژێنەری تایبەت بەخۆی هەیە (ورووژێنەر- وەڵامدانەوە)، بەڵام وەڵامدانەوە لە جۆری دووەم ئەوەیە

کە وورووژێنەرێکی تایبەت بەخۆی نییە، وەک (ڕەفتاری مرۆڤ لەکاتی نان خواردن، یان لێخورینی ماشێن یان نووسین، یان قسەکردن.. تاد) کە ئەم ڕەفتار و وەڵامدانەوانە تایبەت نین بە وورووژێنەرێکی دیاریکراو وەک جۆری یەکەم، بۆیە سکینەر بە ڕەفتاری جێبەجێکردن و بە ئاکام گەیاندن (السلوک الإجرائي- operant) ناوی دەبات و لەو بڕوایەدایە کە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ مرۆڤ بەپێچەوانەی جۆری یەکەم کە سادە و ساکارن و سەرەکی نین لە ژیانی مرۆڤدا. هەر لەبەر ئەوەشە کە سیکنەر ڕەخنەیەکی زۆری لە تیۆرەکەی (بافلۆف) و(گاسری) و (هێل) دەگرت و دەڵێت ئەو پێوەندیەی نێوان (وورووژێنەر و وەڵامدانەوە) کە لە جۆری یەکەمە و تەنیا گۆڕینی وورووژێنەرە بە (وورووژێنەرێکی) تر، (خواردن) بۆ (دەنگ بۆ زەنگ) (زەنگ بۆ رووناکی)، بەڵام وەڵامدانەوە هەر هەمان وەڵامدانەوەیە لە هەموو حاڵەتەکاندا (لیک ڕژاندن). تەنیا گۆڕینی ناوەکەیە لە (وەڵامدانەوەی سروشتییەوە) بۆ (وەڵامدانەوەی مەرجایەتی). ئینجا سکینەر داوا دەکات کە دەبێت گرنگی بەجۆری وەڵامدانەوەکە بدرێت نەک بەجۆری وورووژێنەرەکە.

### هەندێک لە پرانسیپەکانی تیۆرەکەی سکینەر

١- فێربوون دەرئەنجامی ئەزموون و هەوڵدان و ماندووبوونی فێرخوازە و بریتییە لە گۆڕانکاری لەڕەفتارو.. وەڵامدانەوەکانی.

٢- فێربوون پەیوەستە بە دەرئەنجام.

٣- فێربوون پەیوەستە بەڕەفتار و وەڵامدانەوەی بە ئاکام گەیەندراو و جێبەجێکراو (السلوک الإجرائي) کە دەمانەوێت دروست و بنیادی بنێین.

٤- فێربوون لە ڕێگەی پاڵپشت و پاداشت کردنی ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە سەرکەوتوانەوە دەبێت کە نزیکن لەوەڵامدانەوەی پێویست.

٥- فێربوونی پەیوەست و هاوشانی سزاو ئازار، فێربوونێکی نێگەتیڤە.

جیاوازی نێوان مەرجی کلاسیکی (بافلۆف) و مەرجی جێبەجێکردن (سکینەر)

١- مەرجی کلاسیکی (الإشتراط الکلاسیکي) پەیوەستە بە هاوکاتی و پێکەوە ڕوودانی وورووژێنەری مەرجی و وورووژێنەری سروشتی، بەڵام مەرجی جێبەجێکردن (الإشتراط الإجرائي) پەیوەستە بە بارودۆخی وورووژێنەر و ئەو وەڵامدانەوەی لەو بارودۆخەدا دروست دەبێت، دواتر پاداشت کردنی ئەو وەڵامدانەوەیە.

٢- وورووژێنەری سروشتی واتە نامەرجی (خواردن) (پاداشت) دەبێتە هۆی دروست کردنی وەڵامدانەوە (لیک ڕژاندن) واتە پاداشت پێش وەڵامدانەوە دەکەوێت لە (مەرجی کلاسیکی)، بەڵام بەپێچەوانەوە لە (مەرجی جێبەجێکردندا) پاداشت دەکەوێتە دوای وەڵامدانەوە (ڕەفتار و هەڵسوکەوت) نەک پێشی، واتە دەبێت ئاژەڵەکە، یان مرۆڤەکە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکە (وەڵامدانەوە) بکات، ئینجا پاداشت دەکرێت، کەواتە بوونەوەر لە (مەرجی کلاسیکی) ڕۆڵی نێگەتیڤ و لاوازە و چاوەڕوانی (وورووژێنەری سروشتی) (خواردن) دەکات ئینجا وەڵام دانەوەی دەبێت، بەڵام بوونەوەر لە (مەرجی جێبەجێکردندا) ڕۆڵی پۆزەتیڤ و کاریگەرە و کارو ڕەفتارەکە (وەڵامدانەوە) جێبەجێ دەکات دواتر پاداشت دەکرێ.

٣- وورووژێنەر لە (مەرجی کلاسیکی) دیاریکراو و سنووردار دەبێتە هۆی دروست کردنی وەڵامدانەوە، بەڵام وورووژێنەر لە (مەرجی جێبەجێکردن) دیاری کراوو ناسراو نییە و یەکسەر نابێتە هۆی دروست کردنی وەڵامدانەوە، بەڵکو وەڵام و ڕەفتارەکە کت و پڕو لەخۆیەوە یەکسەر ڕوودەدات و پێشبینی ناکرێت وەک لە (مەرجی کلاسیکیدا) پێشبینی دەکرێت و دەزانرێت.

٤- وەڵامدانەوە و ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکان لە (مەرجی جێبەجێکردندا) جۆراوجۆر و هەمە ڕەنگترن لەوەڵامدانەوە و ڕەفتار لە (مەرجی کلاسیکی) لەلایەکی ترەوە وەڵامدانەوە بۆ وورووژێنەری سروشتی هەمان وەڵامدانەوەیە بۆ وورووژێنەری ناسروشتی (مەرجی) لە (مەرجی کلاسیکی) بەڵام پاداشت لە (مەرجی جێبەجێکردن) دەتوانێت زۆر جۆرە وەڵامدانەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جیاجیا دروست بکات، واتە لە (مەرجی کلاسیکی) ڕەفتار و وەڵامدانەوەی نوێ نییە، بەڵام لەتوانای (مەرجی جێبەجێکردندا) هەیە کە زۆر جۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی (وەڵامدانەوە)ی نوێ بنیاد بنێت کە پێشتر بوونەوەر (ئاژەڵ و مرۆڤ) نەیبووە و بەشێک نەبووە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی (نشواتی ٢٠٠٣، ص٣٤٢- ٣٤٥).

٥- دەرکەوتنی وەڵامدانەوە (لیک ڕژاندن) لە (مەرجی کلاسیکی) بەناچاری و زۆرە ملێیە، بەڵام وەڵامدانەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوت لە (مەرجی جێبەجێکردن) ئازاد و سەربەستە و هۆکاریکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو جێگاو بارودۆخەیە کە بوونەوەرەکەی تێدایە و لە ئەنجامی کاروچالاکی و ماندووبوونیەوە دروست دەبێت. هەر لەبەر ئەوەش تیۆریەکی سکینەر ناوی (تیۆری جێبەجێکردنە) (إجرائي) کە وەرگێردراوی وشەی (operant)ە واتە (زیاتر کاریگەر)، چونکە سکینەر لەو بڕوایەدابوو کە ئەم جۆرە ڕەفتارو وەڵامدانەوەیە زیاتر کاریگەر و گرنگترە بۆ مرۆڤ ئەگەر بەراورد بکرێن بەجۆری یەکەم.

٦- وەڵامدانەوە لە (مەرجی کلاسیکی) کاردانەوەیە بۆ وروژێنەرو کاریگەریەکانی ژینگە و جیهانی دەرەوە، بەڵام وەڵامدانەوە لە (مەرجی جێبەجێکردندا) بریتییە لەکارکردن و گۆڕانکاری کردن لەژینگە و جیهانی دەرەوە. لەلای سکینەر پێوەندی لەنێوان وەڵامدانەوە و پاداشت کردن (تعزیز) دروست دەبێت، بەڵام لەلای ثۆرندایک پاداشت کردن دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێوەندی لەنێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوە.

٧- وەڵامدانەوە لە (مەرجی کلاسیکی) بەشێکە لە بایۆلۆژیا، بەڵام ڕەفتارو وەڵامدانەوە لە (مەرجی جێبەجێکردن) بەشێکە لە دەروونزانی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤ.

### تاقیکردنەوەکانی سکینەر

توێژینەوە و تاقیکردنەوەکانی سکینەر لەژینگەیەکی داخراودا بە ئەنجام دەگەیەندرا کە ناسراوە بە سندووقی سکینەر، کە بەشێوەیەک دروست کرابوو کە گونجاو بێت بۆ ئەو ئاژەڵەی کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت، بۆ نموونە بەجۆرێک بۆ مشک دروست کرابوو کە بە قاچی بەرزکەرەوەیەکی (رافعة) دەجووڵاند و دواتر خواردنەکەی دەست دەکەوت، بەڵام سندووقی کۆتر بەجۆرێک دروست کرابوو کە دەنووکی دەدا لە شتێک دواتر خواردنەکەی دەست دەکەوت، واتە بەو شێوەیە بنیاد دەنرا کە ئاژەڵە کە جۆرە ڕەفتارو هەڵسوکەوتێک بکات کە توێژەر مەبەستیەتی.

سەرەتا سکینەر (مشک یان کۆترێکی) برسی دەهێناو دەیخستە ناو سندووقەکە. لەناو سندووقەکەدا بەرزکەرەوەیەک (رافعة) هەیە و بەستراوەتەوە بە کۆگای خواردنەکە، ئینجا هەر چ کاتێک مشکەکە قاچ دەخاتە سەر بەرزکەرەوەکە، ئەوا یەکسەر چەند دەنکە خواردنێک دەکەوێتە ناو سندووقەکە و مشکە برسیەکە دەیخوات هەروەها کاتژمێرێک بەسەندووقەکەوەبەستراوەتەوە بۆ ئەوەی کاتی بەردەوام بوونی تاقیکردنەوەکە پێوانە بکات، سەرەڕای پێوانە کارێک بۆپێوانەکردنی ژمارەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مشکەکە (کۆترەکە). دەبێت ئەو ئاژەڵە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر بەرزکەرەوەکە، بۆ ئەوەی خواردنەکەی دەست بکەوێت.

دەبێت ئەو ئاژەڵەی کە بۆ یەکەم جار دەخرێتە ناو ئەو سندووقەوە چ جۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک بکات؟ (نشواتی، ٢٠٠٣، ص٣٤٣).

تاقیکردنەوەکەی سکینەر دوو قۆناغ لەخۆی دەگرێت:

**قۆناغی یەکەم:** لەم قۆناغەدا توێژەر (واتە سکینەر) ئاژەڵەکە دەخاتە ناو سندووقەکە، بەڵام پێوەندی نێوان بەرزکەرەوە و (رافعة) و خواردنەکە ناهێڵێ واتە ئاژەڵەکە قاچ و پاڵەپەستۆش بخاتە سەر بەرزکەرەوەکە و بیشی جوولێنێ، ئەوا خواردن ناکەوێتە ناو سندووقەکە و ئاژەڵە برسیەکە تێر نابێت. مەبەست لەم قۆناغە ئەوەیە کە توێژەر بزانێت چەند جار ئاژەڵەکە قاچ دەخاتە سەر بەرزکەرەوەکە، بەبێ ئەوەی خواردنی دەست بکەوێت. کاتێک مشکە برسیەکە بۆ یەکەم جار لە سندووقەکەدا دادەنرێت، ئەوا هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکات لەوانە (سووڕاندنەوە لەناو سندووقەکە، یان سووڕاندنەوە بە چوار دەوری خۆیدا، یان دانیشتن لە یەکێک لە گۆشەکانی سندووقەکەدا، یان خوراندنی لووتی خۆی، یان سەرکەوتن بەدیواری سندووقەکەدا...تاد) دوای ماوەیەک بە ڕێکەوت قاچ (پاڵەپەستۆ) دەخاتە سەر بەرزکەرەوەکە لەماوەی مانەوەی مشکەکە لەناو سەندووقەکەدا چەند جارێکی تر قاچ و پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر بەرزکەرەوەکە، بەبێ ئەوەی هیچ خواردنێکی دەست بکەوێت، توێژەر ژمارەی قاچ خستنە سەربەرزکەرەوەکە بەبێ دەست کەوتنی خواردن، لەم قۆناغەدا تۆمار دەکات بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەم بە ژمارەی قاچ خستنە سەر بەرزکەرەوەکەی بەراورد بکات بە مەبەستی زانینی کاریگەری بەهێزکەر (هاندەر، التعزیز).

**قۆناغی دووەم:** لەم قۆناغەدا توێژەر بەرزکەرەوەکە دەبەستێتەوە بە کۆگاو سەرچاوەی خۆراکەکە، واتە هەر چ

کاتێک مشکەکە قاچ بخاتە سەر بەرزکەرەوەکە، ئەوا یەکسەر خواردن دەکەوێتە ناو سندووقەکەو مشکە برسیەکە دەیخوات و تێردەبێت. لەم قۆناغەدا مشکەکە دەخرێتە ناو سندووقەکە ودوای ماوەیەک بەڕێکەوت قاچ دەخاتە سەر بەرزکەرەوەکە و خواردنەکەی دەست دەکەوێت دەیخوات (هاندەر، بەهێزکەر). ئەم ڕەفتارو هەڵسوکەوتە بە ڕەفتاری ڕێکەوت و لەخۆوە لە قەڵەم دەدرێت نەک بە ڕەفتاری جێبەجێکردن (إجرائي)، لەبەر ئەوەی هەر لەخۆیەوە ڕوویداوە نەک بەمەبەستی دەست کەوتنی (هاندەر، بەهێزکەر) (تعزیز) کە خواردنەکەیە. دەرئەنجامی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکەی سکینەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە جار لەدوای جار ژمارەی (معدل) قاچ و پاڵەپەستۆ خستنە سەر بەرزکەرەوەکە بەرەو زیاد بوون دەچێت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تر کە نابنە هۆی دەست کەوتنی خواردن بەرەو کەم بوونەوە دەچن، تا لە کۆتاییدا هەرکە برسی دەبوو بەردەوام مشکەکە قاچ دەخاتە سەر بەرزکەرەوەکە و پارێزگاری لێدەکات و دووبارەی دەکاتەوە. واتە مشکەکە فێری وەڵامدانەوەی جێبەجێکردن (الإجرائي) بووە کە پێشتر نەیدەزانی ئەوەش لە ئەنجامی (بەهێزکەر، هاندەر) (تعزیز) کە خواردنەکەیە، ئەم ڕەفتارە نوێیە جۆرێکە لە گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی مشکەکە. کە بە بڕوای سکینەر لە ئەنجامی (هاندەر، بەهێزکەرەکەوە) ڕووی دا کە بوو بە پاڵپشت و یەکسەر کەوتە دوای ڕەفتاری قاچ خستنە سەر بەرزکەرەوەکە. واتە خواردنەکە (بەهێزکەر-تعزیز) هۆکاری سەرەکی فێربوونە. چەندەها ئاژەڵی وەک باڵندە و هەر لەڕێگەی (بەهێزکەر و هاندەر)ەو سکینەر (کۆتر)ی فێری ڕەفتاری وەک (تاوڵە کردن و یاری تێنس و سەربەرزکردنە و سووڕاندنەوە بە چواردەوری خۆیدا، ڕۆیشتن لەسەر ژمارەی هەشتی ئینگلیزی (8) کردو ڕایدەهێنا لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی ئەو هەڵسوکەوتانەی بە بەکارهێنانی (بەهێزکەر، هاندەر) کە خواردن بوو. واتە هەر چ کاتێک ئەو ئاژەڵە ئەو ڕەفتار و جووڵە و هەڵسوکەوتەی بکردایە کە توێژەرەکە مەبەستی بوو (إجرائي) ئەوا پاداشت دەکرا و خواردنی دەست دەکەوت، دواتر ئەو خواردنە دەبوو بەهاندەر و بەهێزکەر (معزز) بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی ئاژەڵەکەو، لە داهاتوودا ئاژەڵەکە ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی دووبارە دەکردەوە.

یەکێکی تر لە تاقیکردنەوەکانی سکینەر بریتی بوو لە ڕاهێنانی کۆتر لەسەر سووڕاندنەوە یەک خولی تەواو بەچواردەوری خۆیدا لەسەر شێوەی بازنە بە ئاراستەی لای ڕاست (وەک سووڕاندنەوەی میلی کاتژمێر). بۆ ئەم مەبەستەش کۆترەکەی برسی دەکرد و دەیخستە ناو سندووقەکە لەسەرەتادا کۆترەکە بەچواردەوری سندووقەکەدا دەسووڕایەوە و دەنووکی لە دیواری سندووقەکەدەدا، یان سەیری سەرەوە و خوارەوەی دەکرد تا بە ڕێکەوت سەری بۆ لای ڕاست جووڵاند، هەر ئەوەندە سەری بۆ لای ڕاست جووڵاند، ئەوا یەکسەر خواردنی دەدرایە (هاندەر، بەهێزکەر)، ئەم خواردن پێدانەی دەبێت بەهاندەر بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم سەری بۆ لای ڕاست بجوولێنێ، دووبارە خواردنی دەدرێتێ، بەم شێوەیە هەرجارێک کۆترەکە سەری بۆلای ڕاست دەجووڵاند، خواردنی دەدرایە، تاوای لێهات بەردەوام جار لەدوای جار سەری بۆ لای ڕاست دەجووڵاند و بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە (لە ڕاستەوە دەستی پێدەکرد) تا توانی دوای ماوەیەک یەک خول تەواو بکات و بە چواردەوری خۆیدا بخولێننەوە، واتە فێری ئەو ڕەفتارە (سووڕاندنەوە بەچواردەوری خۆیدا، لەڕاستەوە) بوو (صالح، ١٩٧٢، ص٤٣٦).

بەم شێوەیە سکینەر ئاژەڵی فێری زۆر ڕەفتار دەکرد لەڕێگەی پاداشت کردن و بەهێزکردنی یەکەم ڕەفتاری هەڕەمەکی (عشوائي) ئاژەڵەکە بەرەو ئەو ئامانجەی کە خۆی دەیەوێت، دوای ئەم تاقیکردنەوانە ئەم بنەما دەروونییەی تیۆرەکەی لەبواری فێرکردنی بەرنامەدار (التعليم المبرمج)دا پراکتیزە کرد.

## خشتەکانی (بەهێزکردن) پاداشت کردن لەلای سکینەر (جداول التعزيز)

بەهێزکردن و هاندان (تعزیز- Reinforcement) ڕۆڵی سەرەکی لە تیۆرەکەی سکینەر هەیە و زۆربەی فێرکردن و فێربوونەکان لە ڕێگەی هاندان و پاداشت کردنەوە ڕوودەدەن. واتە بەهێزکەر و هاندەر دەبێتە هۆی پتەوکردن و دووبارەکردنەوەی ڕەفتارەکان لەداهاتوودا، تادەبن بەخوو لە بەشێک لە هەڵسوکەوتی تاک، یان ئاژەڵ سکینەر ئاماژە بۆ بوونی دووجۆر هاندەرو بەهێزکەر دەکات کە ئەمانەی خوارەوەن:

(أ) هاندەرو بەهێزکەری بەردەوام (التعزيز المستمر- continuous Reinforcement)، ئەم جۆرە لە

ئاسانترین جۆرەکانی بەهێزکەرە، کە تێیدا تاک (بوونەوەر) یەکسەر دوای هەر ڕەفتارێک دەستی دەکەوێت، ئەم جۆرە لەسەرەتاو قۆناغی یەکەمی ڕاهێنانی بوونەوەر (ئاژەڵ، مرۆڤ) بەکاردەهێنرێت.

(ب) هاندەر بەهێزکەری پچڕ پچڕ (التعزیز المتقطع- Intermittent Reinforcement) ئەم جۆرە هاندەرە لەقۆناغی دواتر بەکاردەهێنرێت و تێیدا پاداشتی هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکرێت و ئەوانی تر پشتگوێ دەخرێن و پاداشت ناکرێن، واتە بەپێچەوانەی جۆری یەکەم هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان بەهێز ناکرێن، بەڵکو تەنیا پشتگیری لەو هەڵسوکەوتانە دەکرێت کە فێرکار (توێژەر) مەبەستیەتی.

سکینەر بۆ ئەم مەبەستە خشتەیەکی بۆ بەهێزکارو هاندەرەکان داناو هەموو ئەم جۆرە پاداشتانەی خوارەوەی لەخۆ گرتووە:

جۆرەکانی هاندەری پچڕپچڕ:

أ- هاندەری پچڕپچڕی ڕێژەیی (التعزیز المتقطع النسبي) (Ratio): ئەم جۆرە بریتییە لە پاداشت کردن و هاندانی ڕێژەیەک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی گشتی هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بوونەوەر، بۆ نموونە پاڵپشت کردن و هاندانی یەک وەڵام و ڕەفتار لەکۆی هەر (سێ، یان چوار، یان پێنج، یان دە) وەڵام، واتە هەر پێنج، یان شەش ڕەفتاری کرد، ئەوا یەکێکیان پاداشت دەکرێت. بۆ نموونە پێدانی کرێ بە کرێکار لەبەرانبەر بڕێکی دیاریکراو لەکارکردن و بەرهەم هێنان.

ب- هاندەری پچڕپچڕی کاتی (التعزیز المتقطع الزمني) (Interval): لەم جۆرە پاداشت کردن وهاندانەدا پشت بەکات دەبەسترێت، واتە هەژماری ئەوکاتە دەکرێت کە دەکەوێتە نێوان پاداشتی یەکەم و پاداشتی دووەم بەبێ گوێدان بەژمارەی ئەو وەڵام و ڕەفتارانەی کە لەوکاتەی نێوان پاداشتی یەکەم و دووەمدا ڕوودەدات، بۆ نموونە پاداشت کردنی ڕەفتار و وەڵامێک دوای هەر چەند چرکەیەک، یان چەند خولەکێک (پێنج، یان دە، یان پازدە خولەک)، یان دوای کاتژمێرێک، یان زیاتر. دەکرێت پێدانی مووچە و کرێ بەپێی کاتژمێر وەک نموونە بهێنینەوە بۆ ئەم جۆرە پاداشتە. هەروەها هەریەک لەو دوو هاندەرە (ڕێژەیی) بێت، یان (کاتی) ئەوا دوو جۆرن (نەگۆڕ، ثابت) و (گۆڕاو، متغیر) لەنێوان دوو وەڵام و ڕەفتاری پاداشت کراوی ڕێژەیدا، ژمارەیەکی نەگۆڕ، یان گۆڕاو لەوەڵام و ڕەفتاری پاداشت و پشتگیرنەکراو هەیە بەبێ گوێدانە کات و ماوەی بەئاکام گەیاندنی وەڵامدانەوەکان، هەروەها لەنێوان دوو وەڵام و ڕەفتاری پاداشت کراوی کاتیدا، کات و ماوەیەکی نەگۆڕ، یان گۆڕدراو هەیە، بەبێ گوێدانە ژمارەی وەڵام و ڕەفتارەکانی میانەی ئەوکات و ماوەیە.

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دابەشکردنەی سەرەوە، سکینەر چوار خشتەی بۆ پاداشت و بەهێزکەرەکان دیاری کردووە کە بریتین لە:

(خشتەی پاڵپشت و هاندەری ڕێژەیی نەگۆڕ، خشتەی هاندەری ڕێژەیی گۆڕدراو، خشتەی هاندەری کاتی نەگۆڕ، خشتەی هاندەری کاتی گۆڕدراو)

١-خشتەی هاندەرو بەهێزکردنی ڕێژەیی نەگۆڕ (Fixed-Ratio Schedule): لەم جۆرە خشتەدا، پاداشت وهاندان و پشتگیری کردنەکە دەکەوێتە دوای ژمارەیەکی نەگۆڕ لە وەڵامدانەوە و ڕەفتاری بوونەوەر، بۆ نموونە پاداشت کردن و هاندانی وەڵامی (سێیەم، یان شەشەم، یان نۆیەم...تاد) لە ئەم جۆرە پاداشت و هاندانەدا وەڵامدانەوە زۆرە و بەرگریەکی زۆری هەیە بۆ لەناوچوون و فەوتان، بەڵام ئەم کەم و کورتی ئەم جۆرە پاداشت و هاندانە ئەوەیە کە کاتێک بوونەوەر (ئاژەڵ، یان مرۆڤ) دەزانێت دوای سێ، یان شەش وەڵامدانەوە و ڕەفتار پاداشت دەکرێت، ئەوا دوای پاداشت کردن، کارو چالاکییەکانی خاوو سست دەبێت و کاتێک لەپاداشت کردن نزیک دەبێتەوە ئەوە زیاتر بە گوڕو تین دەبێت.

دەکرێت لە بواری خوێندن سوود لەم جۆرە پاداشت کردن و هاندانە وەربگیرێت، بۆ نموونە پاداشت کردن و هاندانی فێرخواز دوای پێنج، یان هەفت وەڵامی ڕاست، یان دوای بە ئەنجام گەیاندنی چوار پرۆسەی ژمێریاری ڕاستی وەک (کۆکردنەوە، یان لێکدەرکردن، یان دابەش کردن و جاران کردن).

ئینجا کاتێک جار لەدوای جار ڕێژەی پاداشت کردنی وەڵام و ڕەفتارەکان کەم دەکرێتەوە ئەوا لەکۆتاییدا بوونەوەر لەسەر ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە ڕاستە بەردەوام دەبێت بەبێ ئەوەی پاداشتیش بکرێت، لەبەر ئەوەی ڕەفتارە ڕاست و دروستەکە خۆی دەبێت بە هاندەر و پاڵپشت بۆ خۆی بەبێ ئەوەی پێویستی بە هاندەر و

پاڵپشتی دەرەکی بمێنێ: کە ئەمەش ئامانجێکی پەروەردەییە و دەبێت بەردەوام لەخوێندنگاو قوتابخانەکان هەوڵی بۆ بدرێت، واتە فێرخواز لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتە ڕاست و دروستەکانی بەردەوام بێت بەبێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت و هاندەری دەرەکی بکات.

٢- خشتەی هاندەر و بەهێزکردنی ڕێژەیی گۆڕاو (variable- Rotio schedule): بەپێی ئەم خشتەیە پاداشت و هاندان پەیوەست دەبێت بە ناوەندێکی دیاریکراو (متوسط معین) لە وەڵام و ڕەفتار کە لەوانەیە (سێ، یان حەفت، یان دە، یان دوازدە) وەڵام و ڕەفتار بێت، واتە لەتواناداهەیە پاداشتی هەر وەڵام و ڕەفتارێک بکرێت کە دەکەوێتە ئەو ناوەندەوە. بۆ نموونە ئەگەر مامۆستا، یان باوکێک بڕیاری دا کە ناوەندی وەڵام کات دوازدە وەڵام بێت، ئەوا بۆی هەیە کە پاداشتی کردار و ڕەفتاری ژمارە (١-١٢)ی منداڵ، یان فێرخوازەکەی بکات، واتە بۆی هەیە پاداشتی وەڵامی ژمارە (یەک)، یان (دوو)، یان (پێنج)، یان (دە)، یان (دوازدە)ی بکات، بە مەرجێک لەو ناوەندە (یەک بۆ دوازدە) دەرنەچێت، ئیتر جاری یەکەم پاداشتی وەڵامی چوارەمی دەکات، بەڵام جاری دووەم پاداشتی وەڵامی (هەشتەمی) دەکات و جاری سێیەم پاداشتی کردارو وەڵامی (یەکەمی) دەکات.

لەم جۆرە پاداشتەدا بوونەوەر (ئاژەڵ، یان مرۆڤ) کارو چالاکی و بەرهەمی زۆرتر و بەردەوامتر دەبێت، لەبەر ئەوەی نازانێت چ کاتێک پاداشت دەکرێت و پێشبینی هاندان و پاداشتی داهاتوو ناکات، بەڵام بوونەوەر لە جۆری نەگۆڕ دەزانێت چ کاتێک و لەدوای چەند وەڵام و کردار پاداشت دەکرێت.

ئینجا لەبەر ئەوەی بوونەوەر لەم جۆرە خشتە و پاداشتەدا نازانێت دوای چەند وەڵامدانەوە و کارو چالاکی هان دەدرێت و پاداشت دەکرێت، بۆیە بەردەوام لەکارو چالاکیدایە و تووشی سستی و خاوو خلیچکی نابێت و زۆر بە زەحمەت کارو چالاکیە دروستەکانی لەبیر دەچێتەوە، بەپێچەوانەوە پارێزگاریان لێدەکات و لەسەریان بەردەوام دەبێت و بە ئاسانی دەست بەرداریان نابێت. بۆ نموونە پاداشت کردن و هاندانی ئەو فێرخوازانەی کە بە ئارەزووی خۆیان دەست بەرزدەکەنەوە و بەشداری کاروچالاکیەکانی ناو پۆل دەکەن و مامۆستاش هەر جارە و پاداشت و سوپاسی یەکێکیان و هەندێک لە وەڵامەکانیان دەکات، دەکەوێتە خانەی پاداشت و هاندانی گۆڕاو.

هەرچەندە لەم جۆرە خشتەی هاندان و پاداشت کردنەدا کاروچالاکی و بەرهەمی بوونەوەر (فێرخواز) زۆرە و بەرگەی سڕینەوە و لەناوچوون و لەبیرچوونەوە دەگرێت، بەڵام بەباش نازانرێت کە ئەم جۆرە هاندان و پاداشتە لەبواری پەروەردە و فێرکردندا بەکاربهێندرێت، لەبەر ئەوەی فێرخواز دەخاتە بارێکی دەروونی ئاڵۆز و گرژی و دڵەڕاوکێی بەردەوام، ئینجا ئەگەر پاداشت نەکرێ ئەوا تووشی بێ هیوایی و نائومێدی دەبێت.

٣- خشتەی هاندەرو بەهێزکاری کاتی نەگۆڕ (Fixed-Interval schedule): لەم جۆرە خشتەیەدا، پاداشت و هاندان بەپێی کاتی نەگۆڕ دەبێت، بۆ نموونە پاداشت کردنی مرۆڤ، ئاژەڵ هەموو (پێنج، یان دە، یان پازدە) خولەکێک، یان هەموو (کاتژمێرێک، یان هەفتەیەک، یان مانگێک) دەبێت. وەڵامدانەوە و کارو چالاکی و بەرهەمی تاک پەیوەستە بە (ژمارەی جارەکان و دووبارەبوونەوەی پاداشت و هاندانەکان، یان بەدرێژی ماوەی نێوان پاداشتی پێشوو و پاداشتی داهاتوو، واتە تا ماوەی نێوان پاداشتی پێشوو و پاداشتی داهاتوو کەم بێت ئەوا بڕی بەرهەم و کاروچالاکییەکان زیاتر دەبێت و درەنگ دەپووکێنەوە و دەبن بە بەشێک لە کەسایەتی و ڕەفتاری تاک. لەم جۆرە پاداشت و هاندانەدا گوڕوتینی کارکردن و چالاکی تاک یەکسەر لەدوای پاداشت کردن بەرەو کەمی دەڕوات و کاتێکیش کاتی پاداشت کردن نزیک دەبێتەوە، ئەوا بەرەو زیاد بوون دەچێت، کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بوونەوەر توانای پێشبینی کردنی هەیە و دەزانێت چ کاتێک پاداشت دەکرێت و چ کاتێکیش پاداشت نییە. بۆ نموونە کاتێک تاقیکردنەوەکانی خوێندنگا کە مانگانە، یان هەفتانە، یان وەرزی دەبێت و بەپێی کاتی دیاریکراوو نەگۆڕ دەبێت، ئەوا دەچێتە خانەی ئەم جۆرە خشتەی پاداشت کردنە، هەر لەبەرئەوەشە زۆربەی فێرخوازەکان تا کاتی تاقیکردنەوەکە نزیک نەبێتەوە، ئەوا ناخوێنن و خۆیان ماندوو ناکەن، چونکە پاداشت (نمرە، یان دەرچوون) پەیوەستە بەکاتی تاقیکردنەوەکە، بۆیە کاتێک تاقیکردنەوە نزیک دەبێتەوە، ئینجا دەست دەکەن بەخوێندن و خۆ ئامادەکردن. هەرچەندە ئەم جۆرە خشتەی هاندان و پاداشتە کەموکورتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا زۆر لەزانایان لەگەڵ بەکارهێنانیانن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، لەبەر ئەوەی فێرخواز لە گرژی و دڵەڕاوکێ دووردەخاتەوە.

٤- خشتەی هاندان و بەهێزکردنی کاتی گۆڕاو (variable-Interval schedule): پاداشت و هاندان لە ئەم خشتەیەدا بەپێی کاتی گۆڕاو دەبێت کە دەکەوێتە نێوان پاداشتی پێشوو و پاداشتی داهاتوو بەچاوپۆشی لەژمارە و بڕی وەڵام و کاروچالاکیەکانی مرۆڤ، یان ئاژەڵ لەوە ماوەیەدا، واتە زیاتر گرنگی بەکاتەکە دەدرێت نەک بە وەڵامەکان، کاتەکەش گۆڕدراوە و بوونەوەر نازانێت دوای چ کاتێک (دوای چەند خولەک، یان چەند کاتژمێر، یان چەند ڕۆژ..تاد) پاداشت دەکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە وەڵام و بەرهەم و کارو چالاکیەکانی تاک لەم جۆرە پاداشت و هاندانەدا زۆر و بەگوڕ و بەتینە و لەدوای پاداشت کردن کەم و زیاد ناکات، لەبەر ئەوەی نازانێت چ کاتێک پاداشتی دواتر ڕوودەدات، بۆیە هەر بەهەمان گوڕو تین و چالاکی یەکەم جاری کار دەکات بەپێچەوانەی خشتەی کاتی نەگۆڕ کە دوای پاداشت کەم دەکات و کاتێک لە پاداشتی دواتر نزیک دەبێتەوە، بەرەو زیاد بوون دەچێت، لەبەر ئەوەی کاتی پاداشت کردن دەزانێ و نەگۆڕە، بەڵام لەم جۆرەدا لەبەر ئەوەی کاتەکەی گۆڕدراوە، بۆیە نازانێت چ کاتێک پاداشت دەکرێت.

نموونەی ئەم جۆرە خشتەی هاندانەش لەبواری پەروەردە و فێرکردندا بریتییە لە تاقیکردنەوەی کتوپڕو لە ناکاو، بەبێ ئەوەی پێشتر فێرخواز ئاگادار کرابێتەوە و بزانێ چ کاتێک تاقیکردنەوەکەیەتی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوەو پشت بەستن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خشتەی پاداشت کردنی پچڕ پچڕ کاریگەرترو باشترە لە خشتەی پاداشت کردنی بەردەوام هەروەها پاداشت کردنی تاک نازانێت لە چ کاتێک پاداشت دەکرێت و چ جۆرە وەڵام و ڕەفتارێکی هان دەدرێت، بۆیە لەسەر کارو چالاکی و وەڵامدانەوە و بەرهەم هێنانی بەردەوام دەبێت و تووشی سستی و تەمبەڵی نابێت و بەماوەیەکی کەم پێش پاداشت کردن زیاد نابێت و دوای پاداشت کردنیش بەرەو کەمی ناڕوات. لەلایەکی تریشەوە خشتەی پاداشت و هاندەری ڕێژەیی باشترە لە خشتەی پاداشت و هاندەری کاتی، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە پاداشتی گۆڕاو ئیتر ڕێژەیی بێت، یان کاتی، ئەوا هەندێک جار دەبێتە هۆی خولقاندنی گرژی و ترس و دڵەڕاوکێ لەلای فێرخواز، لەبەر ئەوە دەبێت لەکاتی بەکارهێنانی زۆر وریاو بە ئاگا بین (نشواتی، ٢٠٠٣، ص٣٥٠-٣٥١).

بنیادنان (پێک هێنان- Shaping): مەبەستی سەرەکی سکینەر لە بەکارهێنانی هاندەرو پاداشت و بنیادنان و پێک هێنانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە لەلای بوونەوەر (ئاژەڵ، یان مرۆڤ)، یان بەردەوام بوونی ئەو ڕەفتارە بنیادنراوەیە، یان دەستکاری کردن و گۆڕانکاری کردنە تێیدا. ئینجا بنیادنان و پێک هێنانی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی پێویست بریتییە لە زنجیرەیەک ڕەگەز و بەشی یەک لەدوای یەک کە هەر لەخۆیەوە پێکەوە نابەستریێنەوە و بەدوای یەکدا نایەن، بەڵکو دەبێت بەهێزی پاداشت و فێرکردن ڕێک بخرێن و بەشێوەیەکی دیاریکراو بەدوای یەکدا بێن. ئەم زنجیرە هەڵسوکەوتەی یەک بەدوای یەکداو فێربوونی تاک، پێی دەڵێن (بنیادنان) و (پێک هێنانی) ڕەفتار. بۆ نموونە کاتێک کۆتری فێری (سووڕاندنەوە بەچواردەوری خۆیدا) دەکرد، ئەو ڕەفتارە بریتییە لە مەبەست و ئامانجی سەرەکی، کە پێک هاتووە لەزنجیرەیەک ڕەفتاری بچووک بچووکی وەک (سووڕاندنەوە بۆ لای ڕاست) ئینجا پاداشت کردنی دووبارە جارێکی تر (ڕوو وەرگێران بۆلای ڕاست) بە هەمان جاری یەکەم پاداشت کردنی، بەم شێوەیە سووڕاندنەوەی یەک خول و بەچواردەوری خۆیدا، کە فێربوونی سەرجەم ئەو ڕەفتارە بچووکانە هەتا خولەکە (دورة) تەواو دەبێت پێی دەگوترێ (پێک هێنان و بنیادنانی) ڕەفتار (تشكيل السلوك) پرۆسەی پێک هێنان و بنیادنانی ڕەفتار لەم چەند خاڵەی خوارەوە پێک دێت:

١- دیاریکردنی ئەو ئامانج و ڕەفتارەی کە مەبەستە و دەمانەوێت تاک فێری ببێت (بۆ نموونە نووسینی ناوی خۆی).

٢- بەش بەش کردنی ئەو ئامانجە (نووسینی ناوی خۆی) بۆ چەند هەنگاو و ڕەفتارێکی بچووک (قەڵەم گرتن بەوەش، نووسینی پیتی یەکەمی ناوەکە، نووسینی پیتی دووەم...تاد)

٣- پاداشت کردن و پشتگیریکردنی هەریەک لەو

هەنگاوانەی خاڵی دووەم (هەر توانی قەڵەم ڕێک بگرێ، ئەوا پاداشت دەکرێ) (هەر بەسەرکەوتووانە یەکەم پیتی ناوی خۆی نووسی پاداشت دەکرێ)، بەم شێوەیە لەسەر هاندان و پاداشت کردنی هەنگاو و بەشە بچووکەکان بەردەوام دەبین.

٤- نابێت تاک بگوێزرێتەوە بۆ هەنگاوی دووەم تا هەنگاوی یەکەم بەسەرکەوتووانە بە ئەنجام نەگەیەندرێت، هەروەها دوای سەرکەوتن لە هەنگاوی یەکەم و چوون بۆ هەنگاوی دووەم، نابێت تاک بگوێزرێتەوە بۆ هەنگاوی سێیەم تا هەنگاوی دووم بەسەرکەوتووانە بە ئاکام نەگەیەندرێت...تاد.

بەم شێوەیە تاک لەسەر هەنگاو و ڕەفتارە بچووکە یەک لەدوای یەکەکان بەردەوام دەبێت و هان دەدرێت تا لەکۆتایی ڕەفتار و ئامانجی سەرەکی دێتەدی، کە بەم زنجیرە ڕەفتار و پاداشت کردنە دەگوترێت (بنیادنان) و (پێک هێنانی) ڕەفتار. لەتوانای دایک و باوک و مامۆستادا هەیە کە بنیادی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی منداڵ و فێرخوازەکانیان بنێن و سوود لەو هەنگاوانەی سەرەوە وەربگرن. زۆر ڕەفتار و کارامەیی وەک (خوێندنەوە، نووسین، وێنەکێشان، مۆسیقاژەنین، جلوبەرگ لەبەرکردن، ڕاهێنان لەسەر پاشەڕۆ، فێربوونی لێخوڕینی ماشێن و پاسکیل، چاپکردن و کارکردن لەسەر کۆمپیوتەر..تاد) لەلای فێروخواز بنیادنراوە و سوود لەو هەنگاوانەی سەرەوە، کە تایبەتن بە بنیادنان و پێک هێنانی (تشکیل) ڕەفتار، وەرگیراوە.

سکینەر لەو بڕوایەدایە کە هەندێک فێربوون (بەبێ ئەوەی پێشتر پلانی بۆ دانرابێ) ڕوودەدەن کە پێیان دەڵێ (فێربوونی بێ پلان) لە ڕێگەی هاندان و پاداشت کردنی لاوەکی (التعزیز العارض) لەوانە فێربوونی ڕەفتاری بێ بنەماو خورافی (السلوك الخرافي)، ئەم ناوەش (خورافی) لە ئەوەوە هاتووە کە کەسێک دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتێک دەبێتە هۆی پاداشت و هاندان و سەرکەوتن، کە لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەو هەڵسوکەوتە و ئەو پاداشتەکەدا نییە، بەڵکو تەنیا ڕێکەوتە و لەخۆیەوە ڕوویان داوە. بۆ نموونە فێرخوازێک نووشتە، یان شتێکی تر دەخاتە گیرفانی و دەڕوات بۆ هۆڵی تاقیکردنەوە و دواتر دەردەچێت، ئینجا ئەگەر ڕێکەوتی کرد چەند جارێکی تر ئەو نووشتە، یان ئەو شتەی هەڵگرت و چوو بۆ تاقیکردنەوە و دەرچوو، ئەوا ئیتر بڕوایەکی لەلا دروست دەبێت کە هەڵگرتنی نووشتە، یان ئەو شتە هۆیە و دەبێتە هۆی سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوە ولەوەو دوا بەردەوام بەوپەڕی قەناعەت و بڕواوە ئەو نووشتە و شتە هەڵدەگرێت و لەو بڕوایەدا دەبێت کە مایەی سەرکەوتنیەتی و دوور نییە پڕۆپاگەندەشی بۆ بکات و بە کەسانی تر بڵێ و وایان تێبگەیەنێ کە هەڵگرتنی نووشتە، یان ئەو شتە دەبێتە هۆی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە بە هیچ شێوەیەک وانییە و هیچ پێوەندییەکی زانستی و ڕاست و دروست لەنێوان نووشتە و سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەدا نییە، چونکە ئەگەر ئەوە ڕاست بوایە، ئەوە پێویستی بە ئەوە نەدەکرد فێرخواز خۆی ماندوو بکات بخوێنێ و شەونخوونی بکات بۆ ئەوەی دەربچێت، بەڵکو تەنیا پێویستی بە هەڵگرتنی نووشتە و ئەو شتانە دەبوو.

بەبڕوای سکینەر زۆر لەبیروبۆچوون و ڕەفتاری نابەجێ و نامەنتقی و بێ بنەمای مرۆڤ بۆ ئەم جۆرە ڕێکەوت و فێربوونە دەگەڕێتەوە، دواتر گواستنەوە و گێڕاندنەوەی بۆ کەسانی ترو دەماودەم کردنی و بڕوا پێ هێنانی (عاقل، ١٩٧٧، ص٢٨١).

## هەڵبژاردنی پاداشت و هاندانی گونجاو

پاداشت و هاندان چەند جۆرێکی هەیە لەوانە (پارە، یاری، نوقڵ و شەکرۆکە، جلوبەرگ، قەڵەم و دەفتەر، یاریکردن، چەپڵەلێدان، سوپاس کردن، ماچ کردن، لەباوەش گرتن، زەردەخەنە، ئافەرین، دەست خۆش، هەر بژی، وێنەکێشان، سەردان و چوونە دەرەوە و گەڕان» سواربوونی پاسکیل، بڕوانامەی ڕێزلێنان، کاسێت...تاد) ئینجا پاداشت و حەزلێکردن لە جۆرێکیان، لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ و هەموویان حەزیان لەیەک جۆر پاداشت و هاندان نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێ پاداشت و هاندان و پشتگیریکردنەکە ڕۆڵی سەرەکی خۆی ببینێ و ببێتە هۆی فێربوون ئەوا دەبێت کەسایەتی و حەزو ئارەزووی تاک (فێرخواز، منداڵ) لەبەرچاو بگیرێ و ئەو جۆرە پاداشتە بکرێت کە حەزیان لێیەتی و لەگەڵ کەسایەتی و باری دەروونییان دەگونجێت، ئەویش لەڕێگەی ئەم هەنگاو و خاڵانەی خوارەوە:

١- پرسیار لەوکەسە (منداڵ، فێرخواز) بکەو بزانە

حەزی لەچییە و ڕقیشی لەچییە و بەدڵی نییە، لە ئەنجامی ئەم پرسیارکردنەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەوکەسە حەزی لەچییە و چی بەدڵ نییە، ئەوکاتە دەتوانیت ئەو شتانە هەڵبژێری و بیکەی بە پاداشت کە لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانی دەگونجێ و لەو شتانە دوور بکەویتەوە کە ڕقی لێیانە و بەدڵی نییە، بۆ ئەوەی پاداشت و هاندانەکە کاریگەر بێت و ڕۆڵی خۆی ببینێت.

٢- دەتوانین سەرنجی تاک بدەین و بزانین ئەو پاداشت و هاندانە سەرکەوتوو بووە و بۆتە هۆی بەهێزکردنی ڕەفتار و وەڵامدانەوەکە و گۆڕانکاریکردن لە هەڵسوکەوتیدا، ئەگەر ببووە هۆی بەهێزکردن و گۆڕانکاری لە ڕەفتاری، ئەوا مانای ئەوەیە کە ئەو پاداشت و هاندانە گونجاوو لەبار بووە.

٣- دانانی کۆمەڵێک پاداشت و هاندان لەبەردەم (فێرخواز) منداڵدا و سەرپشک کردنی لەهەڵبژاردنی هەندێکیان، لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بۆت دەردەکەوێ کە ئەو منداڵە (فێرخوازە) حەزی لە چ جۆرە پاداشت و هاندانێک هەیە.

٤- دەکرێت پرسیار لەدایک و باوک، یان هاوڕێکانی منداڵ (فێرخواز) بکرێت و شت بکرێت به پاداشت بۆ گۆڕانکاریکردنی لەڕەفتار و هەڵسوکەوتی (ملحم، ٢٠٠٦، ص٣٢٩).

لە ئەنجامی توێژینەوەی زانستییەوە دەرکەوتووە، کە هەندێک کەس حەز بە پاداشت و هاندانی ماددی (قەڵەم، پارە، کەلوپەلی یاریکردن، خواردن...تاد) دەکەن و گرنگی زۆریان لەباری دەروونیدا هەیە، بەڵام هەندێک کەسی تر زیاتر حەزیان لە پاداشت و هاندانی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی (سوپاس، چەپڵەلێدان، ڕێزگرتن، ماچ کردن، زەردەخەنە و لەباوەش گرتن.. تاد) هەیە، کەواتە زۆر گرنگە کە ئەو پاداشت و هاندانە هەڵبژێردرێ کە لەگەڵ حەزو ئارەزوو و کەسایەتی تاک دەگونجێ.

کۆمەڵێک هۆکار هەیە و کاریگەری زۆریان لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی پاداشت و هاندان هەیە و دەبێت ڕەچاویان بکەین بۆ ئەوەی کاریگەری خۆیان هەبێت، هۆکارەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- کاتی پاداشت و هاندانەکە: زۆر لە دەروونزانان لەگەڵ ئەوەدان کە دەبێت یەکسەر لەدوای ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکە، پاداشت هەبێت و دوانەخرێت، چونکە تا پاداشت و هاندان دوابخرێت ئەوەندە کاریگەری کەمتر دەبێت و لەوانەیە ببێتە هۆی پشتگیریکردن و هاندانی هەندێک ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تر کە مەبەست نەبێت.

٢- بڕی پاداشتەکە- Quantity: پێویستە هەر لەسەرەتاوە بڕی پاداشت و هاندانەکە دیاری بکرێت، ئەو بڕەش (کمیة) پێوەندی بە جۆری پاداشتەکەوە هەیە، دەرکەوتووە تا بڕی پاداشت و هاندانەکە زۆر بێت، ئەوەندە کاریگەری زۆرتر دەبێت، بەڵام نابێت لەماوەیەکی کەمدا پاداشتێکی زۆر بدرێت، چونکە ئەوکاتە پاداشتەکە کاریگەری خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە هۆی تێربوونی ئەوکەسە و کەم بوونەوەی بەهای پاداشتەکە.

٣- ئاست و ماوەی بێبەش بوون و تێربوون: تا منداڵ (فێرخواز) ماوەیەکی زۆر بێبەش بێت (واتە ماوەی نێوان پاداشتی یەکەم و پاداشتی دووەم) ئەوا پاداشتەکە زیاتر کاریگەرتر دەبێت و گرنگی خۆی دەبێت.

٤- ئاڵۆزی ڕەفتارەکە: وەک دەرکەوتووە پاداشت زیاتر لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوتە سادە و ئاسانەکاندا گونجاوە وەک ئەوەی لەگەڵ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئاڵۆزدا بەکاربهێندرێ.

٥- هەمەجۆری (التنویع- Variation): ئەگەر زیاتر لەجۆرێک پاداشت و هاندان بەکاربهێندرێ و هەمەجۆر بێت، باشتر و کاریگەرترە لەوەی کە یەک جۆر پاداشت و هاندان بەکاربهێندرێ.

٦- تازەگەری ئەگەر جار ناجارێک، یان دوای ماوەیەک پاداشتی نوێ و تازە بەکاربهێندرێ، ئەوا کاریگەرترو باشترە لە ئەوەی کە هەر هاندان و پاداشتی کۆن و باو بەکاربهێندرێ.

## سزادان

دەرئەنجامی زۆر لەتوێژینەوەکان لەگەڵ بەکارهێنانی سزادا نین، لەبەر ئەوەی زیانەکانی زۆرترە لە قازانجەکانی، چونکە زۆر لە زانایان لەگەڵ ئەوەدان کە پەنا بۆ پاداشت کردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە باشەکان ببردرێت و لەجیاتی سزادان هەوڵی بەکارهێنانی بێبەشکردن لە پاداشتکردن بدرێت، واتە ئەگەر منداڵێک هەڵەی کرد، ئەوا لە جیاتی ئەوەی کە لێی بدرێت و ئازاری جەستەیی بدرێت، باشترە لە پاداشت و یاری و

حەزو ئارەزووەکانی بێبەش بکرێت، بۆ نموونە ڕۆژانە منداڵ بۆ ماوەی یەک کاتژمێر سواری پاسکیل دەبێت، یان هەفتەی جارێک سەردانی باخچەی ئاژەڵان دەکات، ئەوا دەوترانرێت لەجیاتی لێدان و بەندکردن و بەستنەوە و هەڕەشەلێکردنی، لەسواربوونی پاسکیلەکە، یان سەردانی باخچەی ئاژەڵان بێبەش بکرێت.

سکینەریش وەک ثۆرندایک لەو بڕوایەدایە کە سزادان (عقاب) کاریگەری کاتی هەیە و بۆماوەیەکی کەم ڕۆڵی هەیە و دوای ماوەیەک کاریگەری نامێنێ هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆر پشتی پێ نابەستێ (الأزیرجاوي) ١٩٩١، ص٢٥٦).

## سوودە پەروەرەییەکانی تیۆرەکەی سکینەر

هەموو تیۆرێک لایەنی نێگەتیف و پۆزەتیفی خۆی هەیە، تیۆرەکەی سکینەر وەک هەموو تیۆرەکانی تر لایەنی باشی هەیە و سوودی خۆی لە بواری پەروەردەدا هەیە و دەکرێت دایک و باوک و مامۆستا و توێژەران لەبواری پەروەردە و فێرکردندا بەکاری بهێنن. سکینەر خۆیشی لەکتێبەکەی (تەکنەلۆژیای فێرکردن)دا ئاماژە بۆ کێشە و گیروگرفتەکانی بواری فێرکردن دەکات و داوای ئەوە دەکات کە پێویستە هەوڵی پراکتیزەکردنی شێواز و ئامرازەکان و تەکنەلۆژیای فێرکردن بدرێت، هەر لەبەر ئەوەشە داوای ئەوە دەکات کە پێویستە مامۆستا وەڵامی هەندێک لەم پرسیارانە بداتەوە:

١- پێویستە چ ڕەفتارو هەڵسوکەوتێک لەناو پۆلدا بکەم (ئامانجەکان)؟

٢- ئەو پاداشت و هاندانانە چین کە دەبێت پەنایان بۆ ببەم؟

٣- ئەو وەڵام و ڕەفتارانە چین کە دەبێت فێرخواز بە ئاکامیان بگەیەنێ؟

٤- چۆن ئەو پاراست و هاندانانە بەکاربهێنم و بە چ شێواز و جۆرێک سەرکەتووترە؟

بە بڕوای سکینەر کاتێک فێربوون سوودبەخش و کاریگەر دەبێت ئەگەر ڕەچاوی ئەم خاڵ و مەرجانەی خوارەوە بکرێت:

١- ئەو زانیاری و شتانەی کە دەمانەوێت فێری بین، ئەوا دەبێت بەشێوەی بەش بەش و هەنگاوی بچووک بچووک پێشکەش بەفێرخواز بکرێت.

٢- پێویستە بەردەوام دوای هەموو بڕگە و بەشێک فیدباک (التغذیة المرتدة) بە فێرخواز بدرێت و لە ئەنجامی وەڵام و هەوڵدانەکانی ئاگادار بکرێتەوە.

٣- زۆر گرنگە ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی (الفروق المفردیة) بکرێت، واتە هەر کەسە و بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆی فێربکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت (ملحم، ٢٠٠٦، ص٣٣٥).

لەگرنگترین سوودەکانی تیۆرەکەی سکینەر ئەمانەی لای خوارەوەیە.

١- بەکارهێنانی هاندان و پاداشتی پۆزەتیف بەپێی تواناو لەسنووری دیاریکراو و زانستیدا.

٢- کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی ئەو ورووژێنەرو شتانەی کە دەبنە مایەی ئازار و هەست بریندارکردن لەناوپۆلدا، واتە کەمکردنەوەی سزادان.

٣- پێویستە دوای هەموو کردارو وەڵام و ڕەفتارێکی فێرخواز فیدباک (التعذیة الراجعة) هەبێت.

٤- گرنگیدان بە زنجیرەیی و بەدواداهاتنی هەنگاو و بەشەکانی هەر ڕەفتار و وەڵامدانەوەیەکی فێرخواز و پاداشت کردنی و بەکارهێنانی (فیدباک) بۆ هەر بەش و هەنگاوێک.

٥- نابێت مامۆستا هەڵسوکەوت و ڕەفتار نادروست بکات و دەبێت لەم خانەی خوارەوە دووربکەوێتەوە:

أ- گاڵتەکردن و ڕابواردن بەفێرخواز و قسەو ناو ناتۆرە دۆزینەوە بۆیان.

ب- بەکارهێنانی شێوازی سزادانی جۆراوجۆری وەک (وەستانی خێرخواز لەسەر یەک قاچ، ڕووکردنە دیوار بۆ ماوەیەکی زۆر، بەندکردنی لەژوورێک..تاد).

ج- پێدانی ئەرک و فەرمانی زۆر و جێبەجێکردنی لەماڵەوە، چونکە ئەرکی ماڵەوەی زۆر دەبێتە هۆی وەڕسی و بێزارکردنی فێرخواز.

د- بێزارکردنی فێرخواز بەکاری قورس و بەئازار.

هـ- ناچارکردنی فێرخواز کە بەدرێژایی ماوەی وانەکە بەبێ دەنگ دابنیشێ و قسە نەکات.

و- ناچارکردنی فێرخواز هەندێک کارو چالاکی بکەن کە حەزیان لێی نییە، (skinner, 1968) (أبوجادو، ٢٠٠٣، ص١٨٩).

لەگرنگترین سوودە پەروەردەییەکانی تیۆرەکەی سکینەر (فێرکردنی بەرنامەدارە- التعلیم المبرمج).

## فێربوونی بەرنامەدار
## Programmed Learning:

سکینەر داهێنەری فێربوونی بەرنامەدارو لەسەر بنەماو گریمانەکانی تیۆرەکەی خۆی بەتایبەتی و تیۆری ڕەوشتایەتی بەگشتی بنیادنراوە.

لەساڵی (١٩٥٤) ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تووشی گرفت و قەیرانی کەمی مامۆستا بوو، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، سکینەر چەند پێشنیارێکی کرد، ئەویش بەبەکارهێنانی شێوازی فێربوونی بەرنامەدار بوو، لەبەر ئەوەی لەمیانەی ئەم شێوازەوە، مامۆستا دەتوانێت وانە بە ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان بڵێت و لەماوەیەکی کەمدا فێریان بکات.

ئەم ڕێگایە (فێرکردنی بەرنامەدار) ڕێگای خۆ فێرکردنە و زۆرجار فێرخواز پێویستی بەمامۆستا نابێت، بەڵکو تەنیا پێویستی بە پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە و بابەتەکەی بەسەر چەند هەنگاوێکی بچووک بچووکدا دابەش کراوە و فێرخواز هەر جارەی بەشێک هەرس دەکات و هەنگاوێک تەواو دەکات و دواتر بەرەو هەنگاوێکی تر دەچێت، دوای ئەوەی ئەو هەنگاوەش هەرس دەکات و بەباشی تێی دەگات ئەوا دەگوێزرێتەوە بۆ هەنگاوێکی تر، ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا هەموو بەش و هەنگاوەکان تەواو دەکات و دەگاتە کۆتایی پرۆگرامەکە. خاسیەتی سەرەکی ئەم جۆرە ڕێگایە ئەوەیە، کە کاتێک فێرخواز هەنگاوی یەکەم تەواو دەکات، ئیتر یەکسەر دەرئەنجامی کارو چالاکییەکانی ئەم هەنگاوەی دەزانێ بەسەرکەوتن، یان بەسەرنەکەوتن، ئینجا ئەگەر سەرکەوتوو بوو، ئەوا بەرەو هەنگاوی دووەم دەچێت. لەم ڕێگایەدا ڕێگە بەفێرخواز دەدرێت کە خۆی خۆی فێر بکات و پێویستی بەمامۆستا نەبێت و ڕۆڵی ئەکتیڤ و کاریگەر و پۆزەتیڤە، سەرەڕای ئەوەش ئەم ڕێگایە ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی (الفروق الفردیة) دەکات و هەر فێرخوازە و بەپێی تواناو لێهاتوویی خۆی هەنگاوەکان دەبڕێت، واتە ئەوەی زیرەک و لێهاتوو بێت، ئەوا بەخێرایی هەنگاوەکان دەبڕێت و زوو پرۆگرامەکە تەواو دەکات، بەڵام ئەو فێرخوازەی زیرەکی مام ناوەندی بێت ئەوا لەسەرخۆ هەنگاوەکان دەبڕێت، واتە وەک ڕێگاکانی تر نییە کە لەناو پۆلدا مامۆستا بەیەک شێواز و بەیەک خێرایی لەناو پۆلدا مامەڵەی جیاجیا لەگەڵ فێرخوازەکان بکات.

لەم ڕێگایەدا ئەو بابەت و وانەی مەبەستە (بیرکاری بێت، جوگرافیا، یان مێژوو...تاد) بەسەر زنجیرەیەک هەنگاو دابەش دەکرێت، کە هەر هەنگاو و بەشێک دەبێت بە بناغەو دەروازە بۆ بەشەکەی دوای خۆی، تا لەکۆتایی هەموو هەنگاو و بەشەکان، بابەت و وانەکە تەواوی دەبێت فێرخواز شارەزایی و زانیاری پێویست دەربارەی فێردەبێت، ئەم بەش بەش و هەنگاو بەهەنگاوە لەسەر بنەمای تیۆرەکەی سکینەر دانراوە (وروژێنەر ــ وەڵامدانەوە ــ پاداشت) واتە هەر هەنگاو و بەشێک و پرسیارێک دەبێت بە وروژێنەرو دەبێت فێرخواز وەڵامدانەوەی ڕاست و دروستی بۆی هەبێت و دواتر دەرئەنجامی وەڵام و هەوڵ و کۆششەکانی بەڕاست، یان بە هەڵە دەزانێت و لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی وەڵام و هەوڵ و کۆششەکانی هەنگاوی یەکەمی هەنگاوەکانی تری بۆ دیاری دەکرێت. کەواتە فێرخواز خۆی هەموو چالاکی و هەوڵ و کۆششەکان ئەنجام دەدات و ڕۆڵی گرنگی دەبێت، بە مەرجێک کەشوهەواو بارودۆخی گونجاوی (بەرنامەی پرۆگرامکراو+ وەڵامی ڕاست و هەڵە+ پاداشت و فیدباک) بۆ دابین کرابێت، هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت بابەت و وانەکە بەشێوەیەکی مەنتیقی ڕێکوپێک، لە ئاسانەوە بۆ زەحمەت و لە زانراوەوە بۆ نەزانراو، دارێژرابێت. (أبو جادو، ٢٠٠٣، ص١٨٦-١٨٧). دەتوانین هەنگاوەکانی فێربوونی پرۆگرامکراو لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١- پێشکەش کردنی بەرنامە و بابەتی دیاریکراو لەسەر شێوەی یەکەی بچووک بچووک و هەنگاو بە هەنگاو.

٢- فێرخواز دوای هەر هەنگاوێک و جێبەجێکردنی هەر یەکەیەک دەبێت (فیدباک)ی بدرێتی و یەکسەر دەرئەنجامی ئەو هەنگاو و هەوڵەی بزانێت.

٣- ڕێگەپێدانی فێرخواز و ڕەخساندنی زەمینە و کەشوهەوای گونجاو بۆ ئەوەی بەپێی تواناو لێهاتوویی خۆی فێر ببێت، واتا ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی.

٤- دەبێت فێرخواز بەپێی بەرنامە دارێژراوەکە بڕوات و زنجیرەیەک هەنگاوو یەکەی یەک لەدوای یەک ببڕێن، واتا ڕەچاوی پرانسیپی فێربوونی هەنگاو بە هەنگاو و پلە بەپلەیی بکرێن و نابێت بازدانی تێدابێت، چونکە هەر هەنگاوێک سەرەتای هەنگاوی دوای خۆیەتی و ئەم هەنگاوەش تەواوکەری هەنگاوی پێش خۆیەتی.

٥- لەم جۆرە فێربوونە و زۆر جۆرە شێواز و ئامرازی وەک (کتێبی پرۆگرامکراوو تەکنەلۆژیای فێربوون و کۆمپیوتەر) بەکاردەهێنرێت و لە ڕێگەیانەوە بابەتەکە دەدرێت بەفێرخواز.

٦- ڕۆڵی فێرخواز پۆزەتیڤە و کاریگەرە و لەدوای هەر هەنگاوێک دەرئەنجامی کارەکەی خۆی دەزانێت، ئینجا سەرکەوتوو بوو، ئەوا بەرەو هەنگاوی دواتر دەچێت، بەڵام ئەگەر سەرنەکەوتوو بوو، وەڵامەکەی هەڵەبوو، ئەوا جارێکی تر پێداچوونەوە، بەو هەنگاوەیدا دەکات و وەڵام و هەوڵدانە هەڵەکانی ڕاست دەکاتەوە، واتە هەر خۆی هەنگاو بەهەنگاو سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتن و ڕێژەی بەرەو پێش چوونی دەزانێ.

### باشییەکانی فێربوونی بەرنامەدار

١- لەمیانەی ئەم ڕێگای فێربوونەوە، هەندێک گرفتی بواری پەروەردە و فێرکردن چارەسەر دەکرێت، لەوانە (زۆری ژمارەی فێرخواز، گرفتی جیاوازی تاکایەتی، کەمی ژمارەی مامۆستای لێهاتوو).

٢- ئەم جۆرە فێربوونە جەخت دەکاتە سەر فێرخواز و بە سەنتەری پرۆسەکەی دادەنێت و فێرخواز خۆی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بابەت و وانەکە دەبێتەوە و بواری بۆ دەڕەخسێ کە بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆی لەگەڵیدا بەردەوام بێت و هەنگاو بە هەنگاو بچێتە پێشەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە فێرخواز پاڵنەر و حەزو ئارەزوویەکی زۆری بۆ خوێندن و فێربوون هەبێت.

٣- بواری زیاتر بۆ فێربوونی تاکی و خۆیی دەڕەخسێنێت و یەکسەریش ئەوکەسە (فیدباک) و دەرئەنجامی وەڵامەکەی دەست دەکەوێت.

٤- لەم جۆرە فێربوونەدا بەهیچ شێوەیەک فێرخواز ڕووبەڕووی سزاو سووکایەتی پێکردن و ڕەخنە و گلەیی و گازندە نابێتەوە، بەو شێوەیەی کە لەناو پۆل و چوارچێوەی قوتابخانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین یەک دوو نموونەی ئەم جۆرە فێربوونە (فێربوونی بەرنامەدار) بهێنینەوە:

(١) زۆر بەرنامە و بابەت لەکۆمپیوتەر لەسەر ئەم شێوازە داڕێژراوە و لە دەیان بگرە سەدان پرسیار پێک هاتووەو هەر جارەی پرسیارێک لەگەڵ چەند وەڵامێک دێنە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە، ئینجا دەبێت یەکێک لەو وەڵامانە بۆ ئەو پرسیارە هەڵبژێردرێ، ئەگەر وەڵامەکە ڕاست بوو ئەوا نمرەی تەواو دەدرێ و پرسیارێکی تر دێتە سەر شاشە، بەڵام ئەگەر وەڵامەکە هەڵە بوو ئەوا، یان هیچ نمرەیەک نادرێ یان نمرەیەکیش کەم دەبێتەوە، ئیتر، یان هەمان پرسیار دووبارە دەبێتەوە، یان پرسیارێکی تر دێتە سەر شاشەی کۆمپیوتەر، بەم شێوەیە ئەم پرۆگرامە پرسیار لەدوای پرسیار دەهێنێتە سەر شاشە و دەبێت وەڵامێک هەڵبژێردرێ، تا لەدواییدا کۆی نمرەکان ڕادەگەیەنرێ و توانای ئەوکەسە دیاری دەکرێت.

(٢) هەندێک کتێب لەسەر شێوەی فێربوونی بەرنامەدار بنیاد نراوە و بابەت و وانەکە کراوە بەکۆمەڵێک پرسیارو ڕاهێنان و ڕاڤەکردن، فێرخواز هەنگاوی یەکەم (بەشی یەکەم) دەخوێنێتەوە، دواتر لەکۆتایی ئەم هەنگاو و بەشەدا کۆمەڵێک پرسیار و ڕاهێنان هەیە و دەبێت فێرخواز وەڵامیان بداتەوە، ئینجا وەڵامەکەی خۆی بەوەڵامە ڕاستەکانی ناو کتێبەکە بەراورد بکات کە لەکۆتایی کتێبەکەدا دیاری کراوە، ئەوکاتە ئەگەر وەڵامەکەی ڕاست بوو، ئەوا دەچێت بۆ هەنگاو و بەشی دووەم، بەڵام ئەگەر وەڵامەکەی هەڵە بوو، ئەوا دەبێت دووبارە بەشی یەکەم بخوێنێتەوە و خۆی ماندوو بکات و وەڵامە هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- نشواتي، عبدالمجيد (٢٠٠٣). علم النفس التربوي. دارالفرقان، عمان/ الأردن.**

**٢- صالح، احمد زكي (١٩٧٢). علم النفس التربوي. مكتبة النهضة المصرية، القاهرة. ط١٠.**

**٣- عاقل، فاخر (١٩٧٧). التعلم ونظرياته، دارالعلم للملايين/ بيروت ط٤.**

**٤- ملحم، سامي محمد (٢٠٠٦). سيكولوجية التعلم و التعليم، دارالمسيرة ط٢، عمان/الأردن.**

**٥- الأزير جاوي، فاضل محسن (١٩٩١) أسس علم النفس التربوي، جامعة الموصل.**

**٦- أبو جادو، صالح محمد علي (٢٠٠٣). علم النفس التربوي، دارالمسيرة، عمان/ الأردن، ط٣.**

# سوكراتی دانا

ن. ئا: ڕەحیم سابیر
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

**سوكراتی دانا كێیە؟**

سوكراتی دانا ئەو فەیلەسووفە سەرەڕۆیەیە كەبەدرێژایی مێژوو كاریگەری كردە سەر بیری مرۆڤایەتی، بیری مرۆڤایەتی بێ دانایی سوكرات هیچ ناگەیەنێت، ئەگەر بمانەوێ لە فەلسەفەی مرۆڤ و ناخی مرۆڤ بزانین، دەبێ سوكرات بناسین ئەگەر سوكرات نەناسین، ئەوا خۆمان ناناسین هەر بۆیە سوكرات دەڵێ (خۆت بناسە) كەوابێ خۆناسین ناسینی دەروونە، تیماركردنی نەخۆشییەكانی مرۆڤە، تیمار كردنی برینەكانی مرۆڤ خۆیەتی، كەواتە تا چەند مرۆڤ خۆی بناسێ هێشتا هیچ نازانێ ئەوەشی دەیزانێ ئەوەیە كە هیچ نازانێ سوكرات دەڵێ: (من شتێك دەزانم ئەوەیە كە هیچ نازانم) بلیمەتی ئەم فەیلەسووفە پێ خواسە لەوەدایە كە دانی بە ڕاستی نەزانینی خۆیدا ناوە، كەم فەیلەسووف ئەوەی كردووە. هەربۆیە ئەوانەی خۆیان بەدانا دەزانن سوكرات پێیان دەڵێت: (ئێوە گەمژەن، گەمژەن تا ناختان، گەمژەن تا مردن) سوكرات بیرمەندێكی یۆنانییە و لەساڵی ٤٧٠پ.ز لە ئەسینا لەخێزانێكی مام ناوەندی لەدایك بووە پیشەی باوكی پەیكەرتاشی بووە و دایكیشی مامان بووە، زۆر لە ژیانی دیارنییە و نهێنییە و ئەوانەشی وتراوە لە لایەن هاوڕێیەكانییەوە باس كراون دەربارەی كەسایەتی سوكرات، یەكێك لەوانە (ئەكریتون)ی بە وەفا بوو سیمای كەسایەتی سوكراتی وەسف كردووە و دەڵێ: (وام دانابوو كە ناشیرینترین منداڵ بێ لە ئەسینادا ئەم بۆچوونە زۆر ڕاست نەبوو لەبەر ئەوەی هیچ خەمۆكییەك بە دەموچاویەوە دیار نەبوو، یان نەخۆشییەك، یان بالۆكەیەك بەڕوویەوە بێت، بەڵكو ئەو كەرەستەیە بوو، یان ئەو مادەیە بوو كە لێی دروست

کرابوو، جەستەی زۆر ڕەق و پتەو بوو وەک لەو مادەیەی کە مندالآنی تری لێ دروست کرابوو، دووچاوی دەرپۆقیوی پێوە بوو وەک چاوی بۆق و لچ و لێویکی زلی شۆڕ لووتێکی فش وەک ئەوەی بە ڕێگەیەکی هەڵە دروست کرابێ لە قوتابخانە پێیان دەوت (دەموچاو بۆق) وام بیست کە ئەو دووچاوەی کە هەیبوو بۆ ئەوە دروست کرابوون بۆ هەموو ڕایەک بڕوانێ، یان ئەو لووتە فشەی بۆ ئەوەیە کە هەموو بۆنەکان هەست پێ بکات باشتر لە لووتێکی درێژی باریک و ڕێک، دەمزانی پێش ئەوەی گاڵتە فێربێ بەرانبەر دروست بوونی لەش و لاری زۆر تووشی شەڕ دەبوو لەگەڵ مندالآنی تر بەهۆی شێوەی لەش و لاریەوە دوای ئەوەی لەململانێی مندالآن دەبێتەوە، واتە ململانێی دەرەوە تووشی ململانێیەکی ناوەوەی خۆی دەبوو) هەربۆیە بەسوکراتی منداڵیان دەوت کە لەناخیدا لەگەڵ خواوەندەکەیدا دەدواو پێی دەوت (خودایە لەناخمدا جوانم بکە!)، جوانترین عەقڵی یۆنانی لەناخییەوە لەدایک بوو، سوکراتی دانا بەدرێژایی ژیانی جلی کۆن و پەڕپووتی لەبەردابوو بەتایبەتی لە زستاندا و هاوینانیش نەیدەگۆڕی بەکۆڵان و شەقامەکانی ئەسینادا بەپێی پەتی دەسووڕایەوە و بەسەری ڕووت دەسووڕایەوە، لە گفتوگۆی (ئەلسبیا دیس)ی (خوان)دا بەڵگەی ڕاستگۆیی سوکرات دەردەخات لەبەهێزی سەیرو ئازایەتی لەمەیدانی جەنگدا ئەوکاتەی بەرگری دەکات لە شارەکەی، (ئەلسبیا دیس) دەڵێ: (سوکرات بە بەهێزی و بە برسێتییەکەی کە بەرگەی دەگرت و سەرسامی دەکردین بارودۆخی جەنگ جاری وایە وای دەکرد کە خواردەمەنی ببڕێ بەهۆی پچڕاندنی نێوان جەنگاوەران و شوێنی خواردنەکەمان لەم حاڵەتەدا زۆر ڕووی داوە لە جەنگداو تەنیا لەمن باشتر نەبوو، بەڵکو لە هەموومان باشتر بوو، هیچ کەسێک بەڕادەی سوکرات و بەرانبەر سوکرات نەبووە و ڕانەوەستاوە، هەروەها بەهۆی بەرگەگرتنی ساردی مەیدانی جەنگەوە سەرسامی دەکردین، لەبەر ئەوەی زستانان ئەو ناوچەیە زۆر سارد بوو، یان لە شوێنی خۆی دەمایەوە، یان بە بەرگە قورسەکانیەوە و بەپێی پەتی بەسەر بەفرەکەدا هاتوچۆی دەکرد و بەخۆی نەدەزانی و بەرگی ئاسایی لەبەردابوو لەگەڵ ئەوەشدا باشتر دەڕۆیشت لەو سەربازانەی کە پێڵاویان لە پێدابوو) لەگەڵ ئەوەشدا کە قوتابیەکەی باسی لێوە دەکات حەکیمی ئەسینا لەسێ جەنگدا بەشداری کردووە و لە تەنگەتاوکردنی پو تبدیا لە ساڵی (٤٣١- ٤٣٠پ.ز) و هێرشی دیلبوم (٤٢٤پ.ز) و هەروەها خەڵاتی پێ دراوە و لەشەڕی پیلۆ پێشیاندا وەکو سەربازێکی پیادە لەبەر دیسپلینی خۆی و توانایی بەرزی لە جەنگدا. پرەنسیپی مێژوویی وامان لێ دەکات بگەڕێینەوە بۆ سێ سەرچاوەی بەهێز کە لەسەردەمی سوکراتدا ژیاون بۆ ئەوەی باشتر لە ژیانی سوکرات بگەین ئەوانیش (ئەرستۆڤان) کە شاعیرێکی گاڵتە جاڕو ئەدیب و ڕەخنەگربوو، دووەم ئەفلاتوون کە قوتابی سوکرات بووە و فەیلەسوفێکی ئایدیالی یۆنان و ئەدیبێکی گەورەی ئەسینا بووە، بەڵام سێیەم ئەکسانوفون کە پیاوێکی خاوەن هونەر بووە و هەندێ لەتوێژەران ناوی ئەرەستۆتالیس وەک سەرچاوەیەکی درەنگ وەخت باس دەکەن بۆ ناسینی ژیانی سوکرات- هەرسێکیان لەسەر ئەوە کۆکن کە سوکرات خەمی ئەوەبووە هەمیشە باسی ئەو ڕێگایەی کردووە کە دەبێ لێوەی تێپەڕین بۆ بنیادنانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ دەوڵەت. ئەویش دانانی کەسی شایستە لە شوێنی گونجاودا، هەمیشە هەوڵی چاکسازی سیاسی دەدا، یان لەڕێی گفتوگۆوە لەگەڵ خەڵکاندا هەوڵی داوە بۆ ئەوە، دەکەوتە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکاندا بۆ گەیشتن بە چەمکی (مرۆڤی چاکەکار)، سەر گوزشتەکانی خەڵکی ئەسینا وای دەگێڕنەوە کە سوکرات دەیوت: (خواوەند فەرمانی پێ داوم کە پەیامی فەیلەسوفیم کە گەڕانە لەنێو دەروونمدا و دەروونی هەموو خەڵکانێکدا بەجێی بهێنم، ئەی خەڵکی ئەسینا من کە ڕێزترتانم و خۆشەویستترتانم تا بەهێزم و ماوم لەژیاندا مل کەچی فەرمانی خوداوەندبم و لەکاری فەلسەفە و فێرکردنی فەلسەفە واز ناهێنم ئەمەش فەرمانی خوداوەندە) سوکرات خۆی بە فەیلەسووفی حەق دەزانی و تەنیا ڕاستی نەبێ نەیدەوت! سوکرات گفتوگۆکانی خۆی نەدەنووسیەوە کە بۆ قوتابییەکانی دەوتەوە، یان خەڵکەکە، لەبەر ئەوەی قینی لە نووسینەوە بووە و ئەوەی بە باش نەدەزانی لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی نەدەگەیاند. لای سوکرات وەک لە وێنەی سەیری نووسینەوەی دەکرد، ئەم هەڵوێستەی لەسەر زمانی ئەفلاتوون هاتووە ئەویش لەگفتوگۆیەکەی فیدرۆس کە دەڵێ «ئەوەی لەنووسیندا هەیە، ئەوەیە کە لەوێنەکێشان دەچێ، ئەی فیدرۆس ئەو شتانەی کە لەوێنە لە دایک دەبن لە بوونەوەرە زیندووەکان دەچن، بەڵام ئەگەر هەندێ

پرسیاری جددیمان خستە سەریان بێ دەنگیان پێوە دیاردەبێ، نووسینیش بەو شێوەیەیە باوەڕمان وایە کە هزر دڵخۆشە بەوەی دەیڵێت، بەڵام ئەگەر کەمێک وشە بخەینەسەر دێرێک لە دێرەکانی سوکرات بۆ ئەوەی ڕۆشن بێتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ شتێک ناگەیەنێت تەنیا ئەو شتە نەبێت کە هەمیشە هەمان شتە! ئەو هەڵوێستەی کە هەندێ لە خەڵکانی ئەسینا کە لەدژی سوکرات کردیان کە ئازاریان دەدا وای کرد کە ژیانی لە (٣٩٩) کۆتایی پێ بێت ئەویش بەدادگایی کردنی کە مێژوو نەیتوانی لەبیر خۆی و بیرمەندانی بەرێتەوە کە بە تاوانبارکردنی سوکرات بە (خوداوەندی شارەکە ڕەت دەکاتەوە و ناوی خوداوەندی تر دەهێنێ و خووڕەوشتی لاوان خراپ دەکات لەسەر هەموو ئەوانەوە کەسێکی سەیرە و درندەشە و لەنێو شتەکاندا دەگەڕێ ئەوەی لەسەر زەوییەو ئەوەی لەژێر ئاسماندایە!

داوایان کرد لە سێدارە بدرێ (بەوەی کە ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵی، تاوانی بێ باوەڕییەو ئەوەش بەسە لە دیدی یاسای یۆنانییەوە لەوساتەدا لە سێدارە بدرێ) ئەو سێ کەسەش بازرگان و سیاسەتمەدار (ئەنیتوس) و (میلنۆس)ی شاعیر و (لیقون)ی وتە بێژی بەناوبانگ بووە، یۆنانییەکان وای دەگێڕنەوە کە (ئەنیتوس)ی بازرگان پارەی داوە بە دوو هاوڕێیەکەی کە شتێ بکەن و تاوانەکەی بەرز بکرێتەوە بۆ دادگای باڵای ئەسینا (فرد تیلر) دەڵێ ئەو تاوانەی کە ڕووبەڕووی سوکرات کراوەتەوە (لەڕووی یاساییەوە تاوانێکە دژی دینی ڕەسمی دەوڵەتە هەر بۆیە کێشەکە دەچێتە بەر دەستی یەکێک لە پیاوە ڕەسمییەکانی دەوڵەت لە ئەسینا بەو پیاوەیان دەوت (پادشا) دووەمی ئەو نۆ کەسە دادوەرە بوون کە هەمووساڵێک ئەگەر ڕووداوێکی دینی ڕووی دابێت کە لە تایبەتمەندێتی ئەودا بێت کاری سەرەکیشی جەخت بوونەوەی بووە لەو بڕیارە تاوانبارکردنەی کە دارشتنە یاساییە ڕاستییەکەی نیشان کراوە و وەڵامی تاوانباری تێدا بنووسێتەوە لەسەر ئەو بڕیارە تاوانبار کردنە و وتەی شاهیدەکان لەهەردوو سەرەوە وەرگرێ و دوایی پێشنیازە سەرەتاییەکان بنووسێ و بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم دەستەی سوێند (خواران) و (تیلر) دەڵێ ئەمەش ئەو تەنیا ڕێگایە بوو کە هەر سێ کەسەکە توانیان سوکرات ژەهر خوارد بکەن، بەڵام لەودیو قسەکانیانەوە وێنەیەک لە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی شاردبۆوە کە ڕۆڵی تاوانبارکردنی سوکراتی پێ درا کە سوکرات لەبەرگری کردنەکەیدا هەڵوێستی خۆی نیشان دەدات بەرانبەر ئەو هۆکارانە، بەڵام هزری بێ باوەڕبوون کە پێی تاوانبار کرا لە ساڵی ٣٣٩پ.ز دادگا دەستەیەکی سوێند خۆرانی پێک هێنا کە ژمارەیان(٥٠٢) کەس بوون هیچ بیرێکی یەکەی کارو یەکەی هزری کۆی نەدەکردنەوە زۆربەیان لەو چینانە بوون کە لە سوکرات نەدەگەیشتن تەنانەت ئەو باوەڕەی کە سوکرات هەیبوو، هەربۆیە لەبەردەم دادگا هاواری کرد (ئەی خەڵکی ئەسینا) بێ ئەوەی ڕووبکاتە دادوەران دوای ئەوەی بڕیاری ژەهر خواردنی بەسەردا درا هیچ سەری سوڕنەما لەژێر لێوەوە ئەمەی وت کە هەمووان گوێیان لێ بوو (خەم بۆ هیچ شتێ ناخۆم لەبەر ئەوەی حەق وایە ئەوەم کردووە و ئەوەم وتووە) لە دادگای ئەسینادا وا باوبووە کە بڕیاری لە سێدارەدان لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا جێبەجێ بکرێت لەکاتی دەرچوونی بڕیارەکەوە، بەڵام ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو کاروانەیان دەکرد لە پەرستگای (ئەمولون) لە دوورگەی (دیلوس) بوون، سرووتەکە وابوو کە نەدەبوایە بڕیاری لە سێدارەدان جێبەجێ بکرایە تا کاروانەکە دووبارە دەگەڕایەوە، لەبەر ئەوهۆیە سوکرات خراپە بە بەندیخانەوە بۆ ماوەی مانگێک هاوڕێ و قوتابیەکانی سەردانیان دەکرد گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرد ڕۆژی نزیک بوونەوەی کاروانەکە هاتە پێش و هەندێک لە هاوڕێکانی چوون بۆ لای سوکرات وەک (ئەکریتۆن و ئەفلاتوون) پێشنیازیان کرد کەوا کاری بۆ جێبەجێ بکەن لە بەندیخانە ڕا بکات، یاساکانی ئەسینا هەڵهاتوو ناگرێتەوە، وەڵامی ئەوان بۆ ئەوەبوو کە (نایەوێ هەڵبێ وەک کۆیلە و لە یاسای وڵاتەکەی دەربچێت یاساکان شوورای دەوڵەتن لە سێبەریاندا خەڵکان تێ دەگەن و خۆشەویستی لەناویاندا بڵاودەبێتەوە ئەگەر خەڵکانی ئەسینا ستەمیان لێ کردووە بەچ مافێ ستەم لە یاساکان دەکات و بەبێ بایەخیان دادەنێ؟ دوای چۆن ڕابکات تا ئەوساتە لە وڵاتی ئەسینا نەچۆتە دەرەوە تەنیا بۆ جەنگی بەرگری کردنی لە ئەسینا نەبێت نەچۆتە دەرەوەی یۆنان، سوکرات بۆ هەر شوێنێک بڕۆشتایە کاری خۆی دەکرد لە گفتوگۆ و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی، چونکە بێ ئەو گفتوگۆیانە ژیانی مانایەک نەدەبوو خوداوەندیش تووڕە دەبوو ئایا

بیانییەکان سینگیان فراوانترە لە هاووڵاتییەکانی) کاروانەکە ئەرکی دینی خۆیان جێبەجێ کردو کۆتایی هات بە سرووتی دینی پەرستگای (ئەپۆلۆن) و ماوەی چاوەڕوانی گەڕانەوە کۆتایی هات. ئێوارەی پێش دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدان سوکرات لەگەڵ هاوڕێکانیدا کەوتە گفتوگۆ دەربارەی نەمری و فەلسەفەی مردن و بەهای ژیان، ڕووی گرژ نەبوو هێمنی لەسەر ڕوخساری هەبوو کە خۆرئاوابوو بەڕێوەبەری بەندیخانەکە هاتەلایی و بۆ ئەوەی سڵاوێکی دوا ماڵئاوایی ڕەسمیانەی لێ بکات و فرمێسک لەچاوەکانی وشک نەدەبوو بۆ ئازاترین و چاکترین مرۆڤ کە پێی سپێردرابوو دوایی کەسێک دەرکەوت کە جێبەجێ کەری بڕیاری دادگابوو بەخۆی و پەرداخێک ژەهرەوە، سوکرات کاسە ژەهرەکەی لێ وەرگرت و خواردیەوە لەبەر خۆیەوە ئەمەی وت (ڕۆیشتنێکی بەختیارانە بۆ جیهانێکی تر) قوتابییەکانی کەوتنە گریان بە دەنگێکی بەرز تا ژیانی کۆتایی پێ هات (ئەکریتۆن) هەردوو چاوی و دەمی داخست، سوکرات یەکەم کەس بوو کە توانی لەگەڵ هەموو توێژەکانی ئەسینادا مامەڵە بکات دەربارەی زانست و چارەنووسی مرۆڤ و ئامانجی ژیان و گەڕان بەشوێن شتەکان لەخۆیاندا و لە دیاردە و ڕووکەشەکانیانداو جەختی لەسەر ئەو پرسیاری ناسنامە و چۆنایەتی دەکردەوە بۆ خەڵکی ئەسینا دەدوا حیکمەتی بە ڕەگەزی گەڕان بەدوای زانستدا دادەنا بەدەست پێ کردنی لە ئاساییەوە بۆ تێکەڵاو و لە ئاسانیەوە بۆ ئاڵۆز دووڕێی بەکاردەهێنا لە پرنسیپەکەیدا بۆ دەرهێنانی مانا ڕاستییەکان یەکەمیان (ڕێ ون کردن) ئەوەش پرسیارێکە لەگەڵ دانانی نەزانیدا بۆ ئەوەی ڕاڕەوێک بێت و ڕاستی دەربکەوێ بەلادانی لایەنی نەزانین و هەڵە و لێڵی بەشێوەیەکی لۆژیکیانە دەگاتە قۆناغی دووەم ئەویش (لەدایک بوونە) بەشێوەیەک کە مانای دروست و تەندروست، یان ئەو سنوورە هەڵبهێنجێ لە هەمان پرسیارکەر، یان بەرانبەرەکەی لەوەشدا دەلالەت دەدۆزێتەوە کە خۆی هەیە کە عەقڵ دەتوانێت بیدۆزێتەوە و گوزارشتی لێ بکات بە (پێ داگرتن) کە لەبەشەوە سەردەکەوێ بۆ هەموو، هەروەها لەتاکەوە بۆ چۆنایەتی لەتیۆرێکی تێخوێندنەوە یەک لەدوای یەک پاڵپشت بەزانستی کەسایەتی خۆیەوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە هیچ بەڵگەیەکدا ڕاستی و هێز نییە ئەگەر خۆمان بەدەستی نەهێنین و نەیدۆزینەوە دواییش زانینی ڕاستییەکەی بەمانایەکی تر سوکرات زانستی ناوێ کە دەستەبەری دەکات، بەڵام ئەوانی تر وا لێ دەکات بە پێچەوانەی ئەوەوەبن! سوکرات هەموو ئامانجی ئەوەبوو کە هەڵوێستێکی ڕۆژژمێری بۆ دیدگای تاکەکەس بدۆزێتەوە بەرەو گەردوون کە بنەماکەی باوەڕبوونە بەوەی کە زانست بێ کارنابێ و بایەخی نابێ و ژیانیش کامڵ نابێت گەر مرۆڤ یەکەم جار لەخۆیەوە دەست پێ نەکات، دواییش کۆمەڵ هەموو چاکساز دەبن و بەمەش مەرامی کۆمەڵگای ئارام و باش پەیدادەبێ لەبەر ئەوەی ئارامی و باشی زانستە و ڕەزا لەتیش نەزانینە، هەربۆیە پەیڤە جوانە بەناوبانگەکەی خۆی وەک پێوانەیەک داڕشت بۆ کەرەستە و ڕەفتاری مرۆیی و لەم حیکمەتەدا کۆی کردەوە کە دەڵێ (خۆت بناسە) مانای ئەمەش نادۆزینەوە تەنیا بەگفتوگۆی جەدەلیانە نەبێت، بۆیە سوکرات لایەنگیری ئەوەبوو کە زانست لە کتێبدا نانووسرێ و نازانرێ، بەڵام لەناوەوەی دەروون دێتە دەرەوە بە سەپێنەرە ڕووتەکان نەبێت کە بەرانبەرەکەی مانا داواکراوەکان خۆیان دەدەن بەدەستەوە دوایی پەرەی پێ دەدرێت لە بۆچوونێکەوە بۆ بۆچوونێکی دی، تا دەگاتە بۆچوونە ڕاستییەکان، یان بە جۆرێکی تر دەگاتە کۆی دەلالەتەکانی ئەو شتانەی دەپشکنرێن. کەواتە ڕوونی بنەمایەکی سەرەکییە لە ڕێبازی زانستخوازی سوکراتیدا ئەو زانین و زانستە هەرچییەک بێ، یان وەک حەکیمی ئەسینا سوکرات خۆی دەڵێت: (تۆ بۆ ئەوەی بزانیت دەبێت بەڕاستی کاربکەیت بۆ ئەوەی کاری ڕاستی بکەیت دەبێت زانین تێ بگەیت لە وردبینی و گشتی ماناکانیدا کە پێوەندە بەچەمکە ڕەهاییەکانیەوە) ئەم هەڵوێستە پێشینانەی تەنیا بینای ڕێبازێکی فەلسەفی تەواویان پێک نەهێنا، بەڵکو زۆر لایەنی تری بینا کرد بەمەش بووە سەرهەنگی یەکەمی ئەو ڕێبازە فەلسەفیانەی کە دوای خۆی پەیدابوون سوکرات لەگەڵ ئەفلاتوون و ئەرەستۆدا سێ گۆشەی هزری یۆنانیان پێک دەهێنا ئەو سێ گۆشەیەی کەبە مەترسییەکی گەورە دادەنرا لە پێشکەوتنی فەلسەفەی مەبەستداریدا، دەبێ ئەوەش بڵێین کە سوکرات فەلسەفەی کردە دوو لق پێش خۆی و دوای خۆی بەمەش وەک هەڵگری نامەی مرۆڤایەتی ناسرا لە واقیعیش ڕاناکەین ئەگەر بڵێین کە (دایەلۆگی بەرگری)یەکەی، وتەکانی بەقەڵەمی گەورە فەیلەسووفی یۆنانی ئەفلاتوون

نووسراوە، بەڕاستی سوکرات بەمانا فەیلەسووفێکی سادەبوو لەژیانیشیدا هەروا بووە، فەیلەسووفی هاوچەرخ هایدگەر دەڵێ: (سوکرات پاکژترین بیرمەند بوو کە ڕۆژئاوا لێی لە دایک بوو هەر بۆیە هیچی نەنووسیوە) لەوانەیە سوکرات بەنهێنیترین کەسی هەموو مێژووی فەلسەفە دابنرێت هەرچەندە یەک دێڕیشی نەنووسی سەرەڕای ناشیرینی سوکرات، بەڵام لە جەوهەردا (پڕ لە جوانی بووە) هەروەها دەیانگوت (هەر چەندێک لەکاتی ڕابردوو ئێستادا بگەڕێین هەرگیز وێنەی یەکێکی تری وەک سوکرات نادۆزینەوە) لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ چالاکییە فەلسەفیەکانیدا بڕیاری کوشتنی دەرکرا، نزیکەی (٢٥٠) ساڵە سروشی بە بیرکەرەوەکانی ئەورووپا بەخشیوە سوکرات هەوڵی نەدەدا کەشت فێری خەڵکی بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە وا خۆی نیشان دەدا کە دەیەوێت شتێک لەبەرانبەرەکەیەوە فێربێت، هەروەک خۆشی دەڵێت: (بەهیچ شێوەیەک مامۆستای کەس نەبووم) ئەمە بە نهێنی بیری سوکرات سەیر دەکرێ و سوکرات بەشێوەیەکی گشتی بە پرسیار دەستی پێ دەکرد و بەشێوەیەک خۆی نیشان دەدا کە هیچ نازانێت پاشانیش لەگەڵ بەردەوامبوونی لێدوانەکەیدا وای لە بەرانبەرەکەی دەکرد و خۆی لایەنە لاوازەکانی بیرکردنەوەکانی خۆی ببینێت، دواجار بەرانبەرەکەی لە قوژبنێکدا قەتیس دەکرد و ناچاری دەکرد بە چاوی خۆی هەڵە و ڕاست ببینێت، سوکرات بەخۆ نیشاندانی وەک نەزانێک خەڵکانی بەرانبەری ناچار دەکرد مێشکیان بخەنەکار ئەو دەیتوانی وا (خۆی نیشان بدات) کە هیچ نازانێت، یان وایدەرخات کە لە بەرانبەرەکەی بێ عەقڵترە ئەمەش (ئایرۆنی سوکراتی) پێدەڵێن بەم شێوەیەش هەمیشە دەیتوانی پەنجە بۆ لایەنە لاوازەکانی تەرزی بیرکردنەوەی ئەسینایییەکان ڕابکێشێت، لەکاتی دادگایی کردنیدا دەیتوانی داوای بەزەیی لەلایەنی کەمەوە بە بەجێ هێشتنی ئەسینا دەیتوانی خۆی قوتار بکات، بەڵام ئەگەر ئەوەی بکردایە ئەوسا نەدەبووە سوکرات، سوکرات جەختی لەوە دەکرد کە بۆ چاککردنی کۆمەڵگا هەوڵ دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حوکمی لە سێدارەدانی دەرکرا، بۆچی دەبوایە سوکرات ژەهر خوارد بکرایە؟ ٢٤٠٠ساڵە مرۆڤ ئەم پرسیارە دەکات، هەم سوکرات هەم مەسیح بەلای خەڵکانی سەردەمەکەیانەوە وەک مرۆڤێکی پڕ نهێنی تەماشا دەکران هیچیان بەدەستی خۆیان پەیامەکەیان نەنووسیوە لەڕێی شاگردو قوتابییەکانیانەوە زانیاریمان دەست دەکەوێ دەربارەی ژیان و بیروباوەڕیان خاڵی هاوبەشیشیان ، هەردووکیان بەهۆی چالاکیەکانیانەوە ژیانیان لەدەست داو بەسەر بەرزییەوە پێشوازیان لە مردن کردو هەزاران قوتابی و شاگردیان تەنانەت پاش مردنیشیان لەخۆیان کۆکردەوە هەردووکیان خاوەنی جۆرە پەیامێک بوون کە پابەندبوون بە جەربەزەیی کەسایەتیانەوە، (شیشرۆ) گوتی (سوکرات فەلسەفەی هێنایە ناوماڵەکان و خەڵکی ناچارکرد بیر لە ژیان و دابونەریت و باش و خراپە بکەنەوە)

## دانایی سوکرات

نازناوی دانایی سوکرات خۆی بۆ خۆی هەڵی نەبژارد، یان خۆی بەزۆر سەپاندبێتی بەسەر خەڵکداو خۆی بە دانا زانیبێ، بەڵکو لەلایەن خواوەندەکەیەوە (دیلفی) پێی بەخشراوە، هەربۆیە سوکرات دانایی خۆی بە شۆرەتێکی خراپ بۆ خۆی لە قەڵەم داوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ خوداکەی کە دیلفیە، سوکرات خۆی دەڵێ: (ئەو دەربارەی دانایییەکەی من بۆتان دەدوێت) دەڵێ: (چونکە من داناییم نییە نە کەم نە زۆر) دەڵێ: (هەر چۆنێک بێت ئەو خوداوەندە و درۆ ناکات، چونکە درۆ کردن دژی سروشتی خوداوەندان دەبێت)، ئەو نازناوەی لە خوداوەندەوەی وەرگرتووە خوداوەندیش لای یۆنانییەکان درۆزن نەبووە و سوکراتیش دانای ئەسینابووە، بەڵام سوکرات ویستی بۆ خوداوەندەکەی ڕوون بکاتەوە کەسانی تر هەن لەو داناترن، هەربۆیە چووە لای هەندێ کەس ئەوانەی کە خۆیان بەدانا تر دەزانی لە سوکرات، بەڵام بێ هوودەبوون ئەوانە هەموویان گەمژەبوون و ئەم دانابووە بەمەش زۆر لە خەڵکانی کردە دوژمنی خۆی، چونکە ئەوان خۆیان زۆر بە دانا دەزانی و لاف و گەزافی داناییان لێ دەدا لە هەمان کاتدا هیچیان نەدەزانی هەربۆیە وتی (ئەو پیاوانەی لە شۆرەتیان لە هەمووان زیاترە، ئەوانە بگرە لە هەموو کەس گەمژەترن، بەڵکو خەڵکێکی لەوان نزمتر بەڕاستی داناترو باشتربوون) سوکرات لەسەر تەمبەڵی و نەزانینی کۆمەڵگای ئەسینا ناچاربووە خۆی لە خەڵکی ئەسینا جیابکاتەوە کە تووشی ئازار و ئەشکەنجە بووە لەسەر ئەو بیروباوەڕەوەو بەهۆیەوە هەژارو نەدار بووە و هەروەک چۆن خۆی دەڵێ (شوورەیی ئەوەی مرۆڤ لافی زانینی شتێک لێ بدات کە

نایزانیێت؟ منیش تەنیا لەمەدا بڕوام وایە کە خۆم لەخەڵکی تر جیا بکەمەوە لەوانەشە هەر بەمەندە بتوانم بڵێم من لەوان داناترم، چونکە شتێکی کەم لە جیهانی ژێرەوە دەزانم گریمانەی ئەوە ناکەم کە دەزانم، بەڵام بڕوام وایە کە نادادپەروەری کردن و یاخی بوون لە شتێک کە باشتر بێت چ مرۆڤ بێت، یان یەزدان شتێکی خراپ و ناشکۆمەندانەیە، بۆیە من هەرگیز لە چاکەی شیاو ناترسم و خۆمی لێ لانادەم بۆ خاتری خراپەیەک کە بە دڵنیاییەوە هەیە) سوکرات مرۆڤێک بووە پڕ بە قاڵبی خۆی حیکمەت و فەلسەفەی لێ باریوە پڕ بە وشەی دەمی خۆی ناسیوە و ویستوویەتی خەڵکان خۆیان بناسن و لەسەر ڕێبازی خۆی لای نەداوە و بەرگری کردووە لە بیروباوەڕی خۆی تا مردن و ڕێبازی خۆی نەگۆڕیوە، بەڕاستی کەم کەس هەن ڕێبازی خۆیان نەگۆڕیبێ هەربۆیە مێژووش بەنهێنیترین کەسایەتی ئەسینا باسی دەکات و ئەگەر باسی فەلسەفە بکرێت دەبێ باس لە سوکرات بکرێت دەنا فەلسەفە بێ بنەمای هزری دەمێنێتەوە، وەک خۆی دەڵێت: (هەرگیز ڕێبازەکەی خۆم ناگۆڕم تەنانەت ئەگەر پێویست بکات چەند جارێکیش بمرم)

کۆمەڵگای ئەسینا قینی لەو مێشە ئەسپینە بوو کە بە خەبەری دەکردەوە بەگیزە گیزی لەلای خۆیەوە سوکرات بە گیزەگیزی ئەسپی تەمبەڵی کۆمەڵگای ئەسینا بە خەبەر دینێت و لەو خەونەی ڕای دەپەڕێنێ بۆ ئەوەی خۆی بناسێ، بەڵام لای کۆمەڵگای ئەسینا سوکرات ئەو مێشە بوو کە بەگیزە گیزی ئەمانی بێزار دەکردو لەخەو ڕای دەپەڕاندن هەربۆیە دەبوایە (سوکراتی مێش) ژەهرخوارد بکرایە، ئەمەش دەرهاویشتەی ئێرەیی بردن بوو بەعەقڵی سوکرات، سوکرات ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە لەسەر ڕێبازەکەی خۆیی و ڕێبازەکەی خۆی ناگۆڕێ ئەگەر پێویست بکات چەند جارێکیش بمرێ، بەڵام دەیەوێ بژی بۆ ئەوەی هەمیشە کۆمەڵگا لە خەو ڕاپەڕێنێت و بێتەوە سەرخۆی و غاربداتەوە بە ئەسپە تەمبەڵەی ئەسینا بۆیە ئامۆژگاری ئەسینیەکان دەکات بە نەمردنی، کەواتە پێشبینیان دەداتێ بۆ هەستانەوەیان، بەڵام ئەسینیەکان گوێ بەو مێشە نادەن وەک ئەوەی یاسایەکی سروشتی بێت ئەو مێشەی خەڵک لە خەو هەڵدەستێنێ، دەبێ بکوژرێ، چونکە بە خەبەر دەکاتەوە و نایەڵێت بخەون، یان هەروەک خۆی دەڵێ: (من ئەو مێشە ئەسپینەیەم کە یەزدان نووساندوویەتی بە شارەکەوە هەموو ڕۆژێک و لە هەموو شوێنێک هانتان دەدەم، دنەتان دەدەم، قایلتان دەکەم و سەرکۆنەتان دەکەم ئێوە بە ئاسانی کەسێکی تری وەکو من نادۆزنەوە هەربۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم کە بمهێڵنەوە دەوێرم بڵێم ڕەنگە هەست بە کەللەیی بوون بکەن (وەکو کەسێک کە لەناکاو لەخەو ڕاپەڕێندرابێت) بیر لەوە بکەنەوە کە بە سانایی بەرەو مەرگم بنێرن ئینجا ئەو ماوەیەی لە ژیانتا ماوتانە بچن بنوونەوە تا ئەوکاتەی یەزدان بە بەزەیی خۆی مێشە ئەسپینەیەکی ترتان بۆ بنێرێت) سوکرات باش دەیزانی کە بە خەبەر کردنەوەی ئەسپی تەمبەڵ لەو خەوە دوژمنایەتی بۆ خۆی پەیدا دەکات لەلایەن هەموو کەسێکەوە بەتایبەتی دەسەڵاتداران، چونکە لەبەرژەوەندیاندا نەبووە ئەسینا بەخەبەر بێتەوە دەشیزانی بەرەو مردنی دەبات، یان بەرەو ڕووخاندنی دەبات، ئەگەر بڕووخێ، بەڵام وەک پەیامبەرێک ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و لە فەرمانی خوداوەندەکەی دەرنەچووە، وەک دەڵێ: (من باش دەزانم کە چەند دوژمنایەتیم بۆ خۆم خولقاندووە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ڕووخاندنی من ئەگەر بڕووخێم سیلیستۆس نا هەروەها ئانیتۆسیش نا، بەڵکو ئەو قین و ئێرەییەی جیهانە کە بووەتە هۆی مردنی چەندان پیاوی باش هەروەها ڕێی تێدەچێت ببێتە هۆی مردنی زۆری تریش مەترسی ئەوە لە گۆڕێ نییە کە من دوا هەمینیان بم) دوا وشەی لە دادگاییەکەیدا دەڵێ: (من بۆ مردن و ئیوەش بۆ ژیان کە تەنیا خوداوەند دەزانێت کامیان باشترە) دادگا پێک دادەرێ لەنێوان کۆمیدیا و تراژیدیەتدا قازی دەبێتە تاوانبار و تاوانبار دەبێتە قازی، سوکرات دەڵێ: (ئێستا من لێرەدا دەردەچم و بڕیاری مردن بەسەرمدا دراوە ئێوەش بەناوی ڕاستییەوە بڕیار دراوە بە سەرتانا وەکو دڕندە و تاوانباران).

## سوکرات و (کەسانتیپ)ی ژنی

(کەسانتیپ) ئەو ژنە هەژارە بووکە سوکراتی مارە کرد بۆ ئەوەی کاری بۆ بکات و نانی بۆ پەیدا بکات و بیژێنێ (ئەلیپیاد) لەوەڵامی سوکرات دەڵێ: (کەسانتیپ) بەلایەوە وابوو کە شووی بە پیاوێکی کارگوزار کردووە بە ڕەنجی شانی خۆی نان پەیدا دەکات و پارەی دەست دەکەوێ و دەیهێنێتەوە بۆ ژنەکەی تا خۆی و منداڵەکانی پێی بژی، بەڵام ئەمڕۆ خەریکی ئەوەیە هەموو کەسێک تێبگەیەنێت کە تۆ پیاوێکی بێ کارەیت و ڕۆژگاری

خۆت بەوەوە بەخت دەکەیت کە لەگەڵ کوڕاندا گفتوگۆ بکەیت و بەخۆشییەوە ڕاببوێریت نەک خوو بدەیتە کارو فرمانێک کە خۆت و ژن و منداڵی پێوە بەڕێوەببەیت، (کەسانتیپ) ئەو ئافرەتە بێ هۆش و گەوجە بوو کە سوکرات مافی بەخۆی نەدەدا وای پێ بڵێ، بەڵکو (کەسانتیپ) دەیویست سوکرات قەسابێک بوایە، یان نانەوایەک بوایە و ژیانی ڕۆژانەی ماڵ و منداڵی بۆ دابین بکردایە (کەسانتیپ) لەسەر زاری (ئەلیپیاد)ی هاوڕێی سوکرات دەڵێت: (من ژنێکی هەژارم و پیاوێکم دەوێ کاربکات و نانم بۆ پەیدا بکات نەک پیاوێکی وا هەر خەریکی ڕاستی پەرستی بێت)، (کەسانتیپ)ی ژنی دەیویست بە بەشی خۆی دڵخۆش بێت و بژی و چاوەڕێی دەستی سوکرات بکات بۆ بژێوی ژیان، بەڵام سوکرات ئەو پیاوە نەبوو کە بە ڕەنجی شانی خۆی و کاری ڕۆژانەی خۆی ژنەکەی و منداڵەکانی بەخێو بکات، بەڵکو سوکرات لەژێر سێبەری ژنێکی وادا نەبوایە نەیدەتوانی خەریکی بیرکردنەوەی خۆی بێت هەروەک خۆی دەڵێت: (من پیاوێکی خاوەن بیرکردنەوە و لێکدانەوەم، داماوی ژنێکی وام کە بێ دەنگ و ڕووخۆش بێ و دڵی خۆش بێت بە بەشی خۆی، چونکە لەژێر سێبەری ژنێکی وادا نەبێ، ناتوانم خەریکی بیرکردنەوەی خۆم ببم) سوکرات دەیوت ژنەکەم وەکو هەور وایە دەیکردە گرمەگرم و دواییش بە خوڕ دادەباری، سوکرات کەین و بەینی خۆی و ژنەکەی لەژنە مریشک فرۆشەکەدا دەبینی ئەوکاتەی ژنە مریشک فرۆشەکە دانی دەدا بە مریشکەکان و هێلکەیان بۆ دەکرد و ئەوکاتەی مریشکەکان هێلکەیان نەدەکرد و ژنەکەش سەریانی دەبڕی، ئەوکاتەی مریشکەکە هێلکەی دەکرد ئەوا بەلای ژنەکەوە باش بوو، بەڵام کە مریشکەکە هێلکەکەی دەخوارد ئەوا (ناپاک دەبوو) مریشکەکەش بە هەمان شێوە ژنەکەش بەلای مریشکەکەوە باش بوو، چونکە دانی دەدانێ، بەڵام ژنەکە دەستی بۆ بردو سەری ببڕێ لای ئەو بوو بە (ناپاک) ئەوکاتەی سوکرات ژەهر خوارد کرا، ژن و منداڵەکانی لە ڕۆژی پێش مردنی هاتن بۆ لای، بەڵام لەکاتی مردنیدا لەوێ نەبوون و ئامادە نەبوون، لە دوا وتەکانی ژیانی ڕوودەکاتە (ئەکریتۆن) و دەڵێ: «قەرزاری کەڵەشێرێکی (ئەسکلبیوس)م دەتوانیت ئەو قەرزەم بۆ بدەیتەوە و لەو کارە کەمتەرخەمی نەکەیت»، (ئەکریتۆن) وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: (ئەوە جێبەجی دەکرێ، ئایا هیچ شتێکی ترت هەیە) بەڵام سوکرات وەڵام ناداتەوە گرنگ ئەوەبوو سوکرات مرد بۆ ئەوەی خەون نەبینێ هەروەک خۆی وتی، سوکرات مرد، مردو خەون نابینێ بە خوداوەندێکی ترەوە، ئەو مرد بۆ ئەوەی کەس لە تەمبەڵی و خەو بێدار نەکاتەوە، مرد بۆ ئەوەی ئەسینییەکان بە ئیسراحەت و بێ ئەوەی مێشەکە بێزاریان بکات بخەون و هەڵنەستنەوە و بە خەبەر نەیەنەوە، بەداخەوە ئەی خەڵکی ئەسینا سوکرات مرد، بەڵام بووە ئەو مێشە ئەسپینەیەی کە هەمیشە لە ئەسپە تەمبەڵەکە نەبێتەوە و ناوی لێ بنێن مێشە ئەسپینە، واتا تا هەتا هەتایە هیچ کۆمەڵگایەک نەک ئەسینا ڕزگاری نابێ لەو مێشانە، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەو مێشانە ڕزگاریان نابێت! کەوابێ سوکرات نەڕۆیشت بۆ جیهانێکی ترو نەمرد، بەڵکو بووە مێش و خوداوەندیش کەسێکی وەک سوکراتی دانای دروست نەکردەوە.


**سەرچاوەکان:**

**١- الموسوعة الفلسفية المختصرة/ نقلها عن الانجليزية فؤاد كامل جلال العشري- عبدالرشيد الصادق بغداد، ١٩٨٣.**

**٢- فلاسفة يونانيون من طاليس الى سقراط- الطبعة الثالثة، د. جعفر آل ياسين، بغداد، ١٩٨٥.**

**٣- ما الفلسفة/ سليم دولة- تونس (بێ مێژوو).**

**٤- نهێنی کۆنترین مێژوو-أ. گەرێۆفسکی، جەلال تەقی لە ڕووسییەوە کردوویە بەکوردی، چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی، ١٩٨٠.**

**٥- جیهانی سۆفیا- یۆستاین گاردەر، وەرگێڕانی لە دانیمارکیەوە بەهرۆز حەسەن، سلێمانی، ٢٠٠٢.**

**٦- گفتوگۆی گەورە پیاوان- نووسینی پاول ئەرنست، وەرگێڕانی بۆ کوردی شاکر فەتاح، بغداد، ١٩٨٤.**

# له سەنبوله بەزۆر دروستکراوەکان بترسن

**خۆشناو مەریوانی**
**(سلێمانی)**

فەلسەفە لە بنەڕەتدا میتۆدی بیرکردنەوەیە. مەنهەجی فەلسەفە هیچ نییە، جگە لە ڕەنگدانەوەی هەموو یاساکانی سروشت و دیاردەکانی ژیان و هوشیاری، لەم حەقیقەتەدا (١). لەم ڕوانگەیەوە لە مێژووی ئادەمیزاددا، زۆرکەس بەشداری لە کۆششی زانستی و فەلسەفەدا کردووە. کەسانێکی وەک هێگڵ لە سەدەی نۆزدەیەمدا مامۆستای فەلسەفە بووە، جگە لەوە بەشدارییەکی زیندووانەی لەم بوارەدا کردووە. ئەگەر بەرهەمی فەلسەفە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئێستا، هەڵسەنگێنین بە سەدەکانی پێشووی مێژووی ئادەمیزاد، دەبینین، لە ماوەی ئەم دووسەد ساڵەی ڕابردوودا، فەلسەفە کاری زۆر تێدا کراوە، کەسانێکی زۆر لە خزمەتی فەلسەفەدا کاریان کردووە. لەم نووسراوەدا، نامەوێت ڕێبازە فەلسەفییەکان بژار بکەم، بزانم کام ڕێبازیان لە حەقیقەتدا ڕێبازێکی فەلسەفین، چونکە ئەمەنە مەبەستی نووسراوەکەمە و کاری تاکە کەسێکیش نییە.

ئەوەندە دەڵێم: ئەگەرچی چەندان جۆر ڕێبازی فەلسەفی هەبن، بەلای هێگڵەوە تەنیا یەک ڕێبازیان بە فەلسەفە دەزانێت.

هەروەها خودی خۆی دەڵێت؛ هەرکەسێک کاری بیردۆزی کرد، مانای ئەوە نییە کە فەیلەسووفە.

لە ژێر تیشکی ڕووناکی ئەم ڕاستییانەدا، ستالین دوا بەدوای لینین، بە ناوی مارکسیزمەوە، پەیڕەوی فیکرۆکەیەکیان دەکرد، ناویان نابوو، فەلسەفە، یان فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکی. ئەم فیکرۆکەیە (لە سەرەتای سەدەی بیستەوە)، پارتی بۆلشەفیک، هەندێک لە پارتە چەپڕەوەکانی ئەورووپا، دواتر دەوڵەتێکی وەک یەکێتی سۆڤییەت ڕێکلامی بۆ دەکرد و پەیڕەوی میتۆدی ئەم بیرۆکەیە بوون. نزیکەی سەدەیەکە،

گەلێ کەس و پارتی سیاسی و دەوڵەتان، پەیڕەو و پرۆگرامی کاری سیاسی و فیکرییان بەم میتۆدە بووە، کە بووە هۆی زەرەرێکی هێچگار گەورە لە بیری مرۆڤایەتی. دەتوانم بڵێم کۆمەڵی مەدەنی پێویستی بە کاتێکی هێچگار زۆرە، تا لەم مۆتەکەی بیرۆکەیە ڕزگاری بێت. لەم نوسراوەدا بە پێویستی دەزانم، هەندێ وشە، کە پێوەندی بە بابەتەکەمەوە هەیە، بۆ ئەسڵە مێژووییەکانیان بگەڕێنمەوە.

هەروەها بزانین چۆن؟ هەندێ زاراوەی فەلسەفی لە مانا بنەڕەتییەکانیان بۆش کراون. دواجار بۆ بەرژەوەندی تایبەت و دژی کۆمەڵ پیادە کراون. لەم زاراوانەی کە بە لامەوە گرنگن، زاراوەی ماتریالی و دیالیکتیکە.

لینین ئەم دوو زاراوەیەی بە ئەنقەست لە یەک موتوربە کردن، کە ئەنجامەکەی بیرۆکەیەکی لێ بەرهەم هێناون ناوی ناون ماتریالیزمی دیالێکتیکی، یان فەلسەفەی «مارکسیزم» . دەتوانم بڵێم؛ ئەم موتروبەکردنە، لە سەرانسەری جیهاندا سەرەتای بنچینەی تەبریری درۆ و غەدرە مێژووییەکانی سەدەی پێشوو و ئەم سەدەیەمان بوون. ئەوەندەی شارەزای بابەتەکانی مارکس بم لە هیچ نووسراوێکیدا، زاراوەی ماتریالیزمی نەخستۆتە پاڵ دیالیکتیکەوە. بە باشی دەزانم کە نووسراوەکە، بە شیکردنەوەی ئەم دوو زاراوەیە دەست پێ بکەم. بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێکم بێت، کە دژی تێزەکانیان زانستییانەتر بنووسم. ئاسانتر ڕای خۆمیان لەسەر شی بکەمەوە. چونکە بۆ پێشێلکردنی بزووتنەوەی مێژووی لێکدانی ئەم دوو زاراوەیە، زیاد لە سەدەیەکە، هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان بە کاریان دەهێنن.

بە پێویستی دەزانم لە ئاکامی مەنهەجی فکریان، خوێنەر ئاگادارکەم، کە لە سەرەتای سەدەی پێشوودا لینین و هاوبەندەکانی فیکرۆکەکەی (ماتریالیزمی-دیالیکتیکی) مەنهەجی فیکر و پەیڕەو و پرۆگرامی سیاسی و ئابووریان بوون. کە ئەم فیکرۆکەیە لە پراکتیک کردنیدا بووە قەڵایەکی ئاسنینی مەحکەم، کە لە ناویدا قەڵاچۆی کام دیاردەی جوان بوو، کردیان.

مارکس هەرگیز ئەم دوو وشەی لەپاڵ یەکتردا بەکار نەهێناون. دەشێ دیالیکتیکی مێژوویی، یان ماتریالیستی مێژوویی لە نووسراوەکانیاندا بەرچاو بکەون. بەڵام هەرگیز، زاراوەی ماتریالیزم و زاراوەی دیالیکتیکی بەیەکەوە نەنووسیون و بەکاری نەهێناون. کەسانێکی وەک لینین، ستالین و زۆرکەسی تر توانیویانە درۆیەکی فەلسەفی وا گەورە، بە ناوی مارکسەوە، یان بە ناوی فەلسەفەوە بکەن. ئەو درۆیەش بە گۆترە نەکراوە، دوو زاراوەی فەلسەفی وەک ماتریالیزم و دیالیکتیک بلکێنن بەیەکەوە ناوی فەلسەفەی لێ بنێن. زۆر ئارامانە و وشیارانە ئەم کارەیان ئەنجام داوە. بۆ پاکانەی مەنهەجی ئابووری و سیاسییان. بەم ئامرازی فیکرییە توانیان بەڵگە و پاساوی فەلسەفییان پێبێت. بتوانن ئامانج و بەرهەمی شۆڕش، بکەنە خۆراکی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری ئاسنینی سوپایی. تا سێ چارەکە سەدە بەناوی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی سۆسیالیستی، یان (سەرمایەداری دەوڵەتی)یەوە. کامەی خراپە کە لە حیساب نایەت بە مرۆڤی بکەن. یان دروستتر، سەرمایەداری دەوڵەتی بێنە گۆڕ و ناوی کۆمۆنەی یەکگرتووی لێبنێن. دواتر بووە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای (سۆڤییەتی) یەکگرتوو.

میتۆدی فەلسەفەی ئەم دەوڵەت و پارتە سیاسیانە ماتریالیزمی دیالیکتیکی ناونرا. ناوەرۆکی مەنهەجی فەلسەفییان جیاکردنەوەی (بیر و واقیع) بوو. بە پێوەری ئەم فیکرۆکەیە، واقیع یان مادە قەراری فیکر دەدات. بە سەدان قوتابخانەی دەوڵەتی و فێرگەیان بۆ ئەم مەبەستە کردبۆوە. سالانە لە سەرانسەری جیهاندا بە هەزاران کادێری نوێی گۆشکراو بە ئەزموونی فیکرۆکەکەی (ماتریالیزمی دیالیکتیکی) ئامادە دەکران.

بە گوێرەی بەرژەوەندییەکان، ئەم تێورییە بەسەر هەچ ڕواڵەتێکی کۆمەلایەتی و سیاسیدا هەبوو ئەزموون دەکرا، کە بڕیار بە دەست واقیع بوو. هەزاران هاوڕێی شۆڕش لە زیندانەکاندا بە ئەمری واقیع لە ناوبران و تیرۆرکران. یان بە ئەمری مادە کە تەنیا بڕیاری کۆتایی بە دەستە لە ناوبران. جگە لەمانە چەندان جەنگی ناعادیلانەیان دژی گەلان و وڵاتان بەرپا کرد و چەندان پەیمانی ئابووری و سیاسی بە قازانجی چینی سەرمایەدار و داگیرکەر بەست. کە واقیع لە کۆتاییدا هەر خۆیان و بیرکردنەوەی خۆیان بوو. بیری گەندەڵیان بە ناوی فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکییەوە پێش واقیع خستبوو. زۆر لەسەری نەڕۆم، بە کورتی و کرمانجی، مادە پێش فیکر بکەوێت، یان بە پێچەوانەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، جیاوازییان نابێت. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، کە مادە پێش بیر بکەوێت، یان بیر پێش مادە بکەوێت دەماری بڕبڕەی پشتی بیری شۆڤێنییە و عەقڵییەتی تەسلیم بوونە. ئەگەر ماوەم بدەن دەتوانم

تێزەکەم شی بکەمەوە.

پێش و پاش خستنی فیکر و مادە، هەر هەمان واتا دەبەخشێت ئەویش مراندنی ڕەهایە. نە تەجریدە و نە ئەبستراکتە. هەندێ ئەنتەلکتوێل دەڵێن؛ بۆ تەجرید و تەشریح ڕەها دەمرێنین. ڕاستە بۆ شیکردنەوەی دیاردەیەک، تەشریحی واقیع دەکرێت. بەڵام ئەمەی ئەمان دەیکەن بە بیری لنگەوقوچیان، بە ناوی فەلسەفەی مارکسیزمەوە واقیعێک لە مێشکیاندا بینادەکەن، کە بەرژەوەندی خۆیانە، کە هیچ نییە تەنیا شێواندنی ڕاستییەکان نەبێت.

چونکە ڕاستە ڕەهایەکە (وحدانیة) و لە هەمان کاتدا دوو پۆلە. هەردووکیشیان بە دژایەتی یەکتر دەژین و بە ململانێی یەکتر وەحدانین (یەکێتین). ئەگەر هەر کامێکیانمان پێش و پاش خست، بنەڕەتی یاسای دیالیکتیک ڕەچاو ناکەین. هەروەها ئەم دوو پۆلە لە دژایەتییەکی سیمیترکی (Symetrique)، بە ڕابەرای یەکساندان، ناکۆکن و یەکگرتووی کامڵن. ئەم پرۆسیسە پێی دەڵێن؛ تەجریدی یان بە زبانی لاتینی(abstracts). نەک پێش و پاشخستنی دوو پۆلی دژوار، کە یەکگرتوون و «یەکن». واتە هۆی وجودیان ناکۆکییە، هۆی ناکۆکیشیان وجودیانە.

(بیر و مادە) لە یەک جودا ناکرێتەوە. چ مادە بڕیاری بیر نادات، چ بیر بڕیاری مادە نادات. هەرکامێکیان لە پێش یان لە پاش بێت، هیچ نییە، تەنیا شێواندنی واقیع و بیر نەبێت. جگە لەوەی کە هۆش لە (کات و شوێنی) مێژووی خۆیدا، سەنگی هەیە.

بۆ ئەم جیاکردنەوە و لەیەک پچڕاندنە، نموونەیەکی زیندوومان هەیە. هەندێ «خوێندەواری» کورد لە خەڵکی وا دەگەیەنن، تا ئابوورییەکی بەهێزمان نەبێت، ناتوانین ئەنجومەنێک یان دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێت. یان ئاسانتر، تا ئابووری بەهێزمان نەبێت، دەوڵەتی سەربەخۆمان نابێت. ئەم جۆرە بۆچوونە، جیاکردنەوەی بیرە لە واقیع. تەنیا تەماعی توێژێکی کۆمەڵی کوردەوارییە، کە یەک دەگرنەوە لەگەڵ هەندێ لە دیکتاتۆرەکانی دەوڵەتە دراوسێکانمان. ئەگەر بەم پێوەرە فیکرییە سەیری ژیانی کۆمەڵایەتی بکەین، یاسای دیالێکتیک چەوتە. چونکە لە ڕوانگەی فەلسەفەوە هیچ کامێکیان بە بێ یەکتری هەنگاوێک ناچنە پێشێ. ئابووری مەحکەم بیری مەحکەم و ئازادی بیرکردنەوەی گەرەکە. مەنهەج و نەخشەی سەربەخۆیی زانستییانەی گەرەکە. چۆن میللەتێکی ئازاد دەتوانێت ئابوورییەکی ئازاد و بەهێزی هەبێت؟ ئەگەر نەخشە و بەرنامەیەکی ئازادی نەبێت. چۆن میللەتێک پارە و ماڵ و موڵکی لە ژێر چنگی کەسانێکی تردا بن، بە مەرجێ ئەو کەسانە دیکتاتۆر و نازانست و لاهووتی بن، دەتوانن ئابوورییەکی سەربەخۆیان هەبێت!!.

مادە و بیر لە مەنهەجی دیالیکتیکی وەدەردێنن، بە تەنیا ناوی فەلسەفەی ماتریالیستی لێدەنێن. بە جودا دەیکەنە فەلسەفەیەکی تر. وەک خۆیان دەڵێن فەلسەفەی ماتریالیزمی ڕێبازی فیورباخ، لەگەڵ فەلسەفەی دیالیکتیکی ڕێبازی هێگڵیان بەیەکەوە گرێداوە. ئەدی بە گوێرەی تێڕوانینان، فەلسەفەی هێگڵ ئایدیالی بوو، ئەوان ڕۆحی ماتریالییان کردە گیانیەوە. لەم بارەیەوە هێگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا دەڵێت؛ کاتێک فەلسەفەکان بە ڕێژەیەک هەمەڕەنگ و جیاوازبن، ئەوە دەرەنجام دەکەین، کە فەلسەفەکانی تر، بە زەرووڕەت، فەلسەفەی گومڕاو و سەر لێشێواون. یان تەنیا کۆمەڵەیەکن لەبەر ئەوەی بڕیار دەردەکەن، بەڵگە دەهێننەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە هەر خۆیان تاکە فەلسەفەیەکی ڕاستن (٢). لای مارکس (بیر و مادە) لە یەک جودا ناکرێنەوە، بە شێوەیەکی تر، ئەگەر وشەکان دەرفەتم بدەن بڵێم، فیکر ئەلیمەنتێکی (عونسورێکی) مادییە. ئەو واقیعەی ئێمەی بەو شێوەیە دەیبینین، مێژووی گرافی بیر و مادە بێت. بە هەردووکیان لەگەڵ ڕابردوو و داهاتوودا، لە پێوەندییەکی دیالیکتیکیدا بن، یان لە پێوەندییەکی ململانێدا بن. باشترین نموونە؛ مۆخە، کە لە یەک ئان و کاتدا (مادە و بیر)ە. بەڵام لەکن لینین بۆ پاکانەی خودی بیری و مەنهەجەکەی، واقیع دەکاتە شاهید، واقیع دادەبڕێ لە فیکر یان دەتوانین بڵێین، لە دیالیکتیک، لە میتۆدی عەقلی فەلسەفی. هێگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا دەڵێت؛ فەلسەفە، هیچ نییە جگە لەوەی کە میتۆدێکە هەموو یاساکانی سروشت و دیاردەکانی ژیان و هوشیاری، ڕەنگدانەوەن لەم حەقیقەتەدا. (٣)

بە گوێرەی مێژووی زانست (بیر و مادە)ی هەر سەردەمێک، ئاوێتەی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە، کە لە سیلەی ڕەحمیدا، فەلسەفی داهاتوو، کە قاتیلی خودی خۆی هەڵگرتووە، واتە دووگیانن و بێ کۆتایین. مانای ئەوەنییە فەلسەفەی پێشوو لنگەوقووچە، ئەمان هەڵگێڕانەوە و پاڵەوان بازییان لەسەرکردووە. ئەگەر

نایانەوێت بڵێن بیر لە پێش مادەوە بێت، لنگەو قووچە.

ئەم ڕاستییە زیاتر لە زانستی سروشتدا دەردەکەوێت. هەرچەندە «زانستی سروشت» ئامانجی بەرهەم هێنانە و سەمبۆلەکانی ئەبستراکتن و زمانی ماشێنی بەرهەم هێنانن. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، ناچارم کە مێژووی ماتماتیک بکەمە شایەد. چونکە جگە لە زانست شاهێدی تر شک نابەم. بۆیە هاتنە کایەیی ژمارە، ئەدیسییێون، (مولتی پلیکاسیوێن)، ئەلجەبر، تاکو دەگاتە (ئاوێنەی کۆمپلێکس) و (مەتریس). هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستدا ماتماتیکی بول بە دوایدا ماتماتیکی نوێ و لۆجیک بە جۆرەکانییەوە، هاتوونەتە کایەوە. ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن، کە هەر قۆناغە، زانیاری خۆی هەبووە.

نموونەیەکی زانستی تر لە سەرەتای سەدەی پێشوودا، زانستی فیزیا ڕێگایەکی تری گرت کە لە سەرەتادا هەستی پێنەکرا تا سی ساڵ بە سەریاندا تێنەپەڕیبوو. تا گۆڕانکارییەکە بووە شۆڕشێکی مەزن بەسەر ئەم زانستە. ئەوە بوو کە فیزیای کلاسیک لەبەر بێتوانایی ناچار بوو، ڕێگا چۆڵ کات بۆ فیزیای نوێ، دیراسەت و ئەزموونەکانی بەسەر دیاردەکاندا کە بە چاو نەدەبینران دەکران (٤). ئەمە بەشێکە لە مێژووی (هۆش و مادە)، کە لە ئاوێنەی مێژوودا و لە زەمەنی خۆیاندا دەردەکەون.

مێژوو بریتییە لە گزافی (بیر و مادە)، قۆناغێکی نوێ ئەسڵەن بەبێ قۆناغی پێشووتر و دواتری وجودیان نابن. ئەوەتا هێگڵ هەرلە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت؛ ئامانجی فەلسەفە دەبێت مەعریفە بێت، بەو چۆنیەتیەی کە فەلسەفە، زنجیرەیەکی یەک لە دوا یەکی مەعریفە بووە، لەناو زەمەندا دەرکەوتووە.

هەروەها لە پێشەکی گشتی ڕەخنەی ئابووری سیاسیدا مارکس دەڵێت؛

بزوتنەوەی هۆش، هیچ نییە عەکس دانەوەی، جووڵەی واقیع نەبێت، کە ترانسپۆرتی تەکوینی، لە دەماغی مرۆڤدا کردووە (٥). ئەم شیکردنەوەیەی مارکس یەک پایە و ناتەواوە. ئەگەرنەڵێیت؛ هۆشیش بە هەمان شێوە، جارێکی تر لە هەمان کاتدا تەئسیری خۆی لەسەر واقیع کردووە جا بەم شێوەیە بوون بەیەک تەکامل یان یەک یەکێتی، ئەویش یەکێتی (بیر و واقع)ە.

لەسەر هەمان مەبەست و بە شێوەیەکی تەواوتر هێگڵ لە ئەنسکلۆپیدیای عەقڵدا دەڵێت؛ بیر هیچ نابێت، لە پاڕانەوە بۆ بوون یان (واقیع) نەبێت، بە پێچەوانەوەش، واقیع نابێت کە بە هۆی بیر یان (فیکر)ەوە نەبێت. ئەم چەند وشە بەهێزەی هێگڵ و مارکس، ئەوە ناگەیەنێت، کە مادە و هۆش پێش و پاش کەوتوون، بەڵکو مۆخ، مادەیەکە کە دەتوانێت، شکڵی واقیع هەزم کات و هەردوو پێکەوە، داهێنەر و بزووتنەوەی مێژوو بن، کە لەگەڵ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا لە پرۆسیسی دیالێکتیکیدا بۆ وەزنی تێگەیشتن، ناڵێین هۆی بوون (وجود) دوو پۆلی دژوارە، هیچ پۆلێکیان پێش ئەوەکەی تریان نییە، هەر ئانێک لەو (بوون)ەدا، سیمەتریک (Symetriqe) نەبن، بوونەکە نامێنێت، یان بە هەردووکیان دەبنە (بوون)ێکی تر، کە ئەم بزووتنەوەیە مێژوو دروست دەکات یان خودی مێژووە و بۆ خۆی یاخی بوونە.

نزم کردنەوەی ئاستی زانیاری و مێژووی هەموو هۆشی مرۆڤایەتی، لە تەنیا تاکە کەسێدا. بکرێتە سەمبۆڵ، ناونرێت فلان نیزم ، وەک مارکسیزم یان لینینیزم، یان هەر کەسانێک لە زانیاریدا بۆ گۆڕینی جیهان کاریان کردبێت، بکرێنە کەسەنیزم، لە مامەحەمەیی زیاتر هیچی تر نییە. هەر لە کانتەوە بیگرە تا سپینۆزا و هێگڵ و کەسانی تر، هەر هەموویان خەیاڵی، نازانستی، لنگەوقووچ و زۆرشتی تر نەبوون، بەڵکو بزووتنەوەی مێژوویی و بیری سەردەمی خۆیان بوون. لە سەردەمی مارکسدا، لەناو جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیدا، کەس پێی نەوتبوو مارکسیزم، لەگەڵ ئەوەی مارکس دیالیکتێکی مێژووی هێگڵی لە ئابووریدا بەکارهێنا. بۆشەرحی فایزی بەها (زێدە بایی)، شەرحی مێژووی دابەشکردنی کار و هەروەها بۆ مێژووی شۆڕشی چینایەتی، بیری هێگڵ پاڵپشتی بووە. بزووتنەوەی بیری هێگڵ، وەک خۆیان دەبێژن لنگەوقووچ بووە، ئەمان خستوویانەتە سەر پێ. بە هەمان شێوە و لەسەر هەمان مەبەست دەتوانین بڵێین: نەخێر لنگەوقووچانە لە فەلسەفەی هێگڵیان ڕوانیوە. بۆیە دوای سێ چارەکە سەدە، ئەوەی ڕەشەبا بە دەواری شڕی دەکات، لەوە خراپتری بە بیری لنگەوقووچیان کرد.

هاتنی کارەکانی هێگڵ و مارکس سەردەمێکی مێژوویی بوو، کە زانستی کلاسیکی، وەک ماتماتیک، فیزیا و شیمی وەڵامی زۆر پرسیاری بەرهەمهێنانی سەردەمیان نەدەدایەوە. بە بەرپابوونی شۆڕشی زانستی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا. یارمەتیدەرێکی مێژوویی بوو بۆ شۆڕشی (هۆش و مادە). لە دوای مارکس و ئەنجلیسەوە قۆناغێکی بەرزتر لە هۆش و مادە نمایەش

بوو. هەر بۆ خۆیان باس لەوە دەکەن، لە سەرەتای مێژووی بزووتنەوەدا، کە تەنیا بیرکردنەوەیان نەبوو، کە تاکەکانی لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە، بەڵکو بۆ بژێویان، بەرهەم هێنانیان دەست پێکرد (٦). واتە کارکردنیان بۆ گۆڕینی واقیع و تەئسیری سروشت لە سەریان جیای کردنەوە لە ئاژەڵ.

مارکس ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، تا بەرهەم هێنان بەرەو پێشەوە بچێت، بیر بەرەو تەکاملتر دەچێت. هەروەها لێرەدا پێویستە کەمێک دوورتر لەم ڕستەیە بڕوانین، تا بتوانین بۆ ئەم بیرکردنەوەیەکی مارکس و ئەنجلیس. بیرکردنەوەی هێگڵ بۆ بەشی دووەمی ڕستەکەیان زیاد کەین: کە بڵێین ڕاستە بەرهەم هێنان لە ئاژەڵمان جوودا دەکاتەوە، بەڵام بیرکردنەوە جارێکی تر تەئسیر دەکاتە سەر پێشخستنی ئابووری و بەرەوە پێشەوەی دەبات. بە مەرجێ لە بیرکردنەوەدا ئازادبین و سەربەخۆیانە نەخشەی ئابووری داڕێژین لنگەوقووچ نەبین.

لێرەدا دەردەکەوێت هێگڵ لەم بارەیەوە کەمتر لە مارکس لە ژێر تەئسیری زانیاری میکانیکدا بووە. هەرچەندە ئەم بابەتە پێوەندی بەم باسەی ئێمەوە نییە و پێویستی بە نووسراوێکی تایبەتی هەیە ئەوەتا هێگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا دەڵێت؛ فەلسەفە مەعریفەیە، هەرکاتێک بنەڕەتییەکانی بیر پەرەدەسێنێت، فەلسەفە کامڵتر و موتەقتر خۆی دەنوێنێت.

تەئسیری شۆڕشی زانیاری دنیای بیرکردنەوەی بەرەو تەکاملتر بردووە، کاتێک میشێل فوکو بە باشی باسی ئەم قۆناغە دەکات، کە زانیاری مۆدێرنی، سەدەی نۆزدە و بیستەم، ئینسانی وەک بابەتێکی زانیاری داهێنا، ئەمەش لە سەدەی بیستەمدا لە سێ بواردا، (لە دیراسەی تێکست و زانستی زمانەوانی و دادگایدا) دەرخست. (ئابووری سیاسی) و (زانستی بایلۆجی)، هەموو شکلی ئینسانیان کردە بابەتێکی زانیاری، کە مرۆڤ قسە دەکات، کاردەکات و ژیان دەگوزەرێنێ. دکتۆری زانستی دەروونی و زانستی کۆمەڵایەتی کاردەکەن، کە مرۆڤ بکەنە بابەتێکی مەعریفی (٧). ئەو مادە مەعریفەیەی، لێرەدا دەیبینین و هەستی پێدەکەین، مادە و هۆشە، کە مەعریفەی مرۆڤە لە قۆناغێکی ژیانی دیاریکراوی مرۆڤدا.

لەم ڕووەوە هەستدەکەین، مارکسیزم دوو فەلسەفەی موتروبەکراو؛ دیالیکتیکی هێگڵ وماتریالیزمی فیورباخ نین. دواجار لەم موتروبەکردنە دارێکی عەجایبی لێدەرچوو بێت، بۆ هاوین ماتریالیزمی دیالیکتیکی گرتبێت. بەم جۆرە مورتروبەکردنە، دەبێت چەندەها فەلسەفە هەبن کە ئەمە دژی حەقیقەتی فەلسەفەیە. جگە لەمانە ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە هەر سەردەمێکی مێژوویی، بیرکردنەوەی خۆی هەیە. کە بیرکردنەوەی قۆناغی داهاتوو ئامادە دەکات. هەروەها بیر و واقیع پێشوو پاش خرێن، هێزێکی ئایینی و ڕۆحانی دەکرێت بە بەریاندا. پێش و پاش خستنی بیر و مادە، دەمان گەیێنێتە ئەو ئەنجامەی، کە لایەکیان دەبێتە سەمبۆڵ، یان لاهووت، لاکەیتری عەوام. یەکێکیان دەبێتە خالیق ئەویتریان مەخلوق. لایەکیان بنەماڵە، لایەکەیتریان بێ بنەماڵە، لایەکیان خۆفرۆش لایەکیتری فرۆشراو. ئەدی چۆن لایەکیان پێشکەوت ئەگەر پەنجەی مووحەریکی خواوەندەکانیان نەبن. کە ئەمەش دەمان گەڕێنێتەوە بۆ شەهادەت کە هەمان بیرۆکەیە ئەویش «سەمبۆلیزمە»، کە خالقی سەر زەمینە. کە خالقی سەر زەمینیش خەلیفە و سەرەک هۆزەکانە. یەکەم بیری نەگۆڕ و چەقیوویان هەیە. دووەم تا هیچ کەس نەتوانێت ڕەخنەیان لێبگرن. سێیەم کەسێکی سەمبۆڵاوی دەبێت پێشڕەوی، یەکیان بێت. لە کۆتاییدا دەبنە بیری خەلیفە و سەرکردە نەگۆڕەکان، بە خۆییان و ماڵ و منداڵ و خێلەکەیانەوە. ئاساییە لینین ئاوی ڕشت بێچۆکان قاچیان تێخست و خۆیان پیسکرد.

**پەراوێزەکان:**

**(1) Introduction generale a la critique de Ieconomie politique (1857) Marx I p 2.**
**le mouvement de la pensee nest que la reflexion du mouvement reel, transporte et transporte dans le cerveau de ihomme. Marx I, 558.**

**٢) هێگڵ مێژووی فەلسەفە.**

**(3) Arthur march, la physique moderne et ses therosios.**

**(٤) لە پێشەکی گشتی ڕەخنەی ئابووری سیاسیدا.**

**(5) Lidee nest le vrai que par la mediation de letre, et inversement, Ietre ne Iest que parcell celle de lidee. Enc. 133.**

**(٦) لە کتێبی ئایدیای ئەڵمانی**

**(٧) لە کتێبی (les mots et les choses) دا (وشەکان و شتەکان) مسوێ فوکو میشێل.**

# پێوانەی واتا

هێمن عومەر خۆشناو

**پێشەکی:**

جێنیشین بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی هاوکاتە لەگەڵ بزاوتن و پەرەسەندنی زمان، وەک هۆکارێک بۆ لەیەکتر گەیشتن و بە مەبەستی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی ڕۆژانەی خۆی تێڕامان لە گەردوون و پێکهاتەکەی وای کرد سەرسامبوون بەرانبەر زمانیش بێتە کایەوە، کە دواتر هەوڵدرا نهێنییەکانی بزانرێ و بکەوێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

لەناو زانستی زماندا (واتا) وەک لایەنێکی ئاڵۆز سەیرکراوە و کەمتر پەی بە نهێنییەکانی برداوە و قووڵ لێی نەکۆڵدراوەتەوە و خۆی لە قەرە نەدراوە، تەنیا بەم دواییانە نەبێت کە بۆتە جێی سەرنجی زمانەوانان. بە تایبەتیش پێوانەی واتا کە سنوورێکی بەرفراوانی لە واتاسازی پێک هێناوە و هاوبەشە لەگەڵ هەموو زمانانی جیهان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەنجامی باسەکە لە دوو بەش پێک هاتووە. لە بەشی یەکەم دا هێما بە گشتی و دیوی دەرەوە (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) و دیوی دەرەوەی هێما (واتاسازی) باسیان لێوە کراوە. وێڕای باسکردنی سێگۆشەی واتایی و دواتر لە هەردوو جۆری واتا (وەسفی و نا وەسفی) کۆڵراوەتەوە.

لە بەشی دووەمدا بە تێروتەسەلی پێناسەی واتا کراوە و پاشان بە درێژی باس لە پێوانەی واتا کراوە، سەرباری باسکردن و ڕوونکردنەوەی گرنگترین جۆری پێوانەی واتا ئەویش پێوانەی ئۆزگۆدە. لە کۆتایشدا پوختەی باسەکە خراوەتە ڕوو.

**بەشی یەکەم:**

**١- ١: هێما**

زۆربەی زمانەوانان بۆ پێناسەکردنی (هێما) دەڵێن:

«بریتییە لەو نیشانانە کە مرۆڤ بۆ لەیەکتری گەیشتن یان وەک چەکێکی بیرکردنەوە بەکاریان دێنێ»(١) لەو سۆنگەیەش کە زمانەوانی خەریکی لێکدانەوە و شیکردنەوەی لە یەکتر گەیشتنی نێوان مرۆڤەکانە، یەکێک لە کۆڵەگە هەرە گرنگەکانیش لەم ڕووەوە (هێما)یە، ئەگەر سادەتر و وردتر باس لە هێما بکەین و بەدەر لە باسکردنی کار و ئەرکەکانی، ئەو کاتە دەڵێین:

«هێما: زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە، کە وشە پێک دێنێت» (٢) هەموو ئەو وشانەش کە هێما دروست دەکەن، دوو دیویان هەیە، دیوێکیان فۆرم و ئەوی تریان واتایە.

یەکەمیان پێک هاتووە لە ڕیزە دەنگێک، ئەو ڕیزە دەنگانە بەر گوێ دەکەون (دەبیسترێن) ڕوخسار یان (ناو)یشی پێدەگوترێت، هەرچی دیوەکەی ترە کە دیوی واتایە، (ناوەڕۆک یان چەمک)یشی پێدەگوترێت.

بۆ نموونە ڕیزە دەنگی (دۆست) لەگەڵ ئەو واتایەی هەیەتی یەک دەگرن و لە کوردیدا هێمایەک دروست دەکەن. (٣)

(سێو) لە نێوان فۆرم و واتادا ئەم هێمایەی لێ پێک هاتووە. دیوی فۆرمەکە بەرچاو دەکەوێت، لە هەمان کاتدا بە کردەیەکدا تێدەپەڕێت کە کردەی خواردنە واتە دەخورێت، هەرچی دیوەکەی ترە بریتییە لە بیرێک کە بەرانبەر فۆرمەکە دێت و لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوە.

هێما سیمای دیکەی جیاکەرەوەی هەیە، کە لە ڕووی زمانی و نازمانی و هەروەها تاریکی و ڕوونی ..... تاد جیادەکرێنەوە، کە لێرەدا بواری باسکردنییان نییە.

**١-٢: دیوی دەرەوەی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس)**

لەبەر ئەوەی هێماکاری و زمانەوانی پێوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە بۆیە (زۆربەی زمانەوانەکان زمان بە پەیڕەوێکی تایبەتی هێمای زمانی دادەنێن. بە واتای ئەوەی کە زمان بریتییە لە کۆمەڵە هێمایەکی زمانی تێکچرژاو کە لە چوارچێوەی پەیڕەوێکی ورد دا کاردەکەن) (٤) ئەمەش بۆ ئەوەی نەبێتە کێشەیەکی ئاڵۆز لە بەردەم زمانەوانان لە لێکۆڵینەوەی زماندا، چونکە «پەنایان بردۆتە بەر ئەوەی گریمانەی وا دابنێن، کە زمان لە چەند لایەنێک (ئاستێک) پێکهاتبێ بۆ ئەوەی بتوانن لە بەشێک، یان زیاتر لە بەشەکانی زمانەوانیدا دیراسەی بکەن»(٥) زانایان هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت جگە لە دابەشکردنی زمان بۆ چەند ئاستێک کە تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، هیچ پەیڕەو و ڕێگایەکی باشتریان نەدۆزیتەوە لەم ڕووەوە، بۆیە ئەو ئاستانەش کە خەریکی لێکدانەوەی دیوێکی هێمای زمانین بریتین لە ئاستە سەرەکییەکانی:

١- ئاستی ڕستەسازی

٢- ئاستی وشەسازی

٣- ئاستی دەنگسازی (فۆنۆلۆژی)

بەم سێ ئاستە دەگوترێت سەرەکی، چونکە ڕاستەوخۆ پێوەندییان لەگەڵ (مەبەست)دا هەیە، نەک لە چوارچێوەی قسەکردن (سیاق)دا. (٦)

زانایان بیروبۆچوونی جیایان دەربارەی ئەو ئاستانە و سنووری جیاکردنەوەی نێوانیان هەیە، دەشێ هەر زانایە بە پشت بەستن بە چەند تیۆرێک یان لە ڕوانگەی تێڕوانین و ئەزموون و هەڵوێستەکانیدا جۆر و چۆنیەتی دابەشکردنەکە و سنوورەکەی دیاری کردبێت، لەم بارەیەوە (هالیدای) دەڵێت: «زمانەوانەکان لە سروشت و تایبەتییەتی دانانی سنوور لە نێوان ئاستەکانی زماندا جیاوازییەکی زۆریان هەیە. دابەشکردنی زمان بۆ ئەو ئاستانە لەسەر بنەمای هەڵوێستی خاوەن دابەشکردنەکە سەبارەت بە زمان بنیاد نراوە.» (٧)

جیاکردنەوەی ئەو ئاستانەش بۆ زیاتر ئاسانی لێکدانەوەی زمانەکەیە و پێوەندییەکی پتەویش لەنێوان ئاستەکاندا هەیە، چونکە هەموویان لە پەیوەست بە زمانەکەوە کاردەکەن. بۆیە زۆرجار «سنووری نێوان ئاستەکان بە تەواوی دیار نییە و چوونەتە ناو یەکەوە، بۆ نموونە زۆرجار دەنگەکانی زمان دەکەونە ژێر کارتێکردنی واتاوە، ئاڵوگۆڕییەکی بەرانبەر یەک لەنێوان وشەسازی و ڕستەسازیدا هەیە.» (٨)

ئەوەی پێوەندی بە دیوی دەرەوەی واتا هەیە، ئەو ئاستانەن کە خەریکی لێکدانەوەی دیوی دەرەوەی هێمان، نەک ناوەڕۆک و کاکڵەی واتا، لەم نەخشەیەی خوارەوەدا ئاستەکان و سنووری پێوەندی نێوانیان و چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەو پێوەندییە ڕوون دەکرێتەوە: (٩)

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەنگ | فۆنەتیک | بێ واتا | |
| فۆنیم | فۆنۆلۆژی | | |
| بڕگە | | | |
| مۆرفیم | مۆرفۆلۆژی | واتادار | سیمانتیک |
| وشە | | | |
| گرێ | سینتاکس | | |
| ڕستە | | | |

لەم وێنەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە سەرەتا لە ئاستی دەنگدا، یەکەم جار دانە دەنگیەکان بەرچاو دەکەون، ئینجا بە ڕیزبوونیان، بڕگە یان لەتە بڕگە دێتە کایەوە.

لەگەڵ ئەو پێوەندییانەی دانەکان لە یەکتری جیادەکەنەوە، هەر بۆیەش دەنگسازی لە ئەرکی زمانەوانیدا «خەریکی لێکدانەوەی فۆڕم یان ڕووخسارە» (١٠) واتە لە دیوی دەرەوەی هێما کاردەکات.

لە ئاستی وشەشدا یەکەم جار مۆڕفیم و پاشان وشە و پێوەندی گونجانییان بەیەکەوە دێت، لێرەشدا بە پێی پەیڕەوی (واتاداری) ڕێک دەخرێن.

بۆ نموونە دەشێ بڵێین:

- پیاوەکە زەوییەکەی کێڵا.

بەڵام ناتوانین بڵێین:

- زەویەکە پیاوەکەی کێڵا.

لە ئاستی ڕستەشدا «دانەی سەرەکی (ڕستەسازی) وشەیە، بۆیە توخوونی دەنگ و فۆنیم و بڕگە و مۆڕفیم ناکەوین» (١١) بەڵام وشەکە بە شێوەی گرێ، یان زنجیرەی ڕستەیی کە تێیدا کەرەسەکانی ڕستە بەدوای یەکدا بە پێی ئەرک و پۆل ڕیز دەکرێن.

### ١-١: دیوی ناوەوە (واتاسازی)

جیاوازی بیروبۆچوون لای زمانەوانان هەر تەنیا دەربارەی سنووری ئاستەکان نییە، بەڵکو سەبارەت بە ژمارەی ئاستەکانی زمانیش بەدی دەکرێت، هەندێکیان بە ئاستی سەرەکی و ناسەرەکی جیایان دەکەنەوە. هەندێکی تریان بە پێچەوانەوە سێ ئاست دەستنیشان دەکەن، ئەوانیش (دەنگ و ڕەنگ و واتا)ن.

بۆیە ناکرێ ئاستی (واتا) کە ئاستێکی گرنگە پشتگوێ بخرێ وەک ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانییانەی قوتابخانەی ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان بۆ لێکدانەوەی واتا، لەبەر گرنگیدان بە فۆرم، واتایان فەرامۆش کردبوو.. چونکە «گرنگی واتاسازی لەوەدایە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ لەیەکتر گەیشتندا هەیە» (١٢) لەبەر ئەوە ئەگەر هەریەک لە ئاستەکانی (دەنگ و وشە و ڕستە) خەریکی لێکدانەوەی ڕوویەکی هێمای زمانی بێت بەتایبەتی لایەنی ڕوخسار و فۆرم، ئەوا «واتاسازی خۆی بۆ لێکدانەوەی دیوی ناوەوەی هێماکان تەرخان دەکات.» (١٣)

بەڵام بۆ ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکاندا کەلەبەری گەورە دروست نەبێت و پڕ بە پێستی خۆی شتەکان بخرێتە ڕوو، دەبێ هەردوو لایەن (فۆرم و واتا) بەیەکەوە لێیان بکۆڵرێتەوە و هیچیان بەبێ ئەوی تریان باسی لێوە نەکرێت، چونکە ئەم دوو بەشە پێوەندییەکی بەناویەکداچوویان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بۆیە ئەگەر هاتوو لە پێوەندی نێوان دانە واتاییەکان بکۆڵینەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ فۆرمی دەربڕین بکەین، لێرەدا ناوترێ دیراسەی زمانێکی تایبەتی کراوە، چونکە لەم بارەدا دیراسەی چەمکەکانی گشتی مرۆڤایەتی کراوە بە پێچەوانەی ئەمەش ئەگەر لە فۆرمەکانی دەربڕین بکۆڵینەوە بێ ئەوەی بە واتای بیبەستینەوە، لێرەش دەڵێین دیراسەی تەنیا کۆدێک کراوە، بێ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، دیسان لێرەش دیراسەی زمانێکی تایبەتی نەکراوە، لە ئەنجامدا دەگەینە ڕاستی گریمانی سێیەم، کە چاکترین و نزیکترین پێکانە بۆ گەیشتن بە چەمک، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ هەردووکیان بەیەکەوە، واتە سیستەمی واتایی شان بە شانی سیستەمی فۆرم لەبەرچاو بگیرێت (١٤)

بەڵام ناتوانین بە هیچ شێوەیەک ئاستی واتاسازی فەرامۆش بکەین، چونکە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو جیهانە کۆمەڵایەتی و فیزیکییەی کە تێیدا دەژین، لە هەمان کاتدا کاریش دەکاتە سەر ئاستی دیکەی زمانەکە بەتایبەتی ئاستی ڕستەسازی (١٥)

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئاستەکانی (دەنگ و وشە و ڕستە) بە بێ ئاستی (واتا) هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان نابێت و واتاسازی چالاکانە کار لە هەموویان دەکات.

### ١-٢: پێوەندی هێما

**- سێگۆشەی واتایی:**

زمانەوانان بۆ تێگەیشتنی زیاتری واتا پەنایان بردۆتە

بەر دیاریکردنی سنووری واتا لە ڕێگای بۆچوونەکـانی لێکدانەوە.

هەوڵدان بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەردەمی یۆنانییەکان دەستی پێکردووە، ئەفلاتوون پێی وابوو هەموو وشەیەک هێمایەکە لە چوارچێوەی (ناو و ناولێنراو) دەخولێتەوە، پاشان ئەمە گۆڕانی بەسەرداهات و لای سۆسێر بوو بە (فۆرم و واتا) (١٦)

ئەم بیـرە بەرەبەرە گـۆڕانکاری بەسـەرداهات و دوای ئەویش خۆی لە بیروڕاکانی ئۆگدن و ڕیچاردز بینییەوە، لە سـاڵی ١٩٢٣ لە کـتـێـبی (The meaning of the meaning) کە لێکدانەوەی واتای لە سێگۆشەی (بیر، هێما، تەن) بەرجەستە کرد.

بیر (ب)

(ج) تەن.............. هێما

بەڵام جێگای مشتومڕی زۆر لە زمانەوانان بوو لەسەر پێوەندی ئەم سێ چەمکە هەندێکیان (تەن)یان دەخستە دەرەوەی چوارچێوەی (هێـمـا و بیـر) بە پێـچـەوانەی هەندێکی تر کە پێیان وابوو پێوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان (هێـمـا و تەن - ناو و ناولێنراو) دەبێت لە ڕێگای (بیر)ەوە.

ئەمەشیان بووە جێگای ناکۆکی، چونکە لە سەرێکەوە کێشە لەو کاتە دروست دەبێت کە (تەن) بەرانبەر ناوێک نەبێت، جگە لەمەش (تەن) هەیە لە وشەیەک زیاتری بۆ بەکاردێت، ئەمەشیان کێشەی هاو واتابوون لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام بەپێی بۆچوونی هۆشەکی کە دواتر هاتە کایەوە چارەسەری بۆ هەندێک لەو کێشانە کرد، ڕابەری ئەم بۆچوونەش (جۆن لۆک)ە، کە دەڵێت:

«دەبێت بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی ڕەنگدانەوەی بیر بێت، واتە کاتێک وشە واتادار دەبێت کـە بیـرێک یان چەمکێک یان وێنەیەک دروست بکات» (١٧)

بۆیە چەمک هەمـوو کـاتێک لە ئاسـتی وشـەدا ناوەستێت و پڕ بە پێستی نییە، یان کەمتر یان زیاتر. وەک فندریس گوتوویەتی: (ئەوەی لە وشەدایە، کەمترە لەوەی لە مێشکدایە)، ئەگەر واتا (وێنە) بێت، ئێمە لەکاتی قسەکردن ئاگامان لە وێنە نامێنێت.

ئەمەش چارەسەری پێوەندی (ناو و ناولێنراو)ی کرد، بەوەی ئەگـەر وشـەیەک (تەن)یشی بەرانبـەر نەبێت واتادار دەبێت، چونکە ئێمە بیرمان بۆ وێنەکەی ناچێت، هەرچەندە لێرەدا کێشەکە دەبێتە لێکدانەوەی واتا بە شـتـی بەرجـەسـتـە نەبوو، وەک: ئاوەڵناو و ناوە واتاییەکانی «شیرین، جوان، برایەتی .....، یان ناوی گیانلەبەرانی وەک دێو، جنۆکە ..... تاد»

### ١-٣: جۆرەکانی واتا

١-٤: أ- واتای وەسفی (هۆشەکی):

ئەم جـۆرە واتایە وەسـفی بارودۆخ و شت دەکـات، بەشێک لە واتای ڕستەی لێ پێک دێت کە واتایەکی نەگۆڕ و بڵاوە لە شێوەی سیمای جیاکەرەوەی خۆی دەنوێنێت.. (١٨) لەبەر ئەوەشە ئەم واتایە ڕەسەنە و لە هەموو زمانێکدا وەک یەک وایە. بە واتایەکی تر «خاوەن ڕۆنانێکی وا ڕێکە کە بە ئاسانی بەراورد دەکرێت لەگەڵ ڕۆنانی ئاسـتـەکـانی تری زمـاندا بە تایبـەتی ڕۆنانی فۆنۆلۆجی و ڕستەسازی» (١٩)

ئەمـەش زیاتر بەهۆی سیـمـا جیـاکـەرەوەکـانەوە جیادەکرێتەوە و دەتوانرێت هەستی پێبکرێت، بەڵام ئەم جۆرە واتایە سەرەکیترین هۆیە بۆ لەیەکتر گەیشتن لەناو کۆمەڵ، لەگەڵ ئەوەشدا مەرجێکی گرنگی ئەم جۆرە واتایە ئەوەیە، دەبێت بەکارهێنەرەکانی لەناو خۆیاندا ڕێک بن (٢٠). لەو سۆنگەیەش ئەم واتایە پێوەندی بە هۆشەوە هەیە، بۆیەش کاتێک زمان دەیدرکێنێ، لە واتایەک زیاتر دەگرێتە خۆ، جا هەر سیمایەکیش بدرێ بە دەنگێک، دەبێتە پێناسەی ئەو دەنگە، جا بە شێوەی سەلبی بێت یان ئیجابی، وەک فۆنیمی (د) زمانییە، کپە، دەربازییە.

واتای وشـەش وەک وشـەکـانی (کـوڕ، کچ) کـە سیماکانیان پێکهاتوون لە:

کوڕ: +مرۆڤ +نێر - هەراش

کچ: +مرۆڤ - نێر - هەراش

بۆیە ئەم جۆرە واتایە تەنیا لە ئاستێکدا گرنگی خۆی نییـە، «بەڵکو توانای هەیە کـەرەسـتـەی گـەورە بۆ پێکهێنەرە ڕێزمانییەکان شی بکاتەوە، واتە لە بچووکەوە بۆ دانە ڕێزمـانییـە گـەورەکـان، یان کـەرتکردنی دانەی ڕێزمانانی گەورە بۆ دانەی بچووک» (٢١)

کـەواتە ئەو دانە زمـانییـانە دەتوانن لەناو بازنەی وەسفیدا بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەی واتای فەرهەنگیشییان هەڵگرتووە.

**١-٥ - ب: واتای ناوەسفی (کاریگەری - بارکراو):**

ئەم جۆرە واتایە ئەگەرچی گرنگییەکەی بەقەد واتای وەسفی نابێت، بەڵام بە ڕای زۆر لە زمانەوانان بە تەواوکەری وەسفی دادەنرێت، بۆیە ئەم واتایە بە پێچەوانەی وەسفی بە پێی «کەس و کات و کۆمەڵگا دەگۆڕێت و تێکەڵی هەست و سۆز و بۆچوونی نێرەر دەبێت» (٢٢)

وەک باسمان کرد وشە کاتێک دەدرکێنرێ، لە واتای هۆشەکیدا نەگۆڕە، بەڵام بەپێی جۆرەکانی تری واتا، واتای تری لێ باردەکرێت و چەندێتی و چۆنیەتییەکەی بەپێی کەس و کۆمەڵگا و کات، گۆڕانکاری بەسەردادێت، چونکە ئەم جۆرە واتایە سنوورێکی دیاریکراوی داخراوی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی واتای هۆشەکی، کۆتاییەکی کراوەی هەیە هەروەک چۆن زانیاری و بیروباوەڕ لە بەرانبەر جیهاندا کۆتاییەکەی کراوەیە و هەمیشەش لە زۆر بووندایە. (٢٣)

هەر لەبەر ئەمەشە پێوەندی بە فەرهەنگەوە نییە و کۆمەڵ بڕیاری لەسەر دەدات و واتای تری لێ بار دەکات، بۆیەش دەچێتە ناو قاڵبی پراگماتیک. بۆ نموونە لە واتای هۆشەکی (پیاوی جوو) سەرباری سێ تایبەتییەکەی (+ مرۆڤ + نێر - هەراش) واتای تر نابەخشێت، کەچی لە ناوەسفیدا (پیاوی جوو) جگە لە سێ تایبەتییەکە واتا «ترسنۆکی و دەوڵەمەندی ...» لێ بارکراوە، بەڵام دەشێ بە پێی جۆری کۆمەڵگا و کەسەکان بگۆڕێت و ئەم واتایە نەبەخشێت. کەواتە واتای بارکراو جۆرەکانی واتای (ڕاگەیاندن، شێوازی، ڕەنگ دانەوە و کاریگەری هاوڕێیەتی دەگرێتەوە، کە یەک ڕەوشتیان هەیە، ئەویش ئەوەیە دەتوانێت ژمارەیەکی بێ سنوور واتا بدات بە پێی ئەو بارەی تێیدا دێت.) (٢٤)

**بەشی دووەم:**

**٢-١ پێناسەی واتا:**

واتا بابەتێکی ئاڵۆز و سەختە لە بەردەم زمانەوانان. هەر بۆیەش ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان لایەنی واتایان فەرامۆش کردبوو تەنیا بایەخیان بە ڕوخسار دەدا، ئەمەشیان بەندکردبوو بە زانیاری زیاتر و پێشکەوتووی مرۆڤ دەربارەی زمانەوانی، چونکە بلۆم فیلد لەم بارەیەوە دەڵێت: «واتا دیارکردن خاڵێکی زۆر بێ هێزە لە لێکۆڵینەوەی زماندا و هەرواش دەمێنێتەوە تا زانیاری مرۆڤ لە ئاستی ئێستادا پێشتر دەکەوێت» (٢٥)

پێناسەکردنی واتا لەبەر ناڕوونی و ئاڵۆزی ئاسان نەبووە، ئەگەرچی زانایان و زمانەوانان هەریەکەیان بە پێی بۆچوون و تێگەیشتن و پسپۆرییان، پێناسەی واتای کردووە، بەڵام تا ئێستا پێناسەیەکی جێگیرمان بۆ واتا نییە، وەلێ هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی (لێکۆڵینەوە لە واتا) کە پێناسەی (جۆن لاینز)ە، هەرچەندە ئەم پێناسەیە کاتییە، بەڵام لە هەموویان گونجاوترە.

سەرباری ئەمەش چەندین پێناسەی تر هەن کە گرنگترینیان:

- لێکۆڵینەوەیە لە واتا.
- زانستێکە و لە واتا دەکۆڵێتەوە.
- لقێکە لە زمانەوانی و باس لە بیردۆزەکانی واتا دەکات.
- لقێکە لە زمانەوانی و لەو مەرجانە دەکۆڵێتەوە، کە دەبێ لە هێمادا هەبێ تاکو هەڵگری واتا بێت. (٢٦)

ئەگەرچی ئەم پێناسانەی سەرەوە بەدەرنین لە کەموکورتی، چونکە هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە باسی واتایان کردووە، بەڵام گرنگترین ئەو هۆکارانەی وای کردووە پێناسەی تەواو و گونجاوی (واتا) دروست نەبێت، بریتین لەوەی کە:

١- واتا شتێکی بەرجەستە نییە.
٢- بوونی چەند جۆرێکی واتا.
٣- بوونی چەند بۆچوونێک بۆ لێکدانەوەی واتا (٢٧)

لەم دواییانەش بۆ ئەوەی بزانرێ واتا چییە؟ پێناسەیەکی نوێی بۆ داهێنرا، ئەویش پێناسەی (ئۆلمان) بوو کە گوتی: (واتا بریتییە لە پێوەندی ناو و نالێنراو) ئەمەش بووە جێگای مشتومڕی زۆر لە زانایان لەسەر جۆری پێوەندییەکە، هەندێکیان بە پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەقەڵەم دەدا و هەندێکیشیان بە ناڕاستەوخۆ، بەڵام (بلۆم فیلد) جیا لەمانە بۆ دروست بوونی پێوەندییەکە وای بۆ چوو کە «دەبێ وەسفێکی ورد و زانیاریانەی ناولێنراومان لەبەردەستدا بێت» (٢٨) ئینجا مافی گەیشتن بە پێناسەی (واتا)مان هەبێت.

ئەم پێناسەیەش بەڕای ئێمە بەدەر نەبووە لە کەموکورتی، چونکە ئەو ناو (هێما)یانەی کە (تەن)یان بەرانبەر نییە، بێ واتا دەبن و کێشەیان بۆ دروست

دەبێت.
واتا بەلای (فریگە)شەوە، جیهانێکی سەربەخۆیە، ئەم ڕایەشی لەو ڕوانگەوە بۆ دروست بوو کـە جـیـاوازی لە نێوان ناوی تایبەتی و تەنە ئاماژە پێکراوەکە، واتە (ناو و ناولێنراو) کرد و نیشانی دا کە (ناولێنراو) واتا نییە و ناوەکـانیش ئامـاژەن بۆ واتا یان خـود... و وێنە بەرجەستەکانیشی پەیوەست کردووە بە زانینی پێشتر کە وێنەکانیش ئاوێتەی هەست و سۆز و ویستی کەسەکەن، هەست و ویستەکانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگـۆڕێت، بەڵام لە هەمـان کـاتدا واتای بابەتی و سەربەخۆش هەیە. لەم ڕووەوە فریگە سێ جیهانی واتا جیادەکاتەوە کە بریتین لە: جیهانی واتایی، جیهانی خود (بیر، بۆچوون، هەست و سۆز)، جیهانی ماددی (تەن و شت و ڕووداو)، ئەم بۆچوونەش دواتر ڕەخنەی لێگیرا، لەو سۆنگەیەی کـە جیـهـانی واتایی، جیـهـانێکی تەمومژاوی و ئاڵۆزە و ناتوانرێ بدۆزرێتەوە. (٢٩).

## ٢-٢: پێوانەی واتا

مـرۆڤ بۆ ئەوەی سنووری چەندێتی و چۆنیـەتی واتا دەسـتنیـشـان بکات، پەنای بردۆتە بەر پێوانەی واتا، کاتێک هەستی خۆی بەرانبەر بە شتێک دەردەبڕێ، لە ڕووی چاکی و خراپی و جوانی و ناشیرینی ... تاد، کە ئەمـەش واتای هەیە و پێویسـتـە ڕێک بخـرێت بەهۆی پێوانە کردنییەوە.
دەروونناسـان و زمـانەوانان پێـوانەی واتایان بۆ ڕوونکردنەوەی چەند مەبەستێک دەرخستووە، لەوانەش:
١- پێـوانەی واتای بنچینەیی بۆ وشە دژیەکەکـان، ئەمەش بە خستنە ڕووی پێوەرێکی بەدوای یەکدا هاتوو بۆ دیاریکردنی پلەکـانی وشـە لە نێـوان دوو وشـە دژیەکەکەدا بەمەش لە هەردوو جەمسەردا پلەی دژیەک دروست دەبێت (٣٠) ئەمە پێشی دەگوترێت (پێوانەی ئۆزگـود)، تێـیـدا پێوانەیەکی حەوت پلەیی دانا بۆ ئاوەڵناوەکان کە بەرانبەر یەکتری دەوەستن، وەک:
کوڵاو، گەرم، شلەتێن - فێنک، سارد، بەستوو
٢- پێوانەی جیاکاری و جیاوازی لە واتای دەروونی لای کەسـەکان، ئەمـەش دەکرێ پێی بگوترێت پێوانەی ماسوولکەیی، چونکە کاتێک مرۆڤ قسە ناکات، دەست و پەنجـە ڕادەوەشـێنێ یان پێـکەنینی بێ دەنگ، چاوقووچاندن، چاو سوورکردنەوە.... تاد

٣- پێوانەی واتای هۆشەکی، ئەو وشانە دەگرێتەوە کە سادەن بە سروشتی لە زمانەکەدا هەن و ناتوانرێ زیاد و کەم بکرێن و پلەیان بۆ دابنرێت، وەک پلەکانی ئاووهەوا (سارد، گەرم، فێنک...).
٤- پێوانەی ڕووداو، لەناو ڕستـەدا (کار) هەیە، ئەم کـارە پێی دەگوترێت ڕووداو، لێرەدا کـارەکە دەپێورێ، وەک (پێکەنین، قسەکردن، نووسین، خوێندنەوە... تاد) یان ئاوەڵناوەکـان وەک (زیرەک، درێژ) کـە بە پێی گونجانیان لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا ڕێک دەخرێن، وەک لەنێوان (ژنەکە و مەلایەکە و کوڕەکە) بۆ کرداری (قـورئانی خـوێند)، (مـەلا) هەڵدەبژێرین لەبەر زیاتر گونجانی لەگەڵ ڕستەکەدا.

## ٢-٣: پێوانەی ئۆزگۆد:

وەک لەمەو پێش باس کرا، کە واتای فەرهەنگی جگە لە واتای هۆشـەکی خـۆی واتای تریشی لێ باردەکـرێت، بۆیە «ئەم جـۆرە واتایە بە شـێـوەیەکی درشت نەبێت ناتوانرێت شی بکرێتـەوە» (٣١) بۆ ئەم مـەبەسـتـە چەند هەوڵێک درا بۆ پێـوانەکـردنی واتا، بەڵام دیارترینیـان هەوڵەکـەی (ئۆزگـۆد) بوو، لە سـاڵی ١٩٥٢ بە دانانی پێـوانەیەکی بابەتیـانەی سـیـمـانتـیـک و ناوی نا «جیاکەرەوەی سیمانتیک».
دەربارەی گـرنگی هەوڵی ئەم زانایە، سـەرەڕای ئەوەی ڕێگای خـۆش کـرد بۆ لێکۆڵەرەوان دەربارەی پێـوانەی هێماکانی وشە و واتا دەروونییەکان لای کەسەکان، لە بوارەکـانی ڕەوشـتی جـوداش دواوە، وەک ئامـاژە و پێوەندی، زمانەوانی، جوانی، ڕاگەیاندن، کەسایەتی، چارەسـەری دەروونی. (٣٢) ئەو لەسـەر بنچـینەی شیکردنەوەی واتا بە ڕێگایەکی دیکە، جیا لە جۆرەکانی تر تێپەڕی، تا واتای وشە فراوانتر بێت و بواری ئەوەی هەبێت مانای دیکە لە خۆ بگرێ، ئەویش لە کتێبەکەیدا (پێوانەی واتا - The mecureat of meaning) بنچینەی شیکردنەوەی واتا لە حەوت پلە ڕێک خست، چونکە ئەو پێی وابوو «پێوەری سـیـمـانتـیکی لە دوو سـیـمـای دژی بەرانبـەر یەککراوی لە شێوەی پلەداری دابەش بوو بۆ حەوت پلە دەناسرێتەوە» (٣٣) کە بریتییە لەم پلەیانە: بە نموونەی هەردوو ئاوەڵناوی (هێـواش - خێرا)
هێواش ٣ ٢ ١ ٠ ١ ٢ ٣ خێرا

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە لەم وێنەیە دەبینین (٧) پلە لەنێوان هەردوو ئاوەڵناوەکەدا هەیە، بەڵام ڕاستییەکی زمانی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو وشەیەک لە زمانەکەدا وەک ئەم شێوەیە ئاوەڵناوانە پلە پلە ناکرێت، جۆری پلەکانیش دەتوانین دەستنیشان بکەین.

(خێرا[1] - کەمتر هێواش[2] - زۆر کەمتر هێواش[3] - {هێواش نییە[4] - خێرا نییە} - زۆر کەمتر خێرا[5] - کەمتر[6] خێر - هێواش[7])

کەواتە لەو حەوت پلەیەدا جیاکەرەوەی سیمانتیکی دەبینرێ، بەو واتایەی لە نێوان هەر یەک لەو پلانە کەلێنێک هەیە بۆ دەرخستنی شوێنی چەمکەکە لەناو بۆشاییەکە، بۆ نموونە:

دڵخۆش ـ : ـ : ـ : ـ : * ـ :-:-: نیگەران

هێمای (*) دانانی پێوەرێکی دیاری کراوە بۆ چەمکێکی دیاری کراو لە ڕێگای هەڵبژاردن دەبێت لە هەردوو جەمسەرەکە و نێوانەکانیەوە بە شێوەی پلە پلە کراو بێت.

دانانی ئەم پێوەرانەش لە ڕێگای (٣) هۆکار دەبێت: (٣٤)

١- هۆکاری هەڵسەنگاندن: ئەگەر چەمکەکە پێوەندییەکی پتەوی بە یەک لە کۆتایی و دوو جەمسەرەکە هەبوو، ئەوا نیشانەکە بەم شێوەیە دەنووسرێ:

باش ـ ـ ـ ـ ـ * خراپ

باش ـ * ـ ـ ـ ـ خراپ

٢- هۆکاری هێز: ئەگەر چەمکەکە پێوەندییەکی کەمتر پتەوی بەیەک دوو جەمسەرەکە هەبوو، ئەوا نیشانەکە بەم شێوەیە دەبێت:

ئازا ـ ـ ـ ـ ـ * ـ ـ خراپ

باش ـ ـ ـ * ـ ـ ـ ـ خراپ

٣- هۆکاری چالاکی: ئەگەر چەمکەکە تا ڕادەیەک پێوەندی مابوو بە هەردوو جەمسەرەکە، بەڵام هێشتا بێ لایەنی خۆی لە دەست نەدا بوو، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:

زیرەک ـ ـ ـ ـ ـ * ـ ـ تەمبەڵ

زیرەک ـ ـ ـ * ـ ـ ـ ـ تەمبەڵ

ئەگەر سەرنج درا چەمکەکە تەواو بێ لایەن بوو لە نێوان بۆ شاییەکانی هەردوو جەمسەرەکە یان چەمکەکە هیچ پێوەندییەکی بە جەمسەرەکانەوە نەبوو، ئەوا پێوەرەکە (نیشانەکە) لێرەدا دەکەوێتە ناوەڕاستی هەردوولا:

گەشبین ـ ـ ـ ـ * ـ ـ ـ ڕەشبین

ئەگەر ئەمە بە پێی بیروڕای ئۆزگۆد بنچینەیەکی شیکردنەوەی واتا بێت و لەوێوە پێوانەی واتا دابنرێت، بەوەی کە بە هۆی پلەکردنی واتاوە جیاوازی لە نێوان هێماکانی یەک وشە بکرێت، ئەوا ناکرێ ئەم بیروبۆچوونەش بە پوخت و بێ کەموکورتی لە قەڵەم بدەین، چونکە ئەم ڕێگا نوێیە شیکردنەوەیەکی تەواو ورد نییە بۆ پێوانی واتای بارکراو و ناتوانێت سنوورەکانی نێوان ئەو حەوت پلەیە بە وردی دیار بکات، بەڵام تاکو ئێستا هیچ ڕێگایەکی نوێتر نییە و ئەمەیان نوێترین و وردترین ڕێگەیە بۆ پێوانەی واتای بارکراو.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ڕێزە دەنگەکان بە یەکگرتنیان، هێما دروست دەکەن، واتە دروست کردنی دوو ڕوو، ڕوویەکیان ڕوخسارییە پێی دەگوترێت ناو - فۆرم، ڕووەکەی تریان بە دیوی واتادا دەشکێتەوە و ناوەرۆک پێک دێنێت.

٢- زمانەوان بیروبۆچوونی جیاوازیان دەربارەی جۆر و چۆنیەتی دابەشکردنی زمان بەسەر ئاستەکاندا هەیە، بەڵام گونجاوترینیان بریتین لەوەی، لە دیوی دەرەوەی زماندا ئاستەکان پێکهاتوون لە هەر سێ ئاستی ڕستە و وشە و دەنگ، هەرچی دیوی ناوەوەیە بریتییە لە ئاستی واتا.

٣- تیۆری لێکدانەوەی سنوورەکانی واتا لە ناو و ناولێنراوەوە سنووری دەبەزێت و گرنگترین تیۆر بۆ لێکدانەوەی سنووری واتا، سێگۆشەی واتایی (بیر، هێما، تەن)یە، کە (ئۆگدن و ڕیچاردز) ڕابەرایەتییان کرد.

٤- گشتی بوونی واتا و فراوانی سنوورەکەی، وای کردووە تا ئێستا بە ئاسانی نەتوانراوە بزانرێ واتا چییە؟ لەو سۆنگەیەوەش زۆرترین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، لە بەرانبەریشدا تا ئێستا پێناسەیەکی گونجاوی بۆ نییە.

٥- جۆرەکانی واتا لەبەر فراوانی بوارەکەی، بە شێوەیەکی جێگیر نەتوانراوە دیار بخرێت، بەڵام واتای هۆشەکی و واتای بارکراو شیاوترین جۆرن لە

دابەشکردنەکانی جۆرەکانی واتا.

٦- ئەو هەستانەی مرۆڤ بەرانبەر شتەکان دەری دەبڕێت، تاکە هۆکار بۆ ڕێکخستنی ئەو هەستانە و دوورخستنەوەیان لە هەڵە، پێوانەی واتایە.

٧- پێوانەی ئۆزگۆد لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی واتا، ڕێگایەکی نوێیە، بۆ پێوانەکردنی واتا، کە پێوانەیەکی حەوت پلەییە.

**سەرچاوەکان:**

**١- کتێب: أ- بەزمانی کوردی:**

**١- محەممەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، بەغداد ١٩٩٠ز.**

**٢- وریا عومەر ئەمین (پرۆفیسۆر)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بلاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤ ز.**

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

**١- أحمد مختار عمر (د.)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للطبع والنشر، الطبعة الاولى، الكويت ١٩٨٢ م.**

**٢- جمعة سيد يوسف، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، الكويت، كانون الثاني ١٩٩٠ م.**

**٣- نوال محمد عطية (د.)، علم النفس الغوي، مكتبة ألانجلو المصرية، الطبعة الاولى، القاهرة ١٩٧٥ م.**

**نامە:**

**١- بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٨ ز.**

**٢- تاڵیب حوسێن عەلی، هەندێ لایەنی پێوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٨ ز.**

**٣- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە تێروانینێکی ئەرکی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر ٢٠٠٣ ز.**

**٤- عەبدوڵلا عەزیز محەممەد، گۆڕانکاری واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٠ ز.**

**٥- عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٤ ز.**

**پەراوێزەکان:**

**١- محەممەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠ ز، ل ٤٣.**

**٢- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ ز، ل ٨.**

**٣- واتە کەسێکی هاوەڵ یاخود کەسێک حەز بە بوونی بەرانبەرەکەی بکات.**

**٤- محەممەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠ز : ل٤٧**

**٥- تاڵیب حوسێن عەلی ١٩٩٨، ل ٥**

**٦- محەممەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠ ز : ل ٥٠**

**٧- تاڵیب حوسێن عەلی: ١٩٩٨ز :ل ١٥**

**٨- هەمان سەرچاوە: ل ٦**

**٩- هەمان سەرچاوە: ل٦**

**١٠- محەممەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠ز: ل ٤٧**

**١١- وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤ز :ل ١٩٩**

**١٢- محەممەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠ز : ل ٥١**

**١٣- هەمان سەرچاوە: ل ٤٧**

**١٤- تاڵیب حوسێن عەلی ١٩٩٨ز: ل ٧**

**١٥- محەممەد مەعرووف فەتاح ١٩٩٠ ز: ل ٥١**

**١٦- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ ز: ل ٨**

**١٧- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ ز: ل ٨**

**١٨- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ ز: ل ٢١**

**١٩- محەممەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠ ز: ل ١٥٨**

**٢٠- عەبدوڵلا عەزیز محەممەد: ١٩٩٠ز: ل ٥١**

**٢١- بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید: ١٩٨٩ ز: ل ١٣**

**٢٢- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ ز: ل ٢١**

**٢٣- محەممەد مەعرووف فەتاح: ١٩٩٠ز :١٥٩**

**٢٤- بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید: ١٩٨٩ ز: ل ١٤**

**٢٥- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠٠٣: ل ٧**

**٢٦- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ز :ل ٦**

**٢٧- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ز: ل ٧**

**٢٨- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠٠٣ ز: ل ٧**

**٢٩- عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٤ز :ل ١٧**

**٣٠- د. أحمد مختار عمر: ١٩٨٢ ز: ل ٤٢**

**٣١- بێخاڵ عەبدوڵلا سەعید: ١٩٨٩ ز: ل ٨٤**

**٣٢- د نوال محەممەد عطية: ١٩٧٥ ز :ل ٨٩**

**٣٣- د. أحمد موختار عمر: ١٩٨٢ز :ل ٤٥**

**٣٤- د. جمعة سيد يوسف: ١٩٩٠ ز: ل ١٤٠**

# دامودەزگایەکانی ڕاگەیاندن

د. ئیبراهیم ئەبراش
لە عەرەبییەوە: ئازاد گراوی

ئەمانە ئێزگە و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەگەری بینراو و بیستراو ڕۆژنامەگەری نووسراو و سینەما..تاد دەگرێتەوە، گرنگی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی سیاسی لەو شوێنە دەردەکەوێت کە ئەمڕۆ ڕاگەیاندن داگیری کردووە وەک هێزێک کە هەزار حیسابی بۆ دەکرێت، ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو کاریگەرییەی کە هەیەتی لەسەر بۆچوونەکانی تاک و هەڵوێستە سیاسییەکانیان و کاریگەری لەسەر زەوق و هەموو شێوازی ژیانیان، تەنانەت وای لێ هاتووە کە بە شووشتنەوەی دەماغ هەڵدەستێ بەتایبەتی بۆ مرۆڤی ئاسایی.

لەبەر گرنگی ڕاگەیاندن، سیستەمە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵی بکەن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئاراستەی بکەن، بۆ ئەمە گەورەترین ژمارەیان لە پسپۆرانی لە بوارە جیاوازەکان ڕاگەیاندن دامەزراندووە: وەک کۆمەڵناسی و سیاسەتزانی و دەروونناسی- تاوەکو دەسکەوتە بەدیهاتووەکان زامن دەکات کە خۆی لە دەست بەسەراگرتنی فکر و عەقڵی خەڵک دەبینێتەوە. لێرەدا نامۆ نییە کە هێزە ڕکابەرەکان تێبکۆشن لەناویەک دەوڵەتدا، یان داواکردنی بەبەشداری دەوڵەت بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ڕەسمی، یان ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی دەربکات و هەوڵبدا بۆ کارتێ کردن لەسەر نووسەران و ئەدیبان و سینەماکاران بۆ تەبەنیکردنی فکرە سیاسیەکەی و ڕەنگڕێژکردنی کارەکانیان لەژێر کاریگەری فکری بانگەشە بۆکراودا، یان بەلایەنی کەم بەرهەڵستکاری لەگەڵدا نەکەن، لەسەر ئاستی یەکەم دەوڵەتە گەورەکان ڕکابەری دەکەن بۆ

زاڵبوون بەسەر کەناڵەکانی بڵاوکردنەوە بەسەرتاپای جیهاندا، ئەوەی زیاتر دەست بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانیدا بگرێت ئەوە زیاتر کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و دیدوبۆچوونە سیاسیەکانی کۆمەڵگا هەیە کۆمەڵناسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەرکەوتنی قسەوگفتوگۆکردن بەتایبەتی قسەوگفتوگۆکردنی سیاسی بەدی نایەت ئەگەر پشت بە تۆڕی پێوەندی ڕاگەیاندنێکی نوێ و پێشکەوتوو نەبەستێت و هیچ کۆمەڵگایەکی نوێ بوونی نییە کە چالاکانە کار بکات بەبێ سیستەمێکی پێشکەوتووی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی، ئەمەی دوایی کار دەکات لەسەر پێدانی دەروازە بنەڕەتییەکانی ژیانی سیاسی و دەروونی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا. ڕۆڵەکەی کورت نابێتەوە تەنیا لەسەر ڕابواردن و پێشکەشکردنی زانیارییەکان، بەڵکو شارەزاییمان و جووڵەی کۆمەڵەکان ئاراستە دەکات بەرەو کارکردنی بە ئاراستەیەکی دیاری کراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کە جێی هیوایە، لەبەر بوونی ئەم توانا ماددی و تەکنیکیەی کەهەیەتی دەتوانێت بنەمای ڕەوشتی کۆمەڵگا بگۆڕێت، هەروەها ئەو فکروبنەما سیاسیانەی کە کۆمەڵگا لەسەری کاردەکات. توێژینەوە زانستییە ئیمبرفیەکان تەئکیدیان لەسەر ئەو هێزە کاریگەرە کردۆتەوە کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەپرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی مومارەسەی دەکەن، بەشێوەیەک ئەوەی یەکەم شوێنی شارەزایی سەرەتایی گرتۆتەوە لە پرۆسەی تازەکردنەوەی کۆمەڵگاکان و گەڵاڵەکردنی ڕۆشنبیرییەکی سیاسیانەی یەکگرتوو، ئەمەش بەدانانی لەژێر بیستن و بینینی هاوولاتی وەک نموونەی ئامادەکراو بۆ سیستەم و شارەزایی و فکرە باش و خراپە بەرچاوەکان و بەجێهێشتنی ئازادی هەڵبژاردن و بەچاک زانین بۆ ئەو، لەگەڵ تەرکیزکردنی لەسەر باشییەکانی سیستەم و ئەو فکرانەی لەگەڵیدا کۆکن. لەمبارەیەوە تەلەفزیۆن بەگرنگترین کەناڵی ڕاگەیاندن دادەنرێت لەڕووی کاریگەری لەسەر ئاراستە سیاسییەکانی خەڵک، لەبەر ئەوەی دەنگ و ڕەنگە توانای هەیە لە گەیاندنی پەیامەکەی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگا خوێندەوار و نەخوێندەوار، هەروەها ئەو شێوازە سەرنج ڕاکێشەی کە بەرنامەکانی پێ پێشکەش دەکرێت ئەو پەیامە سیاسی نییە بە شێوەیەکی ڕوون، بەڵکو شێوەی وێنەی جووڵێنەر وەردەگرێت بە نیسبەت منداڵان، یان گۆرانی و زنجیرە فیلمەکان بە نیسبەت گەورەکان، بەڵکو کەناڵ و دیمەنەکانی جاڕدان و بڵاوکردنەوە خاڵی نییە لە سیاسەت ئەگەر بە ڕێگایەکی زیرەکانە بەکارهێنرا، لەبارەی کاریگەری ئامێری تەلەفزیۆن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان (هربت شیللر) دەڵێت: «بەشێوەیەکی گشتی هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی کە تەلەفزیۆن بەهێزترین کەناڵی ڕاگەیاندنە و گومانی تێدا نییە کە کاریگەرییەکەی بەو سیفەتەی ئامرازێکی سەرەکییە و بۆ گشتاندنی بەهاکانی سیستەم لە کەس شاراوە نییە»

«شیللر» جەخت دەکاتە سەر ئەو پەیامە سیاسییەی کە بەرنامەکانی ڕابواردن هەڵی دەگرن هەروەک ئەم حاڵەتەی «واڵت دیزنی» لەمیانەی چیرۆکەکانی منداڵان و وێنە پێکەنیناوییەکان و دیمەنە دڵڕفێنەکانی سروشت «واڵت دیزنی» دەیەوێ بڵێ: جیهانێک ببینن کە ململانێی کۆمەڵایەتی تێدا نییە، ئەندازەیەکی گەورە لە توندوتیژی هەیە، هەندێ «پیاوانی شەڕانگێز» هەن، بەڵام ئەمانە تاکە کەسن و نوێنەرایەتی دابەش بوونە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان ناکەن، جیهان شوێنێکە پڕە لە بەختەوەری و چینی ناوەڕاستی ئەمریکا لە باشترین بارودۆخدا دەژین» . ئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی بینراو و بیستراو، وا لێ دەکات مەترسی و کاریگەر بێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی، ئەوەیە کە دەچێتە هەموو ماڵێک بەبێ ئەوەی ئیزنی لە هیچ کەسێک وەرگرتبێت، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بوونەتە دوو شتی ئاسایی کە لە هەموو ماڵێکدا هەن، بە پەپکەیەکی ئاسمانی کەم نرخ کە لە سەربانی ماڵ چەسپ کراوە، ئەمڕۆ دەتوانیت ڕۆشنبیری جۆربەجۆر و جیهانی نەزانراو و ڕووداو و شیکردنەوە بەشێوازێکی جوان و سەرنج ڕاکێش ببینی و ببیستی. ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا لەیاد ناکەین لە ڕووداوەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی و ڕۆڵی ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن لە گواستنەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئێرانی کە یارمەتی بڵێسەی ڕابوونی ئیسلامیدا، هەروەک ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە جەنگی کەنداو لەیاد نەکەین... تاد.

هیچ موناقەشەی تێدا نییە کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

میکانزمێکە لە میکانزمەکانی مومارەسەکردنی دەسەڵات بە نیسبەت فەرمان ڕەوایان و میکانزمێکە بۆ ناجێگیری دەسەڵات بە نیسبەت هێزە بەرهەڵستکارەکان، بەڵام ئەرک و وەزیفەی سیاسی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بەپێی سیستەمی سیاسی و ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە لەو وڵاتەدا باوە، جیاوازە. لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوای دیموکراتی هێزی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا کەمترە لەوەی کە لە دەوڵەتانی تردا بۆ کەرتی تایبەت هەیە -دامودەزگا و کۆمپانیا و پارت و کۆمەڵەکانی گوشار- مافی بەکارهێنانی ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن، بەڵکو مافی ئەوەشیان هەیە ببن بە خاوەندارێتی ئەم کەناڵانە ئەمەش دەبێتە هۆی فرەیی و ڕکابەری، فرە دەبێت بە فرەیی ئاراستە و دیدوبۆچوونەکان دامودەزگا ئایینییەکان مومارەسەی پێگەیاندنی ئایینی دەکەن، سۆسیالیستەکان پێگەیاندنی سۆسیالیستی بڵاودەکەنەوە، فاشیستەکان پێگەیاندنی فاشیستی بڵاودەکەنەوە، لەکاتێکدا دەسەڵات و دەزگاکانی هەوڵی جێگیرکردنی پشت و پەناکانی دەدا بۆ دروستکردنی هاوسەنگی نێوان ئەم پێگەیاندنانە، بەڵام ئەم فرەییە لە چوارچێوەی جێگیرە نیشتمانییە ڕێز لێگیراوەکان دەبێت. «مۆریس دفرجیه» وای دەبینێ، فرەیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نابێتە پێویستییەک بۆ فرەیی لە ڕۆشنبیر بوون، یان پێگەیاندنی سیاسی، تەنیا ئەگەر پێوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان هەبێت، نەک بە هەمەجۆری ڕووکاری هەمان ڕۆشنبیری، ئازادی ڕۆژنامە و ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان لە ئەمەریکا بەرامبەر ئیدارە و دادوەران و دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و کۆنگرێس ناگۆڕێت بەبێ پاڵپشتی هەمووان بۆ هەمان ڕۆشنبیری لەهەمان چوارچێوەدا «هربت شیللر» وای دەبینێ کە ئەو فرەیی و بێ لایەنییە تێبینی کراوەی سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی لەناوەیدا بەکەمگرتن و شێواندنی ڕاستییەکانی شاردۆتەوە هەروەک «جۆرج جیرنر» تێبینی کردووە کە لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییەکان، بە دیاری کراوی لە ئەمریکا: «پرسیاری حەقیقی لە چۆن و بۆ چ ئامانجێک و لە ڕێگای کێ بەرجەستەکراوە و بە چ ئامانجێکی ڕیزبەندکراو و مومارەسەی پرۆسەکانی ئاراستە و کۆنترۆڵ کردن دەکرێت بێ لایەنی تێدا بەدی ناکرێت. ئەم فرەییە هەروەک «شیللر» دەڵێت خاڵییە لە هەر جۆرێکی حەقیقەت هەروەها میکانیزمی کارەکانی و مەرجەکانی، ئەو هۆکارانە فەراهەم دەکات کە دەبنە هێز بۆ سیستەمی باووناهۆشیاری. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئازادی ڕاو گوزارشت و ئاسمانی بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە نیسبەت هێزە ڕکابەرەکان فەرامۆش بکەین، ڕاستە سیستەمی سیاسی هەوڵی کۆنترۆڵ کردن و دانانی کۆتوبەند لەسەر ئەو کەناڵە ڕاگەیاندنانە دەدات کە ملکەچی دەسەڵاتی ئەو نین، بەڵام هەموو ئەم کۆنترۆڵانە لە چوارچێوەی مومارەسەی دیموکراتییەتدا دەمێنێنەوە کە زیان بە سەروەرییە نەتەوەییەکانی هەموو دەوڵەتێک نەگەیەنێت، پاراستنی بەها دیموکراتییەتی ڕۆژئاواییەکان لەلایەن سیستەمی سیاسی خاڵی نییەلە فرەیی و ئازادی ڕاو گوزارشت لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵام بواردان لەبەردەم هەمووان وەک تاکەکان و دامودەزگاکان بۆ خاوەندارێتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵەکانی گوشار لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان ڕۆبچنە ناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆنترۆڵ کردنی و ئاراستە کردنی بۆ بەرژەوەندییە تەسکەکانی، هەر لەم بوارەدا سەرنج دەدەینە ئەو کۆنترۆڵ کردنەی کە کۆمەڵە یەهودییەکان مومارەسەی دەکەن بە شێوەیەک کە یەهوودییەت وەک پێکهێنەرەکی سەرەکی تێکەڵ دەبێت بە شارستانییەتی مەسیحی کە بە کاریگەری باڵا دەستی لوبی زایۆنی بووەتە شارستانییەتی مەسیحی-یەهودی.

هەروەها بواردان بۆ بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەبێ کۆتوبەند لە ڕۆژئاوادا یارمەتی داوە لەسەر ئاسانی بڵاو کردنەوەی فکرەی فاشی و ڕەگەز پەرستییەکان کە کار ئاسانی بۆ ئەو بزووتنەوە سیاسیانەی کردووە کە ئەم فکرانەیان هەڵگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی فکرەکانی لە ڕێگای کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن جا یان ئاراستە سیاسیە فاشی و ڕەگەز پەرستییەکان بەڕاشکاوی بڵاو دەکاتەوە، یان بەنهێنی لەژێر دروشمی ئایینی، یان نیشتمانی، یان کۆمەڵایەتی. بەڵام ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم، ئەوەیە کە زۆربەی ئەم دەوڵەتانە هەوڵ دەدەن تاوەکو ئەم کەناڵانە لەژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتە گشتییەکان دابنێت و لەخزمەتی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت و بەرژەوەندی سیستەمی

سیاسی دابێت. کەمێک لەم دەوڵەتانە کەناڵی ئێزگەیی، یان تەلەفزیۆنی تایبەتی تێدایە و هەندێکیان هەتا ڕێگا نادەن بە ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپ و ئاڵوگۆڕکردنی کتێب مەگەر پاش تێپەڕبوونی بەلێژنەی چاودێری، کە مومارەسەی دەسەڵاتی ڕەها دەکات لە سنووردارکردنی ڕێگاپێدراوەکان بەبیانووی پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگا. گەمارۆدانی دەوڵەت و تەحەکوم کردنی بە پێگەیاندنی سیاسی لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تەلەفزیۆن و ئێزگە و ڕۆژنامە کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەمە تێدەپەڕێنێت بۆ چاودێری کردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی چالاکی ڕۆشنبیری، یان هونەری، یان وەرزشی، یان ئایینی، تاوەکو ئەم کۆمەڵانە هەڵیک نەقۆزنەوە بۆ خۆ ئامادەکردنی پێگەیاندنی سیاسی شاراوە، لە هەندێ وڵاتی عەرەبی هەتا وتاری پێشەوایانی مزگەوت و وانە و ئامۆژگارییەکانی دامودەزگا ئایینییەکان خراونەتە ژێر چاودێری. جێگای موناقەشە نییە کە پێشکەوتنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای دیموکراسی سنوورێک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دادەنێ لەسەر قۆرخ کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم. ڕۆڵەکەی گۆڕا لە هەوڵی دەست بەسەرداگرتن بۆ سەپاندنی پێگەیاندنی سیاسی تاکڕەوانە، بۆ بەرەوپێش بردنی شێوازی کارەکەی لەمیانەی ئەو کەناڵانە و دانانی سیاسەتێکی ڕاگەیاندنی پێچەوانە کە لەمیانەیدا وای دادەنێت دژە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وەک سیستەم، یان لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگاو ڕۆشنبیرییە نیشتمانییەکانی، بەڵکو دەکرێ بڵێین لەکاتی ئێستاماندا فاکتەرە دەرەکییەکان -ڕاگەیاندن، گەشتوگوزار، ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری، دەست تێوەردان بەناوی مافی مرۆڤ- ڕۆڵ دەگێڕن لە پێگەیاندنی سیاسی کە ئەم ڕۆڵە گرنگییەکەی کەمتر نییە لە ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی، هەتا هەندێ دەوڵەت دروشمی «داگیرکردنی کولتووری»یان بەرز کردۆتەوە و داوای چڕکردنەوەی هەوڵەکان دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکرە ڕۆشنبیرییە نامۆودەرەکییەکان بە بیانووی پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگا، کە لە حەقیقەتدا ئەم هەنگاوە بەرگری لە بەها و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگا ناکات، بەڵکو دەیەوێت ئەم ڕەهەندەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بپارێزێت کە شەرعیەتی لێ وەرگرتووە ئەمەش واتا ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتی دیموکراتیەت و داواکاری مافی مرۆڤ و شەفافیەتی سیاسی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆشنبیرییە دژ بە بەرژەوەندییەکانی و ڕامالراوە لە حەقیقەتەکانی ئەو سیستەمە.

پێگەیاندنی سیاسی لە ڕێگای پارتە سیاسییەکان وا باشە پێش ئەوەی بچینە قووڵایی بابەتەکە پێناسەی حزبی و سیاسی و ئەو ئەرکەی بکەین کە بەجێی دەگەیەنێ بۆ خزمەتی سیستەمی سیاسی. پێناسەکان جۆراوجۆرن بەشێوەیەک کە زەحمەتە لەیەک دیددا سەیری حزبەکان بکەین، حزبە سیاسییەکان مەدلوولاتی جیاجیایان هەیە، کە دەکرێ لە چەندین لاوە توێژینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام پێگەیاندنی سیاسی بە خاڵی هاوبەشی بۆ هەموو حزبە سیاسییەکان دەمێنێتەوە. سەبارەت بە لەیەکتر نزیکبوونی ڕێکخستنەکانی حزب لەلای هەریەک لە میشلز و ماکس فیبەر و موریس دفرجیە دەبینین «ماکس فیبەر» ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە زاراوەی حزب بەکاردەهێنرێت بۆ دەلالەت کردن لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕێکخستنەکان کە لەسەر بنەمای ئینتیمای ئازاد و ئامانجەکەشی بەخشینی دەسەڵاتە بە سەرۆک حزبەکان لەناو کۆمەڵەیەکی ڕێکخستن لەپێناوی هێنانەدی ئامانجێکی دیاری کراو، یان بەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددی بۆ ئەندامان. لەکاتێکدا «موریس دفرجیە» وای پێناسە دەکات: «حزبی سیاسی یەک کۆمەڵە نییە، بەڵکو گوزارشتە لە گردبوونەوەی ژمارەیەک کۆمەڵەی پەرتوبڵاو لە هەرێمی دەوڵەت وەک لێژنەکانی حزب و نوێنەرایەتییان و بەشەکانی حزب و کۆمەڵە ناوخۆییەکان... کە سیستەمەکان پێکەوەیان دەبەستێتەوە و هاریکاری لەنێوانیان دەکات، بەڵام لەیەک نزیکی ئایدۆلۆژی، «لینین» ئاماژەی بۆ کردووە کە دەڵێ: «بەبێ بەرنامە حزب ناتوانێ بەوەی کە ڕێکخستنێکی سیاسییە هێڵە گشتییەکان لە هەموو کاتێ بپارێزێ بەتایبەتی کە دەبینێ بارودۆخەکە پێشبینی نەکراوە». هەمان نزیک کردنەوە لە دیدی لیبرالی لەلای «ئیدمۆند بورک» دەبینین کە پێناسەی حزبە سیاسییەکانی کردووە بەوەی کە: « کۆمەڵەیەکی ڕێکخراوە لەخەڵک کە کۆبۆتەوە لەپێناوی کارێکی هاوبەش بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی نیشتمانی لە ڕێگای

هێنانەدی ئەو بنەمایانەی کە باوەڕیان پێیە، بەڵام لێک نزیک کردنەوەی وەزیفی لەلای «ڕیمۆن ئازۆن» دەبینین، کە حزب پێناسە دەکات بەوەی: «ڕێکخستنێکی بەردەوامە کە کۆمەڵێک تاکە کەس لە خۆ دەگرێت ئەوانەی پێکەوە کاردەکەن لە پێناوی مومارەسەکردنی دەسەلات جا ئەم کارە بۆ گرتنەوەی دەستی دەسەلات بێت، یان پاراستنی بێت» پێناسەی «جۆرج بۆردۆ»ش لەم واتایە نزیک دەبێتەوە کە پێناسەی حزب دەکات بەوەی کە «ڕێکخستنی کۆمەڵەیەکە لە تاکەکان کە هەمان دیدی سیاسیان هەیە، کاردەکات لەسەر دانانی فکرەکانی لە پێگەی جێبەجێکردن، ئەمەش بەکارکردن لەیەک کاتدا بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیان بۆ ریزەکانیان و گرتنە دەستی حوکم، یان بەلایەنی کەم کارتێ کردن لەسەر بڕیارەکانی دەسەلاتی فەرمانڕەوا».

هەموو ئەو پێناسانە واتای ئەوە دەگەیەنن کە هاوبەشی دەکەن لەوەی کە حزبە سیاسییەکان ئەرکێکی سیاسیان هەیە کە ئەویش گەیشتنە بە دەسەلات، یان کارتێ کردن لەو کەسەی کە لە دەسەلاتدایە، لێرەدا حزبە سیاسیەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن جا یان بۆ خزمەتی سیستەمی سیاسی لەمیانەی پاڵپشتی کردنی و هاوکاری کردنی داواکانی و نووسینەوە و ڕام کردنی داواکارییەکانی گەل تاوای لێ بکات لەلایەن سیستەمی سیاسی قبوڵ کراو بێت، یانیش لەبەرهەڵستکردنی حزبەکان ڕای گشتی دەورووژێنن دژی دەسەلات، یان سیستەمی سیاسی دەبەستێتەوە بە زیادکردنی داواکانی میللەت حزبە سیاسییەکان بە چاوپۆشی لە سروشتی سیستەمی حزبی -تاک حزبی، دوو حزبی، فرە حزبی- و بە چاوپۆشی لە ئایدۆلۆژیاکانی، بەشداری دەکات لە داڕشتنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا لەمیانەی بەرنامە و بیروباوەڕ و پرۆسەکانی هۆشیاری سیاسی کە ئەنجامی دەدەن. هەروەک لە پێشدا باس کرا، ڕۆشنبیری سیاسی ئەو سەرچاوەیەیە کە لەوێوە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دەست پێ دەکات جیاوازە بەگوێرەی سیستەمی حزبی باووبەگوێرەی سروشتی سیستەمی سیاسی، لەو دەولەتانەی یەک حزبی هەیە، حزب و دەسەلاتی سیاسی تێکەڵ دەبن، هەروەها ئەرکی یەک حزبی لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی خزمەتکردنی سیستەمی سیاسییە، حزب پشت بە ئایدۆلۆژیای سیستەمی سیاسی دەبەستێت و بەرگری لە داواکانی و بەرنامەکانی دەکات و دەزگا ڕاگەیاندن و دامودەزگا سیاسییەکانی دەخاتە خزمەت سیستەمی سیاسی، زەحمەتە بلێین کە سیستەمی تاک حزبی کاردەکات بۆ دروست کردنی فرە ڕۆشنبیری، بەڵکو هەوڵ دەدا و تێ دەکۆشێ بۆ دامەزراندنی یەک ڕۆشنبیری و یەک ئایدۆلۆژیا، بەڵام لەو سیستەمانەی کە بەدوو حزبی، یان فرە حزبییان گرتووە، جیاوازی ڕوودەدات لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە نێوان پارتەکانی هاوبەندی دەسەلاتدار کە مومارەسەی پێگەیاندنی سیاسی دەکەن بۆ خزمەتی سیستەمی سیاسی بۆ ئەمەش هەموو تواناکانی سیستەمی سیاسی بەکاردەهێنن لە چالاکییەکانیدا، پارتە بەرهەڵستکارەکان کە مومارەسەی پێگەیاندنی سیاسی دەکەن بۆ ئەندامەکانی و جەماوەر کە لەمیانەیدا هەڵوێستەکانیان دژی سیستەمی سیاسییە لەمەشدا گوتارێکی ئایدۆلۆژی، یان سیاسی جیاواز بەکاردەهێنن، تاوەکو زانراو و قبووڵ کراو بێت لە لایەن جەماوەر بۆ خاوەندارێتی هۆکارە تایبەتییەکان لە پرۆسەی پێگەیاندن وەک خاوەندارێتی هۆکارەکانی پێگەیاندنی تایبەت، ڕۆژنامە حزبییەکان و بڵاوکراوە و کتێبەکان، یان کەناڵەکانی پەخشی ئێزگەیی و تەلەفزیۆنی تایبەت بە حزب، یان سەربەخۆ، کە حزب کاریگەری لەسەر هەیە، ئەگەر ئەم حزبانە خاوەن ئایدۆلۆژیای ئایینی بن ئەوا مومارەسەی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دەکەن لەمیانەی دامودەزگا ئایینییەکان، لە دەولەتە پێشکەوتووەکان کە کۆمەڵگای مەدەنی چالاکی تێدایە حزبەکان مومارەسەی پێگەیاندنی سیاسی دەکەن لە ڕێگای سەندیکا و کۆمەڵەکانی ئافرەتان و قوتابیان و یانە وەرزشییەکان. ڕۆڵی ئەو ڕۆشنبیرییە کە سەربەوە، یان کاریگەری بەسەرییەوە هەیە. تێبینی دەکرێ لەم ساڵانەی دواییدا، ڕۆڵی حزبەکان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە دەولەتە پێشکەوتووەکان بۆ دواوە گەڕابێتەوە، لەکاتێکدا گرنگییەکەی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم زیاتر بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دەولەتانی پێشکەوتوو، گرنگی ئایدۆلۆژیا لە ژیانی سیاسی بۆ دواوە گەڕاوەتەوە و فکری کۆمەڵایەتی و سیاسی تێدا گەیشتۆتە قۆناغی تەواو بوون، بەشێوەیەک هیچ جیاوازییەکی ئایدۆلۆژی ڕاستەقینە لەنێوان حزبە سیاسییە ڕکابەرەکییەکاندا نییە، بە تایبەتی لە ئەمریکا

و بەریتانیا، جەماوەر باوەڕ و قەناعەتی بە سیستەمی لیبرالی بۆ دروست بووە، بەشێوەیەک هەر حزبێک کە ئایدۆلۆژیایەکی نوێ دەخاتە ڕوو، یان مومارەسەی پێگەیاندنی سیاسی دەکات کە دژ بێت لەگەڵ کۆڵەگەکانی سیستەمی سەرمایەداری لیبرالی، ئەوا لەلایەن جەماوەرەوە وەڵامێکی گەورەی نادرێتەوە و تێبینی ئەوە دەکەین کە حزبەکان لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا دوور دەکەونەوە. بەڵام لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، کە سیستەمی سیاسی لەسەر بنچینە شەرعی و ڕەواییە جێگرەکان دامەزراوە، ناسنامەی نیشتمانی فۆرمۆلە نەبووە بەشێوەیەکی ڕوون، تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی هێشتا داواکارییەکە زیاتر لەوەی واقع بێت، ئینتیمای ئەتنی ناکۆک دەبێت ئینتیما بۆ دەوڵەت و ئایینزایی و پێوەندی ئایین بە دەوڵەت بەتەواوی یەکلانەکراوەتەوە وفرەیی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم کە بە فرە حزبی دەناسرێ، لەسەر بنەمای بەرنامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بیناد نانرێ بەڵکو لەسەر بنەمای فرە تائیفی، یان ئەتنی. سەرباری ئەو پێکهاتە عەقڵی و دەروونی و بنیادە ڕۆشنبیرییەی کە باوە، حزبە سیاسییەکان زۆر ئایدۆلۆژین لە حزبەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، لەبەر ئەوەی حزبی ئایدۆلۆژین پێویستییان بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی گەورەی جەماوەر هەیە، واتا حزبی جەماوەرین، ئەم کۆکردنەوەیە تاکو دێتە دی پێویستی بە پێگەیاندنی سیاسی چڕوپڕ هەیە کە حزبەکان ئەنجامی دەدەن. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین کەحزبەکان بەشداری دەکەن لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لەمیانەی:

١- کارتێکردن لە ڕای گشتی.
٢- دروستکردنی ڕۆشنبیریی سیاسی.
٣- پەروەردەی سیاسی.
٤- تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی پێشوو پوخت دەکەینەوە لەوەی کە پێگەیاندنی سیاسی بووەتە بابەتێکی گرنگی پێدراوی زانایانی کۆمەڵایەتی سیاسی و لەمیانەیدا دەکرێ ڕۆشنبیری سیاسی هاووڵاتیان و پلەی پەیوەست بوون، یان جیاوازی نێوان کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی بناسین، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەموو پێگەیاندنێکی سیاسی نابێتە هۆی گەشەپێدانی سیاسی، هەروەها چەسپاندنی بەها دیموکراسییەکان، سروشتی ڕۆشنبیریی باو ، لە کۆمەڵگا و جۆری فێرکردن و سەربەخۆیی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، هەموو ئەمانە کاروبارێکن سروشتی پێگەیاندنی سیاسی و مەودای مەعقوولیەتی دیاری دەکەن، بەداخەوە تێبینی جۆرێک لە پێگەیاندنی سیاسی هەڵە دەکەین لە هەندێ کۆمەڵگا و کۆمەڵە عەرەبی و ئیسلامییەکان، پێگەیاندنێک کە لە ڕووی سیاسییەوە گەشە بە هاووڵاتی نادات لەسەر بنەمای عەقلانییەتەکان بە شێوەیەک کە زۆر تێکەڵ بێت بە کۆمەڵگا و توانای زۆری هەبێت بۆ ڕۆڵ گێڕانی وەک هاووڵاتییەک کە ماف و ئەرکەکانی بزانێت و خاوەنی داهێنان و دروست کردن و متماتنە بەخۆبوون لەلای گەشەدەکات، بەڵکو ئەوەی تێدا هەیە پێگەیاندنێکی نەقڵی دەقییە کە ڕۆحی دروست کردن و داهێنان لە لای دەکوژێ و حاڵەتی قەدەر و پاڵدانەوە و تەسلیم بوون بە ئەمری واقعی بەسەردا دەسەپێنێ لێرەدا هەروەک باسمان کرد ڕۆڵی دامودەزگا فێرکردنەکان و ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، گرنگتریش لەمە، ڕۆڵی ڕۆشنبیران دێت کە بەشێکی گەورەی پرۆسەی پێگەیاندن دەکەوێتە سەر شانیان هەروەک ئەو پەندەی دەڵێ «ئەو کەسەی هیچی پێ نەبێت هیچ نابەخشێ» ، ئەگەر درایە پاڵ کەناڵێک کە لێهاتوو نین، هیچ خێرێکی لێ چاوەڕوان ناکرێت لەو یاسانەی دەورووژێنێت لەبارەی پێگەیاندنی سیاسی مادام کاروبارەکان مەحکوم بێت بە عەقڵیەتی داخراو و دواکەوتوو، یان بەرژەوەندی تەسکی خودی، یان بەرژەوەندی گرووپێکی میللی.

**سەرچاوە:**

**علم الاجتماع السياسي، د.ابراهيم ابراش.**

# ئەفسانە و چیرۆکی ئەفراندن لە میتۆلۆژیا و ئایینەکاندا

محەمەد سلێمان عەباس

لە سەرەتای ژیانی مرۆڤدا کە شێوەی یەکەمی کۆمەڵی مرۆیی دروست بوو، هۆشیاری سەرەتاییش لەگەڵیدا گەشەی کرد، مرۆڤ ئەوکاتە لە دیاردە سروشتییەکاندا سەرچاوەی هێزێکی زیندووی دەبینییەوە، بۆیە هەر لەوکاتەی مرۆڤ لە چۆڵ ودارستانەکاندا ژیاوە،دیاردە سروشتییەکانی کە لە گەردووندا هەن. سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشاوە و لێی ڕاماوە و هەوڵی داوە بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دروست بوون و ئەفراندنی گەردوون هەر لە (زەوی، ئاو، ئاسمان، ڕۆژ، ئەستێرە) تادەگاتە دروست بوونی مرۆڤ.

مرۆڤی کۆن و سەرەتایی بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاردەکانی ژینگە و دەوروبەری خۆی و چۆنیەتی خولقاندنی گەردوون، پشتی بەعەقڵ و مەنتیق نەبەستووە، بەڵکو پشتی بە خەیاڵ و سۆزی خۆی بەستووە.

مرۆڤی بەرایی دیاردە و ڕواڵەتەکانی سروشتی بە تەنیا و جیاجیا لە یەکتر شی کردۆتەوە، چونکە لەم قۆناغەدا مرۆڤ نەیدەزانی کە ئەم دیاردانە پێوەندییان لەگەڵ یەکدا هەیە، هەروەها هۆی ڕوودان و گۆڕینی دیاردەکان تێنەدەگەیشت. بۆیە مرۆڤی سەرەتایی هۆی گۆڕان و جووڵەی دیاردەکان بۆ هێزێکی نادیار و میتافیزیکی دەگەڕاندەوە و باوەڕی وابوو کە ئەم هێزانە دیاردەکانیان ئەفراندووە و دەیجووڵێنن کاتێک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا بوو، دید و بۆچوونەکانی ساکار و سەرەتایی بوون و تاکە ئامراز و شێوازی بیرکردنەوەی بریتی بوو لە ئەفسانە، بۆیە (سموئیل کریمر) دەڵێ: میتۆلۆژیا یەکەمین هەوڵدانە لە مێژووی هزری

مـرۆڤـایەتیـدا بۆ چەمکی فـەلسـەفی، بە مـەبەسـتی ڕزگارکردنی مرۆڤ لە نەزانینی نهێنییەکانی سروشت، بۆیە میتۆلۆژیا بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی هزری مرۆڤایەتی(١)

واتە هزری ئەفـسـانەیی شـێـوازێکی گـرنگی مـرۆڤی سەرەتاییە بۆ زانین و تێگەیشتنی لە دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان و لەم شێوازەدا خەیاڵ تێکەڵ بە واقیع دەبێت بۆ لێکدانەوەی نـهێنیـیـەکـانی گـەردوون. هیچ هێزێک وەک میـتـۆلۆژیا کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤی کـۆندا نیــیــە، چونکە ژیان و مــیــتــۆلۆژیا و ئایین لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا ئاوێتەی یەکتر بوون بەسانایی لە یەکتر جیانابنەوە.

ئەفسانە و چیرۆکی ئەفراندن و دروست بوونی گەردوون بنچینەی هەمـوو میـتـۆلۆژیا و ئایینەکان پێکدێنێت و لە پێشەنگی سەرجەم ئەفسانەکانی دیکەیە لەمیـتـۆلۆژیای میللەتاندا هەروەک (کریمر) دەڵێ: ئەفسانەی پەیدابوون و ئەفـراندنی گـەردوون لە کـولتـووری گـەل و مـیللەتانی جـیــهــانـدا بەپلەی یەکــەم دێت لە ڕووی گـــرنگی و دەلالەتەوە، چونکە باسی بنچینە و بنەڕەتی بوونەوەرەکان و ئەفـراندنی گـەردوون و بوونی خـواوەندەکـان و مـرۆڤ دەکات.(٢)

یان هەروەک (ئەندرۆلانگ) دەڵێ: سەرەتای جیـهـان، بوون و نەبوونی، مــرۆڤی سـەرەتایی بەو پرسـیــارەوە خەریک کردووە من کێم؟ لەکوێوە هاتووم؟ چۆن چۆنی گەردوون سەری هەڵداوە؟. کەواتە ئەگەر لەم بۆچوونانەوە سەیری ئەفسانە بکەین، ئەوا بە قـۆناغـێکی سـەرەتایی هزری فەلسەفی دادەنێین.

مرۆڤی کۆن بەهۆی ئەفسانەوە شێوەیەکی هزری داوە بە ئەزموون و پراکتیکی ژیانی.(٣)

ئەفسانەی خوڵقاندن لەکولتوور و میتۆلۆژیا و ئایینی زۆربەی میللەتانی جیهاندا هەیە، چەمکی گەردوون لای مـــرۆڤی کـــۆن نزیکە لە دید و وێناندنی ئەو مـــرۆڤـــە سەبارەت بەخیوەت، یان خانوو کە ژێر خانەکەی زەوییە و بانەکەی ئاسمانە، بەتایبەتی سۆمەری و بابلیەکان، کە گەردوونیان بە خانوویەک چواندبوو کە لە چەند چینێک پێکهاتبێت.(٤) بەڵام بیرۆکەی بنەڕەتی سەبارەت بە گـەردوون لەسـەر بنەمـای دووانیـەتی دامـەزراوە، کـە گـەردوون دەکـاتە دوو کـەرتی یەکسـان ئەویش زەوی و ئاســــانە واتە ســەرەوە و ژێرەوە،هەروەک لە زۆربەی ئەفـسـانەکـاندا زەوی و ئاسـمـان لەسـەریەک جـووتن و یەکیان گرتووە(٥).

## ئەفسانەی ئەفراندن
## لە میتۆلۆژیای سۆمەرییەکاندا

بیـروڕاوبۆچوونی سۆمـەرییـەکـان لەمـەڕ خولّقاندنی گەردوون سەرەتایی نەبووە، بەڵکو چەند باوەڕ و هزرێکی ڕێک و پێگەیشـتـوو بوو و بەپێی تێگەیشتن و زانینی ئەو ڕۆژگارە(٦) هزرێکی گەشەسەندو بوو.

سۆمەرییەکان بە گەردوونیان دەگوت (AN-KI) واتە (ئاسمان و زەوی) بەشی یەکەم ئاسمان (AN)ە کە لای سۆمەرییەکان شوێنی خواوەندە ئاسمانییەکانە، بەشی دووەم زەوی (KI)یە کـە زەوی و ژێرزەوی دەگـرێتـەوە و شوێنی خواوەندەکانی ژێرەوە و مردووەکانە(٧).

پوختـەی بۆچوونی سۆمـەرییـەکـان لەمـەڕ ئەفـراندنی گەردوون بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- لەسـەرەتادا تەنیـا دەریای یەکـەم (نمۆ) هەبوو، باوەڕیان وابوو کە ئەم ئاوە لە ئەزەلەوە هەبووە.

٢- چیای گەردوونی کە ئاسمان و زەوی دەگرێتەوە لەو دەریایە پەیدابووە.

٣- سۆمەرییەکان بڕوایان وابوو کە خواوەندەکان وەک مرۆڤن، ئاسـمـان نێرە و زەوی مـێـیـە و لە جـووتبـوونی هەردووکیاندا خواوەندی هەوا (ئەنلیل) لەدایک بووە.

٤- (ئەنلیل)ی خـواوەندی هەوا، ئاسـمـان و زەوی لە یەکتر جیاکردەوە.

٥- ئەنلیـل لـەتاریکیــدا دەژیا، بۆیـە کـــوڕێکی ئافەریدەکرد تاکو ئەو تاریکییە ڕووناک بکاتەوە و ناوی نا (نانا) کە خواوەندی مانگە.

٦- لە (نانا)ی خـواوەندی (مـانگ) ئۆتۆ پەیدابوو کـە خواوەندی ڕۆژە(٩).

لە دەقـێکی سـۆمـەیدا هاتووە، کـە لە داسـتــانی گلگامشدا هەیە:

**پاش ئەوەی زەوی لە ئاسمان جیاکرایەوە**
**پاش ئەوەی ئاسمان لەزەوی جیاکرایەوە**
**مرۆڤ دروست کرا**
**(ئان) ئاسمانی بۆ خۆی برد**
**(ئەنلیل)یش زەوی برد(١٠)**

لەم دەقــەدا بۆمــان دەردەکـەوێت کــە کـردار و هزری دروست بوون، بریتـیـیـە لەجیـاکـردنەوە و ڕێکخسـتنی شتەکان و ناولێنانیان، واتە توخمەکانی گەردوون پێشتر هەبوون، بەڵام لەحـاڵەتێکی شـێـواو و تێکەڵ و ناڕێک بوون(١١). ئەمە پوختەی دیدوبۆچوونی سۆمەرییەکانە لەمـەڕ ئەفـراندن و پەیدابوونی گـەردوون، کـە دواتر بووە سـەرچاوە و بنچـینەی مـیـتـۆلۆژیاو ئـاییـنی مـیللەتانی دراوسێیان و سوودیان لێ وەرگرت.

## ئەفسانەی ئەفراندن
## لە میتۆلۆژیای بابلیەکاندا

داســتـان و چیـرۆکی خـولـقـاندن لای بابلیـەکـان بە (ئیـمنومـائیلیش) ناسـراوە کـە بەواتای (ئەوکـاتەی لەبەرزایی) دێن، ئەم داستانە بە شیعر نووسراوەتەوە و باس لە چۆنیـەتی دروستبوونی گەردوون دەکـات، بەپێی بیـروباوەڕو بۆچوونی ئـاییـنی دانیـشــتـوانی کــۆنی میزۆپۆتامیا.

پاڵەوانی ئەفـسـانە کـە لای بابلیـەکـان (مـەردۆک)ە گەورە خـواوەندی بابل. داسـتـانەکە بەم شـێـوەیە باسی ئەفـراندنی مـرۆڤ گـەردوون دەکـات: لەسـەرەتادا تەنیـا ئاوی یەکـەم (ئەپسـو- Apsu) کە ئـاوێکی شـیـرین و توخـمی نێـرە و (تیـامـەت- Tiamat) ئاوی سـوێر و توخـمی مـێـیـە بوو لە ئەنجـامی ئاوێتـەبوون و تێکەڵ بوونیـان، نەوەی یەکـەمی خـواوەندەکـان لەدایک بوون، پاشان نەوەی دووەم و سێیەم تا وای لێهات (ئەپسو)ی باوکیان لە هەراو گارە گاریان هەراسان و بێزار بوو، بۆیە بڕیاری دا لەناویان ببات، خواوەندە نوێیەکانیش هەواڵی ئەم بڕیارەیان پێگەیشت و لەئاکامدا (ئەپسو)ی باوکیان کـوشت، بۆیە (تیـامـەت) ویـسـتی تۆڵەی (ئەپسـو) بکاتەوە و هەرچی هێـزو گـیـانی بەد و وێرانکەر هەیە کـۆیان دەکـاتەوە بۆ لەناوبردنی خـواوەندە نوێیـەکـان، ئەوانیش کـــۆدەبنەوە بۆ چۆنیــــەتی خـــۆپاراستن و بەرەنگـاربوونـەوەی (تیـــــامـــــەت)، لە ئـاکـــــامی کۆبوونەوەکەیاندا بڕیاریان دا خواوەند (مەردۆک) بکەنە پاشـاو سـەرکـردەیان و لە ئەنجـامی شـەڕی نێـوان (مـەردۆک) و (تیـامـەت)دا شـەڕەکـە بەسـەرکـەوتنی (مـەردۆک) کـۆتایی پێـدێت و (مـەردۆک) تیـامـەت دەکوژێ و لاشەکـەی دەکـاتە دووبەش، بەشی یەکـەمیـان ئاسمانی لێ دروست دەکات و بەشی دووەمیش زەوی لێ دەخولقێنێ(١٢).

## ئەفسانەی ئەفراندن
## لە میتۆلۆژیای میسریەکاندا

ئەدۆلف ئیـرمـان لەکـتـێـبی (ئاییـنی کـۆنی مـیـسـر)دا دەڵێ: کـاتێک مـرۆڤی کـۆن لە چۆنیـەتی دروسـتبـوونی گەردوون وردبۆتەوە و لێی ڕاماوە، گەلێک پرسیاری لەلا پەیدابووە و هەوڵی داوە لەسـەرنجـدان و تێـبـینی کـردنی گۆڕینی دیاردەکانی سروشت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بۆ نموونە لە ئەنجامی هەڵکشان و داکشـانی ئاوی نیل، کێڵگەکانی میسر هەموو ساڵێ جارێک ژێر ئاو دەکەوت و پاش داکشـانی ئاوەکە زەوی، یان کێڵگەکە دووبارە بەدەردەکـەوتەوە، بۆیە مـیـسـرییـەکان باوەڕیان وابوو کە زەوی لەسەرەتادا بەم شێوەیە لەناو ئاودا سەری هەڵداوە و دەرکەوتووە(١٣).

ئەفسـانەی دروستبوونی گەردوون لای میسرییەکان بەم شێوەیەیە، لەسەرەتادا تەنیا ئاوێکی ئەزەلی و شێواو و ناڕێک بوو کە بە (نون) ناسـرابوو، پاشـان (ئاتۆم) لەم ئاوە پەیدابوو و لەبەر ئەوەی بە تەنیـا بـوو، بیـری لەوە کـردەوە کە هاوڕێیـەک بۆ خۆی دروست بکات، ئەوە بوو خـواوەندی هەوا (شو) و خـواوەندی شێ (تفنوت)ی لە خـودی خـۆی خـولـقـاندو لەلایەن خـۆیـانەوە (شـو) و (تفنوت)یش دوو خـواوەندیان لێ پەیدابوو کـە (جب) خـواوەندی زەوی و (نوت) خـواوەندی ئـاسـمـان بوون، لە (جب) و (نوت)یش خواوەندان (ئۆزیرس، ست، ئیزیس، نفتیسی) پەیدابوون.

لەبەر ئەوەی خـواوەند (جب) و (نوت) واتە (زەوی و ئاســمـــان) پێکەوە نووســابوون و لەســەریەک بوون، خـواوەندی هەوا (شو) چووە نێـوانیـان و لە یەکـتری جـیا کردتەوە(١٤).

ڕوانینی میسرییەکان سەبارەت دروستبوونی گەردوون بەم شێوەیە بوو، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەفسانەی زۆربەی میللەتان، دەبینین کە (زەوی) و (ئاسمان) لەسـەرەتادا پێکەوە نووسابوون، پاشان بەهۆی هەوا، یان هۆکارێکی دیکە لە یەکـتـر جـیـابوونەتەوە، هەروەک لە ئەفـسـانەی سۆمەری و بابلی و میسریدا دیارە و بەدەردەکەوێت. لەم ئەفسانانەدا ئاسمان و زەوی وەک مرۆڤ توخمیان هەیە،

بۆیە ئاسمان لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا (نێرە)، بەڵام زەوی (مێیە)، بەڵام لای میسرییەکان ئاسمان (مێیە) و زەوی (نێرە)(١٥).

## چیرۆکی ئەفراندنی گەردوون لە ئایینی زەردەشتیدا

ئایینی زەردەشتی وەک هەموو ئایین و میتۆلۆژیای میللەتانی دیکە، چۆنیەتی پەیدابووە و دروست بوونی دنیا و گەردوونی باس کردووە، بەپێی ئایینەکە (ئاهورا مەزدا) سەرجەم بوونەوەرە مادی و ڕۆحیەکانی خولْقاندووە، چالاکی و کردارەکانی خواوەند (ئاهورامەزدا) بەجوانی و ڕێکوپێکی لە (یەسنا)دا باس کراوە و تێیدا هاتووە: ئەی خواوەندەکی زەوی لەژێرەوە داناوە و ئاسمانی بەرزکردۆتەوە، کێ ڕووبار و ڕووەکی خولْقاندووە؟ کێ ڕووناکی و تاریکی ئەفراندووە؟ کێ بەیانی و ئێوارەی دروست کردووە(١٦).

لەسەرەتادا بۆ ماوەیەکی نادیار (ئاهورا مەزدا) لەناو ڕووناکییەکی بێ کۆتاییدا بوو، (ئەهریمەن)یش لەناو تاریکیدا پەیدابووە، بۆیە تاریکی شوێنی ئەهریمەنە و بۆشایەک لەنێوانیاندا هەیە کە پێی دەگوترێت (Vay). واتە هەر لەسەرەتاوە دوالیزمی ڕووناکی و تاریکی هەبوون، یەکەمیان لە سەرەوە، دووەمیان لەخوارەوە بوو، بەڵام سروشتیان لەیەکتر جیاوازە، ئاهوورامەزدا لەڕووی (شوێن)ەوە سنووردارە، بەڵام زەمەنەکەی بێ سنوورە، چونکە نەمرە و هەتا هەتایی هەر دەمێنێت، کەچی (ئەهریمەن) لەڕووی (کات) و (شوێن) سنووردارە و چارەنووسەکەی لەناوچوونە(١٧).

لە دیدی ئایینی زەردەشتی پرۆسەی خولْقاندنی گەردوون لەسەرەتاوە تا چاکسازی کۆتایی (١٢) هەزار ساڵی خایاندووە.

لە (بەندیهشن)دا وشەی (spihr) کە بە واتای جیهانی سەرەوە (ئاسمان) دێت، کە سەرچاوەی هەموو بوونەوەرەکانە، چونکە (ئاهورامەزدا) بوونەوەرەکانی گەردوونی لەناو ئاسماندا دروست کردووە و لەسەرەتادا ئاسمانی لەشێوەی هێلکە خولْقاند(١٨).

پوختەی بیروباوەڕی ئایینی زەردەشتی لە مەڕ خەڵقکردن بەم شێوەیەیە:

- ئاهورامەزدا دەستی بەدروستکردنی هەردوو جیهان (گیانی ماتریالی) کردووە هەردوو جیهان تەواوکەری یەکترن.
- یەکەم جار ئاهورامەزدا ئاسمانی دروست کرد کە لەشێوەی هێلکەدایە لە کانزایەکی پرشنگدارە کە لە مادەی پۆڵا دروست کراوە و هەموو جیهان لەناو ئاسماندا بە چەشنی قەڵایەک خولْقاوە، گومەزی پانایی ئاسمان یەکسانە بەدرێژیەکەی و درێژیەکەی بە بەرزیەکەی، بەرزیەکەشی بەقووڵیەکەی.
- دووەم جار ئاهورامەزدا لە نەژادی ئاسمان ئاوی خولْقاند.
- سێیەم جار لە ئاودا زەوی دروست کرد خڕو پڕ و ڕێگای درێژ، درێژیەکەی بارتەقای پانیەکەیەتی و پانیەکەی بارتەقای قووڵیەکەیەتی.
- شەشەم جار ئاهورامەزدا مرۆڤی پیرۆز (کەیومەرث)ی لە خۆڵەوە خولْقاند کە وەک خۆر دەدرەوشایەوە(١٩).

مارلین ستون لەکتێبی (یوم كان الرب أنثى)دا دەڵێت: (کەیومەرث) یەکەمین بوونەوەر و دروستکراوی ئاهورامەزدایە، ئەم ناوەش لە دوو بەش پێک دێت (کەیو) بەواتای (مانگا) دێت و (مەرث)یش بە واتای (مردن، کوشتن) دێت(٢٠). کەواتە بەپێی ئایینی زەردەشتی ئاهورامەزدا و خوایەکی تاک و تەنیا و بێ هاوتایە و ڕووناکی داهێناوە و هەموو دیاردەکانی سروشت و گەردوونیشی خولْقاندووە.

## چیرۆکی ئەفراندن لە ئایینی ئێزدیدا

ئێزدیەکانیش وەکو میللەت و ئایینەکانی دیکەی جیهان بیروڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە چۆنیەتی پەیدابوونی گەردوون و زەوی و ئاسمان و گیاندار و مرۆڤ هەیە، ئەم دیدو بۆچوونانەش لە (قەولی ئافرینا دنیایی) و (قەولی زەبونی مەکسور)دا بەرجەستە دەبێت و دەردەکەوێت لە (قەولی ئافرینا دنیایی)دا هاتووە:

**یارەبی دونیا هەبوو تاری**
**تێدا نەبوو مشک و ماری**
**د بەهرادا تەنێ هەبوو دوور**
**نەد مە شیا، نەد مە شیا**
**تەخۆش ڕۆح ئانی بەد**

**نوورا خۆلێ پەیداکر**
**گۆشت و ڕۆح هاتنە بەر**
**نوورا جا قا لێ هاتە دەر**
**دەست و پێ کرە لەش**

*   *   *

**دوور ژ هەیبەتا ئێزدان هنجنی**
**تاقەت نەکر هلگری**
**ز ڕەنگی ئینسان خەملی**

*   *   *

**ئێزدانێ مە ب ڕەحمانی**
**هێڤێن هاڤێتە بەحرێ، بەحر پێ مەیانی**
**د خانەک ژێ دەر خوەنی**
**هەفت تەبەق عەرد و عەزمان بێ نژنی**

*   *   *

**ئێزادنی مەدوڕ دەرئانی**
**ئاڤ ژ دوڕێ حەرکی**
**بوو بەحرا بێ سەری و بێ بنی**
**ئێزادێ مە لەسەر بەحرێ گەڕی**

*   *   *

**چقاس خوداڤەندێ مە دونیا دکر سەفەرە**
**سخر دکر دارو بەرە**
**پێ نژنییە ڕکێ مەخبەرە**
**ل ئەردی شین بوو نەباتە**

*   *   *

**خودا ڤەندێ مە ئینی کر ئەساسە**
**شەمبوویێ بڕی کراسە**
**چاو شەمبوو یێ کو خەلاسە(٢١).**

هەروەها لە کتێبی (مسحەفا ڕەش) پوختەیەک دەربارەی ئەفراندنی گەردوون باس کراوە و تێیدا هاتووە: لەسەرەتادا هیچ شتێک نەبوو، خودا لە ڕووناکییە ئەزەلیەکەی خۆی گەوهەرێکی سپی لەگەڵ باڵندەیەک بەناوی (ئەنگر) خوڵقاند و باڵندەکە بۆ ماوەی (٤٠) هەزار ساڵ لەسەر گەوهەرەکە زیاد جێنشین بوو، پاشان گەوهەرەکە پارچە پارچە بوو زەوی لێ پەیدابوو، لە زەویش دەریا و ڕووبار پەیدابوون(٢٢).

هەروەها لە میتۆلۆژیای ئێزدیاندا هاتووە: کە خودا هەر هەفت ملیاکەتی لە ڕووناکی خۆی ئەفراند، هەر ڕۆژە و ملیاکەتێکی ئافەریدە کرد، هەروەک لە جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ئێزدیان دەردەکەوێت کە ڕۆژی چوارشەممە ڕۆژی تاووس- مەلەکە، یەک شەم ڕۆژی مەلک شێخ سنە، ڕۆژی دووشەم مەلک دردائیلی خوڵقاند، ڕۆژی سێ شەم (ئیسرافیل)ی ئەفراند، ڕۆژی پێنج شەم عزرائیلی ئەفراند، ڕۆژی هەینی (شمنائیل)ی خوڵقاند و ڕۆژی شەممە مەلەک (نورائیل)ی خەڵق کرد(٢٣).

دکتۆر (سامی سعید الأحمد) دەڵێ: ئەم شەش فریشتە، یان خواوەندە ڕەنگدانەوەو کاریگەری ئایینی زەردەشتی پێوە دیارە، کاتێک ئاهوورامەزدا (ئەمیشا سپتنا) واتە(٦) فریشتەی خوڵقاند(٢٤).

لە شوێنێکی دیکەی (مسحەفا ڕەشدا) هاتووە: گەردوون لە سەرەتادا تاریک و شێواو بوو، خوا جبرائیلی نارد بۆ ڕێکخستنی سیستەمی گەردوون و دوای ڕێکخستنی گەردوون خودا هاواری کردە سەر گەردوون و زەوی پەیدابوو، پاشان بە جبرائیلی گوت: دوو پارچە لەو گەوهەرە سپییە بێنێت کە لەسەرەتادا خوڵقاندبووی، پارچەی یەکەم بوو بە (خۆر) و پارچەی دووەم بوو بە (مانگ) و ئەو پارچە وردانەی کە لە گەوهەرە کە ببوونەوە ئەستێرەکانی لێ ئەفراند.(٢٥)

ئەفسانەیەکی دیکەی ئێزدیان لە بارەی دروستبوونی گەردوون هەیە، کە بەم شێوەیە: لە سەرەتادا جیهان دەریایەکی گەورە بوو، لەناوەندی دەریادا داری (عزەتی ڕەبانی) پەیدابوو، پاشان خودا جبرائیلی لەشێوەی باڵندەیەک خەڵق کرد، دوای ئەوە خوا سێ مرۆڤ و چەندین فریشتەی دروست کرد.

پاشان بەلەمێکی دروست کردو هەرشەشیان (خودا، تاووس مەلەک، جبرائیل، سێ مرۆڤە) کە سواری بەلەمەکە بوون و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناودەریادا گەشتیان کرد و هەریەک لە مانە خۆی بەخودا دادەنا، دوای ئەوە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە کامیان بتوانێ ئاو بگۆڕێ بۆ شتێکی ڕەق و ئەستێرەکان هەڵواسێ، ئەوا ئەو (خودا)ی ڕاستەقینەیە، ئەوەبوو تەنیا (خودا) کارەکەی ئەنجام دا کاتێک تفی لەدەریا کرد و دەریاکە بووە زەوی، پاشان ئەستێرەکانی دروست کرد بۆ ڕووناک کردنەوەی گەردوون دوای ئەوە ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخی خوڵقاند(٢٦).

دوای تەواوکردنی و ئەفراندنی گەردوون خودا چووە ئاسمان و کاروبارو بەڕێوەبردنی جیهانی بە (تاووس

مەلەک) سپارد.

بەڵام (جۆرج حەبیب) لەکتێبی (**الزيدية**... بقايا دين قديم) بە کورتی چیرۆکی ئێزدیان سەبارەت دروستبوونی گەردوون بەم شێوەیە باس دەکات: لە سەرەتادا تەنیا خودا هەبوو، پاشان گەوهەرێکی دروست کرد، پاشان ڕقی لە گەوهەرەکە بۆوە و فڕێیداو تەقیەوە و پارچە پارچە بوو، لە دووکەڵەکەی ئاسمان دروست بوو و لە پارچەکانی دیکە زەوی و ئەستێرە و دەشت و چیاکان دروست بوو. بە باوەڕی (جۆرج حەبیب) ئەم حەوت مەلەکە پێوەندی بە (٧) هەسارەکانی ئاسمانەوە هەیە، کە لای بابلیەکان ناسراوبوون(٢٧).

کەواتە بەپێی ئەو قەول و ئەفسانانەی لەناو ئێزدیەکاندا هەن، ئەوە دەگەیەنن کە ئەم ئایینەش وەک ئایینەکانی دیکە چیرۆک و ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوونیان هەبووە.

## ئەفسانەی دروست بوون لە میتۆلۆژیای گریکەکاندا

میتۆلۆژیای یۆنانی گەلێک دەوڵەمەندە و باسی سەرەتاو پەیدابوونی شتەکانی کردووە، بۆ نموونە ئەفسانەیەکی گریکی بەم شێوەیە باسی خەڵق و ئەفراندنی گەردوون دەکات: «دنیا لەسەرەتادا تارکیستان بوو چاو چاوی نەدەدی، هیچ شتێکی تێدانەبوو، نە ئاو، نەخۆر، نەبەرد، بەڵکو حاڵەتێکی شێواوی بەسەریەکدا چووی و نارێکوپێک بوو.

ئەو خوایە باڵی کێشا بوو بەسەر ئەم تەنەدا کە ناوی (کاوس) بوو بە هیچ شێوەیەک نەدەبینراو شێوەشی نەبوولە بەڕێوەبردنی کاروباریدا، ژنەکەی یاریدەی دەدا بەناوی (نوکس) خوای شەو لە دواییدا کوڕەکەی بانگ کرد بەناوی تاریکی بوو (Erebus) تا شوێنی باوکی بگرێتەوە، ماوەیەک حوکمیان کرد دوو منداڵیان بوو، ناویان نا (ئیثر) و (هیرامیرا)، ئەوانەش بوونە ژن و مێردو کوڕی یەکەمیان ناوی خۆشەویستی (ئیرۆس) بووو بڕیاریاندا شتی تر دروست کەن بۆیە زەریا و زەویان دروست کرد(٢٨).

هەر لە (زەوی) شەوە ئۆرانۆس (ئاسمان) پەیدابوو، پاشان (ئاسمان) و (زەوی) بوون بەژن و مێرد و گەلێک منداڵیان بوو، لەوانە، ئۆکیانۆس، هیبریون کە ڕووناکی لەژێردەستدایە و باوکی ئیوس و هیلیۆس و سیلینە (مانگ) بوو. ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم ئەفسانەیە، دەبینین کە ئەمە هەوڵێکی سەرەتایی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە دروست بوونی گەردوون، کە بڕوای بە درست بوون لە نەبوونەوە (الخلق من العدم) نییە.

## چیرۆکی ئەفراندن لە (تەورات)دا

لە (الاصحاح)ی یەکەم و دووەمی (سفرالتكوين)ی تەوراتدا چیرۆک و ئەفسانەی دروست بوون باس کراوە، لە (الاصحاح)ی یەکەمدا هاتووە: لە سەرەتادا خودا ئاسمانەکان و زەوی ئەفراند، زەویش ئەوکاتە چۆڵ وێران و کاولگە بوو و ڕووی زەوی بە تەواوی تاریکستان بوو، گیانی خودا لەسەر ڕووی ئاوەکە دەشەکایەوە،

خودا گوتی: ڕووناکی ببە، ڕووناکی بوو و ڕووناکی و تاریکی لەیەک جیاکردەوە، خودا ڕووناکی بە ڕۆژ ناوبرد ناوی لە تاریکی نا شەو، خودا گوتی: با پەردەیەک لەناوەڕاست ئاودا هەبێ و ببێتە جیاکەرەوە ئاو ئاوێکی دی و خودا بەرگی داناو ئاوی سەرەوە و ژێرەوەی بەرگەکەی لەیەک جیاکردەوە، خودا ناوی لە بەرگەکە نا (ئاسمان)، خودا گوتی، ئاوی (ژێر ئاسمان لەیەک شوێن کۆببێتەوە و شکانی بەدەرکەوێت، خودا ناوی لە وشکانی نا (زەوی) و ئاوەکەشی بەدەریا ناوبرد...تاد، بەم شێوەیە (تەورات) بەردەوام دەبێت لە باس کردنی چیرۆکی ئەفراندن تاکو دەگاتە ڕۆژی شەشەم کە مرۆڤی تێدا خوڵقاند، لە (الاصحاح)ی دەوومدا هاتووە: کە خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی دا و حەسایەوە، ئەمە بنەمای دروستکردنی زەوی و ئاسمانە ئەو دەمەی خودا ئاسمان و زەوی خوڵقاند، هیچ دارێک، یان گیایەک لەسەر ڕووی زەویدا نەبوو، چونکە خودا بارانی بەسەر زەویدا نەباراند بوو(٢٩).

ئەگەر سەرنجی چیرۆکی خوڵقاندن لەتەوراتدا بدەین، دەبینین کە جیاوازییەکی ئەتۆی نییە لەگەڵ ئەفسانەی دروست بوونی سۆمەری و بابلی و میسردا، ناوەڕۆکی ئەفسانەکان وەک یەکن و لە یەک دەچن و هەموویان باسی ئەوە دەکەن کە لە سەرەتادا گەردوون شێواو و نارێکوپێک بووە و تەنیا ئاوی یەکەم هەبوو و لەم ئاوە ئاسمان و زەوی و ڕواڵەتەکانی دیکە پەیدابوون.

کەواتە زۆربەی بابەت و بیروبۆچوونەکانی تەورات لە میتۆلۆژیا و ئایینی میللەتانی دیکە خواستراوە و وەرگیراوە، کە چیرۆکی دروستبوونی گەردوونیشی یەک لەو بابەتانەیە، هەروەها بڕوانینە میتۆلۆژیا و ئایینەکان دەبینین کە خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ئەم خاڵەش (ئاو)ە کە سەرچاوەی بوون و ژیانە و لەسەرەتادا تەنیا (ئاو) هەبوو وەک سەرچاوەی بوون و پەیدابوون خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان ئەفسانە و ئایینەکاندا، بۆ نموونە لای سۆمەرییەکان گەردوون لە ئاوی یەکەم (نمۆ) پەیدابووە، لای بابلیەکان گەردوون لە (تیامەت) واتە ئاوی یەکەم پەیدابووە، لای میسرییەکان لە (ئاتوم) لەئاوی یەکەم دەرچووە، لە تەوراتدا گیانی خودا لەسەر ڕووی ئاوەکەدا بوو پێشی ئەوەی کە گەردوون دروستبێت، هەروەها لە (قورئان)دا هاتووە «هو الذي خلق السماوات و الارض في ستة أيام و كان عرشه على الماء» هەروەها «وجعلنا من الماء كل شيء حي».

## چیرۆکی خەڵق بوون لە قورئاندا

چیرۆکی دروستبوون و خوڵقاندنی گەردوون و مرۆڤ لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتووە و باس کراوە و بەپێی ئایینی ئیسلام قودرەت و توانای خودا بێ پایان و ڕەهایە، بۆیە هەرچی بوێ و بڵێت دەبێ و بەشتێک بڵێ بە دەبێ (كن فيكون) هەروەک لە قورئاندا هاتووە «أنه هو يبدى و يعيد وهو الغفور الودود، ذو العرش المجيد، فعال لمايريد».

لەچەندین ئایەتی قورئاندا باسی دروست بوون کراوە وەک: «هو الذي خلق السموات و الارض بالحق» و «الم تر ان الله خلق السموات و الارض بالحق». و «خالق السماوات والارض و مابينهما في ستة أيام».

لە بارەی چۆنیەتی دروست بوونی ( مرۆڤ)یش لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا باس کراوە وەک «لقد خلقنا الانسان من سلالة من الطين، ثم جعلناه نطفة في قرار مكين» و «لقد خلقنا الانسان من صلصال من حمأ مسنون»!«سورة الحجر-٢٦»

محەمەد نادری لەکتێبی (چیرۆکی دروست بوون و ئادەم و حەوا) بەدرێژی باسی ئەم بابەتە دەکات و ئایەتەکانی شی کردۆتەوە و سەبارەت بە ئەم ئایەتەی پێشوو دەڵێت (صلصال) واتە قوڕی تێکەڵ بەلم و (حمأ) قوڕی ڕەش، (مسنون) بەواتای گۆڕاو دێت، واتە مرۆڤمان دروست کرد لە قوڕێکی (پاک) تێکەڵ بە لم و لە ئایەتی (١٤)ی سورەتی (الرحمن)دا هاتووە: «خلق الانسان من صلصال كالفخار» واتە مرۆڤمان دروست کرد لە قوڕی پاکی تێکەڵ بەلم دوای سوورکردنەوەی بووە(٣٠).

چیرۆکی دروست بوونی مرۆڤ لە قوڕ، یان لە خۆڵ لە زۆربەی چیرۆک و ئەفسانەکانی ئەفراندنی مرۆڤ لەمیتۆلۆژیا و ئایینەکاندا هاوبەشن و لەیەک دەچن وەک: سۆمەری، بابلی، میسری، یۆنانی، زەردەشتی، جوولەکە. دروستبوونی گەردوون و مرۆڤ و ئادەم و حەوا لە (قورئان)دا نزیکە لەوەی کە لە (تەورات)دا هاتووە و زۆر جیاواز نییە، ناوەرۆکەکەیان لە یەک دەچن بۆ نموونە دروستبوونی گەردوون لە تەوراتدا لە (٦) ڕۆژی خایاندووە، لە (قورئان)یشدا هاتووە (خلق السموات والارض ومابينهما في ستة أيام).

## چیرۆک و ئەفسانەی خوڵقاندن لای گەل و هۆزە سەرەتاییەکان

لە ئەفسانەی ئافەریدەکردنی گەردوونی(پۆلینیزیەکان)دا هاتووە: لەسەرەتا تەنیا پوو (poo) واتە- دورگەی بەرایی- هەبوو، دوای ماوەیەکی زۆر ڤالایی کۆری (kore) پەیدابوو، پاشان شەو (بو- bo) پەیدابوو و لە ئاوێتەبوونی (بو) لەگەڵ ڕووناکی (دو- Do) - ئاسمان و زەوی- دروست بوون و لە ئاسمان و زەویش حەوت خواوەندی سەرەوە لەدایک بوون، ئەوانیش بریتین لە: مانگ (ڕونگو) و خواوەندی ڕۆژ وەک (تانیە) و (هینوی) و (ماوی) و (تانگارا) و (توو- Too)(٣١).

## خواوەندی شەڕو دروستکەری مرۆڤ

لەمیتۆلۆژیای هۆزی (ئەنکام)دا هاتووە: پێش ئەوەی خواوەندی خەڵق و ئەفراندن (فیراکوشا) جیهان بخوڵقێنێ هەموو شتێک تاریکستان بوو و خۆر دەرنەکەوتبوو، دوای ئەوە (خۆر) و (مانگ) بەدەرکەوتن و ڕووناکی گەیشتە ڕووی زەوی، دواجاریش لە قوڕ مرۆڤ و ئاژەڵی خوڵقاند(٣٢).

لەم لێکۆڵیەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەفراندن و دروستبوونی گەردوون لەلای میللەتە کۆنەکان و لە میتۆلۆژیاو ئایینەکاندا بەواتای دروستبوونی لەنەبوونەوە (الخلق من العدم) نایەت، بەڵکو بەمانای ڕێکخستن و تەرتیب کردنی گەردوون دێت، واتە گواستنەوەی گەردوون لە حاڵەتێکی شێواوی ناڕێکوپێک و فەوزا بۆ حاڵەتی ڕێکخستن و ڕێکوپێکردنی سیستەمی گەردوون هەروەک لە وشەی (کۆزمۆس Cosmos)ی یۆنانیدا دیارە و دەردەکەوێت، کە بە واتای (سیستەم، ڕێکخستن، جیهان) دێت(٣٣).


سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- الاساطير السومرية- صاموئيل كرير، ترجمة يوسف داود- بغداد- ١٩٧١، ل٥٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

٣- دەروازەیەک بۆ میتۆلۆژیا، فاروق ڕەفیق، گۆڤاری (کاروان)، ژ٢٩- ل٧٨.

٤- جولة في أقاليم اللغة والاسطورة- علي الشوك-دمشق، ١٩٩٤، ل١١٣.

٥- هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

٦- مغامرة العقل الاولى، فراس السواح، بيروت، ١٩٨١، ل٢٦.

٧- من الواح سومراح التوراة، د. فاضل عبدالواحد علي، بغداد، ١٩٨٩، ل٢٤٥.

٨- الاساطير السومرية، ل٦٦.

٩- مغامرة العقل الاولى، ل٢٧.

١٠- أساطير الخلق- د. اسعد محمد، مجلة (آفاق عربية)، عدد (١١-١٢)- ١٩٨٢، ل٧٧.

١١- هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

١٢- سومر- اسطورة و ملحمة د. فاضل عبدالواحيد علي، بغداد، ٢٠٠٠، ل١١٨.

١٣- ديانة مصر القديمة. ادولف ايرمان، ترجمة عبدالمنعم ابوبكر- مصر- ل٧٢.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

١٥- جولة في اقاليم اللغة و الاسطورة، ل١١٤.

١٦- الزراد ششية، تأليف- ز-س. زيهنير، ترجمة، سهيل زكار- دمشق، ل٥٩.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٣٠١.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل٣١٤.

١٩- پوختەیەک لە باوەڕی زەردەشتی، زیحنر- و- ئازاد حەمە شەریف، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٣-٥٤.

٢٠- يوم كان الرب أنثى- مارلين ستون- حناعبود، سوريا، ١٩٩٨، ل٩١.

٢١- ئێزدیاتی- خدرێ سلێمان و خەلیلی جندی، بغداد، ١٩٧٩، ل٥٨، هەروەها گۆڤاری (لالش)، ژ(٩)، ل١٠-١٢.

٢٢- اليزيدية (احوالهم و معتقداتهم) سامي سعيد الاحمد، بغداد، ١٩٧٥، جـ٢، ل٥.

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل٦.

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل٧.

٢٥- هەمان سەرچاوە، ل١٠.

٢٦- هەمان سەرچاوە، ل١٦.

٢٧- اليزيدية (بقايادين قديم)، جورج حبيب، بغداد ١٩٧٨، ل٩.

٢٨- مجلة (آفاق عربية)، عدد (١١، ١٢) سنة ١٩٨٢، ل٨٤، ٨١.

٢٩- الكتاب المقدس، الاصحاح الاول (سفر التكوين).

٣٠- چیرۆکی دروست بوون و ئادەم و حەوا، محمد نادری، ١٩٩٩- ل٩٠.

٣١- الاديان في تاريخ شعوب العالم- سيرنجى أ-توكاريف، ترجمة (أحمد. م. فاضل)، دمشق، ١٩٩٨، ل١٠٠-١٠١.

٣٢- مربات الالهة- اريش فون دانكين- ترجمة، عدنان حسين، سوريا دارالمدى، ١٩٩٥، ل١٤٤.

٣٣- مفردات ميثولوجية، اغريقية، علي الشوك، مجلة (آفاق عربية)، عدد(١١) ١٩٧٨، ل١٠٤.

# نویشکێک لە هونەری کاریکاتێر

**عادل شاساواری**
**(سلێمانی)**

## بەرایی ئەم هونەرە

(ئۆلف کارلیسل) دەڵێ: پۆلیس و ڕۆژنامەنووسان ژیانی تایبەتیان وێران کرد(١) بەڕای کارلیسل (پۆلیس) لەگەڵ (ڕۆژنامەنووس)دا دەچنە یەک پۆلبەندییەوە تەنیا جیاوازیەکەیان ئەوەیە ڕۆژنامەنووس وەک هونەرێک وەزیفەکەی جێبەجێ دەکات، بەڵام پۆلیس وەک وەزیفەیەک کارەکەی دەکات. ئەو هونەرەی کە ڕۆژنامەنووس پشتی پێ دەبەستێ بۆ تەعبیرکردن لە پەیامەکەی زۆرن، بەگوێرەی کۆمەڵگاکان و ئاستیان و کاریگەریان دەگۆڕێت.. لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی ئەورووپیدا ڕەنگە هونەرێکی وەک کاریکاتێر کاریگەرییەکی زۆر زیاتر بێت لەهونەری وتارنووسی یان ڕاپۆرت و...تاد.

ئەم کاریگەری (کاریکاتێرە) بەڕادەیەکە وەک لە (ڕاپۆرتی دیماهی لیژنەی نێودەوڵەتان بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی پێگەیشتن لە یۆنسکۆدا) هاتووە و دەڵێ:

«زەمانەگۆڕاوە.. هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکیش بەرامبەر کاریکاتێر گۆڕاوە ئەمڕۆ داوایەکی زۆر سەیر لەسەر ئەم هونەرەیە، لەسەر هونەرمەندە ڕەسەنەکانێتی بەڕادەیەک مەسئولیەتێکی نوێی خستووەتە ئەستۆی هونەرمەندانی هاوچەرخ(٢) بەڵام ئەم هونەرە بەو قورساییەی کە هەیە و سەرنج دەدرێ لەجیهاندا، هێشتا لەلای ئێمەی کورد نرخی نەزانراوە، هەرچەندە لەدوای ڕاپەرینەوە پێشکەوتن ئەم هونەرەشی گرتەوە و گەیشتە ئاستێک کە چەند کەسێک لەڕێی ئەم هونەرەوە بناسرێن.

وەک هونەرمەندی کورد عەلی مەندەلاوی دەڵێ:

«مستت مەکەرەوە ڕۆمانەیەکی تەقیوی تێدایە ناوی کاریکاتێرە» (٣)




### پێناسە

**کاریکاتێر**: خەندەیە، بزەی سەرلێوە، هەناسەیەکی تەنز ئامێزە هەڵچوونی زمانی بیروڕای گشتییە، هێورکردنەوە و پشووی خوێنەرە دوای شەکەتبوونی لەگۆڕەپانی وشەدا فرمێسکێکی پنگ خواردووی پشتی پێکەنینە، ئازارێکە لەپشت گەشبینەوە، هونەرێکە پەردە لەسەر حەقیقەتی ڕووداوەکان لادەدا، ڕاستییە لەناوچەوا شەکردندا، تێڕوانینێکی قووڵە بەسادەیی ئاڵۆزییەکان دەردەبڕێت.(٤)

**کاریکاتێر**: بریتییە لە پیشاندانی کەسەکان بەشێوەی وێنە کە ڕوخسارە ئاشکراکانیان لەخۆ دەگرێت و زیادەڕۆیی دەکات لە دەرخستنی ئەو سیفەتانەی کە پێی دەناسرێت لە سەدەی (١٧) و هەندێک جار کاریکاتێر پێک دێت لە وێنە، یان وشە لەگەڵ وێنەکاندا.(٥)

کاریکاتێر (CARICATUR) وشەیەکی ئیتالییە بە مانای زێدەڕۆیی (مبالغە) دێتەوە، ئەگەر لە ڕووی مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانیشەوە تێی بڕوانین بۆ چاخە کۆنەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە(٦)

وێنەکێشی کاریکاتێر: بریتییە لەو کەسەی کە توانای وێنەکێشانی کەسەکانی هەیە بەشێوەیەکی پێکەنیناوی، بە لەخۆگرتنی ڕوخسارە دیارەکانیان و زیادەڕۆیی لە پیشاندانی ئەو سیفاتانەی کە کەسەکان پێی دەناسرێت.. وێنەکێش کە هونەرمەندێکی لێهاتووە لە گاڵتەجاڕیدا و وردە لە وێنەکانیدا و زیرەکە لە هەڵبژاردنی وێنەکانیدا..(٧)

### مێژووی ئەم هونەرە

کاریکاتێر وەک هونەرێکی سەربەخۆ لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەورووپا دەرکەوت و بڵاوبۆوە، بەڵام کاریکاتێر وەک هونەرێکی پێک هاتوو لە شێوەکاری و گاڵتەئامێز خاوەنی جێ پەنجەی دیاری خۆیەتی لە قووڵایی مێژوودا، تا ڕادەیەکی ئەوتۆچەند کەسانێک دەیبەستنەوە بە لە دایک بوونی مرۆڤەوە، دەتوانین ئەو وێنە کۆمیدیانەبێنین کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو، کە تێیدا مرۆڤ وێنەی ژیانی خۆی لەسەر دیوارو ئاژەڵانی دەوروبەری لەسەر تاشەبەردەکان هەڵکەندووە.

چەندان وێنەی گاڵتەئامێز و پێکەنیناوی لەسەر ئەشکەوتەکان لە فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەمەریکای باشوور دوورگەی عەرەبی و جەزائیر و چەندان شوێنی تر دۆزراوەتەوە.

دیانەتە کۆنەکان بە گرنگترین سەرچاوەکانی پێکەنین و گاڵتە دەژمێرێت لە ئەدەبدا بێت یان شێوەکاری لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی داستاندا، خوداوەندەکان بەشێوەیەکی (پۆرترێ) پیشان نەدەدران، بەڵکو ڕوخسارە دیارەکانیان پیشان دەدرا، کە وێنەیەکی ترسناکی دروست دەکرد، یان کۆمیدی و پێکەنیناوی.

دەتوانین بڵێین مەبەست لەم زیادە ڕۆییە لە دەرخستنی ڕوخسارەکانی دەموچاودا لەسەرەتادا، بۆ پێکەنین نەبووە بۆ نموونە بابلییەکان وێنەی ڕۆحە خراپەکانیان بەشێوەیەکی ناشیرین و لە شێوەی ئاژەڵدا دەکێشا، ئەویش بۆ دروست کردنی ترس بوولە دڵدا، بەو شێوەیەش مرۆڤەکان بەشێواندنی ئەو وێنانە، وەک تۆڵە سەندنەوەیەک لێیان دەڕوانی.

### جۆرەکانی کاریکاتێر (٨)

١- کاریکاتێری سیاسی: یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی کاریکاتێر، ئەم جۆرە کاریکاتێرە بۆ چارەسەرکردنی بابەتە سیاسییە ڕاستەوخۆکان، یان ناڕاستەوخۆکان دادەنرێت، هەروەها بابەتی کاریکاتێری سیاسی وەک هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، پێوەندییە نێو نەتەوەیی، هەوڵەکانی حکومەت دەگرێتەوە.

٢- کاریکاتێری کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرە کاریکاتێرە

باس لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەشێوەیەکی گشتی وەک کێشەی جیابوونەوە (تەڵاق) و کێشەی هاوسەرگیری و کێشەی نەخۆشی (مخدرات) و کێشە نارەواکانی کە لەناو کۆمەڵگا ڕوودەدەن و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل هەروەها بۆ ماوەش دەگرێتەوە.

٣- کاریکاتێری گاڵتەوگەپ: ئەم جۆرەی کاریکاتێرە باس لە شتی کۆمیدی و پێکەنیناوی دەکات، ئامانجی ئەم جۆرە کاریکاتێرە شێوەیەکی پێکەنیناوی (کۆمیدی) بە بینەر دەدات.

٤- کاریکاتێری پۆرترەین: ئەم جۆرە کاریکاتێرە تەنیا دەموچاوی مرۆڤ پیشان دەدات کەسایەتییە گەورەکان (ناسراوەکان) بەشێوەی کاریکاتێری دەموچاویان پیشان دەدات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر.

## ڕۆڵی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا

هونەری کاریکاتێر لە سەرەتاکانیدا لە ڕووی جێبەجێکردنەوە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ جۆرەکانی تری هونەری شێوەکاری، بەشێوەیەک زۆربەی هونەرمەندەکان وێنەی تابلۆ کاریکاتێریەکانیان بە ئاو و زەیت و زۆر کەرەستەی ئاڵۆزی تر دروست دەکرد کە پێویستی بەکات هیلاکییەکی زیاتر هەبووە لە دروست کردنی.

هەر لەبەر ئەوەبوو کە کاریکاتێرییەکان بیریان لە ڕێگە چارەیەکی تر کردەوە کە لەگەڵ سروشتی کارەکەیاندا بگونجێت، هەر بۆیە کاریکاتێریان بە هونەری (گرافیک)ەوە گرێدا کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادەبوو، بۆ نموونە هەڵکەندن لەسەر بەرد و دار و ئاسن و زۆر جۆرە هونەری تری گرافیک بڵاوبوونەوەی ئاسانتر کرد و بۆ وەبەرهێنانی کاری زیاتر هێز و کاتێکی کەمتریشی ویست، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە زۆرینە ناویان لە کاریکاتێر نابوو (کوڕی گرافیکی ڕاستەقینە) و لەمەشدا ڕاست بوون، چونکە زۆرترین بەشی کاریکاتێر تا ئێستاش لەسەر ئەم ڕێبازە دەڕوات.

هەروەک چۆن بینیومانە کە لەکاریکاتێر بەهۆی پەیڕەوکردنی هونەر بۆتە هۆی ئەوەی شێوازێکی جەماوەری وەربگرێت و بچێتە دەرەوەی سنووری پێشانگا هونەرییەکان و ئەو کارانەی کە بەشێوەیەکی هونەری پیشان دەدرێت لە بینەر لە چینی ڕۆشنبیر و بایەخدەر بەهونەر بەشێوەیەکی سەرەکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.

بەم شێوەیە دیوار و چڵی درەختەکان و ڕووکاری دوکانەکان بوون بە پێشانگایەک بۆ پیشاندانی کاریکاتێر کە ژمارەیەکی زۆر لە تەماشاکاریان بەخۆوە دەبینی، بەم شێوەیە ئەم هونەرە (گرافیک) پێوەندییەکی بەربڵاوی بە ژمارەیەکی زۆر لە بینەری کاریکاتێری بەلای خۆیدا ڕاکێشا لە هەموو شێوازەکان- چینەکانی (دەوڵەمەند- نەخوێندەوار- هەژار- ڕۆشنبیر...) بەڵام کاریکاتێر لەم سنوورەدا نەوەستا، چونکە لەگەڵ بوونی توانای بڵاوبوونەوەی، توانای دەست بەسەرگرتنی ئەو بڵاو بوونەوەیەشی نەبوو لە دەرەوەی سنووری وڵاتێک یان شارێک یان لادێیەک، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین هۆکارەوە، بۆ نموونە زۆر لەم وێنانە بەکاردەهات لە جەنگ و بەر بەرەکانی و زۆر چەمکی سیاسی لە دەرەوەی سنووری ئەو وڵاتە لەخۆ دەگرت کە تێیدا و هەروەها ئەو کەرەستانەی کە وێنەکانیان پێ دروست دەکرا، یان چاپ دەکران بەس نەبوون بۆ دەست بەسەرداگرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لەو وێنانە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بەڕای ئێمە نەبوونی یاسایەکی گونجاو بوو بۆ دابەش کردن هەروەک چۆن لە ڕۆژنامەدا دەبینرێت، لەبەر ئەوە کاریکاتێر بەدوای چەندان ڕێگای تازەدا دەگەڕا کە بڵاوکردنەوەی بەشێوەیەکی فراوانتر دەستەبەربکات، هەروەک چۆن خۆی لە ڕۆژنامەدا بینیوە.

هۆکاری یەک نەگرتنی کاریکاتێر بە ڕۆژنامەوە لە سەرەتای دروست بوونی ڕۆژنامەوە، بەکارنەهێنانی هونەری چاپی بەردینی لە ڕێسای چاپدا کە بەربڵاوبوو بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامە لەسەرەتای دروست بوونیدا هۆیەک نەبووە لە هۆیەکانی پێوەندی کردن بە خەڵکییەوە، وەک چۆن ئێستا دەیبینین.

بەڵکو بریتیی بووە لە بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانە کە لەسەر ڕێگا بازرگانییەکان بڵاوکرایەوە کە زانیاری لەسەر باری سەلامەتی ئاسایشی ئەو ڕێگایانە تێدابووە لە شارە جیاوازەکاندا تا بازرگانەکان لەو ڕێگایانەوە دووربن کە پڕبوون لە ڕێگرو چەتەکان، پاشان ڕۆژنامە بریتی بووە لەو بڵاوکراوە یاساییانەی کە بڕیار و یاساکانی دەوڵەتی لەخۆ دەگرت هەتا ڕۆژنامەی ئەدەبی و سیاسی دەرکەوت.

دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ئەدەبی و سیاسی هاوکات بوو لەگەڵ بەکارهێنانی هونەری چاپی بەردینی (اللیموغرافیا) لە ڕێسای چاپدا، بەوشێوەیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی چەندین وێنە کە زۆربەیان دەربارەی کارە ئەدەبییەکان بوون، تەنیا ئەوە نەبێت کە ناسینی یەکەمی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەکاندا لەڕێگەی ڕۆژنامەکاریکاتێرییەکانەوە، کە مینبەرێک بوو




بۆ کاریکاتێریستە جیهانییەکان بوو.

یەکەمین ڕۆژنامەی کاریکاتێری لە فەرەنسا لە ساڵی (١٨٣٠) بەناوی (کاریکاتێر) دەرچوو کە سەرنووسەرەکەی (شاڵ فیلبون)ی کاریکاتێریست و ڕۆژنامەوان و وێنەکێشی فەرەنسی بوو کە ڕۆژنامەی کاریکاتێری- گاڵتە ئامێزی دەرکرد، لە ساڵی (١٨٣٢) بەناوی (هاوار) الصرخة- لەم دوو بەرهەمەدا زۆربەی کاریکاتێریستە بەناوبانگەکانی فەرەنسا لەم دوو بەرهەمەدا کاریان کردووە لەگەڵ وێنەکانی (ادومییە) و (گرافیک)، بەڵام بەریتانیا ڕۆژنامەی (بەقدوونس) بلبقدونس- کە لە ساڵی ١٨٤١ دەرچوو، یەکەمین ڕۆژنامەی کاریکاتێری وێنە ئامێزبووە لە بەریتانیا و لە ئەڵمانیا یەکەمین گۆڤاری کاریکاتێری گۆڤاری- القصاصات الطائرە- بوو کە لەساڵی (١٨٤٤) دەرچووە،

لەولاتە یەکگرتووەکان یەکەمین ڕۆژنامەی کاریکاتێری بریتی بووە لە (هەفتانەی هاربەر) کە لەساڵی ١٨٥٧ دەرچووە، بەڵام یەکەمین هەوڵ بۆ بەچاپ گەیاندنی ڕۆژنامەی کاریکاتێری لە (ڕووسیا) بوو کاتێک کە هونەرمەندی ڕووسی (فینیسیا نوف) دەستی کرد بەدەرکردنی گۆڤارێک بەناوی «گۆڤاری کاریکاتێر» بەڵام ئەم گۆڤارە بەردەوام نەبوو، چونکە قەیسەری ڕووسیا «ئەلیکسەندەری یەکەم» فەرمانی داخستنی دەرکرد (١ بۆ ٢) ژمارەی لێ دەرچوو ئەویش لە ساڵانی ١٨١٢.

بەڵام هۆکارەکانی گرێدانی کاریکاتێر بە ڕۆژنامەوە بەڕای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ لە یەک چوونی بابەتەکان لەنێوان کاریکاتێرو ڕۆژنامە بەو شێوەیەی کەوادەکات ڕۆژنامە و کاریکاتێر پێویستییەکانی یەکتر تەواو بکەن.

دوای دەرکەوتنی ڕۆژنامەی کاریکاتێرئامێز بەرەبەرە- ڕۆژ لە دوای ڕۆژ- بڵاوبوەوە و بووە دیاردەیەکی گرنگ لەسەرتاپای شارەکاندا و هێزە سیاسی و حیزبیەکان بوونە سەرچاوەی پشتگیری کردنی و بەرهەمی هێنانی لە هەمان کاتدا بووە مینبەرێک بۆ کاریکاتێریستەکان بەجیاوازی بیروباوەڕی سیاسییانەوە، بەهۆی پەڕەی ڕۆژنامەکانەوە بە جەماوەر شاد دەبوون و پشتگیرییان بۆخۆیان بەدەست هێنا، گۆڤاری (کاریکاتێر) و (شاری فارسی) بووە مینبەرێک بۆ (دومییە و غرانفیل وتواخیس) چەندانی تر، گۆڤاری (بقدونس)ی ئینگلیزی بووە مینبەرێک بۆ کاریکاتێریستی ئینگلیزی (لیتش) و گۆڤاری «پەڕەفڕیوەکان»ی ئەڵمانی بووە مینبەرێک بۆ (ابوش و أویولندر) و (الکسونی)ی فەرەنسی بووە مینبەرێک بۆ (اغرفیا) و بەشێوەیەک لە سەرتاپای شارە جیاوازەکانی جیهاندا کە تێیدا سەدان و هەزاران ڕۆژنامەیان دەرکرد.

لەسەر پەڕەی ڕۆژنامە گاڵتەئامێزەکان جەنگی کاریکاتێری دەبینین لە وڵاتە جیاوازەکان بەجیاوازی قۆناغەکانی مێژووشەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەرشیفی ڕۆژنامە لەسەرتاپای وڵاتەکانی جیهاندا، کاری کاریکاتێری دەبینین لەسەر گەورە پیاوەکانی جیهان بە شێوەیەک کە هیچ گرنگییەکیان پێنەدراوە، هەروەک چۆن ئەو وێنانەی لەسەرسمێلی (هیتلەر) و لەخۆباییبوونەکەی و لووتی (دیگۆل) و کڵاوە بازنەییەکەی و جگەرەکەی «تشوشل» و سمێلە زلەکانی (ستالین)وە چەندان وێنەی تر کە گەورە پیاوە سیاسەتمەدارەکانی لەخۆ دەگرن.

بەڵام هیچ کاتێک کاریکاتێر نەبۆتە ناڕەزایی سیاسەتمەدارە گەورەکان، لەوکاتەدا کە هەندێک لە سیاسەتمەدارەکان کاریکاتێریستەکانیان بە بەشدار دەزانی لە جەنگەکاندا وەک (قلمون سمیس)ی ئەڵمانی، هەندێکی تریان کاریکاتێریان بەهۆکارێک دادەنا بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی جەماوەرێتیان هەروەک چۆن «شارل دیگۆل» بێزاربوو لەوەی کە کاریکاتێریستەکان تەنیا بایەخیان بە لووتی داوە، بۆ نموونە جارێک دەڵێت (من کەسێتیم دابەزیوە لە فەرەنسا، خۆم نابینم لە وێنە کاریکاتێرییەکان کە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە).

بەشێوەیەکی گشتی لەم کاتەی ئێستادا ناتوانین

کاریکاتێر و ڕۆژنامە لەیەک جیابکەینەوە، تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەی کە تایبەتن بەو بابەتانەی کە هونەر و پێکەنین لەخۆ ناگرن، وەک ڕۆژنامە ئابوورییەکان و چەندانی تر، کاریکاتێر بڵاودەکەنەوە.

**کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا**

نابێ خۆمان لەبیربکەین کە گەشەی پەروەردەیی و کرانەوەی مێشکی منداڵیمان لەسەر دەستی کاریکاتێر و کارتۆندا بووە. کە تاقە کەناڵێکی ڕەوان و ساکار بوو بۆ زانیاری پێویست و تێگەیشتن پێش ئاشنابوونمان بە پیت و ڕستە لە یادیشمان نەچێت کە کەڵە هونەرمەندی زۆر هەن بەشێوازە جیاجیاکانی (کاریکاتێری ڕۆژنامە) و (کاریکاتێری تەلەفزیۆنی- کۆمیدیا) و(کاریکاتێری بووکەڵە- دمیە)و....تاد. کاریان کردووە و بەرهەمی زۆر گەورەیان بەدەست هێناوە.

کێ دەتوانێ لەگەڵ هەموو جووڵەیەکی (چاپلن)دا خەندە و پێکەنین لەبیر خۆی بباتەوە؟ کە ناتوانێ دەبێ بزانێ کاریکاتێر چییە؟ هەرچەندە ئەو هونەرمەندانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە و دەیکەن، لە هەموو کەس زیاتر دووچاری ئازارو دەربەدەری و ڕاوەدونان و لێپرسینەوە و زیندانی بوون دەبن، بەڵام لە بارەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە ئەرکێکی گەورە و گران لە ئەستۆ دەگرن. ڕەنگە بەرجەستەترین نموونە. تیرۆرکردنی (ناجی لعەلی)ی هونەرمەندی ناسراوی فەلەستینی و تیرۆرکردنی (شاهێن)ی هونەرمەندی عێراقی و دوورخستنەوەی (عیماد لحاج)ی هونەرمەندی ناسراوی ئوردونی لەسەر کاری خۆی، زیندانی کردنی کاریکاتێر عیسا ئێرانی (نیل ئاهەنگ کەوسەر) وتەنزنووس (ئیبراهیم نەبەوی)...تاد ئەمانە و چەندین هونەرمەندی کاریکاتێری ناسراوی دیکەی خاوەن هەڵوێستی کە لە پێناوی گەیاندنی وشە و ئازادی دەربڕینی ڕای سەربەستدا. ئازار دراون و ژیانیان کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی نەیارەکانیانەوە.

بۆیە دەبێت گیانی یاخیبوون وئازایەتی وجورئەت لە هونەرمەندی کاریکاتێردا بە ئەندازەیەک بێت، زۆرجار دەست لە ژیانی خۆشی بشوات یان واز لە هەموو شتە تایبەتییەکانی بهێنێ، چونکە ئەوەی کە هەرگیز دەسبەرداری نابێ بیرکردنەوەی ئازاد و سەربەستی ڕادەربڕینیەتی لەوانەیە کاریکاتێربستە کوردیەکانیشمان بیانەوێ جێ پەنجەی هونەریان لە فەرهەنگی کوردیدا دیاری بکەن، بۆیە پێویستە تەماشاکار هانی ئەم هونەرە بدەن و هۆیەک بن بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی.

ئێمە لە کوردستاندا لە ئەزموونێکی نوێدا دەژین، ئەویش گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی لەخاکی خۆماندا، دەبێ ڕۆشنبیرانیش ئەم واقیعە لەبەرچاو بگرن و دەسەڵاتیش ڕێگای بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و بیناکردنەوەیان لێ نەگرێت، هەرچەندە تاڕادەیەک بۆکاریکاتێریستی کورد هەنگاوێکی گەورەیە کە بتوانین لە قۆناغی بێ ئەزموونی ڕاگەیاندن و حوکمڕانی و ئیدارەکردندا نیمچە ئازادانە بەگشتی ڕەخنە لەبەرپرسی و کاربەدەست و دەسەڵاتداران بگرین جا ئەگەر هونەرمەندی کورد نەیتوانی ڕۆڵی خۆی وەک پێویست ببینێ لەبەرئەوەیە کە لە باری هونەری و فیکرییەوە لەئاست و مەسەلە بنچینەییەکانی گەلەکەیدا نییە، بەڵکو تایبەتمەندی کوردستان و دۆخە سیاسیەکەی لەم قۆناغەدا جۆرێک سانسۆری زاتی خستۆتە سەر بیروهونەری، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پاساو بۆ دیاردە سەلبیەکان بهێنێتەوە و خۆمان تووشی خۆش خەیاڵی بکەین ئەرکی ڕۆشنبیریش نییە دەسەڵات و ڕەمزەکانی لەسەر حسابی حەمە و حەقیقەت ڕازی بکا لەڕاستیدا کتێبخانەی کوردی تا ئێستا لە نامیلکەی کاریکاتێری بێ بەش و هەژارە، دەزگا ڕۆشنبیرییەکانیش زۆر کەمتەرخەمی لەچاپکردنی ئەم جۆرە نامیلکانە تەنانەت لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشدا زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەوێت، هۆکارەکەشی بوونی نەریتی باوە کە لە کوردستاندا ڕێگەی لە دەربڕینی بابەتی کاریکاتێری گرتووە. دەبێت ئەوە بڵێین کە بۆ بەدەست هێنانی بچووکترین ئازادی، گەورەترین ئازار و فیداکاری دەوێت، هەمیشە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامی هەر هزرێکیش کات و شوێنی خۆی دەوێت، بەڵام ئەوەی کە گرنگە دەبێ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە کۆششێکی دەزگایی بۆ فەراهەم بهێنرێ و هاندانێکیش بێ بۆ خەونی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا.(٩)

**هونەری کاریکاتێری کوردی**

کاریکاتێر تابلۆیەکی بەهێڵ (out-line) ڕووبەری ڕەش و سپی دەکێشرێ، پشت بە زێدەڕۆیی دەبەستێ.. بیرۆکەیەک لەخۆیدا هەڵدەگرێت، زیاتر بەلای سیاسەت و باری کۆمەڵایەتیدا دایدەشکێنێ، کاری کاریکاتێر پێکەنینێک دەخوڵقێنێ، دەستە برای گریانە، لە پۆستەر (اعلان دعائی)یەوە نزیکە بینەر هەر بەسەرنجدانی لێی حاڵی دەبێت و چێژی لێ وەردەگرێت، هەندێ کاریکاتێر

بەوێنەکـانیـدادەخـشـێن و پاشـان دەیدەنەوە دەسـتـت. هەروەک نەخـوێندەوار بن دیاره لەم سـەردەمـەدا وێنە بە چەسپاوی و بەرجەستەیی تۆمار دەکات.

ڕۆژنامەکانی کوردستان بەگشتی لەم لایەنەوە هەژارن، هۆیەکەش ئەوەیە هونەرمەندی کاریکاتێرمان هێندە کەمە لە ئاستی نەبووندایە کە وێنەی کاریکاتێری بکێشێ. ئەم هونەرە چ وەک تەکنیک و چ وەک بیـرۆکـە پێـویسـتـی بەتوانا و لێوەشاوەیی هەیە، بۆیە زۆرجار دێن کاریکاتێر لە ڕۆژنامـە عـەرەبی و جـیـهـانـیـیـەکـان دەگـوێزنەوە، بە تایبـەت ئەو ڕۆژنامـە عـەرەبیـانەی کـە لە ڕۆژئاوا دەردەچن(١٠). وەک سەرەتایەک بۆ هونەری کاریکاتێری کـوردی دەکـرێت بگەڕێینەوە بۆ چەند ژانرێکی تری ئەدەبی، لەلای چەند نووسەر و بوێژێکی کورد وەک:

١- شیعر: وەک نموونەی شیعـره داشۆرینەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شـوکـری فـەزڵی و حـەسـەن کـەنوش و...تاد.

٢- شـانۆی ناوماڵ: لە نووسینی مـەلا مـسـتـەفـای سەفوەت کە زیاتر گەپ و نوکتەی سەرەڕێی لەخۆ گرتووە کە بێجگە لەم کـتـێبـە چەند نووسـینێکی تر لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆیان بینییەوە وەک (ڕشتەی مرواری- عەلائەدین سوجادی) «گاڵتە و گەپ- پیرەمێرد» ترش و شیرین- خاڵە ڕەجەب....تاد.

٣- ئەو وێنە هونەری و کـاریکاتێـریانەی کـە لەناو دراماو شانۆگەری و چیرۆکە تەمسیلیە کوردییەکاندا وەکو پیسکەی تەڕ پیر، باوەژن خوا بناسە، جەنابی موفەتیش، لانەوازان، خولە چەخماخە و،...تاد.

٤- ئەو وێنە کـاریکاتێـریانەی کـە لەدوو تـوێی چیـرۆکـەکـاندا بەشێـوەی نووسین یاداشت کـراون وەک «کرەلۆتی مەنۆچەر» ئیبراهیم ئەحمەد، (پێکەنینی گەدا) حـەسـەن قـزڵجی «پیـرۆت و بایز» هەژار موکریانی...تاد(١١)

## کاریگەری کاریکاتێر لە دوو کۆمەڵگەی جیاوازدا

کاریکاتێر لای کورد لە ساڵانی حەفتاکاندا پەیدابووە، سەرەتا لەکاریکاتێری جیهانییەوە وەرگیراوە و پاشان کاریکاتێری خۆماڵی پەیدابووە.

لەنێو کـورددا سـمکۆ ناکـام یەکـەم کـەس بووە کـە کاریکاتێری کردووە، کاریکاتێریستە کوردەکان وەک چاو لێکەرییەک چاویان لەکاریکاتێریستە عەرەبەکان کردووە.

(سیروان سەید ئەحمەد) کە یەکێکە لە هونەرمەندە کـوردەکـانی شـاری هەولێـر دووەم کـەس بووە کـە



لە وتاری دوورودرێژ کـاریگەرترن وەک کـۆمـیـدیایەک لەگـەڵ ئاوەزدا دەپەیڤێ، مـرۆڤ دێتـە پێکەنین و تا درەنگێ کاریگەری لە یادەوەریدا دەمێنێ.

ڕۆژنامەی ئەم سەردەمە ئەگەر بەبێ کاریکاتێربوو،ئەوا بێگومان لە ڕەگەزێکی ڕۆژنامە بێبەشە و دەلاقـەیەکی تێـدایە، چونکە شـتـێک نیـیـە هێندەی کـاریکاتێـر، سیاسەتمەداران سڵی لێ بکەنەوە لە سییەکانی سەدەی بیستـەمـدا، کاتێ تەنگژەی ئابووری تەنگی بەئەمریکا هەڵچنیبـوو، کـاریکاتێـرەوانێک بەناوی (تۆمـاس ناست)ەوە گـەورە پیـاوانی ئەو وڵاتەی لەوەزیرەوە تا ئەندامانی ئەنجومەنی پیران (سیناتۆرەکان) و پەرلەمانی کردبووە کونەوە کاریکاتێر دەتوانێ لە ڕۆژنامەدا دەوری خۆی بەچاکی بگێڕێ، چونکە بە هەزاران دانەی لێ چاپ و پەخش دەکرێ، بەفـراوانی دەکـەوێتـە پێش چاوی خەڵک. هەربۆیە کاریکاتێریستەکان ئەگەر جڤات و سەندیکایان هەبێ، چاکتر وایە لەپاڵ ڕۆژنامەنووساندا کاری سەندیکایی خۆیان ڕاپەڕێنن.

(وێنەی کاریکاتێری، وردە وردە بە ئاسانی وا خەریکە جێگەی وتار دەگرێتەوە) زۆر کات لەلای خۆمان کـە ڕۆژنامـەت لێ وەردەگـرن، تـەنیـا چاو

لەهاوکارییدا کاریکاتێری بڵاو دەکردەوە. کورتبڕی (اختزال) لەکاریکاتێردا زۆر پێویستە.

کاریکاتێر: بریتییە لەو بیرۆکەیەی کە بە خەیاڵی تۆی هونەرمەندا دێت و دەیکەی بەتابلۆیەک، کە هەموو مەرجە هونەرییەکانی تێدا بێت. کاریکاتێرەکە دەبێ لە ڕووی بیرۆکەو زمان و ئاووهەوای ناوخۆیشەوە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بگونجێت کە کاریکاتێرەکەیان بۆ کراوە.

ڕۆژنامەنووسی زۆر پێویستی بەکاریکاتێر هەیە و لە هەمان کاتدا کاریکاتێریش پێویستی بە کورتبڕی (اختزال) لە وشەو ڕەسمدا هەیە هونەرمەندی کاریکاتێریش دەبێ مرۆڤێکی بیرتیژ و لێهاتوو و خاوەن بۆچوون و بیرکردنەوەبێت. دەبێ لەلایەنی بیرەوە سەربەخۆبێت. هۆی پێش نەکەوتنی کاریکاتێر لە کوردستاندا نەبوونی دیموکراتیەتە، چونکە ئەو بوارە نەڕەخساوە کە کاریکاتێر بتوانێت ئازادانە ڕەخنە لە هەموو لایەنێک بگرێت.

ڕۆژنامە چۆن دەتوانێ ئێمە وەک کاریکاتێریستێ بگرێتە خۆی؟

کاریکاتێر دەبێت لە (٩-١٥سم) بێت، بەواتایەکی تر دەبێت کاریکاتێر قەبارەکەی بەپێی ڕووبەری لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بێت، گچکە کردنەوەی کاریکاتێر لە (٩سم) ڕەنگە لە بایەخە هونەرییەکەی کەم بکاتەوە.

(خوێنەر) و (بینەر) هەردووکیان تەماشای کاریکاتێر دەکەن، یەکێکیان لەڕووی هونەرییەوە ئەوی تریش لە ڕووی ماناوە(١٢).

## نموونەی چەند گۆڤارێکی تایبەتمەندی کاریکاتێر

لەدوای ڕاپەڕینەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە بواری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەشێوەی تایبەتمەند هاتە ئاراوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو وەک گۆڤار بڵاوکرایەوە و سەربەخۆ بەو گرنگییەوە بڕوانێتە هونەری کاریکاتێر.

کە لەلایەن کۆمەڵگای کوردیشەوە پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێکرا لە نموونەی ئەوانە بە نمرەی یەکەم (سیخورمە) کە خودی (ئاکۆ غەریب) پێی ڕاگەیاندین کە سیخورمە نەک هەر زەرەری مادی ناکات، بەڵکو قازانجیش دەکات، کە ئەوە نیشانەی فرۆشیەتی لە بازاڕی بڵاوکراوەکاندا.

وەک مێژووی ئەم هونەرە تایبەتە دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی چەند بڵاوکراوە و گۆڤارێک بکەین کەئەمانەن:

١- فشقی تایمز:

یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاڕی تەنز ئامێز لە کوردستانی ئازاد دەرچوو. ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٤) لەلایەن چەند خوێندکارێکەوە لە زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر دەرچوو، ستافەکەی پێکهاتبوو لە چوار خوێندکار، یەکەمین ژمارەی بە (سفر) دەستی پێکرد بە تیراژی (٤٠) دانەی (٨) لاپەڕەی سەرەت هیچ لایەنێک یارمەتی نەدان، بەڵام لە ژمارەی (٨) و دوای گۆڕانی دەستەی نووسەرانی لەلایەن کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆی (ی.ن.ک) و کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان یارمەتی مەعنەوی دران بە تێپەڕبوونی کات دەستەی نووسەرانی زیادی کرد گەیشتە (٢٥) خوێندکار و تیراژەکەی گەیشتە (٤٠٠) دانە و بەرەو ژوور. فشقی تایمز تەنیا (٢٨) ژمارەی لێدەرچوو، بەهۆی باری سیاسی و لێکدابڕانی دەستەی نووسەرانی و نەبوونی پاڵپشتی ماددی وای کرد کە نەتوانێ لە دەرچوون بەردەوام بێت و کۆتایی پێهات.

٢- مەلای مەشهوور: گۆڤارێکی تایبەتە بە کاریکاتێر و ڕەخنە و پێکەنین، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٧/٧/٧ لە هەولێردەرچوو.. گۆڤارێکی مانگانەیە و هەڵوێستی سەربەخۆیی هەیە و بەهیچ لایەنێکەوە پابەند نییە، هیچ لایەنێکیش بە ڕەسمی یارمەتی نەداوە، بە (١٦) لاپەڕە دەردەچوو.. ستافی گۆڤارەکە لە چەند کەسێک پێکهاتووە:

خاوەنی ئیمتیاز: عەبدولڕەحمان پاشا، سەرنووسەر: حەیدەر قادر.

کۆمەڵێک هونەرمەندی کاریکاتێریستی کاری هونەری تێدا دەکەن.. هەردوو شێوازی سوڕانی و بادینی بەکاردەهێنێت. گرنگیەکی زۆری بەکاریکاتێر داوە لە هەموو ژمارەکانیدا، چەندین کاریکاتێری تێدایە کە باسی لە دیاردەکان دەکات. هەروەها لە هەموو ژمارەکانیدا لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی بریتییە لە وێنەی کاریکاتێر.

٣- ئەهۆو: توانجنامەیەکە چاکسازی کاریکاتێریە.. کۆمیتەی ڕانیەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان پازدە ڕۆژ جارێک دەری دەکرد... لە ماوەی (٦)مانگدا و بە بەردەوامی لەکاتی خۆیدا، بە (٤) لاپەڕە دەردەچوو.

ئەم توانجنامەیە ڕۆڵی گرنگی لەدەرخستنی دیاردە دزێوەکانی ناوچەکەدا هەبووە لەسەر ئەم نەهجە دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفت بووە..

لەژێر گوشاری زۆری چەند کەسێکی یاسا شکێن کە بەهۆی توانجنامەی (ئەهۆو) وە تووشی ئیحراج دەبوون،

کۆمیتەی ڕانیەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ناچاربوو کە تاکە مینبەری تەنز ئامێزی ناوچەکە دا بخات و چیتر دەرنەچێت، ئەهۆو(١٢) ژمارەی لێ دەرچوو و دوایین ژمارەی لە ١٩٩٨/١٢/٣١ دەرچووە..

٤- پەح: بڵاوکراوەیەکی تەنزئامێزی کۆمەڵایەتی کاریکاتێرییە.. کۆمەڵێک خوێندکاری ناحیەی شۆڕشی سەربەقەزای چەمچەماڵ دەری دەکەن.. پەح بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە.. یەکەمین ژمارەی ١٩٩٨ دەرچوو لەشێوەی نامیلکە و بە (١٤) لاپەڕە. لەلایەن خوێندکارانی ناوچەکەوەش لە ڕووی هێنانی هەواڵ و زانیارییەوە هاوکاری باش دەکران.. ماوەیەک ئەم بڵاوکراوەیە لە دەرچوون وەستا، بەڵام بەهۆی کۆمەک کردنیان لە ڕووی دارایییەوە لەلایەن کۆمیتەی شۆڕشی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.. دووبارە دەستیان کردووە بە دەرچوون.. پەح تاکو ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون، تا ڕادەیەک گرنگی بە کاریکاتێر دەدات.

٥- دەهۆڵ تایمز: گۆڤارێکی تەنزئامێزی کۆمەڵایەتی-کاریکاتێرییە، مانگی جارێک لە هەولێر دەردەچێت.

(٢٠) لاپەڕەیە ستافی گۆڤارەکە پێکهاتووە لە: خاوەنی ئیمتیاز: خالید ئەحمەد خدر، سەرنووسەر: ڕزگارنووری شاوەیس، کاری هونەری: بەمۆ.

دەهۆڵ تایمز مۆڵەتی یاسایی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بە ژمارە (٩٥) پێدراوە وەک گۆڤاری گاڵتەجاڕ، یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٩/١٢/١٥ دەرچوو، گۆڤارەکە باس لە دیاردەی ناشایستەی ناو کۆمەڵ دەکات و گرنگی تەواو بە لایەنی کاریکاتێر و وێنەی فۆتۆیی دەدات، زمانی گۆڤارەکە هەمە لایەنە و زیاتر شێوازی شێوەزاری هەولێر وگەرمیانی بەکاردەهێنێ و لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی گۆڤارەکە لە هەموو ژمارەکانیدا بریتییە لە کاریکاتێر.

٦- سیخورمە: گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی سیاسی کاریکاتێرییە دوو هەفتە جارێک دەردەچێت، خاوەنی ئیمتیاز: ئاراس شێخ جەنگی، سەرنووسەر: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری هونەری: ئاکۆ غەریب، مۆنتاژ: ئەمیر بەکر قەساب، کارزان محەمەد ڕەمزی، هونەرییەکانی: محەمەد فەتاح- بازیان جەلال مشکی زادە- سائیر بەدری.

مۆڵەتی کارکردنی یاسایی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بە ژمارە(٢١٥) لە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٣/٨ وەک گۆڤارێکی ساتی ساتێر بۆ دەرچوو، لە ساڵی ١٩٩٨ یەکەمین ژمارەی لێدەرچوو کە ژمارە (سفر) بوو بە (١٦) لاپەڕە کە تاکو ئێستاش گۆڕانی بەسەردانەهاتووە، لە سەرەتادا بەتیراژی هەزار دانە لە ژمارە (٢٠٠)، بەڵام دوایی زیادی کرد تاگەیشتە (٨٠٠٠)دانە، بەڵام لە ژمارە (٤٨) تیراژەکەی دابەزی بۆ (٥٠٠٠) و ئێستاش بەو شێوەیە بەردەوامە.

کاریکاتێر وەک لقێکی هونەری یەکێکە لە دیارترین هونەری شێوەکاری کە سیخورمە زۆر گرنگی پێداوە، کە هونەری کاریکاتێری کردۆتە ئامرازێک بۆ دەرخستن و ڕەخنەگرتن لە دیاردە و ڕووداوە سلبیەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری، لە هەموو ژمارەکانیدانزیکەی (٢٠) وێنەی کاریکاتێری تێدایە و گۆشەیەکی بەردەوامی گۆڤارەکە بەناوی (لەدنیایی کاریکاتێرەوە)یەکە تایبەتە بەو بوارەوە لاپەڕەی یەکەم و کۆتاییش بریتییە لە وێنەی کاریکاتێر(١٣).

**پەراوێزەکان:**

**١- پێکەنین و بیرچوونەوە/ نووسین، میلان کۆندێرا. وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد/ سەردەم، ل١٥٩.**

**٢- دراسات اعلامية/ گۆڤاری بنکەی عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن/ ژ٤٨/ ١٩٨٧، ل١٥٠.٤.**

**٣- ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی بەغدایی ژ(١١٣)، ١٩٨٧/٣/٦، ل٣.**

**٤- ڕۆژنامەڤانی (گۆڤاری وەرزیە)، ل٣٦٣ (کاریکاتێر لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا) ٢٠٠٢.**

**٥- (معجم المصطلحات الاعلامية) د.كرم شلبي، الطبعة التالية، ١٤١٥هـ ١٩٩٤، دارالجيل بيروت، ل١٤٦.**

**٦- گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ل٣٦٦، ژمارە(٨) ٢٢ نیسانی ٢٠٠٢.**

**٧- (معجم المصطلحات الاعلامية)، انگلیزی- عەرەبی (د.كرم شلبي) استاذ و رئيس قسم الصحافة و الاعلام، جامعة الازهر.**

**٨- فن الكاريكاتير في الصحافة الدورية./ د. ممدوح حمادة/١٩٩٩-٢٠٠٠/ دار عشتروت للنشر.**

**٩- گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە(٨) کاریکاتێر لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، نووسینی محەمەد قادر، ل٣٦٤-٣٦٥.**

**١٠- ڕۆژنامەڤانی، ژ(٨)، ل٦٥-٦٧، کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا- ئاشنا.**

**١١- ڕۆژنامەڤانی، ژمارە(٥)، ل١٨٠-١٨١، هونەری کاریکاتێری کوردی-سەردەم.**

**١٢-سی و چوار وانە لەبارەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە: وانەبێژ، گرفتار کاکەیی، ئامادەکردن: حەسەن یاسین، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٤٨-٥٠.**

**١٣- گۆڤاری ڕۆژنامەنووسی، ژمارە(١)، گۆڤاری سیخورمە ئەزموونێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی کوردی، ئامادەکردنی: دڵشاد سابیر کەریم، ل٧٢-٨١.**

# ئەلبوومی (ئەمشەو تەنیام)
# شلّەقاندنی گۆمی تەنیایی

پێشتر لە بارەی هونەرمەندی لاو (هێمن حوسێن)ەوە دواوم، ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی خۆم خستوونەتە ڕوو، چونکە ئەو لە هونەرمەندە گەنجە بە تواناکانی بواری مۆسیقا و گۆرانی کوردییە، بۆیە لەگەڵ هەر بەرهەمێکدا دەخوازێ بیخەینە بەر ڕۆشنایی سەرنج و بە بایەخەوە لێی بڕوانین، یان بیخەینە بەر قەڵەمی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن..

هێمن کە لە (دایکی میهرەبان)ەوە دەستی پێکرد، بە تاقەتێکی فرەوە دەرکەوت، ڕاستە ئەودەم منداڵ بوو، خۆی توانای هەڵبژاردنی نەبووە و وەک هەرکەسێکی دیکە لە دەستپێکدا دەوروبەرەکەی هاوکاری بوون، ..هاوکارەکانی ئەو دەمەشی وێڕای باوکێکی چاوکراوە و خانەوادەیەکی هونەرمەند، هاوکات قەڵەمێکی وەک (عەبدوڵلا سەڕاج) و هونەرمەندێکی گەورەی وەک (قادر مەردان)ی لە پشت بووە، کە ئەمانەش فاکتەری کاریگەر بوون لە دەستپێک و تۆمارکردنی گۆرانییەکی سەرکەوتوو  کە لە لای جەماوەری هونەردۆستدا هێمنی پێ بناسرێتەوە.

ئەوەشمان لەبیر بێت کە پاش تۆمارکردنی (دایکی میهرەبان) لە ناوەندی هەشتاکاندا، ئیدی هێمنمان نەدیتەوە تاوەکو سەرەتای نەوەدەکان... دواتر وەک میوزیک ژەنێک خۆی دەرخست، بەڵام لە ئاست ئەوسای میوزیک ژەنانی کەرکووکدا، یەک لە دەرکەوتووترینیان بوو... پاشان بە گۆرانی (تۆ) لە شیعری فەرەیدوون بەرزنجی و ئاواز و مۆسیقای دلێر حوسێنی برای، دیسان پێی گوتینەوە کە توانای گۆرانی گوتنی لەدەست نەداوە،

**وشیار ئەحمەد ئەسوەد**
**(کەرکووک)**

بە پێچەوانەوە ڕژدتر هەڵسوکەوتی لەتەکدا دەکات...

دەمەوێ بەرلەوەی دوایین بەرهەمەکانی هونەرمەند هێمن حوسێن بخەمە بەر قەڵەمی ڕەخنە و بۆچوونەکانی خۆم، بە چەند دێرێک واقیعی هونەرمەندانی کەرکووک و قەدەری ئەوان بخەمە بەرچاو..

ڕاستە ئێمەی کەرکووکیان زۆر کەڕەت کە باس لە زوڵمی بەعس و ئازار و ژانەکانی ئەو دەم دەکەین لە تەرحیل و تەعریبدا، ئیدی ئەویش قۆناغێکی دیکەی نەگبەتییەکانی ئێمەیە و خەڵکێکی زۆری ئەو شارەی تێدا زەلیل و ئاوارە و زیانمەند بوون... دەبێ دان بەو واقیعەشدا بنێین کە ئەو دوورخستنەوە و تەرحیلە، بۆ هونەرمەندانی شارەکە، یان بۆ زۆرترین ڕێژەیان، کرانەوەی دەروازەیەک بوو کە لێیەوە توانیان قودرەتی خۆیان بسەلمێنن و دەرخەن (بێگومان لە کۆن و نوێ)ش، دەکرێ چەندان ناوی دیاریش بکەینە نموونە کە تا ئەو دەمەی لە کەرکووک بوون، بە جۆرێک کۆنترۆڵ کرابوون کە ناسینیان لەنێو بۆتەی شارەکە نەترازێ، دوای دوورکەوتنەوەیان لە کەرکووک، چانسی خۆ سەلماندن و ناسینیان بۆ فەراهەم بوو، وەک (عەلی مەردان و دواتریش عەباس محەمەد و حەسەن گەرمیانی و سەڵاح داودە و حوسێن عەلی گورجی و محەمەد ڕەزا و ..... و..... دوای ئەو نەوەیەش، لالۆ ڕەنجدەر و حەمە ڕەووف کەرکووکی و دلێر حوسێن و .....و.....و..) لەگەڵیاندا (هێمن حوسێن)یش هەمان چانسی بەرکەوت، کاتێک هێمن لە ناوەندی نەوەدەکانەوە لە سلێمانی گیرسایەوە، لەوێوە توانی وەک موزیکژەنێکی لێهاتوو خۆی بنوێنێ و کاری ئامادە و دابەشکردنی موزیکی بۆ زۆرێک لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی ئەوێندەر کرد، دوای ڕووکردنە هەولێریش هەمان دەروازەی بۆ خرایە سەرپشت، دیارە شارەزایی و لێهاتوویی خۆیشی فاکتەرێکی دیکەی کاریگەری ئەو شوێن پێ کردنەوەیەی بوو، کە ئەمەش یەک لە شانازییەکانی هێمنە.. لێرەوەبوو دیسان تێی هەڵکردەوە گۆرانی گوتن،... لە ڕاستیدا هێمن موزیکژەنێکی شارەزا و زیرەکە، بەڵام لە گۆرانیشدا هەمان ئاستی نواندووە، ئەوەش دەبینین کە هەر گۆرانیبێژێک ئەگەر شارەزایی باشی بواری موزیکی هەبێت، زووتر باڵایی خۆی لە گۆرانیدا دەنوێنێ، نموونەش وەک (عەدنان کەریم و زەکەریا و بڵند و...و...) هێمنیش دەگرێتەوە.... لێرەشەوە دەخوازێ



هێمن حوسێن

لە سەر گۆرانی گوتن بوەستم کە لە ئێستادا هونەرمەند هێمن حوسێنی زیاتر پێ دەرکەوتووە.

ئەوەی هەموومان دەیبینین، ئەو کارەساتە گەورەیەی هونەرمەندە گەنجەکانە، مەبەستیشم ئەوانەی بە فراوانی ناسراون، بایەخێکی زێدەڕۆییە بە زۆری گۆرانییەکان، بە ڕادەیەک زۆربەیان لەو هەوڵەدان کە ساڵانە (٨-١٠) گۆرانی لە CDیەکدا بخەنە بەردەستمان، یان لەنێو دوو ساڵدا CD یەک، زۆر ڕوونیش دیارە کە ئەم پەلەپەل و بایەخدان بە ڕێژەییە، وای کردووە لە هەر چەپکە گۆرانییەک، لانی کەم (٢-٣) گۆرانی کرچ و کاڵ بن کە دەتوانین زۆر ئاسان لە بەرهەمە باشەکان جودایان بکەینەوە،... ئەگەر نا، ئەدی عەدنان کەریم چ پێویستییەکی بە گۆرانی (دەسماڵێ) هەیە بەو کرچی و سادەییەی تۆماری کردۆتەوە؟!..

بەبێ دوو دڵی دەڵێم ئەم ڤایرۆس و پەتایە، لە دوایین بەرهەمەکانی هێمنیشدا (ئەمشەو تەنیام) بە زەقی دەبینرێ، دروستتر مەبەستم ئەوەیە، CDیەکەی (ئەمشەو تەنیام)ی هێمن لە ئاست توانا دیارەکەی ئەو نییە و نەیتوانیوە باز بەسەر بەرهەمەکانی پێشووتری بدات، یان تێی پەڕێنێ،بەو ڕادەیەی پێم وانییە چ کەس هەبن ئیرەیی پێبەرن.

ئاخر ئەوە هێمنە و ناکرێ بیخەینە نێو موجامەلاتی تەڕ و تازەوە، چونکە ئەم هونەرمەندە گەنجە کە (٩ گۆرانی) لەو CD یە نوێیەدا بەرگوێمان دەخات، دەیتوانی لە نێویاندا (٤-٥) بەرهەم هەڵبژێرێت و خۆی نەخاتە ژێر گوشاری ڕێژەیی لە گۆرانیەکانیدا و پێم وانییە پێویستی بەو گوشارە بووبێ...

هێمن خاوەنی دەنگێکی ڕەسەنی کوردی و شێوە وتنی زۆر تایبەتە لە گۆرانیدا، کە زیاتر لە ڕیتمە خاوەکان (سلۆ) خۆی دەدۆزێتەوە و ئۆقرەی تێدا دەگرێ، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئیدی خۆی لە تیمپۆ و ڕیتمەکانی دیکە نەدات، بەڵام دەشبێ بە هەستیاریتی پترەوە هەڵسوکەوتیان لە تەکدا بکات... بە بۆچوونی من و بە پێی ئەو هەندەک شارەزاییەم لە بوارەکەدا، لە هەر (٩) بەرهەمە نوێکانیدا، نەیتوانیوە (ژیلەمۆ) تێپەڕێنێ کە ماوەیەکی زۆر بەر لەم بەرهەمانە تۆماری کردبوو.. ڕاستە ئەو مافی خۆیەتی لەنێو نوخبەیەکی جەماوەردا خۆی نەتوێنێتەوە و هەوڵی فراوانکردنی جەماوەرەکەی بدات، بەڵام ناشکرێ بایەخی لایەنە هونەرییەکەی بکاتە قوربانی، من وای دەبینمەوە هێمن گەیشتۆتە ئاستێک و ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە پێویستی بە پەلەکردن بێت.

زیندووترین نموونەش بۆ پەلەپەلییەکانی هێمن گۆرانی (گوڵاڵەی بەهاری)یە کە لەسە ڕیتمی خێرا (دەهۆڵی) تۆماری کردووە، لەوێدا ئەوەمان لا ئاشکرا دەکات کە ئەم گۆرانییە بە زۆری زۆرداری ئاخنیوەتە (CD)یەکەوە... زۆریش سەیرە کە هونەرمەندێکی گەورەی گەنجی وەک هێمن پێی وابێت ئەوەی توانی لە گۆرانی (کەنی) دا بیکات، هەمان ئەو ڕێچکەیە لە (گوڵاڵەی بەهاری) دا وەربگیرێ قبوڵ بکرێت... لەوەش واوەتر، بە زۆرجورئەتی داوەتە بەر خۆی کە بەم شێوەیە مامەڵە لە تەک ڕیتمی خێرادا بکات، بۆ شارەزاییەکی وەک هێمن، ناکرێ ئەوەی بەسەرداتێپەڕێت کە بە سەدان گۆرانی کوردی فۆلکلۆریمان هەیە لەسەر ڕیتمی خێرا، بۆیە مامەڵە لەگەڵ شیعر و ئاواز و موزیکی ڕیتمی خێرا زۆر ئەستەمە و هەڵسوکەوتی ورد و جدیتری پێدەوێ...

لە گۆرانییە نوێکانیدا، کێشەی هێمن تەنیا لە ڕیتمی خێرا نییە، بەڵکو ئەو بە تۆبزی ئاخنینە و پەلەکردنەی لە گۆرانی (سۆزی تۆ)شدا نیگەرانمان دەکات... سەرەتا کە ڕیتمێکی ١٠٠٪ ڕۆژهەڵاتیمان دەخاتە بەرگوێ، بۆنێکی عەرەبیمان پێدەبەخشێ، دواتر لە مۆسیقادا هەست بە میلۆدی (یاعین مو لیتین) دەکەین، دوای ئەوەش شێوازی کرمانجیمان دەخاتە بەر هەست، دواتر سەرانسەری گۆرانییەکە دەکەوێتە بەر ئاوازە سادە و ساکارەکان...

لە (نووری عیشق)یشدا شێوازە جوان و کوردییە ڕەسەنەکەی خۆی جێ دەهێڵێ و ئەم جارەیان سنوور بەرەو ئێران دەبڕێت و شێوازێکی زەقی فارسیمان پێدەبەخشێت، مەبەستیشم نییە بڵێم ئەو گۆرانییانە، عەرەبی یان فارسین، بەڵکو ویستوویەتی لەنێو ئەو شێوازانەشدا سەما بکات و قودرەتی خۆیمان پیشان بدات، کە لە ڕاستیدا هونەری کوردی پێویستی بە دەنگە ڕەسەن و ڕاستەقینەکەی خۆیەتی، لێرەشدا جەخت دەکەمەوە کە ئەو جۆرە ئەدا و شێوازانە بە هیچ جۆرێک لەنێو دەنگە پڕ حوزن و سۆزەکەی هێمندا جێیان نابێتەوە... ئەی ئەوە نییە لە گۆرانی (دڵی وەریو)دا گوێبیستی دەنگە ڕاستەقینەکەی دەبین؟ .. لێرەدا ڕۆحیەتە ڕەسەنەکەی هێمنمان گوێ لێ دەبێت، کە زۆر دڵنیام توانا هونەرییەکەی ئەم هونەرمەندە لەوەش زیاترە، ئەوەتا لە (تۆ لەژواندا) کە تێکستەکەی هی (مهاباد قەرەداخی)یە، جگە لەوەی وەک ئاواز و مۆسیقاش دەتوانین بە ئاسانی لە گۆرانییەکانی دیکەی جودا بکەینەوە، هاوکات لەو قوولبوونەوەیەی بۆ نێو یاری و جوولە دەنگییەکان، ئاستە باڵاکەی خۆیمان دەخاتەوە بەرچاو، بۆیەشە کە ئەم جۆرە هونەرە گوێبیست دەبین، وامان لێدەکا بە پەلەپەلی گۆرانییەکانی دیکەی قایل نەبین و بێدەنگیش نەبین ...

ئاخر ئێمە هەقدارین ئەگەر هێندێ خۆشە گلەییش لە هێمن بکەین، با بە هەندێ سەرنجی وردەوە بڕوانینە گۆرانییەکانی (دیدەنی- سۆزی تۆ- نووری عیشق- هانای دڵ) و بەراوردی بکەین لەگەڵ (دایکی میهرەبان) دا کە لە کۆنترین گۆرانییەکانی هێمنە، تەنیا لە مۆسیقاشدا کاری نوێی بۆ کردووە، بزانین ئاخۆ لە هەموو ئەو بەرهەمانەدا، توانیویەتی (دایکی میهرەبان) تێپەڕێنێ؟! .. بێگومان نەخێر، چونکە (دایکی میهرەبان) لە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژیدا لەدایک بووە، واتا واقیعێک دروستی کردووە و بە سروشتیش هاتۆتە بوون، لە کۆن و نوێدا، هەروا بووە و هەر واشە، هەر بەرهەمێک بەبێ گوشار و پاڵەپەستۆ و بە سروشتی خۆی بێتە بوون، نەمر و زیندوو دەمێنێتەوە، بە پێچەوانەشەوە تەمەن کورت دەبێت.

ئەوەی دەهێنێ هێندێ لە سەری بوەستم، گۆرانی (ئەمشەو تەنیام)ە کە CDیەکەشی هەڵگری ئەم ناوەیە، ڕاستە هێمن لێرەدا تانیوەتی ئاوازێکی بەسۆز و ڕەسەن لە جوانترین ئەدای حوزندا بەرجەستە بکات، وای

دەبینمەوە لە سەرجەم گۆرانییەکانی دیکەی نێو ئەم CD یە و تەنانەت بەرهەمە کۆنەکانیشی (ئەمشەو تەنیام) زۆرترین دەنگدانەوەی هەبێت... تێکستی گۆرانییەکە (حەمە سەعید ئیبراهیم) نووسیویەتی کە عەشقێکی قووڵمان پێدەبەخشێت، وەک ئەدا و ئاوازیش کە دەکەوێتە بەر هێمن، دیسان ئاشقان دەهەژێنێ... بەڵام وەک کارێکی هونەری لە مۆسیقا و ئاوازدا، ئەوەی گوێبیستی بێت، بە خێرایی هەست بەوە دەکات کە پێشتر گوێی لێبووە، یان بەلایەوە نامۆ نابێت... من پێشتر ئەم بۆچوونەم بۆ هێمن درکاندووە، کە ئەویش سوود وەرگرتنە لە گۆرانی (ماڵئاوایی) هونەرمەند (وەلید مەزهەر)، لە مۆسیقا و ئاوازیشدا ... دیارە هێمن ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕەتیش نەکاتەوە، ئەوا هەوڵی خۆپارێزی لێدەدات...

ڕەنگە مۆسیقا ژەن بتوانێ لە نووسینەوەی نۆتەکەیدا تا ئاستێک بترازێنێ، بەڵام سۆز و شێوازی ئاوازەکە بە ڕادەیەک زەق دەنوێنێ کە بۆتە جێی سەرنجی زۆربەی ئەوانەی گوێبیستی (ماڵئاوایی) بوون و زیاتریش لەنێو توێژی هونەرمەندان‌دا، کە بە بۆچوونی من، ئەم وێکچوونەی (ماڵئاوایی و ئەمشەو تەنیام) بە دەنگی هێمن حوسێن و وەلید مەزهەر، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئامادە و دابەشکردنی موزیکی (ماڵئاوایی) لەلایەن هێمنەوە کاری بۆ کراوە، خۆ ئەگەر هێمن ڕاستەوخۆش سوودی لێ وەرنەگرتبێ، بێگومانمان دەکات لەوەی کە لە نەستیدا جێی بۆتەوە و بێ مەبەست بەکاری بردووە، من ئەمە بە خەوشێک نابینم لە هێمن، بەڵام دەشێتوانی خۆی لێ دوور خاتەوە و هاوکات جوانییەکانی (ئەمشەو تەنیام)یشی لە دەست نەدایە.

ئەوانەی لێرەدا باسم کردوون، تێگەیشتنی خۆمە بۆ نوێترین گۆرانییەکانی هونەرمەند هێمن حوسێن، ڕەنگە ڕای جودا و پێچەوانەش هەبێت، لەلای خۆمیش لەوە پتر هەڵدەگرێ... بەڵام بۆ کەسێکی وەک هێمن کە هونەرمەندێکی گەنجی باڵا و بەتوانایە، ناکرێ بە موجامەلەی گەرم و نەرم لەبارەیەوە بدوێین، چونکە دڵنیام داهاتووی گەشتری لە بەردەمدایە و دەبێتە مایەی شانازیمان، تا ڕادەیەکی زۆریش دەهێنێ دەستماندووبوونی بگوشین... بۆ منیش وێڕای ماچ و خۆشەویستیم، ئومێد دەکەم توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی ئەو گەنجە گەورە و باڵایە بکەم.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**باکووری**

ناوی تەواوی (ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ)یە و لە (١٩٢٨/١١/٥) لە ناو قشلّەی کۆیەدا هاتۆتە دنیاوە، باوکی (ئیسرائیل خەمۆ یۆنان) سالّی (١٩٠٤) لە گوندی (ساتی بەگ)ی سەر بە پارێزگای (وان)ی کوردستانی باکوور و دایکی (ئینیا لازار عەبدال) سالّی (١٩١٠) لە گوندی (خەراشک)ی سەر بە هەمان پارێزگای کوردستانی باکوور، هاتوونەتە دنیاوە، دواتر لە سالانی شەڕی یەکەمی جیهان، لە نێوان (١٩١٤ - ١٩١٨)دا، لە کوردستانی باکوور بەشەڕ و ڕاونان دەرکراون، کاتێکیش هەلاتبوون، نەیانتوانیبوو، هیچ بەلّگەنامەیەکی وەک: تاپۆ، ڕەگەزنامە، پێناسەی شارستانی، لەگەلّ خۆیاندا بهێنن، لەو کاتەدا خوا خوایان بووە، بە سەلامەتی بگەنە شوێنێکی دوورە دەستی ئاگری شەڕی سەفەربەر و لە دەست هێزەکانی (جەندرمەی عوسمانی)یان قوتاربن.

**سووک بن دەی دەی**

**سووک بن دەی دەی ڕێک بن دەی دەی تێ هەلّکەن لە گۆرانی**
**ڕێکخەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی**

* * *

**چاو ڕەش وەرە دەستم بگرە شەرمی ناوێ لە شایی**
**لە سەیران و زەماوەند و لە دۆلّ و کێو و چیایی**
**دەوەرە قوربان بگرین دەستان بۆ شایی بن دارانی**
**سووک بن دەی دەی ڕێک بن دەی دەی تێ هەلّکەن لە گۆرانی**

ڕێکخەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی

* * *

لە نێو گوڵ و گوڵزاری دەشت چەند خۆشە بەزم و سەیران
لەگەڵ دەنگی دهۆڵ و زوڕنا لە بەستە و نەغمە و حەیران
دەوەرە چاو جوان بگرین دەستان بۆ شایی ناو دارانی
سووک بن دەی دەی ڕێک بن دەی دەی تێ هەڵکەن لە گۆرانی
ڕێکخەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی

زێرینێ

هەی زێرینێ و زێرینێ    هەی زێرینێ و زێرینێ
هەی زێرینێ و زێرینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

* * *

زێرینەکەی تۆبزاوا منی کردووە بە داوا
گەر ماچکەم ئەو دوو چاوە
حەسرەتی دڵ نامینێ
هەی زێرینێ و زێرینێ    هەی زێرینێ و زێرینێ
هەی زێرینێ و زێرینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

* * *

زێرین کیژە کرمانجە    منی کوشتووە بە لەنجە
زێرینم هەر ئامانجە    تاکو ڕوحم بمینێ
هەی زێرینێ و زێرینێ    هەی زێرینێ و زێرینێ
هەی زێرینێ و زێرینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

* * *

دوو کچ وا لەو گوندەنە    یەکێکیان یاری منە
نەرم و شل و شەرمنە    جوانتر لە خاتوو زینێ




هەی زێرینێ و زێرینێ    هەی زێرینێ و زێرینێ
هەی زێرینێ و زێرینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

لە کتێبی («باکووری» تەمەنێک، گۆرانی و ئاواز و خۆشخوانی، دەزگای ئاراس، چاپخانەی پەروەردە، ٢٠٠٦ هەولێر)دا، هەندێ زانیاری و بابەتم بەرچاوکەوتووە، بە پێویستم زانیوە لێرەدا بیانخەمە ڕوو.

لە لاپەڕە (٣٤)دا هاتووە: «ساڵی (١٩٣٥) لە قوتابخانەی (کۆیەی دووەم) لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا قەیدکرام، لەو ساڵەو ساڵی دواتریش یەک مامۆستام دێتەوە بیر، کە مامۆستا (جەلال حەویز) بوو، ئەم مامۆستا جەلالە، ئامێرێکی (عوود)ی هەبوو، لە ڕۆژانێکی وانەی (سروود)مان هەبوایە، بە عوودەوە دەهاتە لامان و سرووودەکانی بە یارمەتی ئامێری عوودەوە بۆ دەگوتین و فێری دەکردین! کاتێکیش ساڵی (١٩٥٧) لە کۆیە وەک مامۆستای زمانی (ئینگلیزی) دامەزرام، لە دوکانی (بابەکە قادر) جارێکی دی مامۆستا جەلالم دیتەوەو گوتی: ئەو عوودەم هەرماوە، بەڵام هەندێ کەم و کورتی هەیە، منیش عوودەکەم لێ وەرگرت و هەموو کەماسیم بۆ تەواوکردو بۆم ناردەوە، جا



له منداڵییەوە ئەو عوودەی مامۆستا (جەلال حەوێز) شێوەکەی، دەنگەکەی، لە مێشکم و خەیاڵمدا مایەوە! هەموو هەستم لە لای ئەوە بوو، حەزم دەکرد منیش ئامێری عوودم هەبێت و گۆرانی بڵێم....»

بڕوا بکەن من وەک موزیکژەنێکی کوردی خەڵکی شاری کۆیە، کاتێک ئەو هەواڵەی سەرەوەم لە کتێبەکەی مامۆستا (باکووری)دا خوێندەوە گەلێ پێی سەرسام بووم! چونکە من زووتر هەر وام زانیبوو (موزیک) مەبەستم لە ئامێرەکانی (عوود و کەمان و ئەوانەیە) لە ڕێگەی مامۆستا (باکووری)یەوە بە خەڵکی شاری کۆیە گەییوەو زووتر خەڵکی کۆیە هیچ شتێکیان دەربارەی ژەنینی ئەم ئامێرانەوە نەزانیوە! نووسینێشم هەیە زۆر زووتر بڵاوم کردۆتەوەو ئەو دەسپێشخەرییەی مامۆستا باکووریم (مەبەستم بوونی موزیکژەنی ئەو ئامێرانەی موزیک لە شاری کۆیە بۆ مامۆستا باکووری گەڕاندۆتەوە!) بەڵام سەیر لەوە دایە ئەو هونەرمەندەی من بەقەد کێوی (هەیبە سوڵتان) بەو بۆنەیەی (ئەو ئامێرانەی موزیکی، فێری لاوانی شارەکەم کردووە، ئەو یەکەم کەس بووە، ئەو ئامێرانەی بۆ شارەکەی من هێناوە) لام بەرزو گەورە بووە، سەیردەکەم و هەر بە دەست و خەتی خۆیشی دەنووسێت: ئەو هونەرمەندە (مەبەستم مامۆستا باکووری)یە، نەک هەر ئەو نەبووە، ئەو ئامێرانەی بۆ شارەکەم هێناوە! بگرە خۆیشی هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە، لە هونەرمەندێکی خەڵکی شاری کۆیەوە لە (هونەرمەندی عوودژەن - جەلال حەوێز)ەوە ئەو حەزی موزیکەی لە دڵدا چەسپیوە! نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت مامۆستا باکووری موزیکژەن بووەو لە کۆیە وەک فێرکاری ئامێرەکانی موزیک ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە ئەمە جگە لەوەی گۆرانیبێژیش بووە، لێرانەدا سەری ڕێزم بۆ ڕاستگۆیی مامۆستا باکووری دادەنەوێنم.

لە لاپەڕە (٣٨)یشدا مامۆستا باکووری جارێکی دی بۆ سەر ئەم بابەتە دەگەڕێتەوەو دەڵێت: مامۆستا (جەلال حەوێز)م قەت لە یاد ناچێ! چونکە ئەو وانەی سروودی فێردەکردین، جا وەک پێشتر باسم کرد، بە یارمەتی ئامێری (عوود)ەوە، فێری سروودی دەکردین، وەک ئەم سروودانە:

**ئێمە کە منداڵ و نەوجەوانین**
**هەمووبەقوربانی نیشتمانین**

لەگەڵ سروودی:

**ئەی تۆپەکە فوتبۆڵەکە**
**من دێم لە دەستم ڕامەکە.**

بەگوێرەی قسەکانی سەرەوەی مامۆستا باکووری، مێژووی وانەی سروود کە بە یارمەتی ئامێرێکی موزیکەوە وەک وانە لە قوتابخانەکانی نێو شاری کۆیە گوتراوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکان، مامۆستا باکووری ساڵی (١٩٣٥) چۆتە قوتابخانەو مامۆستا (جەلال حەوێز) ئەو کاتە مامۆستای وانەی سروود بووەو بە یارمەتی ئامێری (عوود)ەوە، سروودی فێری قوتابیان کردووە، بەڵام ئایا مامۆستا جەلال حەوێز هەر ئەو ساڵی (باکووری) چۆتە قوتابخانە دەستی بەو کاری سروود گوتنەوەیە کردووە؟ یان ساڵانێک زووتریش لەسەر گوتنەوەی ئەو وانەی سروودە بەیارمەتی ئامێری عوودەوە بەردەوام بووە؟ دوای ئەوە مامۆستای هونەرمەند (جەلال حەوێز) لەو سەردەمە زووەی کۆیە، ژەنینی ئەو ئامێری عوودە لە کوێ و لە چ کەسێکەوە فێربووە؟ پاشان ئەگەر ئەو مامۆستا هونەرمەندە هەوڵی تایبەتی نەدابێت، هۆنراوەی ئەو سروودانەی چۆن بە دەست هێناوە؟ ئەگەر گیانی نیشتمانپەروەری، هانی نەدابوایە ، بۆ نموونە دەهات و هۆنراوەی (تورکی) و (عەرەبی)



وەک ئەو کاتە باوبووە، فێری قوتابییەکانی دەکرد!

لەلاپەڕە (٤٠)ی هەر ئەو کتێبەدا، مامۆستا باکووری دەڵێت: «لە کۆیە پیاوێکی دی هەبوو، شمشاڵی زۆرخۆش لێ دەدا، شەوان شمشاڵی لێ دەداو حەکایەتی دەگێڕایەوە، پێیان دەگوت (بەیت)، هەرجارە کەمێک شمشاڵی لێ دەداو ئینجا ڕووداوەکەی وەک حیکایەت دەگێڕایەوە.

کەسێکی تریش هەبوو، کوردی تورکیابوو، بە دیالێکتی کورمانجی دەدوا، جا ئەو کابرایە لێوی خوارەوەی شەق ببوو، بۆ دوو پارچە دابەش ببوو، بانگیان دەکرد (مەمەدسێ لچ)، یان (مەمەد لچ خوار) ئەو کابرایە (زوڕنای هەمبانە)ی دەژەند.»

مامۆستا باکووری لە لاپەڕە (٥١ - ٥٢)دا باسی چایخانەکەی (سەعدی ئاغا) بەم شێوەیە دەکات: «بە هاوینان گوێمان لە قەوانەکانی گرامافۆنی چایخانەی (سەعدی ئاغا) دەگرت، کە لە دامێن تەلاری (قشڵەی کۆیە) دانرابوو، دیوارێکی بەبەرد و قوڕ و سەریشی بە (کەپر)دروست کرابوو، ئێواران پڕدەبوو لە خەڵک شوێنێکی فێنک بوو گوڵیان لێ دەچاندو دەیان ڕشاند».

دیسان لە لاپەڕە (٢٥٢)ی ئەو کتێبەدا هاتووە «کاتی خۆی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهاندا (ئاسوورییەکان) بە یارمەتی ئینگلیز بۆ عێراق هێنران و ماوەیەک لە نزیک شاری (باقوبە) خێوەتگەیەکیان بۆ دامەزراندن و لەوێ نیشتەجێ کران، لە پاشان حکومەتی عێراق دامەزراو مەلیک (فەیسەل)ی یەکەم هەڵبژێردرا بە مەلیکی عێراق، لەگەڵ حکوومەتەکەی ڕێک کەوتن کە ئاسوورییەکان لە کوردستان، لە هەندێ گوند و شارۆچکەدا، جێگەیان بۆ بکرێتەوە».

ئەوەی مامۆستا باکووری باسی دەکات، ئەوە نییە کە من زووتر تێی گەیشتبووم، من وام دەزانی ئاسوورییەکان لە ئەسڵدا خەڵکی ڕەسەنی کوردستانن ، بەڵام بە پێی قسەکانی مامۆستا باکووری بۆم دەرکەوت کە ئاسوورییەکان لە دوای دامەزراندنی (دەوڵەتی عیراق)، لە کوردستاندا نیشتەجێ کراون! دیارە وەک لە لاپەڕە (٣٠٨)ی ئەو کتێبەشدا، مامۆستا باکووری باسی لێوەدەکات و دەڵێت: «گەڕەکی (جیلوایی) لە شاری (کەرکووک) زۆربەی دانیشتوانی (ئاسوورین) ئەوانەیش هەر بە ئەسڵ هی گوندی جیلوایی کوردستانی باکوورن و لە شەڕی یەکەمی جیهاندا، دوای قەتل وعامی (ئەرمەن) و (ئاسووری) بەدەستی تورکەکان، ئاسوورییەکان هەڵاتوون و ساڵی (١٩٢٠) لە شاری (کەرکووک) نیشتەجێ کراون!»

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (٢٠/١٠/٢٠٠٦) جارێکی دی بە مەبەستی ساغ کردنەوەی هەندێ مەسەلەی تایبەت بە هونەری گۆرانی و موزیکی شاری کۆیە بۆ ماڵی مامۆستای بەڕێز باکووری چووم و لەوەوە زانیم کە: مامۆستا (شەفیق سابیر) عوودژەن نەبووە، بەڵام حەزی کردووە فێری ژەنینی ئەو ئامێرە ببێت، کەچی مامۆستا (جەلال حەوێز) ئەو کاتە عوودژەنێکی زۆرباش بووە، مامۆستا باکووری گوتی: من ئاوازی ئەو سروودانەی مامۆستا جەلال حەوێز فێری دەکردین، لە دەنگی ئامێری عوودەوە، وەرم دەگرتن نەک دەنگی خۆی، دەنگی خۆیم بیر نەماوە. دیسان مامۆستا باکووری بۆی گێڕامەوەو گوتی: جارێکیان (کەمالی ئامۆزات) کە هاوپۆلم بوو بۆی باس کردم و گوتی: ئەم شەو تا بەیانی نەخەوتووین و کەسێکمان میوان بوو، هەردوو چاوی کوێربوو، بەڵام عوودی دەژەند و گۆرانی زۆرخۆشی بۆمان دەگوت، باکووری گوتی: کاتێک بۆ بەغدا چووم، بۆ گۆرانی تۆمارکردن ئینجا زانیم ئەو میوانەی ماڵی مامت (حەسەنێ جزیری)بووە! مخابن کەمالی ئامۆزام نەماوە تا لێی بپرسم گۆرانیبێژ (حەسەنێ جزیری) کەی و چۆن و بە چی شێوەیەک هاتۆتە ماڵی ئێمە لە کۆیە! (وریا)

مامۆستا باکووری لە بەشی سێیەمی کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان)دا، بەدرێژی لەسەر بیرەوەری خۆی و دەنگخۆشی ناوداری کۆیە (حەمەدەمینی عەباسی)، نووسیوەو من لێرانەدا ئەوەندەی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە لەبارە دەیخەمە ڕوو.

## حەمەدەمینی عەباسی کۆیی
## (١٩٢٦ - ١٩٩٦)

(مامۆستا باکووری) دەنووسێ: دوا دوای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمم زۆر چاک و ڕوون دێتەوە بیر، ئیتر لەوساوە دوای تەمەنی منداڵی و لە گەنجێتیمدا، زیاتر ناوی حەمەدەمین عەباسم دەبیست و لە چایخانەدا، لەگەڵ هەڤاڵانی خۆیدا دەمبینی، باوکی ئەو پیاوە پیشەی (لبادچی)بوو، هێشتا ئەوکات لەکۆیە، (ڕادیۆ) زۆر بڵاو نەببووەوە، تەنیا ماڵە دەوڵەمەندو ئاغاکان هەیانبوو، لەبەرئەوەی هێشتا ئێزگەی کوردی

(بەغدا) دانەمەزرابوو، بۆیە گۆرانییێژە گەنجەکان لەو سالانەدا هەر گۆرانی و بەستەومەقامە فۆلکلۆرییە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەیان دەگۆتەوە، ئەوانەش لە پیاوە بە تەمەنەکانی وەک: (سێوە و ئەحمەدی حەمە مەلا)و هونەرمەندانی تر فێریان ببوون! لە گۆرانییەکانی ئەو سەردەمەی کۆیە کە بیرم ماون: (ئامینێم تاقانەی دایە، هەی کولەندە کولەندە، یارم ڕەشپۆشە بە پێچەوعەبا، لیمۆ هەی لیمۆ، شلەوخانان، وەی وەی بارانە، ئای لەڕێی کاریزە.) هەروەها بەستەی شایی وەک: (گەردوون من چی بکەم)، هەروەها لە مەقامەکانی ئەوکاتە لە کۆیە دەگوتران: (زولف و ئەگریجەی یار چەندە تەبایە وێنەی جەمالی یار لە دلی من دایە.) کە هۆنراوەی شاعیری جوانەمەرگی کۆیی (دلدار)ە، هەروەها هۆنراوە ناودارەکەی (دلزار) کە دەلێت:

**وەرە قوربان ئارامی دلان**

**دەوەرە نازدار وەرە قوربان**

گۆرانی: **چیبکەم جەرگم سووتاوە.**

لێرانەدا هەندێ هۆنراوە دەخەمە ڕوو کە ئەو کاتە (لە سییەکاندا) لە شاری کۆیە بە بەستە، یان مەقام گوتراون: بۆ نموونە ئەو هۆنراوەیەی (وەفایی) کە بە مەقامی (چارگا) دەگۆترێت:

**لە باغان ئاهو نالین دێ**

**دەلێن شای نێوگولان ڕۆیی**

لەگەڵ بەستەکەی:

**لەبەرنازی چاوبازان خواردن وخەوم خوێناوە.**

دیسان شیعرێکی (ئەدەب):

**بە بالا بلند و بەقەد شووش و باریک**

**جەمالی ڕووناکی شەوی هەوری تاریک**

یان قەسیدە ناسکەکەی (پیرەمێرد):

**گلەیی لە کەس ناکەم بۆ بەختی خۆم ئەگریەم**

هەروەها شیعرەکانی (سافی هیرانی)وەک:

**بە قامەت خەرامان بە ڕوو ماهی تابان.**

ئەمانەو شیعرگەلێکی دی کە لە نێوان (١٩٣٦ - ١٩٤٠) لە کۆیە باوبوون.

ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەمان (حەمەدەمین عەباس پیرۆت)ە، سالی (١٩٢٦) لە کۆیە لەدایک بووە، دوای ئەوەی دوو سال لە مەکتەب خوێندوویەتی، ئیدی مەکتەبی بە یەکجارەکی بەجێ هێشتووە، بەلام دوای ئەوە خووی داوەتە فێربوون و گۆتنی (ستایشی ئایینی و مەولوود) خوێندنەوە، دواتر چۆتە مەولووداون و فێری (دەف) ژەنینیش بووە، هەر ئەو کاتە ئاشنایی لەگەل مەقام خوێنانی شارەکە پەیداکردووە و لەگەلیاندا بۆ ناو باخ و ڕەزەکانی کۆیە چووە، هەروەها لە مەجلیسی گۆتن و لە (مەولوود)اندا، پێکەوە گۆرانی و مەقامیان گۆتووە، سالی (١٩٧٠) مالی هێناوەتە (هەولێر). لە ژیانیدا جگە لە کاری (لبادچی)یەتی کە پیشەی باوک و باپیرانی بووە، ماوەیەکی دوور و درێژیش چایخانەی کردۆتەوە و دواتر لە هەولێر لەگەل چەند هاوڕێی تەمەنیدا، بووە بە خاوەن (ئوتێل - مێرگەسوور) تا دواجار هەر لە هەولێر ڕۆژی (١٠/٩/١٩٩٦) کۆچی دوایی دەکات و تەرمی پیرۆزی دەبرێتەوە بۆ کۆیە و لەوێ بە خاک دەسپێردرێت.

# پێگەی ژان ژینییە لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا

(٢ - ٢)

### شانۆ و سەرەتایەکی بەهێز

شانۆنامەکانی ژان ژینییە زەمینە و بنەمایەکی بەهێزی ئەزموونگەری، درامایەکی گرۆتێسک و توندوتیژ لەخۆدەگرێت. ڕووداوەکانی بە چەشنی شانۆیەکی ئەپسوردیزم و مۆدێرن، کەشێکی ڕیتواڵئامێزی ئەفسوونی پێکدەهێنێ. زمانەکەی هەروەک زمانی ڕۆمانەکانی تێکەڵێکی سەیرە لە زمانێکی بازاڕی، میللی، لیریکی و شیعرێکی بەرز. بەرانبەر بەم زمانە تێکەڵاوە، ڕووداوەکان، ئەتمۆسفێر و ستراکتۆرێکی توندوتیژ، لەهەمان کاتدا نەرمونیان لەخۆ دەگرێت. ژان ژینییە تەنیا پێنج شانۆنامەی نووسیون: پاسەوانی مەرگ ١٩٤٩، کارەکەرەکان ١٩٥٤، بانیژە ١٩٥٦، ڕەشپێستەکان ١٩٦٠ و دوا شانۆنامەشی پەردەکان کە لە ساڵی ١٩٦١ دا نووسیویەتی. هیچ کام لە شانۆنامەکانی ژان ژینییە لەسەر شانۆ سەرکەوتوو نابێت ئەگەر هاتوو لە قاڵبێکی واقیعییانە و تەقلیدیدا نمایش بکرێت: شانۆی ناو شانۆ، گەمەی شانۆ، گەمەی نێوان گەمە و ڕیتواڵێکی تەلیسماوی ستراکتۆری شانۆنامەکانی پێکدەهێنێ. کارەکتەرەکان کەسایەتی نین بە مانا تەقلیدییەکەی لە شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا، بەڵکو ڕۆڵی کەسایەتییەکان دەگێڕن، بە بەرچاوی بینەرانەوە و لە گەمەیەکی ئاهەنگئامێزیدا دەچنە ڕۆڵەکانیانەوە، دێنە دەرەوە و ئاهەنگی شانۆ دەگێڕن. ئەم پرۆسەیەش چەمکێکی گرنگ و تەکنیکێکی باڵای ئەم شانۆیەیە و هەندێک جار لە برێخت نزیک دەبێتەوە. ژان ژینییە بە شانۆنامەکانی

**دانا ڕەووف**
**(سوێد)**

ڕۆحێکی نوێ و فۆرمێکی جیاواز و زمانێکی مەجازی تری بەخشی بە هونەری شانۆ. شانۆنامەکانی ژان ژینییە لە دەرەوەی سنوورەکانی شانۆی ئەبسوردی ئەورووپیدا گەشە دەکات، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان توخمەکانی شانۆی ئەبسورد لەخۆدەگرێت. سایکۆلۆژیایەکی ڕاستەقینە لە جەستەیەکی ئەبسورد و فۆرمێکی بەرزی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت.

(پاسەوانی مەرگ) باسی چوار بەندی یەکێک لە بەندیخانەکانی فەڕەنسا دەکات. ئەم تاوانبارانە یەکێکیان لەسەر شانۆ نابینرێ، بەڵام بوونێکی بەهێزی هەیە. سێ کارەکتەرەکەی تر باسی دەکەن، سڵی لێدەکەنەوە، لێیدەترسن و هەر وەک خواوەند دەیپەرستن. ئەم بەندانە بۆ ئەوەی کات بەرنە سەر، گەمەی دەسەڵات، گەمەی پیاو کوشتن و گەمەی یەکتر هەڵخەڵەتاندن دەکەن و ئازاری یەکتر دەدەن. خودی پیەسەکە وەک ڕیتواڵێکی نێو خەونەکان نووسراوە. واقیع لەسەر ئاستێکی جیاواز تێکەڵاوی خەون و ڕیتواڵێکی توندوتیژ دەکات. ژان ژینییە خۆی لە ساڵی ١٩٤٩ دا ئەم شانۆنامەیەی بۆ یەکێک لە شانۆکانی فەڕەنسا پێشکەش کردووە. ژان ژینییە دوای پاسەوانی مەرگ شانۆنامەی (کارەکەرەکان) دەنووسێ. لەم شانۆنامەیەیدا پەردە لەڕووی بۆرژوازییەت و ڕیتواڵی گەمەیەکی دڵتەزێنی دەسەڵات هەڵدەماڵێ. مرۆڤ و دەسەڵات لە ڕوانگەی گەمەیەکی سادی و ماسۆشییەوە کۆدەکاتەوە و بە ڕووتی ڕووبەڕووی خودی خۆمانمان دەکاتەوە، بەڵام لە شانۆنامەی بانیژەدا شوێن و تەکنیکێکی تر بەکاردەهێنێ: بانیژە لە کۆمەڵە دیمەنێکدا باسی تیاترۆخانە Bordellێک دەکات. کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی بەهێز و لە کەشێکی ڕیتواڵی و خەونئامێزدا دەسووڕێنەوە. خاتوو (ئیرما) کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکە، بینەران دەدوێنێ و دەیانکاتە میوانی تیاترۆخانەکەی. ئەو ژوورەی کە ڕووداوەکانی تێدا پێشکەش دەکرێت، لەبەرئەنجامدا لە خەیاڵێکی ئاڵۆز بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە. کارەکتەرەکان بەهۆی فانتازیایەکی ئاراستەکراوەوە گەمەی دەسەڵات دەکەن. ئەو دەسەڵاتەی کە لە بەرئەنجامی شۆڕشەکاندا بەتەواوەتی لەدەستیان داوە. بۆ یەکەم جار شانۆنامەی بانیژە لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە لەندەن نمایش دەکرێت. نمایشەکە دەبێتە کارەساتێکی هونەری، بەڵام دواتر پیتەر برووک لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە پاریس نمایشی دەکات، بێگومان نمایشەکەی پیتەر برووک سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و ژان ژینییەش وەک شانۆنامەنووسێکی گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت. هەرچەندە ڕەخنەگرەکان نمایشەکەی پیتەر برووک زۆر بەرز ڕادەگرن و وەک پرۆژەیەکی سەرکەوتووی ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام ژان ژینییە بەوپەڕی بێزارییەوە پیتەر برووک بەوە تاوانبار دەکات کە لە شانۆنامەکەی حاڵی نەبووە!

بەڵام شانۆنامەی (ڕەشپێستەکان) وەک ئاهەنگێکی شانۆیی، لە هەموو بەرهەمەکانی تری ژان ژینییە سەرکەوتووترە و زۆربەی ڕەخنەگرە شانۆییەکان بە ترۆپکی داهێنانی ئەم نووسەرە ئاماژەی بۆ دەکەن. ڕەشپێستەکان باسی گەمەی دادگایەک دەکات. ئەکتەری ڕەشپێست لەسەر شانۆ نمایش بۆ کۆمەڵێک بینەری ڕەشپێستی تر دەکات، وەک گەمەیەکی شانۆی ناو شانۆ، بەڵام بینەرە ڕەشپێستەکان بە دەمامکی سپییەوە دادەنیشن. بینەران گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەبنە ئەکتەر، بەتایبەتیش کە دەبنە شاهیدی کوشتنی ئافرەتێکی سپی بەدەستی پیاوێکی ڕەش بە شێوازێکی ڕیتواڵی. ڕەشپێستەکان دەیانەوێت بەهۆی ئەم نمایشەوە بینەرە سپی پێستە ڕاستەقینەکان چەواشە بکەن لە ڕاستی ئەو شۆڕشە ڕاستەقینەیەی کە لە دەرەوەی شانۆکەدا ڕوودەدات.

ژان ژینییە گەرەکیەتی لێرەدا و لە ڕێگای ئاهەنگێکی شانۆییەوە ئەوە پیشان بدات کە بینەری ڕاستەقینە دەبێتە تەماشاکەر و ئەکتەر، ئەوەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە: ئەو سپی پێستانەی ئەوان دەیانبینن تەنیا نموونەیەکی ئەو سپی پێستانەن کە ڕەشەکان دەیانبینن. ئەو ڕەش پێستانەشی کە ئەوان دەیانبینن لە نموونەیەکی ئەو ڕەشپێستانە زیاتر نین کە سپی پێستەکان دەیانبینن.

ژان ژینییە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە شانۆنامەی ڕەشپێستەکان دەبێت بۆ بینەرانی سپی پێست نمایش بکرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بینەران خەڵکی ڕەش پێست بوون، ئەوە دەبێت لەکاتی هاتنە ژوورەوەیاندا دەمامکی سپییان بەسەردا دابەش بکرێت.

ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠ دا و لە ڕیژی ڕۆجیە بلان لە پاریس پێشکەش دەکرێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٦١ یشدا و بە زمانی ئینگلیزی لەسەر شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە لەندەن پێشکەش دەکرێت.

(پەردەکان)یش تەقەلایەکی زۆر گەورەی شانۆیی ژان ژینییەیە. ژان ژینییە لەم شانۆنامە زۆر بەربلاوەدا و لە ڕوانگەی حەفتا دیمەنەوە باسی داگیرکردنی وڵاتی جەزائیر دەکات. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە پەردەکان چارەسەرێکی درامی، یان خستنە ڕوویەکی ڕاستەوخۆی درامی ژیانی پڕ لە ئازاری خەڵکی جەزائیرە لەژێر دەستی سوپا و هێزی سەربازی فەڕەنسادا.

ناونیشانی شانۆنامەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەچەند دیمەنێکی ئێجگار زۆر پێک هاتووە. هەندێ جار ئەکتەرەکان لەبەرچاوی بینەران دیمەنەکان ئامادە دەکەن، پانتایی شانۆکە بەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا دابەش دەکەن و بەبێ دەنگ دەجووڵێنەوە. ژان ژینییە زۆر بە وردی ڕۆڵی کارەکتەر و کەسایەتییەکانی هەڵبژاردوون و هەر ئەکتەرێکیش لەبری ڕۆڵێک چەندین ڕۆڵی جیاواز دەبینن. بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕۆڵانەش، دەمامک و ئارایشتێکی زۆر چڕ و تۆخ بەکاردێنن. هەروەها ئەکتەرەکان و لەبری مۆسیقا، هەموو جۆرە دەنگەکان، دەنگی ئاژەڵ، تەقینەوە، برووسکە و باو بۆران بەکاردەهێنن. شانۆنامەکە نزیکەی سەد کارەکتەر لەخۆدەگرێت، ئەمەش یەکێکە لەو شانۆنامانەی لە مێژووی شانۆی جیهانیدا هێندە کارەکتەر و کەسایەتی زۆر لەخۆبگرێت.

ئەم شانۆنامەیە لەبەر ئەوەی هێرشێکی توندوتیژی دەسەڵاتی سەربازی و کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسایە، بەهیچ شێوەیەک ڕێگای پێنادرێت کە لە پاریس، یان شارەکانی تری فەڕەنسا نمایش بکرێت. پەردەکان لە سەرەتادا لە بەرلینی خۆرئاوا و لە ساڵی ١٩٦١ دا نمایش دەکرێت، بۆ یەکەم جاریش لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٩٦٦ دا نمایش دەکرێت.

## ئارتۆ و ژان ژینییە

ئارتۆ دەروازەیەکی نوێی بەڕووی شانۆی ئەوروپیدا کردۆتەوە، دید و بۆچوونەکانی کاریگەرییەکی قووڵیان لە جەستەی شانۆ سایکۆلۆژی و باوەکانی ڕۆژئاوادا جێ هێشتووە. هەرچەندە ئارتۆ خۆی نەیتوانیوە بۆچوونەکانی خۆی لەبواری شانۆ و پراکتیکدا بەرجەستە بکات، بەڵام ئەو بۆچوونانە بوونە سەرچاوەیەکی گەورەی سوود لێوەرگرتن و نوێبوونەوەی شانۆ، شانۆ وەک پیەسی شانۆیی و شانۆ وەک تەکنیک و شانۆ وەک دید ڕێژی.

شانۆی ئەوروپی بەتایبەتی لە شەستەکاندا، لەژێر کاریگەرییەکانی ئەنتۆنین ئارتۆدا سەرلەنوێ بنیاد دەنرێتەوە. لەسەر ئاستێکی گەورە و بەربلاو هەموو گرووپە شانۆییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرە شانۆییەکانی ئارتۆ و بڕێشتەوە.

لە شەستەکاندا پیتەر برووک لابورێکی یەک ساڵی دەکاتەوە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تیۆرە توندوتیژەکەی شانۆی ئەنتۆنین ئارتۆ. پیتەر برووک لە کتێبەکەشیدا (پانتایی بۆش) ڕووبەرێکی فراوان بۆ ئارتۆ تەرخان دەکات و زۆر بە وردی باسی بەها و گرنگی میتۆدەکانی دەکات. جگە لە پیتەر برووک، گرۆتۆفسکی و زۆربەی ڕیژیسۆرە گەورەکانی تری شانۆی هاوچەرخی جیهانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ سوودیان لە ئارتۆ وەرگرتووە.

زۆر لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە شانۆییەکانیش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ژان ژینییە کوڕێکی شەرعی و بەردەوامییەکی بەهێزی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژە. بۆ نموونە بۆچوونەکانی ئارتۆ سەبارەت بە گونجاندن و بەرجەستەکردنی خەون لەسەر شانۆ بەشێوە ڕاستەوخۆ و بەهێزەکەی وەک وێنەیەکی ژیان، لە شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا خۆی دەبینێتەوە. ژان ژینییە هەر وەک ئارتۆ، جیهانی ڕاستی دەبەستێتەوە بە جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەوە، لەهەمان کاتدا واقیع دەشارێتەوە و سەرلەنوێ لە بەرگێکی تردا، لە خەونەکانماندا دەیدۆزێتەوە. ژان ژینییە شانۆیەکی سیمیائی، سەرەتایی و قوتار بوو دەخوڵقێنێ، زۆربەی دید و بۆچوونەکانی ئارتۆ لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. شانۆیەکی ڕۆژهەڵاتی، میتافیزیکی، وەک هاوکێشەیەکی هاوچەرخی ناو نهێنی دیانەتە کۆنەکان دەستەبەر دەکات. شانۆی ژان ژینییە پرۆژەیەکە لە جیهانی ناوەوە، لە خەون و ئەفسانە پێک هاتووە و زمانیش هەروەک خەون و ڕیتواڵەکان ئامرازێکی تەلیسماوییە.

شانۆنامەکانی ژان ژینییە زەمینەیەکی لەباری پراکتیزەکردنی خەونەکانی ئارتۆیە: شێوازی خەونە سەربەستەکان دەبەخشێتە شانۆنامەکانی و بنەمایەکی ئاشکرای ڕیتواڵییان پێدەبەخشێت.

ژان ژینییە بە بەرز ڕاگرتنی تاوان، دڕندەیی و شەهوانییەت، دەیەوێت هەموو هەستە توندوتیژەکانی

دەروونی خۆی و بینەرانیش پاک بکاتەوە. هەرچەندە ژان ژینییە زۆر نزیکە لە ئارتۆوە، بەڵام هەندێ لە ڕەخنەگرە شانۆیی و لێکۆڵەرەوەکانی بواری زانستی شانۆ دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ژان ژینییە زیاتر نزیکە لە بیراندیللۆی ئیتالییەوە وەک لە ئارتۆی فەڕەنسی، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە ژان ژینییە فۆرم و شێوازێکی گەمەئامێزی شانۆیی بەکاردەهێنێ، نزیکە لە چەمکەکانی شانۆی بیراندیللۆوە. بێگومان ئەم بۆچوونانەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر شانۆکارە گەورەکانی جیهانەوە هەبووە، بۆ نموونە پیتەر برووک وەک لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠ دا مەشقی ڕاگوزارییەکی فراوان بەکاردەهێنێ، وەک بەشێک لە تەکنیکی پرۆڤەکانی شانۆنامەی (بانیژە) لە پاریس. هەروەها پیتەر برووک لە ساڵی ١٩٦٤ دا دەگەڕێتەوە سەر ژان ژینییە و دوازدە دیمەنی شانۆنامەی (پەردەکان) بەکاردەهێنێ بۆ پراکتیزە کردنی ئەزموونەکانی شانۆی توندوتیژ. جگە لە پیتەر بروک زۆر ڕێژبسۆر و شانۆ گەورەکانی تری جیهان پەنایان بردووە بۆ شانۆنامەکانی ژان ژینییە، هەر بۆ نموونە ژۆلیان بێک و شانۆی زیندووی ئەمەریکی. ژۆلیان بێک شانۆنامەی کارەکەرەکان بەکاردەهێنێ، وەک گەڕانێک بەدوای میتۆد و شێوازێکی تایبەتی شانۆی توندوتیژ. هەرچەندە شانۆنامەکانی ژان ژینییە دەبێتە پلاتفۆرمێکی گرنگی فۆرم و شێوازی کار و پرۆژەی ڕێژبسۆرە گەورەکانی جیهان، بەڵام ژان ژینییە هەمیشە بەتوندی نارەزایی بەرانبەر ئەم ڕێژبسۆرانە دەربڕیوە و شەڕی ئەوەی لەگەڵ کردوون کە شانۆنامەکانی دەشێوێنن.

## گەڕانەوە بۆ ڕیتواڵەکان

ڕیت، یان ڕیتواڵ جۆرە ئاهەنگێکی تەرتیلە ئاسای پیرۆزە، گوزارشتێکی ڕێکوپێکی دابونەریتی ئایینی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە. ئەم ڕیتواڵە ئایینییانەش ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە زۆر کۆنەکان و تا ئێستاش لەنێو هۆز و قەبیلە سەرەتاییە دوورە دەستەکانی ئەفەریقا، هیندییە سوورەکان، هۆزەکانی مەکسیک و ئەمازۆنەکان، دوورگەکانی بالی لە ئیندونووسیا و زۆر شوێنی تر پەیڕەوی دەکرێت. لە پەنجا و شەستەکانی هەزارەی ڕابردووشدا زۆر گرووپی نوێخوازی شانۆیی سوودیان لەو ڕیتواڵە کۆنانە وەرگرتووە و لە نمایشەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. گرووپە ئەزموونکارەکان، ڕێژبسۆرە بە ئەزموونەکان و بەشێکی زۆری تەوژمی شانۆی هاوچەرخی جیهانی دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی ئەو ڕیتواڵە سەرەتاییانە. ئەم ڕیتواڵانە لە سەرەتادا زیاتر وەک تەکنیک و دیدی ڕێژبسۆرەکان لە نمایشەکاندا بەکاردەهێنران، دواتر شانۆنامەنووسەکانیش وەک ئامرازێکی نوێ و چارەسەرکردنێکی جیاواز جۆرە ڕیتواڵ و تەکنیکێکی تر و ناتەبایان بەکارهێناوە. ئەکتەر لە دراما و شانۆنامە ڕیتواڵییەکاندا، لە ناوەند و چەقی ڕووداوەکاندایە، ئەکتەر دەبێتە گرنگترین ئامرازەکانی نمایشەکە، تەنانەت دەکرێت بڵێین کە ناوەرۆکیش دەچێتە پەراوێزی کاریگەری و بوون و ئامادەیی بەهێزی ئەکتەرەوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و شێوازی ڕیتواڵە شانۆییەکە، هەر ئەو ڕیتواڵە شانۆییەشە کە ئەتمۆسفیرێکی جیاوازی ئاهەنگئامێز بۆ بینەرانیش دەڕەخسێنێ تا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەخودی نمایشەکەوە هەبێت.

لەڕێگای گەڕانەوە و بەکارهێنانی ڕیتواڵەوە هەموو هێماکانی ناو شانۆنامەکە دەچێتە سەرەوەی ڕواڵەتە سروشتییەکان و مانا مەجازییەکانی ڕووداوەکانی سەر شانۆکەش زۆر زوو ئاشکرا دەبن. بەمەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی تەختەی شانۆ، یان پانتایی نمایشەکە بە بینەرانەوە سەقامگیر دەبێت. بەم شێوەیەش سەرلەنوێ ڕووداوەکان لەسەر شانۆ، بەشێوەیەکی تر جۆرە نهێنییەکی شاراوە لەخۆدەگرێت. ئەو ڕووداوانە و لەو فۆرمە شاراوەیەدا، ڕێسایەکی واقیعی جیاوازتر دەستەبەر دەکات، بێگومان ئەمەش تەنیا لە ڕوانگەی خودی بەشداریکردنی ڕیتواڵەکەوە، وەک یەکەیەکی هونەری، بەرجەستە دەبێت. هەر لەم دەروازەیەشەوە، چەمکی ڕیتواڵ لە شێواز و دیدی شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا مەودایەکی فراوانی فەلسەفی، ئاکاری و هونەری لەخۆدەگرێت. ژان ژینییە دەڵێت دەبوایە هۆڵی شانۆکان لە گۆڕستانەکانی شارەکاندا دروست بکرانایە. سەرقەبرانەکان باشترین شوێنن کە دووربکەوینەوە لەشوێنە گشتی، مێژوویی و ژیانە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکەی ژیانی ڕۆژانەوە. هەر لەم شوێنەدا دەکرێت شانۆنامەکان ئازاد بکرێت لە هەموو جۆرە پێداگۆگییەک، تا لەبری ئەوە نمایشەکان بگەنە ئاستێکی قورسی تەلیسماوی. هەموو شانۆنامەیەک

دەبوایە تەنیا یەک جار پیشان بدرێت، تا نمایشەکە هەمان تایبەتمەندی ڕیتواڵێکی بەخاکسپاردن لەخۆبگرێت، ئەمەش وا دەکات ئەو شوێنە ببێتە ڕووداوێکی شیعری وەها کە تیپە شانۆییەکە بوێرێت و بتوانێت ڕووبەڕووی دەسەڵاتی بەهێزی زمان ببێتەوە و ئەو وشانە بەکاربهێنن کە ژیانی مردووەکان و مردن خۆشی هەڵلووشێ.

ژان ژینییە ڕیتواڵەکانی لە بنەما قووڵ و دێرینە کولتووری و ئایینییەکانەوە ناهێنێ، بەڵکو ئەو خۆی جۆرە ڕیتواڵێکی تایبەتمەند، شانۆیەکی ئاهەنگئامێزی مەودا فراوان دروست دەکات، ئاهەنگ و ڕیتواڵەکانی ژان ژینییە لە دەروازەی هێرشکردنە سەر بنەما باوە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکار و سیاسەتی کۆمەڵگای نوێ سەرچاوەی گرتووە. شێواز و بنەماکانی ڕیتواڵ لای ژان ژینییە لەسەر بە نزم سەیرکردن و ڕقێکی ئەستوور، دژی کۆمەڵگای مۆدێرنی فەرەنسی و ئەورووپییەوە بنیاد نراوە. ئەم نووسەرە لەنێوەندی دراما ڕیتواڵییەکانەوە، جۆرە شانۆیەکی پڕ لە گۆڕانکاریشی خوڵقاندووە، گۆڕانکاری لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، هیچ شتێک وەکو خۆی نییە، هەموو شتێک وەک گەمە، ئاهەنگ و ڕیتواڵێکی بەهێز، بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری بەردەوامدا تێدەپەڕێت.

## کارەکەرەکان
## گرفتی تەڵەزگە چینایەتییەکان

کۆمەڵێ هۆکاری چینایەتی، دەروونی و کۆمەڵایەتی وا لە ژان ژینییە دەکەن کە ئاوڕێکی قووڵ لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە بداتەوە و بیکاتە ڕووداوێکی ڕاستەوخۆی یەکەم شانۆنامە ڕیتواڵییەکانی. بەرلەوەی بچینە سەر خودی شانۆنامەکە و شیکردنەوەی ڕووداوەکانی، بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە خودی ئەو هۆکار و کارەساتە بدەم کە وایان لە ژان ژینییە کردووە شانۆنامەکەی بنووسێ.

لە ساڵی ١٩٣٣ ی سەدەی ڕابردوودا، ڕووداوێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی ترسناک تێکڕای کۆمەڵگای فەرەنسی بە گشتی و پاریس بەتایبەتی دەشڵەژێنێت. زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکان باسی تاوانێکی توندوتیژ و دڕندەیی دوو خوشکی چینێکی نزمی کۆمەڵ دەکەن. ئەم دوو خوشکە تاوانبارن و هەموو کۆمەڵگای فەرەنسی نەفرەتیان لێدەکەن و داوای فەرمانی لەسێدارەدان و توندترین سزای بەندیخانەیان بۆ دەکەن. ئەم دوو خوشکە بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکان، کارەکەری ماڵێکی دەوڵەمەند و خانەوادەیەکی میهرەبان و دیارن.

لەپڕ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دوو خوشکە کارەکەرە، خانم و کچەکەی دەفڕێننە نێو دارستانێکی چڕی دەرەوەی شاری پاریس. لەو دارستانەدا زۆر بێ بەزەییانە و بە دڵێکی ساردەوە خانم و کچەکەی دەکوژن، دواتر جەستەیان پارچە پارچە دەکەن و لێرە و لەوێ لە دارستانەکەدا دەیانشارنەوە.

ئەم ڕووداوە کۆمەڵێ پرسیار لەگەڵ خۆیدا دەورووژێنێ و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای فەرەنسی بەدوای پرسیارە بێ وەڵامەکاندا دەگەڕێن. لەو پرسیارانەش: کەی و بۆچی مرۆڤ تاوانێکی وا گەورە و دڵڕەقانە دەکات؟ دەکرێت بڵێین کە ئەو خانمە بەشێوەیەکی دڵڕەقانە و خۆ بەگەورەزان مامەڵەی لەگەڵ ئەو دوو خوشکە کارەکەرەدا کردووە، یان ئەو دوو خوشکە بەم کارەیان جۆرە شۆڕشێکیان بەرپا کردووە و بەم شێوەیەش کۆتاییان هێناوە بە جیهانێکی ناڕەوا و دژوار. بەڵام دەروونناسەکان زیاتر تاوانەکەیان بۆ حاڵەتێکی دەروونی و تەوژمێکی شێتی و لەدەستدانی لۆژیکی ئەقڵ لەلای ئەو دوو خوشکە گەڕاندۆتەوە. هەروەها ئەم ڕووداوە کۆمەڵێ تێڕامانی فەلسەفیش لەلای چینێکی تری کۆمەڵگای فەرەنسی دەورووژێنێ، بۆ نموونە چۆن هەوڵەکان لەپێناوی گۆڕانکارییەکاندا کۆتاییان پێدێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر ئەو پرسیارە فەلسەفییانە بەرەنگاری ڕووداوێکی دڕندەئاسای لەو شێوەیە دەبنەوە و بەهیچ شێوەیەک نایانەوێت پاساو بۆ تاوانێکی ئاوها گەورە بهێننەوە. ژان ژینییە ئەم کارەساتە زۆر سەرقاڵی دەکات، کاری تێدەکات و بەتەواوەتی دەیورووژێنێت، تا لە ئەنجامدا ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیە دەکاتە بابەتی یەکەم شانۆنامەی. ژان ژینییە هەوڵ دەدات لە شانۆنامەکەیدا هێز و وزەی نێوان سێ کەسی سەر بەچینی جیاوازی کۆمەڵگای فەرەنسی بەرجەستە بکات. دەسەڵات بکاتە دینامیکییەتی پێوەندییەکان و لەم نێوەندەشدا گەمە ببێتە ئامرازێکی گرنگی گەیاندن و بەرجەستەکردنی حاڵەت و هێما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.

ژان ژینییە لە شانۆنامەکەیدا دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە ئێمەی مرۆڤ دەکرێت ببینە بوونەوەری دڵڕەق و قێزەون، بۆ نموونە مرۆڤ هەندێک جار لەپێناوی گۆڕانکارییەکاندا ببێتە، یان پەنا بەرێتە بەر ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی سەرسوڕهێنەر.

ئەمڕۆ مەسەلە چینایەتییەکان، بەتایبەتی لە ئەورووپا، هەمان بەها و کاریگەری سییەکانی سەدەی ڕابردووی نییە، بەڵام (کارەکەرەکان) بەهەمان شێوەی سالانی سی کاریگەری و هێزی خۆی لەدەست نەداوە، ئەمەش بەڕای من زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانە ئەبسوردە ڕیتواڵییەی کە ستراکتۆری پیەسەکە پێک دەهێنێت و ئاماژەی ڕووداوەکان دەکات. ئەو ڕووداوانەی کە دێنە ژیانمانەوە و ناتوانین پێشیان لێ بگرین، ئەو ڕووداوانەی کە لەپڕ هەموو شتە جوانەکان دەشێوێنن و بەرەو بارە ناشیرین و قێزەونەکانیان دەبەن. لە خانوویەکی جوان و نازداردا، خانمەکە تەنیا خاوەنی ئاوێنە، جلوبەرگ، دۆلاب و کەلوپەلەکانی تری نێو ماڵەکە نییە، بەڵکو خاوەنی کارەکەرەکانیشە. ئەوەی لەم شانۆنامەیەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە خانمەکە لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە جیاوازی چینایەتیدا گەورە بووە، هەموو مامەڵەکانیشی لەم ڕووەوە بە شتێکی سروشتی ناوەزەد دەکرێت، بەڵام دوو خوشکە کارەکەرەکە لەنێوان خۆیاندا، کەسەر بە چینە نزمەکەی کۆمەڵگان، لە کێشەی ئەوەدان کە کامیان لەوی تریان بەهێزترە. ئەمەش هاوکێشەیەکی گرنگی شانۆنامەکەیە و بەشێوازێکی زیاتر کاریگەر پاڵ بە ڕووداوەکانەوە دەنێت، بەشێوەیەکی بەهێزتر "کارەکەرەکان" ڕووبەڕووی خۆیان و ڕووبەڕووی "خانمەکە" دەکاتەوە. چەمکەکانی دەسەڵات لە دوو مەداری جیاواز و دژ بە یەکتردا دەسووڕێنەوە: یەکەم، دەسەڵاتی خانم بەرانبەر کارەکەرەکان، دووەمیش گەمەی دەسەڵاتی نێوان دوو خوشکە کارەکەرەکە. ئەوان گەمەی بەهێز و بێ هێز، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات دەکەن و لە کێشەیەکی بەردەوامدان.

## کارەکەرەکان لەنێوان گەمەی دەسەڵات و لەدەستدانی خۆدا

شانۆنامەی کارەکەرەکان چیرۆکێکی دژواری دوو خوشکمان بۆ دەگێڕێتەوە: سۆلانژ و کلێر. لەم چیرۆکەدا ڕق و خۆشەویستی لەیەک کاتدا بەرانبەر بە خاوەن ماڵەکە و بەرانبەر بە خۆشیان دەردەکەوێت. ئەم دوو خوشکە هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە ئارەزووە کپ کراوەکانیان دەرببڕن. لەم گەمەیەدا بە بەردەوامی ڕۆڵی خانمی خاوەن ماڵەکە دەگێڕن. تێکستەکە بە زمانێکی تیژ و ڕاستەوخۆ، هەست و سۆزێکی هەڵچوو و بەرجەستەکردنی خۆشەویستی / ڕق، کێشەکانی دەسەڵات ڕوون دەکەنەوە. ئەم دوو خوشکە لەیەک کاتدا خانمی ماڵەکەیان خۆش دەوێت، ڕقیان لێیە، دەیپەرستن و لەهەمان کاتدا دەیانەوێت بیکوژن. بێگومان مەسەلە چینایەتییەکانیش لەپاڵ پرسە خودییەکاندا، خاڵێکی گرنگی پیەسەکەن. کارەکەرەکان بەشێوەیەکی زۆر تۆقێنەر ڕق و شەڕ تێکەڵاو دەکەن، هەموو شتێک لەدووتوێی گەمەیەکی ترسناکدا ڕوو دەدات.

## کلێر

ئێوە هەست بە هاتنی ئەو ساتەوەختە دەکەن کە ئیتر کارەکەر نین. بیر لە تۆڵە دەکەنەوە؟ خۆتان ئامادە دەکەن؟ نینۆکەکانتان تیژ دەکەنەوە؟ کینە وەئاگاتان دێنێتەوە؟ کلێر ... بیر خۆتانی مەبەنەوە ... کلێر گوێتان لێمە؟ بەڵام کلێر ئێوە گوێم لێناگرن!

ژان ژینییە بۆ یەکەم جار تەکنیکە جیاواز و شانۆ ڕیتواڵییەکەی لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا دەردەکەوێت. ئەو فۆرم و تەکنیکەش بە سەرەتایەکی چاوەڕواننەکراوی پڕ لە سەرنج و تێڕوانین دادەنرێت. ژان ژینییە هەر لە سەرەتاوە جەماوەر لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا چەواشە دەکات و بەهۆی شێوازە هونەرییەکەیەوە فێڵیان لێدەکات. بینەران لەو بڕوایەدان کە سەیری خانمێکی بەڕێزی سەر بەچینێکی بەرزی سەردەمی لویی پازدەیەم دەکەن. ئەم خانمە سووکایەتی بە کارەکەرەکەی (کلێر) دەکات، لەکاتێکدا کە ئەو کارەکەرە بەدبەختە یارمەتی خانم دەدات تا جلوبەرگەکانی لەبەر بکات. بەڵام دوای تاوێک و دەنگێکی ئاگادارکردنەوە، بینەران لەوە حاڵی دەبن کە ئەو خانمە لە ڕاستیدا تەنیا کلێری کارەکەرە و ڕۆڵی خانمەکە لەگەڵ کارەکەرێکی تردا (سۆلانژ) دەبینێ کە خوشکیەتی.

**سۆلانژ**

(وا پێدەچێ کە کلێر بخنکێنێ، لەم کاتەدا کاتژمێرە زەنگدارەکە زەنگ لێ دەدا، سۆلانژ دەوەستێ، هەردوو ئەکتەرەکە پێکەوە دەلکێن و واق ورماو گوێ لە زەنگی کاتژمێرەکە ڕادەدێرن) چ زوو؟

**کلێر**

با پەلە بکەین، ئێستا خانم دێتەوە! (دەست بە داکەندنی جلەکان دەکا) وەرن یارمەتیم بدەن، کات بەم خێراییە تێدەپەڕێ و ئێوەش هەر تەواو نەبوون!

ئەم دوو کارەکەرە هەموو شەوێک ئەم ڕیتواڵە پڕ لە ڕقە دەگێڕن و بەنۆرە ڕۆڵی خانمەکەشیان دەبینن. بەم شێوەیە ئەم دەستە خوشکە ڕۆڵی خانم و کارەکەرەکەی، کارەکەر و خانمەکەی دەبینن، ڕۆڵەکانیشیان لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە دەگۆڕنەوە. ئەوەی گرنگە لەم گەمەیەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەم دوو خوشکە، لە بنەمای گەمەی گۆڕینەوەی ڕۆڵەکانیانەوە، گوزارشتیان لەیەکتری کردووە، گوزارشتیان لەقێزی خۆیان لە یەکتری، لەخودی خۆیان و لە خانمەکەیان کردۆتەوە.

ژان ژینییە کارەکتەرەکانی بەندی پێناسەیەکی تایبەتمەند کردووە، بەندی ڕەنگدانەوەی وێنە تەلْخەکانی ناو ئاوێنەکانن. لەڕێگای ئەم ئاوێنە تەلْخانەشەوەیە کە کلێر و سۆلانژیش دەبنە کۆمەڵێک خەونی کۆمیدی دیاری نەکراو، سەرپێچی لەو بەند، یاسا و بەربەستانە دەکەن کە خۆیان ملکەچن بۆی. هەر لەبەر ئەوەشە کلێر ڕقی لە سۆلانژی خوشکی دەبێتەوە، چونکە سۆلانژ سەد دەر سەد وێنەی کۆیلایەتی خۆیەتی. (ئەوان هەردووکیان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بێزارن لە بینینی ئەندێشەی خۆیان کە لەسەر ئاوێنەکان ڕەنگ دەداتەوە.) بەهەمان شێوە و لەبەر هەمان هەڵوێستە و هۆکارە دەروونییەکان سۆلانژیش ڕقی لە کلێر دەبێتەوە.

**کلێر**

خۆشەویستی بێ مانایە... بەڵام ئیتر من وەڕس بووم لەم ئاوێنە ترسناکەی کە وێنەکەم وەک بۆنێکی گەنیو بەرەو ڕووم دەنێرێ، ئێوە ئەو بۆنە گەنیوەی منن... ئۆها! زۆر چاکە... من ئامادەم، من تاجەکەی خۆمم دەبێ و دەتوانم لە ژوورەکاندا پیاسە بکەم..

ئەم قین و ڕیتواڵە توندتیژە شانۆییەکەشیان بەرەو گەمەیەکی خوێناوی دەبات و لەبەرئەنجامدا کلێر لەبری خانمەکەیان دەبێتە قوربانی و قەنداخە ژەهراوییەکە هەڵدەقوڕێنێ.

**کلێر**

نکوڵی لێ مەکەن، بینیمن... (بێدەنگییەکی درێژ)... و ترسام، سۆلانژ... ترسام. کاتێ تەمسیل دەکەین من دەست بە گەردنمەوە دەگرم، چونکە ئێوە بە هەوای خانم نیشانەم لێ دەگرنەوە، چونکە هەست دەکەم گیانم لە مەترسیدایە...

لەم نمایشەدا ڕیتواڵ ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینیوە، فێڵە شانۆییەکانیش لەنێو خودی گەمە شانۆییەکەدا، چارەنووسێکی بابەتییانەی شۆڕشی چینایەتییە. هەر بەهۆی ئەم فێڵە شانۆییەشەوە، توانیویەتی بنەما واقیعییەکان لە پانتاییەکی جیاوازتری ڕیتواڵیدا بەرجەستە بکات، بەم شێوەیەش ڕق و قینی کارەکتەرەکان و بینەرانیش سەبارەت بە خانمەکە دەردەبڕێ.

ژان ژینییە لە سەرەتادا دەیویست دوو ئەکتەری پیاو ئەم ڕۆڵانە ببینن، تا ڕیتواڵی نمایشەکە مەودا و پانتاییەکی قووڵتر لەخۆبگرێت، بەڵام ڕیژیسۆر و شانۆکاران زیاتر ڕۆڵەکانیان بە ئەکتەری ژن بەخشیوە. لەساڵی ١٩٦٧ دا ئەو هیوایەی ژان ژینییە دێتە دی، گرووپێکی فەڕەنسی (کارەکەرەکان) بە دوو ئەکتەری پیاو، پێشکەش دەکەن کە جلوبەرگی ئافرەتیان پۆشیوە، هەروەها ڕۆڵی خانمەکەش دەبەخشنە پیاوێکی قژ درێژی قۆڵ و باڵ ئەستوور. نمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوادا پێشکەش دەکرێت.

شانۆنامەی کارەکەرەکان لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە و تا ئێستاش بۆتە جێگای سەرنج و گرنگی پێدانی زۆربەی شانۆ ئەزموونگەر و پێشڕەوەکانی ئەورووپا و دنیا.

**ستۆکهۆڵم - ٢٠٠٦/٥/٨**

# وێنەگرتن لە باخچەی ئاژەڵاندا

زۆرجار مرۆڤ حەز بەوە دەکا وێنەی ئاژەڵە کێوی بگرێ، بەڵام ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نییە، گەڕان و سووڕانێکی زۆری دەوێ، زۆر لە وێنەگرە ئەورووپییەکان سەفەری دوور و درێژ دەکەن بۆ خوارووی ئەفریقیا بە جیب و سەیارەی تایبەتی لە دارستانە تایبەتییەکان وێنەی ئاژەڵان، وەک شێر، فیل، پڵینگ، مەیموون و ئاژەڵی تر دەگرن، بەڵام ئەمە پارەیەکی زۆری دەوێ و کاتێکی زۆریشی دەوێ تا چەند وێنەیەکت دەست دەکەوێ. دەکرێ لەجیاتی ئەم حاڵەتە ڕوو لە باخچەی ئاژەڵان بکرێ بۆ وێنە گرتن، بەڵام دەبێ کات و ساتەکانی بۆ دیاری بکرێ و زوومی چاک بە دەستتەوە بێت تا بتوانی لە پشت تەلبەندەکانەوە وێنەیان بگری، لە کاتی وێنەگرتندا تەلبەندەکان دەرناچن وەک شتێکی ڕوون (شفاف) دەردەکەون.

وێنەکان پێویستە هەمەجۆری تێدابێت، وەک ئاژەڵەکان لە کاتی نووستنیاندا، یان لە کاتی یاری کردن لەگەڵ یەکتری، یان ململانێ لەگەڵ یەکتری بۆ هەندێ شوێن پێویستیت بە هاوێنەی گۆشەکراوە دەبێت، بەڵام بۆ شوێنی تر لەوەیە پێویستیت بە هاوێنەی تەلی فۆتۆ بێت، چونکە ئاژەڵی دڕندەی تێدایە و لەوەیە پەلامارت بدەن، دەستت لێ بوەشێنن و بریندارت بکەن، بۆیە بۆ هەموو جۆرە ئاژەڵێک، یان باڵندەیەک پێویستە جۆرە هاوێنەیەک بەکاربێنی، بۆ هەندێ شوێن پێویستیت بە بەکارهێنانی فلاش باشی دەبێت. باشترین کامیرا بۆ ئەم جۆرە وێنانە کامێرای تاک هاوێنەی ڕفلێکسە (SLR)ە، خۆ دەبێ ستاندێکی چاکیشت پێ بێ تا لە

فارس سەعدی



رزینی کامێرا لە دەستت ڕوونەدات و وێنەکانت ڕێکوپێک دەربچن.

لە هەندێ باخچەدا ئاژەڵەکان بەگشتی لە پشت تەلبەند و ناوشیشبەند دانراون، بەڵام تۆ دەتوانی چارەسەری ئەم حاڵەتانە بکەی بەهۆی هاوێنەی تەلی فۆتۆوە شیشەکان لێڵ، یان شەفاف دەردەچن، بەڵام دەبێ گۆشە نیگای تایبەتی هەڵبژێری تا ئەم حاڵەتەت دەست دەکەوێ. لە هەندێ پارک و باخچەی گەورەدا ئاژەڵەکان بەرەڵڵا کراون واتە ئازادن چۆن ڕەفتاربکەن و بجووڵێنەوە، لێرەدا وێنەگر وێنەی جوانتری دەست دەکەوێ، چونکە کەشوهەوا و ئاژەڵەکەش نیشان دەدرێ، وەک ورچ و مەیموون و بلبل و باڵندە و ئاژەڵی تر. ئەو هاوێنانەی بەکاردێن (١٠٠- ٣٠٠) ملم، (٣٥ - ٧٠) ملم، هەندێ جار هاوێنەی واید ئەنگڵی (٢٨، ٢٤) ملم گونجاون بۆ هەندێ گرتەی کاریگەر، ڕووبەرێکی زۆر فراوان بەرجەستە دەکەن. بۆ هەندی ئاژەڵ نابێ فلاش بەکاربێنی، چونکە تەقاندنەوەی فلاش، ئاژەڵەکە ڕادەچڵەکێنێ و لەوەیە بە تەوژمێکی گەورە و بەتین پەلاماری بینەران بدات، لەبەر ئەوە پێویستە دراسەتێکی چاک بکەی بەر لەوەی ڕوو لە باخچەی ئاژەڵان، یان پارکی تایبەتی بکەی بۆ زۆربەی گرتەکان، پێویستە ستاند یان سێپا بەکاربهێنی، چونکە هاوێنەی تەلی فۆتۆ بەکاردەهێنی و ئەمانیش کێشەکەیان قورسە، لەلایەکی ترەوە کونی هاوێنەی (f-5.6) و لەگەڵ خێرایی (1/ 250) چرکە بەکاردێت تا لەرزینی کامێرا لە دەستت ڕوونەدات، هەروەک لە سەرەتای وتارەکەمان ئاماژەمان پێ کردبوو. کاتێک لە پشت تەلبەندەوە وێنەکانت دەگری، تەلبەندەکە بەشێک لە ڕووناکی گەڕاوە دادەپۆشێ و کەمی دەکاتەوە بە یەک ستۆپ دەخەملێنرێ، واتە ئەگەر بەبێ تەلبەند وێنەکە بگری بەفەتحە (f-8) ئەوا دەبێ بە تەلبەندەکەوە بیکەیتە (f- 5.6)، خۆ ئەگەر فلاشیشت بەکارهێنا دەبێ فەتحەیەکی تریش زیاد بکەی و بیکەیتە ( f-4) بۆ ئەوەی گرتەی کاریگەرت دەست کەوێ بە شێوازی براکێتینگ وێنەکە بگرە. بۆ جارانی تر وێنە بگری حاڵەتی پێشوو لە دەفتەری تێبینییەکانت بنووسە تا پێویستیت بە دووبارە تاقی کردنەوە نەبێت.

تۆ کە دەچیتە باخچەی ئاژەڵان، یان پارک، دەبێ پێش وەخت بزانی چ هاوێنەیەک بەکاردەهێنی و چ جۆرە وێنەیەک دەگری، بۆ نموونە: ئەگەر هاوێنەکەت واید ئەنگڵ بوو، ئەوا دەوروبەری ئاژەڵەکە دەردەخات، واتە ڕووبەرێکی فراوان دەردەخات، یان ئەگەر هاوێنەی تەلی فۆتۆت بەکارهێنا، ئەوا بابەتەکەت زۆر دێنێتە پێشەوە و وردەکاریەکانی دەموچاویان بەرجەستە دەکات.

لەنێو پارکەکاندا هەندێ دار و درەخت هەن باڵندەی جۆراوجۆریان لەسەر دەنیشێتەوە، یان بلبلی جوان جوان، ئەمە بوارێکی چاکی وێنەگر دەدات وەک گرتەیەکی سروشتی وێنەکان بگرێت، نەک لە پەنای تەلبەندەوە بێت. ئەوەی ئەم جۆرە وێنانە بگرێ، دەبێ چاوێکی خێرای هەبێت و دەستێکی خێراشی هەبێت بۆ بەکارهێنانی کامێراکە زۆر بەخێرایی.

# باسێکی ئەوین و تاریکی

ئامووس ئوز
لە سوێدییەوە: حەکیم کاکەوەیس
(سوێد)

{ئەم نووسینە، کە لە سوێدییەوە وەرمگێڕاوە، دوو بەشی کتێبێکی ٥٧٣ لاپەڕەیی قەبارە گەورەیە بەناوی «باسێکی ئەوین و تاریکی» کە ساڵی ٢٠٠١ (ئامووس ئۆز Amos Oz»)ی جوولەکە، وەک بیرەوەرییەکی ڕۆمان ئاسا، نووسیویەتی و نیکۆلاس دیلانگ لەعیبرییەوە کردوویەتییە ئینگلیزی و (ڕوس-ماری نیلسن)یش لە ئینگلیزییەوە کردوویەتییە سوێدی،. من هەقم بەسەر ئەوەوە نییە ئاخۆ ئیسرائیلی و عارەب کامیان غەدری لەوی دی کردووە، یان دەیکا. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە، بزانین ئاخۆ جوولەکەکان لە دەمەدەمی دروستکردنی ئیسرائیلدا چۆن بیریان کردۆتەوە و چییان بۆ دروستکردنی ئیسرائیل کردووە.

ئەم دوو بەشەی کتێبەکە، هەر بۆ چێژی سەرلەبەری کتێبەکەیەو هیوادارم بتوانم هەمووی وەربگێڕم و دواییش، لایەنێک هەبێ ئەرکی لەچاپدانی بگرێتە ئەستۆ. لەگەڵ سوپاسی زۆرمدا بۆ گۆڤاری «ڕامان»ی ئازیز}

(١)

هەموو سەردەمی گەشەکردنم لە شوقەیەکی بچکۆلەی نزمی نهۆمی خوارەوە بەسەربرد. باوکم و دایکم، لەسەر قەنەفەیەکی قەرەوێڵەییدا دەخەوتن، کە نێزیکەی هەموو ژوورەکەی داگیردەکرد، شەوان یەکالایان دەکردەوە و بەیانیانیش دەیانپێچاوە. چەرچەفەکان لە سنووقێکدا دەشاردرانەوە و دۆشەکەکەش پەردەیەکی خۆڵەمێشی کاڵی پێدا دەدرا و سەرینە ڕۆژهەلاتییەکانیش لەگەڵیدا. بەو شێوەیە، شوێنەواری خەوی شەو بزر دەبوو و

ژوورەکەش دەبووەوە بە ژووری کار و کتێبخانە و شوێنی نانخواردن و دانیشتنیش.

کونجە سەوزەکەی منیش، بەرانبەر ئەو ژوورە بوو و سندووقی خواروخێچی جلوبەرگ نیوەی داگیرکردبوو. ڕێڕەوێک کە بەکونی هەڵاتنی بەندیخانە دەچوو، چێشتخانە و ئاودەستەکەی دەگەیاندەوە دوو ژوورە بچووکەکە. گڵۆپێکی کز کە لەپشت تۆڕێکی ئاسنینەوە بوو، کۆریدۆرەکەی ڕووناک دەکردەوە و بەڕۆژیش دادەگیرسا. ژوورەکان، هەریەکە و پەنجەرەی خۆی ڕووەو دەرەوە هەبوو و هەردووکیان شیشبەند کرابوون و ڕوویان لە ڕۆژهەڵات بوو و ئەوەی لێیانەوە دەبیندرا قەڵەمتۆزێکی تۆزاوی و دیوارێکی بەردینی نزم بوو. پەنجەرەی چێشتخانە و ئاودەستەکەش، لە بەرزاییەوە دەیانڕوانییە حەوشەیەکی قیرکراوی بەندیخانەیەک کە بە دیواری بەرز دەورە درابوو. گوڵە (پیلاگۆن)ێک لە قوتوویەکی ژەنگنی زەیتووندا دەبیندرا کە لەبەر بێ هەتاوی، بەرەو سیسبوون دەچوو. لە پەنجەرەی ئەو کونجانەدا، هەمیشە خەیاری شۆرمان لە قوتوودا دەپاراست. لە ئاودەستەکەشدا قەڵەمتۆزێکی چاوقایم لە گۆزەیەکی درزبردوودا، کە ڕۆڵی گوڵدانی دەبینی، هەموو.

شوقەکە، لە ڕاستیدا ژێرزەمین بوو، چونکە یەکەم نهۆمی بیناکە لە پاڵ شاخێک هەڵکەندرابوو. شاخەکە، نێزیکترین دراوسێمان بوو، دراوسێیەکی کەڕ و کاس و بێ دەنگ، بەردێکی خەفەتخان کە ڕەوشتی هەرزەکاری هەبوو، سارد و هەمیشە زستانە، هەرگیز مێوانی نەبوو و قەت لە گواستنەوەی کەرەسەی ماڵەکەیدا هیچی بەسەر زەوییەکەدا نەدەخشاند و قەت دەنگە دەنگی نەبوو و بێزاری نەدەکردین. بۆنی تەڕەشووعێکی سارد و تاریکییەکی بێ دەنگ، بەردەوام لەو دراوسێیەمانەوە بۆ دەهاتن. بەو شێوەیە، وەرزی هاوین لەچاو زستانەوە، بە پەلە بەلاماندا تێدەپەڕی.

مێوانەکانمان، گەلێ جار دەیانگوت: ئێرە، ئەگەرچی جاروبارێ گەرمە، بەڵام زۆرخۆشیشە. ئەدی زستان چۆن بەسەر دەبەن؟ دیوارەکان تەڕەشووع نادەن؟ تەڕەشووع بێزارتان ناکا؟

کتێب ماڵەکەمانی پڕ کردبۆوە. باوکم بە شازدە، یان حەڤدە زمان دەیخوێندەوە و بەیازدە زمان قسانی دەکرد (هەمووشی بە شێوازی ڕووسی). دایکم بە چوار، یان پێنج زمان قسەی دەکرد و بەحەوت، یان هەشت زمان دەیخوێندەوە. ئەگەر بیانویستبا تێیان نەگەم، یان بەڕووسی قسەیان دەکرد، یان پۆڵۆنی (ئەمەش زۆر شتی دەگرتەوە. ئەگەر دایکم باسی ئەسپێکی کردبا و من گوێم لێ بوایە، باوکم بە تووڕەیی، بەزمانی ڕووسی بەسەریدا دەیبۆڵاند: ئەوە تۆ چیتە؟ نابینی کوڕەکە لێرەیە؟) بۆ پاراستنی کەلەپوور، زۆربەی جار بە ئەڵمانی، یان ئینگلیزی کتێبیان دەخوێندەوە و پێم وابێ بە یددی (زمانی عیبری کە بناغەکەی ئەڵمانییە) بیریان دەکردەوە، بەڵام تاکە زمانێک کە فێریان دەکردم، عیبری بوو. ڕەنگە لەوە ترسابن کە توانای زمان منیش بەرەو دەنگەکانی ئەوروپا، ئەو کیشوەرە نایاب و خوێناوییە ڕاکێشێ.

بە بۆچوونی باوک و دایکم، هەر شتێک ڕۆژئاوایی بوایە، نرخی کولتووری زیاتری هەبوو. ئەگەرچی ڕۆحە ڕووسییەکانیان پێوەندییان بە تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکییەوە هەبوو، گومانی ئەوەم هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵمان هیتلەریشیان هەبوو، پێیان وا بوو کولتووری ئەڵمان لەهی ڕووس و پۆڵۆنی بەرزترە با لەگەڵ کولتووری فەرەنسادا بەراوردیش نەکرێ. ئەوەندەی پێوەندی بە ئەمەریکاوە هەبوو، بەدڵیان نەبوو: ئەوان هندییە سوورەکانیان تیرباران کردبوو و قەتاری بەریدیان تاڵان دەکرد و ڕاوە کیژیان دەکرد.

ئەورووپا بۆ ئەوان کیشوەرێکی ناسراو بوو، بەڵام داخراویش بوو... دەشتودەری، بەتاوەری سەعاتەوە سەرنجڕاکێش بوو.. مەیدانە بەردڕێژکراوە کۆنەکان، سکەی ناو شار، پرد و کەنیسە و گوندی دوورەدەست و ئاووهەوای خۆش و دارستان و دەشتی بە بەفر داپۆشراو...

«هاوینەهەوار» و «مێرگ» و «کیژەمەڵۆکێش» وشەگەلێکی جادوویی بوون و لە منداڵییەوە ڕایاندەکێشام. ئەو وشانە، بۆنوبەرامێکی شەهوانی جیهانێکی ئاشنا و خۆشی وایان لێ دەهات، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بنمیچە چینکۆ تۆزاوییەکەی خۆماندا هەبوو. لەو زەوییە بەتاڵە شارستانییەوە دوور بوون کە پڕ بوو لە ئاسنە کوت و بنچک، لە هەورازە ڕژدەکانی ئۆرشەلیمەوە دوور بوون کە لەبن قورسایی

گەرمی هاویناندا بۆ هەوا هەناسەبڕکێیان بوو. ئەوەندەم بەس بوو بەچپە بڵێم «مێرگ» تا یەکسەر خوڕەی جۆگە ئاو و بۆڕەی مانگا و زرینگەی زەنگوڵی ملیان بێتە بەر گوێم. ئەوەندەم بەس بوو چاو بنووقێنم تا ئەو مەڵۆکێشە پێ خاوسە سێکسییانە، تەنانەت بەرلەوەی بشزانم سێکس چییە، بێنە بەرچاوم.

بەتێپەڕبوونی ساڵ زانیم کە ئۆرشەلیمی بیستەکان و سییەکان و چلەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، بە کەلەپووری هەمەڕەنگییەوە، شارێکی سەرنجڕاکێش بوو. خاوەن پرۆژەی گەورە و مۆسیقاژەن و توێژەرەوە و نووسەری گەورەی لێ هەبوون: مارتین بۆبەر، گێرشووم شۆلێم، س ی ئاگنۆن و ژمارەیەکی زۆری تری ئەکادیمی و هونەرمەندی پێشکەوتوو لەوێ بوون. هەندێ جار کە بەشەقامی بن یەهوودا، یان بن مەیموونەدا تێدەپەڕین، باوکم بە گوێیدا دەچپاندم: «سەیرکە، ئەوە ناودارێکی جیهانییە». نەمدەزانی مەبەستی چییە. ناوداری جیهانی لە خەیاڵی مندا، تەنانەت بەچلەی هاوینیش قاتێکی خوری ئەستووری لەبەردا بوو و گۆچانێکی بەدەستەوە بوو و لەسەر دوو لاقی لاواز، بە لەرزەلەرز دەڕۆیشت.

ئەو ئۆرشەلیمەی کە دایک و باوکم بە چاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانی، زۆر لەو ناوچەیە جیا بوو کە ئێمەی لێ دەژیاین: «ریهاڤیا»ی بە باخچەی چڕوپڕی لێ بوو، ئاوازی پیانۆ لە هۆڵەکانی ئوتێلی کفووم، یان شا داوودا دەنگی دەدایەوە. سێ، یان چوار قاوەخانە بەتاجی زێڕینی بریقەدارەوە لە شەقامی یافا و بن یەهوودا هەبوون. جوولەکە و عارەبی تێنووی کەلەپوور، تێکەڵی ئینگلیزی ڕۆشنبیر و پایەدار دەبوون و خانمانی گەردەنبەرزی خەونئامێز بە کراسی شۆڕی ئاهەنگی شەوانەوە، باسکیان بە باسکی پیاوانی قات ڕەشدا دەکرد و دەخولانەوە و ئینگلیزەکان لەگەڵ جوولەکەی ڕۆشنبیرو عارەبی تێگەیشتوودا دەمەتەقێیان دەکرد. لەوێ، ئینگلیز و عارەب و جوو پێکەوە نانیان دەخوارد، سەمای باڵی دەکرا، ئێوارانی ئەدەبی بەڕێوە دەچوو، دەمەتەقێ لەسەر بابەتی ئاڵۆز و ڕۆشنبیری دەکرا. ڕەنگە ئۆرشەلیمی ئاوها لەتاجی زێڕینی درەوشەدار (دانسانتس) تەنیا خەونی خاوەن کتێبخانە و چاپچیدا هەبووبێ. بە هەرحاڵ، ئەوانە لەو ناوچەیەدا نەبوون کە ئێمەی لێ دەژیاین. کەرەم ئەبراهام، ئەو ناوچەیەی ئێمەی لێ بووین، سەر بە چیخۆف بوو.

دوای چەندین ساڵ، کە وەرگێڕانە عیبرییەکەی چیخەفم خوێندەوە، باوەڕم هێنا کە ئەویش یەکێکە لە خۆمان: ماڵەکەی مامە ڤانیا ڕێک لەسەرەوەی ئێمەوە بوو. جارێکیان کە تام لێ هات و جارێکیشیان کە تووشی (دفتریا) بووم، دکتۆر سامۆیلینکۆ بەسەرمدا داچەمی و بە دەستە بەهێز و پانەکانی ئەزمایشی کردم. لایڤسکی ئامۆزای دایکم، کە ژانەسەرێکی بەردەوامی هەبوو، لەگەڵماندا دەهات و ئێوارانی یەکشەمموان بۆ نانخواردن دەچووینە لای بەیت خائامی لێکۆڵەرەوە و گوێمان لە تریگۆرینیش دەگرت.

ماڵەکەمان بە ڕووسگەڵێکی هەمەجۆر دەورە درابوو. گەلێ خەڵکی سەر بە تۆلستۆی لێ بوون. هەندێکیان تەنانەت بەویش دەچوون. کە وێنەیەکی ئاماڵ قاوەیی تۆلستۆیم بە بەرگی کتێبێکەوە دیت، دڵنیابووم گەلێ جار لەو دەوروبەرەم دیتووە... بەشەقامی مەلاکیدا، یان بە شەقامی ئوبادیادا بەسەری کۆتەوە تێپەڕیوە و ڕیشە سپییەکەی با دەیشەکاندەوە و چاوی تیژی تیژوکیان بوو و وەک پاتریارک ئەبراهامیش ڕێکوپێک بوو. لقەدارێکی کردبووە داردەست و کراسێکی ڕووسی بەسەر پانتۆڵەکەیدا دابوو کە بەشتێکی وەک پەت قایمی کردبوو.

تۆلستۆییەکان «دایک و باوکم پێیان دەگوتن (تۆلستۆیچییەکان)» کە دراوسێمان بوون، سەرلەبەریان گۆشتنەخۆر بوون و هەستێکی بەهێزیان بەرانبەر سروشت هەبوو و دەیانویست هەموو جیهان بگۆڕن و بەدوای ژیانێکی ئەخلاقی و ویژدانییەوە بوون. مرۆڤیان پێ پیرۆز بوو و هەموو زندەوەرێکیان خۆش دەویست و بە پەرۆشەوە بوون لە دەشتدا بژین و خەریکی کشتوکاڵی ساکار و میوەچاندن بن، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون ڕووەکی ناو ئینجانەی ماڵی خۆشیان پەروەردە بکەن، یان زۆریان ئاو دەدان، یان ئاویان نەدەدان، یان.... ئینگلیزە بەدەکان کلۆریان دەخستە ئاوەکەمانەوە!

پێ دەچوو هەندێ کەسی ئەو تۆلستۆییانە، لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکییەوە دەرهێندرابن: گلەییکەر و زۆربڵێ بوون و خەیاڵی داهێنانیان هەبوو و حەزی خۆیان

سەرکوێر دەکرد، بەڵام هەمـوو دراوسێکانمان لە کەرەم ئەبراهام، بە تۆلستۆیییەکـان و دۆستۆیڤسکییەکانەوە، کاریان بۆ چیخەڤ دەکرد.

باقییەکەی جیهان کەوتبووە ژێرسەردێری «جیهانە گـــەورەکـــە»وە، بەڵام ئەوەش ڕاناوی خـــۆی هەبوو: پێشکەوتوو، بێ لایەن، ئازاد، نموونەیی. من نێزیکەی هەموویانم لە ڕێی پووڵەوە دەناسین: دانزیک، بۆێهمن و مێهرن، بۆسنیا و هێرزۆگۆڤینا، ئوبانگوی- چاری، ترینیداد و توباگو، کینیا، ئۆگەندا، تانگانیا. جیهانە گەورەکە زۆر دوور بوو، سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام بۆ ئێمەومانان بە مەترسی بوو. ئەوان حەزیان بە جوولەکە نەدەکرد، چونکە ڕۆشنبیر بوون، ئامادەی دەستوەشاندن بوون و پێشکەوتوو بوون، بەڵام دەنگیشیان بەرز بوو و تۆڵەسێن بوون. حەزیان بەوەش نەدەکرد کە بۆ وڵاتی ئیسرائیل ئەنجاممان دەدا و ئەو تیلماسکە زەوییە بەردەڵان و بیابان و شۆراوکە باریکەشیان لێ بە زیاد دەگرتین. لە دەرەوە، لەو جیهانەدا، هەموو دیوارەکان بە نووسراوی «جوولەکەکان بۆ فەلەستین بگەڕێنەوە» پڕ کرابوونەوە بۆیە بۆ فەلەستین گەڕاینەوە، بەڵام ئێستا هەموو جیهان هاوار دەکا: «جوولەکەکان لە فەلەستین دەرکەون».

تەنیا ئەو جیهانە گەورەیەمان لێوە دوور نەبوو، تەنانەت خاکی ئیسرائیلیش دابڕاو بوو. لە جێیەکی دووری ئەودیو گردەکاندا، خەریک بوو نەوەیەکی تری جوولەکە گەشەی دەکرد. نەوەیەکی خۆرانگەستە و بەهێز و بێ دەنگ و بەکار کە زۆر جیاوازییان لەگەڵ جوولەکەی وڵاتە ناجوولەکەکاندا هەبوو، تەواو لە جوولەکەی کەرەم ئەبراهام جیاواز بوون. ئازا و بە جەرگ، دروێنەیان دەکرد و دەیانتـــوانی ببنە هاودەمی تاریکەشـــەو و هەمـــوو سنوورێکی پێوەندی نێوان کیژو کوڕیان سڕیبۆوە. ئەوانە شەرمیان بەهیچ نەبوو. جارێکیان باپیرە ئەلیکساندەر گوتی: «پێ دەچێ لە داهاتوودا زۆر ئاسان بێ کوڕێک لەکیژێک بچێتە پێشێ و ڕاست و ڕەوان پێی بڵێ چی لێ گەرەکە، ڕەنگیشە کیژەکان چاوەڕوان نەبن کوڕان بچن پێیان بڵێن، بەڵکو وەک ئاوخواردنەوە، بەخۆیان پێوەندی بەکوڕانەوە بکەن». مام بێتسالای چاوکز بەرقەوە گوتی: «ئەمە بۆلشەوییەتێکی تەواو نییە پێ بە هەموو نهێنی و موعجیزەیەکدا بنێی؟! هەموو هەستێک لەناوبەریت؟! هەمـوو ژیان بکەیتە پەرداغە ئاوێکی فێنک؟!» مام نهێیمە لە قوژبنەکەی لای خۆیەوە دەستی بەچڕینی گۆرانییەک کرد کە لە گوێی مندا هەر بەمرەمڕ دەچوو: «سەفەر و ڕێی پێچاوپێچ دوورن، بەسەر شاخ و دەریاچەدا سەفەر دەکەم، بەناو بەفر و بەر گەرمادا دەڕۆم، بیری ئەویندارەکەم دەکەم، هەروەک داستـان بە دووری دەمـێنێ...» ئەوجا پوورە زیپـوورا بە ڕووسی گـوتی: «دەببڕنەوە! چییە، هەمووتان شێت بوون؟ ئاخر کوڕەکە گوێی لێتان دەبێ!» ئەوجا هەمووان کردیانە ڕووسی.

گیانبازەکانمان لەودیوی ئاسۆی ئێمەوە، لە گالیلین و شارۆن و شاخەکاندا دەژیان. کوڕە لاوی ئارام و دڵگەرم و هەندێ جاریش بێ دەنگ و هێمن، کیژۆڵانی خۆڕاگر و دادپەروەر و گوێڕایەڵ کە شارەزاییان لە هەموو شتێکدا هەبوو، هەروەها شەرمن و شلەژاو کە بەرێز و بایەخەوە، وەک منداڵ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەدەکرا، بەڵکو وەک کەسانێک کە گەشەیان نەکردبێ.

وام دەهاتە بەر زەین کە ئەو گیانبازانە خەڵکانێکی جیدی و سەربەخۆ بن و لە شێوەی بازنەیەکدا دانیشن و گـۆرانی دڵســوتێن و گـاڵتـە بڵـێن، یان ئاوازی بێ حەیایی، گۆرانی حەز بچڕن و بتوانن کێویانە وەها سەما بکەن کە هەموو سنوورێکی فیزیاوی ببەزێنن، پێویستیان بە تەنیایی وگۆشەگیری هەبووبێ، بتوانن لەو دەشتودەرە بژێن، لە خێوەتدا بخەون و کاری قورس بکەن و گۆرانی «هەمیشە بەردەوامین» و «کوڕەکانتان ئاشتییان بە زەبری چەوساندنەوە هێنا و ئەمڕۆش بە زەبری چەک» و «بۆ هەر کوێیەک بانگمان بکەن ئامادەین» دەیانتوانی سواری ئەسپ ببن و تراکتۆری تایەپان بازۆن، بە عارەبی قسان بکەن، هەمـوو کـون و کـەلەبەرێک شـارەزا بن، بزانن دەمانچە و نارنجۆک بەکاربێنن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شیعر و فەلسەفە بخوێنن و بەخۆ بن حەزی زانینیان هەبێ و مەبەستیشیان شاراوە بێ، ئێواران لەخێوەتەکاندا و لەبەر ڕۆشنایی چرا، بە چپە باسی واتای ژیان بکەن، باسی ئەو جیاوازییە زۆرە بکەن کە لەنێوان ئەوین و ئەرکدا، لەنێوان گیانبازی و دادپەروەری جیهانیدا هەیە.

هەندێ جار من و هاوڕێکانم دەچووینە کۆگاکانی تنۆڤا تا ئەو پیـاوانە ببـینین کـە لە دوورەوە، بە لۆری پڕ لەبەرهەمی کشتوکاڵییەوە بەگردەکاندا دەهاتنە خوارێ. تۆز داپۆشیبوون و باری چەکیان قورس بوون و پۆستاڵی قایمیان لەپێدابوون. گەلێ جار دەچوومە لایان و بۆنی

پووش و بەری کێوی مەستی دەکردم و بیرم دەکردەوە: لەو جێیەی کە ئەمانی لێوە هاتوون، شتی مەزن ئەنجام دەدرێ. لەوێ وڵات بنیاد دەنرێ و جیهان رێک دەخرێتەوە. لەوێ، کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست دەبێ. ئەوانەی ئەوێ کاریگەرییان لەسەر جیهان و مێژوو دەبێ. زەوی دەکێڵن و شەراب بەرهەم دێنن و گۆرانی نوێ دەنووسنەوە، تفەنگ هەڵدەگرن و سواری ئەسپ دەبن و تەقە لە عارەبە تالانچییەکان دەکەن. ئەوانە کەرت و پارچەکانمان کۆ دەکەنەوە و نەتەوەیەکی تێکۆشەریان لێ دروست دەکەن. بە نهێنی بیرم لەوە دەکردەوە کە رۆژێ لە رۆژان منیش لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و دەمکەنە بەشێک لەو نەتەوە تێکۆشەرە. ژیانی منیش دەبێتە گۆرانییەکی نوێ و منیش وەک ئەوان، وەک پەرداخێک ئاوی ساردی رۆژێکی گەرم پاک و روون و ساکار دەبم.

تەل ئەڤیڤ کە جێیەکی سەرنجراکێش بوو، لەو دوورە کەوتبووە ئەودیو گردەکانەوە. رۆژنامەکان لەوێوە دەهاتن. ئەوێ شانۆ و ئۆپێرا و بالێت و کاباریێی لێ بوون. هەروەها هونەری مۆدێرن و حیزبی سیاسی و دەنگدانەوەی دەمەتەقێ و هەرای بابەتی نەزاندراو. وەرزشکاری گەورە لە تەل ئەڤیڤ هەبوون. دەریاش هەبوو و جوولەکەی خۆرانگەستەی مەلەوانی لێ بوون. چما کەس لە ئۆرشەلیم هەبوو مەلە بزانێ؟ کێ بیستبووی جوولەکە مەلە بکەن؟ مەسەلە جینەکان و بازدانی بۆ ماوەیی بوو. وەک چۆن پەپوولە لەکرمەوە پەیدا دەبێ، ئاوها بوو. هەر ناوەکەی تەل ئەڤیڤ خۆی شتێکی جادوویی تایبەتی بوو. هەرکە گوێم لەناوی «تەل ئەڤیڤ» دەبوو، نیگاری کورێکی ئازام بەکراسێکی شینی کاڵەوە لەخەیاڵی خۆمدا دەکێشا. خۆرانگەستە و شان پان، شاعیرێکی کارکەری قارەمان. کورێک کە بەبێ ترس خوڵقا بوو. ئەو بابەتەی کە پێی دەگوترا «هەڤەرەمان». کڵاوێکی نارێک، بەڵام توندوتۆڵ و لار بەسەر پرچە لوولەکەیەوە بوو، کورێک کە جگەرەی ماتووسیانی دەکێشا. کورێک کە لەهەموو جیهاندا ناسرا بوو: بەدرێژایی رۆژ کاری قورسی لەکێڵگەدا، یان کاری لە لم و کەرەسەی بیناسازیدا دەکرد. ئێواران شمشاڵی دەژەنی و لەگەڵ کچاندا سەمای دەکرد و لەبەر مانگەشەو، گۆرانی بەجۆشی بۆ ئەوانەی لای گردەکان دەچری. شەوان دەمانچەکەی، یان رەشاشەکەی هەڵدەگرت و لەحەشارگەکەی دەردەکەوت و پاسەوانی لە خانوو و کێڵگەکان دەکرد.

تەل ئەڤیڤ ئاوها دوور بوو! لە هەموو سەردەمی منداڵیمدا، پێنج شەش جار نەبێ نەچوومەتە ئەوێ: هەندێ جار، بۆ ئەوە دەچووین تا لەگەڵ پوورمدا جەژن بکەین. وەک ئێستا، هەر رووناکایی نەبوو کە تەل ئەڤیڤی لە ئۆرشەلیم جیا دەکردەوە. تەنانەت یاساکانی راکێشانی زەویش جیاواز بوون. خەڵکی تەل ئەڤیڤ، تەنانەت رێ و رۆیشتنیشیان جیاواز بوو. وەک چۆن نێل ئەمسترۆنگ لەسەر مانگ لە بری رێکردن بازی دەدا، ئەوانیش ئاوها بازیان دەدا و دەسوورانەوە.

خەڵکی ئۆرشەلیم بە کاوەخۆ رێیان دەکرد و هەر دەتگوت لەسەر قەبرانن، یان درەنگ گەیشتوونەتە کۆنسێرتێک. نووکی پەنجەی پێیان لەزەوی دەنا و جێی هەنگاویان تاقی دەکردەوە. کە پێیان دادەنا، ئیدی پەلەیان لە گواستنەوەی نەدەکرد. ئێمە دوو هەزار ساڵ چاوەروان بووین تا جێی پێمان لە ئۆرشەلیم بکەینەوە و نامانەوێ دەستمان لێی بەر بێ. ئەگەر پێ هەڵبرین، دوور نییە یەکێکی تر پێ بخاتە سەر پارچە خاکە باریکەکەمانەوە. ئەگەر پیاو پێی هەڵبری، بەرلەوەی داینێتەوە، دەبێ دڵنیابێ. کەس نازانێ چ ژەهرەمارێک لەسەر ئەو جێ پێیە هەیە. هەزاران ساڵە جوولەکەکان، لە رەودا خوێن دەدەن. جار لە دوای جار کەوتووینەتە دەستی دوژمنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی بێ ئەوەی تەماشای جێی پێی خۆمان بکەین، پێمان داناوە. ئەو بۆچوونە لە ئۆرشەلیمدا رەنگی دابۆوە. ئەدی تەل ئەڤیڤ! هەموو دانیشتوانی شارەکە بەکوللە دەچوون. خەڵکەکە بەرەو پێشێ بازیان دەدا. خانووەکانیش وا بوون. شەقامەکان و مەیدانەکان و دەریا و با و لم و تەنانەت هەوری ئاسمانیش بازیان دەدا.

جارێکیان لە جەژنی رابووندا سەفەری تەل ئەڤیڤمان کرد. یەکەم بەیانی لەوێ، کە جارێ کەس لە خەو هەڵنەستابوو. زوو هەستام و خۆم گۆری و چوومە دەرێ. لە مەیدانێکی بچکۆلەدا بە هەندێ لاتەختە و جۆلانەیەک و دوو سێ نەمام، کە تازە چۆلەکە لەسەریان کەوتبوونە جریوە جریو، بەتەنیا یاریم دەکرد. دوای چەند مانگێک، دیسان سەفەری تەل ئەڤیڤمان کردەوە، بینیم مەیدانەکە لە شوێنی خۆی نەمابوو. هەموو شتێک، بەلاتەختە و

نەمام و حەوزی لم و جۆلانە و چۆلەکەکانیشەوە، گوازرابوونەوە ئەوسەری شەقامەکە. شتێکی زۆر ناخۆش بوو. نەمزانی چۆن بن گۆریۆن و لێپرسراوەکان ڕێی شتی وایان دابوو. خەڵک چۆن دەتوانن کتوپڕ مەیدانێک بگوازنەوە؟ ئەدی دوای ئەوە چی دەبێ؟ تۆ بڵێی چیای زەیتوون، یان تاوەری داوود بگوازنەوە؟ دیواری نزاش دەگوازنەوە؟

خەڵکی ئۆرشەلیم بە بەخیلی و شانازییەوە باسی تەل ئەڤیڤیان دەکرد و بەمەیلە و نهێنییەوە پێی سەرسام بوون. وەک ئەوەی شارەکە پرۆژەیەکی گرنگ و نهێنی گەلی جوولەکە بێ و باسکردنی بەدەنگی بەرز باش نەبێ، چونکە دیواریش گوێی هەیە و دوور نەبوو جاسووس و پیاوانی دوژمن لە هەموو قوژبنێکدا هەبن.

تەل ئەڤیڤ. دەریا. ڕووناکی. جێی بیناسازی، کۆشکەکان، شەقامەکانی دەرێ کە هەردوو لایان داربوون. شارێکی نوێی شاش و سپی عیبری بە هێڵی ساکارەوە، دارلێمۆ، گردی نانیشتەجێی لم. هەر جێیەک نەبوو بلیتی سەفەری پاسی لێ بکڕدرێ، بەڵکو کیشوەرێکی تەواو جیاواز بوو.

چەندین ساڵ بوو وا ڕاهاتبووین جاروبار تەلەفۆن بۆ کەسوکارمان لەتەل ئەڤیڤ بکەین. هەر سێ مانگ، یان چوار مانگ جارێ تەلەفۆنمان بۆ دەکردن، ئەگەرچی نە ئێمە تەلەفۆنمان هەبوو نە ئەوان. لەپێشدا نامەمان بۆ پوورە هایا و خاڵ تسڤی دەنارد تا ئاگاداریان بکەینەوە کە نیازمان وایە بچینە دەرمانخانەکەی لای خۆمان و لەوێوە تەلەفۆن بۆ دەرمانخانەکەی لای ئەوان بکەین. بۆ نموونە، نۆزدەی فلان مانگ، کە دەیکردە ڕۆژی چوارشەممە. خاڵە تسڤی سەعات سێ لە بنکەی تەندروستی دەستی لەکار هەڵدەگرت. تەلەفۆنکردنی ئێمە دەبوو سەعات پێنج بێ. نامەکە زۆر زووتر دەنێردرا تا پوورە هایا و خاڵە تسڤی فریا بکەون و بەنامە وەڵام بدەنەوە و پێمان ڕابگەیەنن کە چوارشەممە لەبار دەبێ و کەمێ پێش سەعات پێنج لە دەرمانخانەکە دەبن و ئەگەر ڕێک لەپێنجدا لەوێش نەبن، خەمیان نەبێ.

لەبیرم نییە بۆ چوونە دەرمانخانەکە و تەلەفۆنکردن بۆ تەل ئەڤیڤ، باشترین جلمان لەبەر کردبێ، بەڵام ئەگەر واشمان کردبێ جێی سەرسوڕمان نییە. جەژنەیەک بوو بۆ خۆی. هەر لە ڕۆژی شەممەوە باوکم بە بیری (فانیا)ی دایکمی دەهێنایەوە و دەیگوت: خۆ لەبیرت نەچووە ئەم حەفتەیە تەلەفۆن بۆ تەل ئەڤیڤ دەکەین؟ دووشەمیش دایکم دەیگوت: ئاریە، نەکەی دوو سبەی درەنگ بێیتەوە، بەڵێنم دەیێ درەنگ نەیەیتەوە. ڕۆژی سێ شەمیش، هەردووکیان بەمنیان دەگوت: ئامووس، کاری کتوپڕ نەکەی، گوێت لێیە؟ نەخۆش مەکەوە و هەلامەت مەگرە و نەچی بەدەمدا بەربیتەوە. هەرچۆنێ بێ، تا سبەی ئێوارە شتی وانەکەی. هەمان ئێوارە دەیانگوت: ئێستا بخەوە تا سبەینێ، کە دەچین تەلەفۆن بکەین، تەندروستیت باش بێ. نابێ دەنگت وا پێ بچێ کە بە ناپوختەیی نانت خواردووە.

ئاوها خۆیان شلەژاندبوو.ماڵەکەمان لە شەقامی ئامووس بوو و دەرمانخانەکەش کەوتبووە شەقامی سێفانیانەوە، کە پێنج دەقیقە ڕێ لێمانەوە دوور بوو، کەچی هەر سەعات سێ باوکم بە دایکمی گوت: «دەست بەشتێ مەکە دوایی کاتمان بەدەستەوە نەمێنێ».

«من چ کێشەیەکم نییە، بەڵام تۆ خۆت، بەخۆت و کتێبەکانتەوە دوور نییە هەموو شتێکت بیر بچێ».

«من؟ لەبیرم بچێ؟ من هەموو دەقیقەیەک تەماشای سەعاتەکە دەکەم. ئامووسیش بیرمی دەخاتەوە». من تەمەنم پێنج ساڵان بوو و دەبوو هەر لەو کاتەوە ئەرکێکی مێژوویی بخەمە ئەستۆی خۆم. کاتژمێری خۆمم نەبوو- چۆن دەبوو هەمبێ؟ لەبەر ئەوە، دەبوو زوو زوو بە ڕاکردن بچمە مەتبەخەکە تا بزانم کاتژمێر چەندە. ئەوجا وام هەست دەکرد کە ژمارەی بەرەواژی هاویشتنی سارووخ بەرەو بۆشایی ئاسمان دەستی پێ کردووە. بیست و پێنج دەقیقەی ماوە، بیست دەقیقەی ماوە، پازدە دەقیقەی ماوە، دە دەقیقە و نیو و نیشانەی ئەوە دەرکەوت کە هەرسێکمان هەستین، جوان دەرگامان داخست و بەلای چەپدا بۆ لای ئاوستەری بەقاڵ و لەوێشەوە بەلای ڕاستدا، بۆ شەقامی ساکاریا، بەلای چەپدا بۆ شەقامی مەلاکی و دیسان بەلای ڕاستدا بۆ شەقامی سێفانیا و ئەوجا بۆ ناو دەرمانخانەکە و لەوێ گوتمان:

«جەنابی هێنەمان ئێوارە باش، تەندروستیت چۆنە؟ هاتووین تا تەلەفۆنێک بکەین».

دیارە کە دەمێ بوو زانیبووی کە ئەو ڕۆژە دەچین و تەلەفۆن بۆ خزمەکانی تەل ئەڤیڤمان دەکەین و دەشیزانی کە تسڤی لە بنکەی تەندروستیدا کار دەکا و هایا

پلەوپایەیەکی گرنگی لە ڕێکخراوی ژناندا هەیە و ئیگال کە گەورە بێ، دەبێتە وەرزشکار و دۆستی نێزیکی گوڵدا مائیرسۆنن (کە دوایی بووە گۆڵدا مائیر). هەروەها دۆستی میشە کۆلۆدنین کە لای ئێمە بە میشە کۆل ناسرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرمان هێنایەوە: «هاتووین تا تەلەفۆن بۆ خزمەکانمان لە تەل ئەڤیڤ بکەین». جەنابی هێنینەمانیش هەمیشە ئاوها وەڵامی دەدایەوە: «بەڵێ، بەسەرچاو، فەرموون دانیشن». ئەوجا نوکتە تەلەفۆنییەکەی دەگێڕایەوە: «جارێکیان لە کۆنگرەی زایۆنستەکاندا لەزیوریخ، کتوپڕ خەڵکەکە گوێیان لەهاتوهاوارێک بوو. بێرل لوکەر لەهارزفێڵدی پرسی ئاخۆ چ ڕووی داوە. هارزفێڵد وەڵامی دایەوە ئەوە هاوڕێ ڕوباشوڤە لەگەڵ بن گریۆندا، لە ئۆرشەلیم قسە دەکا. «لەگەڵ ئۆرشەلیمدا قسە دەکا؟» بێرل لۆکەر ئەو هاوارەی کردبوو، ئەوجا گوتبووی: «بەڵام بۆچی تەلەفۆن بەکارناهێنێ؟»

باوکم دەیگوت: «ئێستا ژمارەکە لێ دەدەم». دایکیشم دەیگوت: «ئێریچ، جارێ زووە. هێشتا چەند دەقیقەیەکی ماوە». باوکم وەڵامی دەدایەوە «وایە، بەڵام خۆ دەبێ تەلەفۆنەکە پێکەوە گرێ بدرێن». تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ نەدەکرا. دایکم دەیگوت: «وایە، بەڵام ڕەنگە ڕاستەوخۆ پێکەوە ببەسترێنەوە و جارێ ئەوان لەوێ نەبن». باوکم وەڵامی دایەوە: «ئەگەر وابوو، کەمێ دواتر هەوڵ دەدەینەوە». دایکم گوتی: «نا، دوایی دڵیان شتێک دەکا و وا دەزانن تەلەفۆنکردنەکەیان لەدەست چووە».

لەکاتێکدا ئەوان خەریکی ئەو قسانە بوون،کاتێکمان زانی سەعات بووە پێنج. باوکم هەستا و سەماعەکەی هەڵگرت و بەبەددالەی گوت:«ئێوارە باش، بی زەحمەت دەتوانی لەتەل ئەڤیڤ ژمارە ٦٤٨مان بۆ وەرگریت؟» (یا شتێکی لەو بابەتە؛ هێشتا ژمارەکان سیانی بوون) هەندێ جار لە بەددالەوە دەیانگوت: «جەنابی بەڕێز، یەک دوو دەقیقەیەک چاوەڕوان بن، چونکە بەڕێوەبەری بەرید لەسەر خەتە»، یان جەنابی سیتتۆن، یان جەنابی ناشاشیبی. ئێمەش تاڕادەیەک دەشڵەژاین، دەبێ چۆن بیرمان لێ بکەنەوە؟

من لەلایەنی خۆمەوە ئەو خەتەم بەتاکە پێوەندی نێوان تەل ئەڤیڤ و ئۆرشەلیم و جیهان دەزانی. ئەگەر ئەو تاکە ڕێی پێوەندییەش لەکاردا نەبێ، لەجیهان دادەبڕێین. خەتەکە، پێوەندییەک بوو خۆی بە دەشتودەر و شاخوداخ و گرد و دۆڵدا بەکێش دەکرد و منیش ئەوەم بەموعجیزە دەزانی. لەرز دەیگرتم: ئەدی ئەگەر دڕندەیەک بەشەو بچێ و تەلەکان بقرتێنێ! ئەگەر عارەبی زیانبەخش بیبڕن! ئەگەر باراناو چووە ناوی! ئەدی ئەگەر ئاگر کەوتەوە! کەس نەیدەزانی. خەتەکان، بەبێ خاوەن و چاودێری، لەوبەر خۆرە گەرمەدا درێژ دەبوونەوە. هەرچی بڵێی دەشیا بقەومێ. خۆم بە سوپاسگوزاری ئەو پیاوانە دەزانی کە خەتی تەلەفۆنیان ڕاکێشابوو. چەند ئازا و گورجوگۆڵ بوون. ئاسان نییە خەتێک لەنێوان ئۆرشەلیم و تەل ئەڤیڤدا ڕاکێشرێ. ئەوەم بە تاقیکردنەوە دەزانی: جارێکیان خەتێکمان لەنێوان ژوورەکەی من و ژوورەکەی ئێلیا فرێدمان ڕاکێشا، کە بەدوو خانوو و باخچەیەکدا تێدەپەڕی. ڕەتکردنی بەو بەربەسانەدا زۆر ئاڵۆز بوو. دار، دراوسێ، قادرمە و پنچکەکان.

کە باوکم وای بۆچوو بەڕێوەبەری بەرید، یان جەنابی ناشاشیبی لە قسەکردن بۆتەوە، سەماعەکەی هەڵگرتەوە و بەددالەکەی گوت: «ببوورە ئێستا داوام کرد ٦٤٨ی تەل ئەڤیڤم بۆ وەرگریت».

«جەناب، لەلای خۆم تۆمارم کردووە» کچی بەددالەکە وای وەڵام دایەوە. ئەوجا گوتی: «دەکرێ کەمێکی دی چاوەڕوان بی؟» (یا «تۆزێ ئارام بگری؟»).

باوکم گوتی: «بەڵێ، چاوەڕوان دەبم چۆن چاوەڕوان نابم! بەڵام خەڵک لەوێ چاوەڕوانی تەلەفۆنی ئێمەن». ئەوە شێوە دەربڕینێکی بەئەدەبانە بوو کە ئێمە ئەگەرچی بە پشووین، بەڵام سنوورێکیش بۆ پشوودرێژیمان هەیە. جوان پەروەردە کرابووین، بەڵام گێل نەبووین. ڕێمان نەدەدا وەک بەرخ بەرەو قەسابخانە بماندەنە پێش. ئەو بۆچوونە، کە دەتواندرێ چ هەڵسوکەوتێک بڵێی لەگەڵ جوولەکەدا بکرێ، بۆ هەمیشە تێپەڕیبوو.

کتوپڕ زەنگی تەلەفۆنی دەرمانخانەکە لێیدا. هەمیشە دەنگێکی وورووژێنەر بوو. چرکەساتێکی جادوویی بوو. ئەوجا قسەکان بەشێوەیەکی ئاوها کران:

«هەلاو، تسڤی؟»

«ئەریچ، لەئۆرشەلیمەوە قسان دەکا».

«هەلاوئێریچ، من تسڤیم، چۆنن؟»

«زۆر باشین. لە دەرمانخانەکەوە تەلەفۆن دەکەین»

«منیش. هیچ شتێکی نوێ ڕووی نەداوە؟»

«هەموو شتێک بەدڵی تۆیە. شتێکی وا نییە شایانی باس بێ. تسیڤ، قسە بکە».

«هەموو شتێ باشە. ئێمەش شتێکی ئەوتۆمان نییە باسی بکەین. هەموومان زۆر باشین. ئەی ئێوە؟»

«زۆرباشین».

«زۆر باشە. ئێستا فانیا دەیەوێ قسان بکا».

ئەوجا دیسان سەرلەنوێوە دەست پێ کرایەوە. چۆنن؟ وەزغتان چۆنە؟ دواییش: ئێستا ئامووس هەندێ قسە دەکا.

ئەوە هەموو قسەکان بوو. هەموو شتێک باشە؟ زۆر باشە. ئا، باشە دوایی قسە دەکەینەوە. خۆشحاڵم گوێم لێتان بوو. دوایی نامە دەنووسین و کاتێک بۆ قسەکردن دادەنێین. ئا، بەڵێ، زوو. ئاگاتان لەخۆتان بێ. هیواداریـن ئێوەش باش بن.

بەڵام مەسەلەکە ئەوەندەش گێلانە نەبوو وەک پێ دەچێ: ژیانمان بەداوە موویەکەوە بەند بوو. ئێستا دەزانم کە قەت دڵنیانەبوون جارێکی دی پێکەوە قسان بکەن. ڕەنگە ئەوە دواجار بووبێ. کێ دەیزانی چ ڕوو دەدا. دوور نەبوو ڕاپەڕین، یان ئاوارەبوون ببێ، یان لافاوی خوێن هەستێ. دوور نەبوو عارەبەکان ڕاپەڕن و هەموومان لەناوبەرن. لەوە بوو جەنگ بقەومێ، کارەساتی تۆقێنەر ببێ. تانکەکانی هیتلەر لە دوو لاوە گەیشتبوونە ناوچەکانمان. باکووری ئەفریقیا و قەوقاس. کەس نەیدەزانی چی چاوەڕوانمانە. ئەو قسە بۆشانە، لە ڕاستیدا بۆش نەبوون، بەڵکو ناچاری بوون.

ئەوەی ئەو جۆرە قسەکردنە لە تەلەفۆندا، بۆ منی ئاشکرا دەکا، ئەوەیە چەند ناخۆش بوو هەستی خۆیان ئاشکرا بکەن. هەموویان، نەک تەنیا دایک و باوکی من. هیچ بە لایانەوە کێشە نەبوو ڕەپ و ڕاست هەستی خۆیان دەربڕن. ئاخر هەستیار بوون و دەیانتوانی قسان بکەن. ئای، وەک ئەوەی توایبێتیان قسان بکەن. دەیانتوانی چەندین سەعات لەباری نیتشێ و ستالین و فرۆید و جابۆتونسکییەوە قسان بکەن و خۆیان سەرگەرم بکەن. ئەشکی سۆز هەڵوەرێنن. بە جۆرە ئاوازێکەوە دەمەتەقێیان لەسەر کۆلۆنیالیزم و دژەسامی و دادپەروەری و گۆڕانکاری زەوی و کێشەی ژن و هونەر و قەیامەت دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا کە دەیانویست دەنگ بۆ هەستی تایبەتی بدەن، ئەنجام توندوتیژی وشک و تەنانەت شەرمەزاری دەبوو. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەدا بوو کە نەوە دوای نەوە ناچاربوون هەستی خۆیان وەشێرن، یان بەزەقی دەری نەخەن. لە ڕاستیدا دوو جاران خۆگرتن و دوو سیستەمی خۆگرتن بوو، چونکە کەلەپووری بۆرژوا ئەورووپییەکان یەکگرتنی ئایینی بەهێز دەکرد. هەموو شتێک «قەدەغە»، یان «حەرام» بوو، یان «زۆر جایز نەبوو».

جگە لەوانە، وشەش کەم بوون، هێشتا هەست دەکرا زمانی عیبری ناسروشتی بێ و قەت زمانێکی تایبەتی نەبوو و کەس دڵنیا نەبوو لەکاتی قسەکردندا چۆن دەردەکەوێ. مەترسی ئەوەش هەبوو، شێوەی قسەکردن، پیاو گێل دەربخا و ئەمەش هەمووانی تۆقاندبوو. لەوە تۆقیبوون بەگێل بچن. تەنانەت خەڵکی وەک دایک و باوکی منیش کە عیبرییەکی باشیان دەزانی، بەسەریدا زاڵ نەبوون. هەموو هەوڵێکیان دەدا ڕاست قسە بکەن. بەردەوام قسەی خۆیان ڕاست دەکردەوە و ئەوەی دەیانگوت دووبارە دایاندەڕشتەوە. ڕەنگە شوفێرێکی چاو کتوکوێر، لەکاتی شەودا و لەکاتی ئاژاوتنی ئۆتۆمبێلێکدا کە بۆ یەکەم جار بەڕێیەکدا دەیئاژوێ کە شارەزای نییە و لە وڵاتێکدا بێ کە یەکەم جار دەیبینێ، ئاوها بێ.

ڕۆژێکی شەممە، دۆستێکی نێزیکی دایکم هاتە سەردانمان. ئافرەتێکی مامۆستا، ناوی بار- سامخا بوو. هەموو جارێ ئەو مێوانەمان کە وشەی «ترس»، یان «ترساندن»ی بەکار دەهێنا، من دەمدایە قاقای پێکەنین. ئەو «ترس»ەی ئەو بەکاری دەهێنا، لە قسەکردنی ڕۆژانەدا، دەبووە «تس». دیارە کەس حەزی بەو تێکەوتنە نەدەکرد، یان وایان پێشان دەدا کە هیچ نەقەوماوە. کە باوکم لەبارەی «ئامادە»کارییەوە قسەی دەکرد، یان هێرشی دەبردە سەر ناتۆ: بڕیاری داوە پشتی «ئامادە»کاری ئەڵمان بگرێ تا ستالین بترسێنێ، هەمان شت بوو. ئاگای لەوە نەبوو وشەی «ئامادە»کاری زمانی نووسین، لە قسەکردندا «گان» دەگەیەنێ.

منیش هەموو جارێ کە وشەی «کێشە»م بەکاردەهێنا، باوکم تووڕە دەبوو. ئەو وشەیە، بەلای منەوە ئاسایی و ساکار بوو و نەمدەزانی بۆچی باوکم سەغڵەت دەکا. مەحاڵ بوو بتوانم لێی بپرسم و خۆشی بۆی ڕوون نەدەکردمەوە. دوای چەندین ساڵ، ئەوجا زانیم کە وشەی

«کێشە» ، «ئاوس»یش دەگەیەنێ. جا ئەگەر بمگوتبا «خوشکەکەی ئیریس کێشەی هەیە» باوکم تووڕە دەبوو...لێوی بەیەکەوە دەنووساندن و کونەلووتی فش دەبوون. دیارە ڕوونکردنەوەشی نەبوو- جا چۆنی ڕوون بکاتەوە؟

گەلێ جار باوکم و دایکم بەعیبری پێکەوە قسانیان نەدەکرد. ڕەنگە هەرگیز لەکاتی خەڵوەتی تایبەتی خۆیاندا بە عیبری قسەیان نەکردبێ. هەمیشە ترسی هەڵەکردن و گێلایەتی ئامادەبوو.

(٢)

ئەوکاتە گیانبازەکان، لە ڕواڵەتدا بەرزترین پلەوپایەیان هەبوو، بەڵام لەدووری ئۆرشەلیم، لە دۆڵەکان، لەگالیلین و دەشتی دەوروبەری دەریای مردوودا دەژیان. سەرسامی توندوتیژی و دڵسۆزی خەیاڵئامێزیان بووین، وەک لە ئەفیشەکانی بەرەی نەتەوەیی جوولەکەدا پیشان دەدران، پارسەنگی نێوان زەوی و تراکتۆرەکانیان ڕادەگرت.

ئەوانەی لەبن کەپری هاوینانیشدا بەتوێی فانیلەیەکەوە دادەنیشتن و ڕۆژنامەی سۆسیالیستی (داڤار)یان دەخوێندەوە، لە پلەی کۆمەڵایەتیدا بە دوای گیانبازەکاندا دەهاتن. ئەوانە ئەندامی هیستادروت و هاگا و دەستەی بنکەی تەندروستی بوون، پیاوگەلێک بوون بە جلی خاکییەوە بەشدارییان لە سەندیکای ئابووری کۆمەڵدا دەکرد، کاهوویان بە کرێم و ماستەوە دەخوارد، خۆڕاگری و بەرپرسیارێتی و پێوەندی کۆمەڵایەتی پتەو و بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆ و چینی کرێکاران و دسپلینی حیزبایەتی و زەیتوونی کەمتامی قوتووی (تنۆڤا)یان پێ چاک بوون، کە لێیان نووسرابوو: ئاسمانی شین، کەناری ڕووناک، بە ئەوین وڵاتەکەمان بنیاد دەنێین!

بەپێچەوانەی ئەم کۆمەڵگا ڕێکوپێکەوە، تیرۆرستی «ناگوێڕایەڵ» و جوولەکە ئایینیەکانی میهشێرم و «دژە زایۆنییەکان» و کۆمۆنستە توندڕەوەکان، لەگەڵ هەندێ ڕۆشنبیری توندڕەوی سەربەخۆ و هەندێ هونەرمەندی دژە کولتووری کۆسمۆپۆلیت و هەموو تەریک و خۆپەسەند و ڕاڕا و نهیلست و ئەو جوولەکە ئەڵمانیانەی کە نەیانتوانیبوو ئەڵمانێتی لەخۆیان دامالن و ئینگلیزویستە توندڕەوەکان و ڕۆژهەڵاتییە بە فەرەنسیبووە دەوڵەمەندەکان، لەگەڵ ئەوانەشدا کە ئێمە پێمان وابوو زیادەڕۆیی لەکوێخایەتیدا دەکەن، هەروەها یەمەنی و جۆرجی و باکوور ئەفریقیایی و کورد و بەگومانەکان. بەدڵنیاییەوە هەموویان برامان بوون و بابەتی گرنگی مرۆڤایەتی بوون، بەڵام پیاو بڵێ چی کە ئەم دەستانە، دڵگەورەیی و سەرهێشەی یەکجار زۆریان پێ دەویست.

شانبەشانی ئەمانەش، ڕەوکردووەکان، ئەوانەی کە لە جەنگ دەرباز ببوون، هەبوون و بەناچاری و بە سۆزەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکردن: ئایا هەڵەی ئێمە بوو ئەو کەرتوپەرتە مرۆییانە، لەجیاتی ئەوەی، بەرلەوەی کات بەسەر بچێ بێنە ئێرە، دانیشن و چاوەڕوانی هیتلەر بکەن؟ بۆچی لەبری ئەوەی قەبووڵ بکەن وەک مەڕ بەرەو قەسابخانە ڕایان بدەن، خۆیان ڕێک نەخست و بەرهەڵستییان نەکرد؟ ئەگەر وازیشیان لە بۆڵەبۆڵ هێناباو گلەییشیان لە (یدی) نەکردبا و هەر باسی بەسەرهاتی ئەوێی خۆیان کردبا هەر باش بوو. ئەوان، بەو خەسڵەتە ڕۆژی ئێمەشیان لەگەڵ خۆیاندا ناخۆش کردبوو. هەرچۆنێ بێ، ئێمە ڕوومان لە پاشەڕۆژ بوو نەک ڕابردوو. ئەگەرناچار بوایەین ڕەگ لە ڕابردوودا داکوتین، مێژووی عیبری سەردەمی ئینجیل و هەسمۆنییەکانمان بەس بوو. پێویست نەبوو بە مێژووی سەدان ساڵەی کارەساتی جوولەکەوە ببەسترێینەوە و (کارەسات لەناوچەوانی خۆمان مۆر بکەین و وشە «تسورەس»ی یدی بەکاربێنین، کوڕەکە دەزانێ سورەس جۆرە نەخۆشییەکە ئەوان دەگرێتەوە نەک ئێمە) ئەو خەڵکانەی کە مابوونەوە، وەک جەنابی لیخت، کە ناوی (ملیۆنێ منداڵ)ی لێ نرابوو. لە شەقامی مەلاکی کونەدیوارێکی بەکرێ گرتبوو، لەوێ دەنووست و بە ڕۆژەوە دۆشەکەکەی لوول دەدا و هەرلەوێ جلشۆرییەکی بچووکی کیمیایی و ئوتووی هەڵمی دانابوو. وەک کەسێکی سڵ، یان ڕقاوی، هەردوو گۆشەی لالێوی سەرەوخوار بوون. لەبەر دەرگاکە دەوێستا و چاوەڕوانی کەسێکی دەکرد جلی بۆ ببا و هەموو جارێکیش کە منداڵە دراوسێکان بەلایدا ڕەت دەبوون، ڕووی وەردەچەرخاند و تفێکی ڕۆ دەکرد و لە بەرخۆیەوە دەیگوت: «یەک ملیۆن مردن! منداڵی وەک ئێوە! هەموو قەسابی کران!» ئەوەی بە دەنگی خەماوییەوە نەدەگوت، بەڵکو بەڕقەوە دەیگوت و پڕ بوو

لەقێزبوونەوە، دەتگوت ڕقی لێمانە.

باوک و دایکم لەنێوان گیانبازەکان و کرێمخۆرەکاندا جێیەکی تایبەتییان نەبوو. پێیەکیان لەناو کۆمەڵگەی گوێڕایەڵ بوو (سەر بە بنکەی تەندروستی بوون و ئابوونەیان بە سەندیکای خۆشگوزەرانیش دەدا)، بەڵام دووەمیان بە ڕێڕەوی. باوکم لە ڕۆح و دڵەوە لایەنگری سەربەخۆکان و تازە زایۆنییە لادەرەکانی پابۆتێنسکی بوو، ئەگەرچی لەگەڵ تۆپ و تفەنگەکانیشیاندا نەبوو. ئەو زیاتر توانای ئینگلیزی خۆی بەکاردەهێنا و بەشداری لەدەرهێنانی نامیلکەی نهێنیدا دەکرد کە بەناوی (ئالیبۆنی ڕەنج بە خەسار) دەردەچوو. ئەوان بەرەو ڕۆشنگەرایی ڕیهاڤیا دەچوون، بەڵام ئەو بیرۆکە زرەی مارتین بۆبەرلە (بریت شالۆم) هەیبوو و کاری بۆ برایەتی جوولەکە و عارەب دەکرد، دەسبەردان بوو لە دەوڵەتی جوو. هیوایەک بوو عارەب بەزەییان پێماندا بێتەوە و ڕێمان بدەن لەبەر پێیاندا بژین. بەلای دایک و باوکمەوە، ئەو بۆچوونە دەستبەردان بوو لە بڕبڕەی پشت و ئەو جۆرە ترسنۆکییە بوو کە سەدان ساڵ ژیانی دەربەدەری جوولەکەی ڕاگیرکردبوو.

دایکم، کە لە زانکۆی پراگ خوێندبووی و لە ئۆرشەلیم شادەی ئەکادیمی بەدەست هێنابوو، وانەی تایبەتی بەو خوێندکارانە دەگوتەوە کە لە مێژوو و ئەدەبدا دەچوونە تاقیکردنەوەی کۆتاییەوە. باوکم شادەی ئەدەبی لە ڤیلنا (ڤیلنیوسی ئێستا) وەرگرتبوو و لەسەر ئەوشەوە لە زانکۆی سکۆپسبۆرگ لە کاتێکدا خوێندبووی، کە ژمارەی ئەدیبان لە ژمارەی خوێندکارانی ئەدەب گەلێ زیاتر بوو. لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە زۆر لەمامۆستاکان بە شادەی درەوشەداری زانکۆکانی ئەڵمانیاوە هاتبوون. وەک باوکم نا، وەک شادەی پۆڵۆنیا و ئۆرشەلیمیش نا. لەبەر ئەوە باوکم کرابووە فەرمانبەری کتێبخانەی نەتەوەیی لەسکۆپسبێرگ و ئێواران تا درەنگ دادەنیشت و لێکۆڵینەوەی لەسەر کورتە ڕۆمانی عیبری دەکرد، یان چاوێکی بەمێژووی ئەدەبی جیهاندا دەگێڕا. باوکم لەکاری کتێبخانەدا زۆر لێهاتوو بوو، تووندوتیژبوو، بەڵام نەختێ شەرمنیش بوو. بۆینباغی لەمل بوو و چاویلکەی خڕی لە چاودابوو و چاکەتێکی کەمێ سواوی لەبەردا بوو. پیاوێک بوو، سەری ڕێزی بۆ گەوران نەوی دەکرد و خێرا دەرگای بۆ خانمان دەکردەوە و لەسەر مافی خۆی گردەبڕ و سوور بوو، بەجوانی، بە دە زمان شیعری دەنووسی و هەمیشە وای دەردەبڕی کە بارسووکییە و هەمیشە سوعبەتی دەکرد و ناوی شانۆ، یان نوکتەی لێ دەنا. سوعبەتەکانی، بەشێوەیەکی گشتی توندبوون و باسی ئامانجی دیاریکراو و ئەرک بوون، زیاتر لەوەی باسی زەوق و ژیانی ڕۆژانە بن.

هەر جارێ باوکم تووشی گیانبازێکی جل خاکی، یان شۆڕشگێڕ، یان ڕۆشنبیرێک بوایە کە کاری جەستەییان کردبا، زۆر دەشڵەژا. لە جیهانی دەرەوە، لە ڤلینا، یان لە وارشۆ پیاو ڕێک دەیزانی چۆن لەگەڵ پرۆلیتارێکدا قسان بکا. هەر کەسە و جێی خۆی دەزانی ئەگەرچی لەپێناوی مافی کرێکاراندا خۆپیشاندانی دیموکراتییانەشیان کردبا، بەڵام لێرە، لە ئۆرشەلیم، هیچ شتێک ڕوون نییە. وەک ڕووسیای کۆمۆنیست هەڵاوگێڕنەبۆتەوە، بەڵکو هەموو شتێک تێکەڵ کراوە.

باوکم لە لایەکەوە، بەڕاستی سەر بەچینی ناوەنجی بوو، ئەگەرچی لە ڕاستڕەوەکانیشەوە دوور بوو. پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو و کتێب و گوتاری دەنووسین و ئەرکێکی بێ لێپرسینەوەی لەکتێبخانەی نەتەوایەتی هەبوو، بەڵام ئەوەی قسەی لەگەڵدا دەکرد کرێکارێکی بیناسازی عارەقاوی بەدلەلەبەر بوو، بەپێڵاوی زل و بەهێزەوە. لەلایەکی تریشەوە، دەیانگوت ئەو کرێکارە جۆرە شادەیەکی لەکیمیادا هەیە و خۆتەرخانکەرێکی گیانباز، خوێی زەوی و قارەمانێکی شۆڕشگێڕ بوو و کاری جەستەییشی دەکرد. کەچی باوکم، بە هەرحاڵ لەناخەوە، خۆی پێ بێ ڕەگ بوو، ڕۆشنبیرێکی چاوکز بوو، بە دوو دەستەچەپەوە. جۆرە ڕاکردووەیەکی بەرەی شەڕ بوو لەکاتێکدا کە وڵات بنیاد دەنرا.

زۆربەی دراوسێکانمان فەرمانبەر و مەعمەلەچی بوون و هەندێکیش کاری بانقیان دەکرد. ئەگەر لە پشت پەنجەرەی بلیتفرۆشی نەبوونایە، مامۆستا بوون، دانساز بوون، یان وانەی تایبەتییان دەدایەوە. زۆر بەدین نەبوون و تەنیا لە ڕۆژی تۆبە و لێبوردندا دەچوونە کنیسە و هەندێ جاریش بۆ ئاهەنگ. هەرچۆنێ بووبێ، هەموو ئێوارەیەکی هەینی مۆمیان دادەگیرساند؛ ڕەنگە ئەوەیان بۆ هێشتنەوەی پێوەندی بە کەلەپووری جوولەکەوە بووبێ و ڕەنگیشە بۆ خۆپاریزی و دڵنیایی بووبێ، بەڵام ڕاستییەکەی نەدەزاندرا. هەموویان، تاڕادەیەک

خوێندەوار بوون، بەڵام لە بارودۆخی خۆیان ڕازی نەبوون. بۆچوونی گـردەبڕیان لەسـەر دەسـەڵاتی بەریتـانی و پاشـەڕۆژی زایۆنیـزم و چینی کـرێکاران و کـەلەپووری وڵات و هێرشی دورینگ بۆ سەر مارکس و ڕۆمـانەکانی کنوت هامسن و مەسـەلەی عـارەب و مـافی ژن هەبوو. هەمـوویان، بە شێوەیەک لە شێوەکان خاوەنی بیرکردنەوە بوون و شـارەزاییـان لەئاییندا هەبوو و بۆ نموونە. دەیانویست پێش بە توندڕەویی ئایینی سپیۆنێزە بگیرێ، یان دەکەوتنە کۆشش بۆ ئەوەی بۆ عـارەبی فـەلەسـتینی بیسـەلمێنن کە ئەوان عـارەب نین، بەڵکو سەرچاوەیان بۆ عیبرییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە. دەشیانتوانی لە بارەی بۆچوونی کانت و هیگلەوە ئەنجامگیری بکەن. هەروەها لەزانیاری تۆلستۆی و زایۆنیزم بۆچوونێک بنیاد بنێن کە لێرە، لەخاکی ئیسرائیلدا ببێتە بناغەی ژیانێکی خۆش و تەندروست و پاک. ئەگەر بە گەرمی باسی بەرهەمهێنانی شیـری بزنیشـیـان بکردبا ،باسی هاوکـارییـان لەگـەڵ ئەمەریکا و تەنانەت ستالینیشدا دەکرد تا دەسەڵاتی بەریتانیا بەدەرنێن، یان باسی ئەوەیان دەکرد کە هەموو کەسێک دەبێ بەیانیان وەرزش بکا تا دەمارگرژی لابەرێ و ڕۆح پاک بکاتەوە.

ئەودراوسێیانەمان کە ئێوارەی ڕۆژانی شەممە لەباخچە بچکۆلەکە کۆدەبوونەوە و چایەی ڕووسییان دەخواردەوە، زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکانێکی دەست سپی بوون. هەر جارێ یەکێک بیویستبا وایەرێک چاک بکاتەوە، یان واشەرێک بگۆڕێ، یان کونێک لەدیوار بکا، بە دووی (بارۆخ)یدا دەنارد، کە تاکە کەس بوو ئەو جۆرە کارانەی دەزانی. هەر لەبەر ئەوەش پێیان دەگوت (بارۆخە دەست زێڕین). هەمـوو ئەوانی دی، بەخـیـتـابی ئاگـرین شیکردنەوەیان بۆ ئەوە هەبوو کە بۆ گەلی جوولەکە چەند گرینگە بگەڕێنەوە سەر ژیانی کشـتوکـاڵی و کـاری جەستەیی. ڕایاندەگەیاند: ئێمە خەڵکی ڕۆشنبیرمان زیاد لە پێویست هەیە، بەڵام ئەوەی کـەمـە، کـرێکاری جەستەییە. لە گەڕەکەکەماندا، جگە لە بارۆخی دەست زێڕین، کـەسی تر نەبوو کرێکاری بکا. ڕۆشنبیری زۆر گەورەشمان نەبوو. هەموو کەس، ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە و هەموو کەس حەزیان لە قسەکردن بوو. هەندێ کەس، لەزۆر لایەنەوە توانایان هەبوو. هی وا هەبوون بیریان تیژ بوو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان هەر ئەوەیان دەگوتەوە کە لە ڕۆژنامـە و ژمـارەی بێ سنووری پێـداهەڵدان و مانیفێستی حیزبدا خوێندبوویانەوە.

بەمنداڵی، دەمـتـوانی جیـاوازییـەکی تەمـاوی کـەم لەنێوان لایەنگری توندیان لە دارشتنەوەی جیهان و ئەو شێوازەدا بکەم کە کاتێ بۆ چا خواردنەوە بانگهێشت دەکران، لێواری شەپقەیان پێ بەتاڵ دەکردەوە. کە دایکم کەمێ دادەچەمی تا شەکر بکاتە پیاڵەکانەوە، لەشەرماندا گوێیان خڕ دەبوو، بەتایبەتی ئەگەر جێیەکی دایکم زیاد لەعـادەت دەرکـەوتبـا. سـەرلێشـێـواوی تەواویان لە دەسـتـیـاندا دەردەکـەوت و دەتگوت پەنجـەیان بەدەوری خۆیاندا پێچ دەخۆنەوە و نایانەوێ چیدی پەنجە بن.

دەتگوت هەر هەمـوویان ڕاسـتـەوخـۆ لە چیـخـەف خوازراونەتەوە، ئەوەش هەستێکی لادێیی دەدامێ، کە لە جیهاندا جێگای زۆر دوور هەیە ژیانی ڕاستەقینەی تێدا بەردەوامـە. لە ئەورووپای هیـتلەردا، هەمـوو ئێـوارەیەک سەدان لامپا دادەگیرسێن و ژن و پیاو کۆدەبنەوە تا لەو ژوورە لەوحـڕێژ کـراوانەدا چایە و شـیـربخـۆنەوە، یان قاوەخانەی خۆش، لەبەر تیشکی سورەیا، پاڵ دەدەنەوە.. باسک بە باسکی یەکـدا دەکـەن و دەچنە ئۆپیـرا، یان بالێت و ژیانی هونەرمەندان لەنێزیکەوە دەبینن. ئەورووپا بەچیـرۆکی ئەویندارى بە ئازار و دڵی شکاوەوە، لەوێ هاوسـەری هونەرمـەندان عـاشـقی نێـزیکـترین دۆسـتی نۆتەنووسی هاوسـەری خـۆیان دەبن، یان خـەڵکی سەرکۆت، لە نیوەشەودا و بە بەر باراندا، بە تەنیا دەچنە سەر کۆنە پردێک کە وێنەکەی لەناو ئاوی ڕووبارەکەدا دەدرەوشێتەوە.

هیچ کـاتێک، هیچ شـەڕێک لە گـەڕەکی ئێمـەدا ڕووی نەدا. شتی وا لەدوور، لەودیو گردەکان، لەو جێیانەدا کە خـەڵک بێ گـوێدانە ژیان دەژیان، شـەڕ ڕووی دەدا. لە ئەمـەریکا، لەو جـێـیـانەدا کـە خـەڵک بە دووی زێڕدا دەگەڕان و قـەتاری بەریدیان ڕووت دەکردەوە و بەدەشتی بێ کـۆتاییـدا ڕاوی ڕەوە گـیـاندارایان دەکـرد و ئەوەی زۆرترین هیندی سووری کوشتبا دڵی کیژی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، شەڕ دەبوو. ئێمە لە (سینەما ئۆدیسۆن)دا، ئاوها ئەمـەریکامـان دەدی: باشـترین تەقـەکـەر، کیـژە جوانەکەی بە خەڵات وەردەگرت. نازانم دوایی تەقەکەرەکە چی لەو خـەڵاتە دەکـرد. ئەگـەر لەو بابەتە فـیلمـانەدا پێشـانیان دابا ئەوەی زۆرترین کیژ بکوژێ، بە سەلارترین هیندی سـوور خـەڵات دەکرێ، بەبێ یەک و دوو باوەڕم دەکرد. بە هەرحاڵ، لەو جیهـانە دوورە دەسـتـەدا باوەڕ

دەکرا. لە ئەمەریکا و لەو شوێنە خۆشانەی جیهان کە لە ئەلبوومی پوولەکانمدا هەبوون، پاریس، ئەسکەندەرییە، لۆگانۆ، بیاریتز، سانموریتز، لەو شوێنانەدا کە پیاوی خوا عاشق دەبوون، دوو کەس شەرەفمەندانە شەڕەگوللە دەکەن، دۆڕاو دەست لە خەبات هەڵدەگرێ، سەفەر کردوو، دانیشتووی باڕی مەیلەو تاریکی دوای نیوەشەو لە شەقامێکی پڕ لە داری شارگەلێک، کە بارانی بەخوڕ دەبارێ، هەروەها ئەوانەش کە بەبێ گوێدانە ژیان دەژین.

تەنانەت لە ڕۆمانەکانی تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکیش کە هەمیشە دەمەتەقێیان لەسەر دەکرا، قارەمانەکان بەبێ گوێدان دەژیان و لەپێناوی ئەویندا دەمردن، یان لە پێناوی بۆچوونێکی بەرزدا، یان نەخۆشی سیل و دڵشکان دەیکوشتن. گیانبازەکانیش بەبێ گوێدان دەژیان. لەگردەکانی گالیلین. هیچ کەسێک لەناوچەکەماندا بەسیل، یان لەپێناوی ئەوینی بێ ئەنجام، یان بیروباوەڕدا نەمرد. ژیانی دانیشتوانی ئەوێ زۆر لەگوێپێنەدانەوە دوور بوو. هەر دایک و باوکی من نا، هەمووان.

یاسایەکی توندوتیژمان هەبوو، کە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک، هیچ کەرەسەیەک لە دەرەوە بهێندرێ ئەگەر لە وڵاتی خۆماندا هاوجۆر و بەهای هەبووبێ، بەڵام کاتێ کە چووینە دوکانی ئاوستەر، کە کەوتبووە گۆشەی نێوان ئۆبادیا و شەقامی ئامووسەوە، هەرچۆنێ بێ، ناچار بووین لەنێوان پەنیری (کیبوت)ی ئیسرائیلی کە بنکەی هەروەزی (تنوڤە) بەرهەمی دەهێنا و پەنیری عارەبیدا یەکێکیان هەڵبژێرین: پەنیرە عارەبییەکە هی گوندی (لفتە)ی عارەب بوو کە لێمانەوە نێزیک بوو. ئایا ئەو پەنیرە عارەبییە هی ناوخۆ بوو،یان دەرەکی؟ ئەوە پرسیارێکی تیژە. لە ڕاستیدا، پەنیرە عارەبییەکە کەمێ هەرزانتر بوو، بەڵام ئەگەر یەکێ پەنیری عارەب بکڕێ، خیانەت لەزایۆنیزم ناکا؟ لەجێیەکدا، لە بنکەیەکی هەرەوەرزی، یان لە (موشاڤ)ی ئۆرشەلیم، یان لەنێوان گردەکانی گالیلین، کیژێکی ماندووی کار، خەریکە پەنیرمان بۆ دەپێچێتەوە و ڕەنگە ئەشکیش لەچاویدا بێ- چۆن دەشێ پشتی تێ بکەین و پەنیری بێگانە بکڕین، لە ڕوومان دێ کاری وابکەین؟ بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بۆیکۆتی بەرهەمی عارەبە دراوسێکانمان بکەین، ڕەنگە ڕقی ئەو دوو میللەتە قووڵتر بکەینەوە. ئەوجا خوانەخواستە، لێپرسراو بین بەرانبەر ئەو خوێنەی کە دەڕژێ. بەڵێ وەرزێرێکی چەوساوەی عارەبە و کار لە زەویدا دەکا و ڕۆحێکی بێ گەردی هەیە و هێشتا هەوای ژەهراوی ژیانی شار پیسی نەکردووە. لەڕاستیدا ئەو برا ئەسمەرە، برای (موجیک mujik)ە ساکار ودڵپاکەکانە، وەک لە ڕۆمانەکانی تۆلستۆیدا باس کراوە! دەشیا ئەوەندە دڵڕەق بین پشت لە پەنیرە گوندییەکەی بکەین؟ دەکرا ئەوەندە بێ ویژدان بین سزای بدەین؟ بۆچی ئەوە بکەین؟ هەر لەبەر ئەوەی بەریتانییە قۆڵبڕەکان و ئەفەندییە بەرتیلخۆرەکان کردیانە دوژمنی ئێمە؟ نەخێر، ئەم جارەیان هەر دەبێ پەنیری عارەب بکڕین، کە لە ڕاستیدا لە پەنیری (تنۆڤایە) بەتامترە و لەسەر ئەوەشەوە، هەرزانترە، بەڵام ئەو بۆچوونەش هەبوو کە پەنیری عارەب زۆر پاک نییە. کێ چوزانێ شوێنی دروستکردنەکەی چۆنە؟ ئەدی ئەگەر دوایی، دوای ئەوەی زۆر درەنگ دەبێ، بزانین پەنیرەکەیان پڕە لە بەکتریا؟

بەکتریا، یەکێ بوو لە دوژمنە تۆقێنەرەکانمان. وەک دژەسامییەکان وا بوو: لەڕاستیدا، پیاو نەیدەتوانی دژەسامی و بەکتریا ببینێ، بەڵام زۆر چاک دەمانزانی بێ ئەوەی لەبەرچاوبن، لە هەموو شوێنێکدا بۆمان ئامادەن، بەڵام ئەوەش ڕاست نەبوو کە قەت کەسمان بەکتریای نەدیوە. من دیبووم. گەلێ جار ماوەی دوور و درێژ بەدیار پارچە پەنیرێکەوە دادەنیشتم و تەماشام دەکرد. کتوپڕ، هەزاران خەڵقەندی ورد وردی بزێوم دەدی. وەک هێزی ڕاکێشانی زەوی لە ئۆرشەلیم، چۆن ئەوسا زۆر لە ئێستا بەهێزتر بوو، بەکتریای ئەو دەمەش لەهی ئێستا گەورەتر و بەهێزتر بوون.بەڵێ، دەمبینین.

گەلێ جار،کڕیارەکان لەدوکانەکەی جەنابی ئاوستەر دەبووە دەمەتەقێیان: پەنیری عارەب بکڕن، یان نەیکڕن؟ لەلایەکەوە دەبوو پیاو بەر لە هەموو کەسێک یارمەتی نێزیکەکانی خۆی بدا و بەو پێیە، دەبوو پەنیری تنۆڤە بکڕین. لەلایەکی ترەوە مەسەلەکە ئاوها بوو کە «یەک یاسا و هەمان یاسا بەسەر هاووڵاتی و دەرەکی ناو وڵاتدا دەسەپێ» وبەو پێیە دەبوو جاروبار پەنیری عارەبە دراوسێکانمان بکڕین. «ئاخر ئێوە خۆتان لە خاکی میسردا بێگانە بوون» بیری لێ بکەنەوە، تۆلستۆی بەچ چاوێکی سڵەوە تەماشای ئەوانە دەکا، کە بەپێی جیاوازی ئایین و ڕەگەز و نەتەوایەتی، فلانە جۆری پەنیر دەکڕن و هیچی دی! بەها جیهانییەکان چۆن بوون؟ مرۆڤایەتی؟ برایەتی نێوان مرۆڤ؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لەبەر ئەوەی

پەنیـری عـارەب کـەمێ هەرزانتـرە، بیکڕی و ئەو پەنیـرە نەکڕیت کە گیـانبازەکـان بە ماندوویەکی و عـارەقڕشتنەوە بۆمـــانی بەرهەم دێنن، بیـــانوویەکی زۆر لاواز و بێ کاریگەرە!

شـەرمـەزارییە! شـەرمەزاری و خـەسـارەتە! هەرچیـیـەک بکەین، شـەرمـەزاری و خـەسـارەتە! هەمـوو ژیانمان پڕ بوو لە شەرمەزاری و خەسارەتی ئاوها!

سەرلێشێواوییەکی تریش هەبوو، پیاو گوڵ بۆ جەژنی لەدایکبـوون بنێـرێ، یان نەینێـرێ؟ ئەگـەر بینێـرێ، چ جـۆرێ؟ (گـلادیولوس) گـەلێ گـران بوون، بەڵام گـوڵی ئەرستـۆکـراتی و هەسـتـیـار و جێگیـربوون، نەک جۆرە گـیـاپیـسکەیەکی ئاسـیـایی نیـوە کـێـوی. چەندمـان بویستبایە، دەمانتوانی گوڵە خاشخاش و گوڵە بخوور بچنین، بەڵام بـەجێ نەبوو ئەو گـــوڵانە بـۆ جـــەژنی لەدایکبوون، یان بۆ کـەسێک بنێرین کـە کـتـێبی چاپ کـردووە. (گـلادیولوس) خـەیاڵی بەرەو کـۆنسـێـرت و ئاهەنگی گـەورە و بالێت و کـەلەپوور و هەسـتی قـووڵ دەبرد.

بەو شـێـوەیە (گـلادیولـوس)مـان دەنارد و قـیـرسـیـا لە نرخەکـەی، بەڵام دیسـان ئەو پرسـیـارە دەکرا ئاخـۆ حەوت دانە زۆر نیـیـە؟ ئەدی پێنج دانە کـەم نیـیـە؟ دەبێ شـەش دانە بەرین؟ یان هەر حـەوت بنێـرین باشـترە؟ قـیـرسـیـا لەنرخەکەی. هەندێ گەلاقـامیش بـە دەوریەوە بکەین، بە شـــەش دانە نەجـــاتمان دەبێ. لەلایەکی ترەوە، ناردنی گلادیولوس دیاردەیەکی کۆن بوو. ئێستا لەم سەردەمەدا کێ گوڵی گلادیولوس دەنێرێ؟ ئایا گیانبازەکانی گالیلین گلادیولوسیان بۆ یەکتـر دەنارد؟ ئێستـاش خـەڵکی تەل ئەڤیڤ بە گلادیولوس خۆیان تووشی سەرهێشە دەکەن؟ ئەدی بەڕاست، چ سـوودێک لەو گـوڵەدا هەیە؟ پارەیەکی زۆری تێ دەچێ و دوای چوار پێنج ڕۆژ، فـڕە دەدرێتـــە تەنەکـەی زبڵـــەوە. کـەوابێ چی ببـەخـشین؟ قـــوتووە شوکلادێک چۆنە؟ قـوتووە شوکلاد؟ ئەوە، لە گلادیولوس شێـتانەترە. ڕەنگە دەسـتەسڕ، یان جۆرە سینیـیـەک بۆ پیـاڵە باشـتـر بێ، مـێـتـاڵێـک، دەسکی هەبێ و ڕەنگی زیوین بێ و لەکـــاتی خـــواردنەوەی چایەی گـــەرمـــدا بەکـاربهـێندرێ. ئەوە دیاردەیەکی هونەری و بەکـەڵکە و فـڕە ناردێ و بۆ مـاوەیەکی دوورو درێژ بەکـاردەهێندرێ و هەرکە بەکاریشی بێنن، بیریان دەکەوینەوە.

# چاپا سێیێ یا (برینا رەش) و ئاخفتنەکا سەرپێ

ئەحمەد قەرەنی

«برینا رەش» شانۆنامەیەکا چار پەردەیەو، ژ نڤیسینا مووسا عەنتەری یە. چاپا وێ یا سێیەم ل سالا (١٩٩٩)ێ ل ستەنبۆل و، ژ ئالییێ وەشانخانا ئاڤەستا ب هەژمارا چاپکرییێن خوە (٥٦) و ل بارەی بەرهەمێن رەحمەتی مووسا عەنتەری یا سێیەمە. هەژی یە بێژین کو چاپا دوویێ ژی ل سالا (١٩٩٢)ێ هاتبوو چاپکرن ژبلی چاپا یەکەم کو هەر ژ ئالییێ نڤیسکاری ڤە ل عەرەبستانا سعودی و ل سالا (١٩٦٥) هاتبوو چاپکرن. لێ چاپا سێیەم کو ئەوا نها ل بەر دەستێن مە دایە کتێبەکە ژ دوو بەشان پێکهاتییە، بەشا یەکەم دەقا شانۆمەیێ یە کو ژ (٥٩) رووپەلان و هەر ب رێنڤیسا کوردی- لاتینی پێکهاتییە. و بەشا دووەم ب هەمان شێوە هاتیە میزانباش کرن کو وەرگێڕاندنا وێیە ب زمانێ ترکی. لێ ناڤێ وەرگێڕی نەهاتیە نڤیسین و خوەندەڤانی شاش دکەت کو نەزانیت.. ئەڤ دەقە مووسا عەنتەری ب هەردوو زمانان نڤیسییە یان ژی نڤیسکاری ب یەکی ژ هەردوو زمانان نڤیسیبە و دەزگەها وەشاندنێ وەرگێڕاندییە سەر زمانی دیکە ژی. هەرچەندە




ژبلی ئەڤان هەرسێ چاپان هنەک جاران د رۆژنامە و گۆڤاران دا ژی، بەحس ژێ هاتیەکرن و تەنانەت د رۆژنامەیا «کوردستان پرێس» ئەوا ل سوێد دەردچوو، ل هەژمارا ٨٤- ٢٦ ئیلۆن- ١٩٩٠دا، و ل رووپەلێن (١٨ - ١٩- ٢٠)دا چاڤپێکەفتنەک دگەل مووسا عەنتەری هاتبوو سازکرن و ژبلی بیروڕاییێن وی یێن سیاسی و ئەدەبی، پێشەکی و پەردا یەکێ ژ پەرتووکا (شانۆنامەیا) برینا رەش هاتبوو بەلاڤکرن و وێنەیێ بەرگێ پێشین ژی تێدا هەبوو کو ب کوردی هاتیە نڤیسین برینا رەش و دبندا ب ترکی و د ناڤبەرا دوو کەڤانێن بچووکدا هاتیە نڤیسین (کارا یارا) و د رۆهنڤەکرنێ دا هاتیە کو ئەڤە بەرگێ پێشینا چاپا سالا (١٩٦٥) و شوین ژی ستەنبۆل بوویە. لێ شوین و مەبەستێن نڤیسینا ئەڤێ شانۆنامەیێ مووسا عەنتەری ب خوە دپێشەکییەکا کورتدا دیارکرییە، کو دبێژیت: (خوەندەڤانێن دەلال من ئەڤ پرتووک سالا «١٩٥٩»ئان ل ستەنبۆلێ، ل حاربیە د حوجرا «٣٨» ئان دە وەختێ کو ئەز گرتی بووم، نڤیسیبوو. تشتی کو هوونێ

د ڤر ده بخوینن گشک سەرپێهاتییێن منن. ل رۆژهلاتێ «برینێن رەش» پڕن. وەک پیرۆڤا چاڤان، ئێشا زراڤ، کۆتیبوون و ئا ژ ڤان گشکان دژوارتر و دیبا وان ژارتی و نەزانی و فەقیرتی یە. هوونێ نها تشتێن کو ڤان ئێش و بەلا ئانینە سەرێ مە. د ڤێ پرتووکێ دە ببینن/ مووسا عانتەر- ٢٤/ چلە/ ١٩٦٥ سوعادییە).

کەسێن ئەڤێ شانۆنامەیێ ئەڤن: (زینۆ، برۆ، مستۆ، بەدۆ، ئاپێ سادۆ، سەرۆخان، کەلۆس، رەشۆ، خەنسێ، سلۆ، خۆرت، گولێ، بوهارێ).

پەردا یەکێ ژ ئەڤێ شانۆنامەیێ چار کارەکتەر تێدا بەشدارن، هەر وەکو د دەستپێکا وێ دا ب جوانی خویا دبە:

«جهێ بوونێ: گوندەکی بەگان ل دەشتا دیاربەکرێ، ناڤێ گوند زۆراڤا.

تەماشاگەه: مالا برۆیێ فەقیرێ مەرەبە، مالا بەگ ل زۆراڤایە.

مال ئۆدەکا کەرپیچایە. د ئۆدێ رە رێ دەرە ئاخۆ. هوندر رەش و قرێژییە. مال، ژ دەرڤە ب تاپکێ رێخێ سایاندییە...»

ئەڤە ب کورتی پەسن و سەر و بەرێ مالا برۆیە و ل دووڤدا بەحسا ژینا برۆ تێ کرن کو چاوا دلێ وی کەتیە ئەوێ کەچا بێ دایک و باب کو ل مالا بەگێ زۆراڤا ل دیاربەکرێ ناس کرییە و هەردوکان مالەک ل گوند دانی بوو و هەشت زارۆکێن وان چێ بووبوون، هەفت ژێ مربوون، تەنێ لاوەک ژ وان رە مابوو کو ناڤێ وی بەدۆ بوو. برۆ خستبوو مەکتەبی.. دایک و بابان هەموو زەحمەت و کەد و رەنجبەریا وان ژ بۆ خزمەت و دابینکرنا بێدڤی و بەرداریا برۆ دمەزخاند.

برۆ ژ جۆتکرنێ دزڤڕی مال و وی دەمی زینۆ هەڤیردکر، لێ برۆ مەرشک دانا و ل سەر روونشت و نانەکی جەهێ وترارەکی دەوی و سەرکە پیڤازەک ژ خوە دانی و دەست ب خوارنێ کرو، دگەل ئەڤێ دەستوداریێ هەردو کەفتبوونە سوحبەتا پڕ گل و گازندە ژ حال و مال و ماندیبوونا خوە، د ئەڤێ هەڤپەیڤینێ دا کاودانێن گوند و سەروبەرێ مالێ هەموو تێدا دهێتە خویاکرن، ژ ئەوان سوحبەتان ئاخفتن دگەهتە سەر پاشەڕۆژا کوڕێ وان بەدۆی کو هەموو ئومێد و هێڤیێن وان ئەون کو بەدۆ پلەیەکا مەزن ب دەست بینیت، ئەڤ هزرە ژی ژبۆ زینو چێ بوونە چاخێ خانما مەزن بەحسا وان کەسان دکر ئەوێن ژ مەکتەبێ دەرچوون و بووینە مودیر ناحیە، دوکتۆر، موهەندس... زینۆی ئەڤ تشتە فەهم دکر وەختا دناڤ مالا بەگ دا کاردکر و زانیبوون، لێ ژ برۆ را خەون بوون. دناڤ گەرمە گەرما سوحبەتا وان دا (زەرۆ)یا کەچا جیرانا وان دهێتە مالا وان و ب شەرم و فێدی ڤە دبێژە کو دایکا وێ ئەو سپاردییە تاکو سەلکەک ئارد ب دەین بدن وان.

داخوازی ب جه نایێ چونکە ئەو ئارێ جەهی وان هەی زینۆی هەموو هەڤیر کرییە. کەچک دچە، لێ سوحبەتا هەردوویان هەرا بەردەوامە، هەتا جیرانێ وان مستۆ دهێتە مالا وان و ئەو سوحبەتا دناڤ مالباتێ دا دبیتە سوحبەتا گوند و وەلات، چونکە هاتنا مستۆی ژبۆ مالا وان هەر ژبۆ سۆراغا بەدۆی بوویە. دناڤ ئەڤان سوحبەتان دا خویایە کو بەدۆ قۆناغا خوەندنا لیسێ (ئامادەیی) تەمام کری یە و، وێ چوویە باژار خوەندنا خوە ب داوی بینە و دێ بیتە بەگ یان ژی کەسانەکی ب کێر خوە هاتی، لێ داوییا پەردەیێ ب ئەوێ ئاخفتنێ دهێت کو دایباب برۆوزینۆ ناهێلن کوڕێ وان پێ بزانە کو ئەو نانێ جەهی دخۆن و، نانێ گەنمی و مزێ ژبەرخوە دانێ ژ بۆ بەدۆ ئامادە دکەن.

پەردا دوویێ هەر روودان ل مالا برۆ نە لێ ڤێ جارێ (بەدۆ)یێ کوڕێ وان ژی ژ مەکتەبێ زڤڕی یە و، نڤیسکار هۆسا پەسنا تەماشگەهێ دکە: (تەماشگەه دیسا مالا برۆیێ فەقیرە. بەدۆ ژ مەکتەبێ هاتیە. ب کنجێن مەکتەبێ نێزیکی دیبا خوە ل سەر بالیفکێ روونشتییە. زینۆ، ل بەر کەوارێ تەشی دڕێسە، برۆ ژی ل سەر مەرشێ پال دایە سەر بالگەه و ب کێف ل لاو و ژنا خوە مەیزە دکە. کنجێن برۆ یێن بەرێ نە. یانی کراس و دەرپەکی جاو ێ پینەکری. قوتکەکی چیتێ سۆر. شەفقاک کەڤن، ب پینە و بەرچاڤک شکەستی. ئەو ژی برۆ پاشووبەر ل سەرێ خوە کرییە. رها وی هاتیە. زینۆ؛ کراسەکی جاوێ سۆر لێیە، پشتک کەڤن ل پشتێیە، پێشمالکا وێ کەڤن و چتکو و زێرکییە. سەرێ وێ وەک یێ دەشتا دیاربەکرێ گشان ب کۆفی یە. ب ڤی هاوایی مالی ل هەڤ روونشتنە و ب دلخوەشی خەبەر ددن.)

دناڤ سوحبەتا هەرسێکان دا خویا دبیت کو ئەوان باوەڕی ب پاشەڕۆژا خوە هەیە و ب هیمەتا کوڕێ وان وێ حالێ وان باش بە، لێ زینۆ خەبەرێ ئینانا مەکینا جۆتکرنێ بهیستی یە و، بەدۆ ژی ئەوێ یەکێ دزانە، لێ برۆ دلگیر و خەمگین دبە چونکە ئەگەر تراکتۆر هات وێ گوندی چ بکن!!. لێ زینۆ ئەوان پشتڕاست دکە کو ئەگەر یەک بچیتە مەکتەبێ وێ ببە کەسانەکی مەزنتر و پاشەڕۆژا وی ژی وێ چێتر ببە، چونکە دێتە بیرا وێ دەما خانما مەزن دگۆت، کا نزانن بابکالکێ وان ژ کیژان گوندێ لجێ هاتیە بەر مەکتەبێ و بوویە بەگ.

دناڤ گەرمە گەرما ئەڤێ سوحبەتێ دە جیرانێ وان ئاپێ سەعدۆ، کەلۆس و سەرۆخان تێن مێڤانی وان. سوحبەتا ئەوان هەرسێکان و هەرسێ مێڤانان هەمی ل سەر بەدۆیە کو ئەوی قۆناغا خوەندنا لیسێ ل دیاربەکرێ تەمام کری یە و، وێ بچیتە باژارێن مەزنتر ژبۆ خوەندنێ. ئاپێ سەعدۆ پەسنا خوەندنێ دکە و دبێژە وەختا سەفەر بەرلکێ مە زابتەک هەبوو خەلکی سلێمانیێ و ناڤێ وی مام خدر بوو، هەردەم دگۆت زارۆیی خوە دانن بەر خوەندنێ و بلا فێر بین، پاشان ئاپێ سەعدۆ مینا پێشبڕکییەکی چێ دکە و دبێژە بەدۆ تۆ خوەندەڤانی ئەزێ هنەک پرسان ژتە بکم و دەست دکە ب پرسیاران: مرۆڤ چاوا چێ بوونە، لەگلەگە، کووسی... لێ کوڕک (بەدۆ) بەرسڤا وان نزانە و دووڤ دا ئاپێ سەعدۆ بەرسڤا وان ددە و ب ئاوایەکی چیرۆک شرۆڤە دکە... دیارە ئاپێ سەعدۆ کەفتبوویە ژێر تەئیسرا زابتەکی ئالمانی. ئەڤ پرس و بەرسڤێن ئاپێ سەعدۆ گەلەک ب دلێ جەمعەتا حازر خوەش هاتن ب تایبەتی کو هەموو ب چیرۆکێن پڕ پەند و سەرهاتیێن واتادار ڤەدگێڕان. سوحبەت پتر گەرم دبوو چاخێ برۆ بەحسا چوونا خوە دکر کو چاوا ل سێرتێ عەسکەری کربوو و ئەو سەربۆرێن ب سەرهاتین دەما سەیسێ هەسپان بوویە و، هەروەها چاوان فێری زمانی ترکی ژی بوو بوو.

دپەردەیا سێیێ دا شوین دیسان مالا برۆیە، لێ کارێن وان جۆدانە مینا: وێ رۆژێ برۆ نەچوویە جۆت، ل مال مایە. زینۆ ل بەر سێلێ روونشتییە نان دپێژە. بەدۆ و برۆ نانێ شکەڤا و دەو ب چەمچکێ ژ چاپەکێ دخون. بەدۆ و برۆ و زینۆ سەر ژیانا گوندو باژار دسەکنن، برۆ وەسا هزر دکە کو ژیانا گوند خوەشترە، لێ زینۆ هزر دکە کو ژیانا باژاران خوەشترو پاکژترە. پاشان دبە وەختێ بێرێ و کەچ و ژنێن گوندی دچنە بێرێ لێ ئەو جیرانێن وان دیسان تێنە سەردانا وان (ئاپێ سەعدۆ، رەشۆ، کەلۆس و سەرۆخان) وسوحبەت زیاتر ل سەر رکابەری وستەما دناڤبەرا جوتیار و بەگان دا یە.

پەردا چارێ ب ئاوایەکی دن دەستپێ دکە، کو پشتی تەمامکرنا لیسێ بەدۆ ل ستەنبۆلێ بەلاشی دچە دیجلە تەلەبە یووردی دا مایە و توبیێ خوەندییە، بوویە دوختور، تاییبنی نەخۆشخانا دیاربەکرێ کرنە. بەدۆ ل دیاربەکرێ مالەکی ب کرێ کرییە. دایک و بابێ خوە ژی ئانییە با خوە.

تەماشگەه: هێوانا مالا زینۆ یا نوویە. زینۆ هێوانا مالا خوە وەکە یا بەگێ خوە یێ بەرێ راخستییە. ل هەردوو ئالیان دک دانییە و ناڤێ ژی ماسەک.

ئەڤ پەردە ژی ل باژار سوحبەتێن وان دناڤبەرا بەدۆ و برۆ و زینۆ دایە. و خەنسێ ژی دهێتە مالا دختوری و گفتوگۆ دناڤبەرا وێ پیرەژنێ و بەدۆ دروست دبیت لێ تشتی ئەنتیکە ئەوە کو ئەو ژنک باوەڕ ناکە کو دختورەکی کورمانج هەبە، چونکە کوڕێ وێ سلۆ نەخوەشە و پاشان چەند کەسایەتی دن ژی بەشداری حالەتێن نوی یێن پەردا چارێ دبن وەکو گولێ وخورتەک دی و بوهاری...

ئەڤ شانۆنامەیە، وەکو ناڤونیشان بەرنیاسە و کێم رەوشەنبیر هەنە ناڤێ وێ نەبهیستبیت، لێ ڤەخویندنا وێ نەکەفتییە بەردەستێ گەلەکان هەرچەندە چەند جاران هاتیە چاپکرن.

# زانستی دەنگ و ئاخافتن

**مەغدید حاجی**

جێگای شانازییە بۆ کورد و بزاڤە رۆشنبیرییەکەی بە گشتی و شانۆی کوردی بەتایبەتی کە هونەرمەند و نووسەرێکی وەکو مامۆستا (ئەحمەد سالار)ی بەرهەم هێناوە. ئەم مامۆستا مەزنە ماوەی (٣٥) ساڵ زیاترە جگە لە بەشداری کاریگەری لە هەردوو بواری نواندن و دەرهێنان، بە نووسین، چ لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا، یان وەک کتێب، دەربارەی شانۆ بە گشتی، خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە گەلەکەی کردووە و بە رەنجی شان و دەست و قەڵەم و هزر و رێبازی تایبەتی خۆی (شانۆی سالار)ی داهێناوە.

(زانستی دەنگ و ئاخافتن) کە لە دوو توێی کتێبێکی (٢٣٠) لاپەڕەیی جوان و بەپێزدا ساڵی پار لە چوارچێوەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (شانۆ) دەرچووە، کەلێنێکی دیاری لە کتێبخانەی کوردی و بەتایبەتی لە کتێبخانەکەنی کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان پڕکردۆتەوە.

پرۆفیسۆر د. فەیسەڵ ئیبراهیم مامۆستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین لەبارەی ئەم بەرهەمەی مامۆستا ئەحمەد سالارەوە نووسیوبەتی و دەڵێ: «... بەو داهێنانە جوانەوە گرەوی بردۆتەوە، کە گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ لایەنی خوێندن لە پەیمانگە (ناوەنجی و باڵاکاندا) و لە تاقیگەکانی ئەکتەردا و لە (خولە پێگەیاندنەکانیدا). بە بەرهەمێک لە دەرگای جیهانی نووسینی پەیڕەومەند دەدات، لە بواری (هونەری دەنگ و دەمودوو) ئەمەش (ئەزموونی سێیەمییەتی)، بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە لە باشترین



سەرچاوەی هەڵ هێنجاوە و ئیلهامی وەرگرتووە، جگە لەوەی بوارێکی لەباری هونەرییانەی چاکی گرتۆتەبەر ئەویش لایەنی ئەنجامدانی ئەو مەبەستەیە کە زۆر پێویستە لە ئامادەکردنی پراکتیکی و تیۆری بۆ:
·هەناسەدان و دەنگ، ئاخاوتن و ئاخاوتنی شانۆیی، لە کۆمەڵگای شانۆدا، بە زۆر چەشنە مەشق و داهێنان و هێنانەوەی چەندین نموونە لە شاکارە جیهانییەکانی دەقی شانۆیی، ئەم پەروەردە کردنەش لەسەر بنەمای: (لە سانا و ساکارەوە بۆ قورس و گران.. لە دایلۆگی سایکۆلۆژی تاکیانە بۆ دوو قۆڵی و پاشان لە تەک بەشداران دا). لە دایلۆگی بیر و فەلسەفە و سایکۆلۆژییەوە بۆ دایلۆگی ئومێدداری و هەڵوێستە تێکەڵەکان .. ئەم جەربەزە ئازایانەی سالار لە نووسینی بابەتی پسپۆڕی ئاوادا دەروازەیەکی بەرین بەڕووی بۆچوون و باری سەرنجی نوێدا والآدەکات. ئەمە بە هەنگاوێکی تایبەتمەندی بایەخدار ناوزەد دەکرێت».

ئەم کتێبە سەنگینەی (ئەحمەد سالار) لە پێنج بەش و (پاشکۆ بەشێک) پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا لە میانەی زانستی دەنگە ئەکۆستیکییەکاندا لەم تەوەرانەی خوارەوە دەدوێت:

(دەروو، ئەکۆستیکییەتی دەنگ، گواستنەوەی دەنگ، جووڵەی چاوگە دەنگ، لەرینەوەی شەپۆلە دەنگ، خێرایی دەنگ، شەپۆلە دەنگ، جیاکردنەوەی دەنگێک لە دەنگێکی دی، پاڵاوتن، چەپکە دەنگ، زرنگانەوە و هەست کردن بە ماوە و قووڵایی دەنگ).

لە تەوەرەی (ئەکۆستیکییەتی) دەنگدا، برای نووسەر پێیوایە کە «کاتێ باس لە زانستی دەنگەوە دەکەین ناتوانین خۆمان لە بوونی زانستی زمان بپارێزین، هەروەها بێ باکانە بەسەریدا ڕابوورین، چونکە وەک پێویستیەکی گرنگی زانستی، زانستێکی مەزنی سەربەخۆشی هەیە بەناوی زانستی دەنگی زمان [Phonetician] ئەمەش پابەندی ئەو ڕاستییەیە کە خودی زمان پێکهاتووی زنجیرە دەنگێکی یەک لە دوای یەکە، واتە چ وشە و چ ڕستە، پێکهاتەی یەکگرتنی چەند دەنگێکن، یان کۆمەڵە دەنگێک. کەواتە کەرستە خاوەکەی پێکهاتە زمانییەکە دەنگە. هەر لەو هۆکارەوەیە کە هەر توێژینەوەیەک لەسەر ئاستی هەر زمانێ بکرێ، دەبێ وردبوونەوە و شیتەڵ کردن و تاووتووکردنی دەنگەکان بە بنچینەی ئەو کارە زانستییە وەربگیرێ».

دوای ئەوەی نووسەر بە پشت بەستنی بە ژمارەیەک سەرچاوەی زانستی دەربارەی دەنگسازی باس لە تەوەرکانی بەشی یەکەمی کتێبەکەی دەکات، لە بەشی دووەمدا دێتە سەر (ئەکۆستیکیەتی دەنگە زمان) و دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە مرۆڤ بە هەمووڕەگەز و نەژادێکەوە لە هەر شوێنێ بوو بێ، تەنانەت بە کەڕولاڵەکانیشەوە دەنگ و ئاماژە و هێماکاری زمانی لە یەک گەیشتنی خۆی هەبووە. ئاخاوتنی پێداویستییەکی هەرە گرنگی ژیان و گوزەران و بەستنەوەی یەکدی بووە لە کۆمەڵگادا. کارەکان لە ڕێگای ئەو کەرستەی لەیەکتر حاڵی بوونەوە ڕایی بووە و ئەنجام دراون. بەر لە پەیدابوونی وشە و ڕستە، دەنگ و هاتوهاوار هەبووە، دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی بووە. کەواتە لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە، دەنگی لەگەڵدا هاتۆتە ئاراوە، هەر ئەو دەنگە بووە لەتەک پەرەسەندنی ژیان و پێکهێنانی یەکەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پەرەی سەندووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بایەخدارتر بووە، شارستانییەت و ژیار سەلمێنەری ئەوە، تا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە بچێ زمان بایەخدار تر و مەودا فراوانتر دەبێ، دەنگ و زمانیش، هەر لە بواری ئەو ململانێ سەرەتاییەوە بوو کە مرۆ لە تەک دەوروبەرەکەیدا، لە پێناوی سالاری مرۆڤدا کردی» ..

هەر لەم بەشەدا نووسەر باس لە وشە، پەیدابوونی وشە هۆیەکانی پەیدابوونی زمان، هەنگاوەکانی پەیدابوونی زمان و دەربڕینی وشە دەکات.

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەشدا، کۆئەندامی ئاخاوتن لە چوارچێوەی زانستی دەنگ و ئاخاوتندا دێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەم خاڵانە شیکراونەتەوە: (کۆئەندامی ئاخاوتن، ئەندامە سەرەکییەکانی ئاخاوتن وەکو مەڵبەندی مێشک- ناوپەنچک- سییەکان، قوڕقوڕاگە، زبانە بچکۆلە، قوڕگ، مەلاشوو، بۆشایی لووت، بۆشایی دەم، زبان، ددان، لێو). بە وێنەی ڕوونکەرەوە زیاتر ئەم بەشە فەسلەجی و بایۆلۆجییانە شیکراونەتەوە و ئەرکەکانیان لە ڕووی پێکهێنانی

دەنگ و کۆئەندامی دەنگی مرۆڤ و جیاکردنەوەی دەنگێک لە دەنگێکی تر و جۆری دەنگ و دەنگی نێرینە و دەنگی مێیینە و دەنگی منداڵان و پانتاییە دەنگییەکان، ناتەواوی و نەنگییەکانی دەنگی مرۆڤ، دیارترین ناتەواوییەکانی دەنگ، پەرەپێدانی دەنگی مرۆڤ، خاسیەتە سەرەکییەکانی دەنگ و ئاخاوتن) .. هەمووی روون کراونەتەوە.

بەر لە کۆتایی ئەم بەشەدا، نووسەر ئاماژە بۆ هێنانەوەی یازدە خاڵ دەکات لەلایەن نووسەر و هونەرمەندی عێراقی ناسراو (بەدری حەسون فەرید)، کە بە کۆمەڵە مەرجێ لەلایەن زانایانەوە دەست نیشان کراون و تایبەتن بە هونەری ئاخاوتن.

هەروەها دانەری کتێبەکە مامۆستا ئەحمەد سالار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شتێکی ئاشکرا و سەلمێنراوە، هیچ توانا و لێهاتووییەکی بالا لە خۆڕا نایەتە گۆڕێ، بۆیە مەشق و مەشقی بەردەوام و لەسەر بنچینە و ڕێنمایەکی دروست و شارەزا، ئەو مەرج و توانایانە دەست دەکەوێ. ئەگەر چاو بەسەربوردەی مەزنە هونەرمەندانی شانۆدا بگێڕین، بۆمان رون دەبێتەوە کە مەشق و پەروەردەکردنی لەش و دەنگ و ناخ بەو پلە بالایەی گەیاندوون.

(سان سلافسکی) لەم بارەیەوە، یادگارێکی خۆی دەگێڕێتەوە: «کاتێ لە ئەمەریکا بووم هەولم دا ماوەی یەک مانگ بە تەواوەتی لە ژوورەکەمدا، بە گۆرانی وتن مەشقی دەنگم بکەم، چونکە لەو وڵاتەدا نەدەبوو بە دەنگی بەرز گۆرانی بوتری، بۆیە ناچار لەناو کەنتۆری جلوبەرگدا دەموت، پاش ئەو مەشق کردنە، کاتێک بە تەلەفۆن قسەم لەگەل (نیمۆرۆفتش)ی برادەرما کرد، دەنگی نەناسیمەوە».

هەر لەم بەشەدا نووسەری کتێب پێنج مەرج لە مەرجە هونەرییەکان لە نواندنی کەسەکاندا دەخاتە روو، بۆ ئەوەی ئەکتەر سەرکەوتووانە بەرجەستەی کەسایەتییە درامییەکان بکات...

یەکەم: ئەو جۆرە دەنگە بە کەسایەتییە شانۆییەکە ببەخشێ، کە پڕ بە پڕی گشت لایەنەکانی کەسایەتییەکە بێت.

دووەم: لە ڕێگای دەنگ و ئاخاوتنەوە مانا و مەبەستەکەی نووسەر بگەیەنێ.

سێیەم: توانای گەیاندنی دەنگ بەبێ گوێدانە گەورەیی و گچکەیی هۆڵەکە.

چوارەم: توانای بەکارهێنانی وشەکە یەکەی میوزیکی پێوە دیار بێ.

پێنجەم: شارەزابوون و کارامەیی لە مامەڵە کردن لەتەک هەمەجۆر ڕێبازە شانۆییەکان و هەمە ڕەگەزی ئەدەبییەکاندا.

لە دوای ئەمە نووسەر کۆمەڵە مەشقێکی دەنگ سازکردن دەخاتە ڕوو کە دەکرێ هونەرمەندان بە تایبەتی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان سوودی زۆریان لێوەربگرن و ئەم کتێبە زۆر بە هانایانەوە دێت.

لە بەشی چوارەمی کتێبەکەدا (بیستن) خراوەتە بەر باس و لیکۆڵینەوە وەکو: بیستنی دەنگ، کە زانستێکی تایبەت بە بیستنی هەیە، پێی دەوترێت زانستی دەنگە بیستراوەکان(Audiotory Phonetics)، گوێی مرۆڤ، بەشەکانی گوێی مرۆڤیش بە پێی ئەرک و شوێنیان دەکرێن بە سێ بەشەوە، پوختەی کارکردنی گوێ لەم هەنگاوانەدا کۆدەبێتەوە:

١- پێشوازی و وەرگرتنی دەنگ.

٢- پاراستنی پەردەی گوێی ناوەوە بە گەڕانەوە و نزمکردنەوەی لەرە بەرزەکان.

٣- پالاوتنی لەرینەوەکان.

٤- شیکردنەوەی شەپۆلە دەنگییەکان.

٥- گەیاندنیان بە مێشک بۆ کاری درکاندن.

لە بەشی پێنجەم و کۆتایی کتێبەکەدا، نووسەر باس لە (زمان و زمانی کوردی) دەکات، لەم بەشەدا چەند لاپەڕەیەک لە چاپکردندا دووبارە بوونەتەوە. هەروەها نووسەر لێرەدا ئاماژەی بە هەردوو بۆچوون داوە، چ بۆچوونی زانستی دەربارەی پێناسەکردن و خاسیەتەکانی زمان و گەشەسەندنی زمان و زمانی کوردی بە تایبەتی، یان بۆچوونێکی نا زانستی پشت بەستوو بە ئایینەوە...

زمان دیاردەیەکە لە دیاردە کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژییەکانی هەر مرۆڤێک، لە رووی زمان و ئاخاوتنەکەیەوە، گشت لایەنەکانی ئەو کەسایەتییە دەخوێنرێتەوە، بۆیە بۆ ناسینی هەر کەسایەتییەکی

شانۆیی، دەبێ لە زمان و ئاخاوتنییەوە بۆی بچین»، هەروەها لەبارەی زمانی وردییەوە چەندی بۆچوون و شیکردنەوەیەک لە دوو توێی کتێبەکەدا خراونەتە ڕوو، لە یەکێکیاندا هاتووە کە «زمانی کوردی لە زمانە هەرە دێرینەکانی، ناو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتە، بە پوختی و جوانی دەنرخێنرێ، زمانێ لەگەڵ ئەو هەموو چەوسانەوە و دژایەتی و هەڕەشەی لەناوبردنەدا، سەدان ساڵە ماوە و بەردەوامە...» هۆیەکانی مان و بەردەوامیش لە کتێبەکەدا ڕوون کراونەتەوە..

بەر لە کۆتایی ئەم بەشەدا نووسەر باسی لە دەنگە کوردییەکان کردووە و لیستی پیتە کوردییەکانی بە (ناوی پیت) و (شێوەی پیت) و بە (لاتینی)خستۆتە ڕوو. جگە لە خستنە ڕووی سەرنج لەسەر دەنگە کوردییەکان و ئاخاوتنی دەنگە کوردییەکان و پیتەکان بە پێی دەرچەکانییان. لێرەدا نووسەر زیاتر وەکو زمانزانێک لە بابەتی ئەم بەشە دواوە و دیارە مامۆستا (ئەحمەد سالار) لە بواری نووسین و ئەدەبیات و زمانزانییەوە هەر لە سەرەتاوە شارەزاییەکی باشی وەدەست هێناوە و ئەمەش نیشانەی بەدواداچوون و خۆماندووکردنییەتی لە بواری خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەدا.

پاشکۆی کتێبەکەش بریتییە لە چەندین مەشقی سۆلفێج و بینراوە شانۆییەکان.

لە نموونەکانی مەشقی سۆلفێج:
(ڕزمە مەشق- لە سۆلفێجی ماکس بانکیە خوازراوە-. (سترانە مەشق لە سۆلفیجی ماکس بانکیە خوازراوە- (مقامە مەشق- لە گۆرانییە سۆلفیجی عەبدولحەمید مەشعەل وەرگیراوە-

لە بینراوە شانۆییەکانیشدا، چەند نموونەیەکی لە دەقەکانی: (ژیانی گالیلۆ- بروتۆڵد بریخت- وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری)، (جوغزە گەنجینە، بیرتۆڵد بریخت، وەرگێڕانی عومەری عەلی ئەمین)، (خەج و سیامەند، نووسینی فوئاد مەجید میسری) (هاملیت-ی شکسپیر، وەرگێڕانی گۆران سەباح غەفوور)،
(ماکبێس-ی شکسپیر، وەرگێڕانی مەحموود زامدار)، ٠دوژمنی گەل- هێنریک ئیبسن، وەرگێڕانی محەمەد فەریق حەسەن)، (کورسییەکان-ی یۆجین یۆنسکۆ، وەرگێڕانی ئەحمەد سالار)... تاد

لە کۆتاییدا مایەوە بڵێم کە نووسەری ئەم کتێبە پشتی بە (٢٢) سەرچاوە بە زمانی کوردی و (١٥) سەرچاوە بە زمانی عەرەبی و دوو سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی بەستاوە.

لە کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب بە تیراژی (١٠٠٠) هەزار دانە چاپ کراوە.

# هەرە ئازیزترین خوشک

**عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**
**(کەرکووک)**



ئێـمـەی گـەورەی ئەم سـەردەمـە زۆربەمان بەپێی نەریت و کولتووری کوردەواری، لەبری ئەوەی بە چیرۆک و بەسـەرهاتی لەباری زانسـتی و پـەروەردەیی گــوێش بـکرێین، بـە بەسـەرهاتی بێ سـەروبەری پڕ لە وشـەی ترسناکی وەک دێو و درنج، شـەولەبان، جنۆکـە، شـەیتـان، دز، گورگانە شەوێ و چەندان گیانلەبەری ئەفسانەیی شەو و خەویان لێکردینە جیهانێکی پڕ مەترسی و لەپێناوی، یان بەهەڵە بە مەبەستی ژیرو ئاقڵ کـردنمان بەو شـێـوازە دووچاری سـایکۆلۆژیایەکی پڕ لـە کەموکورتییـان کـردین، کـە ڕەنگە هەندێکمـان ئێـسـتـاش ڕقـمـان لە تاریکی بێت و بەڵکو بشـتـرسین، یان هیچ نەبێت لەتەمـاشـا و بەراوردی ژیانی منداڵەکـانی ئەم سەردەمەدا، گەرچی ئەمانیش بەهۆی ناسـەقـامگیـری باری سـیـاسی و ئابووری و ئاسەوارەکانی جەنگەوە، خـۆشگوزەران نین، زەمـەنی پڕ مـەینەتی و بێبـەریبـوونی خـۆمـان وەبیربێتەوە، گەرچی ئەم بارە بووەتە هـۆی ئـەوەی زۆربـەی دایـکـان و بـاوکـان بـایـەخی زیـاتر بـە خۆشگوزەرانی منداڵەکانیان بدەن.

ئەمـە حـاڵەتێکی گـشـتـییـە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، ئەو خێزانەی بەو جـۆرە نەبووبێت لە ئاسـتی منداڵدا ڕەنگە توێژێکی کـەمی کـۆمـەڵگە بووبێت و هەرحـاڵەتە گشتییەکە دەکرێتە پێوەری ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری. بەو جۆرە و بەپێی تیـۆرە دەروونناسـیـیـەکـان زۆربەی بارە نێگەتیـڤـەکـانی ئێـسـتـامـان لەو پەروەردە هەڵەیەوە سـەرچاوەیان گـرتووە، بەڵام ئەم حـاڵەتە وای کـردووە ئەوانەی لە بواری ڕۆشنبیریدا کار دەکەن کار بۆ گـۆڕینی ئەو واقـیـعـە تاڵە بکەن، لـەڕێـی ئـەدەب، هـونـەر، یـان هـەر بوارێکی دیکەی مەعریفییەوە، کە دەخوازن منداڵان بخەنە جیهـانێکی تەواو جیاواز لەو جیهانەی خۆیانی تێـدا ژیاون، بەڵام بە پێـوانەی پێـویستی کـارکردن بۆ گـۆڕینی ئەو واقیـعە هێشتـا ئەدەب و هونەری منداڵان لای ئێمە قۆناغێکی باشی نەبڕیوە کـە لـە ئاسـتی ئەرکـەکـاندابێت.. دوای ڕاپەڕین هەوڵگەلێکی باش هاتنە ئارا بۆ بووژاندنەوەی بواری ئەدەبی منداڵان و چەندین گۆڤاری منداڵان و کتێبی تایبـەت بەمنداڵ لەچاپ دران، بەڵام هەوڵەکـان بە پێی مـیـتـۆد و بەرنامـەیەکی زانسـتی نەبوو، لە

هەموویشی سەیرتر ئەوەیە تا ئەم ساتەش لە میتۆدی پەروەردە و فێرکردندا هەنگاوێک نەنراوە، هەنگاو بەو مانایەی کە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا شتی نوێ بهێنرێتە بواری خوێندنەوە بۆ شکاندنی ئەو ڕۆتینەی لە وانە نەگۆڕاوەکاندا هەیە،تا ئەم ساتەش بایەخی پێویست بە وانە نزیکەکان لەئەقڵیەت و ئارەزووی منداڵ نەدراوە، دیارە مەبەستم لەوانەکانی وەرزش، وێنە، سروودە کە دەکرێت بەهۆیانەوە قوتابخانە لای منداڵ شیرین بکرێت. بێگومان وێڕای گۆڕانەکان لە هەلومەرجی ژیان و هاتنە ئارای ئامێرە ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژیەکان، بەڵام زۆر بە کەمی شێوازی پەروەردەکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵکو لە زۆربەیماڵەکاندا منداڵ کراوە بە چاوێکی کراوە لە بەرانبەر یارییەکانی ڤیدیۆو ئەتاری و ڕوانینی بەردەوام بۆ کەناڵەکانی فیلمی کارتۆن، بێ ئەوەی باوکان و دایکان، تەنانەت لەتوێژە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەکانیشدا بێن و خوێندنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان بە تایبەتی بکەنە بەشێکی گرنگ لەژیانی ڕۆژانەی منداڵەکانیان، تا ئەوە هاوکار بێت لە کردنەوەی دەروازەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و دروستبوونی نەریتێک کە بۆ ئێمە دروست نەکرا، کە نەریتی خوێندنەوەیە. وەک وتمان دوای ڕاپەڕین چەندین دەزگا لەبواری منداڵاندا کەوتنە کارو چەندین گۆڤاری منداڵان هاتنە مەیدان کە کەمو زۆر ڕچە شکێن بوون و کاریگەرییان هەبووە، هەروەها وەرگێڕو نووسەرانیش هەستیان بە بوونی ئەم بۆشاییە گەورەیە کردو بۆ ئەم مەبەستە چەندین کتێبی منداڵان لەبواری ئەدەبی پەروەردەییدا نووسران و وەرگێڕدران..

کتێبی «هەرە ئازیزترین خوشک» کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە لە نووسینی نووسەری ناوداری سوێدی «ئەسترید لیندگرێن» و وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداخی، کە بە ڕاستی بە سەلیقەیەکی باش و زمانێکی گونجاو بە دەقەکە وەری گێڕاوە، کتێبەکە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەچاپ گەیەنراوە و ئەم چیرۆکانەی لەخۆ گرتووە: «دارکونکەرەیەکی هەزەلی، شەوێکی مانگی ئایار، هەرە ئازیزترین خوشک، هەژدیها چاو سوورکە، میرابێڵ».

فەنتازیا و ئەندێشەی منداڵانە لە تەواوی چیرۆکەکانی ئەم کتێبەدا لە چەندین دیمەن و وێنە و جووڵەدا بەدی دەکرێت، کە تێیدا ئەوەی لە جیهانی گەورەکاندا مەحاڵە و دەبێتە مایەی شێتبوون، لەم جیهانەدا زۆر بە ئاسانی ڕوو دەدەن، لەوەشدا منداڵ چێژێکی زۆر وەردەگرێت، چونکە جگەلەوەی لە فۆرمێکی جواندایە، مەبەست و ئامانجیشی ڕاستەوخۆ بەگوێی خوێنەردا دەدرێن، گەرچی هەندێک لە ڕووداوەکان بەخێرایی ڕوو دەدەن و گرێچنەکانیش زوو دەکرێنەوە، بەڵام ئەم زوو کرانەوەیەش لەگەڵ ئاستی سەیرو سەمەرەیی ڕووداوەکاندا سوودی زۆری دەبێت بۆ تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن... بۆ نموونە لە چیرۆکی «دار کونکەرەیەکی هەزەلی»دا، دارکونکەرەیەک کە لەکاتی زەنگی کاتژمێرەکەدا هێندەی کاتەکە سەردەردەهێنێ و بە زەنگی تایبەت لێدەدات لەسەری سەعاتدا، ئەم دارکونکەرەیە لەگەڵ منداڵەکاندا دەکەوێتە گاڵتە و گەپ و لە سیستمی خۆی لادەدات کە باوکی هەریەک لە «گیونا، گیونێلا» باسی ئەوەی بۆ کردوون ئەم کاتژمێرە بە سیستم کاردەکات، منداڵەکان ئەمەیان بەلاوە سەیر دەبێت کە دارکونکەرەکە پێیان دەڵێت: «سیستم سیستمی چیتانە! لەبیرکاریشدا شتێک هەیە پێیدەوترێت هەست، ئەو هەستەش منم، ئەمەش مانای ئەوەیە کە من دەزانم شت بژمێرم، باشە!».

ئەمە حاڵەتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە و منداڵ دەخاتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ، ئاخۆ ئەم دارکونکەرەیە ڕاستەقینەیە و وەک ئەوان هەستی هەیە و دەتوانێت کاتەکان بژمێرێت، بۆیە لەسەری هەر سەعاتێکدا بەپێی کاتەکە سەر دەردەهێنێ و ئەوەندە جار دەخوێنێت؟ یان ئەم دارکونکەرەیە بەپێی سیستمی تایبەت ئیش دەکات، دواتر قسەی نێوان دارکونکەرەکە و هەردوو منداڵەکە بەرەو ئەوە دەچێت کە قەناعەت بکەن ئەم دارکونکەرەیە هەستی هەیە، ئەوەتا بەزمانی خۆی دەڵێت: «من دارکونکەرەیەکی زیرەک و ئاقڵم، بە هەموو دنیادا گەڕاوم و زۆر شتم بینیوە، کاتێ بیر لەهەموو ئەو شتانە دەکەمەوە کە بینیومن،

تووشی سەرە سووڕێ دەبم».

لە ژوورەکەی «گیونا» و «گیونێلا»دا جیهانێکی نوێ دروست دەبێت، جیهانی شتە نوێکانی نێوان ئەوان و دارکونکەرەکە.. داخۆ ئەم جیهانە نوێیە چەند پرسیاری لە ناخی ئەم دوو منداڵەدا چەکەرە پێکردبێت؟ دواتر مەسەلەکە دەگاتە ئەوەی داکونکەرە هەزەلیەکە بۆ خۆشی منداڵەکان بەزمێک بۆ دایکیان بنێتەوە، دوای ئەوەی کە هەست دەکات لە ژووری منداڵەکانیدا غەڵبەغەڵب و گۆڕانکارییەک ڕووی داوە لەوەتەی ئەم کاتژمێرەی بۆ کڕیون، «ئێستا تۆزێک یاری لەگەڵ دایکتاندا دەکەین»، دایکیان کە دێتە ژوورەوە بۆ شەوباشکردنی نووستنیان لەکاتژمێر هەشتی شەودا، دارکونکەرەکە سەری دەردەهێنێت و لەجیاتی هەشت جار بیست و شەش جار دەخوێنێت.. دایکیان دەڵێت: «کوڕە ئەوە چییە؟ بێت و نەبێت هەڵەیەک کەوتووەتە سیستەمەکەیەوە».

گیوناو گیونێلاش وتیان: ئا،وایە، هەڵەیەک کەوتووەتە سیستەمەکەیەوە. جا لەبەر ئەوەی ئەمە تەگبیری خۆیان بوو، هەردووکیان خۆیان کرد بەژێر پەتۆکەداو دایانە قاقای پێکەنین. ئەم چیرۆکە وادەکات منداڵ جۆرێک لەخۆشەویستی لە ئاستی هەموو باڵندە و گیانلەبەراندا بنوێنێت، بەوانەیشەوە کە پێشر لێیان ترساوە.. لە چیرۆکی «شەوێکی مانگی ئایار»دا ئەمەیان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کاتێک چیرۆکنووس منداڵێک دەکاتە هاوڕێی گیان بەگیانی «جنۆکەیەک، پەری»یەک کە ڕەنگە زۆربەی زۆری گەورەکانیش شەوان بە تەنیایی موچڕکە بەگیانیاندا بێت، نووسەر بۆ ڕەواندنەوەی ئەم ترسە کولتووریە هەڵدەستێت «لینا»ی تەمەن شەش ساڵان دەکاتە هاوڕێی جنۆکەیەک بەناوی «موی».. «لینا» لە دەنگی گریانی «موی» پەری لەسەر لێواری پەنجەرەکەی لەخەو بە ئاگادێت کە لەبەر بێ جلوبەرگی دەگری، چونکە دەخوازێت بەجلی جوانەوە لە ئاهەنگی هاوسەرگیری شای پەرییەکاندا بەشداری بکات، ئەمەش وێناکردنێکی ژیرانەیەبۆ ڕواندنەوەی ئەو ترسەی لە هەست و نەستی منداڵدایە، کە لە ئاستی جیهانی «پەری-جنۆکە»دا هەیەتی کە بە جیهانێکی ناشیرینی و دڵڕەقی و شەڕەنگێزی وێناکراون و بووەتە مۆتەکەی شەو.

لەچیرۆکەکەدا لەچەند دێرێکی ناسکدا وتووێژێکی جوان و لەبەردەڵان سەبارەت بە هۆکاری گریانەکەی «موی» پەرس باس دەکرێت و دەگەنە ئەو ئەنجامەی «لینا»ی تەمەن شەش ساڵان دەستەسڕەکەی کە دیاری پووریەتی بیداتە «موی» تا بیکاتە جلکی بۆ ئاهەنگی شای پەریەکان، گەرچی دایکی ئاگاداری کردبوو کە دەبێ ئاگای لەو دەستەسڕەبێت و لە ناوی نەبات، بەڵام «لینا» لەبەر ئەوەی دڵی «پەریەکەی» خۆشکرد زانی دایکی بەو هەڵسوکەوتەی نیگەران نابێت، بەڵکو لەدڵی خۆیەوە ڕاستەوخۆ دەیەوێت ئەم خۆشیەش بەدایکی بگەیەنێت نەک درۆی بۆ ڕێک بخات.. «بەدایکم دەڵێم کە دەستەسڕەکەم بۆ مەبەستێکی خۆش بەخشیوە»، دوای ئەم چەند دیمەن و وێنە هونەرییە کە لای منداڵ چەندین وێنەی جوانی مایە بەسەرنجدان دروست دەکات و دەبێتە هۆی چاندنی تۆوی دڵنەوایی و سۆز و بەزەیی و بەخشندەیی و بەدەمەوە هاتن.. «لینا» خەوی لێدەکەوێت.

لەسەر ئەم نەسەقە پڕ لەفەنتازیاو ئەندێشەکارییە، چیرۆکەکانی تریش جیهانێکی ناوازە و کەم وێنە دەخوڵقێنن، دواجار دەخوازم ئەوە بڵێم کە: دایکان و باوکان بەجیاوازی لە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریان، ئاگاداری ڕەوتی ئەدەبی منداڵان بن و منداڵەکانیان بێبەش نەکەن لەو سەرچاوە گرنگەی ڕۆشنبیری، چونکە خوێندن و پەروەردەی قوتابخانە لایەنێکی تاڕادەیەک زانستی قوتابیان دەستەبەر دەکات و خوێندنەوەی دەرەکیش دەبێتە هۆی هۆشیاری زیاتر، هەروەک نووسەرانیش نابێت لە ئاستی منداڵاندا کەمتەرخەم بن و دەبێ بەڕەچاوکردنی قۆناخەکانی تەمەن قەڵەمەکانیان بەگەڕ بخەن و وەرگێڕانیش بەرهەمی پێویست و ناوازە بۆ ئەدەبی منداڵان بەچاپ بگەیەنن، دەکرێت هەموو لا لەم بارەیەوە ئەم وتەیەی گەورە نووسەری ڕووسی و جیهانی «تۆلستۆی»مان لەیادبێت کە دەڵێت: «من خۆم بە نووسەرێکی سەرکەوتوو نازانم، چونکە تا ئێستا نەمتوانیوە هیچ بەرهەمێک لەبواری منداڵاندا بنووسم».

# مانا و سێبەری مانا

## Denotation et Connotation

د. موحسین ئەحمەد عومەر

مـــەبەست لەمـــــانا = Denotation ئەو مـــــانا ڕاستەوخۆیەیە کە لە وشەیەکدا هەیە، هەرچی سێبەری مانا-یە Connotation، ئەو مانا ناڕاستەوخۆیەیە کە لە چوارچێــوەیەکی دیاریکراو بەکـاردەهێنرێ، دەشێ ئەم دوو زاراوەیە بەم دوو نموونەی خـــوارەوە بەجـــوانی ڕوون بکرێتــەوە کـە لە ئەدەب و هونەردا زۆر دووبارە دەبنەوە، بەتایبـەتی هی دووەم، بێگومان لە هەردوو ڕووەوە بەپێی ئەو ئاخـاوتنەی پێـشنیـار دەکـرێ بەکـاردەهێنرێن و دەردەکەون، وەک:

١- زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

٢- زەوی دایک بەرامبەر بە خۆری گەش زۆر شادمان بوو.

لەهی یەکـــەم زەوی (مـــانا- Denotation)ێکی ڕاســتەوخـۆیە و هیـچ لێکدانەوەیەکی دیکە وەرناگـرێ. لەهی دووەم (سـێبـەری مـانا- Connotation)ێکە زەوی و خۆر سیفەتێکی دیکەیان لەبەر کراوە و مانایەکی دیکە دەگەیەنن، ئەمەش ئەو مانایەیە کە دەدرێتە هەمان فـــۆرم و ناولێنان (زەوی و خـــۆر) بێ ئەوەی لە ڕووی ناولێنانەوە بگۆڕێن.

### * کایەی لێکسیکی= Le Champ Lexical

مەبەست لەکایەی لێکسیکی (لێکسیک= وشە) ئەو کایەیە کە کۆمەڵە وشەیەک بەهۆی لێک نزیکییان یەک واقیـع، یان یەک ناوەندی دیاریکراو پیـــشـــان دەدەن. وەک: (بچـــووک، گـوند، کـلاورۆژنە، هەویز، داخـراو، هەژار، خانوو، گاسن،...تاد) هەموو ئەمانە دەمانبەنەوە بۆ جیهانێکی دیاریکراو کە سادە و ساکار دێتە بەرچاو وەک گوند و ژیانی دێهاتی.

### * کایەی سێمانتیکی = Le champ Semantique

مەبەست لەکایەی سێمانتیکی ئەو دیاردەیەیە کە دەشێ وشەیەک لەناو ناواخن و جیهانبینییەکی ئاڵۆز و دیاریکراوی ئەدەبی و هونەری کۆمەڵێک مانا بگەیەنێ وەک بۆ نموونە وشەی وڵات لە شیعر و جیهان و خەیاڵی شیعری شێرکۆ بێکەس و پەشێو، دەشێ زۆر مانا وەربگرن وەک: ناسنامە، مێژوو، نیشتمان، خاک، کەرامەت، جوامێری، خەبات، کوڵنەدان...تاد.

### * تێکست و گێڕانەوە= Le texte narrarif

مەبەست لەو تێکستەیە کە کارێکتەری سەرەکی و هونەری لەسەر گێڕانەوە بەندە (نص سردي)، یان بەهاو نرخی یەکەمی بریتییە لە گێڕانەوە، دەشێ ئەم ناوونیشانەی سەرەوە، بە تایبەتی کوردییەکەی هەمان مانای فرەنسییەکە پیشان نەدا، دەتوانرێ بەم شێوەیە وەربگێڕدرێ (تێکستی گێڕانەوە ئامێز، یان ئەو تێکستەی دەگێڕێتەوە)، بەڵام من پێم جوانتر بوو، بۆ ئەوەی پێوەندییەکە ئاڵۆز نەبێ ڕاستەوخۆ بنووسم تێکست و گێڕانەوە، ئەگەرچی ئەم لایەنە، یان ئەم مانایە بواری دیکەمان لەڕوو دەکاتەوە.

بەگشتی لەتێکستێکدا ئەوکاتە باسی گێڕانەوە دەکرێ کە کۆمەڵێک ڕووداوی هەقیقی و خەیاڵی وێڕای بوونی کۆمەڵێک کردە و کەسایەتی و شوێن و زەمانی دیاریکراو دەگێڕێتەوە. تێکستی گێڕانەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای دەنگی حیکایەتخوان کە چیرۆکێک، یان ڕووداوێک لە چوارچێوەی زەمان و شوێنێکی دیاریکراو دەگێڕێتەوە دەناسرێتەوە کە سەرەتا و کۆتایی و لوتکەی ڕووداوی تێدایە. هەموو تێکستێکی گێڕانەوە ئامێز لەسەر دوو کۆڵەگە بەندە:

ڕووداو و گێڕانەوە (لایەنی هونەری و شێوازی نایاب لێرە بەدەردەکەوێ کە ئەم ڕووداوە چۆن گێڕدراوەتەوە.) دەشێ زۆر بە ئاسانی جیاوازی لەنێوان ئەم دووە بکەین ئەگەر هەمان ڕووداومان هەبێ و لەلایەن چەند کەسێکەوە گێڕدرابێتەوە، واتە بەکۆمەڵێک تێکستی جیاواز. بێگومان زەمان، یان زەمەنی گێڕانەوە هەمان زەمەنی هەقیقی نییە، ئەمەیان زەمان و شوێنێکی خەیاڵی و ڕووداوی و مێژووییە، هەموو تێکستێکی گێڕانەوە سەر بەزەمان و شوێنێکی (جوگرافیا)یەکی دیاریکراوە. حیکایەتخوان هەردەم ئامادەگی هەیەو ڕووداو لەسەر زمانی ئەو دەگێڕدرێتەوە، ئەمەیان جیاوازە لە نووسەر، لەنووسراوە کۆنەکان، یان لە داستان و ڕۆمان و چیرۆک و بەیتە کۆنەکان، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان حیکایەتخوان و نووسەر، یان شاعیری داستان نووس. بەو مانایەی ئەمانە زۆرجار تەنیا ڕووداویان گێڕاوەتەوە بێ ئەوەی فیکرو بۆچوونی خۆیان لەنووسراوەکان پیشان بدەن، دەشێ ئەم دیاردەیە بەو قورسییە نەبێ، هەندێ جار لە داستانە کۆنەکانیش شاعیرو نووسەر وەک حیکایەتخوان بیربکەنەوە وەک چۆن ئەمە لە شانامە و مەم و زینی، فیردۆسی و ئەحمەدی خانی هەستی پێدەکرێ، بەڵام بەگشتی لەتێکستی هاوچەرخ نووسەر و حیکایەتخوان هەندێ جار، یان زۆرجار یەک کەسن، لێرەش ئیدیۆلۆژی، یان پەیامی نووسەر بەگشتی هەستی پێدەکرێ. ئەوەی کە بەپلەی یەکەم لەتێکستی گێڕانەوە گرینگی پێ بدرێ لایەنی هونەرییەکەیە، واتە چۆنیەتی گێڕانەوە، لەناو ئەدەبیاتی کوردی تائێستا شێوازی زاڵ کەسی یەکەمی تاک و کەسی سێیەمی تاکە، زۆر بەدەگمەن (کەسی دووەمی تاک و کەسانی کۆ: ئێمە، ئێوە، ئەوان) بەکاردەهێنرێ، چونکە ئەمەیان (استحالة)ی گێڕانەوە دروست دەکەن و ڕووداو و زەمەن و شوێن و کارێکتەرەکان بەجوانی دەرناکەون. دواجار خێرایی و ڕیتم-یش ڕۆڵی سەرەکییان هەیە کە دەشێ بەم شێوەیە دەرنەکەوێ ئەگەر لەسەر زمانی کەسی یەکەم و سێیەمی تاک نەبێ (من- ئەو) دواجار ئەم لایەنە دەوەستێتە سەر شارەزایی و ئەزموون و جیهانبینی نووسەر، چۆن بتوانرێ تێکستێکی سەرکەوتوو بنووسرێ؟!

جۆرەکانی گێڕانەوە، هەروەها گێڕانەوە بە سادەیی لەناو زۆر جۆری ئەدەبی دەدۆزرێتەوە، وەک: ڕۆمان، داستان، چیرۆک، حیکایەت، ئەفسانە و چیرۆکی میللی، بەیت، گۆرانی میللی، هەروەها لەتێکستی شانۆییش، دەشێ لەناو ئەو تێکستانەشدا هەبن کە بەپلەی یەکەم بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو نووسراون وەک هەموو جۆر خوتبە و خوتبەدانێک.




# شیعری جوان، شیعری کاڵ

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)



وا باوە زۆربەی ئەوانەی کە لە بوارەکانی ئەدەب دەنووسن، سەرەتا بە شیعر دەست پێ دەکەن، وەکو ئەوەی سادەترین و ساناترین ژانری ئەدەبی بێت، بەبێ ئەوەی هیچ لە تایبەتمەندییەکانی شیعر بزانن، پاش ماوەیەک دەبینین فلانە شاعیر شانۆییە و ئەوی دیکەیان چیرۆکنووسە و...تاد، بەڵام دەگمەنن ئەو کەسانەی کە خەمی گەورەیان پەروەردەکردنی زمانی شیعر و خولقاندنی شاکاری مەزن بێ. نووسەرانی شیعری کاڵ.. ئەوانەی بە گیانەوەرێکی بێ دەسەڵات تەماشای شیعر دەکەن.. وەکو بلّقی سەرئاویان لێدێت، بۆیە کە هەست بە قورسییەکەی دەکەن ئەوجا بێ توانایی خۆیانیان بۆ دەردەکەوێ و ڕوو لە بوارێکی تر دەکەن، بۆ هەندێک لە سنووری ماقوولّدایە، بەڵام کەسانێک هەن شیعرە ئاست نزمەکانیان دەخەنە پاڵ شیعری بەرزەوە و ململانێی داهێنەرانی پێدەکەن، لە کاتێکدا هەرگیز شیعر ئەوەندە سانا خۆی بە دەستەوە نادات، بەڵکو دەقی زیندوو و نوێ تایبەتمەندی و سرووتی خۆی هەیە، زەمەن و کاتی دیاریکراوی نییە، شوێنی بۆ نییە، عاشق و گوێگر و خوێنەری خۆی هەیە. ئەمە جگە لە تەکنیکی دەقی شیعری وەکو زمان، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕاکێشانی خوێنەردا هەیە و یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە پردی نێوان خوێنەران و داهێنەرە، بۆیە بەکاربردنی وشە و بەکارهێنانی لە دەقێکدا مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەدەقبوونی دەقی شیعری داهێنەرانە، بەکارهێنانی وشە لە شوێنی پێویست، مەرجیش نییە وشەکان قورس بن، جاری وا هەیە، بە بەکارهێنانی چەند وشەیەکی سادە دەقی زیندوو و نوێ دەخولقێ، کەواتە بەکارهێنانی وشە لە شوێنی خۆیدا مۆسیقایەکی تایبەتی دەبەخشێت بە تێکستی شیعری. جاری وایە شاعیرێک قسەی ئاسایی دەکات گوێگر هەست بە جۆرە مۆسیقایەک دەکات، کەواتە شیعر دانیشتن و زۆر لەخۆ کردنی ناوێت.

ئەمەش خاڵێکی دیکەمان بۆ ئاشکرا دەکات ئەویش ئەوەیە ، کە بەهرە سەرەکیترین هۆکارە بۆ بەشاعیر بوون، بەڵام دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە بەهرەش پەروەردەکردنی دەوێت، بەرانبەر بەوەش هەرگیز کەسی بێ بەهرە نابێت بە شاعیر. لێرەدا دەقی جوان و زیندوو و دەقی پەراوێزی و کاڵ دێتە کایەوە، دەقی جوان ئیستێتیکا و ئیقاعی خۆی هەیە و نوێبەخشە. لەناو جەنجاڵی و سەرقاڵی لەدایک دەبێت، کەواتە داهێنەر ئەو کەسەیە کە هەرچەندە لەناو تەنگەژە و نائاکامی ژیاندا بێت شیعر تێکەڵاوی دەبێت و دەبێتە بەشێک لە خودی شاعیر، عەشقیش مەرجێکی سەرەکی داهێنانە، عەشقی وشە و پەیڤی جوان و خەیاڵبردنەوە بۆ چرکە ساتە پیرۆزەکان.

بەداخەوە ئەمرۆ دەقی نەمر زیندە بەچاڵ دەکرێت، شاکاری جوان چاوپۆشی لێ دەکرێت.. هاتنە کایەی ڕەخنەی ستایشکار پەتایەکی لەناوبەری دەقی سەرکەوتووە، جگە لەوەش ویژدانی ڕەخنەگرانیش ناهاوسەنگییەکی تێدا بەدی دەکرێت، شیعریش زۆر و بۆر بووە، دەقی جوان شێویندراوە، بەڵام خۆ دەقی جوانیش بەخۆی شاهیدی نەمری خۆیەتی، دەقی کرچوکاڵیش لەو کاتەی کە دەنووسرێت مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێ. ئەگەر لە ئەمرۆشدا ئاوڕ لە دەقی نەمر نەدرێتەوە، دڵنیام پاش ساڵانێکی تر، نەوەیەکی تازە دێن، دەقە نەمرە تۆز لێنیشتووەکانی سەر کاغەزی زەردەبووی ڕابردوو دەخوێننەوە ڕای خۆیانی لەسەر دەردەبڕن.